پشکۆ حەمەتاهیر ئاغجەلەری

# شاری کەرکوک

## لە نێوان سالانی ١٩١٧- ١٩٢٦

"توێژینەوەیەکی مێژوویی، سیاسی یە"

٢٠٠٧

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)
سلێمانی ـ گەڕەکی ئەندازیاران ـ ١٠٥
کۆلانی ـ ٣٢
ژ.خانوو ـ ١٠

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

- **ناوی کتێب:** شاری کەرکوک لەنێوان سالانی (١٩١٧-١٩٢٦).
- **نووسینی:** پشکۆ حەمەتاهیر عەبدولڕەحمان ئاغجەلەری
- **بابەت: مێژوو**
- **تایپ و هەڵەچنی:** ڕەنوو
- **نەخشەسازی و بەرگ:** فهمی جلال
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپ:** دەزگای چاپو پەخشی حەمدی
- **ژمارەی سپاردن** (٥٥) ی ٢٠٠٧
- **ژمارەی زنجیرە:** (٢٣٤)
- **چاپی یەکەم** : سلێمانی ٢٠٠٧

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک) ساڵی ٢٠٠٧

---

وێنەی دەرەوە: لەدەزگای خاك وەرگیراوە

## پێشکەشە

⋆بەڕوحی پاکی( باوك )م و ( لەمیعە )ی خوشکم .

⋆بە ( فەتوش )ی دایکم و ( سەمیعە )ی خوشکم، ئەو دوو مرۆڤەی کە زۆر خۆشی خۆیان وەلانا لەپێناو گەورەکردنی ئێمەدا .



## سوپاس و پێزانین

ئەم کتێبەی لە بەردەستتدایە بەشێکە لە ماستەرنامەیەك کە پێشکەشی بەشی مێژوو کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، بۆیە جێی خۆیەتی سوپاسی ئەو هاوڕێیانەی لەلای خوارەوە ناویان هاتوە لە بیرنەکرێت:

* سوپاسی مامۆستای خۆشەویستم و سەرپەرشتیاری نامەکەم ﴿ پ.ی.د.دلێر أحمد ﴾ دەکەم، کەبەسەرنج و تێبینی ورد و دید و بۆچوونی زانستیانە، ڕێنمایی پێویستی کردووم و پشتیوانی سەرەکی تەواو کردنی ئەم نامەیە بووە . بێگومان هاندان و پشتگیری بەڕێزی نەبووایە پێشکەشکردنی ئەم ماستەرنامەیە بەم شێوەیە کە ئێستا لەبەر دەستدایە لە کاتی خۆیدا کارێکی لە توانا بەدەر بوو .

* سوپاسی مامۆستای بەڕێزم ﴿ پ.ی.د.کەمال عەلی ﴾ دەکەم، کە هەردەم وەك باوکێکی دڵسۆز ڕێنمایی کردووم و هانیداوم بۆ تەواوکردنی کارەکانم لە کاتی خۆیدا .

* سوپاسی مامۆستاو برای گەورە و هاوڕێی ئازیزم ﴿ م.سەروەر عبدالرحمن ﴾ دەکەم ، کە لە کاتی خوێندنی بەکالۆریۆس و خوێندنی ماستەر و نووسینی نامەکەمدا، بەردەوام بە هەموو شێوەیەك هاوکاری کردووم و ڕۆژێك ڕووی خۆی لێوەرنەگێڕاوم .

* سوپاسی سەرۆکایەتی بەشی مێژوو ﴿ م.صلاح کانبی ﴾ دەکەم کە بەردەوام کارئاسانی بۆ کردووم بۆ زووتر تەواو کردنی کارەکەم .

* سوپاسی هاوڕێی خۆشەویستم ﴿ م.زریان حاجی ﴾ دەکەم، کەهاوکار و هاندەرم بووە بۆ تەواو کردنی تێزی نامەکەم لە کاتی خۆیدا .

* سوپاسی ماموستایان ﴿پ.د.کاوس قەفتان و د.یاسین سەردەشتی و پ.د.محسن محمد حسین﴾ دەکەم، کە لە کۆرسی خوێندنی ماستەرەکەمدا ڕێنماییان کردووم .

* سوپاسی هەریەکە لە ﴿ د.عبداللە عەلی علیاوەیی ، م.ئاراس فەریق زەینەل ، د.جەبار قادر ، د.ئارام ،م.ئاکۆ شوانی ، لەتیف فاتیح فەرەج ، م.إحسان ،م.سۆزان کەریم ، چالاك حەمە تاهیر ، عومەر عەلی ،کاك مستەفا حسین ، م.شیروان ، م.جەبار مستەفا ، شەهلاخان ﴾ دەکەم، کە هەریەکەیان بەجۆرێك هاوکاریان کردووم .

* سوپاسی بەڕێزان ﴿ م.سەرکەوت محمد غەفوور ، گۆران إبراهیم ،م.شیلان ﴾ دەکەم، کە لە کاری وەرگێڕانی ئینگلیزیدا هاوکاریان کردم .

* سوپاسی کارمەندانی کتێبخانەکانی ﴿ ناوەندی زانکۆی سلێمانی ، گشتی سلێمانی ،کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان ، کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی ، کتێبخانەی مۆزەخانەی سلێمانی، یانەی هاوڕێیەتی حیزبی شیوعی ، کتێبخانەی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی، کتێبخانەی گشتی کەرکوك ، کتێبخانەی گشتی هەولێر ﴾ دەکەم، بەتایبەتی ﴿ سەناریا عوسمان و ژیان محمد و سۆزان عومەر و ناسك محمد و تەلار عەزیز و گولاڵن و کارزان عبدالکریم و نەجات خانی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی ﴾ .

* سوپاسی شەونخونی دایکم و براو خوشك و برازاکانم دەکەم.



## لیستی هێماو ناوە کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| لاپەڕە | ل. |
| بەرگ | ب. |
| چاپ | چ. |
| زایینی | ز. |
| وەرگێڕ | و. |
| ترجمە | ت. |
| طبع | ط. |
| دوکتۆر — الدکتور | د. |
| جزو | ج. |
| المجلد | مجلد . |
| پێش زایین | پ ..ز. |
| کۆچی | ك. |
| هجری | ه . |
| المیلادی | م . |
| Page | p |

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی | ٩ |
| دەروازە : کورتەیەك لە مێژووی سەردەمە جیاجیاكانی كەركوك | ٢١ |
| بەشی یەكەم :كەركوك لەمێژوودا | ٤٣ |
| تەوەرەی یەكەم// زاراوەو شوێنی جوگرافیای كەركوك | ٤٥ |
| تەوەرەیدووەم//بارودۆخی سیاسی وكارگێڕی(ئیداری) شاریكەركوك | ٥٧ |
| تەوەرەیسێیەم//بارودۆخی كۆمەڵایەتی وئابووریوتەندروستیشاری كەركوك | ٧٣ |
| تەوەرەیچوارەم//بارودۆخی خوێندن ورۆشنبیری شاری كەركوك | ١٠٣ |
| بەشی دووەم :كەركوك لەرۆژگاری دەسەڵاتی ئینگلیزدا | ١١٩ |
| تەوەرەی یەكەم//داگیركردنی كەركوك لەلایەن ئینگلیزەوە | ١٢١ |
| تەوەرەی دووەم//سیاسیەتی ئینگلیزەكان لەكەركوكدا | ١٤٧ |
| تەوەرەی سێیەم//ڕۆڵی كەركوك لە شۆڕشەكانی شێخ مەحموددا ( ١٩١٩ – ١٩٢٦ ) . | ١٨٧ |
| بەشی سێیەم :-هەڵوێستی دانیشتوانی كەركوك بەرامبەر گۆڕانكاریە سیاسیەكانی عێراق | ٢١٩ |
| تەوەرەی یەكەم//هەڵوێستی دانیشتوانی كەركوك لەدانانی (فەیسەڵ) بە شا (مەلیك)ی عێراق . | ٢٢١ |
| تەوەرەی دووەم//كەركوكو كێشەی ویلایەتی موسڵ . | ٢٤٥ |
| تەوەرەیسێیەم//هەڵوێستی دانیشتوانی كەركوك بەرامبەر بەئاشوبی ٤ی ئایاری ١٩٢٤ | ٢٩٣ |
| ئەنجام | ٣١٥ |
| لیستی سەرچاوەكان | ٣٢١ |





| | |
|---|---|
| پوختەیەك بەزمانی عەرەبی | ٣٦٣ |
| بەڵگە نامەكان | ٣٦٧ |
| پاشكۆكان | ٣٧٣ |
| نەخشەكان | ٣٨٣ |
| پوختەیەك بەزمانی ئینگلیزی | A-D |

## پێشەکی

گرنگی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوە لە بارەی ڕەوشی مێژوویی سیاسیی شاری کەرکوک لە نێوان ساڵانی (١٩١٧ – ١٩٢٦)دا، وەك ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراو. کە بەداگیرکردنی کەرکوک لەلایەن بەریتانیاوە دەستپێدەکات و بەلکاندنی باشووری کوردستان و کەرکوک بە عێراقی عەرەبیەوە کۆتایی دێت، گرنگ و پڕبایەخە، چونکە لەو سەردەمەدا کەرکوک ببوە نێوەندی سەرەکی داگیرکەری بەریتانی لە باشووری کوردستاندا، لە ڕوانگەی سیاسی و ئابووری و کارگێڕی و یەکلاکردنەوەی سیاسەتی راستەوخۆی بەریتانیا تێیدا، کە خۆی لە لکاندنی ئەو شارەدا دەبینیەوە بەعێراقەوە، کە وەك سەر وابوو بۆی و سەرەتایەکیش بوو بۆ بەعەرەبکردن و بچووککردنەوەی جوگرافیایی ئەو شارە لە مێژوودا، کە تا ئێستاش کاریگەری هەرماوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت: ( شاری کەرکوک لەنێوان ساڵانی(١٩١٧ – ١٩٢٦)دا. لەو ڕوانگەیەوە دێت، کە تا ئێستە وەك پێویست بەدەر لەلایەنە مێژوویەکەی، کە چەند وتارو نامیلکە و نووسراوێکی کەم نەبێت بە زمانی کوردی و عەرەبی، لە کوردستاندا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و هەمەلایەنە لەم بارەیەوە ئەنجام نەدراوە. هەروەها لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەسەر شاری کەرکوک لەماوەی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی داگیرکەری بەریتانیدا، جگە لەوەی توێژینەوەی لەبارەوە نەکراوە، بابەتێکە ئاشنای مێژووی کۆنی شاری کەرکوک و نێوە جیاجیاکانی و سیاسەتی داگیرکەری بەریتانی لەو شارەدا، دەخاتە





بەردەست بەتایبەت لە ساڵانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تاکو لکاندنی باشووری کوردستان و کەرکوك بە عێراقی عەرەبی یەوە، وێڕای ئاشناکردنمان بە هەڵویستی دانیشتوانی شاری کەرکوك بەرامبەر بە شۆڕشەکانی شێخ محمود و دانانی شافەیسەڵ و کێشەی ویلایەتی موسڵ و ئاشووبی ٤ی ئایاری ساڵی ١٩٢٤ کە دانیشتوانی شاری کەرکوك ڕۆڵی سەرەکیان تیادا بینیوە .

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە: ئەوەیە کە لێکدانەوەیەکی زانستیانەو ئەکادیمیانەو شیکاریانە بۆ شاری کەرکوك، لەسەر بنەمای مێژوویی، سیاسی، کارگێڕی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ئابووری، تەندروستی شارەکە، وەك سەرەتایەك بۆ لێکۆڵینەوەی فراوانتر و هەمەلایەن تر بخاتە بەر دەست. وێڕای ئەوەی مەبەستمانە بڵێین مێژووی شاری کەرکوك لە سەرەتای دروستبوونیەوە، بەپێی ئەو سەردەمە جیاجیایانەی پیایدا تێپەڕیوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە بارودۆخی جیاوازی هەبووە لەچاو شارەکانی دیکەی باشووری کوردستان و عێراقدا، چونکە بە درێژایی مێژوو هەوڵی شێواندن و بچووککردنەوەی جوگرافیای ئەم شارە دراوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی داگیرکەری کەرکوك بە گشتی و ساڵانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بە تایبەتی ،بەهۆی دەوڵەمەندی ئەوشارە لەڕووی ئابووری وەك هەبوونی نەوت و هەڵکەوتەی شوێنەکەی بۆ بازرگانی و لایەنە سەر بازییەکان.

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە: لەو ڕوانگەیەوە، کە میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە لە نزیکەوە بەیەکدا چوون و پیوەندییان بەیەکەوە هەیە، مەرج نیە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە زانستییەکان تەنها یەك میتۆدی دیاری کراو وەك ڕێبازێکی زانستی لە شیکارکردنی بابەتەکانیدا بگرنە بەر، بەڵکو زۆر جار ئەو میتۆدانە بەپێی بارودۆخ و ئاستەنگ و بابەتەکان لەپێناو تەواوکردنی لایەنە جیاوازەکانی لێکۆڵینەوەکەدا، میتۆدەکان بەنێویەکدا دەچن و بەیەکەوە و بەشێوەی جیاجیا

بەکاردەهێنرێن به پشتبەستن بەم ڕاستیه زانستیه، ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەنامان بردۆته بەر بەکارهێنانی چەندین میتۆدی جیاواز بۆ گەیشتن و ئەنجام و شیکاری بابەتەکە، بەڵام زۆر جار هەوڵماندداوه له نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا پشت به میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژوویی ببەستین لەسەر بنچینەی شیکردنەوە و هەڵهێنجان، سەرچاوەی گرتووه، ئەمەش بەتێڕامان و وردبوونەوە لەسەرچاوە مێژوویییەکان و ئەو بەڵگەنامانەی تایبەت به بابەتەکەن، لەگەڵ به کارهێنانی میتۆدی زانستی سیاسی، له هەندێك کاتدا، به هۆی نزیکیی بابەتەکە، له سیاسەتەوە.

ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێوەرگیراوە: بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە پشت بەژمارەیەك سەرچاوەی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی و تورکی و بەڵگەنامە بەستراوە، لەوانە ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵەی گەلان، سەبارەت به کێشەی ولایەتی موسڵ، به نێوی (عصبة الامم مسألة الحدود بين التركيا و العراق وهو تقرير الذي رفعة بعثة المؤلفة وفقا القرار المجلس ٣٠ / أيلول / ١٩٢٤)، که وەك چاپکراوێکی فەرمی پشتی پێبەستراوە و له بەشی سێیەمدا زانیاریەکانی پشتڕاست کردۆتەوە. هەروەها نووسینەوەی یادداشت و گێڕانەوەی ڕووداوەکان لەلایەن ئەو کەسانەی که هاوبەش و هەڵسوڕێنەری هەندێك له کارەکان بوون و جێگەی گرنگی و سوود بوون، لەگەڵ ئەوەی، که دەبێت به وریایەوە مامەڵه لەگەڵ هەندێك له زانیارییەکانیاندا بکەین، چونکه لەهەندێکیاندا زانیاری شاردراوەن و پیاداهەڵگووتنی زیاد له پێویستی تیادایە. لێرەشدا ژمارەیەك لەو یاداشتانه بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە سوودی لێوەرگیراوە و لەهەندێك کاتدا بەهۆی نەبوونی زانیاری له سەرچاوە تایبەتییەکاندا، به ناچاری چەند جارێك له پەراوێزەکاندا دووبارە کراونەتەوە، بۆ پشت ئەستوورکردنی زانیارییەکانی ناو توێژینەوەکە وەك: (یادداشت)ی





ڕەفیق حیلمی، (خەباتی گەلی کورد له یاداشتەکانی ئەحمەد تەقی)ی جەلال تەقی، (چیم دی)ی ئەحمەد خواجه، (یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید)، (کورد و تورك و عەرەبی)ی ئەدمۆنز، (Kurds, Arabs, Briton)ی ( D.K.field house). هەروەها کتێبی ( تاریخ الوزارات العراقية)ی مێژوونووسی بەنێوبانگی عێراقی (عبدالرزاق الحسنی) جێی بایەخ بووە، ئەگەرچی له هەندێك شوێندا به ئینسافەوە خامەی لەخزمەتی گەلی کورددا نەخستۆته کار .
(بەرگی یەکەم و دووەمی چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی کورد) و (کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر) و (کوردستان له سالأنی شەڕی یەکەمی جیهانیدا) و (تێگەیشتنی ڕاستی)ی (د.کەمال مەزهەر ئەحمەد)، هەردوو بەرگی (شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان)ی محمد ڕەسول هاوار و (کرکوك مطبوعات تاریخی)ی عطا ترزی باشا و نووسراوەکانی (مەلاجەمیلی ڕۆژبەیانی) و (د.نوری تاڵەبانی)و (د.جەبار قادر) و (سمکۆ بەهرۆز – ئەژی) لەگەڵ چەندین نووسراوی دیکەدا، که بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە سوودی یەکجار زۆر یان لێوەرگیراوە. لەلایەکی دیکەشەوە ژمارەیەك بەڵگەنامە و نەخشەی بڵاو نەکراوە و بڵاو کراوە سوودیان لێوەرگیراوە .

گرفتەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوە له بابەت مێژووی شاری کەرکوکەوە، له ماوەیەکی دیاریکراوی وەهادا بێ کێشەو گرفت نابێت و زۆر ئاستەنگ دێته پێشەوە، که ڕەنگه له هەندێك کاتدا توێژەر سارد بکەنەوە، له هەمووشیان گرنگتر دەستنەکەوتن یاخود درەنگ دەستکەوتنی ئەو سەرچاوانەیە، که تەنها له کتێبخانەی تایبەتیدا هەن، چونکه هەندێك لەو کەسانەی، که خاوەن کتێبخانەی تایبەتین و کتێبی تایبەتیان هەیە، تووشی نەخۆشی دەروونی و قۆرخکاری کتێبه دەگمەن و دانسقەکان هاتوون، بۆیه دەستکەوتنی ئەو سەرچاوانه دەبیت زۆر وریایانه لەگەڵیان بدوێین. لەگەڵ

ئەوەشدا چەند ئاستەنگێکی دیکە هەن، وەك دەرگا بەڕووداخستنی هەندێك مێژوونووس و ئەو کەسانەی کەشتێك لەبارەی ڕووداوەکان دەزانن و ئامادەنین هیچ شتێك بڵێن . لەگەڵ زۆر نوسراوی ناشارەزایانەو نازانستیانە لەلایەن هەندێك کەسەوە، وەك نووسراوەکانی سەردەمی حکومەتی عێراقی و نوسراوی هەندێك کەمەنەتەوەی نێو کەرکوك کە لە بارەی مێژووی شاری کەرکوکەوە، بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان نووسیویانە، لەلایەکی دیکەوە کەم شارەزایی لە زمانی تورکی و ئینگلیزی، لای توێژەر وای کردووە کەمتر سوود لەو سەرچاوانە وەربگرێت. بەڵام ئەم ئاستەنگانە ماوەیەك کاریگەری خۆی کردووە، کە هەندێك وردەکاری لە شوێنی شیاوی خۆی باسی لێوە نەکرێت، کەچی بەتەواوەتی نەبۆتە هۆی کاڵ و کرچی ئەو بەرهەمە، کە لە پێشەکی یەك و دەروازەیەك و سێ بەش و ئەنجامێك پێك دێت ،بەم شێوەیە :

دەروازە (کورتەیەك لە مێژووی سەردەمەجیاجیاکانی کەرکوك): لەم دەروازەیەدا باس لەو بۆچوونە جیاوازانە کراوە، کە تایبەتن بەدرووستکردنی شاری کەرکوك، لەگەڵ قۆناغەجیاجیاکانی مێژووی ئەم شارەدا، کە چەندین فەرمانڕەوا حوکمیان تێدا کردووە، وەك (گوتی، خەمبازی، ئەکەدی، ئاشووری، میتانی، هەخامەنشی، گریکی، سلوقی، فرثي، ئیسلام، مەغۆل، جەلائیری، قەرەقۆینلو، عوسمانی، سەفەوی، میرنشینە کوردی یەکان ......هتد ) .

بەشی یەکەم (کەرکوك لەکۆتاییەکانی دەسەڵاتی عوسمانیدا): ئەم بەشەمان تەرخان کراوە بۆ زاراوەو شوێنی جوگرافیا و بارودۆخی شاری کەرکوك لە ساڵانی کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا، کە لە چوار تەوەرە پێکهاتووە:

تەوەرەی یەکەم ( زاراوەو شوێنی جوگرافیایی کەرکوك ) : لەم تەوەرەیەدا باس لەسەرجەم ئەو نێوانە کراون کە لە مێژوودا بە کەرکوك وتراوە، لەگەڵ شیکارکردن بۆیاندا، وەك (ئەفە – عەرفا ، ئەرەبخ – ئارابخا، کەرخۆ، 





دیمتوکرخی شیلواخو، کنکهار، ئارمنجە، کار (قەڵا)، کی رەك، کارك، کارشا، کەرخا، منس، کوڕکوڕا، کرخوا، گوڕگوڕ، کۆنکۆن، کەرخ –سلوق، قەڵای شیلوا – تشۆپ، گرەکین، کرخ سلوخ، ئارانجیویس، کەرخینی، بیت گرمای، گەرمەکان، کرمکان، کەرکین، کۆڕەك، بیث سلوخ، کاری کووك، أرمجە، شارەزوور، کوڕ کوڕ، شاری خواوەندەکان (مدینە الالهە)، الکرخینی، الکرخانی، کرخانی، کوڕەباجرمێ، کیرکوك، کەرکی، کریك ..... هتد). لەگەڵ باسکردن لەشوێنی جوگرافی و بۆچوونی نووسەرانی کورد و ناکورد لە بارەی سنووری جوگرافیای شارەکەوە .

تەوەرەی دووەم (بارودۆخی سیاسی و کارگێڕی شاری کەرکوك): لەم تەوەرەیەدا باس لەو سیستێمە کارگێڕیانە کراوە، کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی شاری کەرکوکەوە پەیڕەو کراون بەگشتی و سیستێمی کارگێڕی دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی، کە لە دوای شەڕی (چاڵدێران)ەوە بۆ ماوەیەکی کاتی سەربەخۆیی داوە بە نێوچەی کەرکوك. باس لەوەش کراوە کە لە سەردەمی سوڵتان (سلیمانی قانونی) دا کەرکوك بەشێك بووە لە ئەیالەتی شارەزوور و دواتر بووە بە نێوەندی ئەیالەتەکە، لە دوای ساڵی(١٨٧٩ز)ە وە لە ڕووی کارگێڕیەوە کرایە نێوچەیەك سەر بە(ویلایەتی موسڵ) و پاشتر بووە نێوەندی ویلایەتەکە بۆ ماوەیەکی کەم. بەم شێوەیە بارودۆخی کارگێڕی کەرکوك سەر بەویلایەتی موسڵ مایەوە تا داگیرکردنی ویلایەتەکە لەلایەن ئینگلیزەوە، بەڵام قەزاکانی سەر بەکەرکوك چەند جارێك گۆڕانیان بەسەردا هاتووە .

تەوەرەی سێیەم ( بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی شاری کەرکوك): لەم تەوەرەیەدا باس لەو نەتەوە و کەمە نەتەوانە کراوە، کە لە کەرکوکدا ژیاون و ئەوەش خراوەتە ڕوو، کە دانیشتوانی ڕاستەقینەی ئەم شارە کوردن، وە باس لەوەش کراوە، کە تا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم هیچ

ئامار و سەر ژمێریێکی تەواو لە کەرکوکدا نەکراوە و ئەوەی هەش بووە زیاتر هەژماری گەڕیدە و ڕۆژهەلاّتناسەکان بووە، نەك دەوڵەتی عوسمانی، کە هەوڵی گۆڕینی دیموٚگرافیای کەرکوکی داوە، بەهێنانی تورکمانێکی زۆر و عەرەب بۆی، لەسەردەمی (إتحاد و تەرەقی)دا ئەم سیاسەتە زیاتر گەشەی کرد، لە کەرکوك و دەوروبەریدا، هەروەها باس لە گەڕەك و چینە جیاوازەکانی کەرکوك کراوە لە سالاّنی کۆتایی دەسەلاتی عوسمانیدا وەك ( میر ، ئاغا ، کوێخا ، مەلا، جوتیار ، شوان ، گاوان ....هتد ) .

هەر لەم تەوەرەیەدا باس لە لایەنە گرنگەکانی ئابووری کەرکوك کراوە بە چەند خالّێك وەك (نەوت، بازرگانی، لایەنی کشتوکالّ و ئاژەلّداری و کانزای ژێر زەوی)، کە وایان کردووە کەرکوك بەشادەماری ئابووریی عێراق و گرنگترین شوێنی ستراتیژی باکوری عێراق (باشووری کوردستان) دابنرێت. لەگەلّ ئەوەشدا باس لە چەندین جۆری باج و گومرگ کراوە، کە بەسەر دانیشتوانەکەیدا سەپێندراوە، وەك (جووتانە، چالاّنە، مەڕانە، سەرانە، مریشکانە، دانانە....هتد)، هەروەها باس لە ڕەوشی ئابووریی شارەکە کراوە، لە سالاّنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، لەگەلّ ئەو ڕەوشە خراپەی کەلایەنی تەندروستی شاری کەرکوك تیایدا بووە، کە تا داگیرکردنی کەرکوك لەلایەن بەریتانیاوە هیچ نەخۆشخانەو بنکەیەکی تەندروستی تیادا نەبووە .

تەوەرەی چوارەم (بارودۆخی خوێندن و ڕۆشنبیری شاری کەرکوك): لەم تەوەرەیەدا باس لەخراپی بارودۆخی خوێندن و ڕۆشنبیری لە مێژووی شاری کەرکوکدا بە گشتی و سەردەمی دەسەلاّتی عوسمانی بەتایبەتی کراوە، هیچ لایەکیان لەو بوارە نەکردۆتەوە، تەنها چەند هەولّێکی لاوەکی نەبێت، کە لەو بوارەدا، لەلایەن دانیشتوانی شارەکەوە درابوون. هەروەها باس لەو قوتابخانانە کراوە، کە لە کەرکوکدا دروست کراون، وەك(ڕەشیدی، مکتب الصنایع، ئەلیاس، قوتابخانەی کەرکوك.....هتد) لەگەلّ ژمارەی قوتابییەکانی ئەو قوتابخانانەو خوێندنەکەیان، کە زیاتر بەزمانی تورکی بووە. لەگەلّ ئەوەشدا باس لە چاپخانەکانی کەرکوك کراوە وەك(ویلایەت، صنایع مکتبی مطبعسی، حوادث)، کە لە کۆتایی دەسەلاّتی عوسمانیدا چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاریان پێ لەچاپدراوە، وەك ( ڕۆژنامەی الحوادث، ڕۆژنامەی ئاژانس، ڕۆژنامەی المعارف، گۆڤاری کوکب المعاریف، ڕۆژنامەی النجمە....هتد ).





بەشی دووەم: (کەرکوك لە ڕۆژگاری دەسەلاّتی ئینگلیزدا): ئەم بەشەتایبەتە بەڕەوشی سیاسی شاری کەرکوك، لە ماوەی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیزدا، کە باس لە سەرەتای هاتنی ئینگلیز بۆی و سیاسەتی ئینگلیز لەو شارەدا و ڕۆڵی دانیشتوانی کەرکوك بەرامبەر شۆڕشەکانی ( شێخ محمود ) تێیدا بخرێتە ڕوو . لە سێ تەوەرەی جیاوازدا:

تەوەرەی یەکەم:(داگیرکردنی کەرکوك لەلایەن ئینگلیزەوە): لەم تەوەرەیەدا باس لە چوونی ئینگلیز کراوە بۆ نێوچەکانی کەنداو بەگشتی و هەرسێ ویلایەتی (بەسرەو بەغداد و موسلّ) بەتایبەتی، لە سالاّنێکی زۆر بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە، کە لە ڕێگای گەڕیدەو سیخوڕەکانەوە بووە، دوای دامەزراندنی (کۆمپانیای هندی ڕۆژهەلاّت). هەروەها باس لەوە کراوە، کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە نێوچەکانی باشووری کوردستان، زیاتر لە سەردەمەکانی پێشووتر سەرنجی بەریتانیەکانی ڕاکێشاوە، بەهۆی دۆزینەوەی نەوت لە کەرکوکدا و لێرەوە ئینگلیزەکان پەیوەندیان لەگەلّ بەشێك لە سەرەك خێلّ و هۆزەکانی کورد دروستکردووە. لەگەلّ ئەوەشدا باس لە بۆچوونە جیاوازەکانی ئینگلیز سەبارەت بە هەرسێ ویلایەتەکەی عێراق کراوە، لەگەلّ سەرەتاکانی داگیرکاریەکانی بەریتانیا بۆ ئەو سێ ویلایەتە، پرۆسەی

داگیرکارییەکەش بەم شێوەیە بووە (فاو، بەسرە،شوعەیبیە، عەمارە، ناصریە) سیٚ گۆشەی"بەسرە ناسریە عەمارە"، کوت، بەغداد).

لەپاش داگیرکردنی بەغداد باس لەو هەنگاوانە کراوە، کە بەریتانیەکان گرتوویانەتە بەر بۆ داگیرکردنی نێوچەکانی باشووری کوردستان (ولایەتی موسڵ) بە کەرکوکەوە، وەك دەرکردنی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) و پەیوەندیکردن بەسەرەك عەشرەت و خێڵەکانی نێوچەی کەرکوك و ناردنی زۆر لە سیخوڕەکانیان بۆ ئەو نێوچەیە، کراوە. دواتر باس لە پرۆسەی داگیرکردنی کەرکوك بۆجاری یەکەم لەلایەن ئینگلیز و هۆکارەکانی پاشەکشە لێی و داگیر کردنەوەی بۆ جاری دووەم زۆر بە وردی کراوە .

تەوەرەی دووەم (سیاسەتی بەریتانیا لەکەرکوکدا): لەم تەوەرەیەدا باس لە سیاسەتی بەریتانیا کراوە، بەرامبەر بەویلایەتی موسڵ بەگشتی و شاری کەرکوك بەتایبەتی، کە خۆی لە لکاندنی ئەو نێوچانە بینیوەتەوە، بە دەوڵەتی عێراقی عەرەبییەوە . هەروەها باس لە هەموو ئەو کار و کردەوانەی حاکمە سیاسیەکانی بەریتانیا کراوە لە کەرکوکدا، وەك ( کابتن بولارد، مێجەر نوئیل، لونگریك، ئیدمۆنس....هتد). هەروەها باسیش لە سیاسەتی ڕاستەوخۆی بەریتانیا کراوە لە شاری کەرکوکدا، بەم شێوەیە ((سیاسەتی کۆکردنەوەی باج و گومرگ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر و ڕێگاکانی شاری کەرکوك، سیاسەتی بەریتانیا لە بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی (إداری)، سیاسەتی بەریتانیا بۆ لایەنی سەربازی، سیاسەتی بەریتانیا لەکۆنگرەی قاهیرە و پەیماننامەکانی (سیڤەر و لۆزان) دا بەرامبەر بەشاری کەرکوك)).

تەوەرەی سێیەم (ڕۆڵی دانیشتوانی کەرکوك لە شۆڕشەکانی شێخ مەحمود دا١٩١٩– ١٩٢٥): لەم تەوەرەیەدا باس لە پەیوەندییەکانی دانیشتوانی





کەرکوك بە بنەماڵەی شێخ محمودەوە، کراوە، بەتایبەتی پەیوەندی دانیشتوانی ئەم شارە بە( شێخ سعید )ی باوکی شێخ محمودەوە و لەگەڵ تیرۆر کردنەکەی و دەستگیرکردنی شێخ محمودی کوڕی، کە چ ڕەنگدانەوەیەکی هەبوو لەسەر خەڵکی شاری کەرکوك . هەروەها باس لەوە کراوە، کە شێخ محمود لەپێش شەڕی یەکەمی جیهانی و لەکاتی شەڕو لەدوای شەڕیش بەردەوام کەرکوکی وەك بەشێك لەنێوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی سەیر کردووە و بەرگری لێکردووە، بەشێکی زۆری دانیشتوانی کەرکوکیش ئەو هەڵوێستەیان لاباش بووە و پەیوەنیان پێوە کردووە لەکاتی حکومداری و مەلیکایەتی یەکەشیدا لەگەڵ ئەوەشدا باس لەنەیارەکانی شێخ محمود لەشاری کەرکوکدا کراوە، وەك ( تاڵەبانی یەکان، بەشێك لە هەمەوەند بەشێك لەشێخانی بەرزنجە ، بابانیەکان لەکەرکوك ، بازرگانەکان، تورکمانەکان ....هتد) . هەر لەم تەوەرەیەدا باسیش لەشۆڕشەکانی شێخ محمود کراوە کەیەکێك لە هۆکارە سەرەکی یەکانی ئەو شۆڕشانە نەهێشتنی دەسەڵاتی شێخ بووە بەسەر نێوچەکانی کەرکوك و دەوروبەریدا و لەگەڵ گرتنی شێخ وناردنی بۆ دوورگەی (ئاندامان) و هەڵوێستی کەرکوك لەو کاتەدا خراوەتە ڕوو. لە کۆتایی ئەم تەوەرەیەشدا باس لەهەڵوێستی دانیشتوانی کەرکوك کراوە لەئازاد کردنی شێخ محمود و گەڕانەوەی بۆ سلێمانی و جاڕدانی مەلیکایەتیدا، لەگەڵ شۆڕشی شێخ محمود و پەیوەندی هەردوو لایان لەسالآنی ( ١٩٢٣ – ١٩٢٤ )دا .

بەشی سێیەم (هەڵوێستی دانیشتوانی کەرکوك بەرامبەر گۆڕانکارییە سیاسیەکانی عێراق): ئەم بەشە تەرخان کراوە بۆ هەڵوێستی دانیشتوانی کەرکوك بەرامبەر (بەدانانی فەیسەڵ بە مەلیکی عێراق و کێشەی ویلایەتی موسڵ و ئاشووبی ٤ی ئایاری ١٩٢٤ ی شاری کەرکوك)، لە سیٚ تەوەرەدا :

تەوەرەی یەکەم (هەڵوێستی دانیشتوانی کەرکوك لە دانانی فەیسەڵ بە شای عێراق): لەم تەوەرەیەدا باس لە هۆکارەکانی دامەزراندنی سیستێمی پاشایەتی لە عێراق و ئەو هەوڵ و کۆبوونەوانەی بەریتانیا کراوە، بۆ چەسپاندنی ئەو سیستێمە، لەگەڵ ئەوەشدا باس لە هەڵبژاردنی فەیسەڵ بۆ ئەو پۆستەو هەموو ئەو هۆکارانەی، کە ڕێگە خۆشکەر و ڕێگربوون لە وەرگرتنی ئەو تاجە لەلایەن فەیسەڵەوە، کراوە. هەروەها باس لە پرۆسەی ڕاپرسی یەکەی هەڵبژاردنی فەیسەڵ بۆ شای عێراق کراوە، لەگەڵ ئەو پرسیارانەی لە کاتی پرۆسەکەدا کردوویانە، لەگەڵیشیدا باس لەهەوڵەکانی کارمەندان و ئەفسەرانی بەریتانیا، لە کەرکوك کراوە، کە بۆ بەرژەوەندی فەیسەڵ لە کەرکوکدا کردوویانەو ئەنجامی ئەو ڕاپرسیەش لەکەرکوکدا خراوەتە ڕوو. لە کۆتایی تەوەرەکەشدا باس لەچۆنیەتی تاج لەسەر نانی فەیسەڵ و سەردانی بۆ شاری کەرکوك لە ساڵی ١٩٢٤دا کراوە .

تەوەرەی دووەم (کەرکوك و کێشەی ویلایەتی موسڵ): لەم تەوەرەیەدا باس لە شوێنی جوگرافیای موسڵ و پوختەیەك لە مێژووی سەرهەڵدانی کێشەی ویلایەتی موسڵ، لە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی و لەکاتی جەنگدا کراوە، دواتر باس لە پرۆسەی داگیرکاری بەریتانیا بۆ شاری موسڵ و سەرەتای دەرکەوتنی کێشەی ویلایەتی موسڵ لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی کراوە، لەنێوان (ئەنگلۆ — تورکی)دا. هەروەها باس لە ئەو دوو بەرەیەی (نێودەوڵتی و نێوخۆ) کراوە، کە بەریتانیا دەبوو تیایدا سەرکەوتوو بێت، بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکە لەگەڵ تورکیادا، کە لە هەردوو کۆنگرەی لۆزاندا وتووێژی زۆری لەسەر کراوە، دواتر بۆ چارەسەری کێشەکە ماوەی نۆ مانگ لەنێوان (بەریتانیا و تورکیا)دا لە کۆبوونەوەکانی (ئەستەمبوڵ)دا باسی لێوەکراوە. هەرلەم تەوەرەیەدا باسیش لە خستنە بەردەستی کێشەکە بۆ کۆمەڵەی گەلان و





هەژمارە جیاوازەکانی تورکیاو بەریتانیا لەسەر دانیشتوانی کەرکوك و دروستبوونی لیژنەی کۆمەڵەی گەلان بۆ کێشەکەو چوونی ئەو لیژنەیە بۆ بەریتانیا و تورکیاو نێوچەی کێشەکەو ئەنجامی ڕاپۆرتی لیژنەکەش سەبارەت بە کێشەی ویلایەتی موسڵ و بڕیاری کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بە کێشەکە کراوە.

تەوەرەی سێیەم (هەڵوێستی دانیشتوانی کەرکوك بەرامبەر بەئاشووبی٤ ی ئایاری ١٩٢٤): لەم تەوەرەیەدا باس لە فاکتەرەناڕاستەوخۆکانی وەك( فاکتەری ئاینی، فاکتەری نەتەوەیی، فاکتەری دەرەکی، دامەزراندنی دەوڵەتی ئاسوری، فاکتەری سیاسی) و فاکتەری ڕاستەوخۆی ئاشوبی ٤ی ئایاری ١٩٢٤ کراوە، لەگەڵ چۆنیەتی ڕاستی ڕووداوەکانی کەرکوك لەو ڕۆژەدا. هەروەها باس لە هەوڵەکانی حکومەتی بەریتانیا، کراوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لەگەڵ ناڕەزاییەکانی ئەنجوومەنی دامەزرێنەری عێراقی و نەتەوەی کوردیکەرکوك و کەمە نەتەوەییەکانی تورکمان و عەرەب. لە کۆتایی ئەم تەوەرەیەشدا باس لە دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەم ڕووداوە و سەرەنجامی ئەم دادگاییەش خراوەتە ڕوو، کە سەربازە لیڤیەکان بوون.

# دەروازە

## کورتەیەك لە مێژووی سەردەمە جیاجیاکانی کەرکوك

کەرکوك یەکێکە لە شارە کۆنەکانی رۆژهەلاتی نێوەراست، کە دەکەوێتە باشوری کوردستانەوە. مێژووی ئاوەدانی ئەم شارە بۆ سالانی نێوان( ٤٥٠٠–٣٥٠٠ پ.ز)دەگەرێتەوە، لە کاتێکدا دانیشتوانی رەسەنی کوردستان لەپێدەشتی ئەمرۆی شارەکەو لەسەر قەلای کەرکوك، بنیادی کەرکوکیان ناوە.[١] کاتی ئەو دروستکردنەش بۆ چەرخێکی ئالۆزو نادیار دەگەرێتەوە،[٢] هەر بۆیە لەناو مێژوونووساندا بۆچوونێکی یەکگرتوو بۆ دەستنیشانکردنی مێژووی دروستبوونی ئەم شارە نیە، بەلکو بۆچوونی جیاجیای لەسەرە ، لەوانەش:

بۆچوونی یەکەم // گوتیەکان یەکەم نەتەوەن، کە بنیادی شاری کەرکوکیان ناوە،[٣] پێش سالی (٢٣٧١ پ. ز) بەهاوشانی شاری نووزی[٤]

---

[١] د. جمال رشید احمد: کرکوك فی العصور القدیمة، منشورات ئاراس ، اربیل ، ٢٠٠٢، ل ٢٨.

[٢] عونی الداودی: کرکوك المدینة الضاحکة بالنار و النور، منشورات مکتب الفکر والتوعیة، سلیمانیة، ٢٠٠٢، ل٣.

[٣] هەمان سەرچاوە، ل ٣.

[٤] شاری نووزی لە ژێر گردێکی (٢٠٠X٢٠٠م) دایە، کەنزیکەی ٣٣٠م لە سەر ئاستی دەوروبەرەکەیدا بەرزەو بنیادنراوە (أ)، لەهەزارەی سییەمی پێش زاینیدا بە( گاسور) ناسراوەو ئێستاش بە ( یورغان





یەوە شاری(ئارابخە_ ئارابخا)[٥] یان دروست کردووەو کردویانەتە پێتەختی خۆیان.[٦] سۆمەری و ئەکەدیەکانیش دانیان بەو نێوچەو مەملەکەتەی گووتی دا ناوە، کە پێتەختەکەی (ئارابخا) بووە.[٧] (د. شاکر خضباك) لەو بارەیەوە نووسیوویەتی: (شاری کەرکوك گووتییەکان دروستیانکردووە) .[٨]

---

تەپە – yorgan tape) ناسراوە، دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای کەرکوکی ئێستاوە بەدووری ١٣کم (ب) .

Maidman, Pmaynard; "nuzi; portrait of an ancient mesopotamia ( أ ) provincial town", in CANE, VOL١III ( ed . by . j. M. Sassoon), ( newyork; starr. R.nuzi, vol ١ -١ ( texts), ( chicago, ١٩٣٩ ), p. XXIX . ٢٠٠١), p. ٩٣١.

[٥] یەکێکە لەو شارانەی، کە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایینندا دروست کراوە (أ) ناوی ئەو خواوەندە بووە کە دانیشتوانی شاری کەرکوکی کۆن پەرستویانە و باوەریان بەیەکتا پەرستی بووە، خواکەیان لە شێوەی (بت) دا دروست کردووەو لەسەر دەروازەیەکی شارەکە دایان ناوە، تەنانەت وەك رێزێك بۆ ئەو خوایە لەسەرجەم گوندو شارەکانی سنوری دەسەلاتیاندا وێنەی خواکەیان لەشێوەی (بت) دا درووستکردووەو لەسەرجەم مالەکان و شوێنە گشتیەکاندا بەبەرزی دایان ناوە (ب).(أ– د. جمال رشید و د. فوزی رشید: تاریخ الکرد القدیم مطبعة جامعة صلاح الدین ، اربیل ، ١٩٩٠، ل ٥٣ . ب– طـــه بـــاقر و عـامر سـلێمان و فاضـــل الواحـــد: تـاریخ العـراق قـدیم، ج٢،بغداد،١٩٨٠،ل٢.؛کەیوان ئازاد ئەنوەر: کەرکوك لە مێژووی کۆندا ، گۆڤاری کەرکوك ، ژمارە(٢ ،٣)، پایزی ١٩٩٩ و زستانی ٢٠٠٠، ل ٧٣) .

[٦] د. فؤاد حمە خورشید : کرکوك قلب کوردستان، مطبوعات المدیریة العامة للطباعة والنشر فی وزارة الثقافة، سلیمانیة، ٢٠٠٥، ل ٩–١٠.؛ رەئوف توفیق هەمەوەندی:چەند لاپەرەیەك لە مێژووی شاAرەکانی کەرکوك و نووزی، گۆڤاری کەرکوك ، ژ٤،کانونی یەکەمی ١٩٩٨، ل ٤–٥.

[٧] د.شاکر خضباك: العراق الشمالی،ج١، مطبعة شفیق ، بغداد، ١٩٧٣، ل ١٦٤.

[٨] الکرد والمسالة الکردیة، بغداد، ١٩٥٩، ل ١٤.

بۆچوونی دووەم // شاری کەرکوك بەر لە ٢٧ سەدە پادشای ئاشوورییەکان(سردناپالْ) بنیادی ناوە،[٩](عەبدول ڕەزاق حەسەنی)بە پشتبەستنی سەرچاوە سریانییەکان، دروستکردنی کەرکوك و قەلاْکەی بۆ سەردەمی هەمان پاشای ئاشووری دەگێڕێتەوە.[١٠] هۆکاری دروستکردنی کەرکوك لەلایەن (سردناپالْ)(٨٨٤– ٨٥٨ پ. ز) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە یەکێك لە فەرماندە سەربازییەکانی بە نێوی (ئەرباق)، لە دەسەلاْتەکەی هەلْگەڕاوەتەوەو سەرپێچی فەرمانی کردووە و ئەو کاتە مەلیکی ئاشوور لە کارەکەی لای بردووە و فەرمانی پێکردووە، کە هەلْسێت بە دروستکردنی شارێك لەو شوێنەی، کە بۆی دیاری دەکات. لە سزای ئەو کارەیدا (ئەرباق) بەدروستکردنی شارەکە هەلْسا و (سردناپال)ی شای ئاشوورییەکانیش لێپرسراوێکی خۆی بۆ داناوە، کە نێوی (گرمی–کەرەم –kurame)[١١]بوو، دوواتر (١٠٠)[١٢] هەزار ئاشووری تێدا نیشتەجێکرد و زیاتر شارەکەی گەورەتر کردو بایەخی پێدا.[١٣] بەلاْم (عەبدول ڕەقیب یوسف) لەبارەی ئەو بۆچوونەوە دەلْێت :((پێدەچێت ئەو بۆچوونە ڕاست

[٩] عبدالمجيد فهمى: دليل تاريخ ومشاهير الالوية العراقية، ج ٢، بغداد، ١٩٤٦، ل ٩١.

[١٠] العراق قديما و حديثا، مطبعة عرفان، سوريا، صيدا، ١٩٥٦، ل ١٤.؛ د. ئازاد شێخانی : قەلاْیکەرکوك لەروانگەی پلانسازی میعمارییەوە، کۆڤاری کەرکوك، ژ ( ١٢) ، بەهاری ٢٠٠٢، ل١١٨.

[١١] ئەم فەرمانڕەوایە لەسەرەتادا ماوەیەك پێوەندی لەگەلْ ئاشوورییەکاندا باش بوو، بەلاْم دواتر لە ئاشوورییەکان یاخی بووەو بووەتە سەرۆکی هەرێمەکە.( ا ب بولص بيمان: اخبار الشهداء القدسيين، طبعة كلدانية من اعمال المانية، ١٨٩١، ل ٥٠٧–٥٣٥).

[١٢] ئەم ژمارەیە لەوانەیە زێدە ڕۆی تێدا بێت بۆ ئەو کات . ( توێژەر ) .

[١٣] عبدالرزاق الحسنى: العراق قديما و حديثا: ل ٣،ل ٢١٧؛ ا ب بولص بيمان: اخبار الشهداء القدسيين، ل٥٣٥ و٥٧٠.





نەبێت، لەبەرئەوەی قەلاْی کەرکوك لەو سەردەمە کۆنترە، رەنگە ئەو پادشایە(سرناپال) تازەبوونەوەی تێداکردبێت، بەلاْم ئەو دروستی نەکردووە)).[١٤]

بۆچوونی سێیەم// کەرکوك یەکێکە لە شارە کۆنەکانی کوردستان و یەکەم خشتی دروستکردنی ئەم شارە بە دەستی لولوبییەکان دانراوە.[١٥](د.کەمال مەزهەر)لەگەلْ ئەم بۆچوونەدایەو نووسیویەتی:((لەڕووی مێژوویییەوە دەرکەوتووە، کە لولوبییەکان شاری کەرکوکیان دروستکردووە)).[١٦]

بۆچوونی چوارەم//بەشێك لە مێژوونووسانی تر پێیان وایە کە(نبوخذنصری کوڕی نبوبلاصر)ی پاشای ئاشووری شاری کەرکوکی دروستکردووە، لە پاش کەوتنی شاری نەینەوا لەسالْی(٦٠٠ – ٦٠٢ پ.ز)[١٧]دا. (سرجان ملکن) لەبارەی ئەم دروستکردنەوە دەلْێت ((ئەو باوەڕەی هۆز لە هۆزوتیرە لە تیرەو مندالْ لەباوك و باپیری خۆی بیستووە، کە شاری کەرکوك و قەلاْکەی (نجت نصر–نونجت نصر) دروستیکردووە، کە باوکی (نابولنصر)و لە نێو ئاشوورییەکاندا فەرمانداری گشتی بووە،

[١٤] سلێمانی لەسەر شارێکی کۆن ئاواکرا، گۆڤاری هەزارمێرد، ژ(١٤)، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠، ل ٢٧ و ٣٦ .

[١٥] جميل الروزبيانى : داقوق ( دقوقاء ) في التاريخ ، مطبعة العلمي العراقي ،بغداد،١٩٨٣ ،ل٤٠٢ .

[١٦] كركوك وتوابعها .... حكم التاريخ والضمير ، ج١، وزارة الثقافة لحكومة اقليم كردستان ،مطبعة رنيوين،ل٥–٦.

[١٧] عبدالجبار محمود السامرائى : کەرکوك شاری ئالْتونی ڕەش ، و.سەلام عبدالكريم ، گۆڤاری کەرکوك ، ژمارە (١٦)،. سالْی چوارەم ، بەهاری ٢٠٠٣ ، ل١٧٠ .؛ روفائيل ميناس : کەرکوك لەمێژوودا ، و.هیواصالْح ،گۆڤاری ئاران،ژمارە (١٣)،٢٠٠٠ ،ل٣ .

پاشـــای ئاشـــوریش ئـــەوەی لەســـــەر نێوچـــەی بابـــل کــــردە فەرمانـدار(نابولنـصر)بوو،کـە یـەکێك بـوو لـە فەرمانـدارە گـەورەکانی ((صنکد – حسای)).[١٨]

هۆکـاری سـەرەکیش لـە دروسـتکردنی شـاری کـەرکوك لەلایـەن (نبوخذنصر)ەوە بەرگریکردن بووە لە سنوری ڕۆژهەڵاتی شانشینەکەی لە دژی هێرشی (میدییەکان).[١٩]

بۆچوونی پێنجەم// شاروقەڵای کەرکوك بەپێی نووسراوێکی فارسی لەلایەن شازادەیەکی فارسەوە دروستکراوە، پاش ئەوەی خۆی و لایەنگرەکانی کە چەند کەسێك بوون لە جەور و ستەمی پادشاکانی وڵاتی فارس هەڵهاتبوون، گەیشتبوونە نێوچەی کەرکوك و ئاو هەواکەیان بەلاوە خۆش بووە، بۆیە بەدروستکردنی قەڵای کەرکوك هەستاون. پاشتر بۆتە قەڵایەکی جەنگی و خانوو و پەرستگای ئاگریان[٢٠] تێدا بنیات ناوە، شازادەی قەڵاکە باجێکی زۆری لەو کەسانە وەرگرتووە، کە بە مەبەستی پەرستنی ئاگر ڕوویان تێکردووە، هەر لە مەشەوەیە نێوی کەرکوك بە (کاری کۆك) نێو براوە، کە مەبەست لێی(کاری بەهێزە).[٢١]

---

[١٨] یادگار فەهمی عرب ومامۆستا فاضل محمد مەلا مصطفی : شاری کەرکوك،بەشی سێیەم،گۆڤاری هەتاو، ژمارە (١٢٦ ) ،ساڵی چوارەم، ٣٠ ڕەشەمێ ( ٢٠ مارت ١٩٥٨ ) ،ل١ .

[١٩] روفائیل میناس : کەرکوك لە مێژوودا ،و.هیواصاڵح گۆڤاری ئاران،ژ(١٣)، ل٣–٤ .

[٢٠] لەبەر بوونی (( پەرستگای ئاگر )) پێدەچێت ئەو کۆمەڵەی، کە لە دەست دەسەڵاتی فارس هەڵاتوون، زەردەشتی بوو بێتن . (توێژەر) .

[٢١] روفائیل میناس : کەرکوك لە مێژوودا ، و.هیواصاڵح گۆڤاری، ئاران،ژ(١٣)، ل١٣.؛ یادگار فەهمی عرب ومامۆستا فاضل محمد مەلا مصطفی : شاری کەرکوك، بەشی سێ یەم ،ژ(١٢٦ )، ل٢ .





پێدەچێت بۆچوونی یەکەم لە ڕاستییەوە نزیك بێت، چونکە کۆنترین کۆمەڵە مرۆڤێکە کە لە نێوچەی کەرکوك نیشتەجێ بووبێتن، گۆتیەکان بوون، کە نێویان هەمیشە لەگەڵ(ئارابخا)دا پێکەوە دەبرێت،[٢٢] مێژوونووس(محمد ئەمین زەکی) نووسیویەتی کە گوتیەکان ماوەی چەند سەدەیەك وەك یەکەمین نەتەوەی نێوچەکەحوکمی کەرکوکیان کردووە،[٢٣] جگە لەوەی دۆزەرەوە شوێنەواریەکانیش ئەو ڕاستیەیان وتووە، وەك (د.فرج بصمەچی) .[٢٤]

سەدەکانی پێش زایین نێوچەکانی زاگرۆز مەیدانی ململانێی نێوان تیرەو هۆزەکان بووە، هەرچەندە لە ژێر قەڵەمڕەوێتی هۆزەکانی سۆمەرو ئەکەدو ئاشووری دابووە. کەرکوکیش وەك بەشێکی گرنگی ئەونێوچەیە لەو ڕووداو ناکۆکی و ململانێیانەدا بەدوور نەبووە و بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر دەسەڵاتی گۆتیەکاندا بووە.[٢٥] ئەو سەرچاوانە زۆر کەمن، کە دەربارەی هۆزێك یان نەتەوەیەك دەدوێن، کە پێش (گوتیەکان) هاتبێتنە نێوچەی کەرکوك، چونکە لەو سەردەمانەدا (سۆمەری)یەکان تەنها قەڵەمڕەوی نێوچەکانی خوارووی (میزۆ پۆتامیا)یان کردبوو، زیاتر لە نێوچەکانی سەرووی(میزۆ پۆتامیا). لەبەر ئەوە دەبینرێت، کە ئەوەی زیاتر ماوەتەوە(سلالە) وەچەی (خەمازی)یە، کە هاوسەردەمی

---

[٢٢] د.جمال رشید : دراسات كرديه ڤی بلاد سوبارتوو ، بغداد ،١٩٨٩،ل٢٩ .

[٢٣] خلاصەیەکی تاریخی کوردوکوردستان،بەرگییەکەم ودووەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٥٢–٥٤.

[٢٤] بڕوانە/ د.فرج بصمەچی : کنوز المتحف العراقي، مديرية الاثار العامة بغداد ، بغداد ،ل٣١ .

[٢٥] فاضل حسین: کێشەی ولایەتی موصل، و.محمد شاکەلی،چاپخانەی خاك، سلێمانی،١٩٩٩،ل١٠٢–١٠٣ .

**وەچەی(کیش) بووە، ئینجا ئایا (خەمازی)قەڵەمڕەوی هەر تەنها لە دەوروبەری سلێمانی ئێستایە،[٢٦] یاخود پەلی بۆ نێوچەکانی کەرکوك هاویشتووە، ئەمەش تا ئێستا شتێکی وای لێ نازانرێت تا بۆ ئەوەی بگەینە ڕاستی و پێش هاتنی گووتیەکان.[٢٧] بەڵام (فازڵ قەرەداغی) دەڵێت :((پاش ئەکەدی گووتیەکان ئارابخایان داگیرکرد، لەگەڵ زۆربەی بەشەکانی عێراقی ئێستا)).[٢٨] لە سالأنی( ٢٢٣٠–٢١٢٠پ.ز)گوتیەکان توانیویانە دەست بەسەر نێوچەکانی نێوەڕاست وخوارووی عێراقدا بگرن و دەسەلأتی سیاسی ئەکەدی لەنێو بەرن،[٢٩] شاری کەرکوکیان کردۆتە نێوەندی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری قەڵەمڕەویان بۆ ماوەی (٩١) ساڵ.[٣٠] تا دواتر لەلایەن ئاشورییەکانەوە کۆتایی بەدەسەلأتەکەیان هێنرا.[٣١] نێوچەی کەرکوك لە سەردەمی قەڵەمڕەوێتی ئاشوریدا شوێنێکی گرنگی هەبووە، بەلأم هیچ کاتێك نەکراوەتە پێتەختی دەوڵەتەکەو هەروەك شوێنێکی گرنگی ئیمپڕاتۆرەکە ماوەتەوە. بەلأم هیچ کاتێك وەك(نەینەوە) و (کالخ) و (دور–شرۆکین)، جێگای بلأوبونەوەی دامودەزگاکانی سەربازی و ئابووری نەبووە، هۆکاری ئەمەش هەڵکەوتەی تۆبۆگرافی ئەو شارەبووە، کە**

[٢٦] لەکۆندا پێی ووتراوە ((زاموا)) کە لۆلۆبیەکانی تیادا ژیاو ە . ( توێژەر ) .

[٢٧] د.فوزی رشید: مملکە خمبازی،گۆڤاری کاروان،ژ (٢١)،سالی دووەم،حوزەیرانی ١٩٨٤،ل ١٤٢–١٤٧.

[٢٨] کەرکوك و پادشایەکی کۆنی،گۆڤاریڕامان، ژ (١٩)،کانونیدووەمی ١٩٩٨ ، ل ١٤٣.

[٢٩] ئی.م.دیاکانۆف: میدیا، و.بورهان قانع، چاپی یەکەم، بغداد، ١٩٧٠،ل ١٦٥.

[٣٠] ئەژی: مێژووی سەردەمە کارگێڕیو بەرێوەبەرایەتیەکانی ناوچەی کەرکوك، بەشی یەکەم ، گۆڤاری کەرکوك، ژ(٤) ،ساڵی دووەم، بەهاری ٢٠٠١، ل ٢٣.

[٣١] صاڵح قەفتان : مێژووی نەتەوەیی کورد لەکۆنەوە تائەمڕۆ،ل٥٥ .





**نەیهێشتووە ببێتە نێوەندی بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری.[٣٢] هەر لەبەرئەمەش هەندێك سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن، کە دوای گووتیەکان شاری کەرکوك لەژێر سنووری دەسەلأتی (هۆریەکان)[٣٣] دا بووە،[٣٤] کە لە سەدەی(١٦)ی پێش زاین دەسەلأتیان لە نێوچەی کەرکوکدا بەدەرکەوتووە.[٣٥] کاتێکیش کە ئیمپراتۆریەتی ئەکەدیی سەریهەڵدا لە هەزارەی سێیەمی پێش زایینیدا (کەرکوك) یش هەروەکو شارو شارنشینەکانی تری باکووری عێراق(سوپارتو) کەوتوەتە ژێر دەسەلأتی (نەرام سینی) پادشای ئەکەدیەوە لە ساڵی ( ٢٤٠٠ پ. ز ).[٣٦]**

[٣٢] سمکۆبەهروزمحمد ( ئەژی ) : مێژوی سەردەمە کارگێڕی و بەڕێوبەریەکانی پارێزگای کەرکوك،چاپخانەی شەهیدئازاد هەورامی،کەرکوك،ل٧ .

[٣٣] چەند بۆچوونێکی جیاجیا هەیە لەسەر بنەڕەتی ( هۆریەکان )، هەندێك لایان وایە هۆرییەکان تیرەیەکن لە گووتیەکان (أ)، بەلأم بۆچوونێکی تر دەلێت هۆریەکان بە ڕەچەلەك سۆبارین کە لە کۆتایدا دابەش بوونە بەسەر ( میتانی ، هوریدا). (ب)، (أ–سەردار جەباری: ئاوڕێك لە ڕابردوو، تێڕوانینێك لە ئەمرۆو بیرێك لە ئایندە، گۆڤاری کەرکوك، ژ( ١٢)، ساڵی سێیەم، بەهاری ٢٠٠٢، ل ١٣٥و ١٣٦ . ( ب(– اَحمد سوسة : مفصل العرب و اليهودفي التاريخ، دار رشيد للنشر ، ١٩٨١، ل ٢١٣–٢١٤ ).

[٣٤] سەردار جەباری: ئاوڕێك لە ڕابردوو، تێڕوانینێك لە ئەمرۆو بیرێك لە ئایندە، گۆڤاری کەرکوك،ژ(١٢)، ل ١٣٥ – ١٣٦.

[٣٥] أحمد سوسه: مفصل العرب و اليهود فى التاريخ، ل ٢١٣ –٢١٤.

[٣٦] روفائيل ميناس:اربخاونوزىفىالتاريخ،مجلة(بين النهرين)،عدد(٣٦)،سنةالتاسع، ١٩٨١، ل ٣٢٧.؛ تۆفیق وەهبی :بنچینەی ناوی کەرکوك،محمد حسن رۆژبەیانی،کەرکوك،ژ(٣)،١٩٩٧،ل٣٠ .

(میتانیەکان)[٣٧] کە لە نێوچەکانی نێوان چیاکانی زاگرۆس و زەریای سپی ناوەڕاستیان لە یەکێتیەکی ڕامیاریدا کۆکردەوە بە نێوی دەوڵەتی(میتانی)، نێوچەکانی (ئەرابخا و نوزی و کوروخانی و بێتواتەو سەرخابوورو حەلەب)بوون بە بەشێك لەو دەوڵەتە[٣٨] شاری کەرکوك لە سەردەمی میتانیەکاندا نێوچەیەکی ئاوەدانی بەخێوکردنی گیانلەبەر بووەو بە هەزاران سەر مەڕی هەبووە، ئەمەش بەڕوونی لە تالآنکردنی ئاشورییەکان بۆ نێوچەکانی(نوزی و کوورخانی)دا بەدەر دەکەوێت ، کە یەکێك بووە لە شارە تالآنکراوەکانی میتانی لە ڕووی بەرهەمهێنانی گیانلەبەردا، لە بەرئەوەی نێوچەیەکی دەشتایی و بەپیتی لەوەڕگای کشتوکاڵیی بووە لەو سەردەمانەدا و لە سەردەمەکانی دوای میتانیشدا،[٣٩] شاری کەرکوك کە سنووری نێوان بابل و ئاشوور بووە، مادەکان بەسەرکردایەتی(کاشتاریتی) بەهۆی لایەنگری بابلەوە تێکەڵاوی شەڕی ئاشوورو بابلیەکان بوون، زۆر لە نێوچەکانی داگیرکردوون و بوون بە دەسەڵاتداری ئەو نێوچانە. هەر لەو سەردەمەدا و سالی(٦١٥پ.ز) (ناپوپلاسەر)ی پادشای بابلیەکان ویستی پێتەختی ئاشوورییەکان

---

[٣٧] میتانیەکان: ئەژدادی کوردن و بەزمانی لۆلۆیی و گۆتی ئاخاوتنیان کردووە، لە نێوان ساڵەکانی (١٥٠٠-١٣٦٠پ .ز) بە ئیمپراتۆریەت نێوبانگیان دەرکردووە و سنورەکەیان لە باشوورەوە هەتا دەشتاییەکانی ( ئارابخا) کەرکوك بووە.( د. جمال رشید: لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری،دارالحریة للطباعة ،بغداد،١٩٨٨ ، ل ٢٠٧-٢١٠ ).

[٣٨] د.جمال رشید: کەرکوك لە چەرخی هەوڵدانی مەوجە میللیەکانی کورددا، گۆڤاری نەوشەفەق، ژ(٥)، ئابی ٢٠٠٣، ل ١١.

[٣٩] سمکۆ بەهرۆز محمد( ئەژی ): مێژووی ئابووری ناوچەی کەرکوك لە روانگەی سەرچاوە مێژووییەکانەوە ، بەشی سێیەم، نەوشەفەق، ژ (٧)، تشرینی یەکەم، ٢٠٠٣، ل ٥٠.





داگیربکات، بەلآم سەرکەوتوو نەبوو و کشایەوە بۆ قەلآی (تەکری تاین) و لەوێ خۆی بەهێز کرد، لەکاتێکدا کە ئاشوورییەکان بە دووایەوە بوون و گەمارۆی قەلآی (تەکری تاین)یاندا،بەلآم نەیانتوانی بیگرن. هەر لەوکاتەشدا میدیەکان لە چیاکانی زاگرۆسەوە تێپەربوون و بۆ یەکەمجار لە دامێنی ئەو چیانەوە دەرکەوتن و چوونە نێوچەی ئارابخاوە، لە مانگی تەمموز بۆ ئابی ساڵی (٦١٤پ.ز) لەشکری میدیەکان بەسەرۆکایەتی(کیک سار)لە ڕێگەی تەپۆلکەکانی ئارابخاوە چوونە نەینەوا.[٤٠] ئەمەش دەرئەنجامی هاوپەیمانیەتی (میدی-بابلی)بوو، کە لە ساڵی (٦١٢پ.ز)دا، کە لە شالآوێکی سەرکەووتوودا شاری نەینەوای پێتەختی ئاشوورییەکانیان داگیرکردو نێوچەکانی ئەو دەوڵەتەشیان لە نێوان هەردوو دەسەلآتداری(میدی وکلدانی)دا دابەشکران.[٤١] بە پێی ئەودابەشکردنە نێوچەکانی کوردستانی تورکیای ئێستا (باکووری کوردستان) و باشوری کوردستان بە کەرکوکیشەوە، لە شاخی حەمرینەوە تا گشت نێوچەکانی ڕۆژهەلآتی دیجلە بەر میدیەکان کەووتوو،بەشی نێوەندو خوارووی عێراق و سووریاو فەڵەستین بەر بابلییەکان کەوت.[٤٢]

---

[٤٠] ئی.م.دیاکۆنۆف: میدیا،و. بورهان قانع، ل ٤١٧-٤١٨.

[٤١] د.جمال رشید احمد و فوزی رشید: تاریخ الکرد القدیم، ل ١١٤.؛ ستیوان لویز:اثار بلاد الرافدین ، ت.سامی سعید احمد، بغداد،١٩٨٠، ل ٢٢٥.

[٤٢] صاڵح قەفتان: مێژووی گەلی کورد لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ،ل ١٠٢-١٠٣؛ أحمد سوسة: مفصل العرب والیهود في التاریخ، ل ٢١٣-٢١٤.

کەرکوك لەو کاتەوە تا ساڵی(٥٤٦پ. ن) لە ژێر دەسەڵاتی میدییەکاندا مایەوەو[٤٣] گۆڕانی زۆری بەسەردا هات لەڕووی بیناسازییەوە .

دوای ڕووخاندنی دەوڵەتی(میدی-مادەکان)بەدەستی(هەخامەنشیی)یەکان کەرکوك کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەوان، لەو مێژووە بەدواوە ململانێی نێوان (ڕۆمەکان و هەخامەنشییەکان) سەری هەڵداو بەسەرکەوتنی رۆمەکان کۆتایی هات، و(ئەسکەندەری مەکدۆنی) توانی نێوچەکانی نێوان دوو ڕووبار (واد الرافدین) داگیربکات بە کەرکوکیشەوە.[٤٤] کاتێك (ئەسکەندەر)سەردانی قەڵای کەرکوکی کردو هەموو ئەو ڕێگایانەی بۆی دەچوون بە زەیتی کانزایی سەرچاوەی شارەکە ئاگری تێبەردراوەو دیمەنی بڵێسەی ئەو ئاگرە گەشاوەبوو، ئەو دیمەنەش سەرنجی (ئەسکەندەری) مەکدۆنی ڕاکێشاو سەربەخۆیی بەو شارە بەخشی و بەڵێنی دا تا لەژیاندا بێ پارێزگاری لەو سەربەخۆییەی کەرکوك بکات.[٤٥]

دوای مردنی(ئەسکەندەری مەکدۆنی) هەموو ئەو وڵاتانەی، کە داگیری کردبوون و لەژێر دەسەڵاتی ئەودابوون بەسەر هەر سێ سەرکردەی(بەتلیمۆس و ئەنتۆنیۆس و سلوکس)دا دابەشبوون، نێوچەکانی عێراقی ئێستا بەکەرکوکیشەوە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی

---

[٤٣] روفائیل منیاس: کەرکوك لە مێژوودا،و.هیواصالح،گۆڤاری ئاران،ژمارە(١٣) ل٤.؛ کەیوان ئازاد ئەنوەر: کەرکوك لە پەراوێزی ڕووداوەکانی مێژووی کۆندا، گۆڤاری کەرکوك ، ژ( ٦)، پاییزی ٢٠٠٠، ل ٣٠-٣١.

[٤٤] عبدالمجید فهمی: دلیل تاریخ و مشاهیر الالویة العراقیة، ج٢ ، ل ٩٢.

[٤٥] روفائیل منیاس: کەرکوك لە مێژوودا، و.هیواصالح،گۆڤاری ئاران،ژمارە(١٣) ل٤ .





(سلوکس) ئەویش (دەوڵەتی سلوکسی) تێدا دامەزراند.[٤٦] کەرکوك دوای ئەوەی کەوتە نێو ئیمپڕاتۆریەتی سلۆقی یەوە گەشەی کرد، قەڵاکەی[٤٧] ڕێکخرایەوەو پیاوانی حکومەت و ئۆردووی سەربازی پارێزگاری تێدابوون تا بەرەنگاری هێرش و پەلاماری هێزەکانی باکوورو باکووری ڕۆژهەڵات ببنەوە.خانوو و کۆشکەکانی لە دەشتایەکەی دەوروبەری قەڵادا بنیاد ناو، بایەخی زۆری بەشارەکەداو کەوتە ئاوەدانکردنەوەو ڕێکخستنەوەو ڕازاندنەوەی، خانووە پەرپووت و شوورا کۆنەکەی ڕووخاند[٤٨] و شوورایەکی نوێی لەبەردو قایمکاری بە (٦٥) قوللەو (٢)دەروازەوە بۆ دروستکرد، دوو دەرگاشی لە باکووری ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژئاواوە تێخست. کە یەکەمیان لە هەردوو لایەوە بە دوو قوللە قایم ببوەو پەیکەری خۆشی بەدەرگاکەوە داناوە. دووەمیشیان بە نێوی دەسەڵاتدار (والی) ئەو ڕۆژگارەی قەڵاوە نێونراوە (توتی) وشارەکە لە دەرەوەی شوراکەش فراوانکراو کۆشك و ڕێگاو بازاڕی تێدا دروست کراو کۆمەڵە خێڵ و تیرەیەکی لایەنگیری خۆی لە دەوروبەری شار دامەزراند، بەمەش شارەکە فراوان بووەو نێوی (کەرخ سلوك)ی لەخۆ گرتەوەو بەونێوەوە ماوەیەکی زۆر دەرکەوت.[٤٩] بەڵام بەبڵاوبونەوەی نەخۆشیەکی

---

[٤٦] عبدالمجید فهمی: دلیل تاریخ و مشاهیر الالویة العراقیة، ج٢ ، ل٩٢.

[٤٧] ڕووبەری قەڵای کەرکوك (٢٠٠٠٠٠م$^{2}$) و ( ٥٠ م) لە ئاستی ڕووی زەوییەوە بەرزەو دووئەوەندەی قەڵای هەولێرە، ڕەنگە ئەم قەڵایە گەورەترین قەڵای ( گردی شوێنەواری ) خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بێ . (عبدالرەقیب یوسف: بەرگریکردن لە قەڵای کەرکوك و هێندێك زانیاری شوێنەواری نوێ لە بارەی قەڵاوە، گۆڤاری کەرکوك ، ژ(١)، هاوینی ١٩٩٩، ل٦٤ ) .

[٤٨] روفائیا منیاس: کەرکوك لە مێژوودا، و.هیواصالح،گۆڤاری ئاران،ژمارە(١٣)،ل٥.

[٤٩] عبدالمجید فهمی: دلیل تاریخ و مشاهیر الالویة العراقیة، ج٢ ، ل٩١-٩٢.

کوشندە لە نێوچەکەدا سلوقس و بەشێکی زۆری دانیشتوانی نێوچەکەی لەناوچوون.[٥٠]

دوای مردنی (سلوقس) فەرمانڕەوایەتی شاری کەرکوک کەوتۆتە دەست نەوەکانی و ئەوانیش یەك لە دوای یەك فەرمانڕەوایەتیان کردووە، تا سەردەمی(فرثیەکان)، کە لە ساڵی (٢٤٧پ.ز) فەرمانڕەوایەتی گوێزرایەوە بۆ خۆیان.[٥١] بەڵام ئاژاوەو ململانێی نێوان فرثیەکان خۆیان لەسەر دەسەڵات لەلایەك، شەرو ئاژاوەو ململانێی لەگەڵ ڕۆمانییەکان لە لایەکی دیکەوە، وای لە فرثیەکان کرد کزو لاواز بن، تا ئەو کاتەی فارسەکان هەلیان بۆ هەڵکەوت و شۆڕشێکیان بە سەرۆکایەتی (ئەردەشێری پاپکانی ساسانی) هەڵگیرساندو حوکمی فرثیەکانیان لە نێوبردو دەسەڵاتی فارسیان بەسەر نێوچەکانی فرثیەکاندا بە کەرکوکیشەوە سەپاند.[٥٢]

لەو کاتانەشدا ئاینی مەسیحی وەك ئایینێکی نوێ دەرکەوت، لە نێوچەکانی شام و ئاسیای بچووکدا بڵاوبووەوە، لە دەووروبەری(٦٠٠)ی زاینیدا چەند کۆمەڵە مەسیحییەك گەیشتنە نێوچەکانی سەرووی ڕووباری دیجلە و هەولێرو کەرکوك. بەڵام مەسیحییەکانی کەرکوك[٥٣] لەسەردەمی فارسەکاندا هیچ رۆلێکی سیاسیان نەبووە و ژمارەیەکی زۆریشیان

[٥٠] محمد هادی الدفتری و عبدللة حسن: العراق الشمالی،ج١ ، ل ١٥٣. ؛ عوسمان سەید قادر: کەرکوك شاری دێرینی کوردەواری، گۆڤاری مرۆڤایەتی، ژ (٧)، ئۆکتۆبەری ١٩٩٨، ل ٥٢.

[٥١] صدرالدین علي بن ناصر الحسیني : زبدة التواریخ أخبار الامراء والملوك السلجوقیة ، تحقیق : د.محمد نورالدین ،دار إقرء،بیروت .الطبعة الثانیة ،١٩٨٦ ،ل٢١٢ .

[٥٢] عبدالمجید فهمی: دلیل تاریخ و مشاهیر الالویة العراقیة، ج٢ ، ل٩٨.

[٥٣] کەرکوك بەیەکەمین قەڵای بەهێزی ئاینی مەسیحی هەژماردەکرێت لە ڕۆژهەڵاتدا.( ارسرکریستینس: ایران فی عهد الساسانی ،ت.یحي الحشاب، القاهرة، ١٩٥٧، ل ٢٥ ).





بەدەستی ساسانیەکان لە نێوبران.[٥٤] جگە لەوەش کەرکوك بەگشتی لە سەردەمی دەسەڵاتی ساسانیەکاندا توشی تالانی و خراپی زۆربووە، تا ساڵی (٦٣٦ز)دا و لەشەڕی (قادسیە)دا لە سەردەستی عەرەبە ئیسلامەکان دەسەڵاتەکەیان لەنێوچوو.[٥٥]

هەربۆیە ساڵی(٦٣٧ز)بەسەرەتای قۆناغێکی نوێی مێژووی شاری کەرکوك و نێوچەکانی دەوروبەری دادەنرێت، دوای ئەوەی لەلایەن سوپای عەرەبی ئیسلامی و بەسەرکردایەتی(هاشمی کوڕی عوتبەی کوڕی فەرقەد)ولەسەر فەرمانی(عومەری کوڕی خەتاب)داگیرکرا.[٥٦] (البلاذری)ش لەو بارەیەوە دەڵێت:((سەعدی ئەبی وەقاس(هاشمی کوڕی عوتبەو ئەشمەسی قەیسی کندی)نارد بۆ ڕازیکردنی سەروخواروی نزیك زێی سیروان (العظیم) دا ڕەتبوون و گەیشتنە داقوق و خانیجار (دووزخورماتوو) بەسەر ئەوانەی ئەوێدا زاڵبوون، کوڕە باجرمیٚ (نێوچەی کەرکوك)یان داگیرکردو، بەرەو سنبارما واتە(بیت الرمان) و (برازیجی پادشای)سەر ڕووباری دیجلە تا سنووری شارەزوور پەڕییەوە)).[٥٧] بەم جۆرە کەرکوك کەوتە ژێر دەستی داگیرکەرێکی نوێ، کە عەرەبە موسوڵمانەکان بوون.

پاش ئەوەی مەغۆلەکان زۆربەی نێوچەکانی ئیسلامیان داگیرکرد کەرکوك وەك بەشێکی ئەو نێوچانە کەوتە ژێر دەسەڵاتی تەتارەکانەوە،

[٥٤] هەمان سەرچاوە ل٢٥ .

[٥٥] روفائیل منیاس: کەرکوك لەمێژوودا، و.هیواصالح،گۆڤاری ئاران،ژمارە(١٣)، ل٦.

[٥٦] وەرگیراوە لە // عبدالرزاق الحصان : نظرة عابرة في شمال العراق ،بغداد ، ١٩٤٠ ، ل٦ –٧.

[٥٧] فتوح البلدان،تحقیق،صلاح المنجد، دار الکتب العلمیة، القاهرة،١٩٥٧، ل ٤٠٧.

لەو ماوەی داگیرکردنەدا تووشی مەینەتی و نەهامەتی زۆرهات و وێران بوو و بەشێکی زۆر شکۆمەندی لەدەستداو پێش ئەوکاتەش بەدەست (ئەحمەد جەلائیری)ەوە بووە، کە نێوەندی دەسەلاتەکەشی(تاوغ)بووە، هەر لەسەردەمی جەلائیرییەکاندا (تەیمووری لەنگ) لە ساڵی(١٤٠٣)دا پەلاماری کەرکوکی داوەو وێرانی کردووە.[٥٨](ئینسکلۆپیدیای تورکی)ش لەو بارەیەوە نوسیویەتی:((تەیمووری لەنگ لەساڵی ١٤٠٣ کەرکوکی وێران و کاول کرد)).[٥٩] کە لە و کاتەدا کەرکوك بەشێك بوو لە میرنشینی ئەردەلان. پاش مردنی تەیمووری لەنگ تورکەکانی (ئاق قوینلۆ) دەسەڵاتی(قەرە قۆینلۆ) کانیان لەنێوبردوو دیسانەوە باشووری کوردستان بەکەرکوکیشەوە کەوتە ژێر دەسەڵاتیان، زەرەرو زیانێکی زۆریان لە گشت نێوچە کوردییەکان بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی داوە.[٦٠]

کاتێك(ئەتابەکەکان)گەیشتنە ئەوپەڕی بەهێزی، شاری کەرکوك یەکێك بوو لەو نێوچە داگیرکراوانەی ئەوان،کاروباری لەلایەن کەسێکەوە بەڕێوەدەبرا، کە ئەتابەکەکان دایاندەمەزراندو ئەو کاتە لەو شارەدا دەسەڵاتێکی ڕێکوپێك نەبوو،تەنها هۆزانی (زەنگنە و هەمەوەندو

[٥٨] د. نوری تاڵەبانی: ناوچەی کەرکوك و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە،و.محمدی مەلاکەریم،چ٢ ،دەزگای ئاراس،هەولێر،٢٠٠٤ ،ل١١٦ ؛ حەسەن حەمە کەریم: کەرکوك مەزنترین پێتەختی ئیمپراتۆریەتی کورد، گۆڤاری باباگورگور، ژ(٥)، ساڵی ٢٠٠٤، ل ٥٥.

[٥٩] تورك انسكلوبيدياسى : أنقره ،ج٢،١٩٧٢ ، ٤٩٥–٤٩٦ .

[٦٠] محمدئەمین زکی: خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، بەرگی یەکەم و دووەم ،ل١١٣ – ١١٤ .





جاف)هەبوون و چەند دەسەڵاتێکی بچووکیان تێدا لە ساڵی(١٤٩٩) دا دامەزراندبوو.[٦١]

هەرچەندە لە کۆتایی سەدەی شازدەیەمی زاییندا بوو، کەرکوك کەوتە ژێردەسەلاتی داگیرکەری عوسمانییەکانەوە وبارودۆخی لەوانەی پێشووتر باشتر نەبووە[٦٢] زۆر کاتیش دەسەڵاتی لە کەرکوکدا نەماوە. بە دروستبوونی دەوڵەتی سەفەوی[٦٣] لە ساڵی (١٥٠١)دا ململانێی نێوان ئیمپراتۆریەتی شیعەی سەفەوی و سونەی عوسمانیدا ڕوویدا و کوردستان بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی ببووە شەرگەیەکی بەردەوامی نێوانیان.[٦٤] لە دوای شەڕی چاڵدێران[٦٥] لە ساڵی(١٥١٤)دا سەرباری

[٦١] یادگار فهمی عرب و مامۆستا فازڵ محمد مەلا مستەفا: شاری کەرکوك، بەشی پێنجەم،گۆڤاری هەتاو، ژ (١٢٨)، ساڵی چوارەم ، ٢٠ ی نەورۆز ١٠ ی نیسانی ١٩٥٨،ل ٣.

[٦٢] یاقوت الحموی: معجم البلدان، ج٤، لبنان – بیروت، ١٩٩٥، ل ٤٥.

٦٣ دەوڵەتی سەفەوی : دەوڵەتی سەفەوی لەساڵی (١٥٠١ز)دا لەلایەن (شائیسماعیلی سەفەوی)ەوە دامەزرێندرا، بناغەی ئەو دەسەڵاتەی لەسەر بنەمای (سیادە، تەریقەت، تشیوع، ئێرانبوون) داڕشت و ئەمانەش ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە بەهێزکردن و مانەوەی سەفەوییەکان بۆماوەیەکی زۆر.(بروانة"علاء النورس: العراق في العهد العثماني، دراسة في العلاقات السياسية، بغداد، ١٩٧٩، ل٢٢." جمال مجید : کوردستان و هەردوو دەوڵەتی عوسمان و سەفەوی، گۆڤاری هەزارمێرد، ژ(١٧)، ساڵی پێنجەم، ٢٠٠١، ل٧٣).

[٦٤] د.نوری تاڵەبانی: سیاسەتی بەعەرەب کردنی کەرکوك، و. مەریوان حوسێن چیمەنی، بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیری هۆشیاری (ی.ن.ك) ، سایمانی، ٢٠٠٣، ل ١١.

[٦٥] سەر لەبەیانی ڕۆژی دووەمی ڕەجەبی( ٩٢٠ك– ١٥١٤ز )، هەردوو لەشکری عوسمانی و سەفەوی لەنێوچەی چاڵدێران بەرەنگاری یەکبونەوەو لەسەرەتای شەرەکەدا سەفەوییەکان هەندێك سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەلام سەرئەنجامی جەنگەکە بەسەرکەوتنی عوسمانییەکان کۆتایی هات، ئەم شەرە تێکشکانێکی گەورەی سیاسیو سەربازی بوو بۆ سەفەوییەکان بە پێچەوانەشەوە بۆ عوسمانییەکان.بەسەرەتای جەنگەیەك لەدوای یەکەکانی ئەم دوو هێزەدادەنرێت .( هاشم حیجازی : شائیسماعیلی یەکەم و چاڵدێران، و. کەمال رشید شەریف، چاپخانەو ئۆفێستی تیشك، سلێمانی،

ئەوەی کەرکوك لە ژێر دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵاندا مایەوە، بەڵام لەڕووی ئیدارییەوە بە ئەستانبوڵی پێتەختی عوسمانییەکانەوە بەسترایەوە.[٦٦] بەهۆی پەیمانی نێوان (ئیدریسی بدلیسی و سوڵتان سەلیمی)[٦٧]عوسمانییەوەلەساڵی (١٥١٥ز).لەو کاتەوە تورکە عوسمانییەکان نەیانتوانی هەمان سیاسەتی پێشوویان لە کوردستان پیادەبکەن،جگە لەو هەوڵانەی دایان بۆ بە تورککردنی هێندێك شاری گرنگی کوردستان وەك(کەرکوك ،هەولێر،دیاربەکر و وان.....هتد)،[٦٨]چونکە شاری کەرکوك بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی گرنگیەکی ستراتیجی_عەسکەری تایبەتی هەبوو، ئەو گرنگی یەش لەوەدابوو، کە کەوتبووە سەر ڕێگەی سەرەکی ((بەغداد – موسڵ – ئەستانە –ئەستەمبوڵ)) لەلایەك ولەلایەکی تریشەوە مەڵبەندی سەرەکی کۆکردنەوەی هێزی سەربازی بوو، دژ بە میرنشینی بابان، کە بەردەوام

٢٠٠٢، ل١٤٢) .

[٦٦] مذکرات مامون بگ بن بیگە بگ: ت. محمد جمیل رۆژبەیانی و شکور مستەفا، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد،١٩٨٠، ل ٤١.

[٦٧] گەلاڵەی پەیماننامەی نێوان سوڵتانی عوسمانی و میرە کوردیەکان لەم خاڵانە پێك هاتبوو: (( ١– میرانی کورد پشتاوپشت فەرمانرەوایەتی بکەن ،بەڵام نابێت فەرمانڕەوایی سەربەخۆیان هەبێت.٢– پێویستە لەسەر میرە کوردەکان، یارمەتی دەوڵەتی عوسمانی بدەن لەکاتی شەڕدا.٣– میرە کوردەکان پێویستە ساڵانە بڕێك پارەی دیاری کراو بەناوی دیاریەوە پێشکەش بەخەزێنەی سوڵتان بکەن. ٤– دەوڵەتی عوسمانی دەبێت یارمەتی ئەو میرنشینانە بدات لەکاتی هێرش کردنە سەریاندا. ٥– پاراستنی سەربەستی و سەربەخۆیی میرنشینە کوردییەکان )).( بڕوانە / د.ولید حمدی: کوردو کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، و. محمد نوری تۆفیق، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ، ١٩٩٩، ل ١٠ ).

[٦٨] د.سەعید بەشیر ئەسکەندەر: سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، و. جەوهەر کرمانج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٧٦.





لەشەڕدا بوو، دژ بە دەسەڵاتدارانی بەغداد،بۆ ئەو مەبەستەش بەپێی سەرچاوەکانی ئەو کاتەی عوسمانییەکان گەورەترین سەربازگەی خۆیان لە عێراقدا لە نێو شاری کەرکوکدا دامەزراندبوو.مانەوەی ئەو ژمارە زۆرەی سەربازانی عوسمانی لەکەرکوکدا بووە هۆی دروستبوونی تێکەڵی کۆمەڵایەتی خەڵکی نێوچەکەو زیادبوونی ڕێژەی تورکمان لە نێوشارەکەدا.[٦٩]

فارسەکانیش بەردەوام لە هەوڵی داگیرکردنی ئەو نێوچەیەدا بوون و شا(تەهما سبی سەفەوی) کاتێ لە ساڵی( ١٥٢٩)دا شاری کەرکوکی داگیر کرد،کاروباری شارەکەی دایە دەست سۆفییەکانی کەلهوڕی کوردان و سەرەرای دەستاو دەست کردنیشی لە نێوان عوسمانیەکان و سەفەوییەکاندا،[٧٠] تا بەشێوەیەکی ڕەسمی و بەگوێرەی پەیمانی(ئەماسیا)ی ساڵی(١٥٥٥ز)دا کەرکوك بە نێوچەی بەڕێوەبەرایەتی عوسمانی هەژمار دەکرا.[٧١] هەر بۆیە لەم ڕوانگەیەوە کاروباری شارەکە لەبەردەستی ئەو سۆفییە کوردانەدا بوو[٧٢] هەرچەندە لەدوای ئەوەشەوە سەفەوییەکان چەندین جار بەشێوەی کاتی داگیریان کردووە.

[٦٩] یوسف گۆران: کوردو تورکمان تێڕوانینێك بۆ میکانیزمەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتی‌یانەی نێوانیان، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری ( ی.ن.ك ) ،سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٢٠–٢١.؛ د.سەعد بەشیر ئەسکەندەر: سیستەمی میرنشینی لە کوردستان،و.جەوهەرکرمانج، ل ٩٦ –٩٧ .

[٧٠] جرجیس فتح الله :شاری کەرکوك،گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ(٢٠) ، هاوینی ٢٠٠١، ل ٢٥٤.

[٧١] د.جەبار قادر: پێکهاتەی نەژادی دانیشتوانی کەرکوك لە نێوان ساڵانی ١٨٥٠–١٩٥٨،و. پێرس زەنگەنە، گۆڤاری نەوشەفەق، ژ( ١٠)،کانونی دووەم، ٢٠٠٤، ل ٧.

[٧٢] جرجیس فتح الله: شاری کەرکوك،گۆڤاری سەنتەری برایەتی ،ژ(٢٠)، ل ٢٥٤.

ئەردەلانیەکان لە ساڵی(١٦٩١)دا لە (زەڵم)ەوە پێتەختیان گواستەوە بۆ کەرکوك بەمەبەستی ئەوەی زیاتر دوور بکەونەوە لە شەڕی سەفەوییەکان.[٧٣] هەر لەوسەردەمەدا لەلایەن عوسمانیەکانەوە دراوەتە دەست ئەردەلانیەکان، ئەم گوێزرانەوەیە بووە مایەی گەشەو گۆڕانی شارەکەو ئەم نێوچانەشی ئەگرتەوە (مەریوان، قزڵجە، بابان ، پڵنگان) و دوواتر بوو بە (٢١)سەنجەق وەك (هەولێرو سروچك و شارباژێرو جەبەل حەمرین و حەریر و قەڵای عەنبەرو شنۆ..هتد) .[٧٤]پاش کزبوونی دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵان لەسنووری باشووری کوردستان،بابانیەکان سنووری خۆیان فراوانکردو (میر بۆداغ ئەبداڵ بەگی) بابان کەرکوکی سەر بە بەغدای کردە باج دەری بابان و پاسەوانی لەسەر دانان.[٧٥] دواتر (بابا سلێمان) لەساڵی(١٦٩٤)دا لەکەرکوك هێرشی کردە سەر ئەردەڵان، کە ئێران بەمەی زانی بووە پاڵپشتی ئەردەلانیەکان و سوپای بابانی شکاند، بابا سلێمانیش چووە ئەستەنبوڵ و لەوێ پاشایەتی سەنجەقی بابانی پێدراوخرایە سەر پاشایەتی کەرکوك، ئەو ویلایەتە لە شارەزوورو موسڵ پێکهاتبوو، پێتەختەکەشی شاری کەرکوك بووە. بەو شێوەیە وەك ولاتێکی سەربەخۆیی بەدەر لە بەغداد تا ساڵی(١٧٢١) کەرکوك لە ژێر دەسەڵاتی بابانیدا سەربەخۆیی خۆی هەبووە.[٧٦]

---

[٧٣] د. علی شاكر علی : تاریخ العراق فی العهد العثمانی، ط١ ، بغداد، ١٩٨٤، ل ٩٠– ٩١.

[٧٤] د.عماد عبدالسلام رووف: الاسرة الحاكمة ورجال الادارةفی العراق القرون المتاخرة( ١٢٥٨–١٩١٨) ، دار الحكمة للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٥ ، ل ٢٣٥–٢٣٦.

[٧٥] شەرەفخانی بەدلیسی:شەرەفنامە، و.هەژارموکریانی، کۆڕی زانیاری کورد ، بغداد، ١٩٧٣،ل٥١٩.

[٧٦] محمد امین زكی: تاریخ السلیمانیة وانحائها، ت.ملاجمیل الروزبیانی، بغداد، ١٩٥١، ل ٦٢. ؛ د.علی شاكر علی : تاریخ العراق فی العهد العثمانی ، ل ١٦٦.





کەرکوك لە ساڵی(١٧٣٠) دا بەر پەلاماری ئێرانییەکان کەوتەوە بەسەرپەرشتی(نەرگست خان) لەو هێرشەدا ئێرانییەکان لە ڕێگەی دووزخورماتووەوە گەیشتنە نێو شاری کەرکوك و هەموو گوندو نێوچەکانی دەووروبەری وێران و تەخت کردن و زوڵم و زۆریشی لە نێوچەکەو خەڵکەکەشی کرد، تەنانەت ژن و منداڵیشی گرتەوەو ئازاری دابوون.[٧٧] پاشتریش لە تشرینی یەکەمی (١٧٣٣) دا سوپایەکی تری ئێرانی بەسەرکردایەتی(نادر شا) هێرشیان بردۆتە سەر کەرکوك و بە(٢٠) کیلۆمەتر لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی کەرکوك، لە پێدەشتی لەیلان، لەگەڵ عوسمانییەکاندا بە گژیەکدا چوونەو ئێرانییەکان لەو شەڕەدا سەرکەوتن و (عوسمان توباڵ پاشای)سەرکردەی عوسمانی کوژراوەو کەرکوکیش لە لایەن نادر شاوە گەمارۆدراوە.[٧٨]

لە دوای بەرگریەکی ئازایانەی خەڵکی شارەکە ، کەرکوك دراوە بەدەستەوەو حاکمی شار (حوسێن پاشای جەمال ئۆغلی) هەڵات و لەشکری ئێرانی کوشتارێکی زۆری لەخەڵکەکە کردو ژمارەیەکی لێ بەدیل گرتن وکوشتنی، دانیشتوانەکەی بەرەو گوندی بەشیر ڕەوی کردووە و عوسمانیەکان دوای خۆڕێکخستنەوەیان شەڕێکی قورسیان دژی ئێرانییەکان بەرپا کردووەو کەرکوکیان پێ چۆڵ کردوون و دانیشتوانەکەشی گەڕاونەتەوە بۆی.[٧٩]

---

[٧٧] محمد ئەمین زەکی : خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان،بەرگی یەکەم و دووەم ل١٤٨ – ١٥٠.

[٧٨] لونگریك: اربعة قرون من تاریخ العراق، ت.جعفر الخیاط، مطبعةمعارف ،بغداد ١٩٦٨، ل ١٧٨.

[٧٩] فهمی عرب ئاغا و فاضل محمدمصطفی: مدینة كركوك فی العصور المظلمة،گۆڤاری هاواری

بەم شێوەیە کەرکوك وەك هەموو نێوچەکانی دیکەی کوردستان لە سەردەمی ململانێی(عوسمانی و سەفەوی)دا هەرکاتەو لەژێر دەسەڵاتی لایەکیاندابووە. پاش ڕووخاندنی (شاتەهماسب)، (سوڵتان سلێمانی قانوونی) هاتەمیزۆپۆتامیاو ئیدارەی (موسڵ و شارەزوور و کەرکوکی)خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە بەنێوی(سەید ئەحمەد)، کە خەڵکی دوورگەی (إبن عمر)ی بوو. لەساڵی (١٧٧٣)دا کاتێك (ویلایەتی بەغداد) ئابڵوقەدرا لەلایەن سوپای ئێرانییەوە، (بلاگ تورکی)،(عوسمان پاشای الاعرج)ی ناردو کردیە سەرداری فەرماندەی سوپای تورکی والی شارەزوور،ئەویش سەربازگەیەکی لەکەرکوك داناو هەواڵگری لە نێو سوپای فارسدا تازەکردەوەو جووڵەی سەربازی تورکی بەرەو ڕووی بەغداد دانا.[80] لەلایەکی دیکەشەوە بنەماڵەی پێنجەمی بابان لە ( فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەوە تا ئەحمەد پاشای بابان) کە خێوەی میرایەتی بابان بوون، جارجار کەرکوکیان لەژێر دەستابووە، بەڵام حکومەتی عوسمانی بۆ ئەوەی ناوی بابان نەهێڵێت وڵاتەکەی نێونا(ئەیالەتی شارەزوور)، کە کەرکوك نێوەندی ئەیالەتەکەبوو، بریتی بوو لە شەش قەزا ((کەرکوك وهەولێرو ڕانیەو ڕەواندزو (صلاحیە – کفری) وکوێسنجاق ))[81]. بەلاّم لەساڵی(١٨١٢)دا (عەبدولرەحمان پاشای بابان) هەوڵیدابێتە پادشای هەردوو نێوچەی(کەرکوك و موسڵ)پێشتریش(کۆیە)ی پێدرابوو، بۆیە هێرشی کردە سەر سلێمانی وداگیری کرد و بەدوایدا پەلاماری گوندەکانی دەوروبەری هەولێروکەرکوکی داوەو داگیری کردن، والی بەغدادیش لە ڕێگەی کفرییەوە بەرەو کەرکوك ڕۆیشتووە بۆ تەمێ کردنی ئەو خەڵکانەی، کە پاڵپشتی بابانییەکان بوون[82] و خستیەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

لە ساڵی (١٨٣٠)دا لە کەرکوك نەخۆشیەکی کوشندە بڵاوبۆتەوە و ماڵوێرانی و قاتوقڕی لێ کەوتۆتەوەو بووە هۆی چۆڵکردنی بۆ ماوەیەکی زۆر،[83] دواتر تورکەکان کە لە شەڕی ڕوسیا گەڕابوونەوە بەدرێژایی ڕێگەی نێوان (ڕەمادیو دیرالزور)و نێوان (خالص و کەرکوك و شارەکانی دیکەی خوارووی عێراق) سەربازیان داناوە.[84] بەم جۆرە کەرکوك وەك بنکەیەکی سەربازی عوسمانی مایەوە تا ساڵی (١٩١٨)دا کە ئینگلیزەکان داگیریان کرد.

کەرکوك، ژ (٣)، ئازاری ١٩٩٩، ل ١٤٤.

[80] هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٤٤–١٤٥ .

[81] کوردێکی مێژوونوس: ناو_مێژووی کۆن_ دانیشتوانی_ دەسەڵاتەکانی، گۆڤاری هاواری کەرکوك ، ژ( ٢) ، کانوونی یەکەمی ١٩٩٨، ل ٢٦.





[82] لیلی نامق جاف: کرکوك لمحات تاریخیة، منشورات خبات، اربیل، ١٩٩٢، ل ٣٩.

[83] ئامادەکردنی محمد علی قەرەداغی : دیوانی ڕەنجوی ، آفاق عربیة،بغداد، ١٩٨٣، ل ٧٤–٧٨.

[84] عبدالمجید فهمی : دلیل تاریخ و مشاهیر الالویة العراقیة ، ج ٢، ل ٩٥–٩٦.

## بەشی یەکەم

# کەرکوك لەمێژوودا

# **تەوەرەی یەکەم:**
## **زاراوەو شوێنی جوگرافیای کەرکوك**
### **یەکەم// زاراوەی کەرکوك:**

**شاری کەرکوك بەهۆی بوونی مێژووە دوورو درێژەکەیەوە، لە سەرچاوەکانی مێژووی کۆن‌و نوێدا بەچەندین شێوە نێوی براوە، بەجۆرێك لەهەر سەردەمێکدا نێوێکی نوێی لێنراوە. ئەم نێوە زۆرانەی کەرکوکیش بۆ گرنگی ئەوشارە دەگەڕێتەوە، کە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر هێزی داگیرکەرەوە پەلامار دراوە و هەر یەکێك لەو هێزانەش نێوێکی بەسەردا سەپاندوە، بۆنموونە :**

**سالآنی(٤٥٠٠ – ٤٠٠٠پ. ز) شاری کەرکوك بە (ئەرفە – عەرفا)[١] نێوبراوە، [٢] هەرچەند کۆنترین زانیاری دەربارەی نێوی کەرکوك ئەوەیە کە لە سەردەمی(سەرجۆنی ئەکەدی) (٢٥٣٠ـ ٢٤٧٣پ. ز) بەوڵاتی (ئەربخ)**

---

[١] بۆچوونێك هەیە دەڵێت: ((نێوی گەڕەکی (عەرەفە)ی ئێستای کەرکوك لەنێوە کۆنەکەی دەچێت، بەڵام ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە ناوەکە گۆڕاوە چونکە دەنگی(ع) لە نووسینی مێخیدا نەبووەو لەجیاتی ئەوە پێدەچێت دەنگی (ئیٚ – e ) یان دەنگی ( هـ ـ h)، کە ئەم دوانە بەزۆری (ئیٚ) و (خ) دەخوێندرێتەوە، هەروەها دەنگی (ف – f) لەو نوسینانەدا نەبوەو دەنگی (پ –p)ی بۆ بەکارهاتبیٚ، بۆیە دوورنییە هەر لە کۆنەوە ناوی شارەکە (عەرفخە)یان (ئەرەفخە)بووبیٚ)). (فازڵ قەرەداغی: کەرکوك‌و پادشایەکی کۆنی، گۆڤاری رامان، ژ(١٩)، کانونی دووەمی ١٩٩٨، ل١٤٢).

[٢] عەرەبی فهمی: مێژووی شاری کەرکوك، گۆڤاری هیوا، ژمارە(٤)، تشرینی یەکەمی١٩٥٧، ل٤.





**یان (ئارابخا)[٣] ((Arabkhalos)) هاتووە، [٤] لە تۆمارەکانی (تحوتمسی یەکەمی) فیرعەونی میسریشدا (١٥٢٨ – ١٥١٠ پ. ز)، بەهەمان شێوە دەرکەوتووە، کاتێك، کە دەسەڵاتی گەیشتۆتە سوریا. [٥] ئەم نێوەش تاکو سەردەمی میدیەکان‌و دواترش هەر مابوو(طه باقر و فؤاد سفر) لە بارەی نێوبردنی شاری کەرکوك بە (ئارابخا) وتویانە: ((شاری کەرکوك(اربخا)، کە خاوەن قەلاتێکی کۆنەو لە سەر پاشماوەی دێرینەیەکی کۆنتر دروستکراوە، هەروەك ناوەکەی لەونوسراوە قوڕینانەی، کە تێیدا دۆزراوەتەوە بە ناوی (ارابخا)، کە پاشان کراوەتە (عرفە)ی گەڕەکی کرێکارانی تازەی شەریکەی نەوت‌و ژمارەی ئەو نوسراوە قوڕینانەی لە ناو قەڵادا دۆزراوەتەوە، کە (٥١)لەوحە بووەومێژوویان بۆ هەزارەی**

---

[٣] ناوی(ئارابخا)لەکۆنەوە بەشێوازی جیاجیا هاتووە، لە شێوازە ئەکەدییەکەیدا بە(Ar-ra-ap-hu-um) و بەجەڕ (im)ش هاتووە، بەڵام لەبنەڕەتدا خورییە، وەك لە نوزیدا بە(ئەلئیدنی AL-ilam) واتە شاری خواوەندان‌و ئەرابخی (Arraphi) تۆمارکراوە کە (phi) پاشگری خوریە (ا) لە ئارامیدا بە(ربخا) واتای (ئەوپەتەی کەچەند گرێیەکی هەیەو مەری پێدەبەستریٚ) (ب) ( Astour(ا) ،VOL ،michealC: Semites and Hurriansin northern Transtign's" in : SECNH ٤١ .P (١٩٨٧ :Eisendranus)٢ . ). (ب)، فازڵ قەرەداغی: کەرکوك و پادشایەکی کۆن، گۆڤاری رامان، ژ(١٩)، ل ٤٢).

[٤] جەمال بابان: اصول اسماء المدن والمواقع العراقية، ج١، مطبعة الاجيال، بغداد، ١٩٧٦، ل٢٩٠. ؛ أسماعيل شكر رسول: کەرکوك لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی لەرووی فکری‌و سیاسی(١٩٣٩ ـ ١٩٤٥)، گۆڤاری پەیامی ئازاد، ژمارە (١)، ساڵی ٢٠٠١، ل٣٥ . ؛ عبدالرقيب يوسف :المعالم الاثرية والتراثية في المدينة كركوك، گۆڤاری کەرکوك، ژ(١)، ساڵی سێیەم، هاوینی ٢٠٠١، ل١٠٥.

[٥] (أ )Astour ، m. C. ،Topnymicparallels Between Nuzaiand Northren Syria ، iniccc NH ، Vol. ٢ ، ١٩٨٧ ، P. ٢٣.

دووەمی پێش زایین ئەگەڕێتەوە، (ئارابخا) کۆنترین نێوبردنی ئەم شارە بووە، کە بۆ سەردەمی (حامورابی) دەگەڕێتەوە)) .[6]

لە راستیدا زاراوەی کەرکوك لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا بە چەندین جۆر نێو براوە، سەبارەت بە وشەی (کەرکوك)یش ناتوانین بگەینە شارەزاییەکی تەواوو نەگۆڕو چەسپاوی ، بەڵکو ئەوەی، کە باسی لێوەدەکرێت، تەنها بریتیە لە ئەگەر (شێمانە)و بەنزیك بوونەوە....(طە باقر وفؤاد سفر) لە بنەڕەتی وشەی کەرکوکەوە وتویانە:((پێ دەچێت ناوی کەرکوك پەیوەندی بەوشەی گڕگڕەوە هەبووبێت، کەناوی ئەو ئاگرە هەمیشە بڵێسەدارەی دەوری کەرکوکە))، [7] کەواتە وشەی(کەرکوك)لە(گڕگڕ)ی ئاگرەوە وەرگیراوە، یاخود لەوشەی (کوڕکوڕ)ەوە وەرگیراوەو سیمای کوردی وەرگرتووە، بۆیە زۆری پێدەچێت نێوی شاری کەرکوکیش هەر لەوەوە سەریهەڵدابێت.... هەروەها(د. جمال رشید)یش بڕوای وایە، کە نێوی کەرکوك لەوشەی (گڕگڕ)ەوە دروستکراوە، [8] کە ناوی چاڵێکی ئاگرە لە دەرەوەی کەرکوك. بەلام (د. مستەفاجواد) وابۆی دەچێت، کە نێوی کەرکوك لە نێوی (کرخینی)یەوە هاتبێت، ئەویش بەکۆکردنەوەی سێ پیتی(ك) لەو بارەیەشەوە دەڵێت :((نێوی کەرکوك، کە سێ پیتی (کاف) ی کۆکردۆتەوە، بەیەکێك لەنێوە دەگمەنەکان دادەنرێت، کە بنەڕەتیەکەی

[6] المرشد الى الموطن أثار، الرحلة الرابعة، دارالجمهورية للطباعة، بغداد، ١٩٦٥، ل٧ –١١.

[7] المرشد الى موطن اثاري والحضارة، الرحلة الرابعة، ل٨.

[8] دراسات كردية في بلاد سوبارتو: ل٣٠ –٣١.





دەگەڕێتەوە سەر زمانی ئارامی)).[9] (تۆفیق وەهبی) پێیوایە کە: ((نێوی کەرکوك لەنێوی (کەر) واتا (قەلا) وەرگیراوەو پاشگری کە(UK) دووجار چوەتە سەر لەوەرگرتنی یەکەمدا بووە(کەوەك)ودووەمیان بەپێی تێپەڕبەوونی کات پاشگری (وك–UK)ی دیسانەوە چووەتە سەر بۆ دەربرینی خۆشی یان بچووکردنەوەیە، کە واتا وشەی یەکەمی(کیرك)، پاشان (و–ك) بووە بە(کیرەك + وك) ئەوجابوو بەم ناوەی ئێستای کەرکوك)).[10]

بنەڕەتی وشەی(کەرکوك)هەرچۆنێك بێت، لە سەردەمی عوسمانیەکاندا بەتەواوی جێگەی (کەرخینی)گرتەوە و وای لێهات بەکارهێنانی(کەرخینیو ئارابخاو کەرخ سلوخ...هتد) باوی نەماو تەنها لە کتێبەکۆنەکاندا مایەوە،[11] وشەی کەرکوك بەتەواوی دەرکەوت، هەرچەندە لەدوای خۆماڵیکردنی نەوتی عێراق لە ساڵی ١٩٧٢دا کەرکوك نێوێکی(تەعریبی) نوێی لێنرا، لەلایەن (پارتی بەعثی عەرەبیەوە))، کە(تامیم)بووە .

بۆیە دەکرێت بووترێت، بنەڕەتی لێبونەوەی نێوی(کەرکوك)، چەند دەورێکی مێژوویی پێدا تێپەڕیوە لەگەڵ گۆڕانکاریە مێژووییەکاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووەو دوورو نزیك تووشی سوانو داتاشین بووە، وەك

[9] فاخرليات، فاضل مهدي بيات: توركمن تاريخنيدن ياپراقلر، لزمان باصم ئەوينده باصبلمتسدر، بغداد ١٩٧٥، ل٢٤٤–. ٢٢٥.

[10] تۆفیق وهبی: اصل اسم كركوك، مجله الكاتب، عدد(١)، ل١٣.

[11] عباس العزاوی: دراسات تأريخية حول كركوك، (مجلة اخاء)، ژمارە (١– ٢)، سنه(٢٦)، مايسو حوزەيرانی ١٩٨٦، ل٧ –٨.

(کەرخۆ، کوکی، کەرخا، کەرەك، کەرەخ، کەرخی، کەرخینی، کەرخ سلوق، کۆکوڕ، گڕگڕ، کەرمینی، ئەربەخ، ئەراپخا، ئەرابخا، ئورفا ئەرەفە، عەرەفە، کەرخورا، کور کورا، کۆنکون، کەرکینی، ئەرانجیوس، کاری کوك ...هتد).

## دووەم : شوێنی جوگرافیای کەرکوك

کەرکوك یەکێکە لەشارە گەورەکانی باشووری کوردستانو لەڕووی فراوانی ڕووبەرەکەیەوە، چوارەم شاری عێراقییە.[12] بەڵام سنوورەکەی بۆچوونی هەمەچەشنو جیاوازی لەسەر هەیە، ئەم بۆچوونانە بەپێی ڕەگەزو نەتەوەی نووسەرو توێژەرەوەکان دەگۆڕێتو تەنانەت جیاوازی هەڵوێستی نیشتمانیو سیاسیشیان کاریگەری زۆری هەبووە، لە بۆچوونە جیاوازەکان. لەلایەکی دیکەوە بۆچوونەکان زۆرو هەمەجۆرن، کە دەتوانرێت بوترێت هەر نوسەرێك بەجۆرێك سنووری کەرکوکی دەستنیشانکردووە. لە سەردەمە جیاجیاکاندا، ئەو بۆچوونە جیاوازانەش بۆچەند فاکتەرێك دەگەڕێتەوە کەئەمانەن:-

١// دەسەڵاتدارە حکومەتییە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقی ئێستا، بەردەوام هەوڵی ئەوەیانداوە، کە سنووری جوگرافیاو باری دیمۆگرافی کەرکوك بشێوێننو بگۆڕن، ئەمەش بەپیادەکردنی چەندین شێوازی جیاجیای وەك(ڕاگواستنی کورد لە کەرکوكو دەورەبەریو

[12] وریا نامق الجاف: کرکوك. . دراسه سیاسیه واجتماعیه . .، ل٣٢.





نیشتەجێکردنی نەتەوە ناکوردەکان، لە جێگەی ئەواندا)، ئیدی داگیرکەرانی کەرکوك بەم کارەیان سنورەکەیان شێواندوە.

٢// لەلایەن کاربەدەستانی عێراقەوە ڕێگا بەبلاْوکردنەوەی ئەو کتێبو لێکۆڵینەوە زانستیانەی دەربارەی ((جوگرافیای کەرکوكو مێژووی کەرکوك...هتد))نوسرابون، کەچی بەپێچەوانەی ئەو کارەیانەوە هەموو دەرفەتێکیان بۆ نووسینو بلاْوکردنەوەی بیروراو بۆچوونەکانی شۆفێنیزمی دەمارگیری نەتەوەی سەردەست ڕەخساندووە، کە دوورن لە زانستو بنەما ئەکادیمیەکان و دژ بەجوگرافیاو مێژووی کەرکوکن، لەو نووسینو بۆچونانەشدا هەتا بۆیان کرابێت، هەوڵیانداوە سنووری کەرکوك بچووك بکەنەوە. هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی لەساڵانی (١٩١٩- ١٩٢٠)دا، کراون، بەڕەزامەندی ئەفسەرانی ئینگلیزی نێوچەکە بووە.[13]

ئەو بۆچوونە جیاوازانەی لەسەردەمە جیاجیاکاندا دەربارەی سنووری جوگرافیای کەرکوك هەن، لێرەدا هەوڵ دەدرێت بەدوو کۆمەڵ بۆچوونەکانیان بخرینە ڕوو:

### یەکەم//بۆچوونی نووسەرە کوردەکان: -

کاتێك سەیری بۆچوونی نووسەرە کوردەکان دەکرێت، دەبینین ڕاکانیان لەسەردیاری کردنی سنوری کەرکوك یەك نییە، دیارە هۆکاری سەرەکیش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە سنووری(کەرکوك) لەسەردەمە جیاجیاکاندا لەلایەن

[13] و. سەر بەست کەرکووکی : ڕاپۆرتی کارگێڕیی دەڤەری کەرکووك ( ماوەی ١ی کانوونی دووەم تا ٣١ / کانونی یەکەمی ١٩١٩ )، بنکەی ژین سلێمانی ٢٠٠٦، ل٢٤ .

**داگیرکەرانی کەرکوکەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەو نووسەرو نوسراوە کوردیانەش، کەئاماژەیان بەسنووری کەرکوك داوە ئەمانەن:**

**(گۆڤاری هیوا) لەبارەی سنووری کەرکوکەوە دەڵێت: ((لەنێوان ساڵانی(٤٥٠٠- ٤٠٠٠پ. ز)دا، سنووری شاری کەرکوك زۆر فراوان بووە، کە لای ژوورووی زێی بچووك، لای خوارووی نەهرەوان، لای رۆژئاوای رووباری دجلە نزیك بەتکریتو سامەرا بووە)).[١٤]**

**هەرچی (د. جمال رەشید)ە نوسیویەتی: ((کەرکوك کە بە (ئارابخا) یان (عەرەفە) ناسرابوو، لە کۆندا چیای حەمرین سنووری بووە، لە رۆژئاواوە رووباری سیروان (دیالی) جیاکردۆتەوە، لە خوارووی وڵاتی (حەلوان)و(نوار)، لە سەرووش گەیشتۆتە رووباری زێی بچووك، کە لەوێ وڵاتی (حەدیاب) و (ئەربیلا) لەسەر هەردوو زێیە کۆبووبوونەوە، لە رۆژهەڵاتەوە گەیشتۆتە چیا سەرکەشەکانی نزیك سنووری زاموا)).[١٥]**
**لەسەردەمی شەڕی چاڵدێران (١٥١٤)دا سنووری شاری کەرکوك بەم جۆرەبووە :(( باکوورو خۆرئاوای زێ ی گەورە، خۆرئاواو باشووری ریزە چیاکانی حەمرین، باشوور خۆرهەڵاتی سیروان، خۆرهەڵات و باکووری سنووری بابان (سلێمانی) بووە)).[١٦]**

**لە کتێبی(کرکوك –بحوث المؤتمر العلمي حول کرکوك)دا سنووری کەرکوك بەم شێوەیە دەستنیشانکراوە :((نێوچەی کەرکوك بریتیە لە**

[١٤] مێژووی شاری کەرکوك، گۆڤاری هیوا، ژمارە(٤)، تشرینی یەکەمی ١٩٥٧، ل٤ –٥ .

[١٥] دراسات کردیة في بلاد سوبارتو، ل٢٦–٢٨.

[١٦] کوردێکی مێژوونووس: کەرکوك – ناوی– مێژووی کۆنی – دانیشتوانی – دەسەڵاتەکانی، گۆڤاری هاواری کەرکوك، ژ (٢)، ل٢٦.





**خاکێکی پانو بەرینو دەکەوێتە بەشی باکووری رۆژهەڵاتی عێراقەوە، لە نێوان لیواکانی(هەولێرو سلێمانیو بەغدادو دیالەو موسڵ)دایە، لەباکوورەوە لەگەڵ لیوای هەولێر و بەشێك لە سلێمانیدا هاوسنورە ، لەرۆژهەڵاتەوە لەگەڵ لیوای سلێمانیو بەشێك لەدیالە هاوسنورە، لەباشووریشەوە دیالەو رۆژئاوای بەغداو بەشێك لەموسڵە)).[١٧]**

## دووەم//بۆچوونی نووسەرە ناکوردەکان :–

**لێرەدا هەوڵ دەدەین بۆچوون و ڕوانگەی چەند نووسەرێکی ناکوردو چەند دەزگایەکی جیهانی بیانی بخرێنە ڕوو کە لە بارەی سنووری جوگرافیای شاری کەرکوك نووسیویانە وەك ئەمانە :–**

**(شمس الدین سامی) لە فەرهەنگەکەی خۆیداو لەپیتی(ك – ر)دا سەبارەت بەسنووری شاری کەرکوك لەڕووی جووگرافیەوە دەڵێت: ((شاری کەرکوك مەرکەزی ئەو لیوایەیە، کە پێی دەوترێت شارەزورو دەکەوێتە ویلایەتی موسڵ لە کوردستان، ١٦٠کیلۆمەترێك لە خوارووی رۆژهەڵاتی موسڵدایە ئەمەش لە خوار ریزەگردۆڵکەیەك دروست کراوە، بەتەنیشت دۆڵێکی بەرین لەدۆڵەکانی زێی ئەدهەم[١٨])).[١٩]**

**(ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی)سنوورەکەی بەم چەشنە دەستنیشانکردووە: ((کەرکوك لە باکووری ڕۆژئاوای ڕووباری زێی بچووك، باشووری رۆژئاوای چیای حەمرین، باشووری رۆژهەڵاتی**

[١٧] مجموعة من الباحثين: طبعة الثانية، أربيل، ٢٠٠١، ل٣٢.

[١٨] دۆڵی ئەدهەم مەبەست لێی رووباری خاسەیە کە کەرکوکی کردووە بەدووبەشەوە (توێژەر).

[١٩] قاموس الاعلام، چاپخانەی مهران، استانبول ، بەرگی پێنجەم، ١٨٩٨، ل٣٨٠٢.

ڕووباری سیروان – دیالە، شاخەکانی زاگرۆزیش کەوتووەتە ڕۆژهەلاتییەوە، گەورەترین شاری نێوان دوزییە لەسەر هێلی ۲٥ر٤٢پلەی درێژی و ۲٥ر۳٥هێلی باکوورە)).[20] بەلام لە(ئینسکلوپیدیای دەزگای مایکرۆسۆفتی ئەمریکی) داهاتووە: ((کەرکوک شارێکە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەلاتی عێراق))، هەروەها لە ئینسکلۆپیدیای ولاتی نەرویجدا نووسراوە:((کەرکوک شارێکی کوردستانی عێراقە، لە کۆتایی خوارەوەی چیاکانی زاگرۆسە، کە۲۳۰کیلۆمەتر لەباکووری بەغدادایە).[21] بەلام ئینسکلۆپیدیای بەریتانی ئاماژە بۆئەوە دەکات، کە شاری کەرکوک دەکەوێتە سەربناری چیاکانی زاگرۆس لەهەرێمی کوردستانی عێراق.[22] لەبەلگەنامەی ژمارە(١٣٩٧٦٤–٥٠٦٩/. fo)ی بەریتانیدا سنوورەکەی بەم شێوەیە دیاری کراوە :(( ڕۆژهەلاتی، ئەمانەی تیادایە:لەك، سالەیی، شوان– کەلەکاتی تورکەکاندا سەر بەناحیەیەك بووە بەهەمان نێو، شێخ بزێنی لێدەرکرێ، لەوێوە بەسنووورە کۆنەکانی نێوان کەرکوك و ناحیەی چەمچەمالدا بڕوات. ڕۆژئاوای زەوی یەکانی جەباری و ڕۆژهەلاتی گوندەکانی تالەبانە، هەروەها دروست لە دوو ئاوانەی (chia zarin)چیای زێڕین، ئاوی ئاقوسی ڕۆژهەلاتی عەشیرەتی زەنگنەوە ڕەت ببێت و لەوێوە بەهێلێکی ڕاست تادەگاتە بەرامبەر بە(مەیدان)ی سەر

---

[20] دائرة المعارف الاسلامية، ت. أحمد الشنتاوى وآخرون، دار الفكر، ج ١٦، بدون مكان وسنة طبع، ل .

[21] وەرگیراوە لە"ئەحمەد عەزیز: کوردستانی کەرکوك لەئینسکلۆپیدیای ولاتانی ئەورپاو ئەمریکادا، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (٤)ی بەهاری ۲۰۰۳، ل٥٦ –٥٧.

[22] وەرگیراوە لە / محمد سعید سۆفی : پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوکردنی رەگەزیدا، سلێمانی، ۲۰۰۳، ل١١.





بەڕووباری سیروان . باشووری لەو خالەی(مەیدان)ی سەر سیروانەوە تاخالی بەیەك گەیشتنی ڕووباری ( نەهرین )و سیروان پێدەکرێت، لە ڕۆژهەلاتی (جەبەل حەمرین)ە وە تا چالە خوێیەکانی( جەبەل حەمرین)ی تیادا بێت. لەوێوە بەرەو سەروو تا لەخالی(تەل عەلی) خۆی لە(زاب)دەدات . باکووری هاوتەریبی (زاب) تا(ئالتوون کۆپری) ئەو شوێنەو گوندەکانی(لەك)ی تێدابێت، کە دەکەونە بەشی سەرووی ڕووباری(زاب). تائەو خالە کە لە ڕۆژئاوای زەردك ( zardik ) دایە، لەو شوێنەی کە سنورەکانی ڕۆژهەلاتی دەڤەرەکە دەست پێدەکەن)).[23]

سەبارەت بەشوێنی فەلەکی شاری کەرکوك(پێش پارچە پارچەکردنی) دەکەوتە نێوان بازنەکانی پانی (٨ر۳٥ْ) ی باکوورو (٦ر۳٤) باشووری کەمەرەوە، لەنێوان هێلی درێژی(٥ر٤۳) ی ڕۆژئاواو (٨ر٤٤)ی ڕۆژهەلاتی هێلی "گرینج"دایە،[24] ڕووبەرەکەشی بە(۲۱۰۰کم۲)[25] دەخەملێنرێت،[26] کەنێوچەی(حەویجە)نزمترین شوێنی(کەرکوك)بووە بەرێژەی(۱۰٥۰)پێی لەئاستی ڕووی دەریاوەو بەرزترین شوێنی لەڕوودەریاوە (۱۱۷٥)پێیە.[27] هەوایەکەی وشك‌و سەلامەتە و ئاوەکەی پاك‌و سازگارەو گەرمای

---

[23] و. سەربەست کەرکوکی : ڕاپۆرتی کارگێڕیی دەڤەری کەرکووك، ل۲۱ – ۲۲ .

[24] د. أحمد سوسه: الدليل الجغرافي في العراق، مطبعة تمدن، بغداد، ١٩٦٠، ل۲.

[25] هەندێك ئەم ڕووبەرە بە(٨٦٠ر١٦کم۲) دەخەملێنێت و هەندێکی‌تر بە (١٩٨٧۳کم۲)و بەشێکی‌تر بە (٦٩١۳١۳کم۲) ڕووبەرەکەی دەخەملێنێت. (توێژەر)

[26] ڕاگەیاندنی پارێزگای کەرکوك: چوارسالکارو خزمەت‌و بوژانەوەو ئاشکراکردنی سیاسەتی ڕاگواستن‌و تەعریب ١٩٩٦.١٩٩٩، چاپخانەی سانا، کوردستان، سلێمانی ۲۰۰۰، ل٧.

[27] Conseruation of an Historic Town the Qalaa of Kirkuk ، by : D. H. Baghad ،university ، ١٩٧٥ ، p. ٢–٤ .

**لەهاویندا دەگاتە (٤٣)° پلەو بەرەو ژووریش، لەزستانیشدا پلەی گەرمای ( ٥ر١٤)° پلەیەو[٢٨] هەندێك جاریش پلەكەی لەورێژەیە زۆرتردادەبەزێت.**

**سەرباری هەموو ئەو سیفەتانە شاری كەركوك یەكێك بووە لەشارە جوانەكانی باشوری كوردستان‌و زۆر لەو گەشتیارانەی سەردانی نێوچەكەیان كردووە ئاژماەیان بەم راستییە كردووە.[٢٩]**

---

٢٨ حەمە كەریم عارف: كورد لەئینسكلۆپیدیای ئیسلامییدا، هەولێر، ١٩٩١، ل١٧.

٢٩ برِوانة / لونطريك: اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، ت. جعفر خياط، مطبعة التفيض الأهلية، غداد، ١٩٤١، ل١٢. " عبدالرزاق الحسني، موجز البلدان العراقية، ط٢، المطبعة عرفان، سوريا، ١٩٣٣، ل١٨٧. " د. كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التأريخ والضمير، ج١، ل٦٨.

# تەوەرەی دووەم

## "بارودۆخی سیاسیو کارگێڕی شاری کەرکوك

سەرچاوە مێژووییەکان زۆرکەم ئاماژە بەوە دەکەن، کە دۆخی شاری کەرکووك لە ڕووی کارگێڕییەوە لەسەردەمە جوداکانی مێژوودا چۆن بووبێت، بەڵام گومان لەوەدا نییە، کە ئەم شارە ژیانی سیاسیو کارگێڕی بەجۆرێك لەجۆرەکان تێدا بەرقەرار بووە، وەك سیستێمە کارگێڕیەکانی (گوتی، ئاشووری، ئەکەدی، بابلی، میدی، میتانی، ڕۆمانی، ئیسلامی، کوردی..هتد). ئەوەی لێرەدا باسدەکرێت زیاتر سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیو ئەو سیاسەتو سیستێمە کارگێڕییە، کە لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتیدا پێڕەوی کردووە، تایبەتمەندی نێوچە کوردیەکان بەگشتیو کەرکوك بەتایبەتی ڕۆڵی گرنگیان، لەڕەنگرێژکردنی سیما بنچینەییەکانی ئەو ڕێکخستنە کارگێڕییانەی کەلەنێوچەکەدا پێڕەوکراون هەبووە، دوای ئەوەی چوونەتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەوە، لەبەرئەوەی شێوازی کارگێڕی دەوڵەتی عوسمانی لەنێوچەکانی ژێردەسەڵاتیدا بەپێی تایبەتمەندیەکانی نێوچەکان گونجێندراوە، بۆیە ئەگەر لە ڕێکخستنە کارگێڕی یەکانی عوسمانی وردبببینەوە، کە لە نێوچەکانی کوردستاندا بەشێوەیەکی گشتی پێڕەویان کردووە، تێبینی ئەوە دەکرێت کە تەنها چوارچێوە گشتیەکانی سیستێمە کارگێڕیەکەیان، پیادە کردبێ بەبێ





ڕەچاوکردنی وردەکارییەکانی سیستێمەکە،[٣٠] کەخۆگونجاندن بووە لەگەڵ بارودۆخی نێوچە کوردییەکان، ئەوە زیاتر سیستێمکی عەشایری کۆچەری دەرەبەگایەتی(فیودالیزم)بووە.[٣١] سەفەوییەکان کە لەساڵی (١٥٠١) دا دەوڵەتیان دامەزراند، لەسەرەتاکانی دەسەڵاتیدا نێوچەکانی شارەزوور بە(کەرکوك)یشەوە کەوتە ژێر دەسەڵاتیان، بەڵام زۆری نەخایاند، چونکە عوسمانییەکان کە خاوەنی دەوڵەتێکی بەهێزو فراوانبوون، هەستیان بەمەترسی ئەم دەوڵەتە تازەیەکردو لەگەڵیاندا کەوتنە ململانێیەکی توند، تا هەڵایسانی جەنگی(چاڵدێران)لە ساڵی(١٥١٤) دا.لەپاش ئەم شەڕەوە میرە کوردیەکان، شکستی سەفەوییەکانیان لەبەرامبەر هێزەکانی عوسمانیدا قۆستەوەو زۆربەیان ئەو شوێنانەی لەکاتی سەرەتای داگیرکاری سەفەویدا لەدەستیان دابوو، گەڕاندیانەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، لەوانەش(سەید بەگ کوڕی شاعەلی)میری سۆران کەرکوكو ئەربیل(هەولێر)ی گرتەوە،[٣٢] ئەمەش بەپێی پەیمانی نێوان میرە کوردییەکان بەسەرۆکایەتی(مەلا ئیدریس)و سوڵتانی عوسمانی ڕێگەیان پێدرابوو....(دیڤید ماکداوڵ) سەبارەت بەهێزی عوسمانی لەوکاتەدا دەڵێت:((سوڵتان سەلیم لەو نێوچانەی کەلەژێر دەسەڵاتی سەفەویەکان دەریکردبوو، ئەوەندە هێزی لەبەردەستدانەبوو بتوانێت بەڕێوەبەرایەتی ئەو نێوچانە دابین بکاتو ملکەچیان بکاتو

[٣٠] د.ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکرو سەعدی عوسمان حوسێن: کوردستانی باشور لەسەدەکانی (١٧و ١٨)دا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ(٢٣)، بەهاری ٢٠٠٢، ل٧٣ ـ ٧٤.

[٣١] عبدالمجيد فهمي: دليل تأريخ ومشاهير الالوية العراقية، ج ١، ل٩٥.

[٣٢] د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التأريخ والضمير، ج ١، ل٢٧.

باج و سەرانەیان لێ بستێنێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەڕێوەیان ببات)).[٣٣] جا(سوڵتان سەلیم) بۆ چارەسەکردنی ئەم مەسەلەیە بڕیارێکی دەرکرد، کە میرە کوردەکان بگەڕێنێتەوە شوێنەکانی خۆیان و پشتگیری سەربەخۆیی و حوکمی ژمارەیەك لەمیرەکانی کرد لەبەرامبەر قبوڵکردنی حوکم و دەسەڵاتی عوسمانی،[٣٤] کە کەرکووکیش یەکێك بوو لەونێوچانەی سەربەخۆی پێدرا.[٣٥] کەواتە بەهۆی لاوازی دەسەڵاتی عوسمانی لەوکاتدا سەربەخۆیمان پێداوە.

کاتێك، کەدەوڵەتی عوسمانی لەڕێگەی(مەلائیدریس)ەوە نۆ ویلایەتی لەوڵاتی کورددا دامەزرێنراو نێوی حکومەتی لێنرا، هەر حکومەتێك لەو حکومەتانەش سەربەخۆیی خۆی هەبوو، پێوەندی نەبەحکومەتێکی دیکەو نەبەسوڵتانەوە هەبوو، دەسەڵاتیش بەدەستی میرەوە بووەو هەریەکێ لەم حکومەتانەش سوپاو دادگای خۆی بووەو هەندێکیان سکەی خۆیان هەبووە، کەرکوکیش یەکێك بوو لەو حکومەتانە، بەپێی فرمانێکی سوڵتان نازناوی(حکومەتی کورد ــ اکراد حکومەتی)[٣٦] یان بەم دەسەڵاتی

---

[٣٣] مێژووی هاوچەرخی کورد: و.ئەبوبەکر خۆشناو، ب١، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٦٤.

[٣٤] هەمان سەرچاوە، ل٦٤ –٦٥.

[٣٥] محەمەد ئەمین زەکی: خلاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، بەرگی یەکەم و دووەم، ل١٧٦-١٧٧.

[٣٦] ئەومیرنشینە کوردیانە بوون کەپاڵپشتی دەوڵەتی عوسمانیان دەکرد، دەوڵەتیش بەفەڕمی ی دانی پێدانابوون و نێوی (حکومەت – Hikumet ) یان لێیانادبوو، میرەکاینش لەنوسراو ڕەسمیەکاندا بەنێوی (جەناب – Cenab) بانگدەکران، هەروەها پێیان دەوتن (سەربەست میری میران ـ Serbast – Mir-miranlik ) واتە (بەگەورە سەربەستەکان یان سەربەخۆکان). (د.سعدي عثمان حسين : كردستان الجنوبية في القرنين السابع عشر والثامن عشر، مطبعة سيما، كردستان، اربيل، ٢٠٠٦، ل٨٠ ).





میرنیشینانەیان دەبەخشی.[٣٧] دواتر لەساڵی(١٥٣٤ن)دا کاتێك(سوڵتان سلێمانی قانوونی) سیستێمێکی کارگێڕی نوێی بۆ میزۆپۆتامیادا نا لەسەر بناغەی سیستێمی(ئیالات)[٣٨] دامەزرابوو، کەرکووکیش بەشێك بوو لە(ئەیالەتی شارەزوور[٣٩])،[٤٠] لەگەڵ موسڵی کۆن و سلێمانی ئێستادا.[٤١] پاش ماوەیەك (کەرکوك)بەهۆی ئەو گرنگی یە (سیاسی و ئابوری و عەسکەری و

---

[٣٧] عبدالرقيب يوسف: ولاية شهرزور ومركزها كركوك، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (١٦) بەهاری ٢٠٠٣، ل٢٠٣.

[٣٨] دەوڵەتی عوسمانی لە رووی کارگێڕیەوە بەسەر چەند یەکەیەکی گەورەدا دابەشدەبوو، کەزاراوەی (ویلایەت– Vilayat) یان بۆ هەریەکەیەکیان بەکاردەهێنا کەلەووشەی (الويه) عەرەبییەوەوەرگیراوە، هەروەها زاراوەی (بەگلەر بەگایەتی – Beylerbeyilik)و (ئیالەت –Eyalet) یان بەرکادەهێنا کەشێوەیەکی تورکین. بۆ وشەی (إيالە)ی عەرەبی بەشێوەیەکی فەڕمی لەساڵی ((١٠٠٠ك/١٥٩١ن)) دەست بەبەکارهێنانی کرا، هەروەکو یەکێك لەتوێژەرە پسپۆڕەکان سەلماندویەتی بەدیکۆمێنت، کە عوسمانیەکان وشەی (ئەیالەت وویلایەت) بەیەك مانا بەکارهێناوە. ویلایەت یان ئیالەش بۆ چەند یەکەیەکی کارگێری بچووکتر دابەشدەبوو کەپێی دەوترا (سەنجەق – Sanjak ) یان (لیوا ـ Liva) ئەو وشەیەی دوایی کەوشەی (لواء) ی عەرەبیەکە هەمان مەبەست و واتای زاراوەی یەکەم دەدات (سەنجە یان لوا)ش بۆیەکەیەکی بچوکتر دابەش دەبوون کە(قەزاکان – Kazalex) یان کەرتی خوجێی (مقاطعات محلية) بوون. هەر قەزایەکیش لەچەند (ناحیە – Nahiya) پێکدەهات و ئەویش چەند گوندێکی دەگرتەخۆ. ( د.سعدي عثمان حسين : كردستان جنوبية في قرنين السابع عشر و الثامن عشر، ل٧٥ – ٧٦ ).

[٣٩] سنووری ئیالەتی شارەزوور لەباشورەوە بەشارۆچکەی (مەندەلی) سەرسنووری ئێران دەستی پێدەکردو تاخاڵی (فەتحە)سەر رووباری دیجلەو بەدرێژایی زنجیرە چیاکانی حەمریندا درێژ دەبۆوە، لەکاتێکدا سنووری خۆرهەڵات و باکوری خۆرهەڵاتی بەیەك گەیشتنی سنووری ئێران کۆتایی دێت.( نەوزاد عەلی ئەحمەد: کێشەی ویلایەتی موسڵ لەدوو رۆژنامەی سلێمانیدا، چاپکراوەکانی شارەوانی سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١١).

[٤٠] کوردستانی نوێ، ژ(١)، ساڵی ١٩٩٢.؛ حەسەن حەمە کریم: ئاراپخا مەزنترین ئیمپراتۆریەتی کورد، گۆڤاری بابەگوڕگوڕ، ژمارە (٥)، ساڵی ٢٠٠٤، ل٤٣.

[٤١] Great powers, Oil and the Kurds in mousul, By: Habibollah Atarodi, Univeresity perss of America, ٢٠٠٤, p.Xiv.

جێۆپۆلـەتیك) یانـە، لەچـاو نێوچـەکانی تـری سـەربەویلایەتەکە لـە ویلایەتەکـەدا هـەی بـوو، کرابـە نێوەنـدی (ویلایـەتی شـارەزوور)، (ئینسکلۆپیدیای ئیسلام) لەم بارەیەوە نووسیویەتی: ((کەرکوك لەسەدەی هەژدەهەمەدا کرا بەنێوەندی ویلایەتی شارەزوور، کە ئەم لیوا تازانەشی دەگرتەخۆ(کەرکوك، هەولێر، سلێمانی)).[٤٢] هەربۆیە زۆرجار نێوەکەیان بۆ هـەموو (ئەیالـەتی شـارەزوور) بـەکاردەهێناو دەیـان ووت: (ئەیالـەتی کـەرکووك).[٤٣] ئـەو سـەنجەقانەی سـەربەم ئیالەتـە بـوون هـەموویانی سـەنجەقی کـوردی بـوون، وەك(کـەرکوك خـۆی، هـەولێر، کۆیـە، حـەریر، شەمامك، مەخمور، ئەبورمان، ئەوشتی، باف، برند، بلقاس، بیل، شهر بازار، عجور قەلعە، غازی کشان، مرکاوە، مهربان، هـەزارمێرد، رودیـن، شـەمیران، قـەرەداغ، جاغـان، قزلجـە، بیـە، زنکـە، ئـەنجیران، ...هتـد).[٤٤] والی ویلایـەت (ئەیالـەت)ی شارەزوور لەسـەرکردە بـەنێوبانگ‌و ناسراوەکانی کوردبوون، لە سەرەتای ویلایەت (ئیالـەت)ەکـەوە، لەوانـەش (بیگەبـەگ)یەکـەم والی ئیالـەت (ویلایـەت)ی شـارەزووربووە، لەسـەردەمی (سوڵتان سلێمانی قانون) یشدا (مـەئموون بـەگی کوڕی بێگەبەگ)و دوای ئـەویش (محەمـەدی کـوڕی مـەئمون بـەگ))بونەتـە والی ویلایـەت (ئیالـەتی کەرکوك).[٤٥]

[٤٢] دائرة المعارف الاسلامية : ت.أحمد الشنتاوي وآخرون، ج١٧،١٩٧٣، ل ٣٨٦-٣٨٧.

[٤٣] محەمەد سەعید سوفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوکردنی رەگەزییدا، ل٩

[٤٤] نخبـة البـاحثين العـراقيين : حـضارة العـراق، ج١٠، دار الحريـة للطباعـة، بغـداد، ١٩٨٥، ل٢٢ – ٢٣.

[٤٥] د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج١، ل٣٥.





دروستکردنی(ویلایەتی شارەزوور)یش بۆ رێکخستنەوەی نێوچە پارچە پارچـــەکراوەکانی ئیمـــارەتی شـــارەزووربوو، کـــە پێـــشتر لـــەژێر دەسەڵاتی(ئەردەڵانیەکان)دا بوو، بەمانایەکی دیکە دەسەڵاتی عوسمانی لەم ویلایەتەدا شێوەیەکی ڕووکەشی هەبووەو دەسەڵاتی ڕاستەقینە لەژێر دەستی میرە ئەردەڵانیەکاندا بووە، ئەومیرانەش لەسەر شێوازێکی کۆن فـەرمانڕەوایی ئیمارەتەکـەیان دەکـرد، نـەك وەك ئـەوەی کەلایـەنگیری عوسمانیەکانن، بـەڵام سـەنجەقەکانی ئـەو ویلایەتـە بـەردەوام دەگـۆڕان‌و زیـادو کـەمیان دەکـرد.[٤٦] بەشـێکی زۆریـان چـوونەتە ژێـر قەڵـەمڕەوێتی بابانیەکان، یەکێك لەوانەش (کەرکوك) ی نێوەندی ئەیالەتەکەبووە.

پـێش دەرچـوونی یاساکانی کارگێڕی عوسمانی‌و لەساڵی (١٨٦٣)دا سنجەقی کەرکوك لەم قەزایانە پێکهاتبوو:-

١)قەزای ڕەواندوز.

٢)قەزای ئەربیل ((هەولێر)).[٤٧]

٣)قەزای کفری (صلاحیە).

٤)قەزای کۆیسنجق.

٥)قەزای ڕانیە(مەرگە).

[٤٦] سمکـۆ بـەهرۆز محەمـەد (ئـەژی): مێـژووی سـەردەمە کـارگێڕیی‌و بەڕێوەبەرییـەکانی پارێزگـای کەرکوك، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك، ٢٠٠٥، ل٢١- ٢٢.

[٤٧] قـەزای هـەولێر(ئـەربیل) هەرچـەند بەڕەواڵـەت سـەر بەکـەرکوك بـوو، بـەڵام لـەپراکتیکی کـارە کارگێڕییەکاندا سەربەخۆ بووەو دوور لەدەستێوەردانی فەرمانبـەرانی کـەرکوك بەڕێوەدەچوو، جگـە لەوەی (کەرکوك‌و هەولێر) گەلێك بەرژەوەندی هاوبەشیان پێکەوە هەبووە. (سیـسیل.جون.ئیـدمۆنس: کورد تورك عەرەب، و.حامید گەوهەری، دەزگـای ئاراس، هـەولێر، ٢٠٠٤، ل٣٤٤) بەعـەرەبی " كردو عرب و ترك، ق. جرجيس فتح الله، ط٢، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ١٩٩٩، ل٢٥٦ ).

پاشان لەساڵی (١٨٧٥) دا هەردوو قەزای (قادر کەرەم (گڵ) و دووزخورماتوو)ش بۆ سنجەقی کەرکووك زیادکرا.[٤٨]

لەنێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەرتاسەری ئیمپراتۆریەتەکەیدا هەوڵی پێڕەوکردنی سیاسەتێکی کارگێڕی نێوەندی (مەرکەزی)دا.[٤٩] لەبەرئەوەمەش لە(تشرینی یەکەمی ١٨٦٤)دا (یاساکانی کارگێڕی) بۆ هەرێمە جوداکانی عوسمانی دەرچوو، بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی هەرێمەکان و بەستنەوەیان بەسەنتەری دەسەڵاتەوە، لەساڵی١٨٧٠دا یاسای کارگێڕی هەرێمەکان)وەك یاسایەکی نوێ لە لایەن (مەدحەت پاشا)وە دەرچوو بۆ ڕێکخستنی کارگێڕی هەرێمە جیاجیاکانی عێراقی ئێستا.[٥٠] پاش ئەوەی میرەکانی میرنشینی بابان ئەم دیوو ئەودیووی سنووری (عوسمانی و ئێران)یان زۆردەکرد،[٥١] لەبەرئەوە دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٨٧٩دا، پێکهاتەی ویلایەت (ئیالەتی شارەزوور)ی گۆڕی و سنوورەکەی فراوانکرد، کەموسڵیش دەگرتەوەو بووە نێوەندی ویلایەتەکە، کەپێشتر نێوەندی سنجەق بوو.[٥٢] هۆکاری

[٤٨] هاشم یاسین حمە أمین وسەردار محمدعبدالرحمن: ئەتڵەسی کەرکوك ((مێژووی، کارگێڕی، سروشتی، مرۆیی، رامیاری، ئابووری))، چاپی یەکەم، دار المغرب للطباعة والنشر، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٢.

[٤٩] سعدی عثمان حسین: کوردستان والأمبراطورية العثمانية (١٥١٤ – ١٨٥١) دراسة التطور السياسي، رسالة ماجستير، قسم التاريخ، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، أربيل، ١٩٩٥، ل٦٤. ((غير منشور)).

[٥٠] د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التاريخ والضمير، ج ١، ل٤١–٤٢.

[٥١] مێژوونووسێکی کورد: کەرکوك لەسەردەمی پەیدابوونی عوسمانیدا، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە(٤)، ساڵی یەکەم، تشرینی دووەمی ١٩٩٧، ل١١١.

[٥٢] عبدالرقيب يوسف: حدود كردستان الجنوبية تأريخيا وجغرافيا خلال خمسة الاف عام، الطبعة





ئەمەش کەم کردنەوەی دەسەڵاتی قەوارە کوردییەکان بوو لەئەیالەتەکەدا،[٥٣] تا دەسەڵاتی نێوەندیش کاراتربێت دەبوو نێوەندی ئەیالەتە(ویلایەت)ە کەبکەوتبایەتە دەرەوەی نێوچە کوردیەکان، ئەوکات دەسەڵاتی پێویستو هێزی تەواو بۆ والی دەستەبەردەبوو تا بەکاربێنێ بۆ مامەڵەکردن، لەگەڵ ئەو میرنشینە کوردییەی، کە گومان لەدڵسۆزی دەکرا. لەرێی پیادەکردنی دەسەڵات بەسەر چەندەها نێوچەی دیکەی فراوانی ناکوردیو سەربەحوکمت، هەروەها دەتوانرێت بوترێت نەبوونی مەڵبەندێکی شارستانی گەورە لە نێوچە کوردییەکان بەبەراود لەگەڵ بەغداد و موسڵ تا بکرێتە نێوەند بەهۆکارێکی تری ئەم لایەنەدادەنرێ، بەتایبەتی کەسیاسیەتیی کارگێڕیی دەوڵەتی عوسمانی لەباشووری کوردستاندا، لەسەرئەوە بنیاتنرابوو، کە نێوچەکانی بەسەر چەند ئەیالەتێکی دەرەوەی خۆیدا دابەش بکات تا نەهێڵن ئەم نێوچانە لەچوارچێوەی تاکە دەسەڵاتێکی کارگێڕی داکۆببنەوە.[٥٤] لەمەوە (ویلایەتی شارەزوور) کرا بە موتەسەرفیەو بەسترا بەویلایەتی موسڵەوە، کەنێوەندی موستەسەرفیەکەش (کەرکوك)بوو لەگەڵ نۆ قەزادا کەبریتیبوون لە(ئاڵتون کۆپری، ئەربیل–هەولێر، ڕانیە، ڕەواندوز، کۆیە،

الثانية، مطبعة شفان، السليمانية، ٢٠٠٥، ل١٤١.؛ محمود فهمي درويش ومصطفى جواد و أحمد سوسه : دليل الجمهورية العراقية سنة ١٩٦٠، دار المطبعة للتمدن، بغداد، ١٩٦١، ل٩٣.

[٥٣] محمد أمين زكي: تأريخى سليماني وولاتى، چاپخانەی النجاح، بغداد، ١٩٣٩، ل٦٢–٦٣.

[٥٤] سيار الجميل، العثمانيون وتكوين العرب، بدون مكان وسنة طبع، ل٣٤٣.

**کفری، [55]تاووق(طاوغ)، دووزخورماتوو، قەرتەپە))، [56]بڕوانە نەخشەی ژمارە ( ١ ) لەم بارەیەوە.**

**شاری کەرکوك پێش هاتنی والی (فەیز پاشای کوڕی حوسێن پاشا) سنجەقێك بوو سەر بە (ویلایەتی موسڵ)، بەڵام پاش هەوڵدانێکی زۆری ئەم والیە توانی نێوەندی (ویلایەتی موسڵ) لەموسڵەوە بگوازێتەوە بۆ کەرکووك لەساڵی ١٨٧٩ دا،[57] کە ئەوکاتە بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەرکەوتبوو، ئەم شارە نەوتی زۆری تێدایە پاش تێپەڕبوونی چەند مانگێك بەسەرکردنی کەرکوك وەك نێوەندی ویلایەتەکە، حکومەتی عوسمانی پاشگەزبوەوەو دووبارە نێوەندی ویلایەتی لەکەرکوکەوە گواستەوە بۆ شاری موسڵ، (تەحسین پاشا)ی لەجێگەی(فەیز پاشا) کردە والی ویلایەتەکە.[58] هۆکاری ئەم گۆڕانکاریە زۆرەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی کارگێڕیی دەوڵەتی عوسمانی لەویلایەتەکەو دووری نێوچەکانی لە دەسەڵاتی نێوەندیو هاوسنوری ویلایەتەکە، لەگەڵ دەوڵەتی ئێران.**

**ویلایەتەی شارەزوور، کەماوەی سێ سەدە مایەوەو دواتر بچووکرایەوە لەویلایەتەوە بۆ موتەسەرفیەو لکاندنی بەویلایەتی موسڵەوە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بەفەرمانی ژمارە(٢٢٧٠)ی ڕۆژی(٢ی شوباتی ١٨٩٣) ئەو نێوەشی لێسەندرایەوە، سەرۆك وەزیران (الصدر الأعظم جواد پاشا)**

---

[55] د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج ١، ل٤١.

[56] هاشم یاسین حمە أمین وسەردار محمد عبدالرحمن: ئەتڵەسی کەرکوك، ل١٨.

[57] عطاء ترزي باشا: تاريخ الصحافة في كركوك، مجلة الثقافة الحديثة، العدد (١) مايسى، ١٩٤٥، ل٤٥–٤٦.

[58] سمکۆ جەباری: کۆی بەرهەمە کوردییەکانی نووسەری شەهید (جەبار جەباری) ، ٢٠٠٤، ل٣٠٣–٣٠٤.





**فەرمانی ڕەسمی لە(سوڵتان عبدالحمید)ەوە بۆ دەرچوو، کە نێوی شارەزووری لە(سنجاق شارەزوور) بگۆڕێت بۆ (سنجاق کەرکوك) ئەویش بەبەهانەی ئەوەی کەگوایە لێکچوونێکی زۆر هەیە لەنێوان نێوی(سنجاق شارەزوور)و (سنجاق زوو–دیر الزور)، کەبۆکاروباری کارگێڕی دەوڵەتی عوسمانی ئاڵۆزی دروستکردبوو.[59]**

**لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریو چاکسازیانەی(مەدحەت پاشا)لەکارگێڕی ویلایەتی موسڵ بەگشتیو کەرکوك بەتایبەتی کردی، فەسادیو گەندەڵی بەشێوەیەکی زۆر گەورەو بەرفراوان لە نێوچەکەدا هەبوو.[60] فاکتەرەکەشی دەگەڕایەوە بۆ سیستێمی سەربازیی هەرێمەکە وسیاسەتی سەنتریالیستی لاوازی سوڵتان لەلایەك،[61] دووری نێوچەکەش لەلایەکی دیکەوە وای کردبوو، کە هیچ فەرمانبەرو موچە خۆرێك روونەکاتە ئەم ویلایەتە دوورە دەستە، مەگەر بەزۆر بیان ناردایە. هەربۆیە سەرجەم ئەو کار بەدەست و موچە خۆرانەی ڕوویان لەم ویلایەتە دەکرد، هیچ سیفەتێکی لێپرسراوێتیان تێدانەبوو، (صدیق الدملوجی) لەوبارەیەوە دەڵێت: ((لەفەرمانبەرێکی گەورەم پرسی، بۆچی ئەستەمبوڵ ئەم فەرمانبەرە ناشایستەو هیچو پوچانە بۆ وڵاتی ئێمە دەنێرێت؟ لەوەڵامدا پێی وتم: وڵاتەکەی ئێوە ئەوەند دووربێت لەئەستەمبوڵەوەو ئارامی و ئاسایشی تێدا بەرقەرار نەبێت، ئەوا بێگومان خاوەن لێهاتووەکان ئارەزوو بەوە**

---

[59] بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە ( ١)، لاپەڕە ( ٣٦٩).

[60] حنابطاطو : العراق الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية من العهد العثماني حتى قيام الجمهورية، ط٢، لبنان، ١٩٩٥، ل٢٥٦.

[61] Ahistory of Turkey (form Empire to Republic), by: M.Philips price, London, ١٩٥٥, P.٦١.

ناکەن ڕوو لەم وڵاتە بکەن، هەر بۆیە ناچار ئەوانە ڕەوانە دەکەن کەهیچ لەبارانەبوون، یا ئەوانەی دەیانەوێت دەستیان لەپلەوپایە گیربێت، یانیازی خۆدەوڵەمەندکردنیان هەبێ ڕوودەکەنە وڵاتی ئێوە))[٦٢] ، هەندێك فەرمانبەریش پاش سزادان دەنێردرانە نێوچەکانی ولایەتی موسڵ هەر لەبەرئەمەش بوو بارودۆخی ویلایەتی موسڵ لەڕووی کارگێڕییەوە، لەوپەڕی گەندەڵی و خراپی دابوو، وەسەرەتایەکیش بوو بۆ دەرکەوتنی ڕاپەڕینەکانی (شێخ عەبدولسەلام) لەنێوان ساڵانی( ١٩٠٨ – ١٩٠٩)دا، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان نێوچەکانی (کەرکوك و سلێمانی) گرتبوەوە.[٦٣] بارودۆخی کارگێڕی شاری کەرکوك، لە نێوان ساڵانی (١٩٠٨ – ١٩١٤)دا بەم شێوانەی خوارەوە گۆڕانی بەسەرداهاتووە... لەساڵی (١٩٠٩ز)دا دابەشبوونی کارگێڕی کەرکوك بەم شێوەیە بووە: –

١ـ قەزای کەرکووك: ناحیەکانی پێکهاتبوو لە(ملحە، داقوق، ئاڵتون کۆپری، کیل، شوان)، لەگەڵ (٣٤٨) گوندی سەربەو ناحێیانە.

٢ـ قەزای ڕەواندوز: ناحیەکانی پێکهاتبوو لە(دیدە حەریر، باڵەك، برادۆست، شیروان)، لەگەڵ (٢٨٣) گوندی سەر بەو ناحێیانە.

٣. قەزای کویسنجق: یەك ناحیەی هەبوو کە(شەقڵاوە)بوو لەگەڵ (١٢١) گوندا.

٤. قەزای ڕانیە: هیچ ناحێیەکی نەبوو، بەڵام (٩٠) گوندی هەبووە.

٥ـ قەزای کفری (صلاحیە) ناحیەکانی پێکهاتبوون لە(قەرەتەپە، دووزخورماتوو)، لەگەڵ (٩١) گوندی سەر بەو ناحێیانە.

---

[٦٢] امارة بهدینان الكردية : ط٢، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ١٩٩٩، ل٧٢.

[٦٣] د.كاوس قفتان: الانتفاضة البارزانية، مطبعة سركوت، ٢٠٠٢، ل٣٥.





٦. قەزای ئەربیل(هەولێر):ناحیەکانی پێکهاتبوون لە(سلتانیە، دیزەیی) لەگەڵ (٢٣٠) گوندی سەربەو ناحێیانە.[٦٤]

لەساڵی(١٩١١)شدا بەهەمان شێوەی ساڵی(١٩٠٩)بووە.

پێکهاتەی کارگێڕیی نێوچەکانی عمیزۆپۆتامیا پێش ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهان، دابەشکرابووە سەر سێ ویلایەتە کە(ویلایەتی بەسرە، ویلایەتی بەغداد، ویلایەتی موسڵ)بوون. ویلایەتی موسڵیش دابەشکرابوو بەسەر سێ موتەسەڕفیە کەبریتی بوون لە: (موتەسەرفیەی موسڵ، موتەسەرفیەی شارەزوور کە بنکەکەی کەرکوك بوو، لەگەڵ قەزاکانی(کەرکووك و هەولێرو کفری و ڕانیەو ڕەواندوزبوو، موتەسرفەی سلێمانی).[٦٥]

هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی و داگیرکردنی میزۆپۆتامیاوبەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەلایەن سوپای بەریتانیاوە، گۆڕانکارییەکی گەورەی لەپێکهاتەی کارگێڕی عێراق و نێوچەکەدا دروستکرد، بەپێی بەرژەوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی خۆی. بۆ نموونە لەکاتی داگیرکاری بەریتانیا بۆ عێراق( ١٩١٤ – ١٩١٨)دەستی کرد بە دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتیی (بەریتانی – هندی) بۆنێوچەکانی میزۆپۆتامیا، لەگەڵ هێنان و دانانی ڕاوێژکاری سیاسی ئینگلیزی لەجێگەی بەڕێوەبەرە عوسمانیەکان، کارمەندانی ئەم

---

[٦٤] عبدالخالید سابیر: ویلایەتی موسڵ لەساڵنامەی عوسمانیدا، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە(٢٦)، ساڵی هەشتەم، حوزەیرانی ٢٠٠٥، ل١٢١.

[٦٥] محمود درويش و مصطفى جواد و احمد سوسه: دليل الجمهورية العراقية سنة ١٩٦٠، دار المطبعة التمدن، بغداد، ١٩٦١، ل٩٤.

بەڕێوەبەرایەتیە نوێیەی بەریتانیا پێکهاتبوون لە(بەریتانی و هندی)... لەوکاتەدا میزۆپۆتامیاشی بەشێوازێکی نوێ دابەشکردەوە، کەپێکهاتبوون لەشازدە (لیوا). بریتی بوون لە(بەغدا، عەمارە، بەعقوبە، بەسرە، دیرالزور، دیوانیە، دلیم، حللە(کەربەلا)، خانەقین، کەرکوك، کوت، موسڵ، مونتەفك، سامەڕا، شامیە (نەجەف)و سلێمانی).[66] ( لیوای کەرکوك ) لەم یەکە ئیداریانە پێك هاتبوون :

١- قەزای نێوەند (مرکز)پێکهاتبوو لە:کەرکوك، داقوق، ئاڵتون کۆپری، قەرەحەسەن( لەیلان )، شوان، مەلحە.

٢- قەزاری چەمچەماڵ پێکهاتبوو لە: تەنها ناحیەی چەمچەماڵ خۆی.

٣- قەزای کفری پێك هاتبوو لە : کفری، دوزخورماتوو، قەرەتەپە، قەڵای شێروانە.

٤- قەزای گل پێکهاتبوو لە:ناحیەی گل و ناحیەی سەنگاو.[67]

شاری کەرکووك لەپاش داگیرکردنی لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاوە، لەڕووی کارگێڕییەوە گۆڕانی تێداکراو بەڕێوەبەرایەتیەکی نوێی و بۆ دانرا، کە ڕاستەوخۆ (مێجەر نۆئیل)[68]ی ئەفسەری سیاسی و عەسکەری ئینگلیز

[66] سمکۆ بەهرۆز محمد(ئەژی): مێژووی سەردەمەکارگێڕی و بەڕێوەبەرییەکانی پارێزگای کەرکوك، ل٢٦.

[67] و.سەربەست کەرکووکی : ڕاپۆرتی کارگێڕیی دەڤەری کەرکو، ل٣٩-٤٠.

[68] نێوی تەواوی(ئیدواردولیەم چارلزنوئیل)ە، ئەفسەری هەواڵگری سیاسیی بەریتانی بوو لە ڕۆژهەلاّتی نێوەراست (أ) ئەکادیمیای سەربازی لەبەریتانیا تەواوکردووە، دواتر لەوەزارەتی دەرەوە بەریتانیا بەشی هیندستان کاری کردووە، ئەفسەر بووە لە بەتالیۆنی پیادەی چل و چواری (میوواوا) لە سوپای هندستان لە ساڵی ١٩١٥ نێدراوەتە (بوشەهر)ی باشوری ئێران بەهاوکاری





سەرپەرشتی دەکرد، کەبەفرمانێکی فەرمی حاکمی سیاسیگشتیی ئینگلیز لە میزۆپۆتامیا (کۆلۆنێل ویڵسن) دانرا.[69] کە مەبەستیش لە دانانی ئەم کەسایەتیە، لە خۆڕانەبوو، بەڵکو دۆستی کوردو[70]شارەزای نێوچەکەبووە،[71] هەروەك (د.کەمال مەزهەر) لەم بارەیەوە دەڵێت : ((نوئیل ئەفسەرێکی زۆر شارەزاو گورج و گۆڵو هێمن بوو، کە لەدەروونی هۆزو سەرۆك هۆزەکانی ڕۆژهەلاّت باش گەیشتووە))،[72] بۆیە کرا بە حاکمی سیاسیی نێوچەیەکی وەها ئاڵۆز.پاشتریش کە لە باشووری کوردستاندا دوو نێوچەی کارگێڕی دامەزرا (سلێمانی، کەرکووك) بوون، کەرکوك لەسەرەتادا بەنێو سەر بەنێوچەکانی (سلێمانی)بوو، بەلاّم لەسالی

لەگەڵ (ئەدمۆندز) داچاودێری هەواڵگری ئەڵمانیا لەوناوچەیە دا لەئەستۆ گرتووە، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا هەوڵیداوە هۆزو عەشیرەت و خەلکانی ئەو نێوچانە دژ بەئەڵمانەکان بجوڵێنێت و خزمەتێکی زۆر بەکۆمپانیا نەوتی ئینگلیز لەو نێوچەدا بکات، بۆئەم مەبەستەش سەرەتا هەوڵیدا لەنێو هۆزەکانی (بەختیاری)دا ئەم کارە بکات، پاش جەنگی یەکەمی جیهانی هاتە نێوچەکانی باشووری کوردستان خۆی، لە هۆزو عەشیرەتەکانی ئەونێوچە نزیکردەوە(ب). (أ- دیڤیید کورن: ئەو دووکەسەی کوردیان خزاندە ناوعێراقەوە، گۆڤار ڕوانگەی جیهان، ژمارە (٤)، مەکتەبی پەیوەندیەکانی دەرەوەی PUK دەری دەکات، سلێمانی،١٩٩٥،ل٣٢. ب- مێجەر نوئێل: یادداشتەکانی مێجەر نوئیل لەکوردستاندا، حسین ئەحمەد و حسین عوسمان نێرگسەجاڕی، مطبعة حسام، بغداد، ١٩٨٤، ل ٨-٩).

[69] بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە( ٢) ی لاپەڕە ( ٣٧٠)

[70] د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر، ج ١، ل١٠٣.

[71] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، ب ١، ل٤٥.

[72] کردستان في سنوات الحرب العالمیة الاولى، ت.محمد الملا عبدالکریم، ط٢، دار آفاق العربیة للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٤. ل١٨٦-١٨٧. بەکوردی " کوردستان لەسالاّنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد، ١٩٧٥، ل٧٠ - ٧٦".

(١٩١٩)دا لەسلێمانی جوداکرایەوەو وەك لیوایەکی سەربەخۆ ناسرا[٧٣]. ئەمەش قۆناغێکی تری پڕمەترسی بوو، لە لیوای کەرکوکدا، بەوەی بەشێکی لەژێر فەرمانرەوایەتی کوردیدابوو، بەسەرۆکایەتی (شێخ مەحمود)، بەشەکەی تریشی لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەری بەریتانیدابوو.

---

[٧٣] د.خليل اسماعيل محمد: البعد القومي للتغيرات في الحدود الادراية لمحافظة كركوك (التاميم)، ١٩٩٧، ل٣٧.

## تەوەرەی سێیەم :
## بارودۆخی کۆمەڵایەتیو ئابووری و تەندروستیی شاری کەرکوك

لەسەرەتای درووست بوونی شاری کەرکوکەوە، چەندین نەتەوەی جیاجیا بەهۆی گرنگی و بایەخی هەڵکەوتەی جوگرافیەکەیەوە روویان تێکردووەو داگیریانکردووەو تێیدا نیشتەجێبوون، لەگەڵ ئەوەی سەرچاوە مێژووییەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە دانیشتوانی رەسەنەکانی ئەم شارە کوردن، لەگەڵ چەند کۆمەڵێکی بچووك لە خێزانی (مەسیحی) وەك (سریانی، ئاشوری، ئەرمەنی، نەستوری) کە هەر لەکۆنەوە پاڵنەری ئابووریی لەم شارەدا نیشتەجێی کردوون[٧٤].

عوسمانیەکانیش لەسەردەمی دەسەلاتیاندا تانیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، لەکوردستاندا هیچ ئامارو سەرژمێریێکی ئەوتۆی بەگشتیو شاری کەرکوك بەتایبەتی ئەنجام نەداوە، تابکرێتە بنەمایەك بۆ زانینی پێکهاتەو ژمارەی دانیشتوانی نێوچەکە. بەلام لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە کەم کەم زانیارییەکان کەوتنە بەرچاو لە بارەی پێکهاتەی نەژادی و ژمارەی دانیشتوانی شاری کەرکوکەوە، کە نووسەرو گەڕیدە

[٧٤] د.جبار قادر: کرکوك قرن ونصف من التتريك والتعريب ، سايتي انترنيتي (www.kurdistan.net) ، ل٣.؛ جيمس بنگهام: رحلتي الى العراق سنة ١٨١٨ ، ت.سليم طه التكريتي ، ج ١ ، بغداد ١٩٦٨، ل١٤٢.





بیانیەکان لەسەریان نووسییوون و دەریانخستوون. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت پشت بەو نووسینانە ببەسترێت بەشێوەیەکی ڕەها، چونکە بۆچوونی کەسانێکن، کە چەند ڕۆژێك زیاتر بەولاوە لە شارەکانی کوردستاندا ژیانیان نەبردۆتە سەر. یەکێك لەوانە ئەندازیارێکی ڕووسییە، کە نێوی (یوسیب یوسف)ە و ناسراوە بە (چیرنیك) لەگەشتکەیدا بۆ نێوچەکانی کوردستان لەنێوان سالانی (١٨٧٢-١٨٧٣)دا سەردانی شاری کەرکوکی کردووەو ژمارەی دانیشتوانەکەی بەنزیکی (١٢- ١٥)[٧٥] هەزار کەس هەژمارکردووە، جەختیشی لەوەکردۆتەوە، کە جگە لە(٤٠)خێزانی ئەرمەنی نەبێت، دانیشتوانی شاری کەرکوك بەگشتی کوردبوون.[٧٦] وادیارە نووسەر لێرەدا خێزانی سەربازو فەرمانبەرە تورکەکانی شاری هەژمار نەکردووەو وەك بێگانە تەماشای کردوون. هەرچی(بارۆن ئیدواردنۆڵد)ە لەوبارەیەوە نووسیویەتی: ((کەرکوك شارێکی بایەخدارو گرنگە، بەپێی ئەو راپۆرتانەی لە تورکیا بەرچاوم کەوتن، دانیشتوانی کەرکوك(١٧,٥٠٠)کەسن، لەوژمارەیەش(٤٥٠٠)کەسی چەکداری دەوڵەت بوون)).[٧٧] بۆچوونی ئەم دووگەڕیدەیە زۆر لەیەکتریەوە نزیکن، ئەگەر ژمارەی چەکدارەکانی تورك

[٧٥] (چیرنیك) ئەم لێکۆڵینەوەیەی لەبەرگی شەشەمی گۆڤاری کۆمەڵەی جوگرافی پاشەیەتی ڕووسی قەفقاس لەساڵی(١٨٧٩ز) بلاوکردۆتەوە.( ئەحمەد عزیز : کوردستانیەتی کەرکوك لەئینسکلۆپیدیای ولاتانی ئەوروپاو ئەمریکادا، گۆڤاری کەرکوك، ژ (٤)، ل ٦٠).

[٧٦] مجموعة الباحثين: كركوك مدينة القوميات المتآخية، ط ١، محفوظة مركز كربلاء للبحوث والدراسات ، لندن ، المملكة المتحدة ، ٢٠٠٢، ل٢٥٩.

[٧٧] گەشتێك بەعەرەبستانو کوردستانو ئەرمەنستاندا ، و/د.حەمید عەزیز ، بەشی دووەم ، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری ، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٢٨.

لەهەژماردنەکەی (بارۆن ئیدوارد نوڵد)لابەرین، ئەوا ژمارە ڕاستەقینەی دانیشتوانی (کەرکوك) مان لەوکاتەدا دەست دەکەوێت کە(چیرنیك) نووسیویەتی.

دوای رووخانی میرنشینی بابان،[٧٨] دروستکردنی ویلایەتی موسڵ لەساڵی(١٨٧٩)دا، ڕێگەی لەبەردەم دەوڵەتی عوسمانیدا والأکرد بۆ دەست خستنە نێو شای کەرکوك و گۆڕینی دیموگرافیاکەی بەهێنان و هاندانی خەڵکی تورکمان[٧٩] بۆی.[٨٠] لەلایەك لەلایەکی ترەوە کەرکوك بۆ

---

[٧٨] مجموعة الباحثين: كركوك مدينة القوميات المتاخية ، ل٢٥٨.

[٧٩] (دەربارەی هاتنی تورکمان بۆ کەرکوك شەش بۆچوون هەیە: یەکەم بۆچوون ئەوەیە کەسەلجوقیەکان لەئەنادۆڵەوە ئەوتورکمانانەیان هێناوە. دووەمیش ئەوەبوو، کە ئەوان وەچەی ئەو سەد هەزار دیلانەی شەڕن، کە کەوتنە بەردەستی (تەیمور لەنگ)و دوای نێوانکاری (خواجە عەلی) شێخی ئەردەبیل و دامەزرێنەری ڕێبازی سۆفیگەری شیعە ئازادکران ، واتە جێگیربوونیان لەوشارە لە دەوروبەری (١٣٩٢ – ١٤٠٢)بوو. سێیەم بۆچوونیش ئەوەبوو کەهەردوو سوڵتان ؛ سەلیمی یەکەم (یاوز)و سلێمانی قانونی (لەدەوروبەری ١٥١٢– ١٦٦٦)دا ئەوانیان بۆئەو ناوچانە گواستۆتەوە بۆئەوەی ئەو ڕێگایە بپارێزن، کە سوڵتان پێیدا دەڕوا.
چوارەمیش ئەوەبوو، کە ئەوان وەچەی ئازەرییەکانی مەراغەت و شا ئیسماعیلی سەفەوی (١٥٠٢ – ١٥٢٤)کۆی کردنەوە بۆ ئەوەی لە ماوەی داگیرکردنەکەیدا بیانکات بەچەند ئۆردوویەکی سەربازی و بیپارێزن. پێنجەم بۆچوونیش ئەوەیە، کە بنەڕەتی تورکمانەکان بۆ ئەو سەربازگە ئازەرییانە (ئازەربایجانییە) دەگێڕێتەوە، کە نادرشا (١٧٣٠ – ١٧٤٧) لەو هەرێمەدا دایمەزراندن، شەشەم بۆچوونیش ئەوەیە ، کاتێك کە خەلیفە (المعتصم بالله) ( ٨٣٣ – ٨٤٢ز)دا سوپایەکی تەواوی لەم تورکمانانە پێکهێنا، ئەوەش وەك هەوڵدانێك بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سەربازی و سیاسیی فارسەکان، یاخود بۆ ئەوەی لایەنی کەمەوە هاوسەنگییەك لەنێوانیاندا دروستبکات) ، لەمەوە دەگەینە ئەوەی، کەبڵێن سەدەی پازدەهەمی زاینی سەرەتای نیشتەجێبوونی تورکمانەکان بووە، لە کوردستاندا بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی.( جرجيس فتح الله: شاری کەرکوك ، سەنتەری برایەتی، ژ(٢) ، هاوینی ٢٠٠١، ل٢٥٦ –٢٥٧. ؛ عەبدولکەریم مارف بەرزنجی ، کارکۆك لەمێژوودا ، ل٦١. ؛ ئارام سەعید : باکوری عێراق لەسەردەمی عوسمانیدا (١٨٣١ –١٩١٤)، گۆڤاری دۆسێی تورکیا، ژمارە (٢)، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٦٤).





خۆی بوو بووە بنکەیەکی سەربازی عوسمانیەکان، بەمانەش سیاسەتی بەتورککردنی شارەکە دەستیپێکرد. لەرێگەی نیشتەجێکردنی چەند خێزانێکی تورك بەتایبەتی خێزانی فەرمانبەرە سەربازییەکان و دەزگا مەدەنییەکانی شارەکە.[٨١] (مارتیا هۆشیا) لەبارەی ئەم سیاسەتەوە نووسیویەتی: ((هەرچەند نێوچەی کەرکوك دانیشتوانەکەی کورد بوون، بەلأم دانیشتوانی تورك و عەرەب[٨٢] سەپێنراوە بەسەر ئەم شارەدا، حکومەتەکانیش ڕێوشوێنێکیان گرتۆتەبەر بۆ ئەو بارودۆخە لە ڕێگەی پەرەپێدانی ئەوسیاسەتانەی مەبەستیان بوو بۆ کەمکردنەوەی دانیشتوانی کوردی شاری کەرکوك)).[٨٣] سەرئەنجامی ئەم سیاسەتە تەنیا پاش تێپەڕبوونی کەمتر لەبیست ساڵ بەسەر سەردانەکەی (چیرنیك)دا، گۆڕانکارییەکی ئاشکرا لەپێکهاتەی نەژادی شاری کەرکوك، لە بەرژەوەندی تورك و تورکماندا هاتە ئاراوە. (شمس الدين سامی) لەبەرگی

---

[٨٠] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوکردنی ڕەگەزیدا..، ل٢١.

[٨١] نوری تاڵەبانی: کەرکوك لەمەوسوعەیەکی عێراقی ساڵی ١٩٤٧دا، گۆڤاری کەرکوك ، ژمارە (١٠) ، ساڵی ٢٠٠١، ل٩.؛ بڕوانە//یوسف گۆران: کوردو تورکمان تێڕوانینێك بۆ میکانزیمی پێکەوە ژیان ئاشتیيانە نێوانیان ، بلأوکراوەو مەکتەبی بیری هۆشیاری (ی.ن.ك) ، سلێمانی ، ٢٠٠٢، ل ٢٠، ٢١.

[٨٢] سەرەتای هاتنی عەرەب دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (مەدحەت پاشا) لەسالأنی(١٨٦٩– ١٨٧٢ز)دا کە دەستی کرد بەنیشتەجێکردنی عەشیرەتە عەرەبییە کۆچەرییەکانی وەك(شەمەر، عنزە، دلێم ، کەعب، ...هتد)، لەونێوچانەی ئێستا تێدا دەژین، کە هەندێکیان لەکەرکوك و دەوروبەری نیشتەجێکران. (محمد سعید سۆفی: پارێزگای کرکوك لەناو پاکتاوکردنی رەگەزیدا ، ل٨٩).

[٨٣] : Trapped between the map and Reality, (Geography and perceptions of kurdistan),by: Martia.T.O'shea, Routledge/Newyourk and London, p.٤٩.

پێنجەمی فەرهەنگەکەیدا لەبابەتی کەرکوکدا دەڵێت: ((کەرکوك ژمارەی دانیشتوانی ٣٠هەزار کەسە کە(3/4 سێ لەسەر چواریان) کوردن، ئەوانی دیکە تورکمانو عەرەبو لەنەتەوەکانی دیکەن. لەشارەکەدا ٧٦٠ جوولەکەو ٤٦٠کلدانی دەژین..)).[٨٤] لەنووسراوەکانی عوسمانیشدا هاتوون، کە دانیشتوانی کەرکوك لە کوردو تورکو ژمارەیەکی کەم لە عەرەب پێکهاتبووە، لەگەڵ (١٠٠٠)(کلدانیو جوولەکە[٨٥]).[٨٦]

لەسەردەمی (ئیتحادیەکان)[٨٧] دا کەسیاسەتیی شۆڤێنی دژ بەنەتەوە ناتورکەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی گرتەبەر، شاری کەرکوك بەشێکی زۆر لەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستیە تێدا پیادەکراو باشترین نموونەش ئەوەیە(مێجەر سۆن) لە ساڵی(١٩٠٧)دا بۆماوەی (١٦)ڕۆژ لە یەکێك لەخانەکانی نێوەڕاستی بازاڕی کەرکوکدا ماوەتەوەو نووسیویەتی:((ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك(١٥)هەزار کەسنو دەکەوێتە

[٨٤] قاموس الأعلام: مهران مطبعة سی ، استانبول ، ١٣٠٨هـ /١٨٩١م ، ل٣٨٤٦.

[٨٥] لەئینسکلۆپیدیای یەهودیدا، بوونی جولەکەی شاری کەرکوك، لە کۆتایی سەدەمی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستدا بە(٢٠٠)خێزان دەخەمڵێنێت. (مجموعة الباحثین: کرکوك مدینة القومیات المتاخیة ، ل٢٥٨)

[٨٦] ستار مصطفی : کوردستانیة کرکوك حسب أرقام واحصائیات الغیر، گۆڤاری کەرکوك ، ژ(٢٤)، ساڵی شەشەم، بەهاری ٢٠٠٥، ل١٧٨.

[٨٧] ئیتحادیەکان لە ڕۆژی( ٣١ی ئابی ١٩٠٨)دا دەستبەکاربوون، سەرەتا (ئەنوەر پاشا) وەك یەکێك لەسەرکردە ئیتحادیەکان رایگەیاند: ((حکومەتی زۆردار نەما ، ئیدی ئێمە هەموو براین ، تیامانانیە بولگارو یونان و ڕۆمان و جولەکەو موسڵمان بێ، هەموو لەژێر ئاسمانی شیندا یەکسانینو هەموو شانازی بەوەوە دەکەین کە عوسمانین))، بەڵام دواتر کەوتنە دژایەتیکردنی کەمە نەتەوەییەکانی دەوڵەتی عوسمان بەهەموو شێوەیەك. (بڕوانە / د.عەبدوڵلاّ عەلیاوەیی: کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان ، سلێمانی ، ٢٠٠٤، ل٢٢٠-٢٢٢).





سەر سنووری کوردستان، دانیشتوانی بە سێ زمانی(تورکی، عەرەبی، کورد)بەگشتی قسەیان دەکردو یەکەمو دووەمیان لەبازاڕدا بەکاردەهێندرێت. دواتریش لە شارەکەدا جەخت لەسەر بوونی کوردو تورکو کلدانیو سریانیو تورکمان[٨٨] و عەرەبو جوولەکەو ئەرمەن دەکاتەوە. زمانی تورکی بەزمانێکی بەرفراوان لەشارەکەدا لەقەڵەم دراوە. وتویەتی : کەرکوکی بەتورکمانو میوەو نەوتی خاو، بەنێوبانگ زانیووە)).[٨٩] ئەم بۆچوونەی(مێجەر سۆن) ئەو دەردەخات، کە سیاسەتی بەتورکیکردنی شاری کەرکوك لەلایەن عوسمانیەکانەوە تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە. (ئەژی) لەم بارەیەوە دەڵێت : ((دەوڵەتی عوسمانی لەدوا سەردەمی حوکمیانو بەتایبەتی ڕۆژانی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی (١٩٠٨ – ١٩١٨)، کە لقێکی لە شاری کەرکوك هەبووە، کلتورو زمانی تورکی بەسەر دانیشتوانی کەرکوکدا سەپاندووە)).[٩٠]

لە ژمارە پێنجی ساڵنامەی ویلایەتی موسڵی ساڵی(١٩١٢ز)داهاتووە، کە سەرجەمی ژمارەی دانیشتوانی لیوای کەرکوك(٩٤ر٥٨٨)کەسە، ژمارەی دانیشتوانی نێوەندی قەزای کەرکوك (٤١,١٣٧) کەسن و زۆربەیان موسڵمانن، جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەکورد زۆرینەی دانیشتوانی شارەکەن.[٩١]

[٨٨] میجەرسۆن لێرەدا (تورك)و (تورکمان)ی وەك دوو نەتەوەی جیاواز ئاماژەی پێکردووە.(توێژەر).

[٨٩] رحلة متنکر الی بلاد مابین النهرین وکردستان ، ت.فؤاد جمیل، بغداد ، ١٩٧٠ ، ل١٥٨ – ١٦٣.

[٩٠] بڕوانە/ ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوو حیزبانەی ناوچەی کەرکودا سەریان هەڵداوە، بەشی دووەم ، گۆڤاری کەرکوك ، ژ (٧)، ساڵی دووەم ، زستانی ٢٠٠١ ، ل٦١ –٨٠.

[٩١] وەرگیراوە لە / د.جەبار قادر: ساڵنامات العثمانیة وحکایة الوثائق النادرة عن کرکوك، انترنیت ((www.kurdistannet.org)، ل٤.

لەبەڵگەانمەکانـدا دەردەکـەوێت، کـە جیاوازیـەکی زۆر هەیـە لـەنێوان بۆچوونی ئەو نووسەرانەداهەن، کە لەسەر ژمارەی دانیشتوانی کـەرکوك و پێکهاتـەی نـەژادیو زمانـەوانی، بـەر لەسـالأنی جـەنگی یەکـەم جیهـانی. هەندێکیان بە(٣٠)هەزارو هێندێکی تر لە(١٢ – ١٥) هەزار لەقەڵەمیانداوە، (مارك سایکس) وتوویەتی: ((دانیشتوانی کەرکوك بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان (٧٠)هەزار کەس بوون))، بەلأم لەراستیدا تا پاش جەنگی یەکەمی جیهانی و بوونی کەرکوك بەنێوەندی نەوتی عێراق ژمارەی دانیشتوانی لە(٦٩)هەزار تێنەپەڕیووە..[92]

بـە هەلأیـسانی جـەنگی یەکـەمی جیهـان، بەشـێکی زۆری خـەڵکی شارەکانی کوردستان رەوانەی مەیدانی جەنگ دەکران، بە نێوی (جیهاد– غـەزا) و (سـەفەربەلەك)ەوە[93] (صـابری)شاعیری کـەرکوك، لەچامەیەکدا[94] زۆر بـەڕێکی باسـی لـە کارەسـاتەکانی نـەبوونیو مـاڵوێرانیو هـەژاری قـاتوقڕی دانیـشتوانی کـەرکوك دەکـات، کـە بـەهۆی سـەفەربەلەکەوە

[92] مجموعة الباحثين: كركوك مدينة القوميات المتاخية ، ل٢٦٣. ؛ عوني الداودي : كركوك رحلة في الذاكرة التاريخ ، ط٢، منشورات الفكر والتوعية، ٢٠٠٢، ل ٣١.

[93] دیڤد ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، و.ئەبوبەکر خۆشناو ، ب ١، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٢٢٣.

[94] صابر دەڵێ: لەتەئریخی هەزارو سێ سەدو سی وشەش کەمەشهووره سەفەر بەچووگرانی هاتو شێوا مەعمووره گەلی شاهو ئەمیرو قازی ، مفتی کەسورگوون بوون بزانن مادەوی دنیا کەمەمکی نایەدەم زاتێ کەسەد حەولیش بژی حەولیش بدا موڵکی ناداتێ شاعیر لەسەر چامەکە دەڕواتو باس هـەژاری ونـەبوونی خـۆیو خـەڵکی دەکات کـەچ دەردێکـی دزێـوی کۆمەلأیـەتیان بەسـەردا هـاتووە. (دیوانی طاهرفؤاد، کوردی، فارسي، تورکي: چاپخانەی کوردستان ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ١٩٦٩، ل٢٠٤).





روویانداوە.[95] ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارە لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگ بەرێژەی یەك لەسەر سێیە لەناوچوونو کەمی کرد، هـەروەك (ئەدمۆنـدن)و ڕاپـۆرتی ژمـارە (١٣٩٧٦٤ – fo/٥٠٦٩)ی بەریتانـدا ئامـاژەی بـۆ دەکاتو دەڵێت: ((کاتێك لەساڵی(١٩١٨)دا سوپای بـەریتانی کـەرکوکی داگیرکـرد ژمـارەی دانیـشتوانەکەی تـەنها (٢٥)هـەزار کەسـی مـابوەوە)).[96] لەگـەڵ ئەوەی لـە سـالأنی جەنگدا بەشـێك لـە دانیشتوانی سلێمانیو گوندەکانی دەوروبـەری کۆچیـشیان کردبوو بـۆ کـەرکوك.[97] هـۆکاری ئـەم کۆچـەش بـۆ هێمنـی (ئیـستقرایی) نێوچـەی کـەرکوك لەچـاو نێوچـەکانی شـاری سلێمانییەوە بەهۆی بوونی دەسەلأتی زۆری بەریتانی لەشاری کەرکوك. هەرچی ژمارەی دانیشتوانی عێراقە لەپاش شەڕی یەکەمی جیهانی، ئەوا لێکۆڵینەوەکانی ساڵی(١٩١٩)ی ئینگلیز لەعێراقدا ئاماژە بـەوە دەدەن، کە ژمارەی دانیشتوانی لیوای کەرکوك(٩٢)هەزار کەسبووە.[98] بەپێی راپۆرتی کۆمیسۆنی یەکلاکردنـەوەی کێشەی ویلایـەتی موسـڵی سـەر بەکۆمەڵـەی گەلان، ژمارەی دانیشتوانی لیوای کەرکوك (١١١,٦٥٠) کەس بووە.[99]

[95] هەمان سەرچاوە، ل٢٠٤– ٢٠٦.

[96] کـرد وتـرك وعـرب ، ت.جـرجيس فـتح الله ، ل٢٤٠. بـەکورد" کـورد تـورك عـەرەب، و. حامیـد گەوهەری، ل٣٢٣ "؛ و.سەربەست کەرکووکی : ڕاپۆرتی کارگێڕیی دەڤەری کەرکوك ، ل١٠٦.

[97] د.کـەمال مەزهـەر ئەحمـەد: کوردسـتان لەسـالأنی شـەڕی یەکـەمی جیهانیـدا، ل٢٥ بەعـەرەبی" کردستـان فی سـنوات حـرب العالميـه الاولى، ت. محمـد المـلا عبـدالكريم، ل.؛ رەمـزی قـەزاز: کـورد لەکۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست ، چاپخانەی ژین ، سلێمانی، ١٩٧١، ل٩٠–٩١.

[98] ا.م.منتـشاشفيلى: العـراق فى الـسنوات انتـداب البريطـاني ، ت.هاشـم التكـريتي، بغـداد ، ١٩٧٨، ل٤١٧.

[99] عصبة الامم: عصبة الامم تقرير عصبة الامم مسألة الحدود بين تركيا والعراق وهـو التقريـر الـذي

کەرکوك لەسەردەمی هاتنی ئینگلیزدا بەسەر ئەم گەڕەکانەدا دابەش ببوو:((گەڕەکی شاتری (شاترلو) ـ بەری خۆرئاوای شیوی خاصە (ئەدهەم) بریتی بوو لەم گەڕەکە کوردانە، خواری قوریە (جەباری، شوان، کەڵوڕ، گل، جەلالی، زەنگەنەی نەوتچی... هتد،)کە هەموو کوردبون(ساری کەهیە)، ئەرسەلانەکان تورکمانی بوون، گەڕەکی قەلاَ زۆریان گاوربوون، گەڕەکی بەری قەلاَی خۆرئاوا گەڕەك تورك بوون، کاکەییەکان، گۆڕان بوون، ساڵەییەکان خەڵکی لوڕستان بوون، قیردارەکان (کاردار) خەڵکی رەواندوزبوون، ئاوچییەکان، بەیانی کۆنە مەغول بوون، گەڕەکی موسوڵلاَ تێکەڵبوون لەکوردو تورکمان وعەرەب–لەوێ مەحەللەی عەرەبەکان هەبوو– گەورەکی گڵچی پیریاری (پیرحەیانی) کۆنە کوردی چەمچەماڵ بوون، گەڕەکی بلاغ (کانی– یاچالاَو– گەڕەکی ئەحمەد ئاغا، گەڕەکی ئاخی حوسێن، ئیمام قاسم، زێویە، هەموو کوردبوون).[100] هەندێك لەم گەڕەکانە مزگەوتو گەرماو گۆڕستانی تایبەتی خۆیان هەبوون.[101]

پێکهاتەی چینایەتیو کۆمەلاَیەتیی دانیشتوانی کەرکوك بەم شێوەیە دابەش دەکرێن (ئاغا، بەگ، شێخ، کوێخا، مەلا، جوتیار، جوتکەر، سەپان، مەردار، شوان، گاوان، باخەوان، قوغڵ، کاروانچی،دارتاش،جولاَ...هتد).[102]کە لە(١٠)عەشیرەتی کوردو چوار

رفعه المؤلفة وفقا لقرار المجلس في ٣٠ ايلول ١٩٢٤ ، مطبعة الحكومة بغداد، بغداد، بدون سنة الطبع ل٢١.

[100] مەلا جەمیل رۆژبەیانی: مێژووی تورکمانو تورك لەکوردستانی خوارووداو سەرژمێریان ، گۆڤاری کەرکوك ، ژ(٢٥) ، سالّی حەوتەم ، هاوینی ، ٢٠٠٥، ل١٤.

[101] بڕوانە / عەبدوڵلاَ عەبدولکەریم مارف بەرزنجی: کارکۆك لەمێژوودا ، ل١٦٩– ١٧٨.

[102] عبدالله عبدالكريم مارف بەرزنجی : کارکۆك لە مێژوودا ، ل٦٩–٧٢ .





عەشیرەتی عەرەب کۆبوونەتەوە، وەك (هەمەوەند، جاف، داودە، بەیات، تاڵەبان، بەرزنجە، کاکەیی، شوان، زەنگەنە، جەباری، عوبەید، کروی، جبور، شێخان).[103] لەگەڵ یەك هۆزیی تورکمانی.[104] هەرچی هەڵسوکەوتی دانیشتوانی شاری کەرکوکە ئەوا خەڵکێکی (رووخۆش، دڵفراوان، بەڕێز، بەخشندە، ئازا، بەوەفان)، لەگەڵ ئەوەی بەرژەوەندی خۆیان زۆر دەوێت.[105]

هەرچی سەبارەت بەلایەنی ئابووری کەرکوکە، ئەوا بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی ستراتیژیی نێوچەکەیو بوونی زەوی و زاری زۆری کشتوکاڵیو سامانی پڕبایەخی ژێر زەوی شارەکە.[106] وایان کردووە ئەم شارە لەدێرزەمانەوە گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەبێت، کە لێرەدا هەوڵ دەدرێت بەجیاجیا باس لەلایەنە گرنگەکانی بکرێت:

[103] عبدالمجيد فهمي حسن: دليل ومشاهير الالوية العراقية (خاص بشؤون لواء كركوك) ، ج٢، ل٦١–٦٦.

[104] هلكوت محمد كريم : كركوك واصاله كرديتها ، جريده اتحاد ، عدد (٢٣) ، نیسانی ١٩٩٣، ل٦.

[105] محمد هادي الدفتر وعبدالله حسن: العراق الشمالي ، ج١ ، ل٢٥٠.

[106] عبدالمجيد فهمي: دليل تاريخ ومشاهير الالوية العراقية ، ج ٢، ل١٢٤.

## یەکەم: نەوت:

چاڵگەی نەوتی کەرکوک درێژترین و گەورەترین چاڵگەی نەوتی جیهانە، کە لە قوبەکانی (بابا، سارەلو، سەربەشاخ) پێکدێت ولەنێوچەی جەبەل بۆر(شاخەبۆر)ەوە تا نێوچەی دیبەگە درێژ دەبێتەوە.[١٠٧] زانای فەرەنسی (ج.مۆرگان) تێکڕای حەوزی نەوتی کەرکوک بە(٣٠٠)کیلۆمەتر، لە قەڵەم دەدات،[١٠٨] کە سەرچاوەکەشی هەر لەنێوجەرگەی کوردستانەوە هەڵدەقوڵێت.[١٠٩] ڕێژەی یەدەگی نەوتی ئەم نێوچەیە بە(٩٨،٧٨٪) یەدەگی نەوتی باشوری کوردستان و(٥٠٪) یەدەگی نەوتی عێراق[١١٠] و نێوەندی بەرهەمهێنانی زۆرینەی نەوتی ئەم وڵاتەشە.[١١١]

دەرهاویشتەی نەوت لە نێوچەی کەرکوک(باباگوڕگوڕ)دا پێنج هەزار ساڵ لەپێش زاینەوە زانراوە، هەر لەکۆنەوە تا ئێستاش لەم نێوچەیەدا گازە سروشتییەکانی ڕووەو ئاسمان هەڵدەچن و ئاگر گڕی گرتووە، دانیشتوانی کەرکوک لەوباوەڕەدابوون، کە ئەمە ئەو ئاگرە ئەزەلییە

---

[١٠٧] ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان ( تەرحیل ، تەعریب ، تەبعیس) سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٧٩.

[١٠٨] د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: کوردستان لەساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، ل٣، بەعەرەبی (کردستان فی سنوات حرب العالمیه الاولی، ت. محمد ملا عبدالکریم، ل٢٠-٢١ ).؛ م.ڕ. هاوار : شێخ محمود قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان ، ب ١ ، جاف پیرس ، لەندەن ، ١٩٩٠ ، ل٣٧٤-. ٣٧٥.

[١٠٩] حەمە کەریم عارف : کورد لەئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، هەولێر ، ١٩٩٨ ، ل٢٢.

[١١٠] محەمەد سەعید سۆفی: پارێزگای کەرکوک لەناو پاکتاوکردنی ڕەگەزیدا، ل١٧.

[١١١] (٤) The New Encyclopaed Britannica, Byiwilliam Benton and Helen H.Benton, publisher, London,١٩٧٤,p.٨٣٤.





کەلەسەر جەلەی (دانیال پێغەمبەر- سفر دانیال النبی) باسی لێوەکراوە، ئەوەی لە هەموو شتێك سەیر ترە لە باباگوڕگوڕدا ئەوەیە (ئەگەر بەنووکی پەنجە یاخود بەچیلکەدارێك هەڵکۆڵین دەبینین یەکسەر ئاگر دەردەچێت، خۆئەگەر بتەوێ بەخۆڵ بەری بگری، ئەوە بۆ خۆی لەجێگەیەکی دیکەوە سەریهەڵدەدات و ئەوزەویەش کەئەم ئاگرەی لێدەردەچێت، ڕووبەرەکەی لەچەند مەترێك چوارگۆشە تێپەڕ ناکات و لەدەیەها کوندا ئاگر بڵێسە دەدات).[١١٢] (هێرۆدۆت)پتر لەدوو هەزارو سێ سەد ساڵ بەر لەعیسا ئاماژەی بەم ئاگرە ئەزەلیەکردووە، ئەمە جگە لەوەی دەرکەوتنی نەوت لەسەرزەوی ئەم نێوچەیە بۆ سەردەمی (نەبوخەزنەسەر) دەگەڕێتەوە.[١١٣] سوپای عوسمانی لە ساڵی(١٦٣٩ز)دا لەم نێوچەیەدا بەئامرازی ساکار (وسائل بدائیە) بۆ بەکارهێنانی نەوتی دەرهێناوە،[١١٤] بەڵام تا سەردەمانێکی زۆر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی نەیدەزانی، کە نەوتێکی زۆری هەیەو تێڕامانی نەبوو بۆی.[١١٥]

---

[١١٢] بڕوانە/ عبدالحمید العلوجی وخضر عباس اللامي: الاصول التاریخیةللنفط العراقي ، ج١ بغداد، ١٩٧٣ ، .؛ کمال مجید: النفط والاکراد ، ط٢، دار الحکمة ، ، لندن ، ١٩٩٧ ، ل١٩. ؛ حکمت سامي سلیمان : نفط العراق دراسة اقتصادیة سیاسیة ، بغداد ١٩٧٩، ل٦٠.؛ محمد هادي الدفتر وعبدالله حسن: العراق الشمالي ، ج ١ ، ل١٥٣. ؛ عەبدوڵڵا عەبدولکەریم مارف بەرزنجی : کارکۆك لەمێژوودا ، ل٢٥٠.؛ محمد عەبدوڵڵا عومەر: ڕۆڵی ئاوی کورد لەبەعەرەبکردنی کەرکوك، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(٢٠)، ساڵی ٢٠٠١، ل١٤٠.

[١١٣] عبدالحمید العلوجي وخضر عباس اللامي: الاصول التارخیة للنفط العراق ، ج ٢ ، ل٣٥. ؛ محمد أحمد سعید: کەرکوك و بزاڤی شیعری کوردی، نامەی دکتۆرا ، بەشی کوردی، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٢.(بلاونەکراوەتەوە).

[١١٤] د.نوری تاڵەبانی: سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوك، و.مەریوان حوسێن چیمەنی ل٣٣.

[١١٥] OILin the Middle East, By: S.H.Longrigg, London, ١٩٥٤,p.١٣.

یەکەم ولاّتی ئەوروپی، کە هەوڵیدا بۆ دەستخستنی نەوتی (ویلایەتی موسڵ) بەکەرکوکیشەوە ئەڵمانیابوو، کاتێك دەوڵەتی عوسمانی مۆڵەتی دانیٚ بۆ بنیادنانی یەکەم بەشی پرۆژەی هێڵی ئاسنی (بەغداد–بەرلین)، لەونێوچانەدا هەستیان بەبوونی نەوت کرد.[116] بۆ ڕاستی ئەو بابەتەش لەساڵی (١٨٨١)[117] دا تیمێکی ئەندازیاریی ئەڵمانیا ڕەوانەی شاری کەرکوك ودەوروبەری کرا، دوای ئەوەی چەند توێژینەوەیەکی جیۆلۆجیان لەسەر زەویەکانی ئەونێوچانە ئەنجامدا، لە گەڕانەوەیاندا راپۆرتێکیان لەوبارەیەوە پێشکەش حکومەتی ئەڵمانیان کرد، کەتیایدا هاتبوو (کەرکوك و دەوروبەری نێوچەیەکی نەوتیەو نەوتەکەشی لەئاستی زەوی نزیکە).[118] دوای سەردانی ئیمپراتۆری ئەڵمانی بۆ لای سوڵتان (عەبدولحەمید) سوڵتان فەرمانی (گولبنگان)[119]ی دەرکرد، بەپێی ئەو فەرمانە نێوچە نەوتیەکانی باشوری کوردستانی خستەسەر موڵکی تایبەتی خۆی، بۆئەوە لەلایەك ببێتە موڵکی خۆیو لەلایەکی دیکەوە لە

[116] Great powers, Oil and kurd in mosul, By: Habibollah Atarodi, Univeresity press of America, ٢٠٠٣, p.XV.

[117] هەندێك نووسەر لایان وایە ئەم تیمە لەساڵی ١٨٧١دا سەردانی کەرکوکیان کردووە (د.محمد أزهر سعيد السماك ود.زكريا عبدالحميد باشا: اقتصاديات النفط والسياسة النفطية ، موصل ١٩٨٠، ل٨١).

[118] حكمت سامي سليمان: نفط العراق ، ل٧٤.

[119] (خواهیٚشتی بالاّ) لە( ٦ی نیسانی ١٨٩٠)دا سوڵتان عبدالحمید دەریکرد کەتێیدا هاتبوو: ((جیاکاری گەڕان بەدوای نەوتو قۆرخکردنی چاڵگەکانی لەموڵکایەتی ئیمپراتۆریان ، لەهەر جێگەیەکی دیکەی ویلایەتی موسڵ بۆ موڵکایەتی تایبەت هەڵگەڕاندنەوە بەبیٚ هەلاّویٚران)) (اندرئوشسى: الصراعات البترولية في الشرق الاوسط ، ت/د.أسعد محفل ، دار الحقيقة للطباعة ، بيروت ، ١٩٧١ ، ل٢٢– ٢٣).





دەستی دەوڵەتە ئەوروپاییەکانی دووربخاتەوە.[120] مافی دەرهێنانی نەوتی کێڵگەی باباگوڕگوڕی وەك سەردەمانی پێشوتر دا بەبنەماڵەی (نەفتچی زادە).[121]

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا نەوتی باشوری کوردستان بەگشتیو نەوتی کەرکوك بەتایبەتی، مۆنۆپۆلە ئیمپریالیستیەکانی نەوتی بۆلای خۆی ڕاکێشا.[122] لە ساڵی ١٩٠١ دا جارێکی دیکە ئەڵمانەکان شاندێکی پسپۆڕیان ناردە نێوچەی (کەرکوك)، بۆ ئەوە بەڕاستی بزانن نەوت لەنێوچەکەدا هەیە، ئەوانیش هەروەکو دەستەکانی (تیمەکانی) پێش خۆیان بوونی نەوتیان لەنێوچەکەدا پشتڕاستکردەوە، بەلاّم وتیان(بڕی نەوتەکە کەمەو بەکەڵکی بازرگانی نایەت).[123] لەرۆژی (٥ی ئازاری ١٩٠٣)دا دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ کۆمپانیای هێڵی ئاسنی ئەنادۆڵ، کە بانکی ئەڵمانی خاوەندیی بوو، سەبارەت بەراکێشانی هێڵی ئاسنی (بەرلین –بەغداد) ڕێککەوتنامەیەکی واژۆکرد و لە مادەی(٢٢)داهاتبوو:((مافی سەرمایەگوزاری کردنی هەمووچاڵە

[120] عبدالحميد العلوجي وخضر عباس اللامي: الاصول التاريخية للنفط العراقي ، ج ١، ل٨٢ – ٨٣.؛ عبدالمجيد فهمي: دليل تاريخ مشاهير الالوية العراقية ، ج ١ ، ل٢٥.

[121] د.نوری تاڵەبانی: سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوك، و.مەریوان حسین چیمەنی، ل٢٥.؛ فەرهاد هەمزە محەمەد: مێژووی نەوتی کەرکوك ، گۆڤاری بانەرۆژ ، ژمارە (١٤)، کانونی دووەمی ٢٠٠٥، ل٢٢.

[122] د.عبالرحمن قاسملو : کوردستان وکورد، و. عبدالله حسن زادە، بنکەی پێشەوا، ١٩٧٣. ل١٠٢.

[123] د.محمد أزهر سعيد السماك ود.زكريا عبدالحميد باشا: اقتصاديات النفط والسياسة النفطية ، ل٨١.

نەوتەکانی ئەمبەرو ئەوبەری ئەم هێڵی ئاسنینەی بەدرێژایی (٢٠کم) بە(کۆمپانیای هێڵی ئاسنینی ئەنادۆڵ) دەبەخشیٚ، بەمەرجێك یاساو سیستێمە پەیوەندارەکانی ئەو ڕێکەوتنامەیە پیادە بکات)).[١٢٤] بەمەش بانکی ئەڵمانی مافی گەڕان بەدوای نەوتی هەردوو ویلایەتی (بەغدادو موسڵی)بەدەستکەوت، بەڵام لە ساڵی١٩٠٦دا ئەو مافەی لێوەرگیرایەوە، بە بەهانەی درەنگخستنی کاری دۆزینەوەی.[١٢٥] لە ساڵی ١٩٠٧دا کێبرکێیەکی نێودەوڵەتی لەسەر نەوتی (کەرکوك) لە نێوان دەوڵەتاندا دەستی پێکردو لەو کێبرکێیەدا هەریەکە لە(ئەمەریکاو فەرەنساو بەریتانیاو ئەڵمانیاو تورکیا) بەشدار بوون،[١٢٦] بەهۆی دۆزینەوەی نەوت لەو شارەدا بەتەواوەتی لەو ساڵەدا.[١٢٧] لە ساڵی (١٩٠٨)دا سوڵتانی عوسمانی گرنتی دابەکۆمپانیای (ولیەم دارس)بۆگەڕان بەدوای نەوتی ویلایەتی موسڵ و کەرکوکداو لەساڵی (١٩٠٩)دا حکومەتی تورکیا ئەوگەڕانەی گواستەوە بۆ وەزارەتی کانگەکانی،[١٢٨] پاش هاتنە دەسەڵاتی ئیتحادو تەرەقیەکان.

---

[١٢٤] عبدالمجيد فهمي: تأريخ مشاهير الالوية العراقية ، ج ١ ، ل١١.

[١٢٥] د.عەبدوڵڵا غەفور: جوگرافیای ئابوری نەفت لەکوردستاندا، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٣١.؛ د.محمد ازهر السماك ود.زكريا عبدالحميد باشا: اقتصاديات النفط والسياسة والنفطية ، ل١٠٨.

[١٢٦] لەتیف فاتح فرج: کوردو کەرکوك، ب١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢ ، ل٨٩.

[١٢٧] پ.د.میم کەمال ئۆڤە: کرۆنۆلۆژیای مەسلەی موسڵ ١٩١٨ – ١٩٢٦ ، و.سەلام ناوخۆش ، چاپخانەی خەبات ، هەولێر ، ٢٠٠٠، ل١٦.

[١٢٨] د.وەلید حمدی: کوردوکوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، و.موحەمەد نوری تۆفیق ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩ ، ل٢٣.





بەر لەکۆتایی هاتنی ساڵی(١٩١٠)بۆ قۆرخکردنی نەوتی باشووری کوردستان و کەرکوك، ڕێککەوتنێك لەنێوان بانکی تورکیا(بەسەرمایەی ئینگلز)و بانکی ئەڵمانیا(خاوەندی کۆمپانیای هێڵی شەمەندەفەری ئەنادۆڵ) واژۆکرا، بۆ پێکهێنانی کۆمپانیایەکی هاوبەش، لەساڵی(١٩١١)دا (کۆمپانیای جیاکاری ئەفریقای ڕۆژهەڵات– Africa and Eastren Concession Co.) دروستکرا و دواتر نێوەکەی گۆڕا بۆ(کۆمپانیای نەوتی تورکیای سنووردار- Turkish petrolum CD.Ltd) ئەوکات بەپشتیوانی هەردوو حکومەتی بەریتانیاو ئەڵمانیا توانی لە (١٩ی حوزەیرانی ١٩١٤)دا گفتێك لەسەدری ئەعزەم (سەعید حەکیم پاشا)وەربگرێت، بۆ دۆزینەوەی نەوتی باشوری کوردستان و کەرکوك.[١٢٩]

کاتێك لەساڵی ١٩١٤ دا جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵگیرساو تاساڵی ١٩١٨درێژەی کێشاو ئەوروپاو ئاسیاو باکوری ئەفریقاشی گرتەوە، ئیدی ڕۆڵە ژیارییەکەی نەوت لەهەموو کاتێکی دیکە زیاتر دەرکەوت، چ لەبەکارهێنانی کارە مەدەنیەکانەوە بێت و چ لەبایەخی جەنگی و ستراتیژیەوە بێت.[١٣٠] جگە لەوەش یەکێك لەئامانجەکانی جەنگ دووبارە دابەشکردنەوەی جیهان بوو لەسەر خواستی گەورە دەوڵەتان،

---

[١٢٩] بڕوانە:پارتی دیموکراتی کوردستان (مەکتەبی سیاسی) مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە: نەوتی کوردستانی عێراق، بەشی دووەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ١٩٩٨، ل١٣.؛ د.عەبدوڵڵا غەفور : جوگرافیای ئابووری نەفت لەکوردستاندا، ل٣٢.؛ عەلائەدین سوجادی: گەشتێك لەکوردستانا ، ل ٨٠– ٨١.

[١٣٠] د.صباح ذهب: البترول العربي الخام في السوق العالمية ، القاهرة، ١٩٦٩ ، ل١٨.

بەتایبەتیش دابەشکردنی ئیمراتۆریەتی عوسمانی، لەبەر ئەو مومتەلەکاتەی لەبواری ئابوریو سەرچاوەنەتیەکاندا هەیبوو.[١٣١] راپۆرتێکی بەریتانی کە لەو بارەیەوە نوسرابوو، تێیداهاتووە:((گیانێکی زۆرمان لەسالأنی (١٩١٤–١٩١٨)دا کردە قوربانی، ئامانجی بنەڕەتیمان هەبوو، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی بواری هیچ دەوڵەتێکی دوژمن نەدرێت کە رێگری لە رێگەکانی گواستنەوەی ئیمپراتۆریەتەکەمان بکات. هەروەها بەریتانیا بەرژەوەندیەکی ئابوری زۆر فراوانی لەو دەڤەرەدا هەیە، گرنگترینیشیان کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوکە)).[١٣٢] لەپاش جەنگ بوونی نەوتێکی زۆر لەکەرکوك سوپای ئینگلیزی هاندا، کە ئاگر بەستی(مۆدرۆس– تویژەر) بشکێنێتو دەستبەسەر هەموو ئەو نێوچانەدا بگرن، کە دەکەونە باشوری زێی (خابور)ەوە.[١٣٣] لە(٣ی مارسی ١٩١٨)دا بەپێی پەیماننامەی(برێست میتۆڤسك)نێوچەکانی ویلایەتی موسڵ، کە پشکی فەرەنسابوو گواسترایەوە بۆ ژێر دەستی بەریتانیەکان.[١٣٤] بەم شێوەیە مەسەلەی نەوتی کەرکوك لەنێوان ولأتە ئیمپریالیستەکاندا بەگشتیو بەریتانیاو فەرەنسا بەتایبەتی یەکلابوەوەو مەسەلەی کوردیش لەبیرچووەوە.[١٣٥] ئینگلیزەکان هەولّی هێنانە کایەوەی بارودۆخێکی لەباریان دەدا بۆئەوەی بتوانن سوود لەم سامانە وەربگرن، بۆئەمەش

---

[١٣١] پارتی دیموکراتی کوردستان (مەکتەبی سیاسی) مەکتەبی ناوەندی دیراساتو توێژینەوە: نەوتی کوردستانی عێراق ، بەشی دووەم ، ل١٧.

[١٣٢] عبدالرزاق الحسنی: تاریخ عراق السیاسي الحدیث ، ج ١ ، ط٧، بغداد، ١٩٨٩ ، ل٧٦.

[١٣٣] کمال مجید : النفط والاکراد، ل١٤.

[١٣٤] دریه عوني: عرب والاکراد فصام أم وئام ، دار الهلال ، ١٩٩٣ ، ل٥٨.

[١٣٥] عبدالرحمن قاسملو : کوردستان وکورد ، و. عبدالله حسن زادە، ل٨٢– ٨٣.





شوێنی ستراتیجیی عێراق یارمەتی دەریان بوو.[١٣٦] بەتایبەتیش دوای ئەوەی دەوڵەتی عیراق بوو بەخاوەندی سامانە نەوتیەکانی (کەرکوك– توێژەر)کوردستان لە ساڵی ١٩٢٥دا، بەریتانیەکان لە ڕێگەی پرۆتۆکۆلەکانی لەگەڵ عێراقدا دەستیانکرد بەدەرهێنانی نەوتی نێوچەکەو بۆیەکەم جار لە ساڵی (١٩٢٧)دا کۆمپانیای نەوتی عێراق دەستیکرد بەدەرهێنانی نەوت لەشاری کەرکوك.[١٣٧]

## دووەم: دۆخی کشتوکاڵو ئاژەڵداری لەکەرکوك:

کشتوکاڵکردنو ئاژەڵداری لەکوردستاندا بەرلەچەند هەزار ساڵێك شان بەشانی یەکتری دەرکەوتن، کە دانیشتوانی نێوچەی کەرکوك تێیدا رۆڵێکی دیارو بەرچاویانگێڕاوە لەگەشەو پێشخستنی بنەماکانیاندا. لەبەرئەوەی خاکەکەی بەپیت بووەو دانیشتوانەکەشی وزەوتواناکانی خۆیان تێدا بەگەڕخستووە، کاری کێلانو چاندی دانەوێڵەو بەرهەمی دیکەیان هێناوەتەبەر، لەگەڵ بەخێوکردنو مەڕومالأتو ئاژەڵداریدا.هەموو ئەم هەوڵە سەرەتایانەش بەگشتی لەنێوچەی کەرکوكو لەگوندی (چەرمۆ)[١٣٨]ی (٣٥)کیلۆمەتر دووری رۆژهەلأتی شارەکەدا

---

[١٣٦] نصیر سعید الکاظمي : مساهمة في کتابة تاریخ الحرکة العمالیة في العراق حتی عام ١٩٥٨، دمشق، ١٩٩١، ل٢٢.

[١٣٧] مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥. ١٩٥٨ ، ل٢٧ –٢٨.

[١٣٨] چەرموو بەکۆنترین نیشتەجێی کشتوکاڵی و جوتیاری چاخی بەردینی نویّ لەقەڵەم دەدرێت، ئاسەواری ئەو ئاژەلأنەی کەلەو سەردەمەدا بەخێوکراون و ئێسك و پروسکیان دۆزراوەتەوە لەگەڵ شوێنەواری خانوبەری جوتیاران تێیدا. (طە باقر: عصور ماقبل التأریخ واد الرافدین علی ضوء

بەدەرکەوتووە.[١٣٩] هەرچەندە کشتوکاڵکردن لەونێوچانەدا لەشوێنی دێم کراوە، کە پشتی بەئاوی باراناو بەستووە.[١٤٠] بەهۆی کەمی سەرچاوەی ئاوی سەرزەوی لە نێوچەکەدا...جۆری دانەوێڵەکەشی بریتی بووە لە(گەنمو جۆو نیسكو نۆك)ی نایابو بەنێوبانگ،[١٤١] جگە لەمانەش لەنێوچەکانی کەرکوکدا چەندین بەرهەمی کشتوکاڵی تری وەك (کونجیو ماشو توتنو تریٚو برنج و گەنمەشامی و میوەجاتی تری وەك لیمۆی) هەیە، لەگەڵ بەخێوکردنی ئاژەڵی وەك( مەڕو بزنو ئەسپ)و جۆری دیکەش،[١٤٢] جگە لەنێوچەی چەرموو چەندین شوێنی وەك (بەردەبلەکەو کەریم شامەو گومەزەر..هتد) هەبوو، کە زیاتر گرنگی کشتوکاڵی ئەونێوچەیە دەسەلمێنن.

تنقیبات الاثریة في کردستان العراق، مجلة مجمع العلمي الکردي، عدد (١)، ١٩٧٣، ل ٦٠٥-٦٠٦).

[١٣٩] طە باقر: مقدمة في تاریخ الحضارات القدیمة ، ج ١ ، مطبعة الحوادث ، بغداد، ١٩٧٣ ، ل٤١.

[١٤٠] المجموعة الباحثین: کرکوك مدینة القومیات المتأخیة ، ل٢٠٢.

[١٤١] د.نوري تاڵەبانی: کەرکوك لەمەوسوعەیەکی عێراقی ساڵی ١٩٤٧ دا ، گۆڤاری کەرکوك ، ژ(١٠) ، ل٦.؛ سەروەر ئەحمەد کریم: چەمچەماڵ بەر لەمەملەکەتی ئاشور تاحکومەتی هەرێم ، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٨.

[١٤٢] علی جواد: کوردستان لەچاپکراوەکانی عوسمانیدا ، و.فەیسەڵ دەباغ ، چاپی یەکەم ، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٣٢. ؛ و.سەربەست کەرکوکی : ڕاپۆرتی کارگێڕی ی دەڤەری کەرکووك، ل٧٠-٧٤.





## سێیەم: لایەنی بازرگانی لەشاری کەرکوکدا:

شاری کەرکوك شوێنێکی گرنگی هەیە، لەبەرئەوەی کەوتۆتە نێوچەیەکی نێوەندی بازرگانیەوە کە بەنێوچەکانی رۆژهەڵاتو نێوەندو خوارووی عێراقەوە بەستراوە، کۆمەڵێك هێڵی بازرگانی بەستویەتی بەقەزاو ناحیەکانی خۆیو شوێنەکانی دیکەی تری عێراقەوە. (عەزیز شەمزینی)لەوبارەیەوە دەڵێت:((شوێنی جوگرافی کەرکوك کارێکی وایکردووە بێتە مەڵبەندێکی گرنگی بازرگانیو نێوچەکانی دەوروبەری پێوە ببەسترێنەوە)).[١٤٣] لەسەردەمی کۆنیشدا نێوچەی (ئاراپخا)، هەمان ئەو دەورەی بینیوە لەو نێوچەیەدا، کە کەوتبوە نێوان چیای زاگرۆسو ڕووباری زێی بچووكو ڕووباری دیجلەو زنجیرە چیای حەمرینو ڕووباری (سیروان- دیالە).[١٤٤] لەلایەکی تریشەوە دانیشتوانی کەرکوك لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆر جوتیاران وکاری دەستی دەکەن، هەندێکی تریان بازرگانی دەکەن، پیشەی دانیشتوان لەم شارەدا جۆراو جۆرن وەك (ئاسنگەری، بەرگدرووی، دارتاشی)، هەروەها خاوەند زیرەکییەکی زۆرن، لە دروستکردنی ئامێرە بڕەڕەکانی وەك (خەنجەرو چەقۆ).[١٤٥] ئەمانە هەمووی کاڵای بازرگانین.

[١٤٣] جووڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردستان ، و.فەرید ئەسەسەرد، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان ، سلێمانی، ١٩٩٧، ل٥٧.

[١٤٤] د.نوری تاڵەبانی : سیاسەتی بەعەرەب کردنی کەرکوك، و.مەریوان حسین چیمەنی، ل٩.

[١٤٥] محمد هادي الدفتر وعبدالله حسن: العراق الشمالي، ج١، ل٢٢٠.

بۆیە دەبینرێت کەرکوك لە ڕوانگەی بازرگانییەوە بەدرێژایی مێژوو کەناڵێکی بەیەکگەیشتن و پێوەندی لەگەڵ دەوروبەری هەرێمایەتی پێکهێناوە، چونکە بەنێوەندێکی بازرگانی هەژماردەکرا، ئەویش بەهۆی:

١ـ زۆری ڕێگەی هاتووچۆو گەیاندنی بە باشی، کە بەرژەوەندیە سەربازییەکان دروستی کردبوون لەوشارەدا.

٢ـ زۆری بەرهەمی خۆماڵی، لە بواری کشتوکاڵو مەڕو ماڵاتو بوارەکانی دیکەش، کە(ریچ) بەم شێوەیە ئاماژەی بۆ کردووەو دەڵێت: ((شاری کەرکوك ئەو بازاڕەیە، کە هەموو بەروبوومێکی باشووری کوردستانی بۆ دەبرێت، نەك هەر لەلایەن کوردەکانی دەرەوەی کەرکوکەوە، بەڵکو لەلایەن ئەو کەرکوکیانەشەوە کە بۆ مەبەستی بازرگانی دەچنە سلێمانی و پارەی پێشەکی دەدەن بەجوتیارەکانی بەمەبەستی ناردنی (چەڵتووك‌وهەنگوین) بۆیان، لەلایەکی ترەوە قەرەداخیەکان (مازو بەڕو) دەنێرن بۆ بازاڕەکانی کەرکوك)).[146]

٣ـ پێگەی جوگرافی کەرکوك لەگەڵ سلێمانیدا، لە سنووری ئێرانەوە نزیکە، لەموسڵیشەوە بۆ سوریا، لەبەغدادەوە بۆ تورکیا، هەر لەبەرئەمەشە وایکردووە زۆربەی بازرگانیەکانی شاری کەرکوك لەگەڵ (بەغدادو موسڵدا) بکرێت.[147]

٤ –فرە ڕەگەزی نەتەوەیی لەشارەکەدا بواری بۆ پەیدابوونی بازرگانی و سەردان ڕەخساندووە بەمەبەستی هێنان و بردنی کاڵا

[146] کلۆدیۆس جیمس ریچ: گەشتی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و.محەمەد حمە باقی، ئێران، تەورێز، ١٩٩٢، ل١٥٨.

[147] د.فاضل حسێن: کێشەی ویلایەتی موسڵ ، و.محمد شاکەلی ، ل١٥٢.





بازرگانیەکان و نەتەوەو کەمەنەتەوەکانی زانیاری زۆریان هەبووە لەوبوارەدا.[148] بۆ نموونە جولەکەکان بە بازرگانی و گۆڕینەوەی پارەو زێڕەنگەریەوە خەریکبوون، سابئییەکانیش زیوگەرییان کردووە.[149]

٥. بوونی بازاڕی گەورە لەشاری کەرکوکدا هەلی بازرگانی لەم شارەدا زیاتر ڕەخساندوە، (بارۆن ئیدواردنوڵد)لەوبارەیەوە نووسیویەتی:((دووکان‌وبازاڕوچاپخانەو کاروانسەراو شەقامو جادەکانی کەرکوك وانیشان دەدەن، کە لەم شارەدا کارو کاسپی و بازرگانی و کڕین و فرۆشتن گەرمو گوڕەو لە برەودایە)).[150]

هەموو ئەمانە وەهای کردووە، چەندین بنکەی‌ڕەسم‌وگومرگ دانرابوون لەلایەن دەسەڵاتدارانی نێوچەکەوە گومرگ و باجی لەوقافڵە بازرگانیانەی بەو ڕێگەیانەدا تێپەڕ دەبوون، کە زۆربەیان لە ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ یاخود لەسوریاوە بۆی دەچوون، یان لەباشووری ڕۆژئاوای ئێرانەوە کە مەبەست (سنە)و(کرمانشان)و(هەمەدان)بوو دەهێنران، بە پێچەوانەشەوە دەگەڕانەوە،[151] واتە کەرکوك بووبووە نێوەندێکی بازرگای و ناردەنی، بۆ هەرێمەکانی چواردەوری لە بەروبوومی کشتوکاڵی و پیشەی دەستی و

[148] وەلید شەریکە: کەرکوك(توێژینەوەیەکی جیۆمێژووی) ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ، ژمارە (٢٠) ، هاوینی ٢٠٠١، ل١٦٠– ١٦١.

[149] د.نوری تاڵەبانی : کەرکوك لەمەوسوعەیەکی عێراقی ساڵی ١٩٤٧دا ، گۆڤاری کەرکوك، ژ (١٠)، ل٩.

[150] گەشتێك بەعەرەبستان و کوردستان و ئەرمەنستاندا، و.حەمید عەزیز ، ل٢٩.

[151] د.نوری تاڵەبانی : سیاسەتی بەعەرەب کردنی کەرکوك، و.مەریوان حسین چیمەنی، ل٩ – ١٠.

بەروبوومی ئاژەڵدارییدا.[152] ئەمەش ئاماژەیە بەبەهێزی پرۆسەی بازرگانی لەنێوچەکە دەکات.

## چوارەم: کانزاکانی شاری کەرکوك :

لەساڵی (١٨٨٤)زدا کاتێك دانیشتوانی کوردستان بەگشتی بەدەست برسـێتی و نەبوونیـەوە دەیناڵانـد، شـاندێکی ئـەڵمانی لەکـەرکوك و دەوروبەریـدا سـەرقاڵی توێژینـەوەی جیۆلۆجیبـوون، راپۆرتێکیـان لەبارەیـەوە نووسـی و تیـادا ئاماژەیـان بەوەکرد،کـە کـەرکوك دەڤـەرێکی پـەترۆڵی گەورەیـەو کێڵگـە پەترۆڵەکانیـشی لـە ڕووی زەویـەوە نـزیکن.[153] لەگـەڵ ئەوەشـدا چـەندین کـانی جۆراوجـۆری دیکـەی تێدایـە، کـەگرنگی ئابوری کەرکوکیان زۆر زیادکردووەو لەوکانانەش ئەمانەن:

١. کانەبەردی خەڵوزی: لەکەرکوکدا کانی بەردی رەشی خەڵوز (محمی حجری) هەیە، بەزۆریش دەکەونە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە.

٢. کانە بەردی خانوو: بەردی سووری بەکارهێنراو بۆ ئەساسی خانوو، بەردی دیواری خانوو، بەردی گەچ ، گڵی گەچ، بەردی قسڵ و حەلان و چیمەنتۆ هەیە لەنێوچەکانی کەرکوکدا.

٣. کانەبەردی ئاشی ئاردی نان بۆ هاڕینی، هەیە.

٤. کانەبەردی مەڕمەڕو بەردی (مۆزاییك)ی هەیە بۆ کاشی دروستکردن.

٥. (کان)ی چەوو لمی زۆری هەیە.

---

[152] The New Encyclopaed Britannica, Byiwilliam Benton and Helen H.Benton, ,p.٨٣٤.

[153] عبدالحميد العلوجي وحضير عباس سلامي: الاصول التاريخية للنفط عراق، ل٧٥ –٧٦.





٦ـ (کـان)ی خـوێی هەیـە، کـە دەکەونـە باشووری شارۆچکەی سـەنگاو بەنزیکەی(٣٥) کیلۆمەتر لەپەنای ئیمام زەنور.

٧ . ئاوی گەنە کە(بۆگەن)ی زۆری هەیە.[154]

هــەر لەبەرئەمانــە بەگــشتی کــەرکوك بەشــادەماری ئــابوری عێــراق و گــرنگترین شــوێنی ســتراتیژی بــاکوری عێــراق (باشــوری کوردســتان)ە دادەنـرێن، چـونکە گرتنـی کـەرکوك واتـا دەستبەسـەراگرتنی سەرچاوەی پەترۆڵی عێراق.[155] لەگەڵ هەموو ئەو لایەنە گرنگانەی، کە ئابوری نێوچەی کـەرکوك هـەیبوو، بـەڵام لـە کۆتاییەکانی دەسـەڵاتی عوسمانیـدا تووشـی ناهەمواریــەکی زۆرهــات، ئــەوەی زیــاتر بارودۆخەکــەی بەوشــێوەیە ڕەخــساندبوو، ئــەو ڕژێمــە ســەربازییە بــەڕوکار ئایینییــە بــوو، کــە عوسمانیـەکان لـە چـوار سـەد ساڵەی داگیرکردنیانـدا پـەیڕەویان دەکـرد، ئەمــەو ســەرەڕای باڵادەســتی ڕژێمــی دەرەبەگایــەتی و هۆزایــەتی بەســەر کۆمەڵگەی کوردەوارییداو دەسەڵاتدارەتیان بەسەر بنەماکانی کشتوکاڵی ئاژەڵــداری وەك دوو بنــەمای گرنگــی ئــابووری ئــەو قۆناغــە زیــاتر لەبەرژەوەندی دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا خزمەتیاندەکرد، تەنانەت خودی دەسـەڵاتدارانی عوسمـانی هـانی سـەرۆك هـۆزو دەرەبەگـەکانیان دەدا تـا دەست بەسەر بنەمای ئابوری نێوچەکانیاندا بگرن.[156] هەر بەم پێودانگەوە ئەگــەر ســەیری نێوچــەیەکی وەك کــەرکوك بکــەین، هــەردەم جێگــەی

---

[154] عەبدوڵڵا کەریم مارف بەرزنجی: کارکۆك لەمێژوودا، ل ٩١–٩٢.

[155] ئـاران: ئاراپخـاولاٚتی کـوردەواریی لەمێـژوودا، گۆڤـاری هـەزارمێرد، ژمـارە(١٦)، حـوزەیرانی ٢٠٠١، ل١٧٥.

[156] جلیلی جلیل: کوردەکانی ئیمراتۆریەتی عوسمانی، و.کاوس قەفتان ، بغداد، ١٩٨٧، ل٥٣.

بەربەرەکانیو داسەپاندنی جۆرەها باجو باجگری دەوڵەتی عوسمانی بووە و کەوتبوە بەرکوتەکی سەپێندراوی جۆرەها باج کەهەموو لەبەرژەوەندی چینی دەسەڵاتداردابووە، وەك باجی (جوتانە، چالأنە، مەڕانە، سەرانە، مریشکانە، کەرانە، دانانە...هتد) کە هەریەکەیان بۆ مەرامێکی دیاریکراو لە سەردەمێکی جودادا بەکارهاتوون و هەریەکەی کارتێکردنی خۆی لەشارەکەدا هەبووە. ئەمەو دەوڵەتی عوسمانی لەشارەکەدا سیاسەتێکی تایبەتی دابەشکردنی زەوی و زاری بەسەر داموودەستەکەیدا پەیڕەودەکرد، هەوڵیدەدا لەخۆی نزیکیان بخاتەوە، کە توانای سەرکوتکردنی خەڵکەکەیان هەبێت لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدا، لەمەوە دەبینرێت زەویەکی زۆریان بەخشیبوو بە بنەماڵەی(ئاوچی) یەکان لە کەرکوکداو بەمیراتیش نەوە لە دوای نەوە بۆیان دەمایەوە.[157] ئەمەش بارودۆخی ئابووری خراپتر دەکرد.

سەرەڕای ئەو بارودۆخە خراپە ئابوورییەی کەلەنێوچەکەدا بوونی هەبوو، بەهەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانو بەشداربوونی دەوڵەتی عوسمانی لەم شەڕەدا، ڕەوشی ئابووریی نێوچەکە هێندەیتر تووشی نابووتیو ئیفلیجی هات.[158] چونکە تورکەکان وشەی(جیهاد)یان کردە کوتەکی دەستیانو بەم نێوەوە بەهەزاران خەڵکی کوردیان راپێچی بەرەکانی شەڕکرد، بەشێوەیەکی وەها پیاوو گەنجیان دەکردە سەرباز،

[157] عبدالمجيد فهمي: دليل تاريخ مشاهير الالوية العراقية ، ج ٢، ل٣٨.

[158] م.س.لازاريف: المسألة الكردية ١٨٩١ – ١٩١٧، ت. اكبر احمد، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، سليمانية، ٢٠٠١، ل٤٣٦.؛ جەلیلی جەلیل: کوردەکانی ئیمراتۆریەتی عوسمانی، و. کاوس قەفتان، ل١٨٣.





تەنها ئافرەتو منداڵو پیرەمێرد لەشارەکاندا مابوونەوە.[159] لەوکاتەشدا سەربازە تورکەکان لەنێوچە کوردیەکاندا دەستیانکرد بەڕاوڕووت.[160] ئەمەش بووە هۆی زیاتر داتەپینی ئابووری نێوچە کوردییەکان.(ڕەفیق حیلمی) بەم شێوەیە باسی ئەو بارودۆخە دەکات((باشووری کوردستان بەگشتی لە سالأنی یەکەم جەنگی جیهانیدا، بێ ڕەحمیو بەزەیی پییانە هاتنەوەی تەبیعەت بەفەقیرو هەژاران لەلایەكو ناپاکیو زەبرو زەنگی کابەدەستە خوانەناسەکان لەلایەکی ترەوە، بوون بەهۆی قاتو قڕییەکی بێ دادو ماڵوێرانکەر.بەجۆرێك کەهۆقەیەك ئاردی تێکەڵو پڕخاكو خۆڵ چووە (لیرە)یەك، بەقەرداری چەند مانگێك بێجگە لەوانەی کە دەوڵەمەندو دەسەڵاتداربوون وەیا لەحکومەت مەواجبو ئازووقەیان وەردەگرت، ئەوە دوای ئەهالی کەوتنە سەغڵەتیو تەنگانەیەکی وەها کەئیتر مەپرسە، بۆ خواردن ئاردەبرنج، مێوژی ڕەش، تووی وشك، تەواوبوو دەست نەدەکەوتو ئینجا کەوتنە خواردنی ئاردی بەروو)).[161]

لەپاش جەنگ نەتەوەی کورد هەروەك هەموو گەلانی دیکەی عێراق بەئومێدی ئەوەبوون باری سەرشانیان لەو باجە زۆرانەی کەتەنگی پێهەڵچنیبون سووك کرێ، بەلأم ڕۆژنامەی (مانجستەر گاردیان)نووسیوویەتی:((کاربەدەستانی بەریتانیا لەعێراق باجەکانیان سێ بەرابەری جاران زیادکرد)).[162] بەمەش نرخی نان لە کەرکوکدا چوار

[159] محەمەد ئەمین زەکی: خلاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان ، ب ١ و٢، ل١٧٧.

[160] ئەحمەد خواجە: چیم دی،ب١، چاپخانەی شەفیق ، بغداد، ١٩٦٨، ل٨.

[161] ڕەفیق حیلمی: یادداشت ، ب ١ ، ل٣٠-٣١.

[162] وەرگیراوە لە/ د.کمال مظهر أحمد: دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية، بغداد،

هێندی نرخی نان لە بەغداد زیادیکردبوو.[١٦٣] لەگەڵیشیدا باجی نوێی وەك(باجی زەوی، باجی مەڕومالاَت، باجی وورده داهات) بەسەر دانیشتوانی کەرکوکدا سەپێنرا.[١٦٤]

دەربارەی لایەنی تەندروستی لە شاری کەرکوکدا، ئەوە زۆرخراپ و ناهەمواربوو، چونکە دەوڵەتی عوسمانی بۆخۆی بەدەست خراپی ڕەوشی تەندروستیەوە گرفتاربووبوو. هۆکارەکەشی گرنگی نەدانی دەوڵەتی عوسمانی بوو بەو بواره لەچاو بوارەکانی سەربازییەوە، بۆ وێنەش لەساڵی ١٨٩١دا حکومەتی عوسمانی لە ماوەی یەك ساڵدا، تەنها(٦٠)قرۆشی بۆ خەرجی تەندروستی تەرخانکردبوو، بەلاَم لەهەمان ساڵدا بڕی (٨٨٦٠١٤)قرۆشی بۆ خەرجی و پێداویستی جەندرمەو پۆلیسی تەرخانکرد.[١٦٥] لەکاتێکدا بەدەیان و سەدان تەرزە نەخۆشی و پەتا لەنێوچەکانیدا هەبوون.

تاساڵی (١٨٩٦) لەشاری کەرکوك هیچ بنکەیەکی تەندروستی نەبووە، باشترین بەڵگەش بۆئەمە ئەوەیە، کە (شەمسەدین سامی)لەفەرهەنگەکەیدا باسی هەموو دامودەزگاکانی شاری کردووە بەژمارە، تەنها ئاماژەی بەبنکەی تەندروستی و نەخۆشخانە نەداوە کەهەبووبێ لەوشارەدا.[١٦٦] لەلایەکی دیکەشەوە لەکوردستاندا مەگەر بەدەگمەن نەخۆشخانەو تیمارگە

١٩٧٨، ل٧١.

[١٦٣] مەهدی محمد قادر: پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق ، ١٩٤٥. ١٩٥٨، ل٣٤.

[١٦٤] بڕوانە / و.سەربەست کەرکوکی : ڕاپۆرتی کارگێڕیی دەڤەری کەرکووك ، ل٧١-٧٧.

[١٦٥] محمد ئەمین زەکی: تاریخی سلێمانی ولاَتی ل ٢٠٦.

[١٦٦] بڕوانە / قاموس الاعلام ، ل٣٨٤٦.





بەرچاو بکەوێتایە، ئەگەر هەش بووایە، لە ڕووی کەرەسەی خزمەتگوزاری و پزیشك و برینپێچی کارامەوە زۆرکەم و کوڕی تێداهەبووە، ئەم دیاردەیە نەك هەر دیهاتەکان بەڵکو شارەکانیشی گرتبۆوە.[١٦٧] لەلایەکی ترەوە لەو ڕۆژانەدا کاروباری پزیشکی لەسەر بنچینەو شێوازی زانستی نەبوو، بەڵکو شێوازی سەرەتایی و فۆلکلۆری تێدا پەیڕەوکراوەو کەسانێك نەبوون نێویان پزیشك بێت و پسپۆڕبن لەوبوارەدا، بۆیە مەلاکان وێڕای سەرتاشین منداڵانیان خەتەنەکردووەو برین و سوتاویان تیمارکردووە و ڕۆڵی بەرچاویان هەبووەو خەڵکی نەخۆشیان بردۆتە لایان و ئەوانیش بەدوعاو نوشتە یاخود بەبەکارهێنانی هەندێك داودەرمانی کوردەواری چارەسەریان بۆ نەخۆشەکە داناوە.[١٦٨] لەبەر هەموو ئەمانە دانیشتوان لەبارێکی خراپی تەندروستییدا ژیاون، بەرزی رادەی مردنیش لەنێوان پیران و ساوایاندا بەهۆی نەخۆشیەکانی سورێژەو دەردەکۆپان زۆربووە، جگە لەبەرچاونەگرتنی ڕێنماییەکانی لەدایکبوون و نەبوونی پێداویستی تەندروستی، کە بەربەستێکی سەرەکی بوو، لە بەردەم زیادبوونی ڕێژەی ژمارەی دانیشتواندا.[١٦٩]

بارودۆخی تەندروستی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی لەباشوری کوردستاندا زۆرخراپ و ناهەمواربووە، نەخۆشی هەمەچەشن و پەتای زۆر ولاَتی داگیرکردبوو بەبێ بوونی دەرمان و چارەسەری پزیشکی.[١٧٠] (ڕەفیق

[١٦٧] عەزیز شەمزینی: جوولاَنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان ، ل١٧١.

[١٦٨] تومابوا: مع الاکراد ، ت.اواز زەنگنە ، بغداد، دار الجاحظ ، بغداد، ١٩٧٥ ، ل٩٣.

[١٦٩] شاکر خصباك: کوردو مەسەلەی کورد، و.ئەمین موتابچی ، سلێمانی، ١٩٦١ ، ل٤٧.

[١٧٠] ئەحمەد خواجە : چیم دی ، ب١، ل٨.

حیلمی)لەو بارەیەوە نووسیویەتی: ((لەباشوری کوردستان بەگشتیو کەرکوكو سلێمانی و هەولێر بەتایبەتی، نەخۆشێك ئامادەی مردن بوو، خۆزگە زووش ئەمردن، پێش ئەوەی، کە ببن بەمەینەتی دونیا، لەبەرچاو پاك دەبوونەوە، بەڵام ئەم نەخۆشانە بەشی زۆریان هیچ دەردێکیان نەبوو، بەهۆی خواردنی خراپو تەرمی مرداربووەوەی هەندێ باڵندەو مریشكو کەڵەشێرەوە یا لەبەر خواردنی ئاردەبەروو یان (توو)ی وشكو پەموودانەوە، پێش مردنیان بەماوەیەکی تەواو رەقو وشك دەبوونەوەو نەخۆشدەکەوتنو دەموچاوو دەستیان دەئاوساو پاشان دەمردن)).[١٧١] بەپێی دۆکیۆمێنتی ژمارە (١٣٧٩٦٤ – ٥٠٦٩ / fo.٣٧١ ) خراوەتە ڕوو کەلە ١٠٠٪ی دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەری کەرکوك، نەخۆشی مەلاریایان تیادا بڵاو بووبۆوە و مێشوولەی (ئەنۆفیلیس– Anopheles)لەسەرتاسەری دەڤەرەکەدا بڵاو بۆوە.[١٧٢] ئەمەش لەکاتێکدابووە لەشارێکی گەورەی وەك کەرکوکدا، تەنها یەك بنکەی تەندروستی هەبووە، کە زیاتر بۆ چارەسەری سەربازەکان دامەزرابوو، نەك بۆ چارەسەرکردنی گشتی هاوڵاتیان.[١٧٣] (د.نوری ئەڵلاوێردی) هەرلەسەرەتاوە بە پلەی لێپرسراوی پزیشکی دانراو کابتن (G.S.woodmau) ئەرکی نەشتەرگەری گشتی کەرکوکی پێسپێردراوە و لە ١٩١٩/٣/١وە دەستی بەکار کردووە و لەتەموزی هەمانساڵدا چووەتە بەریتانیاو کابتن ( R.HAY ) بۆتە لێپرسراوی بەشی

[١٧١] یادداشت ، ب ١، ل٣١.
[١٧٢] و.سەربەست کەرکووکی : ڕاپۆرتی کارگێڕیی دەڤەری کەرکوك، ل١١٢.
[١٧٣] بروانە/ عەبدوڵڵا عەبدولکەریم بەرزنجی: کارکۆك لەمێژوودا، ل٢١٤.





نەشتەرگەریەکان[١٧٤]. چارەسەری زیاتر لە (٥١٥) نەخۆشی کردووە لەماوەی ساڵێکدا.[١٧٥]

[١٧٤] و.سەربەست کەرکوکی : ڕاپۆرتی کارگێڕیی دەڤەری کەرکووك، ل١١١.
[١٧٥] هەمان سەرچاوە، ل١١٢.

# تەوەرەی چوارەم

## بارودۆخی خوێندنو رۆشنبیریی شاری کەرکوك:

### یەکەم// لایەنی خوێندنو خوێندەواری :

لەدوا ساڵەکانی کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانیدا، بارودۆخی خوێندنو رۆشنبیری لەباشوری کوردستاندا بەگشتیو شاری کەرکوك بەتایبەتی لەوپەڕی خراپیو ناهەمواریدا بوو.لەبەرئەوەی حکومەتی عوسمانی بەر لە هەموو شتێك خوێندنی پشتگوێ خستبوو هیچ گرنگیەکیشی بەبواری رۆشنبیری نەدەدا، بەڵکو پێی وابوو بواری خوێندنو رۆشنبیری ناچێتە خانەی ئەرکو چالاکیەکانی حکومەتەوە، ئەوە کارێکی تایبەتەو دەکەوێتە ئەستۆی تاکەکەسو کۆمەڵەوە.بۆیە لەسایەی بۆچوونێکی ئاوەهاشدا ناتوانرێت چاوەڕوانی هیچ پێشکەوتنێك لەو بوارانەدا بکرێت، بەتایبەت لەهەر سێ ویلایەتەکانی (بەغداد و موسڵو بەسرە)،[١٧٦] کە لە نێوان ساڵانی(١٦٣٨ – ١٩١٧) ماوەی حوکمڕانی عوسمانی بوو تێیاندا، نەیتوانی شتێکی ئەوتۆ بکات کەبکەوێتە چوارچێوەی گەشەکردنی باری خوێندنو رۆشنبیری لەویلایەتەکاندا. چونکە لەسەرەتای فەرمانڕەوایی دەوڵەتەکەوە زیاتر بەشەڕکردنەوە خەریکبوون، بەمەش لایەنی خوێندنو

[١٧٦] و.ابراهيم خليل أحمد: تطور التعليم الوطني في العراق ١٨٦٩ – ١٩٣٢، ط ١، بصرة، ١٩٨٢، ل ٢٥–٢٦.





رۆشنبیریی یە کە کەوتە بەرکوتەکی هێزی سەربازییەوە.[١٧٧] وێڕای ئەو بارە ناهەموارەی شاری کەرکوكو هەوڵی دەسەڵاتدارانی لەپێناوی وێران کردنیو پاش خستنی لەنێوشارەکەو دەوروبەریدا، بەهەوڵی تاکەکەسو کۆشـشی خەڵکەکەی سەرەتاڵێکی خوێندنو رۆشنبیریی خۆی دەرخستووە، بێگومان ئەم سەرەتایەش لەچەند لایەکەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەمانەن:

یەکەم: پاش سەلجوقییەکان، کاتێك عوسمانیەکان هاتنە نێوچەی کەرکوکەوە دەستی ئاوەدانیان تێخستو گرنگییان پێداو دامودەزگاکانی خۆیان وەك قشڵەو سەربازگەیان دروستکردووەو فەرمانبەری تورکیان تێدا دامەزراندوە[١٧٨] ئەمەش بووتە هۆی دەرکەوتنی زمانی تورکی، لە هەموو بوارەکانی وەك (خوێندنو رۆشنبیریو ئەدەبی...هتد)، دواتریش کاریگەری قوڵی لای رۆشنبیرانو شاعیران بەجێهێشتووە، بەتایبەتی لەنێوشاری کەرکوکدا زۆریان شعریان بەتورکی دەنووسی،[١٧٩] بۆ وێنە((قاسمی ١٧٨٥ – ١٨٤٥)، هەندێکیشیان لەپاڵ تورکیدا بەفارسیو عەرەبیو کوردی شعریان نووسیووە، لەوانە (خالصی ١٧٩٧ـ ١٨٥٨)، شێخ رەزای تاڵەبان، خالق ئەسیری، مامند کرکوکی...هتد).[١٨٠]

[١٧٧] د.جميل موسى النجار : تعليم العراق في العهد العثماني الاخير (١٨٦٩ . ١٩١٨)، دار الشؤون الثقافة العامة بغداد، بغداد ٢٠٠١، ل٤٢.

[١٧٨] محمد كلدان : تأسيس المدارس النظامية في كركوك، مجلة الثقافة الجديدة، العدد (١)، سنة ١٩٥٤، ل٣٧.

[١٧٩] وحيدالدين بهادين: من أدب التركمان، بغداد، ١٩٦٠، ل٣٩.

[١٨٠] کەریم شارەزاو جەبار جەباری: ئەسیری شاعیرێکی شۆڕشگێڕی قۆناغی دوای حاجی قادری کۆیی، ١٩٧٤، ل١٠ .

دووەم: لەتەکیەوخانەقاکانی کەرکوکدا، وانە وتنەوەی تایبەتی هەبوو، بۆ منداڵو کوڕانی گەورە پیاوانو کاربەدەستانی عوسمانی، کە تیایاندا چەندین ڕۆشنبیرو مەلای ئایینی وانەیان تێدا وتوەتەوەو فەقێو مەلایان پێگەیاندووە، لەوانەش (مەلا ڕەزای واعز، مەلا سلیمانی سالم، مەلا طە، مەلا مەحمودی شێخ جەمیلی تاڵەبانی، مەلا ئەحمەدی فورقان، مەلا حەمیدو...هتد)، کە لە سەردەمی عوسمانیدا خزمەتێکی زۆری ئایینیو ڕۆشنبیریی کەرکوکیان کردووەو ناووشۆرەتیان دەرکردوە،[١٨١] کە لەهەردوو مەڵبەندی گرنگی ئاینی(تەکێی تاڵەبانی[١٨٢]وخانەقای سەید ئەحمەد)[١٨٣]دا پێگەیشتوونو خزمەتیان کردووە.[١٨٤] ئەم خاڵەش زیاتر هەوڵو کۆششەکانی خەڵکی کەرکوك بەردەست دەخات کەتەکیەو

[١٨١] عبدالمجيد فهمی: دليل تاريخ والمشاهير الالويه العراقيه، ج ١، ل٣٢٥.

[١٨٢] یەکێکە لەتەکیە نێودارەکانی کەرکوك، کە دەورێکی باڵای هەبووە لە پێگەیاندنی زانای گەورە لەبوارەکانی دینیو دونیایدا، سەرباری ئەوەی چەندین خزمەتی گەورەی پێشکەشکردووە لەبوارەکانی ڕێگەنیشاندانی خەڵكو دەست گیرۆیی هەژاراندا. (محمد علی قەرەداغی: هوية كركوك الثقافية والادارية، ئاراس، أربيل، ٢٠٠٤ ل٤٧ –٥٠).

[١٨٣] ئەم تەکیەیە لەنزیك مزگەوتی (قایش محمد پاشا) ی موتەسەڕیف دروستکراوە، (شێخ حوسێن قادر) بەگەشەپێدانی هەڵساوە و دواتر (ئەحمەدی کوڕی شێخ حوسێن) تەواوی کردو خانەقاکەش نێو نراوە (سەید ئەحمەد) یان (سەید ئەحمەدی خانەقا)، ئەم خانەقایە لەڕووبەرێکی فراوانی چەند هەزار مەتر چوارگۆشەیدا بوو لەسەر ڕێگەی هەولێر، جگە لە مزگەوتێکی گەورە لە نێوە ڕاستیدا چەندین ژووری هەبوو، کە جیاکرابوونەوە، بەپێی ئەوکەسانەی ڕوویان تێدەکرد وەك : (زانایان، پیاوماقولاّن، بازرگانان، نابینایان، هەژاران ... هتد...)، چەند مەلایەکیش تێیدا وانەیان دەوتەوەو بەسەدان مەلاش تێیدا مۆڵەتی مەلایەتیان وەرگرتووە. (محمد علی قرەداغی: هوية كركوك الثقافية والادارية، ل٤٥ – ٤٧).

[١٨٤] محمد هادي الدفتر وعبدالله حسن : العراق الشمالي، ج ١، ل٢٥٥.





خانەقاکانی کەرکوکیان کردووەتە نێوندێك بۆ فێربوونو خۆ رۆشنبیرکردن.

سێیەم: عوسمانییەکان دەستیانکرد بەکردنەوەی چەند قوتابخانەیەکی ئاینی بەزمانی تورکی و چەندین مامۆستای تورکیان لەتورکیاوە بۆهێنا، کە بەتورکی دەرسیان تێدا دەوتەوەو لەگەڵیشیدا دەستیان کرد بەبانگەشەکردنی ئەوەی کە زمانی تورکی زمانی ئەدەبو زمانی دەوڵەتو رەسمیاتەو پێویستە خوێندنو نووسین هەر بەزمانی تورکی بێت،[١٨٥]لەو قوتابخانانەش (قوتابخانەی ئاینی قەلاّی کەرکوك)[١٨٦] قوتابخانەی سەرا(١٦٣٧)، قوتابخانەی شاغازی(١٦٥٦)، قوتابخانەی ئەحمەد پاشا ئەیوبی (١٧١٥)، قوتابخانەی غەوسییە (١٧٥٩)، قوتابخانەی مەیدان(١٧٧٩)، قوتابخانەی حاجی ئەحمەد(١٨٠٧)قوتابخانەی موسلیم(١٨٤٨)، قوتابخانەی تۆقاتلی (١٨٨١) و...هتد.[١٨٧]

شێوازی خوێندنیش لەم قوتابخانە ئاینیانەدا، شێوازێکی دواکەوتوو و بیٚ بەرنامە بووەو کۆنترین ڕێبازی وانەوتنەوەی تێدا پەیڕەوکراوە، لە ڕووی تەندروستیشەوە هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدانەبووەو

[١٨٥] بورهان عبدالرحمن جاف: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی شاری کەرکوك، گۆڤاری بانەرۆژ، ژ (١٦)، ئازاری ٢٠٠٥، ل١٧.

[١٨٦] ئەم قوتابخانەیە لەپاش داگیرکردنی کەرکوك لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لەساڵی(١٩٢١) دا لەلایەن "مەلا قادری ئیمام" وەگواسترایەوە بۆ گەڕەکی خانەقاو گەلێك مامۆستای کوردو عەرب وانەیان تێدا دەوتەوە. (بورهان عبدالرحمن جاف : چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی شاری کەرکوك، گۆڤاری بانەرۆژ، ژ(١٦)، ل١٨.

[١٨٧] گولە سیامەنسوری: کەرکوك شاری ئاگری هەمیشەیی، هاواری کەرکوك، ژ(٢)، کانونی یەکەمی ١٩٨٨، ل٣٩–٤٠.

**قوتابییەکان لە ژوورێکی تاریک و شێداردا کۆکراونەتەوەو دەرسیان پێ وتراوە.[١٨٨] لەلایەکی دیکەشەوە وانە زانستیەکان پشتگوێخرابوون و ئاوڕدانەوە تەنها بۆ وانە ئاینی و مێژووییەکان بووە، وەك(مەنتیق، مێژوو، رەوانبێژی، زمان).[١٨٩]**

**لە شاری کەرکوك قوتابخانەیەکی سەرەتایی لەلایەن (نێردراوی دۆمنیکان)یەوە لەساڵی ١٨٦٧دامەزرا[١٩٠] و دواتر لەساڵی(١٨٧٠) قوتابخانەی (رەشیدیە) کرایەوە،[١٩١] (سوڵتان مەدحەت پاشا ) لە ساڵی(١٨٧١)قوتابخانەی(مکتب الصنائیع)دروستکرد، هەرچەندە هەندێك دەڵێن لەراستیدا دانیشتوانی کەرکوك هەستاون بەکڕینی پێداویستی و دروستکردنی قوتابخانەی(صنائیع)[١٩٢] کە خوێندن تێیدا زۆرسادەو ئاسان بووە.**

**لەگەڵ ئەمانەشدا بارودۆخی خوێندن لەویلایەتی موسڵ بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی زۆرخراپ بوو، باشترین نموونەش ئەوەیە، کە لە ساڵی(١٨٨٨)دا بەحەوت قوتابخانەی ویلایەتی موسڵ لە(موسڵ وکەرکوك وهەولێروکفری و ئاکرێ و رەواندوزو سلێمانی) ژمارەی**

---

[١٨٨] د.ابراهيم خليل أحمد: تطور التعليم الوطني في العراق ١٨٦٩ – ١٩٣٢، ل٢٦.

[١٨٩] ئاکۆ عبدالكريم شوانی: شاری سلێمانی ١٩١٨– ١٩٣٢، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٥٧.

[١٩٠] د.جميل موسى النجار: التعليم في العراق في العهد العثماني والأخير (١٨٦٩– ١٩١٨)، ل٢٨٠.

[١٩١] سمکۆ بەهرۆز: مێژووی زمانەوانی و گۆڕانە رۆشنبیرییەکانی ناوچەی کەرکوك هەر لەسەردەمەکانی پێش مێژووەوە تا ئەم سەردەمەی ئێستامان، بەشی یەکەم، گۆڤاری کەرکوك، ژ(١٧)، ساڵی پێنجەم، ٢٠٠٣، ل١٤١.

[١٩٢] د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التأريخ والضمير، ج ١، ل٩٠. ؛ د.جميل موسى النجار : التعليم العراق في عهد العثماني والاخير(١٨٦٩–١٩١٨)، ل١٤١.





**خوێندکارەکانیان تەنها(٣١٨)کەسبووە.[١٩٣] (شەمسەدین سامی) لە (قاموس الاعلام)ەکەیدا سەبارەت بەو بوارە ناهەمووارە دەڵێت: ((لەساڵی ١٨٩٦دا، شاری کەرکوك حەوت قوتابخانە و یەك روشدیە و(١٨) مەکتەبی بچووك(٣٠)مزگەوت و (١٥)تەکیەوکلیسا هەیە))،[١٩٤] کە بۆ رێژەی دانیشتوانەکەی کەم بووە.**

**لەلایەکی دیکەشەوە جولەکەکانی کەرکوك لەسەردەمی حوکمڕانی عوسمانیەکاندا قوتابخانەی خۆیان هەبوو بەنێوی (قوتابخانەی کەرکوك)و لەساڵی (١٩٠٣)دا ژمارەی قوتابییەکانی (٦٠)قوتابی بووەو لەساڵی(١٩١٣)دا قوتابخانەی (ئەلیانس) شیان کردەوە.[١٩٥] قوتابخانەی (مەسیحی) ش لەنێوشاری کەرکوکدا هەبوو، کەلەنێو کلێسەو شوێنەکانیخۆیان خوێندویانە، یەکێك لەقوتابخانەکانیشیان نێوی (قوتابخانەی کلدانی کاسۆلیك)بووە.[١٩٦]**

**لەلایەکی ترەوە لەهیچ شوێنێکی دەوڵەتی عوسمانیدا تاساڵانێکی درەنگ شتێك نەبوو نێوی خوێندنگای میری و رەسەنی بێت،[١٩٧] ئەم بارودۆخەی پشتگوێ خستنەی خوێندن، لەهەر سێ ویلایەتەکەدا، تا ساتە وەختی هاتن و دەسەڵات گرتنە دەستی (مەدحت پاشا) (١٨٦٩–**

---

[١٩٣] مجموعة الباحثين: كركوك مدينة القوميات المتآخية، ل١٥٥.

[١٩٤] قاموس الاعلام، ل٣٨٤٦.

[١٩٥] د.جميل موسى النجار : التعليم فى العراق فى العهد الاخير(١٨٦٩–١٩١٨)، ل٣٠١.

[١٩٦] سمکۆ بەهرۆز : مێژووی زمانەوانی.....، بەشی یەکەم، گۆڤاری کەرکوك، ژ (١٧)، ل ١٤١–١٤٢.

[١٩٧] م. ر. هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب ١، لەندەن، ١٩٩٠، ل١٠٦.

١٨٧٣) وەك والی بەغدا بەردەوام بوو، بەڵام نێوبراو لەگەڵ هاتنیا دەستی دایە ریفۆرم و چاکسازی، کەلایەنێکی چاکسازیەکانی ئاوڕدانەوەبوو لە خوێندن و خوێندەواری.[١٩٨] هەرچەندە ئەو چاکسازیەیانەی مەدحەت پاشا لە دەوڵەتی عوسمانی، بۆی نەکرا ئەوبناغەی سیاسی و ئابوورییەی لە ماوەی سەدەها ساڵدا دروست بووبوون و ئەو دەوڵەتەی لە سەروەستابوو، نەیتوانی بیگۆڕێت و لەشوێن خۆی بیجوڵێنێ،[١٩٩] بەتایبەت دوای دەرچوونی یاسای (مصارف عمومیة نظامەسی) لەساڵی (١٨٦٩)دا.[٢٠٠] کە بەپێی ئەم یاسایە خوێندن و دروستکردنی قوتابخانە لەسەر ئەرکی خەڵك و دانیشتوانی عوسمانی بوونە حکومەت.

کاتێك سەیری بارودۆخی خوێندن و رۆشنبیری بکرێت لەشاری کەرکوکدا لەنێوان ساڵانی (١٨٦٩ – ١٩١٨)دا، ئەوە هەندێك گۆڕانکاری دی بەرچاو دەکەوێت، وەك دروست کردنی قوتابخانەی ((سوڵتانییە) و ((روشدیە))[٢٠١] ی سەربازی[٢٠٢] وەکو ئەوەی کە لەدەوڵەتە ئەوروپاییەکان هەبووە، ئەویش بۆ ئەوەی کە سوپاکەی پێ بنیاد بنێتەوە،[٢٠٣] نەك بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری.

---

[١٩٨] عبدالعزیز سلیمان نوار: تاریخ العراق الحدیث، قاهرة، ١٩٦٨، ل٣٨٢– ٣٨٧.

[١٩٩] م.س.لازاریف: کێشەی کورد، و.کاوس قەفتان، ب ١، مطبعة الجاحظ، بغداد، ١٩٨٩، ل٨٢.

[٢٠٠] د.جمیل موسی النجار: التعلیم في العراق في العهد العثماني الأخیر (١٨٦٩ – ١٩١٨)، ل٤٦.

[٢٠١] (سوڵتانیە): ئامادەییەکی سەربازیی پێشکەوتوبوو بەزمانی فەرەنسی تێدا دەخوێندراو (روشدییە) بەزمانی تورکی تێدا دەخوێندرا. (د.کەمال مەزهەر ئەحمەد : کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر، ج ١، ل٩٠)

[٢٠٢] محمد کلدان: تأسیس المدارس النظامیة في کرکوك، مجلة الثقافة الجدیدة، عدد (١)، ل٣٥.

[٢٠٣] .جمیل موسی النجار، التعلیم في العراق في العهد العثماني الأخیر (١٨٦٩ – ١٩١٨ )، ل٤٢.





لەسەرەتاکانی جەنگی یەکەمی جیهاندا نزیکەی چوار قوتابخانەی سەرەتای لەشارەکەدا مابوو، کە ژمارەی قوتابییەکانی (٢٨٠) قوتابی بوو، یەك قوتابخانەی ئامادەیی هەبوو، کە ژمارەی خوێندکارەکانی (١٣٥)قوتابی بوون.[٢٠٤] پێدەچێت بەهۆی تێوەگلانی دەوڵەتی عوسمانی لەو جەنگەدا، ئەو بارەودۆخە زیاتر بەرەو خراپ بوون چووبێت، چونکە قوتابخانەی روشدیەی سەربازی، کە زۆرترین خوێندکاری هەبووە، هەڵوەشاوەتەوە و خراوەتە سەر مەعاریفی گشتی.[٢٠٥] هەربۆیەش (د.ابراهیم خلیل أحمد) دەڵێت: ((کاتێك جەنگی یەکەمی جیهانی کۆتایی هات رێژەی خوێندەوار لە هەرسێ ویلایەتەکەی عێراقدا تەنها (١٪)ی دانیشتوانی پێکدەهێنا)).[٢٠٦] لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی رێژەی ئەو کەسانەی لە شاری کەرکوك قوتابی بوون (١،٩٢٪ ) بوون واتە بەهەر سەد کەس کەمتر لە ٢ قوتابی هەبوون.[٢٠٧]

پاش کۆتایی هاتنی یەکەم جەنگی جیهان و داگیرکردنی میزۆپۆتامیا و کەرکوك لەلایەن ئینگلیزەوە، لەساڵی ١٩١٩دا لە کەرکوك قوتابخانەیەك بەنێوی (زەفەر – ظفر)[٢٠٨] ی سەرەتایی کرایەوەو پاشتر قوتابخانەی

---

[٢٠٤] هەمان سەرچاوە ل ١٤١ .

[٢٠٥] ئاکۆ عبدالکریم شوانی: شاری سلێمانی ١٩١٨ – ١٩٣٢، ل٦٦.

[٢٠٦] تطور التعلیم الوطني في العراق ١٨٦٩ – ١٩٣٢، ل٦٤.

[٢٠٧] و.سەربەست کەرکوکی: ڕاپۆرتی کارگکێڕیی دەڤەری کەرکووك، ل٩٥ .

[٢٠٨] ئەم قوتابخانەیە لەدوای داگیرکردنی کەرکوك و بەیادی سەرکەوتنەکانی ئینگلیز لەشەڕدا کرایەوەو (شوکری عبد الواحد) بەڕێوەبەری بوو، وە ((رەشید عاکف هورمزی، صاڵح قازی واتە (صاڵح بولشەویك کوڕی قاچی پەڕەش)، سەعداللە ی کوڕی مفتی دەروێش ئەفەندی، عەورەحمان مەلا مەحمودی مەزناوەیی، شەوکەتی عەبدوڵڵای ئەفەندی، سەید تەها ...هتد)) مامۆستای بوون، کە(٣٠٠) قوتابی هەبوو. (رەفیق حیلمی: یادداشت، ب ١، ل١٤٠– ١٤٢).

(قەلاّ)و (قۆریە) دامەزران و لەساڵی (١٩٢١) دا، یەکەم قوتابخانەی کچان بەنێوی (ئاوچی)یەوە بنیادنرا، کە خوێندن تێیدا بە تورکی بوو.[٢٠٩] لەبەشێکی راپۆرتی(کۆمەڵەی گەلان) سەبارەت بەکێشەی ویلایەتی موسڵ هاتووە: ((کە لە ئەیلولی ساڵی ١٩٢١دا پۆلێکی ناوەندی لە شاری سلێمانی کرایەوە، بەلاّم لەبەرئەوە تەنها سێ خوێندکار خۆیان ناونووسیکرد بۆیە پێشنیار کرا بگوێزرێنەوە شاری کەرکوک))،[٢١٠] ئەمەش بۆخۆی ئەوە نیشاندەدات بارودۆخی خوێندن لە کەرکوک پێش شارەکانی تری باشووری کوردستان کەوتووە. هەرچەندە دەبێت ئەوەش بزانرێت، کە بەپلەی یەکەم لە قوتابخانەکاندا زمانی تورکی و بەپلەی دووەم زمانی عەرەبی بووە، کۆی سەعاتی هەفتانەی زمانی تورکی لە ئامادەییەکانی کەرکوکدا (٢٢) کاتژمێر بووە، کە دوو ئەوەندەی سەعاتی خوێندن بووە بەزمانی عەرەبی و زمانەکانی تر.[٢١١] بەلاّم خوێندن بەزمانی کوردی لە کەرکوک بۆ پاش لێدوانەکەی (عەبدول موحسن سەعدون) دەگەڕێتەوە لە ئەنجومەنی دامەزرێنە (مجلس التأسیس)، کە بڕیاردرا هەموو کتێبەکانی خوێندنگەکانی کوردستان بەزمانی کوردی بن، ئەوەبوو (عەبدوڵلاّ عزی)و(سەعید کابان) و چەندئەندامێکیتر هەمووکتێبەکانی قوتابخانەیان وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و بەسەر خوێندنگاو قوتابخانەکانی شاری کەرکوک و دەوروبەریدا دابەشکران . هەر لەسەر ئەو

[٢٠٩] کەریم شارەزاو جەبار جەباری: ئەسیری شاعیرێکی دوای قۆناغی حاجی قادری کۆیی‌یە، ل٨.

[٢١٠] د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، ب ١ ، بەغداد، ١٩٨٥، ل١١٨.

[٢١١] د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم تأریخ والضمیر، ج ١، ل٩٠.





بنەمایەش (نوری بەرزنجی) مامی (فواد عارف) دامەزرا بەموفەتیش(سەرپەرشتیاری)بەڕێوەبەرایەتیی مەعاریفی کوردستان، کە فەرمانگەکەی لە شاری کەرکوک بوو.[٢١٢]

## دووەم //لایەنی چاپخانەو رۆژنامەوانی:

تائێستا زۆر ڕوون نییە، یەکەم چاپخانە کەی هێنراوەتە باشووری کوردستانەوە، کێ ئەم کارەی ئەنجامداوە؟ لەگەڵ ئەوەی تێکڕای گەلانی نێوچەکەش چاپخانەیان لەدەرەوە بۆ هێنراوە، دەبێت ئەوە بزانین، کە عوسمانیەکان ساڵی (١٥٦٥) لەرێگەی ئەرمەنەکانەوە ئاشنایەتیان، لەگەڵ چاپخانەدا پەیداکردووەو سەرەتا لێی کەوتوونەتە سەنگەرو هەزارو یەك بیانوویان بۆ رێگەگرتن لەبلاّوبوونەوەی چاپخانە گرت، (د.کەمال مەزهەر) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((سیاسەتیی کوێرانەی سوڵتانەکان و دواکەوتوویی خەڵك لەمەدا دەوری گەورەیان بینی، سوڵتانەکان چاپکردنی کتێبیان بە کوفر دادەنا))، [٢١٣] ئەم پرۆسەیە لای گەلە موسوڵمانەکانی نێودەوڵەتی عوسمانی زۆر لەوە دواکەوتووتر بووە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەش لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەوە، کاری چاپەمەنی هەنگاوی باشی لەوڵاتی عوسمانی بەرەوپێشەوە ناو ئەویش سەرەتایەکی پێویست بوو بۆپەیدابوونی رۆژنامەو

[٢١٢] مەلا جەمیل رۆژبەیانی : کەرکوك لەسەردەمی داگیرکاری بەریتانی و سەردەمەکانی دواتردا، و.ئیبراهیم ساڵەیی، گۆڤاری بانەرۆژ، ژمارە (٢٠)، تەموزی ٢٠٠٥، ل٤٥.

[٢١٣] وەرگیراوە لە/ ئاکۆ عبدالکریم شوانی: شاری سلێمانی ١٩١٨ – ١٩٣٢، ل٥٤.

**رۆژنامەنووسـی لـەوڵاتی عوسمانیـدا،[٢١٤] هەرچـەندە یەکـەم (یاسـای چاپەمەنی) لە ساڵی (١٨٥٧) دانراو پڕ مەرجو بڕیاری قەبەو گران بوو، بەڵام سوڵتانی عوسمانی پێی قایل نەبوو، زیاتر لەپێنج جار ئاڵوگۆڕی لەو یاسایەدا کرد، کە ئەمەش جێگەی گاڵتەکردن بوو بەچاپەمەنی عوسمانی.[٢١٥]**

**بوونی چاپخانە لە کوردستان مێژووەکەی زۆر کۆن نییە، لەبەرئەوەی دەوڵەتی عوسمانی نەیویستووە چاپخانە بێنێتە ئەم وڵاتەو چاپخانەی میللیش ئەورۆژگارە برەوی نەبووە، لەلایەکی دیکەشەوە هۆشیاری خەڵك بەرامبەر بەچاپخانە لە کوردستان ڕۆڵی هەبوو.[٢١٦] هەربۆیە دەبینرێت زۆر درەنگ چاپخانە دەگاتە کوردستان، کەرکوك وەك شارێکی گەورەی باشووری کوردستان لەدوای شارەکانی (بەغداد، موسڵ، بەسرە) بە چوارەمین شاری عێراق ئێستاو یەکەم شاری کوردستان هەژماردەکرێت کەچاپەمەنیو رۆژنامەگەری بەخۆوە بینیبێ.[٢١٧] ئەو چاپخانەیەش بەنێوی (چاپخانەی ویلایەت)ەوە بوو کە لە ساڵی (١٨٧٩)[٢١٨]دا لەلایەن**

---

[٢١٤] د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لەرۆژنامەنوسی کوردیدا، بەغداد، ١٩٧٨،ل ٤٦ .

[٢١٥] هەمان سەرچاوە، ل ٥٣.

[٢١٦] لەتیف فاتح فرج: رۆژنامەگەری کوردی لەکەرکوك، گۆڤاری شەفەق، ژمارە (٢٧)، حوزەیرانی٢٠٠٥، ل٢١

[٢١٧] سمکۆ جەباری : کۆی بەرهەمە کوردیەکانی نووسەری شەهید جەباری، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٠٠٢.

[٢١٨] مێژووی دامەزاندنی چاپخانەی ویلایەتی مێژوونووسان چەند ساڵێکی جیاجیای بۆدانراوە وەك ساڵەکانی(١٨٧٥) و(١٨٨٠) و(١٨٨١).(توێژەر).





**(فەیزی پاشای کوڕی حوسێن پاشا) دامەزراوە،[٢١٩] هێنانی ئەم چاپخانەیەش دوای ئەوە بوو، کە کەرکوك کرا بە نێوەندی ویلایەتی موسڵ بەهەر مەبەستو ئامانجێك بووبێ، بۆ راپەراندنی کاروباری ئیداری ویلایەتەکە یا بۆ خزمەتی باری ڕۆشنبیریو هونەریی ویلایەتەکە، ئەو چاپخانەیەیان لە شاری ئەستەمبووڵ کڕیو بەرێگەی دەریاو وشکانی گەیاندیانە کەرکوكو پاش گوێزانەوەی ویلایەتەکە دووبارە بۆ موسڵ، چاپخانەکەش بەفەرمانی (تەحسین پاشا) گوێزرایەوە بۆ موسڵ.[٢٢٠] دەبێت ئەوەش بزانرێت، کە چاپخانەی ویلایەت لە شاری کەرکوك جگە لەکاروباری ئیداری ویلایەتەکە، چەند کتێبێکی پێ لەچاپدرا یەکێك لەو پەرتووکانەش بەم نێونیشانەوەبوو(شرح پیر خضر المعروف بالشاهوي نشره عبدالله فوزي أحمد نامي) لە نووسینی (تصریف الزنجاني).[٢٢١]**

**لەساڵی (١٩٠٩) دا (محمد عون الله الکاظمي) موتەسەریفی لیوای کەرکوك کاتێك قوتابخانەی (الصنایع السلطانیة) بنیات نابوو، چاپخانەیەکی تایبەتیشی بەنێوی (صنایع مکتبی مطبعسي) کە بە(١٥٠٠) لیرەی زێڕ کڕیوەو تێدا دانا.[٢٢٢] کە بۆ چاپو بڵاوکردنەوە**

---

[٢١٩] غازی حەسەن: یەکەم چاپخانەی کوردستان لەکەرکوك، گۆڤاری نەوشەفەق، ژمارە(١١) ساڵی ٢٠٠٤ . ل٦.؛ عطا ترزی باشا : تاریخ الصحافة في کرکوك، مجلة الثقافة الحدیثة، العدد (١)، السنة ١٩٤٥، ل٣٧.

[٢٢٠] سمکۆ بەهرۆز: مێژووی زمانەوانیو گۆڕانە رۆشنبیریەکانی نێوچەی کەرکوك هەر لەسەردەمەکانی پێش مێژوەوە تا ئەم سەردەمەی ئێستامان، بەشی دووەم، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە(١٩)، ساڵی پێنجەم، زستانی ٢٠٠٤، ل١٤٥.

[٢٢١] صباح البازرگان : مطبوعات کرکوك ١٩٠٠ – ١٩٩٩، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە(١٩)، ساڵی پێنجەم، زستانی ٢٠٠٤، ل٢–٣.

[٢٢٢] جبار محمد جباری : تاریخ الصحافة الکردیة في العراق، مطبعة الامة، بغداد، ١٩٧٥، ل٩٠.

ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەم زۆردەوری بینیوە، یەکەم بڵاوکراوەشی بەنێوی(ژورناڵ)ەوە دەرکردووە، [٢٢٣] ئەمە جگە لەو بەیاننامە ڕەسمیانەی، کە لەم چاپخانەیەوە دەردەچوو. دواتر لە ساڵی (١٩١١) لەسەردەستی (ئەحمەد مەدەنی) ڕۆژنامەنووس چاپخانەی(الحوادث) دا دامەزرا. [٢٢٤] هەندێك لەتوێژەران و لەنێویشیاندا (عەتا تەرزی باشا) وادایدەنێت کە دامەزراندنی ئەم چاپخانەیە خاڵی وەرچەرخانە لەمێژووی ڕۆژنامەوانی کەرکوکدا. [٢٢٥] کە چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەی پێ لە چاپدراوە، لەوانەش (ڕۆژنامەی حوادث ١٩١١)[٢٢٦] ڕۆژنامەی ئاژانس (١٩١١)[٢٢٧]، گۆڤاری معاریف[٢٢٨] (١٩١٣)، گۆڤاری کوکب معاریف[٢٢٩] (١٩١٥.... هتد).

---

[٢٢٣] ئیسماعیل عەلی مێژووی ڕۆژنامەنووسی و چاپەمەنی لەکەرکوکدا، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژ(١)، ٢٠٠٤، ل٢٩١.

[٢٢٤] جەبار جەباری : کورتە باسێکی مێژوویی چاپخانەی کەرکوك، گۆڤاری بەیان، ژمارە (١٦)، ساڵی ١٩٧٤، ل١٢.

[٢٢٥] مصطفی صالح کریم: الدور الادبي ثقافي لمدینة کرکوك، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە(١٠)، ساڵی سێیەم، پایزی ٢٠٠١، ل١٤٨ – ١٤٩.

[٢٢٦] ڕۆژنامەی الحوادث: یەکەم ڕۆژنامەی (چاپخانەی حوادث) ە کەهەفتانە لەکەرکوك بەزمانی تورکی عوسمانی لەلایەن (ئەحمەد مەدەنی قودس زادە) دەردەکرا، یەکەم ژمارەی لە(٢٤ ی شوباتی ١٩١١)دا دەرچوو، بەردەوام بوو تاساڵی ١٩١٨ز. ئەم ڕۆژنامەیە لەسەرەتادا بەشێوەیەکی سەرەتایی دەردەچوو پاشان لە چاپخانەی (صناعەیەی ڕەسمی) لەکەرکوك چاپ دەکرا. (صباح البارزکان: صحافە کرکوك، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (٢٤)، ساڵی شەشەم، بەهاری ٢٠٠٥، ل١٨٥.؛بڕوانە/ ناهیدە ڕەفیق حیلمی : یادی بیست و پێنجەم ساڵەی کۆچی دوایی ڕەفیق حیلمی باوکمان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(١٠٨)، ١٩٨٥، ل١٨٢.؛ عطا تزری باشا : کرکوك مطبوعات تاریخي، قسم ١، کرکوك، ٢٠٠١، ل٣٥-٣٦).

[٢٢٧] ئاژانس: ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەبوو لە کەرکوك کە بەزمانی تورکی عوسمانی دەردەچوو لە ساڵی ١٩١١وە بەردەوام بووە تا (١٤ مایسی ١٩١٨ز)، واتە بەهاتنی ئینگلیز بۆ کەرکوك وەستاوە.(ئەحمەد قوشپمو ئوغلو بەهجەت مەردان غەمگین، ئەحمەد صاری کەهیە: دلیل الصحافە





ئینگلیزەکان ئەوەیان کردبوو بە پیشەی خۆیان، لەگەڵ داگیرکردنی هەریەك لە شارەکانی عێراقی ئێستاو باشوری و کوردستان دەستیاندەکرد بە بڵاوکردنەوەی چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێك، بەچەند زمانێکی جیاجیای نەتەوەکانی عێراق، بەمەبەستی پڕوپاگەندەکردن بۆ سیاسیەتی داگیرکەرانی خۆیان و هاندانی گەلانی عێراق بە(کوردو عەرەب و تورکمان)ەوە بۆ بەگژاچوونی دەسەڵاتدارانی عوسمانی.ئەوەبوو کاتێك لەساڵی ١٩١٨دا بەریتانیەکان کەرکوکیان داگیرکرد،(چاپخانەی حوادث) یان کڕی و ڕۆژنامەی (نەجمە)[٢٣٠] یان پێ لەچاپدا، کە بەزمانی عەرەبی و

---

فی کرکوك عبر قرن (١٩٠٠ – ٢٠٠٠م)، ٢٠٠١، ل١١ .؛ صباح البارزکان : الصحافە کرکوك، ل١٨٥ .؛ عطا ترزي باشا: کرکوك مطبوعات تاریخي، قسم ١، ل٣٥).

[٢٢٨] معارف: یەکەم گۆڤار بوو کە لە کەرکوك بەزمانی تورکی عوسمانی دەردەچوو، کە گۆڤارێکی هونەری و ئەدەبی بوو، ژمارە یەکی لە (٢٤ ی نیسانی ١٩١٣ ) دا دەرچوو بە (٨) لاپەڕەی قەبارە گەورە کە نیو مانگ جارێك دەردەچوو. خاوەنەکەی (موحەمەد جواد) بوو، وە دامەزرێنەرەکەی (ئەحمەد قودسی زادە) بوو، ئەم گۆڤارە یازدە ژمارەی لێدەردەچوو پاشان لە (٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٣) دا وەستاوە.( صباح البازرگان: الصحافە کرکوك، ل ١٨٥.؛بڕوانە شاکر صابر الضابط: موجز تأریخ الصحافە کرکوك، بغداد، حوزەیرانی ١٩٦٩، ل ٧٠٥. ؛ عطا ترزی باشا: کرکوك مطبوعات تأریخی، قسم١، ل ٣٦).

[٢٢٩] کوکب معارف: گۆڤارێکی زانستی ئەدەبی کۆمەڵایەتی دانایی وێنەداربوو، کە بەزمانی تورکیی عوسمانی دەردەچوو، ژمارەیەکی لە(٣ی شوباتی ١٩١٥)دا دەرچووو سەرنووسەرەکەی شاعیر (عورفی) بوو، خاوەنەکەی (مستەفا یعقوبی زادە)بووە و لەچاپخانەی (صنایع) لەچاپدرا. (صابح البازرگان : الصحافە کرکوك، گۆڤاری کەرکوك ژ(٢٤)، ل١٨٥. ١٨٦ .؛ عطا ترزي باشا: کرکوك مطبوعات تاریخي، قسم ١، ل٣٦.).

[٢٣٠] بەماوەیەکی کەم، پاش داگیرکردنی کەرکوك لەلایەن ئینگلیزەکانەوە (ڕۆژنامەی نجمة کرکوك) یان بڵاوکردەوە، بەقەبارەی بچووکی (٢٩*١١) سم و ڕاستەوخۆش لەلایەن (مستەر لونگریك)ی حاکمی سیاسیی کەرکوکەوە سەرپەرشتی دەکراو یەکەمین ژمارەش لەرۆژی (١١ربیع الاولی ١٩١٨ز) دەرچوو. کە لە سەرەتادا بەزمانی عەرەبی دەردەچوو تانیوەڕاستی ساڵی ١٩٢٦ نێوەکەی گۆڕا بە (کەرکوك)و

تــوركی دەردەچــوو[٢٣١] دوای دامەزرانــدنی دەوڵــەتی عێــراق، بەهــەوڵ‌و كۆششی خەڵك‌و ڕێكخراوە جەماوەریـەكان‌و حكومـەتی چـەند دەزگایـەكی چاپەمەنی لەكـەركوك دامـەزرا، كـە لـە بڵاوكـراوەو چـاپكردنی بەرهـەمی هەمـەجۆرو كـارو چالاكی‌یەكانی شـارەكەدا ڕۆڵـی بەرچاودیاریان هـەبوو، لەوانــەش دامەزرانــدنی (چـاپخانەی شـارەوانی).[٢٣٢] لــە ســەرەتاوە كــە ڕۆژنامەی (كەركوك) پیێ لە چاپدرا.

بەزمانی كوردی‌و توركی بڵاودەكرایەوەو لەچاپخانەی (شارەوانی كەركوك) لەچاپدەدرا .(ڕەفیق حیلمی : یاداشت، ب ٢، چاپخانەی ڕۆشنبیریی لاوان، ١٩٨٨، ل١٤٣– ١٤٧.؛ حسان سیامەنسوری : چەمكێكی مێژووی ڕۆژنامەنووسی كوردی كەركوك، گۆڤاری ئاران، ژمارە (٦)، مایسی ١٩٩٨، ل٣٢).

[٢٣١] فائق بطي: الموسوعة الصحفية العراقية، بغداد، ١٩٧٦، ل٤٥.

[٢٣٢] وريا نامق الجاف: كركوك دراسة سياسية واجتماعية، ل٤١ – ٤٦.

# بەشی دووەم

# کەرکوك لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی ئینگلیزدا

# تەوەرەی یەکەم

## داگیرکردنی کەرکوك لەلایەن ئینگلیزەوە :-

دەوڵەتە داگیرکەرەکان بەهەر شێوەیەك بووبێت، ویستویانە جێ پێی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەندا بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی توند بکەن، کەرکوکیش بەحوکمی گرنگی ستراتیژی سیاسی و ئابوریەکەیەوە، ئینگلیزەکان چاویان تێبڕیبوو.[1] ساڵانێکی زۆربەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی، سەرجەم نێوچەکانی کەنداویان بەنێوچەکانی نێو بازنەی دەسەڵاتی دەریایی خۆیان لە قەڵەمدەدا، بەردەوام چاودێری وردی ئەو هەرێمەیان دەکردو لە هەلێك دەگەڕان زیاتر شوێن پێی خۆیان بەدرێژایی کەنارەکانی بچەسپێنن.[2] لەسەردەمانێکی کۆنەوە دەسەڵاتی ئینگلیزەکان گەیشتبووە کەنداو و تا دەهات دەسەڵاتیان فراوانتریش دەبوو، بەتایبەتی دوای ساڵی(١٦٠٠) کاتێك کە بەریتانیا ((کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی))[3]

[1] ادمونس : کردوترك‌و عرب، ت. جرجس فتح الله، ل٣٢ . بەکوردی" سیسیل جۆن ئیدمونس: کورد تورك عرب، و. حامید گەوهەری، ل٥٣".

[2] منذر الموصلي: الحياة السياسية والحزبية في كردستان، رؤية عربية للقضية الكردية، لندن، ١٩٩٧، ل١٣٨.

[3] کۆمپانیایەکی ئینگلیزی ناسراوبوو، هەندێك لەبازرگانە بەریتانیەکان لەساڵی (١٦٠٠ن)دا دایانمەزراند بەمەبەستی پتەوکردنی پێوەندی لەنێوان ئەوروپا لەگەڵ هیندو باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو چین‌و برەوپێدانی ئەم پێوەندیانە.(د.كمال مظهر أحمد: كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ت.محمد الملاعبدالكريم، ل٣٣. بەکوردی ( کوردستان لەساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ل ١٢-١٣).





دروست کرد، هێندەی دیکە لەم نێوچەیە نزیك بووەوەوبە هاوکاری ئێرانیەکان لە ساڵی (١٦٢٢)دا دەستیان گرت بەسەر گەرووی(هورمز)دا کە لەژێر دەسەڵاتی پرتوگالیەکاندابوو، ئەم کارە بەیەکەم هەنگاوی ئاشکرای بەریتانیەکان هەژمار دەکرێت بە مەبەستی وەدەستهێنانی بارێکی سیاسی باشتر بۆ خۆی لەکەنداوداو دواتریش هەوڵێکی ڕێگە خۆشکەربوو بۆ دەستگرتن بەسەر ئێران و سێ ویلایەتەکەی دەوڵەتی عوسمانی لە میزۆپۆتامیا.[4] بۆ یەکەمجاریش لە نێوان ساڵانی(١٦٣٥-١٦٣٩)دا، چوونە نێوچەی(بەسرە)و زانیاریان دەربارەی هەرسێ ویلایەتی(بەسرەو بەغدادو شارەزوور) کۆکردەوە،[5] بۆیان دەرکەوت نێوچەیەکی زۆردەوڵەمەندە لەڕووی کانزاکانی ژێر زەوییەوە.

لەپاش فراوانبوونی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات‌و پەرەسەندنی چالاکیی بازرگانیی ئینگلیز، کۆمپانیاکە ببووە گەورەترین‌وچالاکترین کۆمەڵەی سیخوڕی‌و هەواڵگری ئینگلیزی‌و بەشێکی زۆری کردە بازرگانیەکانی ئەم کۆمپانیایە، کە بۆخۆی ڕووپۆشێك بوو بۆ دەست بەسەرداگرتنی نێوچەکە.[6] لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەم‌و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە،[7] کارمەندانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات،

[4] هنري فوستر : نشأة العراق الحديث، ت.سليم طه التكريتي، ج ١، بغداد، ل٥٥ – ٥٦.

[5] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، ب ٢، ل ١٥٨.

[6] د.کمال کمال مظهر: كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ت، محمد ملا عبدالكريم، ل٣٣. بەکوردی"کوردستان لەساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ل١٢-١٣ ".

[7] هەمان سەرچاوە ل ١٢-١٣.

هەرجارەی بەنێوێکەوە لە نێوچە کوردیەکاندا دەگەڕان. بۆ نموونە لە ساڵی(١٧٥٨)دا دکتۆرێکی کۆمپانیای هیندی رۆژهەلآت بەڕێگەی کەرکوکدا تا نێوچەی (ماردین)چوو، دوا بەدوای ئەویش چەند کارمەندێکی دیکەی ئەم کۆمپانیایە سەردانی کوردستانیان کردووە وەك(د.کامیل وت، هارول)، پاشتر(جۆن مالکۆلم) لەمیانەی گەشتەکەی بۆ ئێران سەردانی نێوچەکانی باشووری کوردستانی کردو زانیاری زۆری لەبوارە جیاجیاکانی ژیانی کورد تۆمارکرد.[8] لەدوای(مالکۆلم)یش(کلۆدیۆس جیمس ریچ) لە ساڵی (١٨٠٦)دا وەك نمایندەی کۆمپانیاکە چونەتە بەغدادو سەردانی کوردستانی کردووە.[9] لە ساڵی (١٨٣٠)دا گەڕیدە (مینیان)وپاشان لە ساڵی(١٨٣٤)دا (جیمس پیلی فرایزەر)سەردانی نێوچەکانی کوردستانیانکردووە.[10] زانیاری وردیان لەباریەوە نووسیەوە کەدواتر سیاسەتەمەدارانی ئینگلیز سوودیان لێوەگرتووە بۆ داڕشتنی نەخشەی نێوچەکە.

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەتەواوی بایەخی نێوچەکانی باشووری کوردستان بۆ ئینگلیزەکان بەدەرکەوت، بەهۆی دۆزینەوەی نەوت لەباشووری کوردستان"کەرکوك"لەلایەك و شوێنی ستراتیژیی کوردستان

[8] د.کمال مظهر أحمد : دراسات في تأريخ ایران الحدیث والعاصر، ل٢٣٥.

[9] أ.خالفين: الصراع على كردستان، ت، أحمد عثمان ابوبكر، بغداد، ١٩٦٩، ل ٢٧-٢٨.

[10] د.كمال مظهر أحمد: كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ت . محمد ملا عبدالكريم ل٣٣-٣٤. بەکوردی "کوردستان لەساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ل١٢- ١٤.؛ أ.خالفين: الصراع على كردستان، ل٣٢ -٣٣.





لەلایەکی دیکەوە، چونکە دەیانتوانی ئەم نێوچەیەی(میسۆپۆتامیا) بکەن بەبنکەیەك و لەوێوە دەسەڵاتی خۆیان بگوێزنەوە بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دوور، لەهەمانکاتیشدا پارێزگاری لەبەرژەوەندیەکانیان بکەن،[11] لەبەرئەوەی بەکورتترین رێگەی گەیشتن دادەنرا بۆ هندستان.[12] هەر لەبەر ئەمەش بوو نێوەندە بەرپرسەکانی ئینگلیز توێژینەوەی جیاجیایان لەسەر بارودۆخی نێوچەکانی کوردستان ئەنجامدەدا. هاوکات دەستیان کرد بەپێوەندی کردن بەهەندێك سەرەك خێڵ و عەشیرەتە کوردەکان، وەك هەنگاوی سەرەتایی بۆ دزەکردنە نێو کوردستانەوە[13] کرۆکی سیاسەتی بەریتانیا لەئاست میسۆپۆتامیادا بەشێوەیەکی گشتی و کوردستان بەتایبەتی بریتی بوو لەداگیرکردنیان، بەڵام سەبارەت بەپیادەکردن و گرتنەبەری باشترین شێواز بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە لەنێوان سیاسەتمەدارانی ئینگلیزدا بۆچوونی جیاجیاهەبوو،[14] بۆ وێنە (سێرپێرسی کۆکس) زۆر بەئاشکرا لەبەردەم ئەندامانی کۆمەڵەی مەلەکی ئاسیاییدا ئاماژەی بەویستی بەریتانیا لەنێوچەکەدا دەکات و دەڵێت:((لەوکاتانەدا، کە تا دەهات بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لە نێوچەکەدا زیادی دەکردو گرنگتردەبوو، بەئەندازەیەك هەنگاوێکی لە

[11] حامد محمود عيسى: المشكلة الكردية في الشرق الاوسط"منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١"، قاهيرة، ١٩٩٢، ل٣٠.

[12] أ.خالفين: الصراع على كردستان، ت احمد عثمان ابوبكر، ل٣٣.

[13] هەمان سەرچاوە، ل٣٧.

[14] بڕوانە/ جلال الطالباني: كردستان والحركة القومية الكردية، ط٢، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧١، ل ١٣٧-١٤٠

**پێشهاتی سیاسیی ئێمە ئەوەبوو، کە بوار بە هیچ هێزێکی ئەوروپی نەدەین شوێن پێیەك لەسەر دەروازەکانی کەنداو بۆ خۆی داگیر بکات).[15] بەڵام لە ساڵی(١٩١١)دا(لۆرد کیرزۆن) بە ڕاشکاوی لەبەردەم ئەنجوومەنی لۆرداتی بەریتانیادا وتی:((هەڵەیەکی گەورەیە وابزانرێت بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا تەنها لە نێوچەی کەنداودا قەتیس دەبێت، یا لە نێوان(بەغدادو بەسرە)دا کۆتایی دێت، بەڵکو زۆر لەوە دوورتر تێپەڕدەکات)).[16] لێرەدا بە ڕوونی مەبەستی(کیرزۆن) دەردەکەوێت، کە مەبەستی لە(ویلایەتی موسڵە – باشوری کوردستان)ە، بۆ ئینگلیزەکان لەڕووی ئابووریەوە زۆر گرنگ بوو چونکە لەنێوچەکە(نەوت)ی زۆر هەبوو لەرووی سیاسیوسەربازیشەوە گرنگ بوو، لەبەرئەوەی کاری دەکردە سەر بەهێزی ئینگلیز لەبەرامبەر تورکو ئەڵمان لەنێوچەکەدا.**

**بۆیە مەسەلەی پاشە ڕۆژی هەرسێ ویلایەتی(بەسرە، بەغداد، موسڵ) لە نێوەندە سیاسیو پەرلەمانیەکانی بەریتانیادا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردبوو.[17] بەرلەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بداتە پاڵ ئەڵمانیاو لایەنگرانی دژی وڵاتە هاوپەیمانەکان، ئینگلیزەکان خۆیان بۆ داگیرکردنی میسۆپۆتامیا ئامادەکرد، کە سێ سەدە دەبوو**

---

[15] وەگیراوە لە /فؤاد القزانچی : العراق فی الوثائق البریطانیة : ١٩٠٥ – ١٩٣٠، بغداد، ١٩٨٩، ل٢١ –٢٢.

[16] وەرگیراوە لە/ د.عزیز الحاج: القضیة الكردیة في العشرینات، مطبعة لانتصار، بغداد، ١٩٨٥، ل٥٤.؛ حامد محمود عیسى : القضیة الكردیة في العراق من الاحتلال البریطاني الى الغزو الامریكي ١٩١٤ –٢٠٠٤، مطبعة العربیة للطباعة والنشر، قاهیرة، ٢٠٠٥، ل٤٤.

[17] ستیڤن هملسی لونگریك : تأریخ العراق الحدیث "١٩٠٠ ـ ١٩٥٠، ت.سلیم التكریتي، ج ١، مطبعة الحسام، بغداد، ١٩٨٧، ل١٦٨.





**چاویان بڕیبوە سامانو شوێنی هەڵکەوتەی لەنێوەندی ڕۆژهەڵاتی نزیكو نێوەڕاستدا.[18] بۆیە تەنها یەك ڕۆژ بەسەر بەرپابوونی شەڕ لە نێوان بەریتانیای گەورەو دەوڵەتی عوسمانیدا تیپەڕی، کە هێزە چەکدارەکانی ئینگلیز لەباشوورەوە پەلاماری خاکی عێراقی ئێستایان داو هەر ئەو ڕۆژە، کە دەیکردە (٦ی تشرینی دووەمی ١٩١٤) (فاو)ی تاکە بەندەری ئەوسای عێراقیان داگیرکرد.[19]**

**دوای داگیرکردنی(فاو)، هێزەکانی بەریتانیا بەسەرکردایەتی جەنەڕاڵ (دیلامین) لە (٢٢ی تشرینی دووەمی١٩١٤)دا شاری(بەسرە)یان بەئاسانی داگیرکرد.[20] لێرەوە هێزەکانی سوپای ئینگلیز چنگی خستە نێوجەرگەی میزۆپۆتامیا، سوپای تورك لە بەربرسێتیو بێ کەرەستەیی جەنگی، خۆی پێ ڕانەگیراو بەرگەی ئەو لێشاوەی نەگرت، کە لە سەرەوە سوپای ڕووسو لەخواروی عێراقەوە سوپای ئینگلیز دەستیان تێخست بوو. لەبەرئەوە پیاوەکانی میری تورکو کاربەدەستەکانیان تێگەیشتن کە کار**

---

[18] د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، ب ٢، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٣.

[19] د.حامد محمود عیسى: القضیة الكردیة في العراق من الاحتلال البریطاني الى الغزو الامریكي ١٩١٤ – ٢٠٠٤، ل٣١ .؛ د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، ب ٢، ل١٣ . ؛ د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التاریخء والضمیر ج ١، ل ٩٤– ٩٥.

[20] د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، ب ٢، ل١٣ـ ١٤. ؛ مس بیل : فصول من تاریخ العراق الحدیث، ت.جعفر الخیاط، مطبعة دار الكتب، بیروت، ١٩٧١، ل٤.؛ ئەحمەد سەید بەرزنجی : سایکس پیکۆترازاندنی جەمسەری کێشەی کورد، چاپی دووەم، چاپەمەنی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٢١. ؛ مجموعة الباحثین : المفصل في تاریخ العراق المعاصر، ط١، بغداد، ٢٠٠٠، ل٤٣ .؛ خەبات عەبدوڵڵا : بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشور، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، ٢٠٠١، ل١٨٠.

لەوزەیاندا نەماوە و کەوتنە دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی دیکە.[21] بەنێوی ئیسلامو جیهاد(غەزا) لە دژی کافران کەوتنە داواکاری لەسەرەك هۆزە عەرەبیو کوردیەکان تا بەرەنگاری دوژمنی ئیسلام ببنەوە، بەوەش هۆزێکی زۆری عەرەبیو کوردیان کۆکردەوە.[22]

کاتێك هێزەکانی بەریتانیا لە(بەسرە)وە بەرەوپێش پێشڕەویان کرد، لە نێوراستی(نیسانی ۱۹۱۵)دا شەڕێك لەنێوان سوپای ئینگلیزو هێزە کۆکراوەکەی عوسمانی روویدا بەنێوی شەڕی (شوعەیبیە)،[23] کە تێدا بەریتانیەکان توانیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن.[24] لەم شەڕەدا هۆزەکانی کوردی[25] ((هەمەوەند، شێخ بزێنی،ساڵەیی، شوان، بەیاتی، قەرەحەسەن، جەباری، شێخان، داودە، زەنگنە، جاف، بێبانی،..هتد))، بەسەرکردایەتی(شێخ مەحموود)بەشدارییان کرد کە ژمارەیان (۱۰۰۰)[26]

[21] ئەحمەد خواجە، چیم دی، چاپخانەی شەفیق، ب۱، ۱۹٦۸، ل۱۸.

[22] ملا جمیل الروزبیاني : كركوك في عهد الاستعمار البریطاني والعهود التالیة، ت.أنور مندلاوی، ئینترنیت، www.kirkuk.org، ل۱.

[23] کەوتۆتە باکوری رۆژئاوای شاری بەسرەوەو بەدووری (۱۰)کلم. (توێژەر).

[24] د.عزیز الحاج : القضیة الكردیة في العشرینات، ط ۲، ل۲۹– ۳۰.

[25] هۆکاری بەشداری ئەم هۆزانە، ئەمانەبوو: (۱) بەهۆی هەستی ئاینیو مەزهەبیەوە، کوردەکان بۆ جیهادکردن لە شەڕی شوعیبیە بەشداریانکرد. ۲)کورد لەو سەردەمەدا هیچ لایەنو هێزو وڵاتێك پشتیوانی نەدەکردن، بەمانایەکی دیکە هیچ لایەنو هێزێکی تر جگە لە عوسمانی بانگەشەی بۆ کورد نەکرد بۆ شەڕکردن. ۳)لاوازی سەرکردەو سەرەك عەشیرەتەکانی ئەو سەردەم، لەرووی سیاسیەوە.٤)لەلایەکی دیکەوە کوردەکان ناچاربوون بەشداری شەڕەکە بکەن، چونکە نێوچەکەیان بەشێك بوو لە مۆڵگەی شەڕەکە) .(توێژەر).

[26] هەندێك نووسەر ئەم ژمارەی سوارانە بە(۱۵۰۰) سوار لەقەڵەم دەدەن، بەشێکی دیکە بە(۳۰۰۰)سواری دادەنێن.(م.ر.هاوار: شێخ مەحموودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان،





سواردەبوو.[27] (رەفعەت ئیسماعیل بەگی داودەو عەلی ئاغای ئامۆزایو سەید ئەحمەدی خانەقاو سەید محەمەد جەباری، مەحمود خدری هەمەوەندو کەریم فەتاح و شێخ قادری شێخ ڕەزا)و کۆمەڵێك ئاغاو شێخ و بەگو کەسایەتی نێوداری تری کەرکوك بەخۆیانو سوارەکانیانەوە، دژی ئینگلیز چوونە غەزاو لەشەڕی شوعیبیەدا بەشدارییانکرد[28] وچەند کوژراوبریندارێکیان هەبوو، وەك (نامق ئاغای داودە).[29]

پاش ئەو سەرکەوتنە هێزەکانی بەریتانیا بەرەوپێشەوەچوونو لە(۱۹۱٤/۱۲/۹)دا گەیشتنە (قوڕنە)و لە(۳حوزەیرانی ۱۹۱۵)دا شاری(عەمارە)یان داگیرکرد، لە دوای شەڕێکی زۆر ڕۆژی(۲۵ی تەمموزی۱۹۱۵)شاری(ناسریە)شیانداگیرکرد، بەم شێوەیە ئینگلیزەکان دەستیان بەسەر (سێ گۆشەی)، (بەسرەو ناسریەو عەمارە)دا گرتو توانیان گەمارۆی کەنداوی عەرەب(کەنداوی فارس) بدەن.[30] شکستی یەك لەدوای یەکی هێزەکانی عوسمانی، وای لە(سێرپێرسی کۆکس)ی

ب ۱، ل۳٤۵ – ۳٤٦).

[27] د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، ب ۲، ل۱۸. ؛ ملا جمیل الروزبیانی: كركوك فی عهد الاستعمار البریطاني والعهود التالیة، ت.أنور مندلای، إینترنیت، ل۱.

[28] د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، ب ۲، ل۱۸ .

[29] محمد احمد سعید: کەرکوكو بزاڤی شیعری کوردی، نامەی دکتۆرا، زمانی کوردی، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ۲۰۰۱، ل٥٤.(بلاْونەکراوە) .

[30] مصطفی عبدالقادر النجار: العراق في التأریخ، بغداد، ۱۹۸۳، ل٦٦۳.؛ أحمد رفیق البرقاوي : العلاقات السیاسیة بین العراق والبریطانیا ( ۱۹۲۲– ۱۹۳۲)، دار الرشید، بغداد، ۱۹۸۰، ل۱۵.؛ حامد محمود عیسی : القضیة الكردیة في العراق من الاحتلال بریطاني حتی الغزو الامركي ۱۹۱٤ – ۲۰۰٤، ل۳۲.

سەرپەرشتیاری داگیرکردنی عێراق کردچاوبڕێتە داگیرکردنی بەغداد، هێزێکی بەریتانی بەسەرکردایەتی (جەنەڕاڵ تاوزن) بەرەو بەغداد کەوتەڕێ‌و عوسمانیەکانیش لەوکاتەدا هەموو هێزێکی خۆیان لەدەوروبەری بەغداد کۆکردبوەوە بۆ بەرەنگاری ئەو هێزە، ڕۆژی (٢٥ی ئەیلولی١٩١٥) شەڕی نێوان هەردوو لایان لە نزیك (کوت) ڕوویداو بەریتانیەکان تێیدا سەرکەوتن. دوای ئەم شەڕەهێزەکانی عوسمانی بەرەو شاری (مەدائن) پاشەکشەیان کردو هێزەکانی بەریتانیا پاش شەش هەفتە خۆیان بۆ هێرش کردنە سەر بەغداد ئامادەکرد، لەم شەڕەدا هێزەکانی عوسمانی بەسەرپەرشتی جەنەڕالی ئەڵمانی (گوڵس) سەرکەوتنیان بەدەستهێناو لە رۆژی(٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩١٥)دا سوپای ئینگلیزیان ناچارکرد بکشێنەوە بۆ (کوت)،[٣١] بەشکانی ئینگلیزەکان، هێزەکانی عوسمانی بەریتانیەکانیان گەمارۆدا لەشاری(کوت)، هێزەکانی بەریتانیا کە ژمارەیان(١٣)هەزار ئەفسەر و سەربازبوو، لەسەرکردایەتی بەریتانیاوە چاوەڕوانی یارمەتی‌و هاوکاری بوون.بەڵام پاش ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی بێهیوابوون لەهاوکارییەکان‌و بەناچاری لە رۆژی (٢٩ ی نیسانی ١٩١٦)دا خۆیاندا بەدەستەوە.[٣٢] عوسمانیەکان دوای سەرکەوتنیان لە گەمارۆدانی(کوت) بەشێك لەهێزەکانیان نارد بەرەو ئێران بۆ شەڕکردن دژی ڕووسەکان، بەمەش لە بەرامبەر سوپای بەریتانی سوپای عوسمانی لاوازبوو،چونکە خۆیان ڕێکخستەوەو بەهێزکرد دوای ئەوەی (جەنەڕاڵ ستانلی مۆد) سەرکردایەتی هێزەکانی بەریتانیای

[٣١] ابراهیم خلیل أحمد وجعفر عباس حمید: تاریخ العراق المعاصر، موصل، ١٩٨٩، ل١٢.

[٣٢] أحمد رفیق البرقاوي : العلاقات السیاسیة بین العراق والبریطانیا ١٩٢٢– ١٩٣٢، ل١٥.





لەعێراق پێسپێردرا، دەستی کرد بەپێشڕەویکردن‌و توانی(کوت‌و مەدائن)بگرێتەوەو عوسمانیەکانیش پاشەکشەیان کرد بەرەو(زێی دیالە).[٣٣] (جەنەڕاڵ مۆد)یش بەردەوام بوو لەپێشڕەوییەکانی تاکو ڕۆژی (١١ئازاری ١٩١٧)دا توانی (بەغداد)یش داگیربکات.[٣٤]

بەریتانیەکان، لە دوای داگیرکردنی بەغداد، هەنگاوی یەکەمیان ئەوەبوو شارەکانی تری باکوری عێراقی ئێستا (باشووری کوردستان) داگیر بکەن.[٣٥] لەبەرئەوە دەستیان کرد بەپڕوپاگەندەکردن بۆ چاکیەکان (باشیەکان)ی ئینگلیزو خراپەکاریەکانی تورك، بۆئەو مەبەستەش چەند رۆژنامەیەکیان لە(بەغداد)،دەرکرد. وەك(العرب) بە زمانی عەربی‌و(تایمس)بەزمانی ئینگلیزی‌و (ئێران) بەزمانی فارسی و ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی)بەزمانی کوردی دەردەچوو، کە یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی (١٩١٨/١/١)دا دەرکراو لەو ژمارەیەدا نوسرابوو:((تێگەیشتنی ڕاستی خزمەتی یەکبوون‌و سەربەستی‌و سەرکەوتنی کوردان ئەکات)).[٣٦] لەلایەکی دیکەوە (تێگەیشتنی راستی) بانگەوازی ئاڕاستەی سەرەك خێڵەکانی کوردی لە کەرکوك‌و دەوروبەری دەکرد وەك زیاتر لە

[٣٣] ابراهیم خلیل أحمد وجعفر عباس حمید: تأریخ العراق المعاصر، ل١٤.

[٣٤] حامد محمود عیسی : القضیة الکردیة في العراق من الاحتلال بریطاني الی الغزو الامریکي ١٩١٤– ٢٠٠٤، ل٣٢. ؛ عزیز الحاج : القضیة الکردیة في العشرینات، ل٣٠.

[٣٥] أحمد رفیق البرقاوي: العلاقات السیاسیة بین العراق والبریطانیا ١٩٢٢ – ١٩٣٢، ل١٦.

[٣٦] م.ر.هاوار: شێخ محمودی قارەمان‌و دەوڵەتەکەی خوراووی کوردستان، ب ٢، ل٣١٦ –٣١٧. ؛ د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: تێگەیشتنی ڕاستی‌و شوێنی لەرۆژنانەنووسی کوردیدا، بەغداد، ١٩١٧٨، ل١٠٢– ١٠٣.

نێوچەکانی تر،[٣٧] ئەمەش هانی سەرۆك خێڵەکانی کەرکوكو رۆشنبیرو خوێندەوارانی دەدا، بۆ بەگژاچوونەوەی عوسمانیەکان، لە رێگەی وروژاندنی هەستی نەتەوایەتیو ریسواکردنی ئەو زوڵمو زۆرەی بەدرێژایی مێژووی تورکە عوسمانیەکان دەرهەق بەکوردی کەرکوك کردبوویان.[٣٨] ژمارەیەکی زۆریش لەم رۆژنامەیەیان دەنارده نێوچە کوردەکان....(لازاریف)لەبارەی ئەوپڕوپاگەندانەوە دەڵێت: ((ئینگلیزەکان لە نێوان ساڵانی(١٩١٧–١٩١٨)دا توانیان لە ڕێگەی پڕوپاگەندەوە دانیشتوانی عێراق بەکوردو عەرەبەوە بۆ لای خۆیان کەمەندکێش بکەن، لەهەمانکاتدا دژی هێزەکانی تورك هانیان بدەنو لەکارەکانیاندا سەرکەوتووبوون)).[٣٩] لەلایەکی دیکەوە بەریتانیەکان لەبەغدادەوە کەوتنە خۆگەیاندن بەخێڵە کوردەکانو سەرۆکەکانیان،[٤٠] پێش ئەوەی بەرەو باشوری کوردستان پێشڕەوی بکەن (مێجەر سۆن) یان نارد بۆ ئاسانکردنی کارەکانیان لەداگیرکردنی نێوچەکەدا، بەپێوەندیکردن بەهەندێك سەرەك هۆزو راکێشانیان بەلای خۆیاندا.[٤١](لۆنگریك)لەوبارەیەوە دەڵێت:((ئەفسەرە سیاسیە بەریتانیەکان ئەوانەی کە پێش سوپا کشاوەکەی بەریتانیا کەوتبوون، جورئەتی

[٣٧] د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التأريخ والضمير، ج١، ل٩٩.

[٣٨] ئیحسان سیامەنسوری: چەمکێکی مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی کەرکوك، گۆڤاری ئاران، ژمارە(٦)، مایسی ١٩٩٨، ل٢.

[٣٩] المسألة الكردية (١٨٩١ –١٩١٧ )، ت.أكبر أحمد، ط١، سليمانية، ٢٠٠١، ل٥٠٦.

[٤٠] رەمزی قەزاز: بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد لەکۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٧١، ل٨٣.

[٤١] ئەژی : چەند بابەتێك دەبارەی مێژووی کورد، چاپخانەی رووناکبیر، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٤٥.





ئەوەیان نەدەکرد، کە پێش کەوتنی بەغداد هیچ پیوەندیەك، لەگەڵ کورددا ببەستن، لەبەرئەوەی ئەو پێوەندیانەی کە بەریتانیا لە پاش کەوتنی بەغداد لەمانگی ئازاری١٩١٧دا لەگەڵ کورددا بەستی جێگەی دردۆنگی (بێ هیوایی) بووە، هیچ لەو نامانەی لە نێوان بەریتانیاو کوردی دانیشتوانی کەرکوكو سلێمانیدا ئاڵوگۆڕ دەکران، نامەی دیکەی بەدوای خۆیدا نەهێنا)).[٤٢] لەنێوان ساڵانی(١٩١٧ – ١٩١٨)دا ژمارەیەکی زۆری سیخوڕەکانی بەریتانیا لەنێو خێڵەکانی کوردا پڕوپاگەندەیان ئەکرد، بەونیازەی بەلای خۆیاندا ڕایانبکێشنو لەو تورکەکان دوریان بخەنەوە، کە دەیانوویست بەنێوی ئاینی یەوە، وا لە سەرۆك هۆزە کوردییەکان بکەن دژی هاتنی ئینگلیزەکان بوەستنەوە.[٤٣] بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئینگلیزەکان توانیان، وا لە زۆربەی خێڵەکانی نێوەندو باشووری کوردستان بکەن بێلایەن ڕابووەستن، ئەمەش یارمەتی هێزەکانی دان، کە بەرەو نێوچەکانی باشووری کوردستان پێشڕەوی بکەن.[٤٤]

لەکاتێکدا تورکەکان لە بەرەی باکوور سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، ئینگلیزەکان هەوڵیان دەدا، لە بەرەی باشوور لاوازیان بکەن، هەر بۆیە شالیاری جەنگی بەریتانی داوای لە(جەنەراڵ مارشاڵ)[٤٥] کرد بەرەو

[٤٢] د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوبعها حكم التأريخ والضمير، ج١، ل٩٦.

[٤٣] م.س.لازاریف: کێشەی کورد (١٨٩٦ –١٩١٧)و کاوس قەفتان، ب ٢، ل٥٠٨.

[٤٤] هەمان سەرچاوە، ل٦٦٢ –٦٦٣.

[٤٥] جەنەڕاڵ مارشاڵ : لەدوای مردنی "جەنەڕاڵ مۆد" بوو بەسەرکردەی سوپای بەریتانی لەعێراق . (أحمد.رفيق البرقاوي: العلاقات السياسية بين العراق وبريطانيا (١٩٢٢ – ١٩٣٢)، ل١٦).

سلێمانی و کەرکوك بکەوێتەرێ.[٤٦] وێڕای ئەوە بەپێی دۆکیۆمێنتێکی نهێنی وەزارەتی هەندەرانی بەریتانیان لە ساڵی١٩١٦دا ئاڕاستەی سوپا سالارانی لەشکری بەریتانیاکراوە لە میزۆپۆتامیا، بەواژۆی(ئارسەرهێرتزل) کە پێی ڕاگەیاندوون نزیك ئەونێوچانە نەبنەوە، کە کوردی لێیە، لەهەمان نووسراودا جارێکی تر بیریدێنێتەوە کەنزیکی زنجیرە چیای (حەمرین) نەبنەوە، ئەگەر لە حاڵەتێکی ناچاردا نەبێت، بەهیچ شێوەیەك ئەو نێوچەیە تێپەڕ نەکەن، هۆکاری ئەمەش ئەوەبوو کەئەو نێوچانە بەر فەرەنسا کەوتبوو و سنووری لەگەڵ نێوچەکانی ڕوسیادا بوو،[٤٧] بەڵام لەپاشدا ئینگلیزەکان هەڵوێستی خۆیان گۆڕی و دەستیان کرد بەپێشڕەوی کردن بەرەو نێوچە کوردیەکان.[٤٨] بەمەش لەلایەك فشاری تورکەکانیان لەسەر قەوقازو ئازەربیجان سوکترکرد، ناچاریانکردن، کەهێزەکانیان لەو نێوچانەدا بکشێنەوە.[٤٩] (ئارنۆڵد ویڵسن)لەوبارەیەوە دەڵێت: ((ئینگلیزەکان بەسەرکردایەتی جەنەڕاڵ (مارشاڵ) بڕیاریاندا، کە لە بەغداوە بەرەوژوور بنەوە بۆ کەرکوك و سلێمانی، بەمەبەستی ئەوەی فشاری تورکەکان بەسەرکردایەتی (ئەنوەر پاشا) خستبوویانە سەر ئازەربایجان کەم بکرێتەوە)).[٥٠] لەلایەکی دیکەوە

[٤٦] شکری محمود ندیم: حرب العراق ١٩١٤ –١٩١٨، الطبعة الثامنة، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٧٤، ل١٨٩.

[٤٧] مجموعة الباحثين : كركوك مدينة القوميات المتآخية، ل١٥٧.

[٤٨] د.نوري تاڵەبانی: ویلایەتی موسڵ لەلایەن ئینگلیزەوە لێکێنرا بەعێراقەوە، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (١٨)، ساڵی ٢٠٠٣، ل٩.

[٤٩] شكري محمود نديم: حرب العراق ١٩١٤ –١٩١٨، ط٤، ل١٨٩.

[٥٠] م.ر.هاوار : شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب١، ل٣٦٢.





کاریگەری گەورە دەبوو لەسەر ڕای گشتی لە ئێران و ئەفغانستان، دەبووە سۆنگەی پاڵپشتی سیاسەتی بەریتانیەکان و پڕوپاگەندەی ئەڵمانەکانی چروك (نەزۆك) دەکرد.[٥١]

(جەنەڕاڵ مارشاڵ) دوای ئەوەی لە ڕۆژی (٢٢ی نیسانی ١٩١٧دا)ەوەی شاری (سامەرا) داگیرکرد[٥٢]، سوپاکەی بەرەو باشووری کوردستان کەوتەرێ، سەرەتا گەیشتنە(قەرەخان وجەلەولا)و سەربازگەی خۆیان لەوێ داناو هەر ئەو دەمە نامە (بڵاوکراوە) یان بەسەر هەموو نێوچەکانی دەوروبەریاندا دابەشکرد، کە تێدا هاتبوو:((حکومەتی بەریتانیا هەوڵ بۆ داگیرکردنی وڵات نادات ، بەڵکو بۆ ڕزگارکردنیان لە زوڵم و ستەمی عوسمانیەکان هەوڵدەدات))[٥٣]. بەم شێوەیە دەیانویست خەڵکی نێوچەکە دڵنیا بکەنەوەو واز لە کاری چەکداری لە دژیان بهێنن. بەگەیشتنیان بە(مەندەلی) حکومەتێکی نێوچەییان تێدا دروستکرد بەنێوی(خەلافەتی ئیسلامی)[٥٤] ەوە.[٥٥]دواتر هێزەکانی ئینگلیز دەستیان بەسەر زۆر لە

[٥١] کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین (کامەران مەنتیك) : کوردستان لەنێوان ململانێی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا ١٨٩٠ – ١٩٣٢، چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٠، ل١١٠ – ١١١.؛ محمد أمين العمری: تاريخ عرب العراق خلال الحرب العظمى سنة ١٩١٤– ١٩١٨، مج٣، مطبعة النجاح، بغداد، ١٩٣٥، ل ١٦٦.

[٥٢] احمد رفيق البرقاوی، العلاقات السياسية بين العراق و بريطانية ١٩٢٢ ـ ١٩٣٢، ل١٦.

[٥٣] الملاجميل الروزبياني، كركوك في عهد الاستعمار البريطاني والعهود التالية، ت. أنور مندلاوي، ئینترنیت، ل١–٢.

[٥٤] پێدەچێت ئەنجومەنێکی نێوچەیی بووبێ لە(مەندەلی)دا دروستکرابێت، نەك حکومەت. (توێژەر).

[٥٥] الملا جميل روزبيانی: كركوك في عهد البريطاني والعهود التالية، ت. أنور مندلاوی، انترنيت، ل ٢.

شارۆچکەکانی نێوان (خانەقین و ئاڵتون کۆپری) داگرت،[٥٦] لە(خانەقین)(مستەفا بەگ)پێوەندی بە ئینگلیزەکانە کرد و ئامادەیی هاوکاری بۆ دەربڕین. لە وکاتەدا حاکمی سیاسیی بەریتانی(ویڵسن) بۆی ڕوون بوەوە کەلەتوانایدایە بەئاسانی باشووری کوردستان بەتەواوی داگیر بکات.[٥٧]

هێزەکانی ئینگلیز لە قوڵی باکووری ڕۆژهەڵاتی (بەغداد)یشەوە هەنگاوێکی باش پێشڕەوی کردو ڕۆژی(٢٨ی نیسانی١٩١٨)توانیان بچێتە شاری(کفری)یەوەو بەرۆژێك دوای ئەوە (توزخورماتوو)ی داگیرکرد، لەم نێوچانەدا چەند شەڕێك لەنێوان هێزە چەکدارەکانی تورك‌و ئینگلیزدا ڕوویاندا، کە لە ئەنجامدا(٢٠٠) سەربازی تورك کوژرانو زیاتر لە(١٣٠٠)سەربازی تورك بەدیل گیران، لەگەڵ دەست بەسەراگرتنی(٢٠)تۆپی جەنگیدا، لە هێزەکانی بەریتانیاش نزیکەی(٢٠٠)سەرباز کوژران یان بریندار بوون.[٥٨] کاتێك بەریتانیەکان(کفری)یان داگیرکرد، پێوەندی بەهێزو باوەڕپێکراوتریان لەگەڵ ژمارەیەك لەکەسایەتیە کوردیەکانی کەرکوك و دەوروبەرریدا دروستکرد، لەوانەش(شێخ حمید تاڵەبانی و شێخ وەهاب تاڵەبانی

---

[٥٦] سیسیل جۆن ئیدمۆندس: کور تورك عەرەب، د.حامید گەوهەری، ل٥٤. بەعەرەبی " کردو ترك عرب، ت. جرجيس فتح الله، ل٣٣ ".

[٥٧] الملاجميل الروزبياني: كركوك في عهد البريطاني والعهود التالية ت. انور مندلاوي، انترنيت، ل٢.

[٥٨] د.كمال مظهر أحمد: كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ت، محمد ملا عبدالكريم ل١٨٤–١٨٥، بەکوردی" (کوردستان لەسالآنی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ل ٦٨– ٦٩).





کوڕی...هتد).[٥٩] بەم شێوەیە دەردەکەوێت بەریتانیەکان لەهەموو هەنگاوێکیاندا، هەوڵیاندەدا جەنگاوەری خێڵە کوردیەکان بەلای خۆیاندا کەمەندکێش بکەن، بۆئەوەی خێڵە کوردەکان نەبنە کۆسپ لەرێی ئامانجەکانیاندا[٦٠].

دوای ئەو پێشڕەویە زۆرەی هێزەکانی بەریتانیا لەنێوچەکانی کفری‌و دەوروبەریدا کردیان، پاشماوەی شمشێرەکانی(فیرقەی٢)ی تورکی، لە نێوچەکانی دوزخورماتوودا، کشانەوە. لە ڕۆژی(٢٨ی نیسانی ١٩١٨)دا لە ڕێگەی (مامیشە – لەیلان)ەوە پێوەندیان بەچەندیەکەیەکی پێکەوە بەستراو لە(تاوق – داقوق) کرد و بارەگاکانی (فەیلەقی ١٣)ش لەهەمان ڕۆژداو لەکاتژمێر (٣)ی‌پاش نیوەڕۆدا لە (تاوق)ەوە کەوتنەکشانەوە بەرەو کەرکوك بۆئەوەی پاشماوەی(فەیلەقی١٣)بەهێزبکەن. لەلایەکی دیکەوە هێزی تورکی لەکەناری(زێی نزمی ڕۆژئاوا)فەرمانی پێکرا لەلایەن(خەلیل پاشا)وە کەقۆناغ بەقۆناغ پاشەکشە بکەن بەرەو کەرکوك.[٦١] ئەم پاشەکشانەش مانای هەرەسهێنانی دەوڵەتی عوسمانی دەگەیاند لەنێوچەکانی عێراقدا.[٦٢]

---

[٥٩] د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج ١، ل٩٦–٩٧.

[٦٠] م.س.لازەریف : کێشەی کورد ١٨٦٩ – ١٩١٧، و، کاوس قەفتان، ب ٢، ل ٦٦٢ – ٦٦٣.

[٦١] الزعيم محمد أمين العمري : تاريخ حرب العراق خلال الحرب العظمى سنة ١٩١٤ـ ١٩١٨، مجلد٣، ل١٦٤ ـ ١٦٥.

[٦٢] سمکۆ بەهرۆزی محەمەد: مێژووی هونەری بیناکاری‌و نەخش‌و نیگاری ناوچەی کەرکوك لەنێوان سالآنی ١٩١٧ –١٩٧٥، گۆڤاری کەرکوك، ژ(٢٢و ٢٣)، ساڵی شەشەم، پایزو زستانی (٢٠٠٤)و (٢٠٠٥)، ل١٤٢.

(جەنەڕاڵ مارشاڵ) بەهۆی سەرکەوتنە زۆرەکانی لەنێوچە سنوریەکانی باشوری کوردستان و کشانەوە هێزەکانی تورك لەوێ سوپاکەی ڕێکخستنەوەو کردی بەدووبەشەوە، بەمەبەستی هێرش بردن بۆسەر کەرکوك، کەبەم شێوەیەبوو:-

ڕەتڵی ا //ئەم ڕەتڵە بەسەرکردایەتی(جەنەراڵ هۆلاند) بوو، کە پێکهاتبوو لە(لیوای ئەسپ سواریو کەتیبەی١٣و کەتیبەی٢١، لەگەڵ ڕەشاش بەئەسپەکانیان بەسترابووەوە، بەتیرەیەك لە لیوای ٦٦دەشتا و دووسریە مودەڕەعەو فەسیلێکی ئەندازیاری ئەسپ سوارو فەسیلێکی تۆپخانە بەرەنگاری فرۆکەو سریەیەکی ڕەشاش ئالیەو پەنجا فۆردو سەدوپەنجا دەمانچە و چەند یەکەیەکی ئیداریو هونەریی دیکەش).

رەتڵی ب//ئەم رەتڵە پێکهاتبوو لە (کەتیبەی ١٢و سێ سریە و دوو بەتیرەی لیوای دەشتایی، پەنجاو پێنج فەسیل تۆپ هاوێژی مام نێوەندو فەسیلێکی چیاییو لیوای٣٨، لەگەڵ چەندیەکەیەکی هونەری دیکەدا).

ئەم دوو رەتڵەی سەرەوە، لەگەڵ هێزێك بەسەرکردایەتیی(جەنەراڵ کەیلی)فەرماندەی(فیرقەی ١٣)و کۆمەڵێك هێزی فرۆکەوانی ژمارە(٣٠)و هێزێکی دیکە بەسەرکردایەتی(جەنەراڵ لەوین)و چەندین یەکەی تری پێوەلکان، لەڕۆژی (٤ی ئایاری ١٩١٨)دا کەوتنە پێشڕەوی کردن بەرەو کەرکوك وتوزخورماتوو پاش دووبارە گرتنەوەی(تکریت) توانیان(تەنگەبەری عین نخیلە)ی نزیك چیای حەمرین بگرن، [٦٣] زیاتر لە کەرکوك نزیکبوونەوەو چەند نێوچەیەکی تری دەوروبەری کەرکوکیان

[٦٣] الزعيم محمد أمين العمري: تأريخ حرب العراق خلال الحرب العظمى سنة ١٩١٤ . ١٩١٨ . مجلد٣، ل١٦٧ . ١٦٨.





گرت، فەرماندەی(فەیلەقی ١٣)ی تورکی بڕیاریدا جەنگی یەك لاکەرەوە ئەنجام نەدات و هێزەکانی بەرەو (یاروەلی-ئاڵتونکۆپری)پاشەکشە پێبکات.[٦٤] لە کاتی کشانەوەشیاندا بەشێکی زۆری کەلو پەلەکانیان گواستەوە بۆ (ئاڵتون کۆپری و یاروەلی)و ئەوەی بۆشیان نەدەبرا لەجوبەخانەکانیاندا بەتەواوی تێكو پێکیان داو تەقاندیانەوە.[٦٥]

هێزەکانی(جەنەراڵ کەیلی) بەریتانی رۆژی(٧ی ئایاری ١٩١٨)، کەوتنە جووڵە بۆ دەرکردنی تورکەکانو داگیرکردنی کەرکوك، هەرچەندە بارانێکی زۆر لەشەوی(٧/٦ئایار) باری وایکرد، کە ڕێگە ڕۆیشتن بەو ڕێگەیانەدا قورس بێت.(جەنەراڵ ئەگرتن)ی فەرماندەی(فەیلەقی٣)بەیانی رۆژی (٧ئایار) لەکاتژمێر(٦:٤٠)دەقیقە کەوتە پێشڕەو، (جەنەراڵ کەیلی)داوای لێکرد کە جووڵەکەی ئەو ڕۆژەی چڕبکاتەوە لە ڕۆیشتنو پاکردنەوەو لابردنی ڕێگرییەکانی سەر ڕێگەکەو چاککردنی پردی (ئاڵتون کۆپری[٦٦])، [٦٧] کەهێزی تورکەکان لە دوای پاشەکشەی خۆیان رووخاندبوویان.[٦٨] لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانی دابوو کەنیوەی خواردن بداتە سەربازو ئاژەڵەکانیان لەورۆژەدا، لەبەرئەوەی ئۆتۆمبیلەکانیان ناتوانن

[٦٤] هەمان سەرچاوە، ل١٧٢.

[٦٥] جرجس فتح الله: کەرکوك، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٠)، هاوینی ٢٠٠١، ل٢٥٢.

[٦٦] تورکەکان لە کاتی کشانەوەیاندا لە پێشڕەوی هێزەکانی ئینگلیزدا زۆربەی پردو ڕێگاکانیان تێك دابوو (توێژەر).

[٦٧] الزعيم محمد أمين العمري: تأريخ حرب العراق خلال الحرب العضمى سنة ١٩١٤ – ١٩١٨ مجلد٣،ل ١٧٤.

[٦٨] سمکۆ بەهرۆز محەمەد: مێژووی هونەری بیناکاریو نەخش و نیگاری ناوچەی کەرکوك لەنێوان سالأنی ١٩١٧ –١٩٧٥، گۆڤاری کەرکوك، ژ (٢٢، ٢٣)، ل١٤٢.

لـەوجۆرە ڕێگەیانـەدا خـواردنی پێویـست بگەیـەنن، لەلایـەكیترەوە ئـەو بـاران و ڕێگریانـە بوونـە هـۆی پـچڕاندنێك، لـە نێـوان هـەواڵنێرەكان و هێزەكـەی (جەنـەراڵ ئـەگرتن)، بەهۆیـەوە بروسـەكانی درەنـگ بەدەسـت گەیـشت، بـەلاّم لەهـەمان كاتـدا(جەنـەراڵ كـەیلی) بـەرەو كـەركوك كشا،[٦٩] لەڕۆژی (٧ی مایسی ١٩١٨) دا بەتەواوی داگیریانكرد.[٧٠] پاشان هێزێكی بەریتانی بەرەو(یاروەلی) پێشڕەویان كرد وتوانی چەند گردۆڵكەیەك داگیر بكـات، بـە دووری دوومیـل لـە بـاكوری كـەركوك و سـریەیەكی ئەسـپ سواریشی بەرەو ئاڵتوون كۆپری ڕۆیشت.[٧١] هـەر لـەو كاتەشـەدا هێزێكی بـەریتانی لەسـەر رووبـاری دیجلە گـەمارۆی هێزەكانی توركیان دا، پاش ئەوەی هـەموو ڕێگـەكانی كشانەوەیان لەسوپای تورك گرت و هـەموو ئـەو هێرشانەشـی تێكـشكاند كـەبۆ كردنـەوەی دەروازەی دەرچـوو توركـەكان دەیاندا، سەرئەنجام لە ڕۆژی(٣٠ی تشرینی یەكەمی ١٩١٨)دا، هێزەكانی تـورك خۆیانـدا بەدەسـتەوە.[٧٢] لەلایـەكی دیكەشـەوە بـەگرتنی كـەركوك

---

[٦٩] الزعيم محمد أمين العمري: تاريخ حرب العراق "خلال الحرب العظمى سنة ١٩١٤ – ١٩١٨ "، مجلد٣، ل١٧٤ –١٧٥.

[٧٠] ايوب بارزاني : المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤– ١٩٥٨، ج ١، دار النشر حقائق المشرق، فرەنسا، ل٢٥.؛ الملاجميل الروزبياني : كركوك في عهد الاستعمار البريطاني والعهود التالية، ت، انور مندلاوي، انترنيت، ل ٢.؛ د. احمد عوثمان ابوبكر: كوردستان لەسەردەمی ئاشتیدا، و. محمد نوری توفیق، چاپی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٦–٢٠. ؛ رفیق حلمی: یادداشت، ب ١، ل ٥٩.

[٧١] الزعيم محمد امين العمري: تأريخ حرب العراق (خلال الحرب العضمى سنة ١٩١٤ – ١٩١٨) مجلد٣، ل ١٧٥.

[٧٢] وەلید حمدی: كوردو كوردستان لەبەڵگەنامەكانی بەریتانیادا، و.موحەمەد نوری توفیق، ل٣٦.





لەلایـەن بەریتانیەكانـەوە، هێزەكـانی تـورك شـاری سـلێمانییان بەجێهێشت.[٧٣]

لەكاتی داگیركردنی كەركوك، لە ڕۆژی(٧/مایسی ١٩١٨)دا و پێشتریش لەلایـەن ئینگلیـزەوە، دانیـشتوانی شـارەكە بەخۆشـحاڵیەوە پێـشوازیان لـەهێزەكانی بـەریتانی دەكـرد، بەئومێـدی ئـەو هـەموو یارمـەتی و بەڵێنانـەبوون، كـە پێـشتر پێیـان درابـوو.[٧٤] بـۆ ئـەو مەبەسـتەش چـەندین نامـەی تایبـەتیان نـارد بـۆ ئینگلیزەكـان، بـۆ نموونـە (شـێخ محمـود) نامەیەكی بۆ(وێڵسن) بە دەستی (عەبدوڵلای یەعقوبی)[٧٥] ناردیە كەركوك تا بیگەیەنێتە دەستی(جەنەراڵ مارشاڵ)و ئەویش بیداتە (ویڵسن)، (شێخ مەحمود) لەنیوەڕۆكی نامەكەیدا نووسیویەتی:((چەرخی گەردوون ئێوەی بەسـەركەوتوویی گەیانـدە نیـشتمانی كـورد لـە كوردسـتان.كـورد هـیچ بەهرەیەكی لەعوسمانیەكان وەرنەگرت. ئێوە دەزانن كەهەزاران ساڵە ئەمە خاك و نیشتمانی كوردە . لە ئادەمیزاد پەروەریتان نیەت ئەكەین، كە ئێوە مافی كورد بدەن و ئازادی و سەربەستی لە كوردستاندا بلاّو بكەنـەوە و

---

[٧٣] هەمان سەرچاوە، ل٣٤.

[٧٤] د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج ١، ل١٠١.

[٧٥] یەكێك بوو لەوكەسانەی، كەبەتەواوی پشتگیری لەئینگلیز دەكرد تا ئەو ئەم نامەیە بگەیەنێتە لای (جەنـەراڵ مارشـاڵ)ی سـەركردەی سـوپای داگیركـەری شـاری كـەركوك، بـەلاّم پـاش كـشانەوەی ئینگلیـز لەكـەركوك و هاتنەوەی توركەكان بۆی (عەبدوڵلای یەعقوبی) بۆ ئەوەی دڵسۆزی خۆی بۆ عوسمانیـەكان دەربخـات نامەكـەی (شێخ مـەحموود)ی دابـووە دەسـت سـەركردەی عوسمانیـەكان، لەبەرئـەوە (خـەلیل پاشـا)ش فـەرمانی گرتنـی (شێخ مەحمود)ی دەركرد. (ملاجمیل الروزبیانی: كركوك في عهد الاستعمار البريطاني والعهود التاليـه، ت.أنور مندلاوي، أنترنيت، ل٢).

ماوەی ئەوە نەدرێت كورد بەچەك داوای مافی خۆی بكات )).[٧٦] هەر لەو ڕۆژانەدا سەرەك عەشیرەتی(هەمەوەند) نامەیەكی بۆ ئینگلیزەكان نووسی و تێیدا ئامادەیی خۆیانی بۆ یارمەتی سوپای بەریتانی لە ڕێگەی پێشكەشكردنی ئاژەڵ و دانەوێڵەوە دەربڕی، بەمەرجێك لەبەرامبەر ئەو یارمەتیانەدا حكومەتێكی كوردی لە سلێمانی پێكبهێنرێت لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی ئینگلیزدا.[٧٧]

سوپای ئینگلیز تەنها بۆ ماوەی(٢٠) ڕۆژ لە كەركوك مایەوە، لە رۆژی(٢٧)ی مایسی ١٩١٨دا هێزەكانی خۆی بەرەو( دووزخورماتوو كفری) پاشەكشە پێكرد،[٧٨] لە بەرئەم هۆكارانەی خوارەوە:-

**یەكەم**//لاوازی هێزەكانی ئینگلیز لەنێوچەكانی ئێراندا: دوای ئەوەی زنجیرەیەك كاری هەوالگری لەنێوان (جەنەراڵ مارشاڵ)ی سەركردەی هێزی گشتی بەریتانیا لەعێراق و وەزارەتی جەنگی بەریتانی و(جەنەراڵ دۆنستەرویل)ی سەرۆكی(بعثة)ئینگلیزی لە ئێران ئەنجامدرا، لە بارەی لایەنگرانی نفوزی ئینگلیز لە ولاتی ئێراندا. سەرئەنجام بۆیان دەركەوت

[٧٦] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، ب ١، ل٥٤. ٥٥. ؛ د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج١، ل١٠١.؛ ولید حمدي: كورد كوردستان لەبەڵگەنامەكانی بەریتانیا، و. موحەمەد نوری توفیق، ل٣٥.؛ و.سەربەست كەركوكی : ڕاپۆرتی كارگێڕیی دەڤەری كەركووك، ل٩ .

[٧٧] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، ب ١، ل٥٥.؛ ئەژی : چەند بابەتێك دەربارەی مێژووی كورد، ل٤٦. ؛ و.سەربەست كەركوكی : ڕاپۆرتی كارگێڕیی دەڤەری كەركووك، ل٩ .

[٧٨] الملاجميل الروزبياني: كركوك في عهد الاستعمار البريطاني والعهود التالية، و. أنور مندلاوي، انترنيت، ل ٢ .؛ د وە لید حمدی: كوردو كوردستان لەبەڵگەنامەكانی بەریتانیادا و. محمد نوری توفیق، ل٣٥.





كە زۆر لاوازن، ئەوەی، كە هۆكاریشە بۆ ئەو لاوازیەو ڕێگریەشە لەبەردەم فراوانبونی دەسەلاتی ئینگلیز لەكەنارەكانی (دەریای خەزەرو سەرچاوە نەوتیەكانی ئازەربایجان)بەهێزی و فراوانی هێزەكانی توركی و ئەڵمانیە لەچاو هێزەكانی بەریتانیەودا، جا بۆ بەهێزكردنی ئەو نێوچانە بڕیاریاندا بەشێك لەهێزەكانی ئینگلیز لەعێراق رەوانەی ئێران بكەن، كە بەشێك لە هێزەكانی بەریتانی شاری كەركوكی تێدابوون.[٧٩]

**دووەم**//كشانەوەی سوپای ئینگلیز لەكەركوك دەدرایە پاڵ شكستی هێزی سوێندخۆرەكان(هاوپەیمانان)[٨٠] لە بەرەی (فەرەنسا)دا، لێرەوە هێزەكانی بەریتانیا قۆناغ بەقۆناغ لەكەركوك پاشەكشەیان كرد، لەگەڵ ئەوەشەدا بەنیازبوون لەهەموو عێراقدا هێزەكانیان پاشەكشە پێبكەن.[٨١]

**سێیەم**// لاوازی ئامێرەكانی گواستنەوەو كەمی خۆراك لەنێوچەی كەركوكدا: -دابینكردنی ئامێرەكانی گواستنەوەو خواردەمەنی لەنێوچەكانی كەركوك و دەوروبەریدا بۆ سوپای بەریتانی كارێكی گران بوو، بۆیە(جەنەراڵ مارشاڵ)پاش هەڵسەنگاندنی بارودۆخەكە بۆی روونبوەوە، كە سوپاكەی كەوتۆتە ژێر كاریگەری برسێتی نێوچەكەوەو

[٧٩] الزعیم محمد أمین العمري: تأریخ حرب العراق خلال الحرب العضمی سنة ١٩١٤ - ١٩١٨ ل١٧٩.

[٨٠] بەرەی هاوپەیمانان لەشەڕی یەكەمی جیهانیدا پێكهاتبوون لە(بەریتانیا، فەرەنسا، روسیا، یابان). (توێژەر).

[٨١] م.ر.هاوار: شێخ مەحمود قارەمان و دەوڵەتەكەی خوارووی كوردستان، ب ١، ل٣٥٤.؛ ڕەفیق حیلمی : یادداشت، ب١، ل٥٢.

ئەگەر لەونێوچانەدا پاشەکشە نەکات ئەوا بەشێکی زۆری هێزەکانی لەنێودەچن، هەر لەبەرئەوەش بڕیاری کشانەوەیدا لە کەرکوك.[82]

**چوارەم**//بەگەیشتنی سوپای بەریتانی بۆ کەرکوك، بارودۆخێکی زۆر ئالۆزو دژوار سەری هەڵدا،کە ئینگلیزەکان بۆیان چارەسەرنەدەکرا(د.کەمال مەزهەر)لەوبارەیەوە دەڵێت: ((لەدەرئەنجامی چەند بارودۆخێکی زۆر ئالۆزدا بەریتانیەکان ناچاربوون لەکەرکوك بکشێنەوە)).[83] لێرەدا مەبەستی نووسەرە ئەوەیە، کە بەهۆی خراپی باری ناوخۆی (کەرکوك)ەوە، ئینگلیزەکان لێی کشاونەتەوە ،چونکە بارەگاکانی ئینگلیز لە یەکەم ڕۆژی داگیر کردنی کەرکوکدا تاماوەی دووهەفتە هەموو شەوێك دەکەونە بەر هێرشی چەکدارانی گوندەکانی دەوروبەری کەرکوك.[84]

سەرئەنجامی ئەو فاکتەرانەی سەرەوە، ئینگلیزەکان بڕیاریاندا کەرکوك پاشەکشەبکەن و واز لە نێوچەی(قەرەتەپە)بهێنن و تەنها لەکفری و دووزخورماتوو بمێننەوە . لەمەوە فەرمان دەرکرا بۆ جەنەراڵ ئەگرتن، کە هێزەکەی لە کەرکوك بەشێوەیەکی قۆناغبەندی بکێشێتەوە، هەروەها هێزەکەی(جەنەراڵ کەیلی)دەستیکرد بەکشانەوەو هیچ شتێکی لەکەرکوك جێنەهێشت جگە لە ڕەتلێك ئۆتۆمبیلی بچووك کەئەویش، کە رۆژی(٢٧ی مایس١٩١٨)، بەرەو دووزخورماتوو کشایەوە.[85] بەچۆڵکردنی کەرکوك

[82] الزعيم محمد أمين العمري: تأريخ حرب العراق خلال الحرب العضمى سنة ١٩١٤ . ١٩١٨، ل١٨٠.

[83] كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج ١، ل١٠٢.

[84] و.سەربەست کەرکوکی : ڕاپۆرتی کارگێڕیی دەڤەری کەرکووك، ل١٨ .

[85] الزعيم محمد أمين العمري: تأريخ حرب العراق (خلال الحرب العضمى سنة ١٩١٤– ١٩١٨) ل١٨٠ – ١٨١.





تورکەکان گەڕانەوە نێوی و دانیشتوانی شارەکە سەر لە نویٚ رووبەرووی ناخۆشی ونەهامەتی زۆربوون،[86] بەشێك لەدانیشتوانی شارەکە بەرەو بەغدادو نێوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز کۆچیان کرد.[87]

پرۆسەی کشانەوەی سوپای بەریتانیا لە کەرکوك کوردی نیگەران کرد، چونکە هیوایەکی زۆریان بەئینگلیزەکان هەبوو کەلەو بارە ناهەموارەیان رزگار بکات، بە پێچەوانەوە تورکەکان بەخۆشحاڵیەوە پێشوازی ئەو کشانەوەیان دەکرد، چوونکە وای بۆ دەچوون هاوپەیمانان دووچاری ئەستەنگ هاتوون، بۆیە لە یەکێك لە بڵاوکراوەکانیاندا بۆ کوردیان روونکردەوە، کەوا چارەنووسێکی ترسناك چاوەڕوانی هەموو ئەوکوردە ساویلکانە دەکات کە هاریکاری، دەسەڵاتدارانی بەریتانی دەکەن، لەو بڵاوکراوەیاندا کوردیان بەئەرمەن و ئاسوورییەکان چاوترسێن دەکردو دەیانووت (ئەوان چیان بەسەرهات و چۆن کاروانی بێوەژن و هەتیوانیان بەرەو هەمەدان بەڕێوەن، واش لەئێوە دەکەین).[88] لەلایەکی دیکەوە ئەوگۆڕانکاریانەی کەتورکەکان لەشێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کورد کردیان، کارێکی وایکرد کە کوردەکان چاو بەهەڵوێستیاندا بخشێنەوە بەرامبەر بەریتانیا، ژمارەیەکی زۆریان وازیان لەهاریکاریکردنی سەربازی ئینگلیز هێنا.ئەمەش بوو وایکرد، کەهێزەکانی بەریتانیا لەدروستکردنی هێزێکی(لیڤی)کوردیدا لەنێوچەی باکوری رۆژئاوای خانەقین سەرنەکەون،

[86] صدیق صالح: یەکەمین حکومەتی کوردستانی جنوبی، کوردستانی نویٚ، ژمارە (٢٣٥٦)، ٢٠٠١/١/١٨ .

[87] الزعيم محمد أمين العمري: تأريخ حرب العراق (خلال الحرب العضمى سنة ١٩١٤ – ١٩١٨ )، ل١٨٠.

[88] پیٚ رەش: االعراق دولة للعنف (المقاومة الكردية ضد الحاق كردستان الجنوبي بالعراق على ضوء أرشيفات الحكومة البريطانية فيما بين أعوام ١٩١٨ . ١٩٣٧)، مطبوعات كردولوجيا، لندن، ١٩٨٦، ل١٥.

لەبەرئەوەی کورد بڕوایان بە بەریتانیەکان نەمابوو.[٨٩] ڕۆژنامەی (تایمز)ی بەریتانی لەبارەی ئەوکشانەوەیەوە نووسیویتی:((ئەو ڕووداوە بەڵێنەکانی خستە تاقیکردنەوە، لە ئەنجامدا بووەهۆی شکستێکی گەورە لەهەڵوێستی سیاسیو سەربازیی بەریتانیەکاندا، هۆزێکی وەك هەمەوەندی تووش بێهیوایی کردو بوونە دوژمنی ئینگلیز)).[٩٠] حەبیبوڵڵای عەتارۆدی لەوبارەیە دەڵێت:((کشانەوەی ئینگلیز لە کەرکوك سزایەکی بۆ کوردە هاوکارەکانی دروستکرد و بووە هۆی نەمانی متمانە لەنێو خەڵکدا بەرامبەر بەریتانیا، لەلایەکی دیکەوە ئەم ڕووداوە کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر خراپ بوونی پێوەندی(ئەنگلۆ – کوردی) )).[٩١]

ئینگلیزەکان بۆیان دەرکەوت بەم کشانەوەیەیان نێویان خراپ بوو و هیچ شوهرەتێکیان لەکوردستان و عێراقدا نەما، لەوەش کەوتنە ترسەوە، کە هەموو لێیان راست ببنەوەو شۆڕشو ئاژاوەیەکی گەورە دروست بکەن.لەبەرئەوە بڕیاریاندا کەرکوك داگیربکەنەوە، بەمەبەستی گەڕانەوەی نێو و نێو بانگیان لە باشوری کوردستان و عێراقدا.[٩٢] بۆ ئەو مەبەستەش(جەنەراڵ مارشاڵ) دووبارە هێزەکانی ڕێکخستنەوە وئامادەی

[٨٩] د.وەلید حمدی: کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، و. موحومەد نوری توفیق، ل٣٥.

[٩٠] وەرگیراوە لە/ سروە اسعد صابر : کوردستان من بدایة الحرب العالمیة الاولی الی نهایة مشکلة الموصل ١٩١٤ ـ ١٩٢٦، مطبعة وزارة التربیة، أربیل، ٢٠٠١، ل٦٢ –٦٣.؛ کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین (کامەران مەنتیك): کوردستان لەنێوان ململانێی ناوچەیو نێودەوڵەتیدا ١٨٩٠ – ١٩٣٢، ل١١١.

[٩١] Great powers, Oil and the kurds in Mosul, By: Habibollah Atarodi, university press of America, ٢٠٠٣, P.١٥٦.

[٩٢] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، ب ١، ل٥٥ – ٥٦ .





هێرش کردنبوون،[٩٣] بەر لە هێرشەکە تورکەکان بەمەیانزانی بۆ دواجار لەڕۆژی(٩تشرینی یەکەمی ١٩١٨)دا لەکەرکوك کشانەوە،[٩٤] بەشێکی زۆر لەئاژەڵو ماڵی دانیشتوانی کەرکوکیان بەتاڵان لەگەل خۆیاندا برد، چەندین گوندیان وێران کردو دەستیان بەڕەشەکوژی دانیشتوانی نێوچەکەکرد،[٩٥] ئەمەش بارودۆخی نێوچەکەی سەختو پڕکێشەتر کرد، تا ئینگلیزەکان کەرکوکیان داگیرکردەوە، بۆجاری دووەم لەرۆژی (٢٦ ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨)دا وێڕای ئەو سەرکەوتنە سەربازییە بەریتانیەکان، بەڵام لەبەر کەمی ژمارەی سەربازو پێداویستییەکانی بڕیاریاندا کاروباری کەرکوك بەشێوەیەکی سیاسیانە رێکبخەن و (مێجەر نوئیل)[٩٦] شیان دیارکرد بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری نێوچەکە[٩٧] لەمەبەدواوە سەردەمێکی نوێ لە کەرکوکدا دەستی پێکرد.

[٩٣] د.وەلید حمدی: کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، د.موحەمەد نوری توفیق، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە (٢)، ئوکتوبەری ١٩٩٧ ل١١١.

[٩٤] ئیسماعیل عەلی: مێژووی ڕۆژنامە نووسیو چاپەمەنی لەکەرکوك، گۆڤاری ڕۆژنامە نووس، ژمارە(١)، ساڵی ٢٠٠٤، ل٢٩٢.

[٩٥] ا.م. منتشاشفیلی: کورد، کورتە پێوەندیی کۆمەڵایەتی، ئابوری ـ ڕۆشنبیریو گوزەران، و.پ.د عزەدین مستەفا رەسول، چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٩٥.

[٩٦] ئەو نێوچانەی کەخرابوونە ژێر دەسەڵاتی (مێجەر نوئیل) بریتی بوو لەسەرجەم نێوچەکانی کەرکوك و سلێمانیو بەشێکی گەورەی هەولێر، کەیەك بەڕێوەبەرایەتی هەبوو. ( د.وەلید حمدی : کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، و، محمد نوری توفیق، گۆڤاری پەیڤین (٢)، ل١١).

[٩٧] مجموعة الباحثین کرکوك مدینة القومیات المتأخیة، ل١٥٠ – ١٥١.

# تەوەرەی دووەم

# سیاسیەتی ئینگلیزەكان لەكەركوكدا

بەریتانیەكان لە كاتی داگیركردنی ویلایەتەكانی(بەسرەو بەغداد)و دەوروبەریاندا، لە هەولْی ئەوەدابوون كە سیاسەتێكی نویْ بۆ ئەو نێوچانە دابڕێژن و لە دەولْەتێكی تازەدا كۆیان بكەنەوە، (ویلایەتی موسلْ) واتە (باشوری كوردستان)یش بلكێنن بەودەولْەتە نوێیەوە.هەر بۆیەش ڕاوێژكارە سیاسیوسەربازیوئابوری و خاوەن دەسەلاْتەكانی بەریتانیا لە میزۆپۆتامیا، پاش ئەوەی بۆ یەكەم شاری گەورەی باشووری كوردستان هاتن (كەركوك) لە بیری ئەوەدابوون كە ئەم سیاسەتە، جێبەجیْ بكەنوگۆڕانێكی بنەڕەتی تێدا ئەنجام بدەن، بەسوود وەرگرتن لە شێوازی ئەو سیاسەتە دەولْەمەندەی كەهەیان بوو لەدەولْەتی هندا.[98] سیاسەتی ئەو كاتیشیان بۆ نێوچە كوردیەكان بریتیبوو لەدروستكردنی یەك یا چەند هەرێمێكی شێوە ئۆتۆنۆمی كوردی، كە بەشێوەیەكی ناپایەدار(كەم دەسەلاْت) بەحكوومەتە نوێیەكەوە گرێیان بدەنو بەم جۆرەش خۆی لەشەڕو تێكهەلْچوونی نێوچە كوردیە شاخاوییەكان بپارێزێت، [99] ئەمە سیاسەتیان بوو بەر لەگەیشتنیان بۆ كەركوك.

---

[98] مجموعة الباحثين : كركوك مدينة القوميات المتآخية، ل١٥٢.

[99] سیسل جۆن ئیدمۆندس: كورد تورك عەرەب، وحامید گەوهەری، ل٥٤– ٥٥. بەعەرەبی "كرد وتورك وعرب :ت. جرجيس فتح الله، ل٣٠– ٦٣.





بەریتانیەكان بۆ یەكەمجار، لە ڕۆژی(٧یمایسی١٩١٨دا) شاری كەركوكیان داگیركرد، كە بەلایانەوە ڕووداوێكی گرنگ بوو، لەبەرئەوە جێگیری حاكمی مەدەنی سوپای ئینگلیز (ئارنۆلْد ولْسن) بەرێگەی ئاسمانی گەیشتە كەركوك، لە بارەی ئەو ڕۆیشتنەشیەوەبۆ كەركوك (ویلْسن) نووسیویەتی:((پاش چەند ڕۆژێكی كەم چووم بۆ كەركوك بۆ گەڕان بەدوای ئەو هۆكارانەی كە دەتوانین بە باشترین شێوە چارەسەری زۆریك لەوكێشە خێرایانە بكەین كە لە ئەنجامی چوونە نێوەوەی سوپای بەریتانیەوە سەری هەلْدابوو، ئەمەش بۆ ڕاكێشانی سۆزی هۆزە كوردیەكان بەلای خۆماندا)).[100] لەلایەكی دیكەوە ئینگلیزەكان بۆ ڕێكخستنی كاروبارە سیاسیەكانیان وەك كارێكی سەرەتایی حاكمێكی سیاسیان بۆشارە داگیركراوەكان دادەنا، كەركوكیش یەكێك بوو لەوشارانەی پاش داگیركردنی لەلایەن سوپای بەریتانیەوە ڕاستەوخۆ زنجیرەیەك ڕێوشوێنیان تێداگرتەبەرو (كاپتن بولارد)یان وەك یەكەم حاكمی سیاسی شارەكە دانا. ئەویش یەكەم كاری بریتی بوو لە پێوەندی كردن بەنێوداترین كەسایەتیەكانی(كوردو توركمانی) شارەكەو داوای هاریكاری لێكردن بۆ بەڕێوەبردنی كاروباری شار، لەگەلْ ئەوەشدا(بولارد) بەدامەزراندنی(دادگای ئاشتی- محكمە سلم) هەستا، كە لە ژمارەیەك ئەندامی نەتەوە جیاكانی كەركوك بەسەرۆكایەتی (ئەحمەد ئەفەندی)[101]

---

[100] بڕوانە/ بلاد مابين النهرين بين ولأين، ت.فؤاد جميل، ج ٢، دارالشؤن الثقافةالعامة، بغداد، ١٩٩٢، ل٣٠–٣٥ .

[101] كەسایەتیەكی كوردی نێوداری شاری كەركوك بوو، لەسەردەمی عوسمانیەكاندا قازیبووە، لە پاش داگیركردنی كەركوك لەلایەن ئینگلیزەكانەوە ڕۆلێكی دیاری هەبووە، لە كارگێڕی نێوچەكەدا.

**پێکهاتبوون.[102] بەمەبەستی گەڕاندنەوەی هێمنیو ئاسایش بۆ شاری کەرکوك، چوونکە نیشانەکانی سەرەتای یاخیبوونی تێدا بەدی دەکرا، لەوبارەیەوە کۆمیسۆنی باڵای بەغداد بەلەندەنی راگەیاند کەرووداوەکان لەکەرکوك بەرەو(خاڵی کولاّن)دەچن.لەوکاتەشدا دەوڵەتی بەرتیانیا فەرمانی بەئەفسەرەکانیدا کەتوندوتیژتربن وهەموو جۆرە کۆبوونەوەیەك قەدەغە بکەن لەگەڵ سەردانی مەزاری پیاوچاکانیش، چونکە بەبۆچوونی ئینگلیزەکان لەرێگەی ئەوکردارانەوە گڕوتینی یەکێتی ئیسلامی زیاتر پەرە دەسێنێ، بۆیە پشکنینی ماڵان بەدوای چەکدا دەستی پێکرد لەگەڵ گرتنو راودونانو دەرکردنی زۆرەملێش ڕێگەی پێدرابوو،[103] بەڵام ئەم سیاسەتە نەچووە بواری پراکتیکەوە، لەبەرئەوەی پاش ماوەیەکی کەم سوپای ئینگلیزی لەشاری کەرکوك کشایەوە بۆ هەردوو نێوچەی (دووزخورماتوو، کفری).[104]**

**پاش داگیرکردنەوەی کەرکوك بۆجاری دووهەم، لە رۆژی(٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨)دا ئینگلیزەکان (مێجەر نوئیل)یان بە حاکمی سیاسی دانا لەوێ، ئەویش لەسەر بنەمای بەدواداچوونو شارەزایی فراوانی**

(کامل صالەیی: موجز في تاريخ كركوك بين وثائق الماضي...وحقائق الحاضر، منشورات قسم الثقافة والاعلام في المركز الثاني لتنظيمات الاتحاد الوطني الكردستاني/ كركوك، كركوك، ٢٠٠٥، ل٢٤–٢٥).

[102] کامل صالەیی: موجز في تأريخ كركوك، ل٢٣.؛ د. کمال مظهر احمد: كركوك وتوابعها حكم التأريخ والضمير، ج١، ل ١٠٠–١٠١

[103] پ.د.میم کەمال ئۆڤە: کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ١٩١٨–١٩٢٦، و. سەلام ناوخۆش، ل٢٤.

[104] بۆ زانینی هۆکارەکانی پاشەکشەی سوپای ئینگلیز لەکەرکوك بڕوانە لاپەڕە ( ١٤١ ـ ١٤٤) تەوەرەی یەکەمی بەشی دووەم.





**لەکاروباری کوردی[105] و بەهێزیو بوێری و بێوکراتی بێوێنەی ئەو کەسایەتیەی هەی بوو، یەکێك لە لێپرسراوانی بەریتانی لەبارەیەوە نووسیویەتی:((نۆئیل لەهەر شوێنێکدا کاری کردبێ نێوبانگی دەرکردووە، لەبەرئەوەی ئەم کابرایە بەدڵێکی برسییەوە دەگەڕا....هەرچی یەکیشی بهاتایەتەڕێ دەبوو بەبەشێك لەو)).[106] لەبەرئەوە (ئانۆڵدو ویڵسن) فەرمانێکی فەرمی بەم شێوەیە بۆ نۆئیل دەرکردووە:((لەڕۆژی(١ی تشرینی دووەمی١٩١٨)ەوە کراویتەتە حاکمی سیاسی لەنێوچەی کەرکوك بە(سلێمانی)شەوە، کە ئەونێوچەیەلە(زێی بچووکەوە تا دیالەوو سنووری تورکیا، ئێران لەلای باکووی خۆرهەڵاتەوە درێژ دەبێتەوەو بەشێکی ویلایەتی موسڵ پێکدەهێنێت)،کە ئێستا حکومەتی خاوەن شکۆی(پاشای بەریتانیا)دەڕوانێتە چارەسەری یەکجارەکی گیروگرفتەکانی؛ دەکرێت ئێستا وادابنێین لەچوارچێوەی ئیداری (بەڕێوەبەرێتی)نێوچە سەربازیە داگیرکراوەکاندایە. بەو پێیە دەست بەئەرکەکانت بکە، لە مامەڵەی سەرانی نێوچەکەدا وای لەبەرچاوبگری، کە دەسەڵاتدارانی سەربازی ئازادن لەوەدا کە بەشێکی بەشێوەی کاتی بنێرێتە سلێمانی یان شوێنەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی هێڵی ئێستامان، دەبێت ئامانجت دانانی رێوشوێنی پێویست بێ لەگەڵ سەرۆکەکانی نێوچەکەدا بۆ گێڕانەوەو پاراستنی ئاسایش لەنێوچەکانی دەرەوەی سنووری داگیرکاری سەربازی ئێمەدا؛ بۆ دوورخستنەوەی**

[105] د.کمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التأريخ والضمير، ج ١، ل١٥٧ – ١٥٨.

[106] دیڤد کۆرن: ئەو دووکەسەی کوردیان خزاندە عێراقەوە( سێر پێرسی کۆکس و ئارنۆڵد ویڵسن)، گۆڤاری ڕوانگەی جیهان، ژ(٤)، ساڵی دووەم، مانگی ئایاری ١٩٩٥، ل ١١–١٢.

نۆکەرانی دوژمن(واتە تورك) یاخودبەدەستەوەدانیان، دابینکردنی ئەو پێداویستیانە کەسوپاکەمان شکیان نابات. تۆش سەرپشکی، چی بەپێویست بزانی بۆ ئەم مەبەستە خەرجی بکەیت، بەمەرجێك لەخەرجکردنی بڕە پارەیەکی زۆردا هێندەی بەکردەوە شیاوبێ، ڕەزامەندی پێشوەختی بۆ وەربگیرێت....دەبێ سەرۆکەکانی حاڵی ببن و بەلایانەوە ڕوون و ئاشکرابێ، کە تۆ هەر ڕێ و شوێنێك دابنێی کاتییە، لەهەر کاتێکدابێت شایانی چاو پێداخشاندنەوەیە... تۆ سەرپشکی(شێخ مەحمود) بکەیتە نوێنەری ئێمە لە(سلێمانی)ئەگەر زانیت سوودی تێدایە، چۆن بەگونجاوی دەبینی کەسانی دیکەش بەم چەشنە لە(چەمچەماڵ و هەڵەبجە)و شوێنەکانی دیکە دابمەزرێنە. ئەو سەرۆك خێڵانەی کە پێوەندییان لەگەڵ دروست دەکەی دەبێت بۆیان ڕوون بکەیتەوە کە نیازمان نیە ئیدارەیەکیان بەسەردا بسەپێنین،کە بەسروشت و ئارەزوویان نامۆبێ، هەروەها دەبێ سەرۆك خێڵەکان هانبدەی یەك بگرن تاکاروباری گشتیان بەرێنوێنی حاکمە سیاسیەکانی ئینگلیز یەکلایی بکرێنەوە، داواشیان لێبکە کە بەردەوام و بە ناچاری چ باجێکیان لەسەرە بەپێی یاسا دەسکاریکراوەکانی تورکیا، بیدەن بۆ هەر مەبەستێکی پێوەندیدار بەپاراستنی ئاسایش و پێشخستنی وڵاتەکەیان))ەوە.[107] لەمەوە سەرەتای

---

[107] ارنوڵد .تی.وڵسن: الثورة العراقية، ت.جعفر الخياط، مطبعة دار الكتب، بيروت، ١٩٧١، ل١٧٦. ؛ مس بيل : فصول من تأريخ العراق قريب، ت.جعفر الخياط، طبعة الثاني، بيروت، ١٩٧١، ل١٨٧-١٨٨ .؛ عەبدولرەقیب یوسف: مێجەر نوئیل سەرنجێکی باوردۆخی کورد، و.سدیق صاڵح، چاپ و ئۆفسێتی سەرکەوت، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٨-١٩.؛ سیسل جۆن ئیدمۆندس: کور تورك عەرەب، و.حامید جەوهەری، ل٥٥، بەعەرەبی "كرد وتورك وعرب ت.جرجيس فتح الله، ل٣٣".





سیاسەتی جووت فاقە(دوو ڕووی)و هەلپەرستیانەی ئینگلیز بەدەردەکەوێت بەرامبەر نێوچەکوردیەکان بەگشتی وکەرکوك بەتایبەتی، چونکە حاکمی گشتی بەریتانی لەعێراق لەو بانگەوازەی بڵاویکردەوە بۆسەرجەم هۆزە کوردییەکان نێوان (زێی گەورەو ڕووباری سیروان) جگە لەهۆزەکوردیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کوردەکانی ئێران)، ئازادن لەوەی کە بچنە ژێر دەسەڵاتی(شێخ مەحمود)ەوە، کەرکوکیش بەحوکمی ئەوەی لەونێوەندەدابوو بەشێکی زۆریان لایەنگیریان بۆ شێخ مەحمود دەربڕی، بەڵام بەکردەوە ئەفسەرە سیاسیەکانی ئینگلیز خەریکی هاندانی بەشێك لە هۆزە کوردیەکانی کەرکوك و نێوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان بوون لە دژی (شێخ مەحمود)، لەپێناوی ڕاکێشانی مەیلیان بەلکاندنی ئەو نێوچانە بەعێراقی تازە دروست بووەوە.[108] لەلایەکی دیکەوە(ئارنۆڵد ویڵسن)داوای لە ئەفسەرە سیاسیەکانی بەریتانیا لەکەرکوك کرد، کە کارێکی وابکرێت لەمەودوا بەدرێژایی هێڵی ڕووباری زێی بچووك بلکێندرێت بەسنووری باکوری ئەو دەوڵەتە نوێیەی، کە بەریتانیا دەیەوێت دروستی بکات، هەروەها داوای لێکردن، کە شارەکانی ((ئاڵتون کۆپری- (پردێ)، سلێمانی، هەڵەبجە، پێنجوێن))یش بخرێتە سنووری ئەو دەوڵەتە نوێیەو، چونکە ئەو شارانە!! (بەنەوت و گەنم و فستق(بستە)وتوتن) دەوڵەمەندن[109] هەرچەندە بەشێکی زۆر لەبەڵگەنامە بەریتانیەکانی ئەوکات، کە تایبەت بوون بەو بابەتەوە،

---

[108] د.فؤاد حمه خورشيد: كركوك قلب كردستان، ل٦٦- ٦٧.

[109] د.وەلید حمدی : کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیاداو، و.موحەمەد نوری تۆفیق، ل٢٩.

دەریدەخەن کە وا بڕیاربووە (کەرکوك) و نێوچەکانی دەوروبەری بخرێنە نێو حوکمداریێتی (باشووری کوردستان) کە وەك زاراوەیەك ئاڵوێر دەکرێت، لەو بەڵگەنامانەی کەپێوەندیان بەوەوە هەبووە[110] لەگەڵ ئەوەشدا بۆچونێك هەبوو لە نێوان ئەفسەرانی سیاسی بەریتانیا لە کەرکوك، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ کە لە((باکوری دەریاچەی(وان)ەوە دەستپێدەکات تا نزیکەی ١٥٥کم لە باکوری سنووری(عێراقی ئێستا)ش دەگرتەوە))، ئەم بۆچوونەش سەرەتا لە لایەن(مێجەر نۆئیل)ەوە پێشنیارکرا، بەلاّم پاشتر سیاسەتەکە گۆڕا بۆ کارکردنی بەستنەوەی ویلایەتی موسلْ (باشووری کوردستان) بەرژێمی پادشایەتی عێراقەوە.[111]

هێزەکانی بەریتانیا لەپاش دانانی(مێجەر نۆئیل)بەحاکمی سیاسی شاری کەرکوك، بڕێکی زۆر خواردەمەنی وەك(گەنمو جۆو ئاردو ..هتد) بۆ شارەکە هێنا، تا ئەوبارودۆخی برسێتیو نەهامەتیو نەخۆشیانەی شاری کەرکوكو باشووری کوردستان تووشی ببوو، لە ئەنجامی تالاّنیو دزی دەوڵەتی عوسمانیەوە چارەسەر بکات.[112](ڕەفیق حیلمی)لەم بارەیەوە دەڵێت: ((مێجەر نۆئیل خەریکی چارەسازی گرانیو برسێتی بوو لە سلێمانی، پەیتا پەیتا لە عەمبارەکانی(کەرکوكو بەغداد)ەوە شەکرو چاو و ئاردی سپی دەگەیاندە سلێمانیو بەخۆڕایی بەسەر هەژارو

[110] د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التأریخ والضمیر، ج ١، ل١٥٩.

[111] د.نوری تاڵەبانی: سیاسەتی بەعەرەبی کردنی کەرکوك، و.مەریوان حوسین چیمەنی، ل٢٩-٣٠.

[112] الملا جمیل الروزبیاني: کرکوك في عهد الاستعمار البریطاني والعهود التالیة، و.أنور مندلاوي، انترنیت، ل٢.





کارمەندەکانیدا دابەشی دەکرد)).[113] ئەمەش جگە لە دەرخستنی هەوڵەکانی ئینگلیز بۆ باشکردنی گوزەرانی دانیشتوانی باشوری کوردستان، ئەوەش دەردەخات کە شاری کەرکوك لە کاتی دەسەلاّتی ئینگلیزدا گرنگی زۆری پێدراوە، وەك نێوەندی ئابووری باشووری کوردستانیش سەیری کردووە.

لە پاش(مێجەر نۆئیل)لە ساڵی ١٩٢٠دا (کابتن لۆنگریك) جێگەی گرتەوە،[114] وەك نوێنەری حاکمی سیاسی لە کەرکوكو دەووبەریدا، دامو دەزگایی ئیداری نوێی دامەزراند، بەلاّم بارودۆخی نەتەوەیی لەکەرکوکدا، ببووە هۆی خۆسەپاند بەسەرهەر هەنگاوێك لەهەنگاوەکانی (لۆنگریك)وئەوانەی پێشو دوای خۆشی، لەبواری، کارگێڕیدا یەکەم کاریشی بریتی بوو لەدروستکردنی ئەنجومەنی ئیداری کەرکوك، کە یارمەتیدەری حاکمی سیاسی بوون، لە(١٢)ئەندامی نەتەوە جیاکانی کەرکوك پێکهاتبوون بەم شێوەیە:-

١. یەك ئەندامی مەسیحی، کە نێوی(قوستەنتین ئەفەندی)بوو.

٢. یەك ئەندامی جوولەکە(یەهودی)، کە نێوی(حەسقیل ئەفەندی)بوو.

٣. یەك ئەندامی عەرەب، کە نێوی(حوسێن عەلی)بوو.

٤ـ سێ ئەندامی تورکمانی، کەنێویان(مەجید ئەفەندی، حوسین بەگ نەفتچی، حاجی جەمیل) بوون.

[113] یادداشت، ب ١، ل٦٣-٦٤ .

[114] مستەفا نەریمان: شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ ١٩٢٠، دارالحریة للطباعة، بغدد، ١٩٨٦، ل١٧٩ .

**٥. شەش ئەندامی کورد، کە نێویان(ئەحمەدی خانەقا، ئەحمەد حەمید ئەفەندی، جەمیل بەگی بابان، عومەر ئاغا، شێخ حەمید تاڵەبانی، ڕەزا بەگ)بوون.[١١٥]**

**هەرلە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی (لۆنگریك)دا،(مێجەرسۆن) کە حاکمی سیاسی نێوچەکەبوو چووە خانەقین و لەجێی ئەو (ئەندمۆندس) دانرا.[١١٦] دواتر لەساڵی ١٩٢٢دا (ئەدمۆندس) نێردرایە کەرکوك، لەم شارەدا ژمارەیەك لە کارمەندانی سیاسی ئینگلیزی لێبوو وەك (کابتن میللەر – یاریدەدەری کاروباری ئیداری ، کابتن ریۆ – ئەفسەری سەربازگەی پۆلیس ، د.کۆرنەر – پزیشکی مەدەنی و ئەندازیارێکیش سەرپەرشتیکردنی کارە گشتییەکانی شوێنی فەرمانبەرێتی هەولێریشی لەئەستۆ گرتبوو) .[١١٧] مەبەستی سەرەکی (ئەدمۆندس) لەکەرکوکدا باوەڕپێهێنانی دانیشتوانی شارەکەبوو کەبدەنە پاڵ فەیسەڵ[١١٨] .**

**سەرباری ئەو گۆڕانکاریە زۆرانەی کە لە کەرکوك بەسەر حاکمە سیاسیەکانی بەریتانیا دەهات، بەڵام سیاسەتی ئینگلیز بەگشتی لەوشارەدا بریتی بوو لە سیاسیەتێکی هەلپەرستیی بەرژەوەندخوازانە، کە خۆی لەگەڵ گۆڕانکاریە نوێیەکانی سیاسیەتی گشتی حکومەتی**

---

[١١٥] د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج ١، ل١٠٥– ١٠٧ .؛ کامل صالەیی ؛ موجز تأريخ كركوك ...، ل٢٤. ٢٦.

[١١٦] م.ڕ.هاوار :شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، ب ١، ل٤٦٨.

[١١٧] سیسل جۆن ئیدمۆنس: کورد تورك عەرەب، و.حامید گەوهەری، ل٣٤– ٣٦. بەعەرەبی" كرد وتورك و عرب ت، جرجيس فتح الله، ل ٣٦–٣٩.؛ kurd,Arabis, Britons:editd and in eraduction, by : D.k.fieldhouse,London and newyork, ٢٠٠٢,p.١٣.

[١١٨] عەبدولڕەقیب یوسف: میجەر نۆئیل سەرنجدانێکی بارودۆخی کورد، و.سدیق ساڵح، ل٢٠.





**بەریتانیادا دەگونجاند، زیاتر سیاسەتی ئینگلیزمان لەکەرکوکدا لەم بوارانەی خوارەوەدا بۆ دەردەکەوێت :–**

**یەکەم//سیاسەتی ئینگلیز لە کۆکردنەوەی باجو گومرگی کەرکوکدا :**

**لەسەرەتای داگیرکردنی کەرکوکدا، ئینگلیزەکان زۆر بە توندوتیژی یاسای باج کۆکردنەوەیان بەسەر شارەکەدا سەپاند، بەڵام دوای ئاسایی بونەوەی بارودۆخی باشووری کوردستان بەگشتیو کەرکوك بەتایبەتی، سیستێمەکە گۆڕانی بەسەردا هات.[١١٩] بەڕێوەبەرێیەکی تایبەتی (داهات)یان لە کەرکوك دامەزراند، کە حاکمی سیاسی شار سەرپەرشتی دەکرد، ئەم دەزگایە جگە لەکۆکردنەوەی باجە جیاوازەکان، دەستیکرد بەدامەزراندنی بەشێکی زۆر لەهەژارانو کەم دەرامەتانی شار وەك پاسەوانو چاودێری[١٢٠] بازگەکانیان، کە لەسەر ڕێگەوبانو پردو شوێنی شەمەندەفەرکانیاندا کە هەبوون، بەمەبەستی کۆکردنەوەی (باج) و (گومرگ)، کە چەندین شێوەی هەبوو، بۆ نموونە: ((لەکاتی تێپەڕبوونی هەرگوێدرێژێك بەیەکێك لەبازگەکاندا(٢) فلسیان لێوەردەگرت، بەبێ بارو(٤) فلسیشیان لێوەردەگرت گەرباری پێبوایە، بۆیە ئەم (گومرگ)ە نوێیە خەڵکی فێری فێڵو درۆکردن کرد، کە خۆیانی لێ رزگاربکەن، یەك لەو شێوازی خۆ رزگارکردنە بریتیبوو لەوەی کەخاوەنەکەی بارەکەی**

---

[١١٩] أ.م.منشاشفيلي: العراق في سنوات الانتداب البريطاني، ت.هاشم صالح التكريتي، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ١٩٧٨، ل٣١٦.؛ د.عوسمان علي: فترة الحكم المباشر ١٩١٩ – ١٩٢٠ ادارة ميجرسون في جنوب كردستان، مجلة (ئالای ئیسلام)، عدد (٢ ،٣)، سنة ١٩٩٩، انترنيت، www.alayislam.com، ل٢٠– ٢٥.

[١٢٠] ملا جميل الروزبياني: كركوك في العهد الاستعمار البريطانيا، مجلة سرود، عدد، (٢)، ل١١٩.

لەکۆڵ دەکردو گوێدرێژەکەشی پێش خۆی دەنا، بەلام ئینگلیزەکان زوو لەم فێڵەگەیشتن و لەجیاتی(٤)فلس(٦)فلسیان لەخاوەند بار وەردەگرت، چونکەخۆیان دادەنا بە گوێدرێژو بارێك و (٤) فلسیان لێوەردەگرت و(٢)فلسیش لە بری گوێدرێژەکەی دەیکردە (٦) فلس)، هەرچی لە دەرەوەی شاریشدابوو، ئەوا(باج)یان بەسەر ئاژەڵەکانیاندا دەسەپاو بۆ هەر سەرێك لە (مەڕو بزن) چوار عانەیان وەردەگرت کەرێژەیەکی زۆربوو تاوای لەخەڵکی گوندەکان کرد کەئاژەڵەکانیان لەکاتی سەرژمیریەکاندا بشارنەوە، کەبۆمەبەستی کۆکردنەوەی باج و گومرگ هەژماردەکران)).[121]

بەشێوەیەکی گشتیش کۆکردنەوەو سەندنی باج و گومرگ، بۆ داگیرکەری بەریتانی بەر لەرۆژگاری دەرهێنانی نەوت پێویست بوو، چونکە داهاتی هەرشارێك بەهۆی دووسەرچاوەوە دابین دەکرا، یەکێکیان گومرگ ئەوی دیکەیان باجی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان بوو، کە بەگوێرەی دەست بەسەراگرتنی زەوی(دەبەیەك– ١/١٠)یان پتر وەردەگیرا،[122] بەشێوەیەکی راستەوخۆ یاخود لەرێگەی ئاغاو سەرۆك گوندەکانەوە کەبەشێوەی بەڵێندەرایەتی[123] هەڵدەستان بەکۆکردنەوەی باجی

[121] الملا جميل الروزبياني: كركوك في العهد الاستعمار البريطانيا والعهود التالية، ت.أنور مندلاوي، انترنيت، ل٢.

[122] سیسل جۆن ئیدمۆنس: کورد تورك عەرەب، وحامید گەوهەری، ل٤٢٤. بەعەرەبی"كرد وترك وعرب ت.جرجيس فتح الله، ل٣١٤"

[123] بۆنموونە: "موراد بەگی موبارەك" ی سەرۆکی هۆزی (گیژ)، یەکێك بوو لە بەڵێندەرەکانی ئینگلیز، بەسەرۆکایەتیی کۆمەڵێك وسارەی لیڤی هەموو سەری سەعاتێك بۆ وەرگرتنی باج دەیدا بەسەر گوندێکدا. (ملا جميل الروزبياني: كركوك في العهد الاستعمار البريطاني وعهود التالية، ت.أنور





نێوچەکانی خۆیان.[124] جاجیا لە دابینکردنی ئامانجەکانی خەزێنە، ڕادەی سەرکەوتنی دەسەلاتی داگیرکاری ئینگلیزو لێوەشاوەیی دەزگە کارگێڕیەکان بۆ کۆکردنەوەی ئەو باجانە بەشێوەیەکی تەواو و بەربەرەکانێتی لەگەڵدا نەکراوە دەیتوانی شوێنێکی خراپ لەسەر باوردۆخی ئاسایشی ولات دانێ، لەلایەکی دیکەوە وەرگرتنی باج شوێنەوارێکی زۆر نالەباریشی لەسەر زۆربەی فەرمانبەرانی ئاسایی هەبوو، کە لە کاتی کۆکردنەوەی باج لەدەوڵەمەندو دەسەلاتداران ترسیان هەبوو، لە بری ئەوە گوشاریان بۆ هەژارو بێدەستەلاتان دەبردو هیچ تێبینیەکیان بۆ ئەو کەسانە نەبوو کە توانای باج دانیان نەبوو زۆریان لێدەکردن، کە قەرز بکەن بۆدانی باجەکانیان....کاربەدەستانی دارایی نێوەندیش لەکاتی رووداني کارەساتی سروشتی و زیادکردنی نرخەکان ئامادەنەبوون بۆ بەخشین و کەمکردنەوەی ڕێژەی باجەکان هەنگاو هەڵگرن....لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەهۆی دووری نێوچەی کەرکوك لەدەسەلاتی نێوەندەوە، دژوارتربوو بتوانن وەزارەتەکان تێبگەیەنن و پێیان بڵێن: ((کاتێك داوای باج و گومرگ دەکەن، دەبێ لەبەرامبەر ئەوەدا بەلایەنی کەمەوە جیا لەدانانی پێگەی پۆلیس و یاسای سزادان وەك بەشێك لەئەرکی کۆمەلایەتی، پێویستە نێوەندی تەندروستی بۆ بەشێکی زۆر لەنێوچەی گوندەکان دابنێن))[125] هەموو ئەمانە ئەوە بە دەردەخەن

مندلاوي، انترنيت، ل٢).

[124] هەمان سەرچاوە، ل٢.

[125] سیسل جۆن ئیدمۆنس: کورد تورك عەرەب، وحامید گەوهەری، ل٤٢٤. بەعەرەبی" "كردك وترك وعرب ت جرجيس فتح الله، ل٣١٤".

کەسیاسەتی داگیرکەری بەریتانیا لەکۆکردنەوەو سەندنی باج و گومرگدا، تەنها بیریان لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان کردۆتەوەو هیچ دەزگەیەکی خزمەتگوزاریان بەداهاتی ئەو باج و گومرگانە، لەنێوچە جیاکانی کەرکوکدا دانەمەزراندوە . کە سەرجەمی تەنها باجی ساڵی ١٩١٩– ١٩٢٠ لە کەرکوك( ٣٢٦٧٣١١٣ )ڕووپیّ و گومرگیش (٨٨١١٤٤١١) ڕوپیّ بووە، ئەمە جگە لە چەندەها داهاتی دیکەش.[١٢٦] ئەمەش ڕێژەیەکی یەکجار زۆربووە بۆ ئەو کات .

**دووەم// دروستکردنی (( هێڵی شەمەندەفەر ))و ڕێگەکانی کەرکوك:**

پاش داگیرکردنی کەرکوك، بەچەند مانگێك بەریتانیەکان دەستیان بە نۆژەنکردنەوەی ڕێگەی (کەرکوك، سلێمانی، هەڵەبجە)کردوو و ڕێگەیەکیشیان لە سلێمانیەوە بەرەو باکوری ڕۆژئاوا بۆ زێی دووکان کێشا، کە بەهۆی چەند پردێکەوە بە هەڵەبجەوە دەبەسترایەوە، ئەوهەنگاوانەو هێندێك پلانیتری وەك راکێشانی ڕێگەی ئاسنی لە (کەرکوکەوە بۆ هەولێرو کۆیە)،[١٢٧] هەروەها بیریان لە هێڵی شەمەندەفەری (کفری– کەرکوك) کردەوە، بەمەبەستی فراوانبوونی دەسەلاتیان و ساغ کردنەوەی کەلوپەلی وەبەرهەم هاتووی کارگەکانی ئینگلیز لە بازاڕەکانی کوردستان و بۆ گواستنەوەی هێزی سەربازی پێویست و خێراکردنی کاروبارەکانی خۆیان لەنێوچانەو بەستنەوەی ئەو هەرێمانە، بەعێراقێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوی ئینگلیزەکانەوە.باشترین بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستیانەی

---

[١٢٦] بڕوانە / و.سەربەست کەرکوکی : ڕاپۆرتی کارگێڕیی دەڤەری کەرکووك، ل٧٢و٨١ .

[١٢٧] سیسل جۆن ئیدمۆنس: کورد تورك عەرەب، وحامید گەوهەری، ل٤٠، بەعەرەبی "کردك وترك وعرب، ت. جرجيس فتح الله، ل٢٢".





سەرەوە، بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٣٤٧٧/٣٩٤) ی ڕۆژی (٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٩)دە، کە(وێڵسن) بروسکەیەکی لەبارەی نێوچەکانی کەرکوکەوە، بۆ وەزارەتی هەندەرانی بەریتانیا نارد، تێدا دەری دەبڕیّ کە یەکێك لەوخاڵانەی کە ئێستا شارەزایان و سیاسەتمەدارانی بەریتانیا لە عێراق لەسەری سورن، دروستکردنی هێڵی ئاسنی نێوان(کفری– کەرکوك)ە. بۆیە وێڵسن بەوپەڕی توانایەوە داوای دروستکردنی ئەو هێڵە دەکات بەم بروسکەیە : ((دیارە زۆرباش دەزانن، کە هێڵی ئاسنی (بەغداد– موسڵ) لە نێوچەیەکی بیابانی چۆڵی بیّ خێرو بێردا تێدەپەڕیّ، جگە لەو پارچەیەی نێوان(بەغداد– سامەرا)، ئەم هێڵەش بۆ هاتووچۆی نێوان(حەلەب–بەغداد)دروستکراوە، بەلام ئێستا بۆ گەشەکردنی ئەو ولاتە باشترین هێڵ، ئەوهێڵەیە کە لە نێوان(خانەقین–کفری– کەرکوك –ئاڵتون کۆپری– هەولێر– موسڵ)دا رابکێشرێت و لقێکی بۆ سلێمانی و ڕانیە لیّ جودابکرێتەوە...بەلام وادەردەکەوێت کە ئێمە هەوڵەکانی خۆمان بۆ ڕێگەی دیجلە خستۆتەکار، خۆئەگەر موسڵی لیّ دابڕین یان نا، ئەگەر سنوورەکانی عێراق هەر لەسەر زێی گەورەبمێنێتەوە.لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانریّ ئەو سیاسەتە نەخشە بۆ کێشراوە تازەیە لە کوردستاندا جێبەجیّ بکرێت، بەوەی ئەو هێڵە ئاسنینە بەرەو باکور درێژ بکرێتەوە لە (تکریت و سەرزێی بچووك بۆ ئاڵتۆن کۆپری و رانیە)) چونکە(ویڵسن)وای دەبینێت،کە بوونی ئەم هێڵە کارێکی گەوهەریە، گەر بمانەویّ بەکردەوە دەستمان بەسەر کوردەکاندا بڕوات هەر بەم شێوەیەش یارمەتی ئایندەی ئەرمەنیەکان دەدەین.... ئەمە جگە لەوەی کە ئەو هێڵە بەنێوچەیەکی بەپیت و بەرەکەتدا تێدەپەڕێت کە زۆرباشە بۆچاندنی گەنم و

بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ، دەشتوانرێ ئەگەر لەدواییدا بەکارێکی پەسەندزانرا، هێڵەکە بەرەو باکوری رۆژهەڵاتیش درێژبکرێتەوە دەشتوانرێت کێومالێکی بە پەلەی تێدا بکەین، چوونکە لەمەوپێش لە کوردستانو ئەرمینیاو باکووری رۆژئاوای ئێران بەرەو ڕوومان بوونەتەوە، لەوانەشە لەئێستادا دروستکردنی ئەوهێڵە پێویستە و چاو لە هێڵی(خانەقین – کرمانشان )بپۆشرێت، ئەگەر(زێی بچووك)بکرێت بەسنوور، بەوەش گرنگیەکی سیاسیی گەورە دەدرێت بۆئەوەی بەشێکی گەورە لەنێوچەی سلێمانی بکرێتە مەڵبەندێکی کوردی، ئەم ئامانجە کارێکی باشە کە هێڵی مەتری[128] لەخانەقینەوە بە درێژایی رووباری (سیروان– دیالە)دریژبکرێتەوە بەدۆڵی شارەزوورو سلێمانیدا.ئەم هێڵەش بەرهەمی زۆرە، چونکە (کۆمپانیای ریجبی عوسمانی) بۆکاروباری (توتن) سالانە قازانجێکی زۆری دەستدەکەوت، کە خۆی لە (١٠٠,٠٠٠) دەدا، لێرەش پێش بەرپابوونی جەنگ.[129] ئەمە جگەلەوەی کەنێوچەکە بازاڕێکی گەرمە بۆهەمووجۆرە دەسکەوتە ئاژەڵیو دارستانیەکان، هەروەها نێوچەیەکی بەپیتە بۆ چاندنی(گەنم)، بۆیە راسپاردەم ئەوەیە کەلەنزیکترین کاتدا کێومالێك (مەسح)ی باش بکرێت)).[130] دوای ئەو روونکردنەوە وردوپڕ زانیاریانەی، کە (ئارنۆڵد ویڵسن) دای بەحکومەتی بەریتانیا لە بارەی لایەنە باشەکانی دروستکردنی هێڵی

---

[128] مەبەست لە((هێڵی مەتری)) رێگەی هاتووچۆی ئۆتۆمبیلو پیادەیە.(توێژەر).

[129] مەبەست لەجەنگی یەکەمی جیهانیەیە . (توێژەر) .

[130] وەرگیراوەلە/د.ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر: کوردستان لەسەردەمی ئاشتیدا، و.محمد نوری توفیق، ل١٦٠. ١٦١.





شەمەندەفەری(کفری– کەرکوك)ەوە، وەزارەتی هەندەرانی بەریتانیا لە کۆنگرەی (بیستو نۆیەم)ی، دائیرە رەسمیەکانی ئینگلیزی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بڕیاردراوە بەوەی ئەگەر خەزێنەی(دەوڵەتی بەریتانیا) ڕێگە بدات بۆ دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەری(کفری– کەرکوك)، ئەوا پێویستە بۆئەو مەبەستە دەستبکرێت بە کارکردن،لەڕاستیدا مەبەستی ئەم بڕیارە گەیاندنی رێگەیە بۆ موسڵ، نەك بۆ پارێزگاری کردنی ئەو نێوچە کوردیانەی کەهێڵەکەی پێدا تێدەپەڕێت....بەلام بۆ خۆی واقع خەریکە ئەوەبسەلمێنێ، کە ئەو هێڵەی لە نێوچە کوردیەکانەوە تێدەپەڕێ، دەبێتە کارێکی پێویست کە ئەو نێوچانە بخرێتە نێوی نفوزی نێوچەی بەریتانیاوە.[131] لە لایەکی دیکەشەوە(سکرتێری وەزارەتی هەندەران بەریتانیا)، لە ڕۆژی(١٩١٨/٨/٢٢)دا بروسکەیەکی نارد بۆ نوێنەری (حکومەتی بەریتانیا لەبەغداد) وبەئاشکرا دەڵێت: ((دەوڵەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا بەووردی لە مەسەلەی هێڵی شەمەندەفەری نێوان (قزرابات وکفریو کەرکوك)ی کۆڵیوەتەوە، جگە لە سوودو پێویست بوونی ئەو هێڵە بۆ هەندێ‌مەبەستی تایبەت، ئێمە لەبەر هۆی ستراتیژیو بۆدەستەمۆکردنی کوردەکانی خوارووی کوردستان، داوای ئەوەدەکەین بە پەلە دەست بە جێبەجێکردنی ئەوهێڵی شەمەندەفەرە بکرێت)).[132] بەشێوەیەکی گشتیش دروستکردنی ئەوهێڵی شەمەندەفەرو لایەنی نێگەتیڤی بۆ نێوچە کوردیەکان هەبووە، چوونکە دەبووە هۆی لە نێوبردنی ئەو پرۆژەیەی بەریتانیا کە دەیویست لە باشووری کوردستاندا

---

[131] د.أحمد عوسمان أبوبكر : کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، ل١٥٢.

[132] سرارلند تی .ویلسۆن : بلادمابين النهرين بين ولاين، ت.فؤاد جميل، ج٣، ل٣٥ .

چەند دەوڵەتۆکەیەکی ئۆتۆنۆمی کوردی دروست بکات لەژێر چاودیری خۆیاندا.[١٣٣] لەگەڵ ئەوەشدا لەناوچەکەدا کاریگەری لەسەر نرخی گواستنەوە دەبو.[١٣٤]

کاتێك (ئارنۆڵدویڵسن)ویستی ڕێگەبدەن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی هێڵی شەمەندەفەری (کفری– کەرکوك) مەکتەبی حکومەتی بەریتانیا، لە هندستان بەبروسکەیەك وەڵامی دایەوە، کە تێیدا هاتبوو:((حکومەتی خاوەن شکۆ دژی ئەو پرۆژەیەیە، کە ڕەنگە بەکردەوە ببێ بە یەکەم هەنگاوی داگیرکردنی سوپایی، تا ئێستاش کەپشتیوانی لە سیاسەتی سەپاندنی دەسەڵاتی بەریتانیا بەسەر باشووری کودستانداکراوە، بەهۆی بۆچونێکی وابووە، کە گوایە خودی دانیشتوانی نێوچەکە پێشوازی لەو دەسەڵاتە دەکەن. بەڵام ئێستە دەرکەوتووە، کە ئەو بۆچوونە لە جێی خۆیدا نەبووە، تا ئێستەش دانیشتوانی ئارەزوویان بە دەسەڵاتی بەریتانیا نایەت، بەرادەیەك کە ئەو خەتە ستراتیجی‌یە دەبێ بەردەوام پارێزگاری لێ بکرێ. (ئایا لەم هەلومەرجەدا باشتر نی‌یە ئەفسەرە سیاسیەکانی خۆمان بگێڕینەوەو کورد لەکۆڵ خۆمان بکەینەوە؟)ڕێ وشوێنەکەی تریش واتە پاراستنی ئارامی لەناو خێڵە چیاییە سەرکێشەکاندا بەزەبری چەكو ئەرکی سوپایی لەگەڵ خۆیدا دێنێتە پێش، حکومەتی خاوەنشکۆش لەم بارەیەوە ترسێکی زۆری لێ

---

[١٣٣] د.عەزیز شەمزینی: جووڵانەوەی رزگاری‌ی نیشتمانی کوردستان، و فەرید ئەسەسەرد، ل ١٥٨–١٥٩.

[١٣٤] و.سەربەست کەرکوکی : ڕاپۆرتی کارگێڕیی دەڤەری کەرکووك، ل١٢٤– ١٢٥ .





نیشتووە))[١٣٥]. بەم شێوەیە ئەوپرۆژەیەی بەریتانیەکان نەخرایە بواری جێبەجێکردنەوە، لەبەر مەترسی زۆری بەریتانیەکان لەپاراستنی ئەو هێڵەو کەم باوەڕیان بەکوردی ئەو نێوچانەی، کە هێڵەکەی پێدا تێدەپەڕی.

## سێیەم/ بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕیی شاری کەرکوك:

کەرکوكو نێوچەکانی دەوربەری لە زۆربەی کاتدا لە ڕووی کارگێڕییەوە بە نێوچە کوردیەکانەوە بەندبووە، کاتێکیش بەریتانیەکان عێراقی ئێستەیان بەتەواوی داگیرکرد، دابەشیان کرد بەسەر (١٦)یەکەی کارگێڕیداو هەر یەکەیەکیش لەوانە بە نێوچەی(District)نێو دەبرا، کە بریتی بوون لە (بەغداد، بەسرە، قورنە، عەمارە، ناسریە، کوت، سەماوە، (حللە) کەربەلاشی لەگەڵدابوو، بەعقوبە، سامەرا، دلەیم، شامیە، (نەجەفی)لەگەڵدابوو، دیرەزور، موسڵ، خانەقین، کەرکوك)، ئەمەش مانای ئەوەیە، کە هەموو نێوچە کوردەکان لە (ڕۆژهەڵاتی باشووری خانەقینەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی موسڵ درێژبووە) کە دەیکردە ٣/٥ی باشووری کوردستان و لە ڕووی کارگێڕییەوە بە کەرکوکەوە بەسترابوونەوە کە لە نێوانیاندا (هەولێر، سلێمانی، کفری، ڕەواندز، کۆیسنجق، ئاڵتون کۆپری، داقووق، دوزخورماتوو..هتد))هەبوون[١٣٦]. (مەجیدیەعقوبی)[١٣٧] سەرۆکی

---

[١٣٥] دیڤد کۆرن: ئەو دووکەسەی کوردستانیان خزاندە عێراقەوە (سێرپێرس کۆکس – ئارنۆڵدوڵسن) ،گۆڤاری ڕوانگەی جیهان، ژمارە(٤)، ل٢١ –٢٢.

[١٣٦] د.کمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التأريخ والضمير، ج١، ل١١١– ١١٢.

[١٣٧] ئەدمۆندس دەڵێت : ( مەجید یەعقوبی لە بنەماڵەی بە نێوبانگی یاقوبزادەبوو، ئەو پیاوێکی خاوەن کەسایەتی و بەڕێوەبەرێکی بەکارو لێهاتووبوو لەکەرکوکدا، لەباری بیرو شێوەی

**شارەوانی (بەلەدیە) بوو.[١٣٨] پاش دابڕانی بەشێك لەسەر ڕێگەی(هەولێر– کەرکوك) ،ئینگلیزەکان کردیانە(مەکتەب عامە)، [١٣٩] (شوکری عەبدول ئەحمەد) سەرۆکی بوو.[١٤٠]**

**ئینگلیزەکان پاش دروستکردنی سیستێمی حوکمداریی باشووری کوردستان بەسەرۆکایەتی (شێخ مەحمود)، بەڵێنیان بەهەموو نێوچەکانی باشوری کوردستان، کە دەتوانن بەئازادی خۆیان بچنە ژێر دەسەڵاتی (حوکمداری کوردستان)ەوە، بەلاّم ئەمە لە ڕووی پراکتیکیەوە جێبەجێنەکرا، (شێخ مەحمود)یش تەنها بە مەڵبەندی سلێمانی ڕازی نەدەبوو بەڵکو دەیویست هەموو باشوری کوردستان بە کەرکوکیشەوە لەرووی کارگێڕییەوە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، لەبەرئەوە بەریتانیەکان کەوتنە لاوازکردنو نەهێشتنی دەسەڵاتەکەی[١٤١]. بۆ ئەم مەبەستە بەریتانیەکان لە کەرکوکەوە دەستیان پێکردو(مەجید یەعقوبی)، کە سەرۆکی شارەوانی بوو، کردیانە موتەسەڕیف، لە لایەکی دیکەوە بۆئەوەی کەرکوك بەتەواوی لە سلێمانی جیابکەنەوە (مێجەر میلەر)ی**

---

بیرکردنەوەشدا گەلێك پێشکەوتووبوو لە چاو کارمەندانی دیکەی ئەو سەردەمەی کەرکوك). ( کورد تورك عەرەب، و.حامیدی گەوهەری، ل٣٤٢. بەعەرەبی ( کرد وترك وعرب، ت.جرجيس فتح الله، ل٢٥٥).

[١٣٨] ئامادەکردنی ڕادیۆی گەلی کوردستان: سیٚ وتاری گرنگی هەڤاڵ مام جەلال سکرتێری گشتی (ی.ن.ك)، ساڵی ١٩٩١، سلێمانی، ل٧٦.

[١٣٩] پێدەچێت مەکتەبی سەربازی بووبێت.(توێژەر)

[١٤٠] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، ب ٢، ل١٣٣.

[١٤١] دارا ئەحمەد کەریم بەگ: کەریم بەگی فتاح بەگی هەمەوەند(بەشێك لەمێژووی رزگاریخوازی گەلی کورد)، دەزگای چاپو بلاّوکردنەوەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٦٠.





**ئینگلیزی تورکزانیان بەنێوی حاکمی سیاسیەوە نارد بۆ کەرکوك، (مێجەر میلەر)و(مەجید یەعقوبی)هانی خەڵکی شارەکەیان دەدا، کە داوای سەربەخۆی بکەن، بۆ ئەوەی لە سلێمانیان دابڕن.[١٤٢] هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ بوونی ئەو نەوتە زۆرەی کە لە شارەکەدا هەبوو، ئینگلیزەکانیش بەلای بارە ئابورییەکاندا سیاسەتیان دەرۆیی و هەوڵی دابڕانی زیاتری نێوچەکانی سەر بەکەرکوکیان دەدا، [١٤٣] (هەولێر) کە نیمچە لیوایەکی سەر بە کەرکوك بوو، جیاکرایەوەو کرا بە لیوایەکی سەربەخۆ.[١٤٤] (ئارنۆڵد ویلسن) بروسکەی ژمارە (٦٦٦٦)ی لە ڕۆژی (١٣ی حوزەیرانی١٩١٩) دا نارد بۆ حکومەتی بەریتانی هند، کە تێیدا هاتبوو((پێویستە هەریەك لە نێوچەکانی (زاخۆ، دهۆك، سلێمانی، ئاڵتون کۆپری، کەرکوك)بلکێندرێت بەعێراقەوە، لەبەر گرنگی ئەم نێوچە کوردیانە لەهەردوولایەنی ئابوری‌و ستراتیجیدا بۆ ڕێکخستتنی دەوڵەتە نوێیەکەیان)).[١٤٥] لەمەوە بەدەردەکەوێت(ویڵسن)و پیاوە ڕامیاریەکانی ئینگلیز پلانی ژەهراوی خۆیان دادەڕشت، دەستیان لەئیش‌وکارەکانی حوکمداریەتی باشووری کوردستان وەردەدا، لەبەر ئەوەش ئیش‌وکارەکانی حوکمدار لە ((کەرکوك، هەولێر، شوێنە کوردیەکانی موسڵ، کفری،خانەقین)) باش نەدەڕۆی . لەو کاتەشدا حاکمی گشتیی بەریتانیا لە عێراق (ئارنۆڵد ویلسن) دەیووت:((کەرکوك‌و هەولێرو کفری**

---

[١٤٢] ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب ١، ل١٤٤.؛ دارا ئەحمەد : کەریم بەگی فتاح بەگی هەمەوەند، ل١٦.

[١٤٣] ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب ١، ل١٤٤.

[١٤٤] م.ڕ.هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان‌و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب ٢، ل١٦١.

[١٤٥] د.فواد حەمە خورشید: کرکوك قلب کردستان، ل٦٨.

لەگەڵ شێخ مەحموددا نین و فەرمانەکانیشی جێبەجێ ناکەن)).[١٤٦] بەڵام پشتگیری کوردەکانی کەرکوك و دەوروبەری بۆ شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، ئەو وتەیەی ویڵسن لە راستی دووردەخەنەوە.[١٤٧]

کاتێك لەسەر داوای(سێر پێرسی کۆکس)(عەبدول رەحمان نەقیب) یەکەم کابینەی وەزارەتی عێراقی لە ڕۆژی(٢٥/١٠/١٩٢٠)دا پێکهێنا،[١٤٨] لە ژمارە (٢٩)ی رۆژنامەی(پێشکەوتن)دا هەواڵی پێکهێنانی ئەو وەزارەتەو نێوی یەکە بەیەکەی وەزیرەکانی بلاوکردەوە، بەڵام لەکۆتایی هەواڵەکەدا ئەم دەستەواژەیە نووسرابوو: ((ئەم دەزگەو برەوحکومەتە دەخلی بەسەر کوردستانەوە نییە)).[١٤٩] بەدرێژایی سەردەمی حکومەتەکەشی(کەرکوك) لە ڕووی کارگێڕییەوە بەنێوەندەوە نەبەسترا، هەروەك سەرجەم نێوچەکوردیەکانی دیکە راستەوخۆ لەلایەن(مەندوبی سامی)ەوە سەرپەرشتی دەکراو بەڕێوەدەبرا.[١٥٠]

(ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کەرکوك)، کە لە دوای داگیرکردنی کەرکوك لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دروستکرا، (کوردو تورکمان) زۆربەی کارەکارگێڕییەکانیان تێدا بەڕێوەدەبرد، بۆنموونە لە فەرمانگەی شارەوانیدا بەریتانیەکان زۆربەی ئەو کارمەندوفەرمانبەرانەیان

---

[١٤٦] وەرگیراوە لە / یاداشتەکانی شێخ (لەتیف)ی حەفید، چاپی یەکەم، ١٩٩٥، ل٥٠.

[١٤٧] بڕوانە باسی سێیەم لەبەشی دووەم لەلاپەڕە ( ١٨٧ بۆ ٢١٧).

[١٤٨] د.رجاء حسني الخطاب: عبدالرحمن النقيب (حياته الخاصة واداؤه السياسي وعلاقته لمعاصريه)، دار العربية للطباعة، ط١، بغداد، ١٩٨٤، ل٢١.

[١٤٩] ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە(٢٩)، ١١/١١/١٩٢٠.

[١٥٠] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، ب ٢، ل٣١.





بەکاردەهێنا، کە لە سەردەمی عوسمانیەکاندا ئەم کارانەیان بەرێوەدەبرد لە(کوردو تورکمان).[١٥١] بەواتایەکی دیکە دەستیانکرد بەلاسایکردنەوەی سیاسەتی بەڕێوەبردنی عوسمانی، لەدووبارە پشت بەستن بەو ئەفەندییە تورکمانانەی لە حوکم و کارگێڕی نێوچە کوردیەکاندا بەگشتی و کەرکوك کە نێوەندبوو، بە تایبەتی... (بلوهای) کە ئەفسەرێکی سیاسی ئینگلیز بوو لە کەرکوك، چینی ئەفەندییەکانی باش دەناسی و لەنزیکەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵیان دەکرد و بەم شێوەیە باسیان دەکات:((بەوپێیەی کەچینێکی شێوە رۆشنبیربوون، هەوڵیاندەدا لاسایی ژیانی رۆژئاوا بکەنەوە، بەڵام بەرێگەیەکی ناسەرکەوتوو...(ئەفەندییەکان)خوێنی جوتیارانیان دەڕشت و بەرتیل و تەمەڵی و فەسادیان لەنێوانیاندا بلاودەکردەوە، لەلایەنی سیاسیشەوە بەچینێکی ناباوەڕپێکراو ناسرابوون)).[١٥٢] جگە لەوەش ئیدارەی داگیرکەری بەریتانی زمانی تورکی وەك زمانی خوێندن و کارگێڕی لەکەرکوکدا هێشتەوە،[١٥٣] ئەمەش وایکرد زۆرێك لەڕۆڵەکانی چینی نێوەندی کوردی و بەشێك لەکوردە راگوێزاوە لادێییەکان کەئارەزوویان دەکرد کاریان دەستبکەوێ لە فەرمانگە حکومییەکان و بازاڕەکاندا، ناچاربوون کە بکەونە لاسایکردنەوەی چینی (ئەفەندی) بالادەست و بەکارهێنانی زمانی تورکمانی، کە لەکەرکوکدا

---

[١٥١] د.کمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التأريخ والضمير، ج١، ل١٠٧– ١٠٨. ؛ ملا جميل الروزبياني : كركوك في العهد الاستعمار البريطاني، مجلة سردم، عدد(٢)، ل١٩.

[١٥٢] مجموعة الباحثين: كركوك مدينة القوميات المتآخية، ل٣١٤.

[١٥٣] د.نوری تاڵەبانی: سیاسەتی گۆڕینی واقعی نەتەوەی کەرکوك لەکۆنەوە تائەمڕۆ، گۆڤاری کەرکوك، ژ(٩)، ساڵی سێیەم، هاوینی ٢٠٠١، ل٨.

بەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابوریدا بالأدەستبوون.[١٥٤] ئەم جۆرە سیاسەتەی کارگێڕیی ئینگلیزەکان جۆرێك بوو لە درێژەدان بەسیاسەتی عوسمانیەکان، کە بۆ بەتورککردنی نێوچەی کەرکوك و دەوروبەری دایانڕشت بوو.

لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ هێشتنەوەی فەرمانبەرە کۆنەکاندا، (ئینگلیزەکان)دەستیان بۆ دەسەڵاتی ڕابەری هۆزە کوردییەکان لەکەرکوك و دەوروبەریدا نەبرد، لەم بارەیەوە ڕۆژهەلأتناس (ل.ن.کاتلوف) کە پسپۆڕە لە مێژووی عێراقی هاوچەرخدا دەڵێت:((چەند نێوچەیەکی پێوەندی دار بە نێوچەی کەرکوك مابوونەوە، کە فەرمانبەرە کۆنەکان بەڕێوەیان دەبرد لەگەڵ سەرەك هۆزەکان لە (دەرەبەگ و ئاغاکان)، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی داگیرکەری بەریتانی سیاسەتێکی نێوەندی توندی لەنێوچەکانی کوردستاندا گرتبووە بەر لەترسی ڕاپەڕینی سەرۆك هۆزەکان، کەلەسەردەمی عوسمانیەکاندا جۆرێك لەسەربەخۆییان هەبوو)).[١٥٥] پێدەچێت هەرلەبەر ئەمەش بووبێ کە بەریتانیەکان لەماوەی حوکمڕانی ڕاستەوخۆی خۆیاندا چەند کەسایەتیەکی کوردی سەربەهۆزەکانیان لە کەرکوك و نێوچەکانی دەوروبەریدا کردبێتە دەسەلأتدار ، بۆنموونە (فەتاح پاشا[١٥٦] دانرا بەموتەسەڕیفی کەرکوك،

---

[١٥٤] مجموعة الباحثين: كركوك مدينة القوميات المتآخية، ل٣١٤.

[١٥٥] حركة التحرر الوطني في العراق قبل ثورة العشرين، ت.طه نوري السامرائي، مجلة كلية الاداب البصرة، عدد(٧)، سنة ١٩٧١، ل١٥٧.

[١٥٦] فەتاح ئاغا موتەسەڕیفی کەرکوك بوو لەنێوان سالأنی( ١٩٢٢ – ١٩٢٤)دا(ا)، یەکێك بوو لەئەفسەرە بالأکانی سوپای سەردەمی عوسمانی و بنەماڵەکەشی لەبنەڕەتدا خەڵکی





مەجید یەعقوبی سەرەتاکرا بەسەرۆکی شارەوانی و دواتر بە موتەسەڕیف، (حەسیب تاڵەبانی)کرا بەبەڕێوەبەری ناحیەی کەرکوك، (عەلی ئەفەندی سەفایلی) دانرا بەقائیمقامی(گل و قادر کەرەم)، (سەید عەبدول ڕەحمانی جەباری )کرا بەبەڕێوەبەری ناحیەی (مەلحە – حەویجە)...هتد).[١٥٧] لەگەڵ ئەوەشدا لە بەڵگەنامە تایبەتیەکانی ئینگلیزدا دەردەکەوێت کە دامەرزاندنی هەندێ لە دامودەزگائیدارییەکان لە کەرکوك و دەوروبەردا پشتی دەبەست بەهەڵوێستی کورد بەتایبەتی، بۆ وێنە ئینگلیزەکان لەسەرەتادا نەیان دەتوانی کەهێزێکی تایبەتی پۆلیس[١٥٨] لەکەرکوکدا پێکبهێنن، بەهۆی کوردانی کەرکوك لەپێوەندی کردن بەوکارەوە خۆیان بەدوور دەگرت، ئەمەش ئینگلیزەکانی ناچارکرد کە(٣٠)پۆلیس لەدەرەوەی کەرکوکەوە بهێنن بۆی.[١٥٩] ئەم نموونەیە ئەو

---

دووزخورماتووبوو، کەسێکی چالاکبووە لەکارەکانیداو میوان دۆست بووە، پێوەندێکی بەهێزیشی بەکارمەندانی ئینگلیزەوە لەکەرکوکدا هەبوو(ب) (ا//مجموعة الباحثين: كركوك مدينة القوميات المتآخية، ل١٦٧ . ب//سیسل جۆن ئیدمۆنس : کرد ترك عرب، د.حامیدی گەوهەری، ل٣٤٢. بەعەرەبی "كردو ترك وعرب، ت.جرجيس فتح الله، ل٣٥٥".

[١٥٧] الملا جميل الروزبياني: كركوك في عهد الاستعمار البريطاني والعهود التالية، ت.أنور مندلاوي، انترنيت، ل٣– ٤.

[١٥٨] پۆلیسی عێراق بەگشتی لەدووبەش پێکدەهات، لقێکی پیادەو لقێکی سوارە، لقە پیادەکە بەشێوەی ئاسایی تەواوی کارەکانی پۆلیسی ئەنجامدەداو لقی سوارەش پتر ڕۆڵی جەندرمەی هەبوو، لەکەرکوك (مورادبەگ) سەرۆکی ئەم دەزگایەبوو . (بڕوانە/ سیسل جۆن ئیدمۆندس : کورد تورك عەرەب، و.حامید گەوهەری، ل٣٤٢. بەعەرەبی "كوردو ترك و عرب، ت.جرجيس فتح الله، ل٣٥٥").

[١٥٩] د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج ١، ل١٠٨.

ڕاستیە دەردەخات کەکوردەکانی ئەوکاتی کەرکوك ڕۆڵی سەرەکیو یەکلاکەرەوەیان هەبووە، لەبەشێکی زۆر لەبواره کارگێڕییەکانی شاردا.

کاتێك بەریتانیەکان نازناوی(حوکمداری کوردستان)یان لە مانگی(تشرینی یەکەمی ١٩٢٢)دا بە(شێخ مەحمود) ، ئەویش پاش مانگێك خۆی وەك مەلیکی کوردستان ناساند. کەرکوكو دەوروبەری دەکەوتنە چوارچێوەی ئەو ڕێکخستنە کارگێڕییە نوێیەوە کە ئینگلیزەکان نەخشەیان بۆ دامەزراندنی کێشابوو لەگەڵ(شێخ مەحمود)دا لەژێر سێبەری ئەو بارو دۆخە پڕ مەترسییەی کە کەمالیەکان لە نێوچەکەدا هێنابوویانە کایەوە[١٦٠].لەوبارەیەشەوە ڕۆژنامەی(بانگی کوردستان)نووسیویەتی:((کاتێك، کە لایەنی مەندوبی سامی لەحکومەتی بەریتانیای گەورە ڕازی بوو، بەپێی ئەو بەڵێنەی لەبەغداد دابوویان، لەسەر ئەوەی کە سەرجەم لیواو قەزاکانی کوردستان بەپێی نەخشەیەك بلکێنێ، لەوکاتەدا ئیدارەی خاوەنداریەتی بانگەشەی پیاوانی دیارو دامەزراندنو تەشکیلاتی دائیرەی لە(کەرکوك، ئەربیل، زاخۆ، عەقرە، عەمادیە، دهۆك، سەلاحیە(کفری)، خانەقین )ونێوچەکانی دیکەش لە ولاّتی کوردستان))کرد.[١٦١] بەلاّم ئینگلیزەکان لە ڕووی پراکتیکەوە ئەو بەڵێنەشیان جێبەجێنەکرد، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەلاّتی داگیرکاری خۆیاندا هێشتبوویانەوە. باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە، ئەو سکالاّیەیە کە ڕۆژی (١٩٢٣/١١/١٧) دراوەتە (سی.جی.ئیدۆمۆندس)ی حاکمی سیاسی ئینگلیز لە کەرکوك، لە لایەن(هندی نەژادێکی)خاوەن دووکانەوە کە

[١٦٠] ڕەفیق حیلمی : یادداشت، ب٢، ل٩٨-١٠٠ / ب٣، ل٤٣- ٤٤.

[١٦١] بانگ کردستان، ژمارە (١١)، ٢٠ ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢، ل ١-٢.





پۆلیس دەچنەسەری، ئەویش پەنا دەباتە بەر حاکمی سیاسی لەجیاتی دەزگا کارگێڕییەکانی سەبارەت بەو ڕووداوە، (ئەدمۆنس)یش کارەکەی بۆ چارەسەر دەکات بەبێگەڕانەوە بۆ هیچ دەزگایەکی ئیداری شارەکە.[١٦٢] بەم شێوەیە دەردەکەوێت کەرکوك، لە ڕووی کارگێڕیەوە ڕاستەوخۆ بەحاکمی سیاسی مەدەنی بەریتانیا لە بەغداد بەسترابوو و هیچ دەسەلاّتێك نەدرابوو بە دەزگا کارگێڕیەکانی شار کەهەبوو بەنێو.

## چوارەم//سیاسەتی سەربازی بەریتانیا لەشاری کەرکوکدا :-

بەریتانیەکان لەسەرەتای داگیرکردنی شاری کەرکوکەوە لەڕووی سەربازییەوە گرنگییەکی زۆریان پێی دابوو، هەمیشە سوپاکەیان لەوێدا فراوانترو بەهێزتر دەکرد. بە مەبەستی بەڕێوەبردنی باشووری کوردستان، نەخشەو پلانی سیاسیو سەربازیان لێرەوە دەنارد بۆ مەندوبی سامیو کاربەدەستانی تری بەریتانیا لە بەغداد.[١٦٣] ئەوانیش لەسەر ئەو پلانانەی لەکەرکوك دادەڕێژران بەرنامەکانی خۆیان بۆ نێوچەکانی باشوری کوردستان بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی دادەڕشت، بۆ نموونە((پاش جەنگی یەکەمی جیهانی بەریتانیەکان هێزێکی تایبەتیان دروستکرد بەنێوی(هێزی باشووری کوردستان) کە نێوەندەکەی لەشاری کەرکوك

[١٦٢] سیسل جۆن ئیدمۆندس : کورد، ترك، عەرەب، و.حامید گەوهەری، ل٣٤٥-٣٤٦. بەعەرەبی "کرد وترك وعرب: ت.جرجیس فتح الله، ل٣٥٦ -٣٥٧ ".

[١٦٣] م.ڕ.هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، ل١٦١.

بوو)).[١٦٤] لەلایەکی دیکەوە لەباشووری کوردستاندا بەگشتی کەرکوك لە سەردەمی ئینگلیزدانێوەندی بڕیاری سیاسیو سەربازی بوو ، بۆ وێنە پاش شۆڕشی یەکەمی شێخ مەحمودو ئازادکردنی شاری سلێمانی، هێزەکانی بەریتانیا لەکەرکوك بەئامادەبوونی(مێجەر سۆن) و ژمارەیەك لە گەورە لێپرسراوایانی سەربازی بەریتانی کە لە بەغدادەوە هاتبوون بۆی، کۆبوونەوە یەکیان سازکرد، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ بارودۆخی شاری سلێمانی، چەند جارێك سوپایان لە کەرکوکەوە نارد بۆ نێوچە ئازادکراوەکان، بەڵام بەتەواوی بۆیان چارەسەر نەکرا.[١٦٥] (شێخ مەحمود)و شۆڕشگێڕانیش زیاتر لەکەرکوك نزیك بوونەوەو پلانی ئازادکردنی کەرکوکیان دانا، ئەم کارەش ئینگلیزەکانی زیاتر شڵەژانو بەتەواوەتی لەگەڵ حوکمداری کوردستاندا لێك ئاشکرابوون، سەرئەنجام بەریتانیەکان لە ڕێگەی کەرکوکەوە لەشکرێکی زۆریان نارد بۆ نێوچەی شۆڕشگێڕان[١٦٦] و تا توانیان لە دەربەندی بازیان شۆڕشگێڕان بشکێنو شێخ مەحموودیش بەدیل بگرن.

ئینگلیزەکان لە ڕووی سەربازییەوە بۆچوونیان سەبارەت بە کەرکوك بەم شێوەیە بوو: ((کەرکوك بۆ هەموو لایەك، بۆ ڕێبازی هاتو چۆی سوپا لە نێوان بەغدادو موسڵدا نێوچەیەکی ستراتیژیی بایەخدارو گرنگە،

[١٦٤] د.کمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التأريخ والضمير، ج ١، ل١١٤.

[١٦٥] بڕوانە/ یاداشتەکانی شێخ (لەتیف)ی حەفید، چاپی یەکەم، ل٥٥- ٥٦. ؛ د.کمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج ١، ل١٨٥.

[١٦٦] علاء الدين سوجادی: شۆڕشەکانی کوردو کۆماری عێراق، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٥٩، ل٨٦.





لەبەرئەوەنرخێکی تایبەتی هەیە بۆ سوپای عێراق...کەرکوك ژمارەیەکی زۆر لایەنگیری سەربە تورکیای تێدایە ئەگەر باش ڕەفتاری لەگەڵ نەکرێ زیانێکی زۆری دەبێ بۆ عێراق)).[١٦٧] لەبەرئەمە بەریتانیەکان ، بەمەبەستی پاراستنی لەمەترسی تورکەکان و شۆڕشی کورد هێزێکی زۆریان لەکەرکوك دانابوو، ئەو هێزانەش بریتی بوون لە: ((هێزی جەنگی (M١/٥)ی ڕۆژهەڵاتی (ساری)، یەکەکانی (٨٥)ی پیادەی (بیرمە)، گورهان (M١/٨٧)ی پەنجاب، یەکەکانی (M١/١٦))ی مهاراتاس، گورهان (٤٩)ی پیادەی پەنگاڵ، گورهانی (٢٣٩)لەگوندانی (١٨)ی دۆشکەی هندستان، یەکەکانی (٢٥)ی تۆپخانەی کێوی هندستان، یەکەکانی (B)و (A)ی تۆپخانە لە تیپی (٣٣٦)ی هندستانی هەوایی و هەروەها دەستەکانی تێلیگرافچیو ئەندازیارییو مین دانەرو باقییەتەکانی خزمەتگوزارییو پێڕاگەیشتنی (سون)کراو بەکارگێڕی سیاسی ئەوکاروانە)).[١٦٨] لەلایەکی دیکەوە بەریتانیەکان کەرکوکیان کردبوو بەنێوەندی پاشەکشەی هێزە سەربازەکانیان لەباشوری کوردستان لەکاتی پێویستدا، کاتێکیش شۆڕشی ساڵی (١٩٢٢) شێخ مەحمود ڕوویدا، بەریتانیەکان ناچاربوون لە ڕۆژی(٥ی ئەیلول ١٩٢٢)دا کە فەرمانبەرە مەدەنیو سەربازەکانیان لە سلێمانیەوە بەڕێگەی هەوایی بگوازنەوە بۆ کەرکوك.[١٦٩] لێرەوە بەدەردەکەوێت کە بەدرێژایی دەسەڵاتی ئینگلیز لە کەرکوکدا، نێوەندێکی

[١٦٧] م.ڕ.هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، ل١٠٨.

[١٦٨] سیسل جۆن ئیدمۆنس: کورد ترك عەرەب، و.حامید گەوهەری، ل٥٧. بەعەرەبی "كرد وترك وعرب، ت.جرجيس فتح الله، ل٣٥. "

[١٦٩] د.کمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج ١، ل١٦٧.

**سەربازی گرنگ بووە بۆ پاراستنی نفوزی دەسەلآتی بەریتانیا لەنێوچەکەدا.**

**پێنجەم//سیاسەتی بەریتانیا لە (کۆنگرەی قاهیرە)و پەیماننامەکانی (سێڤرو لۆزان) دا، بەرامبەر بە شاری کەرکوك: -**

**بەریتانیەکان دوای داگیرکردنی شاری کەرکوك، هەموو لەبەرامبەر کێشەی نەتەوەیی کورددا هەوڵەکانیان خستەکار، کەبریتی بوو لەهەوڵدان بۆ زیاتر کات بەسەربردن و کەم کردنەوەی هەستی نەتەوەیی کوردی کە ڕێگری سەرەکی بوو، لەبەردەم هێنانەدی ئامانجە داگیرکارییەکانیاندا[170]. سیاسەتەکەشیان سەبارەت بە باشووری کوردستان بەگشتی وکەرکوك بەتایبەتی خۆی لەدوو بۆچوونی جیاوازدا دەبینیەوە: بۆچوونی یەکەم[171] ئەوەبوو، کە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە(سلێمانی و کەرکوك)و هەموو نێوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان، چ دانیشتوانەکەی پێیان باش بێت یاخودنا، بخرێنە سەر حکومەتی عێراقی تازەدامەزرا و بەلاّم ئەم کارە پێشێلکردنی ئەو بەڵێنانەبوو، کە پەرلەمانی ئینگلیز دەربارەی نێوچە کوردیەکان ڕایانگەیاندبوو، ئەوان دژی بەزۆرە ملیّ چەسپاندن بوون بە نێوچەکانی**

[170] بڕوانە: د.كمال مظهر أحمد: أضواء على قضايا دولية في الشرق الأوسط، بغداد، ١٩٧٨، ل١٠٤-١١٤.

[171] ئەو سیاسەتمەدارانەی بەریتانیا کەلەگەڵ بۆچوونی یەکەمدابوون بریتیبوون لە: (ئەرنۆڵدوڵسن و پیرسیکوکس و مسل بیل و مێجەر سۆن). (توێژەر).





**باشوری کوردستان بەعێراقی عەرەبیەوە. بۆ چوونی دووەم[172] بریتی بوو لە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی، کە لەژێر چاودێری بەریتانیادابێت، ئەو کەسەشی دیاری دەکرێت بۆ سەرۆکایەتی ئەو دەوڵەتە کوردییە، پێویستە بتوانێت پشتیوانی گشتی گەلی کوردی باشوری کوردستان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و لە بەرامبەر پڕوپاگەندەی خەلیفەی تورکیادا بوەستێتەوە.[173] باشترین کەسیش لەوکاتەدا بۆ سەرۆکایەتی ئەو حوکمەتە کوردیە(شێخ مەحمود) بوو، هەرچەند هەندێك لایەن دەیانوویست بدرێتە یەکێك لەبنەماڵەی بابانیەکان.[174] بەرامبەر بەو بۆچوونانەی ئینگلیزەکان کوردەکانیش بۆچوونی جیاجیان هەبوو، هەروەك(نەوشیروان مستەفا ئەمین)لەوبارەیەوە دەڵێت:((هەندیّ**

[172] ئەو سیاسەتمەدارانەی بەریتانیا کەلەگەڵ بۆچوونی دووەمدابوو بریتی بوون لە(لۆرد کیزن و مێجەر نوئیل). (توێژەر).

[173] سیسیل جۆن ئیدمۆنس: کورد تورك عەرەب، و.حامید گەوهەری، ل١٦٢. بەعەرەبی "كرد وترك وعرب، ت.جرجيس فتح الله، ل١١٤".

[174] باشترین کەسایەتی بابانیەکان لەو کاتەدا ( حمدی بەگی بابان کوڕی محمد پاشای بابانە )، بە(محمد پاشای خدێو ) ناسرابوو پیاوێکی نێوداری بنەماڵەی بابانی کورد بوو، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لەشاری بەغداد نیشتەجیّ بووە، لەسەر موڵك و زەوی و زاری ( الحارثية )، کە کاتی خۆی عوسمانەکان پێیان بەخشی بوو بۆ کارو باری موڵکداری و کشتوکاڵیەوە .لە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا کرابە وەزیرو نوێنەری کورد، دواتر پێشنیارکرا بۆ جێگەی شێخ محمود، بەلاّم بەهۆی نەزانینی زمانی کوردی ومەترسی زیندووبوونەوەی دەسەلآتی خانەوادەی بابان ئەو دەسەلآتەیان نەدایەو پاش ئەوەی زەوییەکانی ( حارثية )ی لیّ سەندرایەوە ڕووی کردە لەندەن لەساڵی ١٩٥٤دا هەر لەویّ کۆچی دوایی کرد . ( یاسین صابر صالح : ئینسکلوبیدیای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٤٢٧ . ؛ رفیق حیلمی : یاداشت، ب١، ل٩٠-٩٥ ).

لەکوردەکان بەڕێوەبەرایەتیەکی کاریگەری بەریتانیان دەویست لەکوردستانداو هەندێکی تریش دژی ئەمەبوون، هەندێکیان سووربوون لەسەر ئەوەی کوردستان راستەوخۆو بەلەندەنەوە ببەسترێت، هەندێکیشیان بەدزییەوە بەئینگلیزیان دەوت نایانەوێت(شێخ مەحمود)سەرۆکیان بێت، بێ ئەوەی کەسیکەیان لەبیربێ)).[175] بەمەدەردەکەوێت، کە کورد یەك ڕانەبوون بۆ دروستکردنی حکومەتێکی کوردی لە باشووری کوردستاندا.

لەلایەکی دیکەوە بابەتەکانی کێشەی کوردیولەگەڵیشیدا(کەرکوك)، کاریگەری گەورەی هەبوو لەیەکەم کۆبوونەوەی(کۆنگرەی قاهیرە)[176]دا، کە تایبەت بوو بە داهاتووی(وڵاتی نێوان دووڕووبار) و تێدا هاتبوو:((بەرژەوەندیەکان وا دەخوازێت، کە کوردستان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە لایەن مەندوبی سامیەوە بەڕێوە ببرێت و بەجیا لە عێراق بمێنێتەوە تا ئەوکاتەی کە ڕای گشتی کوردی باوەڕپێکراو کاریگەر دەردەکەوێت بۆئەوەی بچنە سەر عێراق)). ئەندامانی کۆبوونەوە کەتێبینی ئەوەیان کرد گەر هەر هەوڵێك بدرێت بۆئەوەی نێوچە کوردیەکانی باشووری کوردستان بەگشتیو کەرکوك بەتایبەتی ناچار

[175] کورد و عەجەم: چ٢، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٨٣.

[176] ئەم کۆنگرەیە لەنێوان (١٢ئازار تاکو ٣٠ی ئازاری ١٩٢١)لە(قاهیرە)ی پێتەختی میسر بەسترا، یەکەم کۆبوونەوەی ڕۆژی (١٩٢١/٣/١٢)دەستی پێکردو لەکۆبوونەوەیەدا(چرچڵ) مەبەستەکانی بەستنی ئەو کۆنگرەیەی ڕوونکردەوە، ئەندامانی کۆنگرەش دابەشکران بەسەر هەردووبەشدا (بەشی سیاسیو بەشی سەربازی) هەر لەم کۆنگرەیەدا باسی زۆر شت کرا، بەڵام بەشێکی زۆری تەرخانکرا بۆ مەسەلەی عێراقو کێشەی کورد. (م.ڕ. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب١، ل٦٢-٦٣ .؛ د.فوئاد حمە خورشید: کرکوك قلب کردستان، ل٦٩).





بکرێت لەلایەن(حکومەتی عەرەبیەوە بەڕێوە ببرێت ئەمە دەبێتە هۆی ڕوودانی بەرگری). هەر لەوکاتەدا بابەتی کشانەوەی حامیەی بەریتانی کەگواسترابوەوە بۆ (کەرکوك)و وروژێندرا، ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لەسەرکوتکردنی ڕاپەڕینی کورد بەسەرکردایەتی (شێخ مەحمود)دژی بەریتانیا لەساڵی(١٩١٩)دا[177] تاقیبووە وە هەر لەوکۆنگرەیەدا(کۆکس)دانی نا بە ڕاستییەکی تردا، کە کورد زۆرینەی کەرکوك پێکدێننو لەو بارەیەوە وتی: ((کەرکوكو موسڵ ئێستا لەلایەن دوو موتەسەریفەوە بەڕێوە دەبرێت بەڕاوێژکاری دوو ئەفسەری سیاسیی بەریتانی، ژمارەیەکی لە فەرمانبەرانی کورد، کە ژمارەیە زۆر لەکارگێڕی ئەمانە پێکدێنن))،[178] دیارە ئەو ژمارە زۆرەی فەرمانبەرانی کورد بۆ زۆری ژمارەی دانیشتوانی کورد لەوشارەدا دەگەڕێتەوە .

لەساڵانی سەرەتای بیستەکاندا بەریتانیەکان لە هەموو کات زیاتر بایەخیان بە کوردستان دەدا، بەماوەیەکی کەم بەر لەواژووکردنی پەیمانی(سیڤەر)ئینگلیزەکان بەڕاشکاوی بەشالیاری هەندەرانی تورکیان لە(حکومەتی ئەستانە)ڕاگەیاند کەدۆزی کورد بەلای ئەوانەوە زۆر گرنگە.[179] پەیمانی (سیڤەر)[180] لە کاتژمێر(١٠ر٤)خولەکی ڕۆژی (١٠ی

[177] د.کمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التأريخ والضمير، ج ١، ل١٢١.

[178] هەمان سەرچاوە، ل١٢٣.

[179] کەمال مەزهەر ئەحمەد: سەرنجێکی نوێ بەرامبەر پەیمانی سیڤەرو مەسەلەی کورد، گۆڤاری برایەتی، ژمارە(٧)، ساڵی یەکەم، ١٩٧٠، ل١٧.

[180] لایەنەکان بەشداربووی ئەم پەیماننامە بریتی بوون لە(بەریتانیا، فەرەنسا، یۆنان، ئیتالیا، ڕۆمانیا، یوغوسلافیا، تیشکوسلوفاکیا، بۆلەندا، بەلجیکا، یابان، حیجاز، تاشقانیا) لەلایەكو تورکیا لەلایەکی ترەوەو نوێنەری کورد (شەریف پاشا) ئامادەبوو. (د.حامد محمود عیسی: القضية الكردية

ئابی ١٩٢٠)دا واژۆکرا.[١٨١] تێیدا بڕیاردرابوو لە مادەکانی(٦٢، ٦٣، ٦٤)دا مافەکانی کورد لە دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆیان لەبەشێکی کوردستانی تورکیادا[١٨٢]، کە چەند نێوچەیەکی کەوتبوونە ژێر داگیرکاری دەسەڵاتی ئینگلیزەوە مافی خۆی وەرگرێت.[١٨٣] بەتایبەت لەپەرەگرافی کۆتایی بەندی (٦٤) داهاتووە: ((کوردەکانی ویلایەتی موسڵ (باشوری کوردستان)مافی ئەوەیان هەیە بەگوێرەی ئارەزووەکانی خۆیان بەو دەوڵەتە کوردیە ببەسترێنەوە))،[١٨٤] بەم پێیەش کەرکوك بەشێك بوو لەونێوچانەی بەندی (٦٤)ی (پەیمانی سێڤر) کە بەئارەزووی خۆی دەیتوانی بچێتە ئەو دەوڵەتە کوردیەی کە بڕیاربوو دروست بکرێت. بەڵام سیاسەتی راستەقینەی بەریتانیا بەپێچەوانەی نێوەرۆکی ئەم پەیمانەوەبوو،[١٨٥] لەڕۆژی (١٠ی کانونی یەکەمی١٩٢٠)دا مەندوبی سامی بەریتانیا لە بەغداد فەرمانی دەرکرد بۆ ئەفسەرە سیاسیەکانی نێوچەی (کەرکوك و هەولێرو سلێمانی و موسڵ کە لەگەڵ سکرتێری تایبەتی خۆی) کۆببنەوە، بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی هەڵوێستی ئەو لیوایانە بەرامبەر بەو حکومەتە عێراقیەی کەبەریتانیا نیازی دامەزراندنی هەبوو، بەڵام

---

في العراق من الاحتلال البريطاني حتى الغزو الامركي ١٩١٨- ٢٠٠٤، ل١٢٠).

[١٨١] حسين لبيب: تأريخ المسألة الشرقية، مطبعة الهلال، مصر، ١٩٢١، ل١١٨.؛ يوسف ملك: كردستان او بلاد الأكراد، مطبعة صادر ريحاني، بيروت، ١٩٤٥، ل٢٢.

[١٨٢] ئەوکات باشووری کوردستان لەژێر دەستی عوسمانیەکاندا بوو. (توێژەر).

[١٨٣] د.فؤاد حمه خورشيد: كركوك قلب كردستان، ل٦٨.

[١٨٤] کامەران ئەحمەد محمد ئەمین (کامەران مەنتیك) : کوردستان لەنێوان ململانێی ناوچەیی و نێودەوڵەتی١٨٩٠- ١٩٣٢، ل١٤٦.

[١٨٥] د.فؤاد حمه خورشيد : كركوك قلب كردستان، ل٦٨.





بریندداربوونی سکرتێری مەندوبی سامی لە ڕووداوی فرۆکەدا، نەیتوانی لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبێ، هەرچەندە لە کەرکوکیش بوو. بۆچوونی ئەفسەرە سیاسیەکانی بەریتانیا لە (موسڵ و کەرکوك و هەولێر)ئەوەبووکە دانیشتوانی ئەو نێوچانە ئارەزووی ئەوەیان لانیە، کە لە عێراق جیاببنەوە،[١٨٦] بەمەرجێك چەند مافێکی نێوچەییان بۆ دەستەبەر بکرێت وەك (زمان، خوێندن، ..هتد).بەڵام بۆچوونی ئەفسەرانی سیاسی بەریتانیا لە سلێمانی جیابوو لەگەڵ ئەواندا، ئەوپێشنیاری کرد کە لیواکە بەشێوەیەکی کاتی بلکێنرێت بەحکومەتی عێراقەوە تا دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، لەدوایشدا دانیشتوانی شارەکە خۆیان بڕیاربدەن، کە بچنە نێو ئەو دەوڵەتە کوردییەوە یان دەوڵەتی عێراقەوە.[١٨٧]

(سێر پیرسی کۆکس)[١٨٨]ی حاکمی گشتی بەریتانیا لە عێراق، ڕۆژی(٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠)حکومەتی عێراقی

---

[١٨٦] ئەم بۆچوونەی ئەفسەرە سیاسیانەی (کەرکوك و موسڵ و هەولێر) تەنها تەعبیر لەبۆچوونی خۆیانی دەکرد، نەك دانیشتوانی کوردی ئەوشارانە .(توێژەر) .

[١٨٧] د.وەلیدحمدی : کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەرتانیادا، و.موحەمەد نوری توفیق، ل٩٦.

[١٨٨] کەسایەتیەکی سەربازی و سیاسی بەریتانیبوو، ساڵی ١٨٦٤ لەدایك بووە، خوێندنی سەربازی لەئەکادیمیایی (ساند هیرست)ی سەربازی تەواوکردووە، لەچوارچێوەی یەکە سوپاییەکانی بەریتانیا لەهندستان (١٨٨٤ – ١٨٩٠)خزمەتی سەربازی بەریتانی کردووە، چەند پلەوپایەیەکی سیاسی لەنێوچەکانی کەنداوی عەرەبی لەماوەی ساڵانی (١٨٩٣ – ١٩١٤)وەرگرتووە، پاشان لە ساڵی (١٩٢٠)بووە بەمەندوبی سامی بەریتانیا لەبەغداد هەتا ساڵی ١٩٢٣، هەروەها لە(٢٠ی شوباتی١٩٣٧)دا کۆچی دوایی کردووە. (عبدالرحمن ادريس صالح البياتي: شێخ مەحمود البرزنجي والنفوذ البريطاني في كردستان العراق حتى عام ١٩٢٥، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة المستنصرية، ٢٠٠٤، ل ٧١).

بەسەرۆکایەتی(عەبدولڕەحمان گەیلانی)دروستکرد،[189] کە نێوچەکانی باشووری کوردستانی لەژێردەستدانەبوو، بەڵام بۆ ڕاکێشان و یاریکردن بەهەستی کوردەکان (حکومەتی بەریتانیاو عێراق) لە (٢١ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢)دا بەیانێکی هاوبەشیان لەبارەی مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەنێوچەکانی باشووری کوردستان بەکەرکوکیشەوە دەرکرد، لەبایانەکەدا هاتبوو: ((کە حکومەتی خاوەند شکۆی بەریتانیاو حکومەتی عێراقی دان دەنێن بەمافی ئەو کوردانەی، کە دەکەونە چوارچێوەی سنووری عێراقەوە، کەحکومەتێکی کوردی لەناوخۆی ئەوسنورەدا دابمەزرێنن، هیواشیان وایەن کە سەرجەم لایەنە کوردییەکان بەخێراترین کات کە لە توانایاندابێت، لەسەر شێوەی ئەو حکومەتەی کەدەیانەوێت ڕێکبکەون، لەسەر ئەو سنورەی ئارەزوویان لێیەتی درێژبیبنەوە بۆی و دوونوێنەری لێپرسراویان بنرێنە بەغداد، تاگفتوگۆ لە بارەی پێوەندی ئابووری و سیاسی‌یەوە بکەن لەگەڵ حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیاو حکومەتی عێراقدا)).[190] بەڵام لە هەمان ساڵدا هەردوو حکومەتی(بەریتانیا و عێراق)، بەپێی مادەی (٨) لەنێوان هەردوولادا بەڵێندرابوو کەرێگە نەدەن بەهیچ بەشێك لە عێراق، کە لایەنی سێیەم بیبات بۆخۆی و هیچ بەشێکیش لەعێراق نەدرێتە دەست لایەنێکیتر.[191]

---

[189] د.فؤاد حمه خورشید: كركوك قلب كردستان ل٦٨.

[190] عبدالرزاق الحسنی: تاريخ الوزارات العراقية، مجلد١، ج١، ل٢٧٤؛ دیڤدماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، و.ابوبکر خۆشناو،ب١، ل٣٥٣ – ٣٥٤؛ د.کمال مظهر أحمد:كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ل١٤٩– ١٥٠.

[191] بڕوانە/ البرت.م.منتشاشڤیلی: العراق فی السنوات الانتداب البريطاني، ت.هاشم صالح التكريتي،





شتێکی سروشتیشە، کەمەبەست لەو مادەیە بریتی بوو لە ویلایەتی موسڵ بەگشتی و نێوچە کوردیەکان بەتایبەتی، بەڵام هەردوولایان هیچ ئارەزوویان لێنەبوو، بلکێندرێت بەتورکیاوە یاخود دەوڵەتێکی کوردی تێدا دروست بکەن. کەئینگلیزەکان سووربوون لەسەر ئەوەی ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەرعێراق.[192] لەساڵی ١٩٢٢دا هەرچەندە دەرکەوتنی هێزێکی تورکی بەسەرکردایەتی(ئۆزدەمیر) لەنێوچەکانی (ڕەواندوز)مەترسی گەورەی لەبەردەم چەسپاندنی سیاسەتی ئینگلیز لە باشووری کوردستان بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی دروستکرد ،[193] بۆ هەڵبژاردنی(ئەنجومەنی دامەزرێنەری عێراق).[194] بەڵام راوێژکارەکانی ئینگلیز ئاگادارکران، کە کوردەکان تێ بگەیەنن کەوا سەربەستن لەدەنگدان و بەشداری کردنیان، رێگەی ئەوەنادا کەبێبەش بکرێن لەومافانەی لە پەیمانی سێڤردا بۆ کورد دەستنیشانکراوبوو، هەر هەوڵدانێك بۆ زۆرلێکردن و ناچارکردنی کورد بۆ بەشداریکردن

---

ل٣٩٦– ٣٩٦.

[192] د.فواد حمه خورشد : كركوك قلب كردستان، ل٧٣.

[193] سیسل جۆن ئیدمۆنس: کورد تورك عەرەب، و.حامید گەوهەری، ل٣٥٩ـ ٣٦٠.بەعەرەبی "كرد وترك وعرب، ت.جرجيس فتح الله، ل٢٦٨".

[194] هەڵبژاردنی ئەندامانی ( ئەنجومەنی دامەزرێنەری ) عێراق بەدوو قۆناغ ئەنجام دەدرا، لەقۆناغی یەکەمدا دەپاڵێوران و لەقۆناغی دووەمدا هەڵدەبژێردران. کەقۆناغی یەکەم لە(١٩٢٢/١٠/٢٤)کراو قۆناغی دووەمیش لە(١١ی تەموزی ١٩٢٣) دەستی پێکرد، لەرۆژی (٢٧ی ئازاری ١٩٢٤)دا "مەلیك فەیسەڵ" بەشێوەیەکی فەڕمی ئەو ئەنجومەنەی کردەوە.(بۆ زیاتر زانیاری بروانە" م.ر.هاوار: شێخ محمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، ل١٢٣.؛ د.ابراهيم خليل أحمد و د.جعفر عباس حميديى: تاريخ العراق المعاصر، موصل، ١٩٨٩، ل٣٨).

لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەندا ئەنجامێکی باشی نابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی زۆر گرنگە لیوای کەرکوك‌و نێوچەکانی هەولێرو عەمادییەو زاخۆو عەقرەو دهۆك بەشداری بکەن‌و نوێنەری خۆیان بنێرن، بۆ ئەوەی ببێتەهۆی ڕێگرتن لەپلانەکانی تورك. ئەبێ عێراق بەشێوەیەکی یەکگرتوو پیشان بدرێت، لەبەرئەوە مەندوبی سامی داوای لەکاربەدەستانی خۆی کرد لەنێوچە کوردییەکاندا، کەئەم دووخاڵە بۆ کوردەکان ڕوونبکرێتەوە:((یەکەم:هیچ فەرمانبەرێکی عەرەب لەنێوچە کوردیەکان دانانرێت.دووەم: کورد ناچار ناکرێت، کە زمانی عەرەبی وەك زمانێکی فەرمی لەنێوچەکانیاندا بەکاربێنێت))[195] ئەمەش بۆ خۆی سیاسەتێکی تری ئینگلیزبوو، کەدەیویست لەو ڕێگەیەوە کەرکوك‌و نێوچە کوردییەکان بەعێراقەوە ببەستێتەوە.

دوای سەرکەوتنە یەك لەدوای یەکەکانی بزوتنەوەی کەمالی[196] بڕیاری بەستنی کۆنگرەیەك درا بۆ دەستکاریکردنی پەیمانی(سیڤەر) لە ڕۆژی(٢٢ی مارتی ١٩٢٢)دا کۆنگرەی ڕۆژهەلاتی نزیك لەپاریس بەستراو شالیاری هەندەرانی هەموو دەوڵەتە هاوپەیمانەکان تێیدا

[195] م.ڕ.هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان‌و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، ل١١٨.

[196] ئەم بزوتنەوەیە بەسەرۆکایەتی (مستەفا کەمال ئەتاتورك) لەساڵی ((١٩١٩))دەستی پێکرد، بەمەبەستی ڕزگارکردنی تورکیا لەدەسەڵاتی داگیرکەران‌و وەرگرتنی دەسەلات لەخەلیفەی عوسمانی. بزوتنەوەی کەمالی لەسەرەتاوە هەوڵیدا بەهاوکاری کوردەکان کارەکانی خۆی بباتە پێشەوە بۆیە لەکورد نزیك بوو، بەڵام لەکۆتاییدا، کە گەیشتە دەسەلات دژی خواستەکانی کورد وەستایەوە. بۆیە دەگوترێ: ((بزوتنەوەی کەمالی هەر لەسەرەتاوە، کە ئاوێتەی بەرژەوەندی بورژوای تورك بوو، بەرامبەر بزاڤی کورد وەستایەوە). (جلیی جلیل وأخرون: الحركة الكردية في العصر الحديث، ت.عبدي حاجى، دار الرازي، بيروت، ١٩٩٢، ل١٠٤).





ئامادەبوون.[197] لەو کۆنگریەدا باسی دۆزی کورد نەکراو کەمالیستەکان توانیان ئەوە ڕەتکەنەوە کەوا دۆزی کورد بخرێتە بەرنامەی کۆنگرەی(لۆزان)[198]ەوە،[199] کە لەرۆژی (٢٠ی‌تشرینی دووەمی١٩٢٢دا)

[197] جنا عزو بهنان: التطورات السياسية في تركيا ١٩١٩– ١٩٢٣، رسالة ماجستير، مقدمة الى كلية الآداب، جامعة البغداد، ١٩٨٩، ل١٠٨. ( غير منشور ) .

[198] ئەم هۆکارانە بوونە گۆڕینی سیڤر بۆ لۆزان:

١. هۆکاری کوردی: لاوازی سەرکردەکانی کوردی ئەو سەردەم لەڕووی سیاسی‌و دبلۆماسیەوەو یەك نەبوونیان لەسەر خاڵە جەوهەیەکان.

٢ـ هۆکاری ئەرمەنی پێشنیازو بەڵێندان بەئەرمەنیەکان بۆ دروستکردنی (دەوڵەتێکی ئەرمەنی)، بەشێك لەو نێوچە کوردیانەی دەگرتەوە، کەکورد دەیویست دەوڵەتەکەی تێدا بنیاد بنێ بەپێی پەیمانی سیڤر.

٣ـ هۆکاری تورکی: بەهێزبوونی بزوتنەوەی کەمالی و لاوازبوونی سوڵتانی عوسمانی یەکێکی دیکەبوو لە گۆڕانی پەیمانی (سیڤر بۆ لۆزان)، لەبەرئەوەی بەهیچ شێوەیەك ئەو پەیمانەیان پەسەند نەبوو.

٤ ـ هۆکاری ڕووسی: بەلشەفیکەکانی رووسیا لەسەرەتاوە دژی دەرچوونی پەیمانی (سیڤر)بوون‌و پێوەندیان لەگەڵ ئەتاتورکدا دروست کردو هاوکاری زۆریانکرد بۆ سەرنەگرتنی پەیمانی (سیڤر).

٥ـ گۆڕانکاری بەسەر سیاسەتی ولاّتە زلهێزەکاندا هات بەرامبەر بە تورکیاو پەیمانی (سیڤر)، بەم شێوەیە:ـ

ا//ئیتالیا: ڕێکەوتنی (١٣ی ئایاری ١٩٢١)ی نێوان (ئیتالیاو تورکیا) وای کرد، ئیتالیا دژی پەیمانی ( سیڤر)بێت.

ب//فەرەنسا: لێکنزیك بوونەوەی فەرەنساو تورکیا، بەهۆی تێکچوونی پێوەندیەکانی (فەرەنساو بەریتانیا)وە لەسەر مەسەلەی دانانی (فەیسەڵ) بۆ تەختی عێراق وایکرد، کە فەرەنسا پاشگەزبێتەوە لەپەیمانی (سیڤر).

ج//بەریتانیا: سەرئەنجامی پاشگەزبوونەوەی بەشێکی زۆری ولاّتانی هاوپەیمان لەپەیمانی(سیڤر)وبەهێزبوونی بزوتنەوەی کەمالی، بەریتانیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی بڕیاریدا، کە پەیمانی (سیڤر) بگۆڕن بۆ پەیمانی (لۆزان). (بڕوانە/ د.فواد حمە خورشيد مصطفى : القضية

دەستی پێکرد.[٢٠٠] سیاسەتی بەریتانیا لە وتوویێژەکانی ئەم کۆنگرەیەدا بەشێوەیەکی تەواوەتی ئاشکرابوو، ئینگلیز هیچ نیەتێکی لە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی، لە نێوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا نییە ، بەڵکو بەشێوەیەکی راستەقینە دەرکەوت، کە نیازیەتی نێوچەکانی باشووری کوردستان تازنجیرە چیای حەمرین بەپادشانشینی عێراقەوە ببەستێتەوە، چونکە وای بۆ دەچوو بەبێ ئەم نێوچە کوردانە دروستکردنی دەوڵەتێکی نوێت عەرەبی زەحمەتە هەبێت.[٢٠١] تا لە رۆژی(٢٤ی تەمموزی١٩٢٣)دا واژۆ لەسەر پەیماننامەی (لۆزان) کرا، بەهیچ جۆرێك باسی سەربەخۆیی کوردستانی نەکردو تەنانەت باسی پێدانی حوکمێکی ئۆتۆنۆمیشی بۆ نەکرا.[٢٠٢] لەمەوە دەرکەوت کە گۆڕانێکی گەورە بەسەر سیاسەتی بەریتانیادا سەبارەت بەنێوچە کوردییەکان بەکەرکوکیشەوە هاتووە ، ئەویش ئەوەبوو لە مافی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ، بەپێی پەیمانی(سیڤر)گۆڕا، بۆ مافی قسەکردن بەزمانی کوردی لەژێر سایەیی حکومەتی عێراقی تازە دروستکراودا.لێرەوە دەردەکەوێت سیاسەتی بەریتانیا لەباشووری

---

الكردية في المؤتمرات الدولية، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل، ٢٠٠١، ل٦٥ –٧٠).

[١٩٩] م.أ.حسرتيان: كردستان تركيا بين الحربين، ت.د.سعد الدين ملا باقي نازى، دار الكتب، بيروت، ١٩٨٧، ل٥١.

[٢٠٠] علاء جاسم محمد: جعفر العسكري ودوره السياسي والعسكري في تأريخ العراق حتى عام ١٩٣٦، مطبعة الخلود، بغداد، ١٩٨٧، ل٨٣ – ٨٤.

[٢٠١] د.فواد حمه خورشيد : كركوك قلب كردستان، ل٧٣–٧٥.؛ يوسف ملك: كردستان وبلاد الأكراد، ل٢٦.

[٢٠٢] هەمان سەرچاوە، ل٧٨





کوردستان بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی، بەشێوازێکی سەرەتایی ماوەتەوە تالەساڵی ١٩٢٦ بەتەواوی جێگیربوو پاش ئەوەی ئەو نێوچانەی لکاند بەعێراقی عەرەبیەوە.[٢٠٣] ئەم سیاسەتە هەلپەرستانەی ئینگلیز لەگەڵ مادەی(٢٢)ی بەڵێنامەی(کۆمەڵەی گەلان)وەك بەشێك لەپەیماننامەی(ڤێرسای)[٢٠٤] ی حوزەیرانی ١٩١٩ نەگونجاوبوو ، کە تێیدا بەدەق هاتووە((هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی، کە کەوتبوونە ژێر داگیرکاری عوسمانیەوە بۆیان هەبوو سەربەخۆبن، تائەو کاتەش لەژێر پارێزگاریدا دەبن، کە مەرجی درستبوونی کیانێکی سیاسی تێدا دەردەکەوێت)).[٢٠٥] بەڵام بەریتانیا بەو سیاسەتەی گەورەترین گورزی لەشاری کەرکوك دا و کردی بەئاڵۆزترین شاری عێراق، دانیشتوانی کوردی ئەوشارەش بەدرێژایی مێژووی عێراق بەرەنگاری خراپترین جۆرەکانی لەنێوبردن و ڕاگواستن بوونەوە.

---

[٢٠٣] عەزیزی شەریف : مەسەلەی کورد لەعێراق، و.حەمە کریم عارف، بێشوێنی چاپو چاپخانە، ٢٠٠٥، ل٢١.

[٢٠٤] ڤێرسای: لەم پەیماننامەیەدا بەریتانیاو فەرەنسا گەڕانەوە بۆ وتوێژەکانیان لەبارەی دابەشکردنی تورکیا، کەتێیدا فەرەنسا وازیهێنا لە(موسڵو فەلەستین) بۆ بەریتانیاو لەبەرامبەر ئەوەدا بەریتانیا لاری نەبوو کە(سوریا) لەژێردەستەلاتی فەرەنسادا بێت، ئەمەش بەپێی پەیمانی (ڤێرسای)(٢٨ی حوزەیرانی ١٩١٩)دا واژکراوە. (د.محمود على الداود وشوكت العبوس: تاريخ العراق والعالم العربى الحديث، بغداد، ١٩٦٠، ل٥٤).

[٢٠٥] فؤاد حمه خورشيد : كركوك قلب كردستان، ل٧١. ٧٢.

# تەوەرەی سێیەم:

## ڕۆڵی کەرکوك لە شۆرشەکانی شێخ مەحموددا (١٩١٩ - ١٩٢٦): -

شێخ مەحمودی حەفید[٢٠٦] وخێزانەکەی چەند پێوەندیەکی مێژوویيان لەگەڵ هۆزو تەکیەو خانەقاو بزوتنەوە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانی کەرکوكو دەوروبەریدا هەبووە، کە مێژووەکەی بۆ پێش ڕابەرایەتی کردنی(شێخ مەحمود)لەبزوتنەوەی نەتەوەیی کوردیدا دەگەڕێتەوە ، واتا باپیرانی شێخ، لەنێو دانیشتوانی کەرکوکدا خاوەند ڕێزێکی زۆربوون و

[٢٠٦] شێخ مەحمود کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ محەمەدی حاجی کاك ئەحمەدی شێخە، لەساڵی (١٨٨١ز) دا لە گەڕەکی (کانێسکان)ی شاری سلێمانی لەدایك بووە، لە بنەماڵەیەکی ئاینی و نیشتمانپەروەری کورد. بەمنداڵی لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی لەلای خواجە ئەفەندی خوێندویەتی و زمانی ( تورکی و عەرەبی و فارسی ) بەباشی فێربووە، لەدوای تیرۆرکردنی باوکی وەك سەردارێکی نەتەوەیی و ئاینی دەرکەوت و جێگەی باوکی گرتەوەو لە ساڵی ١٩١٨دا وەك (حوکمداری کوردستان) ناسێندرا، لە ساڵی ١٩٢٣دا بووە مەلیکی کوردستان و لەخەباتی نەتەوایەتیدا تا ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی بەردەوام بووە تا لە ساڵی ( ١٩٥٦ ) کۆچی دوایی کرد. (بڕوانە / عبدالرحمن ادریس صالح البیاتی: الشیخ محمود الحفید (البرزنجي) والنفوذ البريطاني في كردستان العراق حتى عام ١٩٢٥، كليه التربيه، جامعه المستنصريه، ٢٠٠٤، ل ٢٣-٢٤.؛ یاسین صابر صالح: ئینسایکلۆپیدیای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٦٧٩- ٦٨٠).





پێوەندییان بەهێز بووە.[٢٠٧] بۆ نموونە، لە(١٨٩٣)دا کە(شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمود) سەردانی شاری(ئەستەمبوڵ)ی کرد بەمەبەستی ئامادەبوون بۆ ئەو بانگەوازەی[٢٠٨] سوڵتان(عەبدولحەمید دووەم) ئاڕاستەی کردبوو، لەوکاتەدابەڕێگەی کەرکوکدا بۆ ئەستەمبوڵ ڕۆیشت و لەم شارەدا پێشوازی زۆری لێکرا، یەکێك لەیاوەرەکانیشی ڕۆشنبیرێکی شاری کەرکوك بوو بەنێوی (عزەت کاکەیی[٢٠٩]) .[٢١٠]

کاتێك خانەوادەی(شێخ مەحمود) لەساڵی(١٩٠٨)دا بەفیتی(لقی ئیتحادو تەرەقی سلێمانی)[٢١١] لە شاری سلێمانیەوە بۆ موسڵ

[٢٠٧] د.كمال مظهر أحمد : كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج ١، ل١٥٤.

[٢٠٨] (شێخ سەعید) دووجار بۆ ئەستەمبوڵ لەلایەن (سوڵتان عەبدول حەمید)ەوە بانگێشت کراوە ، یەکێکیان لەدوای شەڕی (تاڵەبانی و شێخان) بووە، جاری دووهەمیش زیاتر بەمەبەستی دەعوەتی سوڵتان بوو بۆ شێخ سەعید، کە خاوەنی پلەوپایەیەکی بەرزی ئاینیو کۆمەڵایەتی بووە، کە لەگەڵ (شێخ مستەفای نەقیبی برای، شێخ عومەری برای، شێخ مەحموود، حاجی مەلا علی کانیکەوە، پیرەمێرد، زێوەر، توفیق بەگ تابورئاغا، رەشید پاشا، عەبدولڕەحمان بەگی حەمەبەگی خالد بەگ، شێخ ئەحمەد شێخ سەلام، ... هتد) سەردانی (ئەستەمبوڵ)یان کردووەو بەدەم ئەو باگێشتەی سوڵتانەوە چوون. ( بڕوانە / م.ڕ.هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خواری کوردستان، ب١، ل١٣٦. ؛ غفور میرزا کەریم: برشتی هونەرمەندی شێخ سەعید شەهید لەناو لوتکەی هۆنراوەی کوردیدا بڵندودیارە، گۆڤاری بەیان، ژ(١٣١)، مایسی ١٩٨٧، ل٢٩.؛ مەلا عەبدوڵڵای زێوەر: گەنجینەی مەردانو یاداشتی ڕۆژانی دەوروبەری، بغداد، ١٩٨٥، ل٥٥ - ٥٨).

[٢٠٩] یەکێك بوو لە میرزاکانی (شێخ سەعید). (توێژەر).

[٢١٠] م.ر.هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب١، ل٣٦ -٣٧و ٤٧.

[٢١١] ئیتحادو تەرەقیەکانی سلێمانی لەدژەکانی خێزانی (شێخ سەعید) پێکهاتبوون ، بەواتایەکی دیکە لە دەستەبژێری بازرگانو هەندێ لەو ئەفسەرانەی کەلە(خوێندنگای جەنگی عوسمانی) دەرچوبوون پێکهاتبوون. کە ئەمانە بەگشتی ئارەزویان لە هەڵگەڕانەوەو جێبەجێکردنی کاری ئۆپۆزسیۆنی دەکردو دژایەتی خۆیان بۆ بنەماڵەی (شێخ سەعید)ڕاگەیاندبوو، دەستیانکردبوو

دووخرانەوە ،[212] لە(کانونی دووەمی)هەمان ساڵدا(شێخ سەعیدی باوکی و شێخ ئەحمەدی برای) [213] تیرۆرکران.[214] لەوکاتەدا ژمارەیەك جاندرمەو سوارەی چەکداری لەگەڵدابوون، کە سەرجەمیان لە خەڵکانی (کەرکوك وسلێمانی)پێکهاتبوون.[215] لەدوای تیرۆرکردنی ئەو دووکەسایەتیەی بنەماڵەی (کاك ئەحمەدی شێخ)، (شێخ مەحمود) و زۆربەی ئەو شێخانەی کە لە موسڵ یاوەری بوون لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانیەوە، لەشاری موسڵ دەستبەسەرکران و نەهێڵران بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی،[216] لەترسی شۆڕشی نێوچە کوردیەکان.

تیرۆرکردنی(شێخ سەعید)ی هەشتاساڵە هەموو باشووری کوردستانی توڕەکرد، هەستی هەموو کوردانی دژی دەوڵەتی عوسمانی بەگشتی و موسڵاوییەکان بەتایبەتی بزواند. هۆزی (هەمەوەند)ی دۆستی(شێخ

بەسکاڵا کرد لێیان لەلای حکومەت و هاندانی حکومەت دژیان.(د.حامد محمود عیسی : القضیة الکردیة في العراق من الاحتلال البریطاني الی الغزو الامریکي ١٩١٤ – ٢٠٠٤، ل٢١٢)

[212] هەمان سەرچاوە، ل٢١١.

[213] هۆکاری ئەم کارەساتەش دەگێڕنەوە بۆئەوەی، کە یەکێك لەلایەنگرانی (شێخ سەعید) توانج (تانە)ی لەئافرەتێکی موسڵاوی دابوو، خەڵکی موسڵیش بۆ رۆژی دوایی ئەوە هێرشیان کردبووە سەر ماڵی شێخ سەعیدو لەبەردەم سەرای حکومەتدا تیرۆریان کردبوو، بەڵام ڕاستیەکەی ئەو کەسەی ئەوکارەی کردبوو نێوی (بەهائەفەندی و کوڕی عەبدوڵڵا ئەفەندی حاجی ئیبراهیم) بوو، کە خەڵکی کفری بووەو باش کاتب و هەواڵگری (ئیستخباراتی)موسڵ بووە. (ڕێکخستن و ئامادەکردنی (جەلال تەقی ) :خەباتی گەلی کورد لەیاداشتەکانی ئەحمەد تەقی دا، بەغداد، ١٩٧٠، ل١٨).

[214] رەفیق حیلمی : یادداشت، ب١، ل٣٨ .

[215] عبدالمنعم الغلامي: ثورتنا في شمال العراق ١٩١٩ –١٩٢٠ ج ١، بغداد، ١٩٦٦، ل١٣٣.

[216] ئامادەکردن و ڕێکخستنی (جەلال تەقی): خەباتی گەلی کورد لەیاداشتەکانی(ئەحمەد تەقی دا)، ل٩ .؛ رەفیق حیلمی : یادداشت، ب١، ل٥.





سەعید)شۆڕشیان بەرپاکردوچەکدارەکانیان بەتەواوی گەمارۆیی نێوەندە حکومیەکانی سلێمانیاندا.[217] (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) لەوبارەیەوە دەڵێت:((هۆزی هەمەوەند لە ساڵی١٩٠٨دا رۆژی شەهیدکردنی(شێخ سەعید) ژیانی ئەونێوچانەیان تێکدا،چەند مانگێك ڕێگای هاتوچۆی نێوان سلێمانی وکەرکوکیان داخست وبنکەی پۆلیسی قەرەداغیان گرت)).[218] لەکەرکویش هۆزە کوردییەکان و دەروێش و مریدی شێخانی کۆبوونەوەو لەسەر پلانی پێکهێنانی هێزێکی عەشایەری ڕێکەوتن ، بەمەبەستی هێرشکردنە سەر موسڵ بۆ تۆڵەکردنەوەی تیرۆرکردنی (شێخ سەعید)،[219] ئازادکردنی (شێخ محمود)کە لە موسڵ دەست بەسەربوو.لەوکاتەدا موتەسەڕیفی کەرکوکیان ئاگادارکردەوە، ئەویش تەلەگرافێکی بۆ والی(موسڵ) ناردو لەبارودۆخەکە ئاگاداریکردەوە داوای ئازادکردنی(شێخ محمود)ی لێکرد، بەوپێیە(والی موسڵ) ناچاربوو بەشەو لەترسی خەڵکی موسڵ(شێخ مەحمود)و ئەوانەی لەگەڵیدا مابوون بەرەو کەرکوك بەرێ بکات.[220] کاتێ ئەوپەیامە لەکەرکوك بڵاوبوەوە ئەو شەوە تابەیانی زۆرکەس خەویان لێنەکەت و عەشایرەکانی دەوروبەری کەرکوك

[217] دکتور عثمان علي: دراسات في الحرکة الکوردیة المعاصرة ١٨٣٣-١٩٤٦، مطبعة الثقافة، أربیل، ٢٠٠٣، ل١٩٤، بەکوردی" چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، و کامەران جەمال بابان زادە، چاپخانەی دێکان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٧٩."

[218] تاریخی سلیمانی و ولاتی، ل١٩٧.

[219] دکتور عثمان علي: دراسات في الحرکة الکوردیة المعاصرة ١٨٣٣ – ١٩٤١، ل ١٩٤ . ١٩٥، بەکوردی "چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کوردی و کامەران جەمال بابان زادە، ل ٢٧٠ –٢٧١ .

[220] م.ر.هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب١، ل ١٥٧ – ١٥٨.

ئارام (ئۆقرە)یان لێبڕابوو، ژن و پیاوو کوڕو کچ، گەورەو منداڵ، ئەفەندی، مەلا، شێخی تەریقەت، دەروێش و مورید، کاسبی نێو بازاڕ، کارمەندانی حکومەت دەستە دەستە لەهاتووچۆدا بوون. هەزاران (بەییاخ) و دەف ئامادەکرابوو، ئەو ڕۆژەی (شێخ مەحمود) دەگەیشتە کەرکوك سەراپای دانیشتوانی (کەرکوك و سلێمانی و هەولێر) هەر لەسپێدەی بەرەبەیانەوە بەپێی و سوار کەوتنە ڕێ[221] و بەرەو ڕێگەی(کەرکوك – هەولێر) بۆ پێشوازی (شێخ) ڕۆیشتن و هەموو بەیەك دەنگ دەگریان و لەدەم و چاویاندا نیشانەی توڕەبوون و تۆڵە سەندنەوە دەبینرا، کە(شێخ مەحمود)و یاوەرەکانی گەیشتنە هەولێر نەوەستان و بەرەو کەرکوك ڕۆیشتن و چوونە ئەوشارە، بوونە میوانی (سەید ئەحمەدی خانەقا، تەکیەی شێخ عەلی تاڵەبانی).[222] لەوکاتەدا خەڵکی ئامادەبووی کەرکوك خرۆشان و کەوتنە سەر بیری هەڵایسانی شۆڕشێك،[223] بۆ ئەومەبەستەش سەرۆك هۆزەکان کۆبونەوەیەکیانکرد و تێیدابڕیاریاندا (( باشترین ڕێگە بۆ ئەم حاڵەتە یەکگرتنە، بۆئەوەی بتوانن ئاشتی بۆ نێوچەکە بگێڕنەوەو تۆڵەش بسێنن و بێزراو نەبن))، لەلایەکی دیکەوە لەوکۆبوونەوەیەدا(شێخ مەحمود)یان کردەسەرکردەی خۆیان.[224] (مس بیلٌ) لەوبارەیەوە نووسیویەتی: ((کارەساتی موسڵ بووە هۆی یەکگرتن و نانەوەی

---

[221] ڕەفیق حیلمی : یادداشت، ب١، ل٤٦.

[222] یاداشتەکانی شێخ (لەتیف)ی حەفید، چاپی یەکەم، ١٩٩٥، ل١٩.

[223] ڕەفیق حیلمی : یادداشت، ب١، ل ٤٦– ٤٧.

[224] یاداشتەکانی شێخ (لەتیف)ی حەفید، چاپی یەکەم، ل١٩ –٢٠و ٢٦.





هەرایەکی گەورە لەهەردوو نێوچەی کەرکوك و سلێمانیدا)).[225] بەڵام دانانی(ڕەشید پاشا)بە والی نوێی موسڵ و هاتنی بۆ کەرکوك دڵدانەوەی (شێخ مەحمود)و بردنەوەی بۆ سلێمانی، بارودۆخەکەی لە نێوچەکەدا هێمن کردەوە.[226] لێرەوە ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەبێت، کە دانیشتوانی کەرکوك بەر لە بوونی شێخ بە سەرکردەی بزوتنەوەی کوردایەتی پێوەندیەکی بەهێزیان هەبووە لەگەڵ بنەماڵەی(شێخ مەحمود)دا.

(شێخ مەحمود)پێش هەڵایسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، لە زۆربەی کارەکانیداو لە کاتی پێوەندی کردن بەوڵاتە زلهێزەکانەوە شاری(کەرکوك)ی وەك بەشێك لە نێوچەکانی خۆی هەژمارکردووە، بۆ وێنە لەساڵی(١٩١٣)دا بەنێوی کوردەکانی(سلێمانی و کەرکوك و هەولێر)ەوە پێوەندی بە(ڕووسیا)وە کرد تا سەربەخۆی بدەنە کوردەکانی باشوور،[227] لەلایەکی دیکەوە پاش هەڵگیرساندنی جەنگ و لەکاتی داگیرکردنی نێوچەکانی(میسۆپۆتامیا) لەلایەن ئینگیزەووە، (شێخ محمود) وەك گەورەترین سەرداری کورد لە جەنگی(شوعیبیە)ی دژ بەبەریتانیا، شانبەشانی کۆمەڵێك سەرەك هۆزو نێودارانی کوردی کەرکوك بەشدارییانکرد، وەك((سەید ئەحمەدی خانەقا، ڕەفعەت بەگی ئیسماعیل

---

[225] فصول من تاريخ العراق القريب، ت.جعفر الخياط، مطبعة دار الكتب، بيروت، لبنان، ١٩٧١، ل١٣٧.

[226] ڕەفیق حیلمی: پادداشت، ب١، ل٤٧ .؛ د.عثمان علي: دراسات في الحركة الكوردية المعاصرة ١٨٣٣ – ١٩٤٦، ل١٩٥ . بەکوردی "چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، و.کامەران جەمال بابان زادە، ل ٢٧٦ – ٢٧٧."

[227] د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج ١ ، ل١٥٥ – ١٥٦.

بەگی داود، نامق عەلی ئاغا، کەریم بەگی هەمەوەند، سەید محەمەدی کوڕی سەید سەمەد کوڕی سەید قادری جەباری،[228] شێخ کەریم ساڵەیی،..هتد)).[229] تورکمانەکانی کەرکوك و دەورەبەریشی ڕۆڵیان لەو جەنگەدا هەبوو، وەك نێویان لەگەڵ کوردەکان هاتووە (شوکری محەمەد نەدیم) لەو بارەیەوە نووسیوێتی:((بەشێکی گەورە لە موجاهیدان لە نێوچەی (ناسریە) کۆبوونەوە، ژمارەیان لە کۆتایی (کانونی یەکەم ١٩١٥)دا گەیشتە (١٢) هەزار موجاهیدی عەرەب و (٢)هەزار موجاهیدی کوردو تورکمانی کەرکوك))،[230] بەڵام بەتێپەڕبوونی کات و روونبوونەوەی ڕاستیەکان بۆ (شێخ مەحمود)لەدوا ساڵەکانی جەنگدا، بۆیە(شێخ) باوەڕی بەتورکە عوسمانیەکان نەماو پێوەندی بەئینگلیزەکانەوە کرد، سەرەتاکانی ئەو پێوەندیانەش لە(کەرکوك)ەوە دەستی پێکرد، لەپاش ئەوەی لەدەستی تورکەکان دەرچوو کەوتە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرە بەریتانیەکانەوە.

[228] سەید محەمەد کەرکوکی (١٨٠)سواری لەگەڵدابوو، کە هاوشانی (شێخ محمود) بەشداری جەنگیان کرد، لەو کەسایەتیە بەنێوبانگانەی کە لە گەڵیدابوون (سەید حەسەن، سەید حەمید سەید عارف، ئەمین بەگی سیامەنسوری، عەلی قادر مەلان، ساڵح سەید عەبدوڵلا، سەید عەزیز ئەحمەد ناسراو بە(عەزیزیار ئەحمەد)، مەلا محمودی تەکیەی جەباری، ..هتد) . (عەبدولستار جەباری: سەید محمد جەباری کەسایەتی نیشتمان پەروەرو ناوداری کەرکوك و گەرمیان، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (٢٥)، ساڵی حەوتەم، هاوینی ٢٠٠٥، ل٢١).

[229] عومەر عەلی شریف: کوردو جەنگی شوعێبە (١٢بۆ١٩١٥/٤/١٤ز)، گۆڤاری نەوشەفەق، ژمارە (٢٥)، نیسانی ٢٠٠٥، ل٨٥ .؛ د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، ب٢، ل١٨.؛ کامل صالەیی : موجز في تاریخ کرکوك بین الوثائق الماضي.. حقائق الحاضر، ل٣٣.

[230] حرب العراق ١٩١٤ – ١٩١٨، ط٤، مطابع بیبلوس الحدیث، بغداد، ل٢٩ –٣٠.





ئینگلیزەکان، کە باشووری کوردستان و کەرکوکیان داگیرکرد هەر لەسەرتادا دەیانویست ئاشتی و ئارامی لەنێوچەکەدا بەرقەرابێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێوەندیان بە(شێخ مەحمود)ەوە کردوو،[231] ڕێکەوتنامەیەکیان لەگەڵدا واژۆکردو پێیان ڕاگەیان کە ببێتە(حوکمداری باکوری کوردستان)،[232] (مێجەر نۆئیل)وەك حاکمی سیاسی ئەو حوکمداریێتی دیاریکرد، [233]کە هەرێمەکانی پێکهاتبوو لە لیواکانی(سلێمانی، کەرکوك، هەولێر)، واتا قەزاکانی (پشدەر و شارباژێر و هەڵەبجە و نێوەندی سلێمانی، چەمچەماڵ و کفری و توزخورماتوو و نێوەندی کەرکوك، مەخمور و کۆیە و رانیە و شەقلاوە و رەواندوز نێوەندی هەولێر، ناحیەی ڕێکانی قەزای ئامێدی لیوای موسڵ).[234] (ئارنۆڵد ویڵسن) لەوبارەیەوە نووسیویەتی: ((یاداشتێکم دا بەشێخ مەحمود، کە سەرجەم هۆزو عەشائیرە کوردیەکانی دانیشتوانی نێوان رووباری زێی گەورەو سیروان(دیالە)، ڕێگەیان پێ بدرێت بەخواستی خۆیان (شێخ مەحمود)وەك سەرکردەیان قبوڵ بکەن، جگە لەوانەی دانیشتوانی نێو سنوری ئێران، ئێمەش هاوکارت دەبین لەلایەنی مەعنەوی و هونەریەوە، جگە

[231] د.ولید حمدي: کورد وکوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، و.محمد نوری توفیق، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە (٢)، ساڵی ١٩٩٧، ل٢٢ .

[232] وشەی حوکمدار لەزانستی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا مانایەکی تەواوی نییە. (توێژەر).

[233] م.ر.هاوار:شێخ محمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، ل١٦٢–١٦٣ .

[234] صدیق صالح : حکومەتی کوردستان لە سلێمانی ( ١٩١٨ – ١٩٢٤ )، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٦–١٧

**لـەمادی)).[235] بـەپێی ئـەم دیاریکردنـەی (ویڵـسن)، کـەرکوك دەکەوتـە سنووری دەسەلاتی (حوکمدارێتی باشوری کوردستان)ەوە.**

**لـــــــــە رۆژی (١٧ی تـــــــــشرینی دووەمـــــــــــی ١٩١٨)دا بەمەبەسـتی(بەیعەتـدان)بـە(شـێخ مـەحمود)وەك (حوکمـدار)، خـەڵکانێکی زۆرو بەشێکی گـەورەی سـەرەك هـۆزو عەشیرەتەکانی باشوری کوردستان لەماڵی شێخ کۆبوونـەوە، لەنێویانـدا هەنـدێك لـە کەسـایەتیە نێودارەکانی کەرکوك و دەوروبـەری ئامادەی ئـەو بەیعەتدانـە بـوون وەك(ئەحمـەد ئاغـای کەرکوکی زادە، رەفیق حیلمی).[236] بەشێکی دیکەیان پشتگیری خۆیـان بۆ حوکمداریـەتی(شـێخ مـەحمود) دەربـڕی، لەوانـە (عەبدولغـەفوری سـەرۆکی تایفەی زەنگنە، عەبدوڵلاّ لە عەشیرەتی شوان، عەبدوڵلاّ سـەرۆکی ساداتی قەلاّسـیوکە، کوێخـا قارەمـان، کوێخـا حەسـەن، کوێخـا محەمـەد حەمـدی، محەمەد عارف لەزانایانی کەرکوك، محەمەد ساڵحی موختاری هەشـەزینی، فـازڵ چـالاّوی، ئـەمیری ئەشـرەف موختـاری ڕەبـات، ئـەمین محەمـەد موختاری چرچە قەلاّ، سـەید ئیسماعیل موختاری قـەلاّی میکایل، فـەتاح موختـاری چـنگیان، عبـدالمختاری بـانی مـۆرد، ئـەمین موختـاری کرپـچنە ..هتد).[237] لەلایەکی دیکەوە بەشێك لەهۆزو شێخەکانی (کەرکوك و کفری و خانەقین) ئارەزوویان بەحووکمدارێتی (شێخ مەحمود) نەدەکرد،[238] وەك:**

---

[235] وەرگیراوە لە / عقید أ .ح.سامی أمین الغمراوی: قضیة الأکراد في شمال العراق، قاهیرة، ١٩٦٧، ل١٦٦.

[236] رەفیق حیلمی: یادداشت، ب١، ل٦٢.

[237] یاداشتەکانی شێخ(لەتیف)ی حەفید، چاپی یەکەم، ل٤٨ – ٤٩.

[238] ڕەمزی قـەزاز: بزوتنـەوەی سیاسـی و رۆشـنبیری کـورد لـەکۆتایی چـەرخی نـۆزدە تـا ناوەڕاسـتی





**١ـ هەنـدێك لەسـەرۆك هـۆزو دەرەبەگـەکانی نێوچـەی کـەرکوك لـە مێژوویـەکی کۆنـەوە پێوەنـدیان لەگـەڵ بنەماڵـەی (شـێخ مـەحمود)دا بـاش نەبوو، بەهۆی خراپی هەڵسوکەوت و مامەڵەی(شێخ مەحمود) لەگەڵیانـدا، وەك (تاڵەبانیەکان،[239] بەشێك لەهەمەوەندەکان ..هتد).[240]**

**٢ـ بەشـێك لەشـێخەکانی(بەرزنجـە)بەسـەرکردایەتی(سـەید ئەحمـەدی خانــەقا)[241]لەکــەرکوك، ئامادەنــەبوون بــچنە ژێــر حــوکمڕانی (شــێخ مەحمود)ەوە، بەهۆی ئەوەی کە ئینگلیزەکان هانیاندابوون بۆ ئەوکارە.[242]**

---

چەرخی بیست، ل١٠٣.؛ م.ر.هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواری کوردستان، ب١، ل٤١٩. ٤٢٠؛ رەفیق حیلمی: یادداشت، ب١، ل٧١.٧٠.

[239] تاڵەبانیـــەکان: لەســـەرەوەی ئـــەو هۆزانـــەدادێن، کـــەجیاوازیان لەگـــەڵ بنەماڵـــەی شـــێخانی(بەرزنجـــە)داهـــەبووە، سەرەتاکانیـــشی دەگەڕێتـــەوە بـــۆ کۆتاییيـــەکانی ســـەدەی نۆزدەیەم.(دیوانی شێخ رەزای تاڵەبان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردی، بەغداد، بێسالی چاپ، ل٧).

[240] د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التأریخ والضمیر، ج ١، ل١٦٣.

[241] سـەید ئەحمـەدی خانـەقا لەکـەرکوك لەگـەڵ ئـەوەی خـۆی بەسـاداتی بەرزنجـە زانیـوە، (شـێخ مەحمود) هەوڵێکی زۆری دابوو لە حوکمدریەتیەکەیدا دڵی رابگرێت و گەیشتبووە رادەیـەك کە (شێخ محەمەدی حاجی سـەید حەسـەنی)مامی نارد بۆ لای بۆ ئەوەی لایـەنگریی حوکمداریەتەکـەی بکات، ئەگەر بەوەش ڕازی نییە ئەوا لەبـەرخاتری ولاّتەکەی ونیشتمانەکەی ئامادەیـە بەسـەرکردایەتی سـەید ئەحمەد ڕازی بێت و بەجێگری خۆی و کاروبار بگرێتـە دەست. گومان لـەوەدا نییـە، کە ئینگلیزەکان لـەوەی سـەید ئەحمـەدو زۆری تریـشدا دەسـتێکی بالاّیـان بـووە، بەئاشـکرا ویڵـسن دەڵـێ: ((کاتێـك سنووری حوکمداریەتیەکـەی (شێخ مـەحمود)مان دەست نیشانکرد لـە(دیالـەوە بـۆ زێگـەورە) باسـی "کـەرکوك و کفری"مان نـەکرد، چونکە دەمـانزانی خـەڵکی ئـەو نێوچانە بەدەسـەلاّتی شێخ مـەحمود ڕازی نابن).(م.ر.هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب١، ل٤٢٧).

[242] هەمان سەرچاوە، ل٤٧١.

**٣ــ بابانیــەکانی کــەرکوک هەڵوێــستیان دژبــە(شــێخ مــەحمود)بــوو، لەراپۆرتێکـدا کـە شـوێنکەوتوانی (مـەلیك فەیـسەڵی یەکـەم) نوسـیویانە لەوبارەیـەوە دەڵێـت: ((کاتێـك جـەمیل بـەگی بابانمـان لـەکفری (صـلاحیە) بینی، لەوەلآمی پرسیارێکدا وتی(مافی دەسەلآت هی ئەو و باوباپیرانێتی) سـەرباری بـەڵێنی حکومـەتی بـەریتانیا بـە(شـێخ مـەحمود) جـەمال بـەگ بەیاداشتێك رازی بوو لەسەر هەموو ئەو هەولآنەی، کە دەدرێت لەپێناوی بەرگری کردن لەپروپاگەندەی شێخ مەحمود)).[٢٤٣]**

**٤. تورکمانەکانی کەرکوکیش بەردەوام ئارەزووی گەڕانەوەی دەسەلآتی تورکیان دەکردو بەحوکمداریـەتی(شێخ مەحمود) رازینەبوون، (شێخ) بۆ ڕازی کردنیـان پێوەنـدی بـەهێزو ڕاسـتەوخۆی بەسـت لەگـەڵ دیـارترین رابـەرانی تورکمـان لەکـەرکوك، کـە (لۆنگریـك) بـەم شـێوەیە باسـی دەکـات: ((سـەرەتا دەسـتیکرد بـە مامەڵـەکردن لەگـەڵ (کۆمەڵـەی تـورکی چـالاك) لەکــەرکوك، کــە ســەر بــەخێزانی نەفتــچییەکانبوون کــە لــە ژمارەیــەك لایــەنگرانی تورکمــانی تونــدڕەو دروســتببوون))،[٢٤٤] بــەلآم بەتــەواوی لەپێوەندیەکانیدا بەگشت تورکمانی کەرکوکەوە سەرنەکەوتن.**

---

[٢٤٣] وەرگیراوە لـە / د.کمـال مظهـر أحمـد: کرکـوك وتوابعهـا حکـم التـاریخ والـضمیر، ج ١، ل١٦٢ – ١٦٣.

[٢٤٤] العـراق الحـدیث مـن سـنة ١٩٠٠ الى سـنة ١٩٥٠، ت.سـلیم طـه الکریـت، ج ١، بغـداد، ١٩٨٨، ل٣٠٠– ٣٠١.





**٥ــ بازرگــان و دەوڵەمەنــدەکانی شــاری (کــەرکوك)یــش لەبــەر بەرژەوەندیـەکانی خۆیـان، هەڵوێستیان لەبەرامبـەر حوکمداریـەتی شـێخ مەحمودا باش نەبوو.[٢٤٥]**

**رۆژهــــەلآتناس(ئــــە.م.میتــــشاشیڤیلی) لــــەبارەی پاڵپــــشتو نـەیارەکانی(حوکمـداری شـێخ مـەحمود)ەوە نووسـیویەتی:((دانیـشتوانی کەرکوكو هەولێرو قەزا کوردیەکانی لیوای موسڵ هەڵوێستی جیاوازیـان هــەبوو لــە هــاتنی(شــێخ مــەحمود)دا بۆســەر دەســەلآت، بۆرجوازیــە کوردیەکانی ئەربیلو کەرکوك، لەوە دەترسان ئەم دەورە پاش سەرکەوتنی بۆ شوێنکەوتەی سلێمانی بگۆڕدرێ، بەلآم پشتی سەرەکی شێخ مەحمود بریتــی بــوو لــەجوتیارانو کۆچــەریەکان لــەلیواری ســلێمانی، هــەروەها هۆزەکانی نیشتەجێی نێوچەی کفری لە لیوای کەرکوك، زۆر بە بەهێزی پشتیان گرت، بەشێوەیەکی گشتیش بیری سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن زۆرینەی هەرە زۆری گەلی کوردەوە پشتگیری گەرمی لێدەکرا)).[٢٤٦]**

---

[٢٤٥] د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر، ج ١، ل١٦٣.

[٢٤٦] هەمان سەرچاوە، ل١٦٣ – ١٦٤ .

كاتێكیش (شێخ مەحمود)یاداشتێكی بۆ(شەریف پاشا)[٢٤٧] نارد بۆ مەبەستی گەیاندنی داواكاریەكانی گەلی كوردبە(كۆنگرەی ئاشتی)،[٢٤٨] چەند كەسایەتیەكی نێوداری كەركوك و دەورەبەری واژۆیان لەسە ئەو یاداشتەكردبوو،[٢٤٩] وەك پشتگیری بۆ داواكاریەكەی شێخ مەحمود، سەرباری هەموو ئەمانەش شێخ وای دەبینی كە ئینگلیزەكان فاكتەری سەرەكین بۆ كەمبوونەوەی نفوزی لەنێوچەكانی كەركوك و كفرییدا.[٢٥٠] لێپرسراوانی بەریتانیا لەبەغداد لەدەسەڵاتە فراوانەكەی (شێخ مەحمود) دەترسان،[٢٥١] لەبەرئەوە لەمانگی ئازاری ١٩١٩دا چەند

[٢٤٧] شەریف پاشا (١٨٦٥ – ١٩٥١) نێوی تەواوی (محەمەد شەریف كوڕی سەعید پاشا كوڕی حوسین پاشای ئەحمەدی ئاغای خەندان)ە (أ)، سەرەتایی خوێندنی لەگەڵ(شێخ مەحمود)دابوو لەقوتابخانەی (خواجەكان)فێری خوێندن و نووسین و (عەرەبی، عوسمانی، فارسی) بووە، پاشان چوەتە ئەستەمبوڵ خۆی فێری زمانی (ئیتاڵی و فەرەنسی و یۆنانی) كردووەو لەساڵی ١٨٨٤دا یەكەمین پلەی كارگێر لەلای عوسمان وەرگرتووە بەپلەی (فەریق)، لەساڵی ١٨٨٩ پلەی (جەنەراڵی) پێدەدرێت. لەساڵانی جەنگی یەكەمی جیهانیدا پێوەندی لەگەڵ (سمكۆی شكاك و شێخ مەحمودو سەیتەهای نەهری) پەیدا دەكات، لەساڵی ١٩١٩دا دەبێتە نوێنەری كورد لەكۆنگرەی (ئاشتی پاریسدا) (ب). (ابڕوانە/عەبدول عەزیز یامولكی : بنەماڵەی خەندانە، گۆڤاری پەیڤین، ژ(٢)، ساڵی ١٩٩٧، ل٩٢-١٢٠ . ب/د.فەرهاد پیرباڵ : ژەنەراڵ شەریف پاشا (١٨٦٥- ١٩٥١)، كۆمپیوتەرو ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ١٦ -١٧ )

[٢٤٨] ئەم كۆنگرەیە لەرۆژی (١٨ینایری ١٩١٨) لەپاریسی پێتەختی فەرەنسا دەستی پێكرد، بەمەبەستی وەستاندنی شەڕییەكەمی جیهانی. (د.حامد محمود عیسی : القضیة الكردیة في العراق من الاحتلال البریطاني الى الغزو الامریكي١٩١٤-٢٠٠٤، ل١٠٢- ١٠٣).

[٢٤٩] بڕوانە پاشكۆی ژمارە ( ١ )ی لاپەڕە (٣٧٥ـ ٣٧٨) نێوی گشت ئەو كەساتیەیانەی واژۆیان كردووە .

[٢٥٠] رەفیق حیلمی : یادداشت، ب١، ل٧٠.

[٢٥١] سروە اسعد صابر: كوردستان من بدایة الحرب العالمیة الاولی الى نهایة مشكلة الموصل ١٩١٤ –





هەنگاوێكیان بۆ كەمكردنەوەی چالاكیەكانی (شێخ مەحمود) ئەنجامدا، لەوانە لابردنی (مێجەر نۆئیل)و دانانی (مێجەر سۆن)[٢٥٢] لەشوێنی وەك حاكمی سیاسی نێوچەكە.[٢٥٣] ئەویش بۆ لاوازكردنی دەستڕۆیی و بچووككردنەوەی نێوەندی دەسەڵاتی (شێخ)سەرەتا(كەركوك و كفری) لە پێكهاتەكارگێڕیەكەی دەرهێناو كردیە لیوایەكی سەربەخۆ،[٢٥٤] دواتریش هەریەكە لەنێوچەكانی (كۆیەو ڕەواندوز هەڵەبجەو هەولێر) لەقەڵەمڕەوێتی شێخ دەركران.[٢٥٥] لەلایەكی دیكەوە ئینگلیزەكان دەستیانكرد بەئۆپراسیۆنێكی تەمێكردن بۆسەر نێوچەكانی دەوروبەری چەمچەماڵی سەر بەكەركوك، بۆكەمكردنەوەی لایەنگرانی شێخ مەحمود تێیدا.[٢٥٦] سەرئەنجامی ئەم گرفتانەو چەندین گرفتی دیكەو پاشگەزبوونەوەی ئینگلیزەكان لەبەشێكی زۆری ئەو بەڵێنانەی كە بەكوردیان دابوو، (شێخ مەحمود) لەرۆژی(٢٢ی حوزەیرانی ١٩١٩)دا بەپاڵپشتی عەشیرەتەكانی

١٩٢١، ل ١٩٦.

[٢٥٢] پیاوێكی سیاسی و زیرەك و فێڵبازی ئینگلیزە، سەردەمێكی پێش ساڵانی جەنگی یەكەمی جیهان لەهەڵەبجەو سلێمانی بەنێوی (میراز غولام حوسین)ەوە ژیاوە، زمانی كوردی باش زانیوە چ بۆ قسە چ بۆ نوسین و شارەزای مێژووی ئەدەب و زمان و شارو دیهاتی كوردان بووە، پێوەندی لەگەڵ زۆر پیاوی ناسراوی كورد هەبوو، وەكو(شێخ محمود) أحمد خواجە وتویەتی: ((ویلسن مێجەرسۆنی ناردە سلێمانی هەموو كارێكیدایە دەست بووە حاكمی سیاسی بەریتانیا، بەپێچەوانەی (مێجەر نۆئیل)ەوە مامەڵەی لەگەڵ شێخ لەمێژوودا دەكرد)) . (چیم دی، ب١، ل٣٠).

[٢٥٣] دیڤد ماكداوڵ: مێژووی هاوچەرخی كورد، و .ئەبوبەكر خۆشناو، ب١، ل٣٣١. ؛ حەسەن ئەرفەع: كوردەكان، و.سەردار محەمەد، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٦٤.

[٢٥٤] صدیق صالح: حكومەتی كوردستان لەسلێمانی١٩١٨-١٩٢٤، ل٢٠-٢١ .

[٢٥٥] دیڤد ماكدواڵ: مێژووی هاوچەرخی كورد، و.ئەبوبەكر خۆشناو، ب١، ل٢٠.٢١.

[٢٥٦] پ.د.میم كەمال ئۆڤە: كرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ ١٩١٨ – ١٩٢٦، و.سەلام ناوخۆش، ل٢٠.

(هەورامان و مەریوان و سلێمانی و کەرکوك) ڕاپەڕینێکی بەرپاکردو توانی سلێمانی ئازاد بکات.[۲۵۷]

(مێجەر نوئیل)لە راپۆرتێکیدا سەبارەت بەو شۆڕشەی(شێخ محمود) نووسیویەتی:(ئێستا ئاشکرابووە، کە لەباشووریی کوردستاندا هێزو دەسەلاتی (شێخ مەحمود) مەترسیەك بۆ سەر پاشە ڕۆژو ئاشتی ولات دروستدەکات، بەتایبەتی پاش ئەوەی (کەرکوك و کفری) چوونە ژێر حوکمی ئەوەوە، (شێخ)یش بەوە ڕازی نەبوو، کە لەمانگی شوباتی ١٩١٩دا کەرکوك و کفری لەونێوچانەی کەبۆ حوکمداریەکەی دەستنیشان کرابوو،دەربکرێت.))،[۲۵۸] هەر لەبەرئەمەش لەپاش رزگارکردنی شاری سلێمانی، (شێخ مەحمود)هەولی دەدا نێوچەکانی ژێردەسەلاتی فراوانبکات و شاری (کەرکوك)یش بگرێتەوە، بۆجێبەجێکردنی ئەم نیازەشی جاسوسی خۆی تا نزیك کەرکوك نارد[۲۵۹]. کاتێك دەسەلاتی داگیرکەری بەریتانیی لە کەرکوك، لە مەبەستی(شێخ مەحمود)تێگەیشت، هەولی سنوردارکردنی فراوانخوازی شۆڕشەکەیاندا، بۆ ئەمەش هێزەکانی (شاهانەی بەریتانی) فەرمانیان دابوو بەناردنی هێزێکیان بۆ دەشتی چەمچەمالْ بەمەبەستی چاودێرو چاوەڕوانیکردنی هێزێکی

---

[۲۵۷] د.وەلید حمدی: کوردوکوردستان لەبەلگەنامەکانی بەریتانیادا، و.محمد نوری تۆفیق، گۆڤاری پەیڤین، ژ(۲)، سالی١٩٩٧، ل٢٢؛ د.عەزیز شەمزینی: جوولانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان، و.فەرید ئەسەسەرد،ل١٥٧.

[۲۵۸] وەرگیراوەلە/د.وەلید حمدی: کوردوکوردستان لەبەلگەنامەکانی بەریتانیادا، و.موحەمەد نوری توفیق، ل٢٣. ٥٧.

[۲۵۹] ڕەفیق حیلمی : یادداشت، ب١، ل١٢٢.؛ د.کەمال مەزهەر : ویژدان و مێژوو ..یادادگەی موشیری حەمەی سلێمان، گۆڤاری ڕەنگین، ژ (١٠٢)، سالی ١٩٩٧، ل٩.





گەورەتر بۆ ئەوەی لەگەلیاندا یەکبگرن، پێش ئەوەی دەست بکەن بەشالاوەکانیان دژی شۆڕشگێڕان و شیخ مەحمود.[۲٦٠] سوپاکەی باشووری کوردستانی ئاگادارکرد، کە دەستبکەن بە هەلگیرسانی جەنگێکی سەرکەوتوو لەدژی هێزەکەی شێخ[۲٦١]. لەنێوچەی(تاسلوجە) ڕۆژی (٢٥ی مایسی١٩١٩) پێکدادان لەنێوان هەردوولایان ڕوویداو هێزەکانی (شێخ) لەپاش هاتنە پالی (هێزی کوردی کەرکوك)[۲٦٢]کە لە سوپای لیڤی ئینگلیزی دابوون، سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، لەپێشڕەوی کردن بەردەوام بوون تا لەشاری کەرکوك مەترسیان بۆ داگیرکەرانی ئینگلیز دروستکرد. لەبەرئەوە بەریتانیەکان لەپاش خۆ ڕێکخستنەوەیان بەهێزێکی زیاترەوە بەرەنگاری هێزی شۆڕشگێڕان بوونەوە لە(دەربەندی بازیان)، پاش شەڕێکی زۆر بەریتانیەکان توانیان سەرکەون و[۲٦٣] بەهاریکاری (موشیری حەمەی سلیمان)[۲٦٤] (شێخ مەحمود) یان بەبریندارى بەندکردو ڕەوانەی

---

[۲٦٠] Great powers, Oil and the Kurds in mousl, By: Habibollah Atarodi, univerestiy press of America, ٢٠٠٣, p.١٥٨.

[۲٦١] Iidp,p.١٦١.

[۲٦٢] ئەمە ئەوە بەدەرخات لەخەلکی کەرکوك بەردەوام لایەنگیری شێخیان کردووە.(توێژەر).

[۲٦٣] د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التأريخ والضمیر، ج، ل١٦٦ .؛رەفیق حیلمی:یاداشت، ب١، ١١٩ - ١٢٠.

[۲٦٤] یەکێك بوو لەکەسە ناسراوەکانی هەمەوەند، ساردیو ناکۆکی هەبووە لەگەلْ(شێخ مەحمود)دا، لەکاتی شەڕی (دەربەندبازیان)دا ڕێگەی نیشاندا بەبەشێك لەهێزی ئینگلیزدا، کە لەپشتەوە هێرش بکەنەسەر شۆڕشگێڕانی کورد بیانشکێنن، دوای شەڕیش ئینگلیزەکان بەهاوکاری (موشیر حەمەی سلیمان) توانیان (شێخ مەحمود) بەبریندارى بناسنەوە.(بڕوانە / د.کەمال مەزهەر ئەحمەد . ویژدان و مێژوو ..یادادگەری موشیری حەمەی سلێمان، گۆڤاری رەنگین، ژمارە (١٠٢)، سالی ١٩٩٧، ل٩.؛ م.ر.هاوار شێخ مەحمودی قارەمان، پ١.ل٥٠١- ٥٠٢).

بەغدادیان کرد.[٢٦٥] (شێخ مەحمود)لەبەغداد لەبەردەم دادگای سەربازی ئینگلیز وەستێنراو هەندێك لەخۆفرۆش و بەکرێگیراوانی کوردی (سلێمانی و کەرکوك)[٢٦٦] لەدژی گەواهیاندا، دادگاش لەسەرەتادا حوکمی لە سێدارەدانیان بۆ دەرکرد، بەڵام دواتر حوکمەکەیان گۆڕی بەدەساڵ زیندانی ودوورخستنەوەی بۆ دوورگەی(ئەندامان)لەهندستان، لەگەڵ (شێخ حەمە غەریب)ی زاوایدا.[٢٦٧] دانیشتوانی باشوری کوردستان کەئەم هەواڵەیان بیست ڕیزە لێك هەڵوەشاوەکانیان ڕێکخستەوە، لەمەندەلی باشوورەوە تا زاخۆ لەباکوورەوە دەستیان بەجووڵەو شۆڕش کرد.[٢٦٨] ئینگلیزەکان لەسەرەتاکانی ئەو ڕووداوانەدا بۆئەوەی گیانی شۆڕشگێڕی کەم بکەنەوە لەنێوچەکانی کەرکوکدا دەستیکرد بەپێکهێنانی ئیدارەیەکی نێوخۆیی تێیدا، بۆنموونە(( لە ناحیەی (قەرەحەسەن)ی سەر بەکەرکوك (شێخ حەبیب تاڵەبانی) کرا بەسەرۆك، لەنێوچەی(قادر کەرەم)(شێخ محەمەدی کوڕی عەبدولکەریم قادر کەرەمیان)دانا بەسەرۆك لە(گل)، (شێخ

[٢٦٥] بڕوانە / زناسلوپی: في سبيل كردستان، ت.ر. علی، بیروت، ١٩٨٧، ل٧٥.؛ عبدالمنعم الغلامي، ثورتنا في شمال العراق ١٩١٩- ١٩٢٠، ج ١، ل٩٩- ١٠٠؛ سرار نلدی تي ويلسون :بلاد مابين النهرين بين ولاءين، ت.فؤاد جميل، ج ٢، ل٢٧؛عقيدأ ج أمين سامي الغمراوي:قصة الاكراد في شمال العراق، ل ١٦٦.

[٢٦٦] لەکاتی دادگایی((شێخ مەحمود))دا تاقمێك بەنێوی شایەت لەپیاوە ناسراوەکان ڕێکخرابوو، زۆریان بەخواستی خۆیان ئامادەبوون، لەوانە چەند کەسایەتیەکی کەرکوکیشیان تێدابوو وەك (حاجی مەلا سەعید کەرکوکی). (ڕەفیق حیلمی : یادداشت، ب١، ل١٦٨) .

[٢٦٧] سرارنللد .تی. ویلسون : بلاد مابين النهرين ولاءين، ت.فؤاد جميل، ج٣، ل٣٠.

[٢٦٨] د.عەزیز شەمزینی : جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان، و.فەرید ئەسەسەرد، چ٣، ل١٥٧.





جەلالی کوڕی شێخ حەمید) دانرا بەسەرۆك لە(کفری)، (شێخ حەمید تاڵەبانی)دانرا بەجێگیری قایمقام لە(شێروانە)ش (کەریمی فەتاح بەگی جاف) کرا بەسەرۆك و(عەبدولکەریم ئاغا)بووە سەرۆکی هۆزی زەنگنە....هتد)).[٢٦٩] بەڵام ئەم دامەزراوانەش کێشەکەی چارەسەر نەکرد، لەقەزای (گل)ی سەر بە کەرکوك (سەید محەمەدی کوڕی سەید سەمەدی جەباری)قائیمقامێتیەکەی سووتاندو قائیمقامەکەشی کە نێوی(عەلی ئەفەندی صەقەلی)بوو کوشت.[٢٧٠] شێخەکانی(کەسنەزان و چرچە قەڵا)ش ڕێگەیان بەدەروێش و موریدەکانیاندا کە بە شمشێر لەخۆیان بدەن و ئاگربکەنەوەو ماربگرن و ڕێوی بخۆن، لەنێو بازاڕەکانی(کەرکوك و سلێمانیدا)ئەم کارەیان دووبارەکردەوە و بەرەوسەرای حکومەت و دەسەڵات دەچوون. دەسەڵاتدارانی ئینگلیز لەم شارانەدا خۆیان دەشاردەوەو فەرمانیان دەدا بەشوێنکەوتوانیان، کەبڵاوەیان پێ بکەن و بەوتاربێژی مزگەوتەکانیش بڵێت ئامۆژگاریان بکەن و دەرگای مزگەوتەکانیان بۆ بکەنەوە، بۆ مەبەستی هێمن بوونەوەیان لەوئاڵۆزییەی، کە دروستیان کردبوو.[٢٧١]

[٢٦٩] الملا جميل الروزبيانى : كركوك في العهد الاستعمار البريطاني والعهود التالية، ت.أنور مندلاوي، أنترنيت، ل٣.

[٢٧٠] کوردێکی مێژوونووس: کەرکوك ناوی . مێژووی کۆنی- دانیشتوانی- دەسەڵاتەکانی، گۆڤاری هاواری کەرکوك، ژمارە(٢)، ل٢٨.

[٢٧١] الملا جميل الروزبيانى: كركوك في العهد الاستعمار البريطاني والعهود التالية، ت.أنور مندلاوي، ل٣-٤.

لەلایەكی دیكەوە (ڕەفعەت سمایل بەگی داودە)و (ئیبراهیم خانی دەلۆ) قسەیان كرد بووەیەك، بۆئەوەی كاربكەنە سەر بەریتانیا تا(شێخ مەحمود) ئازادبكات، بۆ ئەمەش دەستیانكرد بەخۆئامادەكردن و لەیەك كاتدا بڕیاریاندا هەردوو لایان شۆڕش دەستپێبكەن. لێرەوە (ڕەفعەت سمایل بەگی داودە)و(فارس بەگی سەرۆكی هۆزی بەیات)و هۆزی(سائحی) عەرەب نشینی نێوچەكەو توركمان، ڕۆژی (٢٠ی ئابی ١٩٢٠) توانیان دوزخورماتوو لە دەسەڵاتی داگیركەری بەریتانی ئازادبكەن، (ئیبراهیم خانی دەلۆ)ش لەلایەن خۆیەوە توانی شاری(كفری)[٢٧٢] و دەور و بەری ڕزگاربكات.[٢٧٣] هەر لەوسەروبەندەشدا یاداشتێك دراوەتە مەندوبی سامیی بەریتانی لە بەغدا، كە لە (٦٢– شەست و دوو) پیاوماقوڵو ڕیش سپیو سەرەك هۆز لە باشووری كوردستان واژۆیان كردبوو، لەنێویاندا چەند كەسایەتیەكی كەركوكیشی تێدابوو، وەك (ڕەفعەت سمایل بەگی دەلۆ،

[٢٧٢] لەپاش ئازادكردنی "كفری" بەریتانیەكان (محمد سەعید وەنداویو موراد موبارەك)یان نارد بۆ لای (برایم خانی دەلۆ) بۆ ئەوەی جێگری حاكمی سیاسی كفری (سلمت) ئازادبكات، (پەنجا هەزارروپیەی وەك دیاری دەدرێتیو دەكرێتە قایمقامی كفری)، بەڵام (برایم خانی دەلۆ) ئەم مەرجانەی دانا بۆ بەردانی (سلمت) : (١)شێخ مەحمود لەبەندێتی ئازادبكرێ.٢)بەگەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی (سلمت) ئازاد دەكات.٣)ئەگەر ئەو دوومەرجە جێبەجێكرا، ئەوا (برایم خان) سەدو پەنجا هەزار روپیە دەداتە ئینگلیزو قایمقامیش ڕەت دەكاتەوە). (مستەفا نەریمان : شۆڕشی برایم خانی دەلۆ ١٩٢٠، ل١٣٨ – ١٣٩).

[٢٧٣] هەمانسەرچاوە، ل١٣٠–١٣١ .





سەلیم بەگی دەلۆ)،[٢٧٤] كە تێیدا داوای دامەزراندنی دەوڵەتێكی سەربەخۆیان دەكرد، لەژێر مانداتی بەریتانیدا.[٢٧٥]

لەهەمان كاتدا هەمەوەندەكان لەنێوچەی چەمچەماڵ دژ بە دەسەڵاتی ئینگلیزەكان ڕاپەڕین ،هاوكات لەگەڵ ئەم ڕاپەڕین و ئاڵۆزییە نێوچەكانی باشووری كوردستان بەگشتی، كەمالیەكان هێزێكی بچووكیان بەسەرۆكایەتی (ئۆزدەمیر)[٢٧٦] ناردبووە نێوچەی ڕەواندز بۆ یارمەتیو هاوكاری كورد دژ بەبەریتانیەكان، هاتنی ئەم هێزەی تورك بەتەواوی ئینگلیزەكانی پەرێشانكردبوو، چونكە لە بەشێك نێوچەكانی باشوری كوردستاندا بەچاوی ڕزگاركەر سەیر دەكران و كەركوكیش ببوە یەكێك لەنێوەندە هەرە گرنگەكانی ئەم بۆچوونە تازەیەو بەشێك لەسەرۆك هۆزەكانی چوونە ڕەواندوزو كەوتنە دژایەتیكردنو هێرش بردنە سەر سوپای بەریتانیا.[٢٧٧] سەرئەنجامی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی نێوچەكەی

[٢٧٤] بڕوانە پاشكۆی ژمارە (٢)ی لاپەڕە ( ٣٨٩ . ٣٨١) بۆناوی واژۆكەرانی یاداشتەكە.

[٢٧٥] د.احمد عثمان : كردستان بعد الحرب العالمية الاولى، مجلة الثقافة، العدد (٦ )، ١٩٨٣، ل١٢٩–١٣٠.

[٢٧٦] ئۆزدەمیر: نێوی (عەلی شەفیق) بوو، ئەفسەرێكی كەمالی بەڕەگەز لەچەركەسیەكانی میسربوو، دەرچووی ئەكادیمیای عەسكەریبوو بەپلەی (كۆلۆنیل) (ا)، توركە كەمالیەكان بۆ ڕاكێشانی عەشیرەتە كوردەكانی باشوری كوردستان لە(حوزەیرانی ١٩٢٢)دا بەسەركردایەتی هێزێكی بچووك ناردیانە (ڕەواندوز) ئەم تیپە نەك لەتیپێكی عەسكەری، بەڵكو زۆرتر لەچەتەگەل دەچوون، كەتوانی لایەنگیری كوردەكانی ئەونێوچەیە بۆ خۆی راكێشێ (ب).(أ– د. كەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی كورد، ب١، ل١٢ . ب) ڕەفیق حیلمی : یاداشت، ب٢، ل٢٤ .٢٥).

[٢٧٧] الملا جميل الروزبياني: كركوك في العهد الاستعمار البريطاني والعهود التالية، ت.أنور مندلاوي، إنترنيت، ل٤.

گرتبوەوە، دەسەڵاتی داگیرکەری بەریتانی لەرۆژی(٥ی ئەیلولی ١٩٢٢) دا سەرجەم کارمەندانی خۆی لە سلێمانییەوە پاشەکشە پێکرد بۆ کەرکوك، چونکە لەوکاتەدا بارودۆخی کەرکوك زیاتر بەرەو ئاڵۆزی دەچوو، بەمەدەیانویست بارودۆخی شارەکە هێمن بکەنەوەو نەهێڵن راپەڕین سەرهەڵبدات.[278] شان بەشانی ڕووداوەکان پەیامێکی گشتی نێوچەکانی باشووری کوردستان هەبوو کەداوای گەڕاندنەوەی (شێخ مەحمود) یان لە هندستان دەکرد، ئەم بانگەوازو جووڵانەوانە بەریتانیەکانی خستە سەر ئەو بیرەی، کە شێخ بەمەبەستی چارەسەرکردنی بارودۆخی باشووری کوردستان بگێڕنەوە.

ئینگلیز لە پاش پێکهێنانی حکومەتی عێراقو دانانی مەلیك بۆ عێراق، بۆ ئەوەی عەرەبەکان لەو چوارچێوەیەی، کە تێیدابوون زیاتر نەڕۆنو بەردەوام لەژێر کاریگەری ترسدا بمێننەوە، بۆ بەرەنگار بوونەوەی شۆڕشی کوردیو پەیمانی کۆمەڵەی گەلان(شێخ مەحمود)یان لەهندستانەوە هێنایە (کوەیت)[279] دوای ئەوەش لەڕۆژی (١٣ی ئەیلولی ١٩٢٢) گەڕاندیانەوە بۆ(بەغداد)،[280] پاش تێپەڕبوونی دوومانگ بەسەربوونی (فەیسەڵ) بەمەلیکی عێراق (شێخ مەحمود) لەنێوان (١٣ی ئەیلول تا ٢٠ئەیلولی ١٩٢٢) لەبەغداد مایەوەو لەوماوەیەشدا چەندجارێك

[278] د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التأريخ والضمير، ج ١، ل١٦٧.

[279] الملا جميل الروزبياني: كركوك في العهد الاستعمار البريطاني والعهود التالية، ت.أنور مندلاوي، أنترنيت، ل٤.

[280] ا. أم . هاملتون : طريق في كردستان، و.جبرجيس فتح الله، ط٢، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ١٩٩٩، ل١٥٥.





چاوی کەوت بەهەریەکە لە(مەلیکی عێراق)و(کۆکس)و بەدوورودرێژ لەگەڵیاندا سەبارەت بەهاتنەوەیو چۆنێتی بەڕێوەبردنی دامو دەزگاکانی حوکمڕانی لەباشووری کوردستان، بێگومان ئینگلیزەکان لەم بارەیەوە، مەبەستی یەکەمیان لەهێنانەوەی(شێخ مەحمود)ئەوەبوو وەك داردەستی خۆیان هەڵی بسوڕێننو بیکەن بەگژ تورکداو لەرەواندوز دەریان بکات،[281] مەبەستی دوەمیشیان ئەوەبوو دەست لەکاروباری (کەرکوك) وەرنەدات.[282] شێخ مەحموودیش خۆی زۆرباش لەمەبەستەکانیان گەیشتبوو، تەنانەت خۆی لەبەغداد بەر لەگەڕانەوەی بە(حەمە ئەمین عەتاری)ژن برای وتبوو((دەزانم چیان لەمن دەوێ؟ دەیانەوێ کاروفرمانێکی پۆلیسیم پێ بسپێرن، کە گەڕامەوە بۆ سلێمانی خەڵك لەخۆ کۆبکەمەوەو بچم تورکەکانیان لەڕەواندز بۆ دەربکەم، منیش بیرم کردەوەو ترسام ئەگەر لەکاتی گفتوگۆدا بموتایە شتی واناکەم دوورنەبوو ڕێگە چوونەوەی سلێمانیم لێبگرن، بۆیە چارەم نەبوو بەڵێنی ئەوەم دانێ تورکەکان دەربکەم، بەلام تۆ خۆت دەمناسیت چۆن بەئیشی پۆلیسی واهەڵدەستم)).[283] پاش گفتدانی شێخ مەحموود لەبەغداد، ئینگلیزەکان

[281] م.ر.هاوار : شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، ل٢٨٢.

[282] Greatpowers, oiland the kurds in monsul, …………., p.١٧٤.

؛ کریس کوچێرا : کورد لەسەدەی نۆزەدەوبیستدا، و.حەمەکەریم عارف، چاپخانەو ئۆفسێتی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٧٩–٨٠.؛ئامادەکردنی کۆمیسیۆنی ئاموزش : مێژووی بزوتنەوەکانی گەلی کورد (قۆناغی دووهەم شەڕی یەکەمی جیهانو بزوتنەوەکانی گەلی کورد)، بێشوێنی چاپ، رەشەمێی ١٣٧٠، ل٢٢.

[283] وەرگیراوەلە / م.ڕ.هادار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، ل٢٨٤. ٢٨٣.

بروسکەیەکیان نارد بۆ (شێخ عەبدولکەریم قادر کەرەمی) تێیدا باسی ناردنەوەی شێخیان کردبوو لە ڕێگەی (کفری)ەوە بۆ (سلێمانی)، ئەمیش هەستا بەبڵاوکردنەوەو ناردنی هەواڵەکە بۆ کەسایتیە نێودارەکانی(کەرکوك‌و سلێمانی)، شێخ مەحمود بەیاوەری(مێجەر نۆئیل)لە رۆژی(٢٠ی ئەیلولی ١٩٢٢)دا لەبەغدادەوە بەرێکەوتن بەگەیشتنیان بە(کفری) چەند ڕۆژێك لە ماڵی(سەید موحسن ئاغا)مایەوە، لەورۆژانەدا چەند سەرەك عەشیرەت‌و هۆزێکی کەرکوك‌و دەوروبەری چوونە کفری بەمەبەستی پێشوازی کردن و بەخێرهێنانەوەی شێخ، لەوانەش وەك(سەرەك عەشیرەتی داودە، هەمەوەند، شوان، ساڵەی، شێخ بزێنی، شێخان، قەرەحەسەن، جەباری، بەیات.....هتد)،[٢٨٤] هەندێکیشیان لە گەڕانەوەیدا بۆ سلێمانی.[٢٨٥] یاوەریانکرد تا لەرۆژی(٣٠ی ئەیلولی ١٩٢٢)دا گەیشتنە نێوشاری سلێمانی، سەرجەم چین‌و توێژەکانی خەڵکی شار لەگەڵ چەندین کەسی دیکەی شارەکانی تری باشوری کوردستان لەم ڕۆژەدا بەجوانترین‌و ڕازاوەترین شێوە لە پێشوازی شێخ مەحموودا وەستابوون[٢٨٦].

(شێخ مەحمود)دوای گەڕانەوەی لەبەغداد ماوەیەك لەماڵەوە پشووی‌داو هیچ ئەرك‌و فەرمانێکی بەرچاوی ڕانەپەڕاند، تارۆژی(١٩٢٢/١٠/٨) بەڕەسمی کاروباری حوکمداریەکەی گرتە دەست‌و سەرقاڵی

[٢٨٤] الملا جميل الروزبياني: كركوك في العهد الاستعمار البريطاني والعهود التالية، ت.أنور مندلاوي، انترنيت، ل٤.

[٢٨٥] م.ر.هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان‌و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، ل٢٩٥ .

[٢٨٦] رەفیق حیلمی: یادداشت، ب٢، ل٩١ –٩٥ .





چاوپێکەوتن‌و بینینی ئەوانەبوو، کە هاتبوونە سەردانی بەمەبەستی بەخێرهاتنەوەی، تا ڕۆژی(١٩٢٢/١٠/٩) بەتەواوی کاروباری حوکمداریێتی بەڕێوەبرد، بەنێوی (حوکمداری کوردستان)[٢٨٧] کە بەریتانیەکان پێیان بەخشی‌بوو.[٢٨٨] دوای ئەوەش لە رۆژی(١٠ی تشرینی یەکەمی١٩٢٢)دا بەپێی فەرمانێکی حوکمداری کابینەی حکومەتی کوردستانی، راگەیاند[٢٨٩] کەپێکهاتبوو لە(٨)[٢٩٠] وەزارەت‌و هیچ وەزارەتێکیش نەدرابوو بە کەسایەتیەکی کەرکوك..لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەسەرۆك هۆزەکانی کەرکوك‌و دەوروبەری روویان کردە سلێمانی، بەمەبەستی پیرۆزبایی و لەهەمان کاتدا شاندێکی عەشیرەتی(عوبید)ی عەرەبی گەیشتنە سلێمانی بۆ بەخێرهاتنەوەی شێخ‌و پیرۆزبایی لێکردنی ڕاگەیاندنی کابینەی

[٢٨٧] بانگ کوردستان، ژمارە (١٠)، ١٩٢٠/١٠/١٥.( هەواڵ).

[٢٨٨] ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیژی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، ل٨٥.؛ د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج ١، ل١٧٠.

[٢٨٩] بانگ کوردستان، ژمارە (١٠)، ١٩٢٢/١٠/١٥. (هەواڵ).

[٢٩٠] کابینەی حکومەتی ١٩٢٢شێخ مەحمود:

أ) شێخ قادری حەفید– سوپا سالار .

ب)شێخ محەمەد غەریب – رەئیسی داخلیە.

ج)عەبدولکەریمی عەلەکە – رەئیسی مالیە.

د)میر لیوا مستەفا پاشا – رەئیسی مەعاریف.

ه)ئەحمەدی فەتاح بەگ – رەئیسی گومرگ.

و)حەمەی ئەورەحمان ئاغا – رەئیسی نافیعە.

ی)سەید ئەحمەدی بەرزنجی . رەئیسی ئەمنیەتی عمومی.

ن)شێخ عەلی قەرەداغی – رەئیسی شەرع‌و عەدل. (بانگ کردستان: ژمارە(١٠)، ١٩٢٢/١٠/١٥).

حکومەتەکەی.[۲۹۱] لەوکاتەدا سنووری حکومەتی (شێخ مەحمود)، لەگەڵ سلێمانیدا بەنێو ئەم نێوچانەشی دەگرتەوە (کەرکوك،[۲۹۲] هەولێر، ئاکرێ، گشت شوێنە کوردنشینەکانی ویلایەتی موسڵن).[۲۹۳]

(شێخ مەحمود)پاش ڕاگەیاندنی حکومەت، شوێنی خۆی قایم کرد و لەکۆتایی مانگی (تشرینی یەکەمی ۱۹۲۲)دا نازنێوی (مەلیکی کوردستان)ی بۆ خۆی هەڵبژاردو ئەم نازنێوەش لەژمارە (۱۳)ی(بانگی کوردستان)دا بلاْوکرایەوە، دوابەدوای ئەم هەنگاوە سوپاکەی(شێخ مەحمود) لەنێو سلێمانیدا کە بە(عەسکەری کوردستان) ناسرابوون بەوبۆنەیەوە نومایشێکی سوپایی گەورەی ڕێکخستو دەستە دەستەو بەڕیز چەکدارەکان بە بەرەدەم(مەلیکی کوردستان)دا تێپەڕدەبوون، ئەم مەسەلەیەش بووە مایەی نیگەرانی و سەغڵەتکردنی بەریتانیەکان.[۲۹٤]

لەو کاتەشدا دووبارە خەڵکی نێوچەی کەرکوك و دەوروبەری بەعەرەب و کوردەوەچوونە لای پیرۆزبایییان لە(مەلیکی کوردستان)کرد، بۆنموونە(شێخانی عوبیدی عەرەبنشینی حەویجەو حوسین ئەلعەلی و عاصی ئەلعەلی)خۆیان و بەشێك لەئەندامانی تیرەکانیانەوە چوونە لای شێخ مەحمود، پاش پیرۆزبایی کردن لێی پێیان وت:((ئێمە عەرەبین،

---

[۲۹۱] د.نوری تاڵەبانی: ناوچەی کەرکوك هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە، و.محمد ملاکریم، چ۲،ل٥٤ ـ٥٥.

[۲۹۲] کەرکوك لەچوارچێوەی ئەو ڕێکخستنە کارگێڕیە نوێیەدابوو، کەبەریتانیەکان نەخشەیان بۆ دارشتبوو لەگەڵ شێخ مەحموودا .(ئەمین قادرمینە: ئەمنی ستراتیژیعێراق و سێکوچکەی بەعسیان، ل۸٥).

[۲۹۳] صدیق صالح: حکومەتی کوردستان لەسلێمانی ۱۹۱۸ – ۱۹۲٤، ل۲٤.

[۲۹٤] ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب۱، ل۱۲۸. ؛ بانگ کوردستان، ژمارە (۱۳)، ۱۹۲۲/۱۱/۳.





بەلاّم لەکوردستاندا دانیشتیووین و هەمیشە خۆمان لەکورد جیانەکردۆتەوە))،[۲۹٥] لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نێوچانەی کە (شێخ مەحمود) بانگەشەی دەسەڵاتی تێدادەکرد نێوچەکانی ئەوان و سەرجەم نێوچە کوردییەکانی نێو خۆی عێراقی دەگرتەوە، بەچاوپۆشی لەو راستیەی کە نە هەولێر و کەرکوك و نەهیچ قەزایەکی کوردی نێوچەی موسڵ بەڕەسمی ئارەزووی خۆیان بۆ دەسەڵاتی مەلیکی کوردستان دەرنەبڕیبوو .

ڕاپۆرتێکیش کە لەوباریەوە نووسراوە دەڵێت:((رۆشنبیرو خوێندەوارانی هەولێرو کەرکوك ئامادەنەبون دوای گوندێکی داخراوی وەك سلێمانی کەون)).[۲۹٦] ئەم راپۆرتە ئەوە دەردەخات کەبەشێکی زۆر لەڕۆشنبیرانی (کەرکوك و هەولێر) نەیانویستووە بچنە ژێر دەسەڵاتی(شێخ مەحمود)ەوە....جا شێخ مەحمود بۆ راکێشانی هەستی کەرکوکیەکان بەلای خۆیداو سەلماندی کەرکوك وەك بەشێك لەقەڵەمڕەوەکەی، لەمانگی کانونی یەکەمی ۱۹۲۲دا دووکەسی کەرکوکی کرد بەیاریدەدەری خۆی کە یەکێکیان ناوی صدیق قادر بوو[۲۹۷]، شێخ مەحمود لەم هەنگاوەیدا سەرکەوتووبوو، لەبەرئەوەی لەکۆتایی هەمان مانگدا (رۆژنامەی رۆژی کوردستان) هەواڵی سەردانی سەرۆك عەشیرەتەکانی کەرکوکی بۆ سلێمانی بلاْوکردەوە.[۲۹۸]

---

[۲۹٥] کوردێکی مێژوونووس:کەرکوك ناوی– مێژووی کۆنی– دانیشتوانی– دەسەلاّتەکانی، گۆڤاری هاواری کەرکوك، ژ(۲)، ل۲۹.

[۲۹٦] د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر، ج ۱، ل۱۷۰.

[۲۹۷] کریس کۆچێرا: کورد لەسەدەی نۆزدەوبیستدا، و.حەمە کریم عارف، ل۷۹–۸۰.

[۲۹۸] هەمان سەرچاوە، ل۸۰.

لەلایەکی دیکەوە(شێخ مەحمود)وێڕای ئەو بەڵێنانەی کە دابووی بەئینگلیزەکان، نەیدەتوانی بیرۆکەی سەربەخۆیی و رزگاربوونی کوردستان لەمێشکی خۆی دەربکات، بۆیە هێندەی پێنەچوو کەوتە هەوڵدان بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتەکەی، کە سەرجەم نێوچە کوردیەکانی باشوری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی دەگرتەوە، تا (جەبەل حەمرین – شاخی حەمرین).[299] لەو ڕوانگەیەوە (شێخ مەحمود) بەسنووردارکردنی دەسەڵاتەکەی لە چوارچێوەی سلێمانیدا رازی نەدەبوو،[300] هەوڵیدەدا وردە وردە نێوچەکانی فراوانبکات و پەلبهاوێژێت بۆ نێوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی، لە ڕۆژی (٢١ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢)دا ئالاّی حکومەتی کوردستانی لەقەزاکانی (ڕانیە، هەڵەبجە، چەمچەماڵ)هەڵکرد[301] بڕیاریشدا کە بچێت بەرەو (کەرکوک)و بیخاتە نێو نەخشەی دەسەڵاتەکەیەوە.[302] بەریتانیەکانیش سەبارەت بەنەخشەی (شێخ مەحمود) بۆگرتنی (کەرکوک) بەم شێوەیە (کۆمەڵەی گەلانی) ئاگادارکردوەوە:((شێخ مەحمود کە ئێمە لە مەنفاکەی گەڕاندمانەوە (هند بۆ سلێمانی)، بەلاّم خێرا لە دژی ئێمە دەسیتکرد بە مامەڵەکردن و چالاکی لەگەڵ تورکەکاندا ، ئەوەی ئێستا جێگەی زانیاریە، کە ئەو

[299] بانگ کردستان : ژمارە (١٣)، ١٩٢٢/١١/٣.

[300] رەفیق صالح و کەمال فوئاد: سێ رۆژنامەی رۆژگاری شێخی نەمر ١٩٢٢ ـ ١٩٢٣ ، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢٦.

[301] ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب١، ل١٣٠.؛ رەفیق صالح و کەمال فوئاد: سێ رۆژنامە، رۆژگاری شێخی نەمر ١٩٢٢–١٩٣٣، ل٢٦.

[302] ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب١، ل١٥٠.





لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٣دا نەخشەیەکی داناوە بۆ هێرشکردنە سەر کەرکوک لەمانگی ئازاردا)).[303] لەبروسکەیەکی دیکەشدا بۆ ئاگاداری زیاتری (کۆمەڵەی گەلان) نوسیویانە: ((شێخ ئێستا خەریکی ئامادە باشیە بۆ هێرش کردنە سەر کەرکوک)).[304] لەم ئاگادارکردنەوەوە دەردەکەوێت کە ئینگلیزەکان زۆر ترساون لە گەیشتنی دەسەڵاتی (شێخ مەحمود) بۆ کەرکوک، چونکە دەیانزانی دەستگرتن بەسەر ئەوشارەدا واتای دەست گرتنە بەسەر ئابوری نێوچەی (ویلایەتی موسڵدا).

سەرئەنجامی تێکچوونی پێوەندیەکان(شێخ مەحمود و ئینگلیز)لەساڵی ١٩٢٣دا بەریتانیەکان لە سلێمانی پاشەکشەیانکرد، (شێخ مەحمود)یش بەهاوکاری ئەفسەرە کەمالیەکان، دەیویست بەریتانیەکان لە کەرکوک دەربکات، کە لە نێوچەکەدابوون.[305] لەبەرئەوە بەریتانیەکان بڕیارندا کە ڕێ و شوێنی یەك لاکەرەوە لەدژی بگرنەبەر،[306] ڕۆژانی(٢٤و ٢٥ی شوباتی ١٩٢٣)بەیاننامەی هەڕەشە ئامێزیان بەفرۆکە بۆ خەڵکی سلێمانی فڕێدا.[307] رۆژی(١ی مارتی ١٩٢٣)فرۆکەکانی ئینگلیز شێخ مەحمودیان ئاگادارکرد کە دەبێ بەبێ دواکەوتن خۆی و هێزەکانی لەسلێمانی بچنەوە دەرەوە بەلاّم کاتێك شێخ مەحمود ملی نەدا، فرۆکەکانی ئینگلیز کەوتنە بۆردومانی شارو ژمارەیەك خەڵکی بێ تاوانن کوژرا و بریندار کرد،

[303] د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التأریخ والضمیر، ج ١، ل١٨٣.

[304] هەمان سەرچاوە، ل١٨٤.

[305] کریس کۆچیرا: مێژووی کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا، و.حەمەکریم عارف، ل٨٢.

[306] د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التأریخ والضمیر، ج ١، ل١٨٤.

[307] د.وەلید حمدی: کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەیتانیادا، و.محەمەد نوری توفیق، ل١٣٧.

ئــەوکات شــێخ مــەحمود ناچــاربوو بەرەبــەیانی(٤ی مــارت)بــەخۆی وهێزەکانیــەوە بکێــشتەوە نێوچــەی ســورداش و ئەشــکەوتی(جاســەنە)ی کردە بنکەی سەرکردایەتیی خۆی،[٣٠٨] هـەر لـەوێ بڕیاریـدا کـەرکوك لـەژێر دەســتی ئینگلیــز رزگــار بکــات،[٣٠٩] ئەمــەش لەبەرئــەوەبوو دەیزانــی ئینگلیزەکـان کـەرکوکیان کردووەتـە مەڵبەنـدی سـەربازی خۆیـان بـۆ لـەنێو بردنی شۆڕشەکانی.[٣١٠]

دوای ئـەوەی هێزەکـانی بـەریتانیا لـە ڕێکـەوتی(٢٨ی مایـسی ١٩٢٣)دا سلێمانیان داگیرکـردووە[٣١١]، لـە رۆژی(١٧ی حوزەیرانی١٩٢٣) سـلێمانیان چۆڵکردوە.[٣١٢] (شێخ مەحمود)یش بە هاوکاری (کـەریم بـەگی فـەتاح بـەگی هەمەوەنـد)نێوچــەی کــەرکوك و پیاوەکــانی گەڕایــەوە شــار،[٣١٣] ســێهەمین کابینــەی حکومەتەکــەی خــۆی ڕاگەیانــدەوە، پێوەنــدی و کۆبوونــەوەکانی لەگــەڵ خــەڵکی باشــووری کوردســتان بــە گــشتی و کــەرکوك بەتایبــەتی بــەردەوام بــوو، بــۆ نموونــە ئــەو کۆبوونەوەیــەی ، کــە (شــێخ مــەحمود) لــە ڕۆژی(١٥کـانونی دووەمـی١٩٢٣)دا لەگـەڵ(٤٣)سـەرۆك هـۆزدا بـۆ دانـانی

[٣٠٨] د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، ب٢، ل٣٨.

[٣٠٩] ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب، ل١٥٠.

[٣١٠] دیڤید ماکداولْ: مێژووی هاوچەرخی کورد، و.ئەبوبەکر خۆشناو، ب١، ل٣٥٥ .

[٣١١] د.وەلیـد حمـدی: کـوردو کودرسـتان لەبەڵگەنامـەکانی بـەریتانیادا، و.محەمـەد نـوری توفیـق، ل١٤٣.

[٣١٢] د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، ب٢، ل٣٩.

[٣١٣] صدیق صالح : بەسەرهاتی کاکە رەشید شەوقی،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،سلیمانی،٢٠٠ ، ل





نەخشەی کاری سیستێمی حکومەتەکەی کرد، دابەشبوونی جوگرافیای هۆزەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوەبوو:-

یەکەم//دە لە سەرۆك هۆزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان.

دووەم//سیازدە لە سەرۆك هۆزەکانی سلێمانی و هەڵەبجە.

سێیەم//چوار لە سەرۆك هۆزەکانی هەولێر و کویسنجق.

چوارەم//شازدە لەسەرۆك هۆزەکانی کەرکوك.[٣١٤]

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، کە ژمارەی سەرۆك هۆزە بەشداربووەکانی نێوچەی کەرکوك لە بەشداربووانی نێوچەکانی دیکە زیاتر بوون، سەرۆك هۆزەکـانی کـەرکوك بریتـی بـوون لـە سـەرۆکی: ((جـاف، زەنگنـە، داودە، هەمەوەند، جـەباری، دەلـۆ )و دوونوێنـەری عـەرەب نشینەکانی حەویجە کەسـەرۆکی هـۆزی (فخـذن ئـەبو علـی) لـە(هـۆزی فـەرحان)و (عەبـدول قـادر ئاغــا) لــە(هــۆزی محلــە)، لەگــەڵ چــەند نوێنــەرێکی تورکمانــەکانی کـەرکوك)).[٣١٥] ئـەم کۆبوونەوەیـە ئـەوە بـەدەردەخات کـە (شـێخ مـەحمود)، بــەردەوام گرنگــی تایبــەتی داوە بەنێوچــەکانی کــەرکوك و دەوروبــەری ..هەرچـەندە هەنـدێك لەخـەڵکی کـەرکوك دژی شـێخ مـەحمود هاریکـاری ئینگلیزیـان دەکـرد، وەك لەهێرشـی ئینگلیـز بۆسـەر سـێمانی (١٩٢٤)دا دەردەکـەوێت، کـە بەشـێك لـە شـێخەکانی(سـەنگاو، قـەرەداغ، تاڵـەبان وعەشیرەتی داودە) یارمـەتی سوپای ئینگلیزیـان داوە دژ بەشۆڕشـگێڕانی نێوچەی سلێمانی[٣١٦] .

[٣١٤] د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التأریخ والضمیر، ج ١، ل١٧١.

[٣١٥] هەمان سەرچاوە، ل١٧٤.

[٣١٦] یاداشتەکانی شێخ (لەتیف)ی حەفید، چاپی یەکەم، ل١١٨.

وێڕای هەموو ئەو پێوەندیانەی باسی لێوەکرا، شێخ مەحمود زۆرجار لەکۆڕە تایبەتیەکانی خۆیدا ئەوەی دووپات دەکردەوەو دەیووت:((نەوت نەوتی خۆمەو چ پێوەندی بەکەسانی ترەوە هەیە)) ئەم هەڵوێستەی شێخ مەحمود بەریتانیەکانی نیگەرانکردو زیاتر لەهەموو شت هانیدان، کە هەموو ڕێگەیەك بگرنەبەر بۆ دوورخستنەوەی کەرکوك لە شۆڕشەکانی(شێخ مەحمود)، [317]لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی ئەو پێوەندیانە کۆتایی پێبهێنێت و هەندێك لەسەرۆك عەشیرەتەکانی کەرکوك ئەو یاداشتەیان واژۆکرد، کە شێخ مەحمود لەرێکەوتی (١٩٢٥/٣/٢٠)دا ناردی بۆ باڵێوزخانەکانی (ئەمریکا، تورکیا، ئیتاڵیا، رووسیا، فەرەنسا، ئێران) بەمەبەستی ئاشکراکردنی ئەو سیاسەتە دڕندانەی حکومەتی بەریتانیا، کە لە ساڵی ١٩٢٤دا بەرامبەر بەکوردی باشوری کوردستان ئەنجامیدا.[318] لێرەوە دەردەکەوێت دانیشتوانی شاری کەرکوك بە کورد و کەمە نەتەوایەتیەکانی نێویەوە، هەڵوێستیان بەرامبەر بە شێخ مەحمود و شۆڕشەکانی زۆربەی کات باش بووە لەگەڵیدابوونە، هەرچەندە لە لایەن هەندێك گروپەوە دژایەتی کراوە، وەك (تاڵەبانیەکان، تورکەکان، بابانیەکانی کەرکوك...هتد).

---

[317] د.نوری تاڵەبانی: ناوچەی کەرکوك و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەی ئەم ناوچەیە، ومحمد مەلاکەریم، ل٤٧-٤٨.

[318] یاداشتەکانی شێخ(لەتیف)ی حەفید، ل١٣٧- ١٣٨.

## بەشی سێیەم

# هەڵوێستی دانیشتوانی کەرکوك بەرامبەر گۆڕاکاریە سیاسیەکانی عێراق

## تەوەرەی یەکەم:
## هەڵوێستی دانیشتوانی کەرکوك لەدانانی (فەیسەڵ) بە شای عێراق

پاش داگیرکردنی هەرسێ ویلایەتی (بەسرەو بەغدادو موسڵ) ئینگلیزەکان بەتەواوی ڕووبەرووی گرفتو ڕاپەڕینەکانی شیعەو کوردو سونەبوونەوە لەباشوورو باکورو نێوەڕاستی میزۆپۆتامیا، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ گەشەکردنی بزاڤی کەمالیەکان لەئەنادۆڵ.[1] بڕیاریاندا کەبەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆ لەونێوچانەدا بگۆڕن بەبەڕێوەبردنی ناڕاستەوخۆ، [2] بۆئەم کارەش بیریان لەدامەزراندنی سیستێمێکی پادشایەتی لەعێراقدا کردەوە.[3] بەتایبەتی لەدوای شۆڕشی بیست،[4] لەبەرئەوەی خەرجیو بوجە سەربازیەکان، لەسەرشانی

[1] سەلام ناوخۆش: هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعێراقی عەرەبیەوە، هەولێر، ٢٠٠٠، ل١٠٠. ١٠١.

[2] أيوب بارزاني: المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤– ١٩٥٨، دار نشر حقائق المشرق، فرەنسا، ٢٠٠٢، ل٣٠.

[3] د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج ١، ل١٣٥.

[4] شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ لەعێراق لەئاکامی کاری توندو تیژی بەریتانیەکانو ناڕێكو پێکیو خراپی بەڕێوەبەرایەتی بەریتانیاو جێبەجێکردنی بەڵێنی هاوپەیمانەکان، کە دابوویان بە عەرەبەکان لە سەروبەندی شەڕی یەکەمی جیهانیو گرتنی (شێخ شەعلان ئەبوجۆن)ی سەرۆکی هۆزی (زەواڵم)ی عەرەبی، لەڕۆژی (٢٠ی حوزەیرانی ١٩٢٠) سەریهەڵداو ڕاپەڕین زۆربەی شارەکانی عێراقی گرتەوە،





ئینگلیزەکان لەلایەك زۆرکەوتبوو و بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی نێوخۆی بەریتانیا دژ بەسیاسەتەکانی حکومەتی ئەوکاتەی بەریتانیا لەلایەکی ترەوە فاکتەر بوون بۆئەوەی بیر لە دامەزراندنی سیستێمێکی پادشایەتیو حکومەتێکی عێراقی[5] بکاتەوە، بۆ سوکردنی ئەرکەکانیو بەدیهێنانی بەرژەوەندیە سیاسیەکانیشی بەشێوازێکی تر.[6] لەگەڵ ئەو بۆچوونەشدا بۆچوونی دامەزراندنی سیستێمێکی کۆماری لەعێراقدا هەبوو، کە(جۆن فیلپی) ڕاوێژکاری وەزارەتی نێوخۆی عێراقی بانگەشەی بۆ دەکرد و توانی چەند کەسایەتیەکی عێراقی بۆلای خۆی کەمەندکێش بکات، وەك(تۆفیق خالید، فخرالدین جمیل، عەبدول مەجید شاوی). (فیلپی)باس لەوەش دەکات کە لەو کاتەدا خەڵکی هەستی زۆریان بەلای سیستێمی کۆماریدا هەبووەو دژی سیستێمی پادشایەتی بوون، بەڵام ڕۆژنامەکانی عێراق گرنگیان پێنەداوەو دژایەتیان کردووە لەبەرئەوەی دەسەڵاتی داگیرکەری بەریتانی دژی کۆماری بوو.[7] دوابۆچوونی ئینگلیزیش لەعێراقدا بریتی بووە لە دامەزراندنی سیستمێکی پادشایەتی، چونکە بەلای بەریتانیاوە"مەلەکیەت لەعێراقدا بریتیبە

کەداواکانیان بریتیبوو لەسەربەخۆیی تەواو بۆ عێراق، بەڵام دواتر ئەم شۆڕشە سەرکوت کراو بەشێکی زۆر لەسەرکردەکانی لەنێو بران. (ل.ن .کوتلوف: ثورة العشرين الوطنية التحررية في العراق، ت. عبدالواحد كرم، بغداد، ١٩٧١، ل١٨١).

[5] حکومەتێکی کاتی بۆ عێراق بەسەرۆکایەتی (عبدالرحمن نەقیب) دامەزرا. (توێژەر).

[6] كاظم هاشم نعمة: الملك فيصل الاول الانكليز والاستقلال، طبعة الثاني، دار العربية، بيروت، ١٩٨٨، ل ٧٤ .

[7] د.ابراهيم خليل أحمد و جعفر عباس حميد:تأريخ العراق المعاصر، الموصل، ١٩٨٩، ل٢٩– ٣٠.

لەتاکە گرێنتی پاراستنی نەوت".[٨] لێرەدا زیاتر مەبەستیان دامەزراندنی حکومەتێکی نوێیە لە عێراقدا، کە سەر بە بەریتانیا بێت. بۆ ئەو مەبەستەش لە لەندەن، کە فەرمانگەی(ڕۆژهەڵاتی نێوراستی) لێبوو،[٩] بڕیاردرا کە دەبێ کۆنفراسێکی گشتی لەبارەی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بەگشتی و عێراق بەتایبەتی لە (قاهیرە)ی پێتەختی وڵاتی میسر ببەسترێ،[١٠] بۆ ئەوەی بە یەکجارو بەسیفەتی تەواو بڕیاربدات لە زۆر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و عێراق.[١١] سەرئەنجام کۆنگرەکە ڕۆژی(١٢ی ئازاری ١٩٢١) دەستی پێکرد، بەئامادەبوونی چل سەرکردە کە لە گەورە فەرمانبەران و پسپۆڕەبیانی و ڕاوێژکارە ئابوریەکان پێکهاتبوون، لەنێویشیاندا(چرچڵ)[١٢] و(لۆرانس)و(سێرپێرسی کۆکس)و(ئیلمە هۆلدن)و (جەعفەر عەسکەری)و(ساسۆن حسقیل)و(مسس

---

[٨] دریە عوني، عرب وأکراد حصام أم وئام، دار الهلال، ١٩٩٣، ل٦٥.

[٩] ستیڤن همسلی لونگریك، العراق الحدیث من سنة ١٩٠٠ الی سنة ١٩٥٠، ت.سلیم طه التکریتي، ج ١، ل٢١٢.

[١٠] پ.د.میم کەمال ئۆڤە: کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ ١٩١٨ – ١٩٢٦، و.سەلام ناوخۆش، ل٢٨.

[١١] ستیڤن همسلی لونگریك: العراق الحدیث من سنة ١٩٠٠ الی سنه ١٩٥٠، ت.سلیم طه التکریتي، ج ١، ل٢١٢.

[١٢] ناوی تەواوی (ونستون لیونارد بسنسد چرچل)ە، کەسایەتیەکی سیاسی و پیاوێکی دیاری ئینگلیزەکان بووە، لەرووی خێزانەوە دەچێتەوە سەر بنەماڵەی (مارلیبۆی) نێودار، سەرەتای سەربازی لەساڵی ١٨٩٥ لە(هندو کوباو سودان) دەستی پێکردووە، دواتر چەندین پۆستی سیاسی و ئیداری لەبەریتانیا پێسپێراوە تا لەساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا بۆتە سەرەك وەزیران. (عبدالوهاب الکیالی و أخرون : موسوعة السیاسیة، ج ١ طبعة الثاني، المؤسسة العربیة للدراسات مانشستر، بیروت، ١٩٩٠، ل٧٤١ – ٧٤٢).





بیل)و ..هتد" هەبوون،[١٣] هەر لە کۆنگرەی قاهیرە بە تەواوی بڕیاردرا کە سیستێمکی پادشایەتی لەعێراقدا دابمەزرێندرێت و تاج و تەختی ئەم سیستێمەش بەشازادە فەیسەڵ بسپێردرێت، بەوپێیەی کە(باشترین کەسە بتوانێ حوکمداری وڵاتی مێزۆپۆتامیا بکا)، بەمەرجێ لەلایەن گەلەوە لەسەردابنرێت.[١٤] هەر لەکاتی گفتوگۆی ئەندامانی کۆنگرەکەدا لەسەردانانی یا هەڵبژاردنی(فەیسەڵ)[١٥] بەشای عێراق، (چێرچڵ)دەڵێت:

---

[١٣] بڕوانە/ ستیڤن همسلی لونگریك: العراق الحدیث من سنة ١٩٠٠ الی سنة ١٩٥٠، ت.طه سلیم التکریتي، ج ١، ل٢١٢. ؛ محمد شاکر: التاریخ الاسلامي – تأریخ المعاصر– بلاد العراق( ١٩٢٤ – ١٩٩١ )، بیروت، ١٩٩٢، ل٤٨ . ؛ پ .د میم کەمال ئۆڤە: کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسل ١٩١٨– ١٩٢٦، و.سەلام ناوخۆش، ل٢٨.

[١٤] د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: هەڵوێستی مەلیك فەیسەڵی یەکەم لەمەسەلەی کورد لەعێراقدا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیچی، ژ(١٣)، ساڵی هەشتەم، ئابی ٢٠٠٠، ل٦٠ – ٦١.

[١٥] نێوی تەواوی (فەیسەڵ کوڕی حوسێن کوڕی عەلی کوڕی محەمەد کوڕی عون)ە (أ)، لە(٢٠ی ئایاری ١٨٨٣) لەتائیف لەدایکبووە (ب) لە تەمەنی (نۆ) رۆژیدا نێردراوەتە لای هۆزی (عتبە) لە دەرەوەی شاری (تائیف) بۆئەوەی لەسەرداب و نەریتی باوباپیرانی پەروەردە بکرێت، دواتر گەڕایەوە لای خێزانەکەی و سەرەتای خوێندنی لەگەڵ (علیو عەبدوڵڵا)ی برایدا لەلای مامۆستای تایبەتی بووە. ئەو کاتەی کە(شەریف حوسێن)ی باوکی لەئەنجومەنی راوێژکاری وڵات دامەزرا لە(قوستەنتینیە) لەگەڵ خێزانەکەیدا چوونە ئەو شارەو هەر لەوێ (فەیسەڵ) لەلای مامۆستای پسپۆڕ (سەید سوفوە لعەوا) فێری زمانی (تورکیو ئینگلیزیو کەمێك فەرەنسی) بووە، لە تەمەنی شازدەساڵیدا (حەزیمە)ی ئامۆزای کچی (شەریف ناصر)ی هێنا.(ج) لەساڵی ١٩٢١ بۆ مەلیکی عێراق دەستنیشانکرا، پێشتریش لە سوریا مەلیك بوو ، لەتەمەنی (٥٠)ساڵی و لەساڵی ١٩٣٣دا کۆچی دوایکرد.(د) .(أ/ محمد مظفر الادهمي: الملك فیصل الاول، دراسات وثائقیة في حیاته والسیاسة ومماته، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٩١، ل١٢.ب– خیرالدین الزرکلي : الاعلام (قاموس التراجم)، جلد الخامس، دار العلم للملایین، بیروت، بدون سنة طبع، ل١٥. ج – جمال مصطفی مروان: ملوك العراق (فیصل الاول – غازي – فیصل الثاني ) أسرار وخفایا، مکتبة الشرقیة للنشر،

**"هەتا ئەگەر کورد ئارەزووبکات، کە بەشداربێت لە هەڵبژاردنی فەیسەڵ بۆ تەختی عێراق، ئەو لەو بڕوایەدایە کە زۆرگرانە بخرێتە سەر عێراق، مەلیك فەیسەڵ ئەوەی کە پاڵی پێوەدەنێ بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە بنەچەو مێژووی خێزانەکەیەتی کە دەستی بەسەر تیۆری مافی خواوەند بۆ پادشایەتی گرتووە، لەوانەیە کە ئەو بەشێوەیەکی سەرزارەکی بنەماکانی دەستورەقبوڵ بکات و رازیبێ بەدروستکردنی پەرلەمان . بەلاّم لەهەمانکاتدا ئەو پێچەوانەی ئەمانە دەبێتەوەو دژی بنەماکانی دیموکراسیەت و دەستوورە، ئەگەر بابەتەکەشی بەم شێوەیە بوو ئەوکات لە توانابیدا دەبێت کەپشت بەهێزی سوپای عەرەبی چاوپۆشی لە هەستی کورد بکات، سیفەتی کورد لەنێوبەرێت".[16] ئەم وتەیە چێرچڵ ئەوە دەردەخات، کە بەریتانیا هەستی کردبوو کە کورد بەدانانی پاشایەکی عەرەبی بەسەر وڵاتەکەیەوە ڕازی نابێ.**

**دوای بڕیاردانی کۆنگرەی قاهیرە لەسەردانانی (فەیسەڵی کوڕی شەریف حوسین) بەپاشای عێراق، (لۆرانسی عەرەبی)لەنیسانی ١٩٢١چاوی بە(فەیسەڵ) کەوتوو ئەوهەواڵەی پێ ڕاگەیاند.[17] کاتێکیش فەیسەڵ ئەو هەواڵەی بیست لەسەرەتادا هیچ وەلاّمێکی نەبوو، چونکە پێشتر (ئەمیر عەبدوڵلاّ)ی برای بۆ ئەو جێگەیەدانرابوو، بەلاّم بەریتانیا توانی لەگەڵ ئەمیر عەبدوڵلاّ قسە بکات و ڕازی بکات بەدانانی فەیسەڵ بۆ**

---

بدون مكان وسنة الطبع، ل٩-١٠ د- عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات العراقية، ج٣، مج٢، مطبعة ودار الكتب، بيروت، ١٩٧٨، ل٣٠٨-٣٠٩).

[16] وەرگیراوە لە/ د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج ١، ل١٢٥ . ١٢٦.

[17] پ.د.میم کەمال ئۆڤە: کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ ١٩١٨- ١٩٢٦، و.سەلام ناوخۆش، ل٢٨.





**تاجی پادشایەتی لەعێراق.[18] ئەویش بۆخۆی ئەم مەرجانەی هەبوو بۆ وەرگرتنی ئەو تاجە (پۆستە):-**

**١)دانپێدانی حکومەتی بەریتانیا بەسەربەخۆی عێراق لەگەڵ بنیادنانی حکومەتێکی نیشتمانی عێراقی خاوەن دەسەلاّتی سەربەخۆ.[19]**

**٢)حکومەتی بەریتانیا مەندات(ئینتداب) هەڵوەشێنێتەوە لەسەر عێراق.[20]**

**بەلاّم ئەم مەرجانەی فەیسەڵ تەنها ڕووکەش بوون. لەلایەکی دیکەوە ئەو فاکتەرانەی لەلایەن بەریتانیەکانەوە، کە پاڵنەربوون بۆ دەستنیشانکردنی فەیسەڵ بە پادشای عێراق ئەمانەبوون:**

**ا//یەکێك لەهۆکارەکانی هەڵبژاردنی(فەیسەڵ) بۆ تەختی عێراق، نەبوونی پێوەندی فەیسەڵ بوو بەبەلشەفیەکان و دژایەتیکردنی شۆڕشەکەیان بوو، هەروەك لەراپۆرتێکی نهێنی وەزارەتی جەنگی بەریتانیا لە(١٧ی شوباتی ١٩٢١) ئاماژەی پێکردووە.[21]**

---

[18] خيرى أمين العمري: حكايات السياسة من تأريخ العراق الحديث، بغداد، بدون مطبعة وسنة طبع، ل٦٤.

[19] جميل مطصفى مروان: ملوك العراق (فيصل الاول – غازي – فيصل الثاني ) أسرار وخفايانمكتبة شرقية، بدون مكان وسنة طبع، ل١٩.

[20] نجم عمر السورچى: مصير ولاية الموصل (كردستان الجنوبية مابعد عام ٢٠٠٠، ط٢، سليمانية ١٩٩٩ .) ل٥٢.

[21] بڕوانه/دريه عوني : عرب وأكراد خصام أم وئام، ل٦٥.؛ د.فاروق صالح العمري : حول السياسية البريطانية في العراق ١٩١٤- ١٩٢١، بغداد، ١٩٧٨، ل١٠٤ – ١٠٥. ؛ د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج ١، ل١٨٠.

**ب//بەریتانیەکان بەدوای کەسێکی لاوازدا دەگەڕان، کە لەقسەیان دەرنەچێت و ویست و داخوازیەکانی ئینگلیز بەجێبهێنن و بەرژەوەندیەکانی ئەوان لەبەرچاو بگرێت، نەك کەسێکی خاوەند پێگەو دەسەلاٌت بێت، لەنێو گەلی عێراقداو لەداهاتوودا کێشەیان بۆ دروست بکات.[22] بەواتایەکی دیکە(فەیسەڵ) لە عێراقدا خاوەند پێوەندیەکی فراوان نەبوو،[23] هیچ بنەچەیەکی وەك بنەماڵەش لەعێراقدا نەبوو، سەرەڕای ئەوەی کە موسڵمانێکی سوننە مەزهەبوو، لەکاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری عێراق شیعە مەزهەب بوون.[24]**

**ج//فاکتەرێکی دیکەی تر کەوای لەسیاسەتمەدارانی بەریتانیاکرد بۆ دانانی(فەیسەڵ)بەشای عێراق لەشوێنی کەسێکی عێراق و خەڵکی نێوچەکە، نزیکی و پێوەندی دۆستانەی(شەریف حوسێن) باوکی فەیسەڵ بوو، لە سالانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا[25] لەگەڵ بەریتانیا و**

[22] ئاکۆ شوانی: مەلیك فەیسەڵ و تەختی عێراق، کوردستانی نوێ، ژمارە (١٩٤٠)، ١٩٩٩/٩/٥، ل٩.

[23] ل.ن.کوتلوف: ثورة العشرين الوطنية التحررية في العراق، ت.عبدالواحد کرم، ل٣٦٣.

[24] دیڤدکۆرن: ئەو دووکەسەی کوردیان خزاندە ناو عێراقەوە (سێرپیرس کۆکس و ئارنۆڵدوڵسن)، گۆڤاری ڕوانگەی جیهان، ژمارە (٤)، ساڵی دووەم، ١٩٩٥، ل٢٩.

[25] بەدرێژایی جەنگی یەکەمی جیهان لەندەن هانی (شەریف حوسێنی مەککە) ی دەدا، کە سەرۆکایەتی راپەڕینێکی عەرەبی لەدژ تورکیا بکات، شەریف حوسێن چووە ژێر ئەو بارەوەو بەهاوکاری ژمارەیەك ئینگلیز ، کە نێودارترینیان (تی.ئەی لۆرانس) بوو، کە ڕاپەڕینی عەرەبی ساڵی(١٩١٦)ڕێکخست، لەبەرامبەردا بڕیاریدا (شەریف حوسێن)و کوڕەکانی بکرێنە فەرمانڕەوای بەشە جیاکانی ئەونێوچە عەرەبیانەی، کە پێشتر بەشێك بون لەئیمپراتۆریەتی عوسمانی. (دانیال بەرگین: نەوت و سیاسەتی نێودەوڵەتان لەرۆژهەلاٌتی ناوەڕاستدا، و.کەمال شەریف، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوە ستراتیجی، ژمارە (٤٠)، ساڵی سیازدەهەم، شوباتی ٢٠٠٣، ل٢٩٦).





**هاوپەیمانەکان کە پێکهاتبوون لە ( فەرەنسا و ئیتالیا و چەند وڵاتێکی دیکە ).[26]**

**د//ماوەیەکی زۆر نەبوو (فەیسەڵ) لەسەردەستی فەرەنسا، لەتەختی پاشایەتی سوریا دەرکرابوو و دەسەلاٌتی لێسەندرابووەوە، بۆیە بەریتانیا سوودی لەوبارودۆخە نائاساییەی فەیسەڵ وەرگرت، لەگەڵ ئەوەشدا فەیسەڵ کەسێك بوو شارەزای سیاسەت بووەو مەرجی پادشایەتی تێدابوو، لەو جۆرە کەسایەتیەی کە بەریتانیا دەیانویست.[27] (مسس بیل) لەو بارەیەوە نوسیویەتی: "من باوەڕێکی تەواوم لەسەر ئەوەیە، کە چارەسەرێك نیە تەنها یەك دانەی زانستی نەبێت، ئەویش ئەوەیە کە یەکێك لەنەوەکانی شەریف هەڵبژێرن، کە یەکەمیان مەلیك فەیسەڵە".[28]**

**لەگەڵ هەموو ئەم فاکتەرانەی، کە لەعێراقدا یارمەتیدەری(فەیسەڵ)بوون بۆ وەرگرتنی تاجی پادشایەتی، لەبەرامبەر بەساناى وەرگرتنی ئەوتاجەدا کۆمەڵێك ئاستەنگی نێوخۆو دەرەکیش هەبوون ، لەوانەش:-**

**یەکەم//سەبارەت بەو ئاستەنگانەی، کە هاتنە بەردەم فەیسەڵ لەسەر ئاستی نێوخۆی عێراق، ئەوەبوو کە چەند کەسایەتیەکی ناسراو خاوەند جەماوەر هەبوون کە دەیانوست دەسەلاٌت بگرنەدەست، لە وانە(تالیب نەقیب) کە خاوەند کە سایەتیەکی بەهێز بوو، پێشتر لە (بەسرە) لەنێو خەڵکیدا جموجوڵی زۆری هەبووە و تاڕادەیەکی بەرچاو خۆشەویست بووەو بەردەوام نیازی خۆی دەخستەڕوو بۆ دەسەلاٌت گرتنەدەست. لە**

[26] ل.ن کوتلوف: ثورة العشرين الوطنية التحررية في العراق، ت.عبدالواحد کرم، ل٣٦٣.

[27] م.ر.هاوار.شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب ٢، ل١١٤.

[28] د.ابراهيم خليل أحمد ود.جعفر عباس حميد: تأريخ العراق المعاصر، ل٣٠.

ئاهەنگەکانیشدا هەڕەشەی ئەوەی دەکرد کەهێزە عەشایەرەکان ئامادە دەکاتو بەکاریان دێنێ بۆ ڕێگەگرتن لەسیاسەتی بەریتانیا، هەرلەبەرئەمەش بوو ئینگلیزەکان گرتیانو دووریانخستەوە بۆ دوورگەی (سیلان).[29] لە لایەکی دیکەوە(عەبدولڕەحمان نەقیب)ی برای(تالیب نەقیب)دژی دانانی فەیسەڵ بوو بۆ پادشای عێراق، ڕایگەیاند نابێت فەرمانڕەوای عێراق کەسێك لە دەرەوەی عێراق. پێدەچێت ئەم دژایەتی کردنەی(عەبدولڕەحمان نەقیب)لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ، کە لە ڕووی ئایینیو کۆمەڵایەتیەوە کەسایەتیەکی ناسراوی عێراق بوو، خۆی بەکەمتر نەدەزانی لەبەرامبەر فەیسەڵ بۆ وەگرتنی ئەو پۆستە.[30] هەندێك لەنێوەندەکانی (بەغداو کەرکوك و بەسرە)پێشنیازی ئەوەیان کرد، کە یەکێك لە ئەمیرەکانی تورك هەڵبژێرن، کەبریتی بوو لە(بورهانەدین)[31] و زۆرترین بۆچوونەکانیشی لەگەڵدابوو[32] (مسس بیل)دان بەوەدادەنێت کە سەرجەم ئەوانەی کە قسەی لەگەڵدا کردوون لەبارەی هەڵبژاردنی یەکێك لە کوڕەکانی(شەریف حوسین)بەبێ ئەوە ئاماژە بەنێوی هیچیان بکات، هەموو لە دژی ئەوبیرە دەوەستانەوە، بۆیە (بیل)پێشنیازی ئەوەی کرد کە

---

[29] ستیڤن همسلی لونگریك: تاریخ العراق المعاصر من سنه ١٩٠٠الى سنه ١٩٥٠، ت سليم طه التكريتي، ل٢١٥.

[30] كاظم نعمه : الملك فيصل الاول الانكليز والاستقلال، ج ٢، ٢١٥.

[31] (بورهانەدین کوڕی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم)ە، گرنگییەکی زۆری پێدرابوو بۆ هەڵبژاردنی تاجی عێراقو پشتیوانیەکی زۆردەکرا لەلایەن تورکمانەکانی کەرکوكو ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکانی بەسرە.(ستيڤن همسلي لونگريك : العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ الى سنة ١٩٥٠، ت.سليم طه التكريتي، ج ١، ل١١٣).

[32] هەمان سەرچاوە، ل١١٣.





پشتگیری لە یەکێك لە کوڕەکانی سوڵتانی عوسمان(تورکیا) بکرێت، بەوپێیەی باشترین ڕێگەیە، بۆ وەستان لە بەرامبەر نەیارەکانی بەریتانیا لەعێراق.[33] جگە لەوانەش نێوی(ئاغا خان، والی پشتکۆ(غولام ڕەزا)، شێخ شمر، عبدالعزیز ال سعود....هتد)هەبوون بۆ وەرگرتنی پۆستی پادشایەتی لەعێراق.[34] لەگەڵ ئەوانەشدا هەر لەنێوی خۆی عێراقدا(شیعەکانو کورد) بەزۆری دژ بەدانانی فەیسەڵ بوون وەك پادشا لەعێراق، هۆکاری ئەمەش لەلای شیعەکان مەزهەبی بوو وەلای کوردەکان نەتەوەیی بوو.

دووەم//لەسەر ئاستی دەرەوەش، فەرەنسا ناڕازی بوو بە دانانی فەیسەڵ وەك پادشا لە عێراقی هاوسنوری (سوریا)ی ژێر دەسەڵاتی، کاتێك وەزارەتی هاندەرانی فەرەنسا ئاگاداری وتوێژەکانی نێوان (بەریتانیاو فەیسەڵ)بوو سەبارەت بەدانانی وەك مەلیکی عێراق، ناڕەزایی خۆی ڕاگەیاند سەبارەت بەوکارە وتی:"دانانی فەیسەڵ لە عێراق، دوای دەرکردنی لە سوریا لەڕوانگەی فەرەنسییەکانەوە کارێکی باش نیە"،[35] لە بەرئەوەش ناکۆکی کەوتە نێوان فەرەنساو بەریتانیاوە.[36]

لەگەڵ هەموو ئەو گرفتو ئاستەنگانەی، کە هاتنە ڕێگەی دانانی فەیسەڵ بەشای عێراق، لێپرسراو سیاسەتمەداری ئینگلیز لەژێر

---

[33] محمود شبيب: اسرار عراقية في وثائق انجليزية وعربية والمانية ١٩١٨– ١٩٤١، بغداد، ١٣٩٧هـ، ل٤٥.

[34] م.ڕ.هاوار: شێخ محمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب ٢، ل١٠٤.

[35] عبدالرزاق الحسنی: تأريخ العراق السياسي الحديث، ج ١، بيروت، لبنان، ١٩٨٣، ل١٨٨.

[36] م.ڕ.هاوار: شێخ محمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب ٢، ل١٠١.

رۆشنایی بڕیارەکانی کۆنگرەی (قاهیرە)دا هەموو هەوڵو تواناکانیان خستەگەڕ بۆجێبەجێکردنی پلانەکانیانو کۆکردنەوەی گەورەترین پشتیوانی پێویست لە(فەیسەڵ).[٣٧] (رەفیق حیلمی) لەم بارەیەوە دەڵێت:"پێش دەست پێکردنو کاتێك دەستکرا بەکۆکردنەوەی(دەنگ)، کارمەندانی ئیداری (کارگێڕی) وەك (موتسەڕیف و قایمقام و مودیرەکان) و لەپشت ئەوانەوە موستەشارەکانی سیاسیی ئینگلیز. ئەم کارەیان بەئاسانیو سووکی بردەسەرو ئەوانەی دژی ئەم کارەش دەوەستان دەم شیرینو دەم کوت دەکران".[٣٨]لەلایەکی دیکەوە بەریتانیەکان بۆئەوەی بارودۆخێکی یاساییو چوارچێوەیەکی میللی بدات بەدانانی فەیسەڵ، بڕیاریدا ڕاپرسیەك ئەنجامبدات لەعێراقدا،[٣٩] چونکە نەیدەتوانی بەبێ ڕەزامەندی گەل لەعێراق ئەوکارە بکات.[٤٠]

دوای ئەوەی، کە(فەیسەڵ)گەیشتە بەغدادو حکومەتی کاتیی عێراق فەرمانێکی لەلایەن بەریتانیاوە سەبارەت بە دانانی(فەیسەڵ کوڕی حوسێن) وەك مەلیکی عێراق بۆهات.[٤١] یەکەم کاری(وەزارەتی نەقیب — حکومەتی کاتی) کۆکردنەوەی (ئەنجومەنی دامەزرێنەر) بوو، چونکە بۆ هەڵبژاردنی(فەیسەڵ) بە پادشا و بڕیاردان لەبابەت ئەوەی کە بەچ

---

[٣٧] د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر، ج ١، ل١٣٥.

[٣٨] یادداشت، ب ٢، ل٤٣٣-٤٣٤.

[٣٩] نادرئینتیسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، و.عەتا قەرەداغی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٧٢.

[٤٠] د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر، ج ١، ل١٣٥.

[٤١] صلاح سعدالله: المسألة الکردیة في العراق، ط٢، دار المثنی للطباعة والنشر، بدون مکان نشر، ٢٠٠٣، ل٨٤.





جۆرێكو لەچ شێوازێك وێنای ئەم هەڵبژاردنە ئەبێ لەنێو میللەتدا بڵاوبکرێتەوە، پێویستی بەوە بوو لیژنەیەکی واپێکبهێنرێت، کەنوێنەری هەموو تیرەو نەتەکانی عێراقی تێدابێو یاسای هەڵبژاردنەکەش دیاری بکرێت. هەر بۆ ئەم مەبەستە لەسەرەتادا لیژنەیەکی تایبەتی بۆدانرابوو، کە ئەندامانی ئەم لیژنەیە لەوانە پێکهاتبوو، کە لە (ئەنجومەنی نوێنەران)ی عوسمانیدا ئەندام بوونو لەو جۆرە کارانەدا شارەزابوون. بەڵام وەزارەتی نەقیب (حوکمەتی کاتی) ویستی لەم کارەدا بەدەستو برد بجوڵێتەوە، واتە وای بەباش زانی بەکۆکردنەوەی(ئەنجومەنی دامەزرێنەر)ەوە کات لەدەست نەداتو لەسەرپای بنەمای بەچەنو چۆنو بگرەو بردەوە خەریك نەبێو کێشە بۆخۆی دروست نەکاتو بەزووی کارەکانی ئەنجام بدات.[٤٢] ئەمەش خۆی لە ریفراندۆمدا دەبینیەوە بۆ هەڵبژاردنی مەلیك فەیسەڵ.[٤٣] دواتر بڕیاردرا ئەم هەڵبژاردنە بەکۆکردنەوەی دەنگی گشتی جێبەجێ بکرێت، ئەم بڕیارەش لەلایەن سیاسیەکانی عەرەبی عێراقەوە بەباش زانراو لەکۆبوونەوەی(١١ی تەموزی ١٩٢١)دا ئەنجومەنی وەزیرانیش بڕیاری لەسەرداو بەهەموو عێراقدا بڵاوی کردەوە.[٤٤] چەند دەزگایەکی بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروباری ڕاپرسیەکە داناو هەر نێوچەیەك لیژنەیەکی بۆ تەرخانکرد.[٤٥] ڕاپرسیەکە

---

[٤٢] رەفیق حیلمی : یادداشت، ب ٢، ل٤٣١- ٤٣٢.

[٤٣] عبدالرزاق الحسني: تاریخ الوزارات العراقیة، مجلد١، ج ١، ل٤٩.

[٤٤] رەفیق حیلمی : یادداشت، ب ٢، ل ٤٣٣.

[٤٥] عبدالرزاق الحسني: تأریخ الوزارات العراقیة، مجلد١، ج ١، ل٥٠.

لەمانگی تەمموزی ١٩٢١دا ئەنجامدرا،[٤٦] کە دوو پرسیاریان لە کەسانی بەشداربوو ڕیفراندۆمەکە دەکرد بەم شێوەیە:"ئایا دەتەوێ فەیسەڵ ببێتە پادشا لە عێراق؟).

پرسیاری یەکەم : لام باشە.

پرسیاری دووەم: لام باش نییە.[٤٧]

لەم پرسیارەوە بەدەردەکەوێت، کە ڕاپرسیەکە(ریفراندۆمەکە)هەر لە سەرەتاوە بێ بناغەبوو، چونکە لەوراپرسیەدا پرسیار نەکرابوو(ئەگەر لات باش نییە چیت پێ باشەو کێت لا باشە؟).... لەلایەکی دیکەوە بەر لەهەڵبژاردنی(فەیسەڵ)بەریتانیا ئەوەشی خستبووە بەرچاو، ئەگەر دانیشتوانی(کەرکوكو سلێمانی)بەشداریان نەکرد لەراپرسیەکەدا، ئەوا لەدەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی دەبن.[٤٨] ئەم ڕوونکردنەوەیەی ئینگلیز لەوکاتەدا دووبنەمای نادیاری لەپشتەوە بوو(یەکەمیان بۆ کەمکردنەوەی گرنگی دەنگ نەدانی ئەو دوو شارەبوو، کە پێشبینیان دەکرد.دووەمیان بۆ راکێشانی زۆرترین دەنگ دەربوو لەنێوراستو باشووری عێراق).

---

[٤٦] ستیڤن همسلی لونگریك: العراق الحدیث من سنة ١٩٠٠الی سنة ١٩٥٠، ت.سلیم طه التکریتي، ل٢١٧.

[٤٧] حامد محمود عیسی: المشکلة الکردیة في الشرق الاوسط منذو بیدایتها حتی سنة ١٩٩١، قاهرة، ١٩٩٢، ل٨٢.

[٤٨] د.عزیز الحاج: القضیة الکردیة في العشرینیات، ط٢، مطبعة الانتصار، بغداد، ١٩٨٥، ل٤٥.





لەکاتی ریفراندۆمەکەدا وەزیری داگیرگەکانی بەریتانیا بۆ ڕاکێشانو رازیکردنی دەنگدەرانی کورد،[٤٩] لێدوانێکی لەبەردەم ئەنجومەنی گشتی بەریتانیادا دا و ئەوەی دووپاتکردەوە "ئێمە نامانەوێت دانیشتوانی باشووری کوردستان ناچاربکەین کە بچنە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی شا فەیسەڵەوە، ئەوان ئازادن لە بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنەدا، کە بەم نزیکانە ئەنجام دەدرێ".[٥٠] لە کەرکوکیش ئەفسەرە سیاسیەکانی بەریتانیا هەوڵێکی زۆریاندابوو، کە دانیشتوانەکەی واڵێ بکەن کەرازی بنو دەنگ بدەن بەدانانی فەیسەڵ،[٥١] بۆ راستی ئەم هەولانەش دۆکیومێنتی ژمارە (C.O.٧٣٠-١٦)ی رۆژی ١٩٢١/١١/٢٦ نووسیویەتی:"لە کەرکوك موستەشارەکانمان هەوڵێکی زۆریاندا، بەلاّم قایل نابن بەفەیسەڵ"، وێڕای ئەو هەموو هەوڵو کردەوانەی، کە ئینگلیز لە کەرکوك دایان، نەبووە هۆی ئەوەی هەڵوێستی دانیشتوانی کەرکوك پێچەوانەی پێکهاتەی نەتەوەییان بێت، چونکە ئەمە لە کاتێکدابوو کە کێشەی کورد چارەسەر نەکرابوو، چارەنووسی ئەو بەڵێنە سیاسیانەی[٥٢] بە نێوچە کوردیەکان درابوو ڕوون نەبوون، کە لە دوایدا ئەمە دەبوو بەهۆی کێشەیەك لە بەردەم جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی کۆنگرەی (قاهیرە) دابووی، کە دەنگدانێك بکرێت بۆ دەستنیشانکردنی فەیسەڵ بۆ

---

[٤٩] د.فاضل حسین: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و.محەمەد شاکەلی، ، ل٣٢.

[٥٠] محمد مظفر الادهمي : المجلس التأسیسي العراقي، مجلد٢، بغداد، ١٩٨٩، ل١٣؛ ئەحمەد باوەڕ: ئوزدەمیرو کورد، چاپخانەو ئۆفسیی بابان، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٢٣.

[٥١] م.ڕ.هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب ٢، ل١٠٦.

[٥٢] لێرەدا مەبەست لەپەیمانی (سیڤر) ە ( توێژەر ).

تەختی پادشایەتی عێراق.[٥٣] چونکە کوردەکانی باشووری کوردستان بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی ترسی ئەوەیان هەبوو کە کەسێکی عەرەب بە زۆر ملیان بۆ عێراقی عەرەبی پێ کەچ بکات،[٥٤] هەر لەبەرئەوە کوردەکانی لیوای کەرکوك دژی هاتنی مەلیك فەیسەڵ بوون، دانیشتوانی نێو شارەکەش لەگەڵ فەیسەڵدا نەبوون و داوای دروستکردنی حکومەتێکی کوردییان دەکرد جیا لەسلێمانی.[٥٥] بەڵام (ئەنجومەنی کەرکوك)، کە ئەندامەکانی لەلایەن راوێژکاری بەریتانیاوە دیاریکرابوون، لایەنگیری مەلیك فەیسەڵ بوون، چونکە ئەم ئەنجومەنی ویلایەتانە بەپێی رێنماییەکانی (ویڵسن) لە(١٩١٨/١١/١٠)دانرابوو، بۆیە هیچ سەیر نیە کە لایەنگیری فەیسەڵ یان بەریتانیابن.[٥٦]

کەرکوکیەکان لەڕۆژی (٢٣ی‌تەموزی ١٩٢١)دا لە ماڵی موفتی کەرکوك لەسەر ئاستی گشتی دانیشتوانی کەرکوك، کۆبوونەوە تا بڕیاربدە لەسەر ئەوەی، کە ئایا دەنگ بە فەیسەڵ دەدەن یان نا؟ ، پیان لەسەر ئەوەداگرت، کە ئەوان دژین و فتوایەکیشیان دەرکرد "کە گوایە فەیسەڵ موسڵمان نییەو یەزیدیە!!".[٥٧] هەرچەندە لەکۆبوونەوەی دانیشتوانی کەرکوك

---

[٥٣] کاظم نعمة: الملك فیصل الاول والانکلیز والاستقلال، ل٦٩– ٧٢.

[٥٤] دیڤد کۆرن : ئەو دووکەسەی کوردیان خزاندە ناوعێراقەوە (سێرپێرس کۆکس‌و ئارنۆڵدویڵسن)، گۆڤاری ڕوانگەی جیهان، ژ(٤)، ل٣٠.

[٥٥] م.ڕ.هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان‌و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب ٢، ل١٠٥.

[٥٦] سمکۆ محمد بەهرۆز ( ئەژی ) : مێژووی سەردەمە کارگێڕی و ئیداری یەکانی پارێزگای کەرکوك، بەشی یەکەم، گۆڤاری کەرکوك، ژ(٨)، ل ٤٦–٤٧ .

[٥٧] عبدالرزاق الحسنی: تاریخ الوزارات العراقیە، مجلد١، ج ١، ل٥٢–٥٤.؛ د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر، ج ١، ل١٣٨.؛ سروە أسعد صابر: کوردستان من بدایة





لەگەڵ(ئەنجومەنی کەرکوك)دا لەژێر فشاردا ڕازی ببوون بەدەنگدان بۆ فەیسەڵ.[٥٨] لەلایەکی تریشەوە دانیشتوانی کەرکوك بەکوردو کەمەنەتەوەی عەرەبەوە وتیان ئەگەر فەیسەڵ بکرێتە مەلیکی عێراق، ئەوا داوای یەکگرتنەوە دەکەن لەگەڵ کوردستاندا، لە هەموو بۆنەتایبەتیەکاندا تەوەری باسەکانیان بوون لەگەڵ راوێژکاری بەریتانی لە لیوای کەرکوك، دووپاتیان کردەوە"کە هەموو دەنگیان بەپێی ئارەزووەکانی حکومەتی بەریتانی (ئینگلیز)ە، بەڵام(نا بۆ فەیسەڵ)و نا بۆ حکومەتێکی عەرەبی".[٥٩] تورکمانەکانی کەرکوکیش دژی هەڵبژاردنی (فەیسەڵی کوڕی شەریف حوسێن)بوون بۆ پادشایەتی عێراق و هەوڵیاندەدا (بورهانەدینی کوڕی سوڵتان عەبدولحەمید) بکەن بە پادشای عێراق، بەڵام ئەم هەوڵەیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەریتانیاوە، لە باربراو ئەوانیش لە ڕۆژی دەنگدان بە فەیسەڵ دژی دەنگیاندا.[٦٠] دوو سکاڵاشیان لەگەڵ سکاڵانامەکانی دانیشتوانی کەرکوکدا دا بەحکومەتی بەریتاینا دژ بەدانانی فەیسەڵ،[٦١]

---

الحرب العالمیة الاولی الی نهایة مشکلة الموصل ١٩١٤– ١٩٢٦، ل٢٣٣. ؛ کریس کۆچێرا : کورد لەسەدەی نۆزەدەوبیستدا، و.حمه کریم عارف، ل٧٩. ؛ حامد محمود عیسی : المشلکة الکردیة في الشرق الاوسط منذ بدایتها حتی ١٩٩١، ل٩٩.

[٥٨] عبدالرزاق الحسنی: تأریخ الوزارات العراقیة، مجلد١، ج ١، ل٥٢ – ٥٤.

[٥٩] بڕوانە/ عبدالرزاق الحسنی:تاریخ الوزارات العراقیة، مجلد الاول، ل٥٤ .؛ د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر، ج ١، ل١٣٨ .؛ سروە اسعد صابر : کوردستان من بدایة الحرب العالمیة الاولی والنهایة مشکلة الموصل ١٩١٤ – ١٩٢٦، ل٢٣٣.

[٦٠] یوسف گۆران: کوردو تورکمان تێڕوانینێك بۆ میکانزیمەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتی‌یانەی نێوانیان، ل٤٠.

[٦١] د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر، ج ١، ل١٣٨.

بەلاّم ئەم دژبوونەی تورکمانانی کەرکوک پێدەچێت، بە سیاسەتی(مستەفا کەمال ئەتاتورک) کۆمەڵەی تۆرانی[٦٢] بووبێت.[٦٣] (پ.د.میم کەمال ئۆڤە)لەم بارەیەوە دەڵێ:"لەراپۆرتێکدا هاتووە کەهەندێك ئەفسەری عەرەبی، هاوسۆزی تورکمانیەکان ڕژاونەتە نێو کەرکوك و بەدزیەوە خەریکی ئاژاوە نانەوەن لەنێوکەرکوکدا لەدژی بەریتانیاو فەیسەڵ" .[٦٤]

لەکاتی دەنگدان بۆ فەیسەڵ بەپادشای عێراق هەلومەرجی شاری کەرکوك بەوشێوەیە بوو ....دانیشتوانەکەشی دژی فەیسەڵ دەنگیاندا، هەروەك چۆن دانیشتوانی سلێمانی بەشداری راپرسیەکەیان نەکردو دانیشتوانی هەولێرو کوردی موسڵ مەرجیان[٦٥] هەبوو بۆ دانانی فەیسەڵ بەپادشای عێراق.[٦٦] (جەلال تاڵەبانی)لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەنجامی

---

[٦٢] لەساڵی ١٩٢٠دا ئەم کۆمەڵەیە لەشاری کەرکوك دامەزراو داوای گەڕانەوەی تورکی عوسمانیان دەکرد بۆ کەرکوك، بەشداری ململانێ سیاسیەکانی دەکرد دژ بەبەریتانیاو بەسودی تورکمانەکان.( عبدالرزاق الحسنی: الثورة العراقیة الکبری، مطبعة دار الکتب، لبنان، بیروت، ١٩٧٨، ل٢٤٦ – ٢٤٧).

[٦٣] بڕوانە / م.ر.هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، ل١٠٤– ١٠٨.

[٦٤] کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ ١٩١٨– ١٩٢٦، و.سەلام ناوخۆش، ل٢٨.

[٦٥] هەولێر کەلەروی کارگێڕیەوە لەوکاتەدا سەر بەکەرکوك بوو، لەگەڵ کوردەکانی موسڵدا دەنگیان لەبەرژەوەندی فەیسەڵدا، بەلاّم ئەم دوو مەرجەیان هەبوو:

یەکەم//دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد.

دووەم//مەرجێکی تریان ئەوەیە کەدەبێت مانداتی بەریتانی لەعێراقدا بەردەوام بێت.(د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر، ج ١، ل١٣٩).

[٦٦] محمود مەلا عیزەت: ڕەگو ریشەی مێژووی تەقەلای بەعێراقی کردنی کوردو مەسەلەی کوردستان، سوید، ١٩٨٧، ل٣٥.؛ مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق





هەمە پرسەکەی ئینگلیز بۆ سەپاندنی مەلیك فەیسەڵ، خەڵکی سلێمانی بەشدارییان نەکرد، چونکە سەربەخۆییان دەویستو هەموو شاری کەرکوکیش دژی مەلیك فەیسەڵو چوونە ژێر حوکمەکەی دەنگیان دابوو، خەڵکی بادینانیش داوای ئۆتۆنۆمیان کردبوو، گەرخرانە سەر عێراق".[٦٧] لێرەوە ئەوە بەدەردەکەوێت، کە هەڵوێستی دانیشتوانی کەرکوك لە ڕوانگەی سیاسیەوە لە هەڵوێستی دانیشتوانی شارەکانی "سلێمانیو هەولێرو موسڵو بادینان) بەهێزتربوو، چونکە سلێمانی بەشداریان نەکردو هەولێرو کوردەکانی موسڵ (فەیسەڵ)یان بەمەرج لا پەسەندبوو، بەلاّم کەرکوك بۆ دانانی فەیسەڵ دەنگیان بە (نەخێر) دا، کە ئەمەش لە ڕووی سیاسیەوە زیاتر هەژماردەکرێت لە چاو دەنگ نەدان و قبوڵکردنی مەرج دارەوە.

سەر ئەنجام ڕاپرسی لە شاری کەرکوك بۆ دانانی فەیسەڵ کرا، ڕێژەی ٤٪دانیشتوانی شار بەشداریان تێداکرد.[٦٨] کەتۆمارو هەژماری جیاجیای لەبارەوە هەیە. بۆ نموونە بەپێی دۆکیۆمێنتی ژمارە(F.O.٣٧١–٦٣٥٣)ی ساڵی ١٩٢١ ڕێژەی دەنگدەرانی بەم شێوەیە هەژمارکردووە:"ئەوانەی لە کوردستان[٦٩] دەنگیان بۆ فەیسەڵدا بێت، لە کەرکوك(٢٦١) دەنگ

---

١٩٤٥ – ١٩٥٨، ل٤٠ .؛ أیوب بارزانی: المقاومة الکردیة للاحتلال ١٩١٨ – ١٩٥٨ ل٣٢ .؛ عبدالرحمان قاسملو: کوردستان وکورد، و. عبدالله حسن زادە ل٧٦.؛ خەبات عەبدوڵلاّ : بنەما تیۆریەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشور، ل١٨٣.

[٦٧] وەرگیراوە لە/ د.فاضل حسین: کێشەی ویلایە موسڵ، و.محەمەد شاکەلی، ل١١١.

[٦٨] کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین (کامەران مەنتیك): کوردستان لەنێوان ململانێی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا ١٨٩٠– ١٩٣٢، ل٢١٨.

[٦٩] لێرەدا بەهەڵە لەجیاتی (لیوای کەرکوك) نوسراوە (کوردستان) (توێژەر).

لایەنگیری بوونو (٢٧٨٦) دەنگ دژی بوون، لە دەوروبەری کەرکوک (٧٢٠) دەنگ دژی بوون بەرامبەر بەوە (نەی وتوە چەندکەس لایەنگیری بووە) لە (ئاڵتون کۆپری(١٥٠٠)کەس دژی بوو، لە نێوچەی (طاوق) (١٠٠٠)کەس دژی بوون، لە نێوچەی (مەملحە)نزیکی(١٥٠٠٠) کەس دژی بوون و لە شوان(١٦٢٣) کەس دەنگیاندا، بەلاّم هیچیان بە بەڵێ دەنگیان بۆ فەیسەڵ نەدا".[٧٠] لەلایەکی دیکەوە بەشێکی زۆر لە مێژوونوسان ڕێژەی دەنگدانیان لە شاری کەرکوک بەم شێوەیە دیاریکردووە:

[٧٠] م. ڕ هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب ٢، ل ١٠٤.





| ژ | شوێن | دەنگدان بەبەڵێ | دەنگدان بەنەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | نێوەندی شاری کەرکوک | ٦٤ | ٢٧٨٦ |
| ٢ | شارۆچکەکانی سەر بەقەزای کەرکوک | ١٩٧ | ٧٢٠ |
| ٣ | ئاڵتون کۆپری | سفر | ١٥٠٠ |
| ٤ | داقوق | سفر | ١٠٠٠٠ [٧١] |
| ٥ | مەلحە | سفر | ١٥٠٠٠ |
| ٦ | شوان | سفر | ١٢٦٣ |

لەگەڵ ئەوەشدا لەسەرجەم گەڕەکە کوردیەکانی شاری کەرکوك،[٧٢]داوایان دەکرد کە حکومەتێکی کوردی هەبێت، تەنها بەشێکی دووگەڕەك لەشارەکەدا داوای حاکمێکی تورکمانیان کردووە.[٧٣] سەبارەت بەو ژمارەیەی دەنگدەرانە، کە دەنگیان بە (بەڵێ) بۆ (فەیسەڵ) داوە لە لیوای کەرکوکدا بەدووری نییە لە فروفێڵی ئینگلیزەکان، چونکە دەنگدان لەوشارەدا لەژێر چاودێری(سێر پێرسی کۆکس)و کۆمەڵێك لایەنگیری

[٧١] واپێ دەچێت ئەو ژمارەی ڕێژەی دەنگدەرانی(٤، ٥)واتە( داقوق ومەلحە) زۆر زیاد کرابێتو لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکرابێت (د.کمال مظهر احمد: کركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج ١، ل١٣٩).

[٧٢] بڕوانە/ کریس کۆچێرا:کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا، و.حەمە کەریم عارف، ل٩٢.؛ د.کمال مظهر أحمد:كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج ١، ل١٣٩.؛محەمەد سەعید سۆفی:کەرکوك لەناوپاکتاوی ڕەگەزیدا، ل٢٢.

[٧٣] د.کمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج ١، ل١٣٨– ١٣٩.

بەریتانیادا بەڕێوەچوو کە ئەو کۆمەڵەیە بەقازانجی فەیسەڵ دەنگیان وەردەگرت و[٧٤] دەسکاری زۆر لەدەنگەکانیان کرد.[٧٥]

بەریتانیەکان هەڵوێستی شاری کەرکوکیان لە دانانی فەیسەڵدا وەك ئاگادارکەرەوەیەکی ڕەش لە سەرجەم نێوچەکوردیەکان دادەنا، هەر بۆیە(مس بیلَ)لە نامەیەکیدا بە مێژووی(١٤ی ئابی ١٩٢١) لەوبارەیەوە نوسیویێتی:"هەریەك لە لایەنەکانی(تورکمان و کورد) لە کەرکوك ودەوروبەری حوکمی عەرەبیاننناوێت، داوایانکرد کە دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە ژێر سایەی ئێمە (واتەبەریتانیا) دابمەزرێن. بەهەموو شێوەیەك پەیوەندیان لەگەڵ ناوچەی سلێمانیدا ڕەتدەکەنەوە، لە پێشتریش دەنگ لەسەر جیابوونەوە لە دەوڵەت پێش هاتنی فەیسەڵدابوو.لەوەش زیاتر لەبارەی نەتەوەی کوردیەوە قسە ناکەین، لە مەزیاتر گوێ لە ئاژاوە ناگرن لەوباریەوە لە مانگەکانی داهاتوودا، ئەگەر(سێر پێرسی کۆکس) لە ڕازیکردنی کەرکوکیاندا سەرنەکەوت بۆ گەڕانەوەی ئەقڵ و لۆژیك".[٧٦] ئەم نامەیەی (بیل) ئەوەدەردەخات، کە بەریتانیا گرنگیەکی زۆری بەو دەنگدانەی کەرکوك بەشا فەیسەڵیانداوە، بەڕادەیەکی وەها وای لێکردووە بەسیاسەتی خۆیاندابچنەوە، ئەگەرنا تووشی گرفتێکی زۆر دەبن.

---

[٧٤] کریس کۆچیرا: کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا، و.حەمە کریم عارف، ل٦٩– ٧٠ .

[٧٥] دیڤد کۆرن: ئەودووکەسەی کوردیان خزاندە عێراقەوە(سێرپێرس کۆکس و ئرنۆڵدوڵسن، گۆڤاری روانگەی جیهان، ژمارە(٤)، ل٣٠.

[٧٦] وەرگیراوە لە/د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر، ج ١، ل١٤١ـ ١٤٢.





پاش بەڕێوەچوونی ریفراندۆم لە(١٨ی تەمموزی١٩٢١)و ڕۆژانی دواتر، ئەنجامی گشتی راگەیەندرا کە لە (٩٦٪)[٧٧]ی دانیشتوانی عێراق دەنگیان بە (بەڵێ)داوەو لە (٤٪)ی دانیشتوانیش بە (نەخێر) دەنگیان بەفەیسەڵداوە کە بریتی بوو لە (کوردەکانی کەرکوك و تورکمان و بەشێك لەشیعەکان).[٧٨]ئیدی لەسەر داخوازی (فەیسەڵ) خۆی رۆژ (٢٣ی‌ئابی١٩٢١) دەستنیشانکرا بۆئەوەی لەو رۆژەدا ئاهەنگی تاج لەسەرنانی بۆ سازبکرێت، چونکە ئەو ڕۆژە لە ڕۆژمێری کۆچیدا بەرامبەر( ١٨ی ذی الحجە ١٣٣٩هـ) بوو، کە دەکەوتە رۆژی (یوم القدیر)، کە تێیدا (عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب) بەیعەتی لەخەڵك وەرگرتووە، هەربۆیە (فەیسەڵ)ئەو رۆژەی هەڵبژاردبوو. بەریتانیاش هیچ ناڕەزاییەکی دەرنەبڕی، لەو رۆژەدا لە گۆڕەپانی (برج الساعة) ئاهەنگێك بەم بۆنەیەوە سازکراو لەکاتژمێر شەشی بەیانیدا(فەیسەڵ) بەیاوەری (سێر پێسی کۆکس)ی نوێنەری بالآی بەریتانیا لەعێراق و جەنەراڵ (هوڵد)ی فەرماندەی هێزەکانی بەریتانیا لەعێراق و کۆلۆنیل(کینهان کرنوالیس)ی راوێژکاری تایبەتی(فەیسەڵ) گەیشتنە جێ و بڕیاری تاج لەسەرنان خوێندرایەوەو(فەیسەڵ) لەسەرتەختی پادشایەتی عێراق دانیشت، دواتر

---

[٧٧] کریس کوچێرا لای وایە کە(٩٦ یان٩٠٪)دانیشتوانی عێراق دەنگیان بەفەیسەڵداوە (أ) (جمال مطصفی مروان) دەڵێت: (٩٧٪)دەنگیان دا لەبەرژەوەندی فەیسەڵ (ب) .( أ – کورد سەدەی نۆزدەو بیستدا، و.حەمەکەریم عارف، ل٧٠، (ب) – ملوك العراق (فیصل الاول – غازی – فیص الثاني ) أسرار وخفایا، ل٢٠ –٢١.

[٧٨] بڕوانە/ رەفیق حیلمی یادداشت، ب ٢، ل٤٣٥.؛ دکمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر، ج١، ل١٣٦.؛ محمد شاکر: تأریخ الاسلامي– التاریخ المعاصر – بلاد العراق ١٩٢٤ – ١٩٢١، ل٤٩ –٥٠.

مەلیکی عێراق لە وتارێکیدا سوپاسی گەلی عێراق‌و حکومەتی بەریتانیای کردو هیوای خواست، کە بتوانێت خزمەتی گەلی عێراق بکات‌و لەوێدا سیاسەتی خۆی بۆ عێراق خستەڕوو.[٧٩] شایانی باسە لەو ئاهەنگەدا نوێنەری سەرجەم ویلایەتەکانی عێراق ئامادەبوون، جگە لە نوێنەری (کەرکوک‌و سلێمانی).[٨٠] دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر دەسەڵات گرتنە دەستی شا فەیسەڵ، بۆیەکەمجار لەمانگی(کانونی دووەمی ١٩٢٤)بە ڕێگەی شەمەندەفەر[٨١] چووە کەرکوک،[٨٢] بەمەبەستی هاندانی

[٧٩] جمال مصطفى مروان: ملوك العراق (فيصل الاول، غازي، فيص الثاني" أسرار وخفانا، ل٢٠-٢١ . ؛ صلاح سعدالله : المسألة الكردية في العراق، ج٢، ل٨٤ .؛ جمال بابان وئاسۆ بابان وئومید خالید: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی سێیەم، چاپ‌و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٣٠٢. ؛ ئاکۆ شوانی، مەلیك فەیسەڵ‌و تەختی عێراق، کوردستانی نوێ، ژ(١٩٤٠)، ١٩٩٩/٩/٥، ل٩.

[٨٠] د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم الضمير والتأريخ، ج ١، ل١٤١ .؛ س.جی . ادموندز : كرد وترك وعرب، ت جرجيس فتح الله، ل١٠٩. بەکوردی" کورد تورك عەرەب، و. حامید گەوهەری، ل١٥٤- ١٥٥."

[٨١] کاتێك (مەلیك فەیسەڵ) لەسەردانەکەیدا بۆ شاری کەرکوك کە لە شەمەندەفەردا دادەبەزێت، چاوی بە دیمەنی ناشیرینی چەند کولێت‌و خانووە قوڕێکی تێکەڵ بەخێوەت‌و چادر دەوکەوێ، لە نزیك گوندی (تسعین)و بڵاوەو پردە کۆنەکەو نێوان هەردوو گەڕەکی موسەڵلاو پیریادی، لە موتەسەڕیف (عومەر نەزمی)و سەرۆکی شارەوانی دەپرسێ (ئەمانە چین؟)، ئەوانیش دەست بەجێ دەڵێن: (گەورەم ئەوانە عەرەبی کاولین). پادشای عێراقیش دەڵێت: (هەرچەند زووە، لێرە دووریان بخەنەوە)، دواتر بۆ خۆرئاوای شاری کەرکوك دەیانگوازنەوە .(کوردێکی مێژوونووس : کەرکوك ناوی – مێژووی کۆنی – دانیشتوانی – دەسەڵاتەکانی، گۆڤاری هاواری کەرکوك، ژمارە (٢)، ل٣٠- ٣١ . ؛ محمد سەعید سۆفی : پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوکردنی ڕەگەزیدا، ل١٣ – ١٤).

[٨٢] لەتیف فاتح فرج: کوردو کەرکوك، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە (٢)، ١٩٩٧، ل٨٦.؛ د.نوری تاڵەبانی : کێشەی کوردستان باشور لەچوارچێوەی قانوونی نێودەوڵەتیدا، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (٦)،





خەڵکی شارەکە بۆ داواکردن‌و لکاندنی (ویلایەتی موسڵ) بە عێراقەوە هەر لەو ڕۆژەشدا ئالأی عێراق بەسەر فەرمانگەکانی کەرکوکدا بەرزکرایەوە.[٨٣] (د.کەمال مەزهەر)لەم بارەیەوە دەڵێت: "سەردانی مەلیك فەیسەڵ بۆ کەرکوك سەرباری ئەوەی پێشوازیەکی زۆرگەرمی لێکرا، لەگەڵ گەیشتنیدا بۆ کەرکوك، بەڵام سەردانەکەی بووە هۆی تەقینەوەی هەستی ڕق لێبوونەوە لە بەرامبەر حکومەتی عێراقی، ئەو وشە ناشرینانەی کە روبەرووی مەلیك دەکرایەوەو دەبیسترا....دیارە سەرچاوەی رق لێ بوونەوە بوو بۆ مەلیك فەیسەڵ‌و پایەکەی، نەك بۆ کەسایتیەکی وەك شازادەو لێهاتوویەکی دیارو هەستیارو بیرقوڵ خۆی دەردەخست، کە بۆ تەواوی ئەوکەسانەی، کەبینیان بیرکردنەوەیەکی باشیان سەبارەت بە فەیسەڵ، لەدایك بوو".[٨٤] دانیشتوانی شاری کەرکوك بەشی زۆریان دژی دانانی فەیسەڵ بوون بە پاشای عیراق، هەربۆیەش لە ریفراندۆمی رازی بوون یا رازی نەبوونی (مەلیك فەیسەل) بە (نا بۆ فەیسەل)دەنگیان دا.

سالی دووەم، پاییزی ٢٠٠٠، ل١٦.

[٨٣] کریس کۆچێرا : کورد لەسەدەی نۆزدەوبیستدا، و.حەمە کریم عارف، ل٩١.؛ محمد سەعید سوفی : کەرکوك لەناوپاکتاوکردنی رەگەزییدا، ل٢٣.

[٨٤] د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج ١، ل١٥٣.

# تەوەرەی دووەم
## کەرکوك‌و کێشەی ویلایەتی موسڵ

### یەکەم: شوێنی جوگرافیاو کورتەیەك لـە مێـژووی سـەرهەڵدانی کێشەی ویلایەتی موسڵ:

سنووری(ویلایەتی موسڵ) لە باکورەوە ویلایەتی (وان‌و دیار بەکر)ە، لـە ڕۆژهەڵاتەوە(مەملەکەتی فارس)و لەرۆژئاوایەوە سەنجەقی(دیرالزور)ەو لـە باشوورەوە ویلایـەتی (بەغداد) بوو.[85] کـە دەکەوێتـە نێوان هـەردوو هێڵـی پـــانی(٣٧/٧٠ْش– ٢٢/37ْس)و هـــەردوو هێڵـــی درێـــژی(٤١/٨س ْ– ٤٦/١٨ش).[86] پانتایی ڕووبەری ئەو زەوییانەی کە ململانێی لەسـەر بـوو، لـە باشـووری هێڵـی (برۆکسل) دەگاتـە (١٩٠ ، ٨٧کـم٢)[87] چـوار گۆشـەو ژمارەی دانیشتوانەکەشی لەوکات‌و سەردەمەدا[88] دەگەیشتە (٨٠٠هـەزار) کەس، بەڵام ئەو نێوچانەی کە دەکەوتنە باکووری هێڵەکەوە ڕووبەرەکەی

[85] پ.د .میم کەمال ئۆڤە: کرۆنۆلۆژیای موسڵ ١٩١٨-١٩٢٦، و.سەلام خۆشناو، ل٣ -٤ .

[86] جەزا توفیق تالیب: بایەخی جیۆپۆلەتیکیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەنتەری لێکۆڵینەوە ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٣١.

[87] ئـەم ژمارەیـە لەدەقـە عەرەبیەکەیـدا(٨٩٠ و٧٧کـم٢) نوسـراوە، پێدەچێت هەڵـەی چاپ بێـت . (توێژەر).

[88] مەبەست لەسەردەمی ساڵانی (١٩١٨ -١٩٢٦).(توێژەر).





( ٥٠٠ , ٣کم٢)چوارگۆشەن،[89] بەمـەش کـۆی گـشتی ڕووبـەری ویلایەتەکـە دەگاتــە (٣٩٠ , ٩١کــم٢). هەرچــەندە هەنــدێك نووســەر دەیبەنــەوە بــۆ (٧٣٠٠٠کـم)[90] وهەنـدێکی دیکـە بـۆ(٨٠٠٠٠کـم٢)[91] بەشـێکی تربـە (٠٠٧ ,٩١ کـم٢)[92] چوارگۆشـەی دادەنـێن ..لەهـەمان کاتـدا ئـەم یەکـە جوگرافیـە ســنورێکی ســەربەخۆی سروشــتیی خــۆی هەیــە، چــونکە چــیاکانی دەوروبەری دەشتیایی سووریاو مێزۆپۆتامیا، کە لە دوو زنجیرە پێکدێن دەوریانـداوە، لـە ڕۆژهەڵاتـەوە کۆمەڵـە چـیاکانی(زاگـرۆس) لـەباکووری رۆژئـاواوە بـۆ باشـووری رۆژهـەڵات درێـژ دەبێتـەوە، لـە بـاکورەوە زنجـیرە چیای (تۆرۆس) لە رۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات بەشێوەی کەوانێکی کووڕ رووەو باشـوورە، ئـەو زنجـیرە شـاخانە لەدەشتاییەکدا بەچەند زنجیرە گردۆڵکەو تــەلانێك تــەواودەبن، نێوچــەی(ململانــێ)کــەش لــە دوورتــرین سوچــی دەشــتاییەکدایەو لەوجێگــەی زنجــیرە چــیاو گردۆڵکــەکانی هــەردوو ســتەمەکەیەك دەگرنــەوە.[93] ئەمــەش بۆتــە گرنگییــەکی ســتراتیژی بــۆ ویلایەتەکـەو خـاڵی پێـك گەیـشتن‌و پێوەنـدی نێـوان(عێـراق‌و سـووریاو تورکیاو ئێـران‌و باشووری یـەکێتی سـۆڤیەتی جاران)ی پێك دەهێنـاو دوا

[89] عصبة الامم: عصبة الامم مسألة الحدود بين تركية والعراق وهو التقرير الذي رفعه البعثة المؤلفة وفقا لقرار المجلس في ٣٠ايلول ١٩٢٤، ل٦٦– ٦٧. ؛ فاضل حسين: کێشەی ویلایـەتی موسـڵ، و. موحەمەد شاکەلی، ل١١١.

[90] کەریم زەند: کورتەی جوگرافیای کوردستان، چاپخانەی ئەزمەڕ، ٢٠٠٠، ل٤.

[91] خەسـرەو گـۆران: کـورد لـەپارێزگای موسـڵ، دەزگـای چـاپ‌و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، هـەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٩.

[92] نجم عمر سورچي: مصير ويلايه الموصل (كردستان الجنوبيه) مابعد عام ٢٠٠٠، ط ٢، ل٣٩.

[93] - د.فاضل حسین: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و.موحەمەد شاکەلی، ل١٠٢.

بەدوای ئەوەش نەوتی کەرکوك گرنگییەکەی زیاترکرد.[٩٤] (غەزەتەی لازی فرانسن)یش، کە لە پاریس دەردەچوو نووسیویەتی: "ویلایەتی موسڵ چونکە لەسەر رووباری دیجلەو سیلسیلەی چیای کوردستان پێگەی هەبووە ، بەرەنو نەهرەن و بەغداو هیند، ئێرانی کورد تا ئەنادۆڵو بەسوریاوە بەستراوە، بۆتە کلیلی ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست".[٩٥]

سەبارەت بەمێژووی کێشەی ویلایەتی موسڵیش، هەندێك نووسەر لایان وایە ئەم کێشەیە لەرۆژگاری دوای جەنگی یەکەمی جیهانی سەری هەڵنەداوە، بەڵام ئەم کێشەیە رەهەندێکی مێژووی قوڵی هەیەو بەر لە چەند سەدە لەو مێژووە بەشێوازێکی دیکە ئەم کێشەیە بوونی هەبووە. لەسەرەتاکانی سەدەی شازدەهەمی زاینیدا(ویلایەتی موسڵ)و زۆربەی وڵاتی نێوان دوو رووبار (عێراق)و باشوورو خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ، لە ژێر دەسەڵاتی (ئاق قوینلۆ)دابوو.[٩٦] بە دامەزراندنی دەوڵەتی(سەفەوی)، لەساڵی(١٥٠١)دا رۆڵێکی گرنگی لە تێرکردنی ململانێی دەوڵەتی (سەفەوی‌و عوسمانی) لە سەدەی شازدەهەمدا بینی، وڵاتی کوردان لە نێوان بەرداشی ئەو دوو هێزەدا باجی زۆری داوە، بە تایبەت نێوچەکانی ویلایەتی موسڵ. ئەوەبوو دەوڵەتی سەفەوی لە ساڵی (١٥٠٨)دا "ویلایەتی موسڵی" بەکەرکوکیشەوە داگیرکرد، ئەوداگیرنەش

---

[٩٤]- نجم عمر سورچی: مصیر ولایه الموصل (کردستان الجنوبیه) مابعد عام ٢٠٠٠، ط ٢، ل٢٤

[٩٥]- رۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال، ژمارە (١٠)، ٢٢ی‌تشرینی‌یەکەم١٩٢٢ ل٣ . ؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد: کێشەی ویلایەتی موسڵ لەدوو رۆژنامەدا سلێمانیدا، چاپو ئۆفسێتی ژیر، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٥٨.

[٩٦]- نجم عمر سورچی: مصیر ولایة الموصل (کردستان الجنوبیة) مابعد عام ٢٠٠٠، ط ٢، ل٢٩.





هەرداگیرکردنی خاك نەبوو، بەڵکو هەوڵێکی پراکتیکی بوو بۆ بە(شیعە)کردنی دانیشتوانی نێوچەکە. تاساڵی(١٥١٤)ململانێی هەردوو دەوڵەت چووە قاڵبێکی ترەوە، چونکە پاش ئەوەی سوڵتان(سەلیمی عوسمانی) لە ڕێگەی (مەلا ئیدریسی بەدلیسی)یەوە بەڵێنی بەمیرانی کورددا، ئەگەر دژی(شائیسماعیلی سەفەوی)بوەستنەوە ئەوا ڕێ بە میرەکان دەدا هەریەکە لە نێوچەی خۆی سەربەخۆبێ، ئەمەش وایکرد کە میرە کوردەکان لە ململانێکەدا لایەنگیری عوسمانی بن‌و لەشەڕی(چاڵدێران)دا سەفەوییەکان تووشی شکستێکی گەورەبکەن، لە ئاکامیشدا باشوری کوردستان(ویلایەتی موسڵ) بەکەرکوکیشەوە بوون بەبەشێك لەئیمپراتۆریەتی عوسمانی،[٩٧] کرانە پێگەی سەربازی بۆهێرشکردنە سەر نێوچەکانی سەفەوی، تا لە ساڵی(١٦٢٣)دا ئێرانیەکان توانیان ویلایەتی موسڵ داگیربکەنەوە، بەڵام زۆری نەخایاند لە ساڵی( ١٦٢٦)دا دووبارە کەوتەوە دەست عوسمانیەکان.[٩٨] بەم شێوەیە بەردەوام بوو، تا لەساڵی(١٦٣٨)دا(سوڵتان موردای چوارەم)هەموو عێراقی ئێستای بەتەواوی داگیرکرد و خستیە سەر ئیمپراتۆریەتەکەی.[٩٩]

---

[٩٧]- د.ئازاد نەقشبەندی: کێشەی موسڵ یان کێشەی نەوت ؟، گۆڤاری مەتین، ژمارە (٥٧)، تشرینی یەکەمی ١٩٩٦، ل٥. ؛پ. د میم کەمال ئۆڤە : کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ ١٩١٨ – ١٩٢٦، و.سەلام خۆشناو، ل٢–٣.

[٩٨]- نجم عمر سورچی: مصیر ولایة الموصل (کردستان الجنوبیة) مابعد ٢٠٠٠، ط ٢، ل٢٩–٣٠.

[٩٩]- د.فاضل حسین: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و.موحەمەد شاکەلی، ل١٤١ – ١٤٢ .؛ خالید دلێر : کیف الحقت کردستان الجنوبیة بالدولة العراقیة، ط ٢، من منشوران دار دیموکراسی للنشر، کردستان العراق، ١٩٩٣، ل١

کاتێك لە ساڵی(١٨٦٤ز)دا یاسای هەیکەلی کارگێڕی عوسمانی دەرچوو، بەلاٚم ئەو یاسایە لە نێوچەکانی(عێراقی ئێستا)دا تادەست بەکاربوونی"مەدحەت پاشا"وەك والی لەعێراق (١٨٦٩ - ١٨٧١) پراکتیزەنەکرا نێوبراو یاسای ویلایەتەکانی داهێناو عێراقی ئێستای بەسەر سێ ولایەت دابەشکرد کە (بەسرە، بەغداد، موسڵ) بوون، کە لەو کاتەدا پێکهاتەی کارگێڕی(ویلایەتی موسڵ) بەم شێوەیە بوو:-

١//لیوای موسڵ: ئەم شارو چارۆچکانەی لەخۆگرتبوو(ئامێدی، دهۆك، سنجار، ئاکرێ، زاخۆ) .

٢//لیوای کەرکوك:ئەم شاروشارۆچکانەی دەگرتەوە(هەولێر، ڕەواندوز، کفری، کویسنجق، رانیە).

٣//لیوای سلێمانی: ئەم شارو شارۆچکانەی دەگرتەوە(بازیان، شاربازێر، دۆڵی جافایەتی، مەرگە، گوڵعەنبەر).[100]

بەم شێوەیە(ویلایەتی موسڵ) تا ساڵی(١٩١٨) لە ژێر دەسەلاٚتی عوسماندا مایەوە، بەلاٚم لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەدا خاڵی ستراتیژی ویلایەتەکەو پێگەی لەسەر ڕێگەی هند وای لەزلهێزەکانی ئەوروپا کرد، کە گرنگی پێبدەن بە تایبەتی بەریتانیەکان. لەبەرئەوەی دەیانتوانی بەسەر ڕێگەی بازرگانیەکانی ئاسیا بۆ ڕۆژئاوا بڕوات و کلیلێك بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی مسیۆپۆتامیاو مسۆگەرکردنی(کەنداوی فارس و هند).[101] ئەم گرنگییەش بوو وای لە"وڵسن"کرد سەبارەت بەپرسیاری

---

[100]- نجم عمر سورچی: مصیر ولاية الموصل (كردستان الجنوبية) مابعد عام ٢٠٠٠، ط ٢، ل٣٠.

[101] – Great powers, oil and the kurds in mosul, by: Habibollah Atarodi: Univeresity press America, ٢٠٠٣,p.Xiv.





دواڕۆژی(ویلایەتی موسڵ لەکۆشکی(ویڵدن)وا لێکرد بڵێ:"باشووری کوردستان و"دیرئەلزور" بەمسیۆپۆتامیاوە دەلکێنرێ، لەگەڵ ئەو نێوچە کوردیانەش کەئێستا بەشێکن لەویلایەتی موسڵ".[102]

لەسەروبەندی سەرەتای سالاٚنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەپێی ئەو یاداشتە چاپکراوانەی هەندێك لە ئەفسەرانی بەریتانیا، کە بەشداری جەنگیان کردبوو دەردەکەوێت، کە بەریتانیا هیچ پلان و مەبەستی نەبووە(ویلایەتی موسڵ) داگیربکات، بۆ نموونە یاداشتێکی"سێر ئارنۆڵدهیرتزل" سکرتێری بەشی سیاسەتی وەزارەتی هەندەرانی بەریتانیا، کە لە ڕۆژی(١٤ی ئازاری ١٩١٥)دا بلاٚوی کردۆتەوە دژ بەداگیرکردنی ویلایەتی موسڵە، لەلایەن سوپای بەریتانیاوەو جگە لەوەش داگیرکردنی(ویلایەتی موسڵ)بەکارێکی ناهەموار لەقەڵەمدەدا، لەبەرئەوەی بەبۆچوونی ئەو ئەوکارە ئەنجامەکەی دورستکردنی گەلێك گیروگرفتی سەخت دەبێت لەگەڵ کوردەکانی نێوچەکەدا.[103] لە کۆتایی سالاٚنی شەڕەکەدا ئاشکرابوو کە بەریتانیا و فەرەنسا بەپێی پەیماننامەی(سایکس - پیکۆ)[104]نهێنی، لە ڕۆژی(١٦ی ئایاری ١٩١٦)دا نێوچەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکردووەو بەچوونە نێوەوەی رووسیا بۆ پەیمانەکە، نێوچەکەکانی(عێراقی

---

[102]- عبدالرزاق الحسني : تاريخ العراق السياسي الحديث، ج ١، بيروت، ١٩٨٣، ل١٣٥- ١٣٦.

[103]- وەرگیراوە لە د.نوری تاڵەبانی: کێشەی کوردستانی باشور لەچوارچێوە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (٦)ساڵی دووەم، پایزی ٢٠٠٠، ل ١٣- ١٤.

[104]- نێوی ئەم پەیماننامەیە لەنێوی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (سێر مارك سایکس)و وەزیری دەرەوەی فەرەنساو (شارل فرانسوا ژورژپێکۆ) ەوە هاتووە .(توێژەر).

**ئێستا)وکوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بەم شێوەی دابەشکرابوو: ((أ- باکوری کوردستان(کوردستانی تورکیای ئێستا)درابوو بەرووسیا، هەرچی ویلایەتی موسڵ[105]بوو بەر فەرەنسا کەوتبوو. ب- نێوچەکانی بەغدادو بەسرەو چەند شوێنێکی دیکەش بەربەریتانیا کەوتبوو))[106] بەڵام لەبەرئەوەی بەریتانیەکان لەزووەوە چاویان بڕیبووە نێوچە گرنگ‌و ستراتیژیەکانی ویلایەتی موسڵ، بەهەموو شێوەیەك جێ پێی خۆیان تێدا قایم دەکردو هەروا بەئاسانیش ئامادەنەبوو دەستبەرداری ئەو نێوچەیە بێت.**

## دووەم//کەرکوك و سەرهەڵدانی کێشەی ویلایەتی موسڵ لە پاش جەنگی یەکەمی جیهان:

**هێزەکانی بەریتانیا لەمانگی"ئۆکتۆبەری"ساڵی ١٩١٨دا گەیشتبوونە نێوچەکانی"ویلایەتی موسڵ"، [107] لەسەر هێڵی گشتی(خانەقین- کفری-**

[105]- هۆکاری سەرەکیش لەپێدانی "ویلایەتی موسڵ" بەفەرەنسا ئەوەبوو، کە بەریتانیا نەیدەویست ببیتە دراوسێی نێوچەکانی ڕووسیا، بۆیە بەدەرچوونی ڕووسیا لە پەیماننامەکە لە ساڵی ١٩١٧دا بەریتانیا پاشگەز بوەوە لە دانی "ویلایەتی موسڵ" بەکەرکوکەوە بەفەرەنسا . (توێژەر ).

[106]- بڕوانە/ د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: کوردستان لەساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ل١٦٠- ١٦١ـ بەعەرەبی ( كردستان من سنوات حرب العالميه الاولى، ت. محمد ملا عبدالكريم، ل٣٠٨-٣٠٩ ). ؛ مجموعة الباحثين : كركوك مدينة القوميات المتآخية، ل١٥٧ . ؛ سروه اسعد صابر : كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤ – ١٩٢٦ ل٢٨٠ . ؛ د.فؤاد حمه خورشيد : كركوك قلب كردستان، ل٦٤ . ؛ عەزیز شەریفی: مەسلەی کورد لەعێراق، و.حەمە کریم عارف، ل١٩؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین : کوردو عەجەم ، ل٢٦٣

[107]- ئەسعەد جەعفەر وەلدانی: تورکیاو باکوری کوردستان، و.موسلح عەبدولقەهار ئیروانی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ(٩)، ساڵی دووەم، ١٩٩٨، ل٥٧.





**کەرکوك- گەیارە- عەنا)بوون‌و هێزەکانیان لە پێشڕەوی کردن بەردەوام بوو بەرەو شاری "موسڵ".[108] تا ڕۆژی واژۆکردنی ئاگربەستی (مۆدرۆس)لەرۆژی(٣٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٨) تەنها دوازدە میلیان مابوو بگەنە نێو شارەکە، بەڵام هێزەکانی ئینگلیز گوێیان نەدایە وەستانی شەڕو بەبیانووی بەندی حەوتی هودنەی (مۆدرۆس)ەوە کە تیاداهاتبوو"هاوپەیمانان دەتوانن هەرشوێنێکی ستراتیژی بگرن، ئەگەر لەو شوێنەوە هەڕەشەیان لێکرا "و بەندی شازدەش کە دەیووت:"دەبێ هەموو حامیە سەربازیەکانی حیجازو عەسیرو یەمەن‌و سوریاو مێزۆپۆتامیا بدرێتە دەستی نزیکترین فەرماندەی هاوپەیمانانەوە"،[109] (ولیەم مارشاڵ)لەنامەیەکدا بۆ(عەلی پاشا)ی سەرکردەی عوسمانی لە موسڵ تا دەنووسی"ئەگەر تاکو پازدەی نۆڤەمبەر موسڵ بەدەستەوەنەدەی، ئەوا تەنیا تۆ بەرپرسیاردەبی، لە هەر خوێن ڕشتنێك کەلەئاکامدا رووبدات".[110] دواتر لە رۆژی(١٩١٨/١١/٢)دا (سەرهەنگ لچمن)گەیشتە شاری موسڵ‌و داوای لە(عەلی ئیحسان پاشا)کرد چاوی بە (ولیەم مارشاڵ) بکەوێت، کە فەرمانی داگیرکردنی(ویلایەتی موسڵی)**

[108]- الزعيم الركن شكري محمود نديم: حرب العراق ١٩١٤ ـ ١٩١٨، ط٤، ل١٩٥.

[109]- بڕوانەد.کمال مەزهەر ئەحمەد : کوردستان لەساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ل٧١- ٧٢ـ بەعەرەبی . كردستان من سنوات حرب العالميه الاولى. ت. محمد ملا عبدالكريم، ل١٨٧-١٨٨.؛ خالید دلێر: كيف الحقت كردستان الجنوبيه بالدوله العراق ؟، ط٢، ل٣ . ؛ دیڤدکۆرن: ئەو دووکەسەی کودریان خزانە عێراقەوە (سێر پێرس کۆکس و ئارنۆڵد وێڵسن )، گۆڤاری ڕوانگەی جیهان، ژ(٤)، ل٩.

[110]- پ.د.میم کەمالی ئۆڤە: کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ ١٩١٨ – ١٢٦ و.سەلام ناوخۆش، ل١٧. ؛ د.فاضل حسين : کێشەی ویلایەتی موسڵ، و.حەمەد شاکەلی، ل٧.

پێدراوە، بەپێی بەندەکانی (٧، ١٦)ی ئاگر بەستی(مۆدرۆس)دەبێ لە موسڵ بکشێتەوە، هەردوو سەرکردەکە سەبارەت بە چەمکی (میسۆپۆتامیا) دوان، کە ئایا ویلایەتی موسڵ دەگرێتەوە؟ یاخود نا؟(عەلی ئیحسان پاشا)رازی نەبوو موسڵ چۆڵ بکات.بەلأم دواتر(لەئەستەمبولڵ)ەوە فەرمانی پێدرا پاشەکشە بکاتو موسڵ بدات بەدەست هێزەکانی ئینگلیزەوە.[111] سەرئەنجام سوپای بەریتانیا لەرۆژی(٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٨)چوونە نێوشاری موسڵەوە،[112] ئیدی لێرەوە کێشەی ویلایەتی موسڵ دەستی پێکرد، لەئاکامی شکستهێنانی دەوڵەتی عوسمانیو کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانو داگیرکردنی تەواوی عێراقی ئێستا، کە ئەوکاتە لە هەرسێ ویلایەتی (بەسرە، بەغداد، موسڵ) پێکدەهات.[113]

داگیرکردنی ویلایەتی موسڵ لەلایەن سوپای بەریتانیاوە، بە تەواوی بووە هۆی دامەزراندنی ئیدارەیەکی ئینگلیزی لە ویلایەتەکەدا، بەسەرپەرشتی کردنی چەند ئەفسەرێکی سیاسی کە لە ویلایەتەکە مانای مانەوەی هێزی بەریتانی دەدا، کە پێچەوانەی پەیماننامەی(سایکس–

[111] - د. فاضل حسين: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و . موحەمەد شاکەلی، ل ٧–٨.

[112] - بڕوانە/ مجموعة باحثين : المفصل في تاريخ العراق المعاصر، بيت الحكمة، عراق، بغداد، ٢٠٠٢، ل٣٠٧. ؛ عبدالرحمن سليمان الزيباري : الوضع القانوني لإقليم كوردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي العام، مطبعة وزارة التربية، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٩٣. ؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد: کێشەی ویلایەتی موسڵ لەدووڕۆژنامەی سلێمانیدا، ل١٢. ؛ و.سەربەست کەرکوکی : ڕاپۆرتی کارگێڕیی دەڤەری کەرکووك، ل٢٠ .

[113] - د.ابراهيم خليل أحمد ود.جعفر عباس حميدي: تاريخ العراق المعاصر، ل٤٦. ؛ د.کمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، ب ١، ل١١٢.





پیکۆ)بووە، هۆکاری سەرەکی ئەمەش دۆزینەوەی نەوتێکی زۆربوو لە نێوچەی کەرکوك لە لایەن ئینگلیزەکانەوە، وای لێیان کرد چاو بە سیاسەتی پێشویان بگێڕنەوە و ستراتیژێکی نوێ بۆ نێوچەکە دابنێن، لەوکاتەشدا لەلایەن وەزارەتی کۆلۆنیالی بەریتانیو کاربەدەستانیان لە هندستان چەندین کۆبوونەوەو کۆنفرانس بەسترا، کە ئەوان لەو نێوچەیەدا بەرپرسیار بوون لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەوڵەتەکەیان.[114] سەرئەنجام ئۆفیسی بەریتانی لەهەند گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە پارێزگاریکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە، عێراق ناگەیەنێتە ئەوەی کە بە دەوڵەتێکی زیندوو بیهێڵێتەوە ئەگەر(ولایەتی موسڵ) نەکرێتە سنووری ئەو دەوڵەتە نوێیەوە.[115] لەلایەکی دیکەوە کەمالیەکانی تورکیا داوای(ویلایەتی موسڵ)یان دەکرد، ئەویش لەسەر ئەو بنەڕەتەی کە ئەو شوێنە لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاوە پێش واژۆکردن ئاگربەستی (مۆدرۆس) لە نێوان هاوپەیمانانو دەوڵەتی عوسمانیدا بەشێوەی سەربازی داگیرنەکراوە، هەرئەمەش بووە هۆی نانەوەی کێشەیەکی نێودەوڵەتی بەنێوی (کێشەی ویلایەتی موسڵ)،[116] لەنێو پێوەندیەکانی (ئەنگلۆ –تورکی)دا.[117]

[114] - د.نوري تاڵەبانی: ویلایەتی موسڵ لەلایەن ئینگلیزەوە لکینرا بەدەوڵەتی عێراقەوە لەبەرژەوەندی خۆیو لەبەرنەوتی کەرکوك نەك هەڵوێستی کورد، گۆڤاری هاواری کەرکوك، ژمارە(٢)، کانوونی یەکەم، ساڵی ١٩٩٨، ل٩.

[115] - نادر ئینتیسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، و.عەتا قەرەداغی، ل٧٤.

[116] - د.کمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج ١، ل١٨٩.

[117] - پ د.میم کەمال ئۆڤە: کرۆنۆلۆژیای مەلەسەی موسڵ ١٩١٨ – ١٩٢٦، و.سەلام ناوخۆش، ل١٥.

ئینگلیزەکـان لـەم کێـشەیەدا دەبوایـە لـەدوو بـەرەدا بجـەنگن، بـەرەی نێودەوڵەتیو بەرەی نێوخۆی ویلایەتەکە. سـەبارەت بەیەکـەمیان ئینگلیـز سیاسـەتی قامـچیو کێکیـان پیـادەدەکرد، بـەوەی لەلایـەك هەڕەشـە لـە بەرژەوەندیەکانی (فەرەنساو ئـەمریکا) بکەنو لەلایـەکی دیکـەوە ویستیان دەمیـان چـەوربکەن. لـەم بارەیـەوە شـالیاری کۆلۆنیاییـەکانی بـەریتانیا دەڵێـت:"فەرەنـساو ئەمریکاییـەکان نـاتوانن زۆر لـە عێـراق بکـەن، واز لـە مافەکانی خۆی بێنیٚ لە بەشداربوونی کۆمپانیای پەترۆڵی تورکی، ئەگـەر لەکێـشەی باشـووری کوردسـتانی(ویلایـەتی موسـڵ) لایـەنگیری عێـراق نەکــەن".[118] هــەر لــەم بەرەیــەدا ئامــانجی گــەورەی ئینگلیزەکــان هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی (سایکس– پیکۆ )و ویستوویەتی باشووری کوردســتان بــوو بەشــێوەیەکی یاســایی بندەســتبکات، بۆیــە کــاتیٚ (کلیماسـۆ)[119] ی فەرەنـسی لـە(کـانوونی یەکـەمی ١٩١٨) دا سـەردانی (لەندەن)ی پێتەختی بـەریتانیایکرد، هـەلێکی لـەباربوو بۆ ئینگلیزەکان، کەئەو ئاواتەیان بهێننەدی .

---

[118] - د.نوري عبدالحميد خليل: التاريخ السياسي لامتيازات النفط في العراق ١٩٢٥– ١٩٥٢، بيروت، ١٩٨٠، ل١١٧ـ١١٨.

[119] - کلیمانـسو ( ١٨٤١ – ١٩٢٩ ) : سیاسـیەکی نێـوداری فەڕەنـسایە، دووجـار سـەرۆکایەتی وەزیرانـی لـە ( ١٩٠٦ – ١٩٠٩) و ( ١٩١٧ – ١٩١٩ ) گرتۆتەدەسـت . بـەپڵنگ و بـاوکی سـەرکەوتن نێوبراوە . چەند کتێبێکی لەبارەی جەنگەوە داناوە، جگەلەوەش ئەم کتێبانەی نووسیوە ( ئۆگست کۆنت، لەئێوارەی بیردا، بەگۆڕەی ڕۆژگار، دیموستینس ).(یاسین صابر صالح: ئینسکلۆپیدیای گشتی، ل٨٥٠ ) .





(لویـدجۆرج) [120] لـەم بارەیـەوە نووسـیویەتی:"کلیمانـسۆ، کـە دوای جـەنگ هاتـە لەنـدەن، هـەموو نێوشـار لەگەڵیـدا گـەڕاو جـەماوەریش بەوپـەڕی گەرمیـەوە پێـشوازیان کـرد، کـاتیٚ گەیـشتینە باڵوێزخانـەی وڵاتەکەی، لێی پرسیم (گەرەکتە چیت لەفەرەنساییەکان دەستکەوێت؟) دەمودەسـت وەڵامـم دایـەوە کـە (ویلایـەتی موسـڵ)بخرێتـە سـەر عێراق...کلیمانسۆش بەبیٚ گفتوگۆ لەسەر ئەمە ڕازی بوو، هەرچەندە ئەو ڕێکەوتنامەیـەمان لـە هـیچ شـوێنێك تۆمارنـەکرد، بـەڵام لـە گفتوگۆکـانی داهاتوو بە دڵسۆزییەوە پێوەی پابەندبوو".[121]

دوای چەندین کۆبوونەوەی چارەنووس ساز لە نێوان وڵاتە زلهێزەکان بەگـشتیو بـەریتانیاو فەرەنـسا بـە تایبـەتی، کـە لـە کـۆنگرەی (ئاشـتی پــاریس)ەوە بــەردەوام بــوو تــارۆژی(١٨ی نیــسانی ١٩١٩) کــە ڕێکەوتنامەی(بیرینجی – لۆنگ – Brinore-Long) واژۆکراو بەپێی ئەم ڕێکەوتنامەیە (ویلایەتی موسڵ) کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا،[122] بە ئەم مەرجانە:

---

[120] - (لوید جۆرج) سیاسەتمەدارێکی ناسراوی ئینگلیزبوو، ئەندامی پارتی (ئازادیخوازان – حزب الاحرار) بوو، لەساڵی (١٨٩٠)ەوە چەند جارێك بۆ پەرلەمانی بەریتانیا هەڵبژێردرا، لەساڵانی(١٩١٦ –١٩٢٦)پلەی سەرۆکی شالیارانی پیٚ سپێردرا، بەر لە مردنی بەماوەیەکی کەم نازنێوی (لۆرد – Lord )ی وەرگرتووە.( منتهی عذاب ذوین : برسی کوکسو دوره فی السیاسه العراقیه، رساله ماجستیر، مقدمه الی کلیه الاداب، جامعه بغداد، ١٩٩٥، ل١١٢).

[121] - وەرگیراوە لە/ د.کمال مظهر أحمد: اضواء علی قضايا دولية في الشرق الأوسط، بغداد، ١٩٧٨، ل١٥١.

[122] - بڕوانە/ نەوزاد عەلی ئەحمەد: کێشەی ویلایەتی موسڵ لەدووڕۆژنامەی سلێمانیدا، ل١٢. ؛ د.ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر: کوردستان لەسەردەمی ئاشتیدا، و.محەمەد نوری توفیق، سلێمانی،

١ـ بەپێی مادەی چواری ڕێکەوتنامەکە فەرەنسا ڕێژەی(٢٥٪)ی سەرمایەی کۆمپانیای نەوتی تورکی بەردەکەوت، ئەویش بەگوێرەی ڕاستکردنەوەی(تعدیل) لە ڕێککەوتنامەی(١٥بۆ ١٧ی ئایار ١٩١٦).

٢ـ بەریتانیا و هاوپەیمانان پشتگیری فەرەنسا بکەن، لە کاتێکدا کە وڵاتی ئەمریکا هەر داواکاری و ڕەخنەیەکی هەبێت.

٣. هەرکاتێك بڕیار لەسەر مەسەلەی ئینتیداب(ماندات)درا، ئەوا دەبێت (دیمەشق و حەلەب و ئەسکەندەروونەو بەیروت) بکەوێتە ژێر فەرمانداریێتی فەرەنساوە.[123]

پاش ماوەیەکی کورت فەرەنسا هەستی بەهەڵەکەی خۆیکردو لەڕێکەوتنامەی (برینجی– لونگ) پاشگەزبوەوە و لەڕۆژی(٢٥ی نیسانی ١٩٢٠) دا، دوای ڕاستکردنەوە لەپێناوی شێوە گونجاندنێکی شیاو سیاسەتی (ماندات) گفتوگۆی لەسەر کراو ڕۆژی(٢٦ی مایسی ١٩٢٠)بەپێی ڕێککەوتنامەی (سان ریمۆ) ڕاگەیەندرا، ئەمانەش هەموو ڕێگە خۆشکەربوون بۆئەوەی چوارچێوەی سنووری عێراقی تازە دامەزراو دیاربکرێت.[124] هەرچی سەبارەت بەبەرەی نێوخۆی (ویلایەتی موسڵ)بوو،

٢٠٠٠، ل٢٠.

[123]- بڕوانە/ ئەحمەد باوەڕ: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی هاوچەرخی کورد، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٢.؛ د.ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر: کوردستان لەسەردەمی ئاشتیدا، و.موحەمەد نوری توفیق، ل٢٠.

[124]- بڕوانە / سروە اسعد صابر: کوردستان من بدایة الحرب العالمیة الاولی الی نهایة مشکلة الموصل ١٩١٤– ١٩٢٦، ل٢٨٢. ؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد : کێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوو ڕۆژنامەی سلێمانیدا، ل١٢ . ؛ د.عەزیز شەمزینی: جووڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان، و.فەرید ئەسە سەرد، چ ٣، ١٦٠.





بەهۆی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کوردەوە بەردەوام ئاڵۆزبوو.[125] لەمەشەوە ئینگلیزەکان زیاتر گرنگیان بەکورد دەدا بۆ کەمکردنەوەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیان، (ئارنۆڵدوڵسن)حاکمی گشتی بەریتانیا لە عێراق لەوبارەیەوە دەڵێت:"سێ هۆکار هەبوو، کە پاڵی بەئینگلیزەوە ناوە بایەخ بەکێشەو باسی کورد بدات، کە ئەمانەن:

١ـپاشەرۆژی ویلایەتی موسڵ، کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن.

٢ـمەسەلەی ئەو زەوییانەی، کە دەکەونە ژووروی ویلایەتی موسڵەوە.

٣ـ بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردوکوردستانی ئێران، کە پێویستە گرنگیەکی تایبەتی پێ بدرێت".[126]

لەلایەکی دیکەشەوە کاتێك (مێجەر نوئیل) لە گەشتەکەی ویلایەتی موسڵ گەڕایەوە، ڕاپۆرتێکی پێشکەش بەگەورە لێپرسراوانی خۆی کرد، نوئیل لەراپۆرتەکەیدا داوای کردبوو کە پێویستە ئۆتۆنۆمی بەعەشیرەتەکانی ویلایەتی نێوبراو بدرێت، هەروەها بێجگە لەدەستبەرداربوون لەموسڵ بۆ تورك، ئینگلیز هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تری نییە. ئەم ڕاسپاردانەی نوئێل نیگەرانیەکی زیاتری بۆ ئینگلیز دروستکرد، بەر لەوەی لە رۆژی(١٩١٩/٩/٢) دا کۆببنەوە بڕیاری دروستکەرانەی (لەندەن) لە پاش بیستنی ئەوقسانەی نوئێل، واهەستیان دەکرد کە نوئێل زیاد لە خۆی پێی لێ ڕاکێشاوەو پێویستە ئاگاداربکرێتەوە، هەرچەند دواتر پێشنیارەکانی نوئێل بۆ بەهێزکردنی

[125]- عبدالرزاق الحسني: تاریخ العراق السیاسي الحدیث، ج ٣، ط٧، ل٢٩.

[126]- م.ر.هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب ١، ل٣١٤ –٣١٥

بەرەی نێوخۆی ویلایەتەکە بەپەسەند زانرا.[127] بروسکەیەك لە حکومەتی بەریتانیاوە بۆ حاکمی گشتی بەریتانیا لە بەغداد (ئارنۆلدۆڵسن) نێردرا، کە تێیدا نووسرابوو: "دەبێ ویلایەتی موسڵی عەرەبی لە تەنیشت ویلایەتێکی کوردی سەربەخۆ دروستبکرێت، سەربەخۆبونێکی نێوخۆشی لە ژێر کارگێڕی بەریتانیادا دروست بکرێت کە سەرۆکەکانیان لە خۆیان بێت و ڕاوێژکاریان ئینگلیزی بێت).[128] بە پێی ئەم بروسکەیەبێت ئینگلیزەکان بۆ هێمن کردنەوەی بارودۆخی ویلایەتەکە بەشاری کەرکوکیشەوە ویستوویانە جۆرێك لەسەربەخۆییان بدەنێ، هەرچەندە لەراستیدا ئینگلیزەکان پەیتا پەیتا پڕوپاگەندەیان دەکردو ڕێگەیان بۆ دابەشکردنەوەی کوردستان خۆشدەکرد، پەیامنێری ڕۆژنامەی (تایمز)ی بەریتانی وەك بانگەشەیەك بۆئەو کێشەیە نووسیویێتی:"تاکە ڕێگە بۆ پاراستنی ئاشتی لەنێوچەکانی (خانەقین تاسلێمانی) ئەوەیە باشووری کوردستان بلکێنرێت بەمیسۆپۆتامیاوە".[129] لەلایەکی دیکەوە(کۆمیتەی ڕۆژهەلاّتی نێوەراست) ڕۆژی (٢٣ی شوباتی ١٩١٩)، لە بیرۆی وەزارەتی هەندەرانی بەسەرۆکایەتی(لۆرد کیرۆزن)کۆبۆوە، لەکۆبوونەوەکەدا بڕیاری لەسەر هیچ ڕێگە چارەیەکی تایبەتی نەدا، بەڵکو تەنها سێ ئەلتەرناتیڤی خستە ڕوو:-

١. ویلایەتی موسڵ بلکێنرێت بەعێراقی تازە دامەزراوەوە.

---

[127] - پ د.میم کەمال ئۆڤە: کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ ١٩١٨- ١٩٢٦، و.سەلام ناوخۆش، ل٢١.

[128] - ڕەمزی قەزاز: بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد لەکۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، ل١٠٠.

[129] - أ.م . متشاشفیلي: العراق في السنوات الانتداب البریطاني، ت. هاشم صالح التكریتي، ل٣٠٧.





٢. ئینگلیز لە(ویلایەتی موسڵ) بکشێتەوە، وەزارەتی هەندەرانی ئەو بۆچوونەی پێشنیازکردوە.

٣. دامەزراندنی کۆنفیدرالیەتێکی کوردی، وەزارەتی هەندەرانی هیندی ئەوراسپاردەیەی کرد.[130]

سەرئەنجام بۆچوونی یەکەم بە پەسەند زانرا و یەکەم هەنگاوی بەجێهێنانی ئەو پلانەش لەوەوە دەستی پێکرد، کە ئینگلیزەکان لە گفتوگۆیەکانیاندا لەگەڵ نوێنەری تورکدا وردە وردە دایان بەگوێی ئەو تورکانەدا، کە لە توانادایە چاو بە پەیمانی (سێڤر)دا بخشێنرێتەوە و دەتوانرێ ڕێگە لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ یا ئۆتۆنۆمی لە باشووری کوردستاندا بگیرێت، بەمەرجێك تورکەکانیش بەداخوازییەکانیاندا بچنەوەو واز لە داواکردنی( ویلایەتی موسڵ)، بهێنن.[131] هەنگاوێکی دیکەی ئینگلیز بۆ یەکلاکردنەوەی(کێشەی ویلایەتی موسڵ) لە ڕێگەی ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم)ەوە بوو، کە لە (حوزەیرانی ١٩٢١)دا بە ئەنجامدانی ریفراندۆمێك هەستان[132] لە نێو دانیشتوانی (کەرکوك و سلێمانی و موسڵ)دا بەمەبەستی ڕازیبوونی پێوە لکاندنی ویلایەتەکە بەدەوڵەتی نوێی عێراقەوە، بەلاّم دانیشتوانی کوردی ئەم شارانە بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی دژی لکاندن بوون وداوای کارگێڕییەکی سەربەخۆی کوردسان(أدارة كردية مستقلة)یان

---

[130] - پ:د.میم کەمال ئۆڤە: کرۆنۆلۆژیای مەسلەی موسڵ ١٩١٨- ١٩٢٦ و.سەلام ناوخۆش، ل٢٣

[131] - م.ر.هاوار : شێخ مەحمود قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب ٢، ل٤٣٠.

[132] - لێرەدا پێدەچێت مەبەستی هەڵبژاردنی فەیسەڵ بێت، کەبەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڵوێستی کورد دژی بە عێراق بوون دەردەخات.(توێژەر).

کرد.[133] (عەبدولرەزاق حەسەنی)لەوبارەیەوە نووسیوێتی:"راوێژکارەکانی بەریتانیا لەنێوچەکانی(موسڵو کەرکوكو سلێمانی)دا یاداشتێکیان بۆ کاربەدەستانی خۆیان ناردوو، تێدا باسی ئەوەیانکردبوو کەوا کوردەکان بڕیاری کۆڵنەدانیان داوە، چونکە لەوە دەترسن کە بە زۆرە ملیٚ بلکێنرێن بەعێراقەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کوردانە دەزانن جیابوونەوەیان لە عێراق لەڕووی ئابووریو بازاڕو بازرگانییەوە زیانێکی زۆریان پێدەیەگەنێت ".[134] لەبەر ئەو سووربوونە دانیشتوانی کەرکوكو بۆ کارگێڕیەکی سەربەخۆی خۆیان ئینگلیزەکان بە لایەنگیری تورك تاوانباریان دەکردن، وەك لە دۆکیۆمێنتی ژمارە (C.O٧٣٠-١٦)ی ساڵی ١٩٢١دا هاتووە سەبارەت بە کەرکوك دەڵێت:"...کەرکوك بە ئاشکرا سەر بەتورکیایە، بەڵام رەنگە عێراقێتی پەسەندبکەن ئەگەر بۆیان دەربکەوێت لە ژێر کۆنترۆڵو چاودێری بەریتانیادابن."[135] لەلایەکی دیکەوە ئەوداواکارییانەی کەرکوكو نێوچەکانی تری ویلایەتەکەو مەترسی هەوڵەکانی تورك بۆ گرتنەوەی ویلایەتەکە، وای لە (سێرپێرسی کۆکس)ی حاکمی گشتیی بەریتانیا لە (بەغداد)کرد، لە پاش گەڕانەوەی لە کۆنگرەی(قاهیرە)[136]

---

[133] - د.رەفیق شوانی: کێشەی بەعەرەب کردنی کەرکوك لەکۆنەوە تائەمڕۆ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ(٢٠)، هەینی ٢٠٠١، ل٢٢٨.٢٢٧.

[134] - وەرگیراوە لە / م.ر.هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان ، ب٢، ل٩١

[135] - م.رسول.هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب ٢، ل١٠٥.

[136] - لەکۆنگرەی قاهیرەدا نێوی "کەرکوك"جارێکی دیکە سەبارەت بەیاسایەکی کوردیەوە نێوی لەنێوان کۆبوونەوەکاندا دەرکەوتەوەو وتوێژی لەسەرکرایەوە، (پێرسی کۆکس) جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە(ڕێدانی نێوچەی کەرکوك و سلێمانی ) بەس نییە بۆ بەرێوەبردنی ئەو نێوچانە، بۆیە





بەسەرکرتێرەکەیدا بەیانێکی بلأوکردەوە کەبەم وتەیە دەستپێدەکات:"مەندوبی سامی وادەڕوانێت، کە تێڕوانینێکی کاریگەر بەرێکخستنی پێویستیەکانی گرتنەبەری کارگێڕی دەرهەق بەنێوچە کوردیەکان لەعێراقدا بکات، هەروەك پێی گەیشتووە چەند مەترسییەك هەیە، دڵ دەلەرزێنیٚ لەبارەی ئەوەی کە بیلکێنن بەحکومەتی بەغدادەوە، ئەمەش وایکرد کە هەندێك داوای سیستێمێکی سەربەخۆ بکەن. لە هەمانکاتیشدا ئەوەشی پێگەیشتووە، کە هەندێك لە سەرکردەکان بۆچوونیان ئەوەیە، کە پێوەندی ئابوریو پیشەسازی بەعێراقیانەوە دەبەستێتەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا مەندوب ئارەزوو دەکات، ئەگەر لە توانادابێت راستییەکان بدرێت بەکورد."[137] ڕاوێژکارە بەریتانیەکانیش دەقی ئەم بەیانەیان لە(موسڵوکەرکوك)دا بلأوکردەوە، کە لەوکاتەدا(هەولێرو سلێمانی) پێیانەوە پەیوەست بوون.[138]

(کێشەی ویلایەتی موسڵ) لە دەوروبەری کۆتایی (تشرینی دووەمی ١٩٩٢)دا خرایە بەردەم(کۆنگرەی یەکەمی لۆزان) ، لەو کۆنگرەیەدا (لۆردکیرزنی) نوێنەری بەریتانیاو (عیسمەت ئینۆنۆی) نوێنەری تورکیا[139]

---

واپێویست دەکات بەپێی بۆچوونی (مێجەر یۆنگ) ئەم نێوچانە لەرووی ئابورییەوە. بخرێتە سەر ولأتی نێوان دووروبار (د.کمال مظهر أحمد : کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر : ج ١، ل١٢٦).

[137] - محمد مظفر الادهمي: المجلس التأسيسي العراقي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٤، ل١٨٧ – ١٨٨.

[138] - د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التاريخ والضمير، ج ١، ل١٣١.

[139] - کاتێك شاندی تورکیا بەسەرۆکایەتی (عیسمەت ئینۆنۆ) بۆ بەشداریکردن لەکۆنگرەی لۆزان چوون، رێنماییەکیان پێدرابوو، کە لە (١٢بەند) پێکهاتبوو، پێنج بەندیان پێوەندی بەخاکەوە هەبوو

بەدوو قۆڵی کەوتنە باسی چارەنووسی ویلایەتەکەو هەریەکەیان هەوڵی دەدا کورد بکاتە جۆکەری بردنەوەی کێشەکە.[١٤٠] تورکەکان دەیان وت کورد لە هیچ ڕوویەکەوە لەتورك جیانین، گەرچی بەزمانێکی جیاواز لەتورك دەدوێن، بەڵام ئەم دوو تیرەیە لەڕووی نەژادو ئاین و خو و دابونەریتەوە یەکن.[١٤١] بەواتایەکی دیکە دەیانوت(کورد لەرەگەزی تورکن!!).[١٤٢] لەلایەکی دیکەوە تورکەکان بیانووی ئەوەشیان دەهێنایەوە کە(ویلایەتی موسڵ) لە پاش ئاگربەستی(مۆدرۆس) داگیرکراوە، نەك لەکاتی شەڕدا، بۆیە دەبێت ئەو نێوچانە بدرێنەوە تورکیا.[١٤٣] بەڵام ئینگلیزەکان هیچ لەوبیانوویانەیان لەلاپەسەند نەبوو، دەیان ووت کورد لە ڕەگەزی تورك نین و موسڵیش شارێکی عەرەبی یەو بەچەند نێوچەیەکی کوردنشین دەورەدراوە!! هەروەها بیانووی ئابوری و جوگرافیان دەهێنایەوە بۆئەوەی پاساوی داواکانی خۆیان بکەن.[١٤٤] ڕۆژنامەی (ڕۆژی

---

ئەوەی دووپات دەکردەوە، کە نابێ هیچ نیشتمانێك بۆ ئەرمەنەکان پێکبهێنرێت، هەروەها داوای گەڕانەوەی (کەرکوك و سلێمانی و موسڵ)ی تێدابوو، لە هەمانکاتدا باسی جیاوکی پەترۆڵی بۆ ئینگلیز تێدابوو.(د.کمال مظهر أحمد: الطبقة العاملة العراقية التكوين وبدايات التحرك، دار الخلود للطباعة والشنر، بغداد، ١٩٨٨، ل١٦٦).

[١٤٠] - د.کمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، ب ١، بەغداد، ١٩٨٥، ل١١٢.

[١٤١] - حەمەکەریم عارف: کورد لەئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، هەولێر، ١٩٩٨، ل٩٣.

[١٤٢] - کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین (کامەران مەنتیك): کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا ١٨٩٠-١٩٣٢، ل١٥٨.

[١٤٣] -عبدالرحمن سليمان الزيباري: الوضع القانوني لإقليم كوردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي العام،ل٩٧.

[١٤٤] - کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین (کامەران مەنتیك): کوردستان لەنێوان ململنێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا ١٨٩٠.١٩٣٢، ل١٥٨.





کوردستان) لەوکات و ساتەدا دەربارەی (کێشەی ویلایەتی موسڵ) نووسیویەتی:"لەکاتێکدا ، کە سەرجەم خەڵکی ویلایەتی موسڵ کوردن..کەواتە بۆچی نەتەوەکانی تر داوای دەکەن، تورك و عەرەب و ئاشوری پشتگیری لەوداوایانەیان دەکەن، بەهۆی بوونی ژمارەیەکی کەم لەرۆڵەکانیان لەونێوچانەدا...ئەو داواکارییەی، کە خستومانەتە بەردەم کۆنگرەی لۆزان بۆ پارێزگاری کەمینە نییە، بەڵکو بەرگریە لەمافی گیانی گەلێکی شکۆداری سەربەخۆی خاوەن شکۆ...."[١٤٥] کۆبوونەوەکان بەردەوام بوون بۆئەوەی هەردوو حکومەتی بەریتانیاو تورکیا بواریان هەبێ لەگفتوگۆیەکی راستەوخۆو دۆستانەدا لەکێشەکە بکۆڵنەوە، پێش پەنابردنیان بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبه الامم) دوومەرجیان دانا:-

١. ئەگەر هەردوو حکومەت نەگەیشتنە رێکەوتنی راستەوخۆ، داخوازی دەستێوەردانی کۆمەڵەی گەلان دەکات.

٢ـ هەل و مەرجی نێوچەکە چۆن بووە لەکاتی گفتوگۆکاندا هەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە.[١٤٦]

بەم شێوەیە یەکەمین کۆنگرەی لۆزان لە(٤ی شوباتی ١٩٢٣)دا ، بەهۆی رازی نەبوونی حکومەتی تورکیا بەپرۆژەی پەیماننامەکە شکستی هێنا.[١٤٧]

---

[١٤٥] - ووتاری کردنەوە: ویلایەتی موسڵ لەلۆزاندا، رۆژنامەی ژیانەوە، ژماە (٦)، ٢٧ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢، ل١-٢.

[١٤٦] - د.فاضل حسین: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و.موحەمەد شاکەلی، ل ٥١-٥٢.

[١٤٧] - هەمان سەرچاوە، ل٥٢.

(کۆنگرەی دووەمی لۆزان) لە رۆژی(٢٣ی نیسانی ١٩٢٣)دا دەستی پێکردەوە بەمەبەستی چارەسەرکردنێکی ئاشتیانە لەنێوان تورکیاو هاوپەیماناندا کە زیاتر کێشەکانیش لەسەر ویلایەتی موسڵ بوو، شاندی بەریتانی بەسەرۆکایەتی(سێرهۆراس رامبۆڵد)و شاندی تورکیش[١٤٨]بەسەرۆکایەتی(عیسمەت پاشا) بوو.[١٤٩] ووتوێژ لەنێوان هەردوولایاندا بەچڕی دەستی پێکردو بەیانێکی بەریتانی لە(٢٤ی شوباتی ١٩٢٣)دا دەرچوو سەبارەت بە(مادەی دووی پێشنیازی تورکیا)دەڵێت:"دوا بەیان پشت بەبەڵێنی هاوبەش دەبەستێ بۆ راگرتنی هەل و مەرجی ئێستا( الحالە الراهنە)لەماوەی(١٢مانگی)پێشنیارکراو ئەگەر بڕگەیەك بەومانایە بخرێتە سەر بۆ ڕاستکردنەوەی پێشنیازی تورکەکان، ئەوکاتەی شاندی بەریتانیا بۆ رازی بوون بەو راستکردنەوەیە ئامادەیە، ئەوەش پێوەندی بەوگفتوگۆیەوە هەیە کە لە گەڵ(عیسمەت پاشا)دا دەکرێ، سەبارەت بەوکاتەی گفتوگۆی نێوان(تورکیاو بەریتانیا)رێگە پێدەدات لە(٤ی حوزەیران ١٩٢٣)دا (سێرهۆراس)

---

[١٤٨] - (ڕەزانوری) لەبارەی ئەوشاندەوە نووسیوێتی: "لەکاتی قۆناغی دووەمی کۆنگرەی لۆزاندا (مستەفا کەمال) (عیسمەت ئینۆنۆومن- ڕەزانوری) بردە پەنایەکەوە پێ وتین: لەکاتی گفتوگۆکردندا ئەگەر زانیتان (تورکیا)شتان دەستگیر نابێت واز لە(تورکیا)بهێنن و پێی لەسەر دامەگرن و ئەگەر بۆ سەرگرتنی ئاشتی بەپێویستیشتان زانی واز لە(ئەستەمبوڵ) یش بهێنن و هیچ پێویست ناکات تەقەلای سەندنەوەی ویلایەتی موسڵیش بدەن"(وەرگێراوە لە / م.ر.هاوار: کوردو باکوری کوردستان لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانەوە هەتا دوای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، بەرگی دووەم، ناوەندی چاپەمەنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٢٣٦).

[١٤٩] -عبدالرحمن سليمان الزيباري:الوضع القانوني لإقليم كودرستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي العام،ل١٠٢.





ئاشکرای کرد، کە هەرگیز شاندی بەریتانیا بەپێشنیاری تورکیا رازی نابێ و سەرۆکی شاندی فەرەنساش پشتگیری لە بۆچوونەکەی بەریتانیا کرد، (سێر هۆراس)پرسیارێکی ئاڕاستەی (عیسمەت پاشا)کرد(ئایا دەتوانێ وەڵامێکی هەبێ لەسەر پێشنیاری نوێی بەریتانیا دەربارەی ئەو ماوەیەی دەکرێ لەنێوانیادا هێڵی سنووری(عێراق- تورکیا) بەرێککەوتنێك لەنێوان توکیاو بەریتانیای مەزندا دیاری بکرێت ؟) وەڵامی(عیسمەت پاشا) ئەوەبوو ئەو لە هەلومەرجێکی وادا نیە بتوانێ وەڵام بداتەوە...بۆیە لە(٣ی حوزەیران)دا(سێر هۆراس) پێشنیازی کرد، کە ماوەی گفتوگۆی راستەوخۆی نێوان بەریتانیاو تورکیا (شەش )مانگ بێت، بەڵام (عیسمەت پاشا) وەبیری (سێر هۆراس)ی هێنایەوە کە ئەو خۆی پێشنیازی (نۆمانگی) کردووە، پاش وتوێژێکی کورت هەردووکیان رێکەوتن، کە ماوەکە(نۆ)مانگ بێ". [١٥٠] وەك لە مادەی (٣)پەیماننامەی لۆزاندا هاتووە:"هەتا ٩مانگی دیکە مەسەلەی سنووری نێوان عێراق تورکیا لەرێگەیەکی نێو نەتەوایەتیەوە لە نێوان حکومەتی بەریتانیاو تورکیادا چارەسەردەکرێ، ئەگەر ئەو دوودەوڵەتە نەیانتوانی لەوماوەیەدا رێککەون، ئەوا مەسەلەکە دەنێردرێتە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان". [١٥١]

---

[١٥٠] - د.فاضل حسين: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و.موحەمەد شاکەلی، ل ٥٣-٥٥.

[١٥١] - بڕوانە/ د.عبدالرحمن قاسملو : کوردستان وکورد، و..عبداللە حسن زادە، بنکەی پێشەوا، ١٩٧٣، ل٧٨. ؛ رۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال، ژ (٣)، ٤یتشرینی یەکەمی ١٩٢٢، ل٣ . ؛ د.مكرم الطالباني: كردستان اتحاد اختياري لاالحاق القسري، مطبعة خاك، سليماني، ٢٠٠٣، ل٣٠. ؛ بيار مصطفى سيف الدين: السياسة البريطانية تجاه تركيا وأثرها في كوردستان ١٩٢٣ - ١٩٢٦، سپیرێز، اربيل، ٢٠٠٤، ل١٦١.

بەم شێوەیە کۆنگرەی (لۆزان) لە(٢٤ی تەموزی ١٩٢٣)دا واژۆکرا، بەبێ ئەوە بتوانێت چارەسەری "کێشەی ویلایەتی موسڵ"بکات، بەڵام بڕگەی دووەم لەمادەی سێیەمی پەیماننامەی لۆزان باسی دیاریکردنی هێڵی سنووردەکات بەشێوەیەکی ورد لەنێوان(تورکیاو بەریتانیای گەورە)دا.[١٥٢]

گفتوگۆ دووقۆڵییەکانی(ئینگلیزو تورکیا)لەسەر کێشەی ویلایەتی موسڵ لەرۆژی (١٩٢٤/٥/١٩)لە(ئەستەمبوڵ)دەستی پێکرد، کۆبوونەوەکانیش لەهۆڵی (کۆنفرانسی قۆچی زێڕین)بەسترا، شاندی بەریتانی بەسەرۆکایەتی(سێر پێرسی کۆکس)و شاندی تورکیاش بەسەرۆکایەتی (عەلی فەتحی ئۆقیار)بوو.[١٥٣] لەوتوێژەکاندا لایەنی تورکی بابەتی نوێنەرەکانی ویلایەتی موسڵی وروژاند کە لە"کۆمەڵەی نیشتمانی تورکیا" دا هەن،[١٥٤] وەك"نەفتچی زادە نازم بەگ[١٥٥] لە"کەرکوك"، نایب زادە نوری ئەفەندیو سلێمان فەهمی ئەفەندیو خەلیل ئاغازادە

[١٥٢]- دفاضل حسین: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و.موحەمەد شاکەلی، ل٥٤.

[١٥٣]- پ . د.میم کەمال ئۆڤە: کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ ١٩١٨ – ١٩٢٦، و.سەلام ناوخۆش، ل٤٧

[١٥٤]- د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر، ج ١، ل١٩٣.

[١٥٥]- نازم بەگ سەرەتا لەپەرلەمانی عوسمانی لەقوستەنتینیە ئەندام بوو، هەروەها لەلیژنەی پیاو ماقولانیش، کە لە ساڵی ١٩٢٠دا پێکهات کاری بۆ حکومەتی عێراق کردووە، ساڵی ١٩٢١داوای کارێکی لە حکومەتی عێراق کرد، حکومەتیش کاری "موتەسەریفیەی حلە"ی پێسپارد، بەڵام پێی رازی نەبوو، چونکە ئەو دەیویست بیکەنە پارێزگاری کەرکوك، بەڵام کاتێك بەو ئامانجە نەگەیشت دژی حکومەتی عێراق لەکەرکوك دەستیکردە پیلانگێڕان، لەساڵی ١٩٢٣دا کاتێ هەستیتکرد، لەوانەیە دەستگیربکرێت، هەلات بۆ سلێمانیو لەوێشەوە بەرەو تورکیا چوو.(د.فاضل حسین: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و.موحەمەد شاکەلی، ل٦٤).





(جەمیل)و موحەمەد نوری ئەفەندی لە"موسڵ" فەتاح بەگ لە"سلێمانی"،[١٥٦] هەبوونی ئەم ئەندامانەی بەبەڵگەیەك دادەنا، کە دانیشتوانی ویلایەتەکە تورکیا دەوێت. هەرچی لایەنی بەریتانیابوو بانگەشەی ڕووداوەکانی(هەکار)[١٥٧] یان دەکرد،[١٥٨] بوونی ئەندامانی ویلایەتی موسڵیشیان لەئەنجومەنی تورکیادا بەکارێکی دژ بەپەیماننامەی لۆزان دادەنا،[١٥٩](کۆکس) لەوبارەیەوە دەڵێت:"وەرگرتنی ئەوانە پێچەوانەی هەلو مەرجی ئێستایە (الحالة الراهنة)لەکاتێکدا قەبووڵکردنی نوێنەر لەویلایەتی موسڵ لەژێر دەسەلاتو بەڕێوەبەرایەتی راستەوخۆی حکومەتی عێراقدایە".[١٦٠] ئەمانەش چەند بەڵگەیەکی تربوون کە (لەندەن) بەهۆیەوە هەوڵیدەدا دەلاقەیەك هەڵکەوێ بۆ تەناهی و کە ناهێڵێ لە نێوی دەبات، ئامانجی سەرەکی بەریتانیا لەمەدا بۆئەوەبوو کەزەمینەیەکی لەبار بسازێنێت بۆئەوەی کێشەکە بەرەو گۆڕەپانی گشتی"گۆڕەپانی نێودەوڵەتی" ببەن، چونکە ئینگلیز لەومانۆڕەدا لە وزەدانەبوون، کە لەو گۆڕەپانەدا دەتوانن مەسەلەکە باشتر بۆ بەرژەوەندی خۆیان کۆنترۆڵ کەن.[١٦١]لەلایەکی دیکەوە هەر لەسەروبەندی وتوێژەکانی(ئەستەنبوڵ)دا

[١٥٦]- هەمان سەرچاوە، ل٦٣ – ٦٥.

[١٥٧]- نەستوریەکان لە( ١٩٢٤/٨/٧)دا راپەڕینێکی چەکداریان ئەنجامداو توانیان پارێزگای هەکاری بگرن.(پ.د.میم کەمال ئۆڤە: کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ، و.سەلام ناوخۆش، ل٤٧).

[١٥٨]- هەمان سەرچاوە، ل٤٧.

[١٥٩]- د.مکرم طالباني: کردستان والترکمان، مطبعة خاك، سلیمانیة، ٢٠٠٥، ل٤٣.

[١٦٠]- وەرگیراوە لە/ د.فاضل حسین: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و.موحەمەد شاکەلی، ل٦٥.

[١٦١]- پ .د.میم کەمال ئۆڤە: کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ ١٩١٨ – ١٩٢٦، و.سەلام ناوخۆش، ل٢٧.

دەوڵـەتی بـەریتانیا لەبەرامبـەر لکانـدنی (ویلایـەتی موسـڵ) بەعێراقـەوە، ئامادەبوو ئەم ئیمتیازانەی خوارەوە بدات بەدەوڵەتی تورکیا: –

١. لکاندنی سلێمانی بەدەوڵەتی تورکیاوە.[١٦٢]

٢ . دانی قەرزی نوێ بەدەوڵەتی تورکیا.

٣ـ یارمەتیـدانی دەوڵـەتی تورکیـا بۆکـەم کردنـەوەی قـەرزەکانی و مەسەلەی سنووری (تورکیا – سوریا).

٤. یارمەتیدان و هاندانی پتەوکردنی پێوەندی(تورکیاو بولگارستان).

٥. چاوپۆشیکردن لەهەندێ لەقەرزەکانی دەوڵەتی تورکیا.

٦. وتوێژ سەبارەت بەهێڵی ئاسنی بەغداد.[١٦٣]

تورکیـا بـەهیچ یـەك لەوپێـشنیارانە رازی نـەبوو، چـونکە جگـە لـەخاڵی یەکـەم هیـچی بـۆ ئـەو گـرنگ نـەبوو. سـەرئەنجام رۆژی (٥ی حـوزەیرانی ١٩٢٤)ماوەی(نۆ)مـانگی دیـاریکراو کۆتـایی هـات، بـەبێ ئـەوەی تورکیـاو بەریتانیا بگەنە هـیچ ئـەنجامێك.[١٦٤] دوا بـەدوای سـەرنەکەوتنی وتوێـژەکان تورکیا بیری لـەداگیرکردنی (ویلایـەتی موسـڵ)کـردەوەو بۆئـەم مەبەسـتەش هێـزی خـۆی رەوانـەی نێوچـەکانی موسڵ کـرد، راپـۆرتێکی باڵیۆزخانـەی ئێرانـی ئـەوکات لـەم بارەیـەوە نووسـیوێتی:"چـەند رۆژێـك بـەر لەئێـستا

---

[١٦٢] - ئەم خاڵە پێناچێت راست بێت، چونکە (سلێمانی) نێوەندێکی گرنگی ویلایەتی موسڵ بوو، ئینگلیزەکان هەروا بەئاسانی دەستبەردار نەدەبوون.(توێژەر).

[١٦٣] - د.ئەسعەد جەعفەروەلدان: تورکیاو باکوری عێراق، و.موسلح عەبدولقەهار ئیروانی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ(٩)، کانونی یەکەم، ١٩٩٨، ل٦٤.

[١٦٤] - د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕیەك لەمێژووی گەلی کورد، ب ١، ل١١٣ . ؛ د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج١، ل١٩٣.





لەبەغدادەوە تەلـەگرافێك بـۆ بەڕێوەبـەری سـەربازیی بەریتانیـەکان کرابـوو، کە تورکەکان زۆر بە پەرۆشەوە داوای موسڵ دەکەنـەوەو ئامـادەن بـەهێزی سەربازی دەستی بەسەرا بگرنەوە".[١٦٥] لەبەرامبەر ئەمەشدا بەریتانیـەکان هێزەکانی خۆیان لەنێوچەکانی ویلایەتەکە بەگشتی و کـەرکوك بەتایبـەتی ڕێکخستەوەو هێزی ئاسمانیشیان رەوانەی ئەو نێوچانەکرد، کە تورکەکان لێی چوبوونە پێشەوە لە جەزیرەی عومەریەوە بۆ باکوری زاخۆ.[١٦٦]

بـەریتانیا لـە ڕۆژی(٦ی ئـابی ١٩٢٤)دا لەکۆمەڵـەی گـەلان نزیـك بـوەوەو داوایکـرد پرسـی"کێـشەی ویلایـەتی موسـڵ" لـە نێوکارنامـەی سیاسـی خۆیـدا جێبکاتـەوە، لەلایـەکی دیکەشـەوە خـەریکی زیندووکردنـەوەی ئـەو وتوێژانە بوو کە لە "کۆنگرەی لۆزان"دا دەنگیان لەسەردابوو، دوو هەفتـە دوای یاداشـتەکەی ئینگلیـز، "تورکیـا"ش یاداشـتێکی بـە"کۆمەڵـەی گەلان"دا.ئەوەی شایانی سەرنجدان بوولەسەرەتای یاداشتەکانەوە گۆڕانی هەڵوێـستی بـەریتانیابوو سـەبارەت بەکێـشەکە، پێـشتر بـەلای ئینگلیـزەوە کێـشەکە بریتـی بـوو لـە چارەنووسـی نێوچـەکە، بـەڵام ئـەوکات هـەروەك دەردەکـەوێت مەسـەلەکە لـە دیـدی ئینگلیزدابـوە مەسـەلەی دیـاریکردنی سـنووری(عێـراق – تورکیـا)!!هەرچـی تورکیـابوو سـووربوو لەسـەر مـسۆگەرکردنی مـافی دانیـشتوانی موسـڵ لـەبڕیاردانی مـافی چـارەی

---

[١٦٥] - د.ئەسعەد جەعفەر وەلدانی: تورکیاو باکوری عێراق، موسلح عەبدولقەهار ئیروانی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ(٩)، کانوونی یەکەمی ١٩٩٨، ل٦٤.

[١٦٦] - سروه اسعد صابر: کوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤ –١٩٢٦، ل٢٩٦. ؛ سیسل جۆن ئیدمۆنس، کورد تورك عەرەب، و.حامید گەوهەری، ل٣٧٩ – ٣٨٠ . بەعەرەبی "كرد وترك وعرب، ت.جرجيس فتح الله، ل٣٤٨".

خۆنووسینی نیشتمانیدا.[167] لایەنێکی دیکەی یاداشتەکانی دەوڵەتی(بەریتانیا و تورکیا)دۆزینەوەی بیانوو بوو بۆ کورد، کە دەیەوێت لەگەڵ لایەنەکەی ئەودا بژی. تورکەکان دەیانووت: ((کوردو تورك چەندین سەدەیە پێکەوە ژیاون و پێوەندی دۆستایەتیان لەنێواندا هەیە))، بەڵام "ئینگلیزو عەرەب" دەیانووت: ((کورد(ئارین)و هیچ پێوەندیەکیان بەتورکەوە نییە)).[168] لەلایەکی دیکەوە لەویاداشتانەدا هەردوو دەوڵەت لەبارەی نەتەوەو دانیشتوانی ویلایەتەکە ڕێژەو ئەژماری تایبەتی خۆیان نیشاندا، کە لەگەڵ یەکتری جیاوازیان هەبووە، بەشێوەی ئەم خشتەیەی لای خوارەوە:

| نەتەوەو کەمایەتیەکانی ویلایەتی موسڵ | خەملاندنی تورکیا "ڕاپۆرتی تورکیا بۆ کۆنگرەی لۆزان" | مەزنەندەی ئەفسەرە بەریتانی یەکان لەساڵی ١٩١٩دا | مەزنەندەی ئەفسەرە بەریتانیەکن لەساڵی ١٩٢١دا | سەرژمێری رەسمی عێراق لەساڵانی "١٩٢٢ ـ ١٩٢٤"دا |
|---|---|---|---|---|
| کورد | ٢٦٣٫٨٣٠ | ئەو خەملاندنانەی | ٤٢٤٫٧٣٠ | ٤٩٤٫٠٠٧ |
| عەرەب | ٤٣٫٢١٠ | لەم کاتەدا کراون، لەسەر | ١٨٥٫٧٦٣ | ١٦٦٫٩٤١ |
| تورك | ١٤٦٫٩٦٠ | بنەما ئاینی بووە، نەك نەتەوەیی | ٦٥٫٨٩٥ | ٣٨٦٥٢ |
| مەسیحی و جوولەکە | ٣١٫٠٠٠ | | ٦٢٫٢٢٥ | ٦١٣٣٦ |
| | | | ١٦٫٨٦٥ | ١١٫٨٩٧ |
| ئیزیدی | ١٨٠٠٠ | | ٣٠٠٠٠ | ٢٦٢٥٧ |
| شانشینەکان | ٥٠٣٫٠٠٠ | | - | — |
| کۆچەریەکان | ١٧٠٫٠٠٠ | | — | — |
| کۆی گشتی ٢٨٢٫٠٠٠ | ٦٧٣٫٠٠٠ | ٧٠٣٫٣٧٨ | ٧٨٥٫٤٦٨ | ٨٠١٠٩٠ [169] |

[167] - پ: د.میم کەمال ئۆقە: کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ ١٩١٨- ١٩٢٦، و.سەلام ناوخۆش، ل٤٨ - ٤٩.

[168] - عبدالرحمن قاسملو: کوردستان وکورد، و.عبدالله حسن زادە، ل٧٩. ؛ دەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك): کەرکوك و سیاسەتی تەعریب، چاپخانەی ئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨٥، ل١٤-١٥.





سەبارەت بەسەرژمێری نێوچەکانی "کەرکوك"و دەوروبەری لەلایەن (بەریتانیاو تورکیا)وە دوولیستی سەرژمێریان پێشکەشی "کۆمەڵەی گەلان" کرد، کە هەردووکیان جەخت لەسەر زۆری کورد دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە یاداشتەکەی (عیسمەت ئینۆنۆ) بەشێوەیەکی ئاشکرا دابووە لایەنی تورکمان لە هەڵسەنگاندن و یاداشتەکەی (لۆردکیرزن)یشدا ببووە لایەنی عەرەب، دەربارەی سەرجەمی(ویلایەتی موسڵ) هەروابووە، ئەمەش لە ڕاستیدا دەربارەی کورد بێلایەنانە نەبوو، هەردوو حاڵەتەکە کەموکوڕی تەواویان تێدابوو سەبارەت بەسەرژمێری ڕاستەقینەی دانیشتوانی کوردی کەرکوك و دەوروبەری،[170] ئەمەی لای خوارەوە لیستەکانی هەردوولایە:-

[169] - عصبة الامم : مسألة الحدود بين تركية والعراق وهو التقرير الذي رفعته البعثة المؤلفة وفقا لقرار المجلس في ٣٠أيلول (١٩٢٤)، طبع في مطبعة الحكومة بغداد، بغداد، بدون سنة طبع، ل٣٣.

[170] - د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ج ١، ل١٩١.

یەکەم//لیستی سەرژمێر نێوچەی کەرکوک و دەوروبەری لەلای(عیسمەت ئینۆنۆ):

| | | |
|---|---|---|
| . کورد = ٩٧ر٠٠٠ | ڕێژەی سەدییەکەی | ٪٥٢,٧١ |
| . تورکمان = ٣٥ر٠٠٠ | ڕێژەی سەدییەکەی | ٪ ١٩,٠٢ |
| ـ عەرەب = ٣٨ر٠٠٠ | ڕێژەی سەدییەکەی | ٪ ٤,٣٤ |
| . ئیزدی = ١٨ر٠٠٠ | ڕێژەی سەدییەکەی | ٪٩,٧٨ |
| . جوو = ٣١ر٠٠٠ | ڕێژەی سەدییەکەی | ٪١٦,٨٤ |

. سەرجەمیان = ١٨٤ر٠٠٠

دووەم// لیستی سەرژمێر نێوچەی کەرکوک و دەوروبەری لەلای " لۆرد کیرزن":-

| | | |
|---|---|---|
| . کورد = ٤٥ر٠٠٠ | ڕێژەی سەدییەکەی | ٪٤٨,٩١ |
| . تورکمان = ٣٥ر٠٠٠ | ڕێژەی سەدییەکەی | ٪٣٨,٠٤ |
| . عەرەب = ١٠ر٠٠٠ | ڕێژەی سەدییەکەی | ٪١٠,٨٦ |
| . مەسیحی = ٦٠٠ | ڕێژەی سەدییەکەی | ٪ ٠,٦٢ |
| . جوو = ١٤٠٠ | ڕێژەی سەدییەکەی | ٪١,٥٢ |

. سەرجەمیان = ٩٢ر٠٠٠ کەس.[١٧١]

---

[١٧١]- بڕوانە /د. کمال مظهراحمد: کرکوک وتوابعها حکم التاریخ والضمیر، ج١، ل١٩١ـ ١٩٢ .؛ مجموعة الباحثین: المفضل في تاریخ العراق المعاصر، بیت الحکمة، عراق، بغداد، ٢٠٠٢، ل٦١٢ـ ٦١٣ .





لەکۆتایی یاداشتەکانیشیاندا هەردوو حکومەتی"بەریتانیاو تورکیا" گومانیان لەراستی سەرژمێرەکانی یەکتری دەردەبڕی و ڕەخنەیان لەیەکتر دەگرت، بەریتانیەکان لەوبارەیەوە دەیانووت:

١ـ لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا پێش جەنگی یەکەمی جیهان، سیستێمی سەرژمێری لەسەر بنەڕەتی ڕەگەزکان نەبووە، بەڵکو هەژمارکردن لەسەر بنەڕەتی ئاینی ئەنجامدراوە.

٢ـ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی نەخشەی وردی نەبووە بۆ سەر ژمێرییەکان.

٣ـ ناکرێ ئەولیستانەی بۆسەربازگیری دانیشتوان ئامادەکراوە وردو ڕاست دابنرێت، لەبەرئەوەی نێوی ژمارەیەکی زۆر لەو لیستانەدان تۆمار نەکراوە.

٤ـ ناکرێ باوەڕ بەسەرژمێری تورکەکان بکرێت، چونکە تورکیا تەنها دەسەلأتی راستەقینەی بەسەرهەندێ شاروذێهاتی نێوچەکەدا هەبوو.

٥. بایەخی سەرژمێری تورکەکان جێگەی گومانن، لەبەرئەوەی مێژوویان لەسەردانەنراوە. هەرچی"تورکیا"بوو لەبارەی سەرژمێری"بەریتانیا"وە دەیانووت:چەند گەشتێکی ماوەکورت، کە هەندێ ئەفسەری سیاسی ئەنجامی دەدەن، نابێتە فاکتەری کۆکردنەوەی ژمارەی راست و دروست، جگە لەوەش ئەو ئەفسەرانە نەیانتوانیوە بگەنە تەواوی نێوچەکان.[١٧٢] جا لێرەدا یاداشتەکانی هەردوو لایان راستیەکی زۆری تێدایەو " کۆمەڵەی گەلان" بەهەند وەردەگیرێت لەلای.

---

[١٧٢]- عصبة الامم: مسألة الحدود بین ترکیة والعراق ..، ل٣٤ . ؛ د.فاضل حسین: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و.موحەمەد شاکەلی، ل١١٦ ـ ١١٧.

"کۆمەڵەی گەلان"لەرۆژی (١٩٢٤/٩/٣٠)دا، بڕیاری دا کۆمیتەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەکێشەکە دروست بکات و بینێرێتە نێوچەکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لە بارەی لایەنە ئابوری و ئەتنیکییەکانی کێشەکەو بەرزکردنەوەی راپۆرتێکی هەمە لایەنە لەبارەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئەنجومەن، واش رێکەوتن کە ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەکە ئامادەی دەکات بکرێتە بنەمای بڕیاردانی"کۆمەڵەی گەلان"لە بارەی چارەنووسی"ویلایەتی موسڵ"ەوە [١٧٣] ئەولیژنەیەش پێکهاتبوون لەسیاسەتمەداری سویدی(أ م.دی ڤیرسن –M.de.wirson )[١٧٤] و دبلۆماس ویاساناس و جوگرافیزانی هەنگاری نێودار "کونت تیلیکی – OuntTeleki)[١٧٥] و ئەفسەری خانەنشین بەلجیلکی(کۆلۆنیل پولس–

---

[١٧٣] - د.جەبار قادر: لەبەر رۆشنایی یاداشتەکانی بڕیاری کۆمیتەی کێشەی موسڵ (کەیەکەم جارە ژمارەکان و ڕاستیە مێژووییەکان بڵاو دەکاتەوەو ئیدعاکان پوچەڵ دەکاتەوە)، گۆڤاری خاك، ژمارە(٨٠)، ساڵی حەوتەم، ٢٠٠٤، ل١٧ .

[١٧٤] - وەزیرێکی کۆنی سوید بووە، لە بواری دبلۆماسیدا کاریکردووە، لە ساڵی ١٩٢٤دا بەسەرۆکی لیژنەی کۆمەڵەی گەلان هەڵبژێردرا بۆ کێشەی ویلایەتی موسڵ، لەبەرئەوەی وڵاتەکەی بەشداری نەکردبوو لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا، بەمەش ناسرابوو، کە بە دوای چارەسەرێکی سەرکەوتووانەدا بۆ کێشەکە دەگەڕێت. (بیار مصطفى سيف الدين: السياسة البريطانية تجاه تركيا وأثرها في كوردستان ١٩٢٣ – ١٩٢٦، ل١٨٣).

[١٧٥] - زانایەکی جوگرافی هەنگاری بەنێوبانگەو سەرباری ئەمەش چەندین پۆستی سیاسی گرنگی بینیووە وەك( وەزیری دەرەوە، سەرۆك وەزیران ١٩٢١..هتد)، ڕۆڵی هەرە گرنگ بۆ ئەم دەگەڕێتەوە لە دووبارەگێڕانەوەی ئەو بەشەی مەجەڕ کە لە شەڕی رۆمانیاو سلۆڤاکیا لە دەستی دابوو. ئەو لێهاتووە سیاسی و هەوڵدانەی چەندین جەماوەری بەرفراوانی بۆ دروستکردبوو، دواتر خۆی یەکلاکردەوە بۆ بواری وانە وتنەوە لە(پەیمانگای جوگرافی مەجەری)، کە هەر خۆی سەرۆکی بوو، لە ڕووی کەسێتیشەوە ناسرا بوو بەوەی، کە زانستێکی بەرفراوانی هەیە لەبواری پرسیاردانانندا،





Colonelpaulis)[١٧٦]لەگەڵ کۆمەڵێك شارەزاو یارمەتیدەری وەك (کۆنت هۆراس دی بورتالی سویدی، سەنیورودولوی ئیتاڵی و رۆژهەڵاتناسی هۆڵەندی کرامرز..هتد)، کە(کونت تیلیکی)[١٧٧] لایەنگیری بەریتانیابوو، دووەمیان لایەنگیری تورکیابوو سێیەمیشیان دەوڵەتەکەی لەشەڕی یەکەمی جیهاندا بێلایەن بوو، ..ئەندامانی لیژنەکە بۆ دەستپێکردنی کارەکانیان، ڕۆژی(١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٢٤) لە "جنێف"کۆبوونەوەو (أم.دی.ڤیرسن)یان بەسەرۆك هەڵبژارد، چەند ڕۆژێکیان تەرخان کرد بۆ پێداچوونەوەو شارەزایی پەیداکردن لەوبەڵگەنامانەی، کە سکرتاریەتی کۆمەڵەی نەتەوەکان "کۆمەڵەی گەلان" دەربارەی هێڵی سنووری"تورکیا –عێراق"ئامادەیان کردبوو، لەگەڵ بەوردی لێکۆڵینەوەیان لەسەر راستیەکانی کۆنگرەی لۆزان و ئەوبارودۆخەدەکرد کە لە دانیشتنەکانی

---

هەر بۆیەش دیاریکرا بۆدانانی پرسیارەکانی راپرس کێشەی ویلایەتی موسڵ. (جرجيس فتح الله : يقظة الكرد تاريخ السياسي ١٩٠٠ –١٩٢٥، ئاراس، اربيل، ٢٠٠٢، ل٣٢٥ –٣٢٧).

[١٧٦] - کۆلۆنێلێکی بەڕەگەز بەلجیکیە، لەماوەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لەسوپای بەلجیکادا بووە، دواتر بەوە تاوانبارکراوە، کە کەوتۆتە ژێر بانگەشەی شەڕی ئەرمەنەکان لەموسڵ، لە کێشەی ویلایەتی موسڵدا سەرەتا سۆزی نواندوە بۆ تورکەکان و دواتر گۆڕاوە سۆزەکەی، بۆیە بەوەناسرابوو، کە زوو زوو هەڵوێستەکانی خۆی دەگۆڕێ.(جرجيس فتح الله : يقظة الكرد تاريخ السياسي ١٩٠٠–١٩٢٥، ل٣٢٨ –٣٢٩).

[١٧٧] - بڕوانە/ عصبة الامم : مسألة الحدود بين تركية والعراق ..، ل١ .؛ عبدالرحمن سليمان الزيباري: الوضع القانوني لإقليم كوردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي العام، ل١١٠.؛ سروه أسعد صابر: كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤ ـ ١٩٢٦، ل٢٩٨.؛ بيار مصطفى سيف الدين: السياسة البريطانية تجاه تركيا وأثرها في كوردستان ١٩٢٣ ـ ١٩٢٦، ل١٨٤ – ١٨٣.؛ ستيفن همسلي لونگريك : العراق الحديث من سنة ١٩٠٠الى سنة ١٩٥٠، و.سليم طه التكريتي، ج ١، ل٢٥٢.

**ئەنجومەنی کۆمەڵو یاداشتەکانی کە هەردوو حکومەتی (بەریتانیاو تورکیا) پێشکەشیان کردبوو. لێرەوە لیژنەکە هێڵێکی گشتی دانا بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی و بڕیاریشیدا لە کۆتایدا کەپێویستە روو بکاتە ئەو نێوچەیەی کە ململانێی لەسەرە لەگەڵ هەردوو حکومەتی نێومللملانێکەدا، چەندین پرسیاریشی ئاڕاستەی حکومەتی "بەریتانیاو تورکیا"کرد بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر لەسەر کێشەکە، پێش ئەوەی گەشتەکەیان دەست پێبکەن.[178]**

**لیژنەکە بەسەرۆکایەتی(ام.دی.ڤیرسن) سەردانی(لەندەن)ی پێتەختی بەریتانیای کردو لەوێ لەلایەن وەزیری هەندەرانی و وەزیری داگیرگەکانی بەریتانیاوە پێشوازی کران، لە کۆبوونەوەی (٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٤)دا(مستەر دایڤرسن)ی بەریتانی بەشاندەکەی راگەیاند:"حکومەتی بەریتانیا هەموو کاتێك وای دەبینیٚ، کە ئەم رێگەیە زۆر باشترە لە راپرسی گشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە"، وەك وەلاٚمێك بۆ تێبینیەکانی(دایڤرسن) شاندەکە رایانگەیاند کە (کۆمەڵەی گەلان) ئەوانیان سەرپشك کردووە لەکارەکانیداو خۆیان بڕیار دەدەن. دواتر لیژنەکە بەریتانیای بەجێهێشتوسەردانی"تورکیا"ی کردو لە لایەن(مستەفا کەمال ئەتاتورك)ەوە پێشوازی کران،[179] پاش چەند کۆبوونەوەیەك تورکەکان بۆچوونی پێشووتریان دووبارەکردەوە کە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پێویستە بەراپرسیەك ئارەزووەکانی**

---

[178] - عصبة الامم: مسألة الحدود بين تركية والعراق ..، ل١. ؛ د.فاضل حسين: کێشەی ولایەتی موسڵ، و.موحەمەد شاکەلی، ل٨٤.

[179] - عصبة الامم : مسألة الحدود بين تركية والعراق...، ل١-٢ .





**ویلایەتەکە یەك لای بکرێتەوە.[180] شاندەکە پاش ئەوەی داوای لەحکومەتەکانی"بەریتانیاو تورکیا"کرد، کە نوێنەری خۆیان دەست نیشان بکەن حکومەتی بەریتانیا بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان لە نێوچەی"ویلایەتی موسڵ" (ئار . ئێف . چاردنی)بۆ ئەم مەبەستە دیاریکردو لەگەڵ وەزیری رێگەوبانی پێشووی عێراق، (سەبیح نەشئەت)[181] یش وەکو نوێنەری حکومەتی عێراق دیاریکرا لەگەڵ لیژنەکەدابێتو حکومەتی تورکیا "جەنەراڵ جواد"ی پشکنەری گشتیی سوپای نێو (دیاربەکر)ی دەستنیشانکردو (کامیل بەگ[182]نازم بەگ نەفتچی"کەرکوك"[183] ،فەتاح بەگ)[184] یش وەکو شارەزاوپسپۆڕی**

---

[180] - د. عبدالرحمن قاسملو: کوردستان و کورد، و.عبدالله حسن زادە، ل٧٩.؛دەزگای راگەیاندنی (ی.ن.ك): کەرکوكو سیاسەتی تەعریب، ل١٤.

[181] - سەبیح نەشئەت، کە نوێنەری عێراق بوو لە" لیژنەی کۆمەڵەی گەلان" بۆ کێشەی ویلایەتی موسڵ، کوردی شاری هەولێر بووە. (کریس کۆچێرا : مێژووی کود لەسەدەی نۆزەو بیستدا، و.حەمە کەریم عارف، ل٨٦)

[182] - کامل بەگی نوێنەری تورکیاش بۆ کێشەی ویلایەتی موسڵ، کوردی شاریکەرکوك بووە. (کریس کۆچیرا: مێژووی کورد لەسەدەی نۆزدەوبیستدا، و.حەمە کریم عارف، ل٨٦).

[183] - نازم بەگ لەبنەماڵەی نەفتچیەکانی کەرکوکەو لەساڵی ١٩٢٤دا وەك نوێنەری تورکیا بۆ نێوچەی کەرکوكو دەوروبەری لەگەڵ لیژنەی کۆمەڵەی گەلاندا دیاریکرا، پێشتریش لەکاتی گەڕانەوەی (شێخ مەحمود) لە(هندستان)، شێخ مەحمود (بابەعەلیو شێخ رەئووفی) راسپارد بچنە ماڵی (نازم بەگ) لەکەرکوك، ئەمەش پێوەندی دۆستایەتی ئەو دووزاتە دەردەخات. (بڕوانە/ م.ر.هاوار : شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب ٢، ل٦٢٦.؛ ستیفن همسلی لۆنگریك : العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ الى سنة ١٩٥٠، و.سليم طه التكريتي، ل٢٥٢ – ٢٥٣).

[184] - ژن برای (شێخ مەحمود) بووە، خەڵکی سلێمانیە.(توێژەر)

نێوچەکە تورك دیاریکردن.[185] پاش تەواوبوونی کارەکانی لیژنەکە لە"تورکیا" لەگەڵ نوێنەرەکانی(بەریتانیاو تورکیا)دا لە ڕێگەی شامو بیابانی سوریاوە روویانکردە بەغداد تا لەڕۆژی هەینی ڕێکەوتی(١٦ی کانونی دووەمی ١٩٢٥)گەیشتنە بەغداد.[186] دواتر لە(٢٧)ی هەمان مانگدا گەیشتنە(شاری موسڵ)بەگەیشتنیان ئەوەیان روونکردەوە، کە پێویستە دانیشتوانی ویلایەتەکە ئامادەیو ئارەزووی خۆیان سەبارەت بە پاشە ڕۆژیان بۆ لیژنەکە بخنە روو.[187] لەلایەکی دیکەوە لەوکاتەدا ئینگلیزەکان کەوتنە خۆئامادەکردن بۆ پێشوازیکردنی ئەو لیژنەیەو هاندانی دانیشتوانی لەشارەکانی (ویلایەتی موسڵ)بۆئەوەی لەکاتی ریفراندۆمەکەدا دەنگ بۆ چوونە پاڵ عێراق بدەن.[188] بۆ نموونە(ئەدمۆنس) شارەزای نێوچەکەو کاربەدەستی ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیا لە"کەرکوك"، شەو ڕۆژی خۆی بۆ ئەوە ئامادەکردبوو کە"باشوری کوردستان"بلکێنرێت بەعێراقەوە، لەهەموو شوێنەکان زۆرتر هانی کەرکوکیەکانی دەداو مشتومڕی هێشتنەوە ئەوشارەی دەکرد، لەگەڵ عێراقداو لەوبارەیەشەوە وتبووی"ئەگەر کەرکوك بەشێك بێت لە کوردستان، دەبێ هەر لەگەڵ عێراقدا بێت".[189] (کورنوالیس) لەبارەی

[185]- د.فاضل حسين: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و.موحەمەد شاکەلی، ل٨٥. ؛ سروه اسعد صابر: کوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤-١٩٢٦، ل٢٩٩.

[186]- عصبة الامم: مسألة الحدود بين تركية والعراق ..، ل٢.

[187]- حامد محمود عيسى: مشكلة الكردية في شرق الاوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١، ل٦٤.

[188]- بڕوانە/ عبدالرزاق الحسني: تاريخ الاحزاب السياسية العراقية، مركز الابجدية، بيروت، ١٩٨٣، ل٨٥ - ٩٠.

[189]- م.ر.هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب ٢، ل١٦٠.





ئەوهاندانەوە نووسیوێتی:"پالپێوەنانی کەرکوك بەرەو هەڵبژاردن کارێکی زۆرچاك بوو من پیرۆزبایی لەئێوە واتە(ئیدمۆندس و میللر)دەکەم، کەئێوە ئەوەندە لە کارەکانی تاریف دەکەن؛ لێرە وەك پێویست لەسەر ئەو هەنگاوەیان حیساب کردووە".[190] هۆکاری ئەو سوربوونەی کاربەدەستانی بەریتانیا بۆ هاندانو هێشتنەوەی "کەرکوك" لەگەڵ عێراقدا، دەگەڕێتەوە بۆ ستراتیژی شوێنەکەیو بوونی نەوتێکی زۆری تێدا.

ئەندامانی لیژنەکە بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان لە(شوباتی ١٩٢٥)دا بەسەر چوار لیژنەی نێوچەییدا دابەشبوون (ام.دی.فیرسن) بە سەرۆکی لیژنەکە دانرا بۆ لیوای(موسڵ)و(کۆنت تیلیکی)بەهاوکاری(کرامزو نازم بەگو لاین)دانرا بۆ لیوای(هەولێر)و(کۆلۆنیل پۆلس) لەگەڵ (سەبیحو کامل بەگ)بۆ(باکوری کەرکوك) بەهاوکاری (پۆرتالیسو فتاح بەگو شارەزایەکی بەریتانی) بۆ نێوچەی (کفری).[191] (کۆلۆنیل پۆلس) دەستی کرد بەچەند گەڕانێك لەنێوچەی کەرکوك و دەوروبەری و چەمچەماڵ، کە(سەبیح بەگ)ی پسپۆڕی حکومەتی عێراقیو(کامیل بەگی)پسپۆڕی تورکی لەگەڵدابوون، لەو گەشتەدا کەبەمەبەستی راپرسی کردنیان نوێنەری هۆزەکانی((عوبید، جبوری، تاڵەبانی، داودە، کاکەیی، هەمەوەند، پشاوەند، سەفیروەند، سەرخان، شەواو..هتد)) بینی. دواتر لەنێوچەکانی دەوروبەری(کفری)(مسیۆر پۆرتالیس) بەیارمەتی(فەتاح)

[190]- وەرگیراوە لە /سیسل جۆن ئید مۆدنس: کور تورك عەرەب، و.حامید گەوهەری، ل٤٢١.بەعەرەبی "کرد وترك وعرب، و.جرجيس فتح الله، ل٣٣٢".

[191]-سليمان عبدالرحمن الزيباري:الوضع القانوني لإقليم كوردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي العام،ل١١٢.

بەگو ئەفسەرێکی بەریتانی شارەزای نێوچەکە جیابوونەوە گەڕانی خۆیان تەواو کرد.[192] (پۆلس) لە ڕۆژی(١٢ی شوبات) لەگەڵ(ئیدمۆندس)داچوونە(ئاڵتون کۆپری)بینیان بێدەنگییەکی تەواو باڵی بەسەر ئەو شارۆچکەیەدا کێشابوو، کاتێك لیژنەکە بەبازاڕدا تێپەڕینو چوونە سەرای حکومەت، هیچ سەرنجی خەڵکیان بۆ لای خۆیان ڕانەکێشاو لەسەرای حکومەت پرسیار لەشاهیدەکان کرا، (پۆلیس) شێوەیەکی باش کە لەگەڵ ڕادەی هۆشی تێگەیشتنی شاهیدەکان دەهاتەوەو پرسیاری لێدەکردن. تورکەکان نێوی کەسیان پێنەبوو، کە وەك شاهید پرسیاریان لێبکرێ، لەبەرئەوە لەنێو لیستەی عێراقییەکاندا حەوت کەسیان بەهەڵکەوت هەڵبژاردو داوایان لە(سەبیحو کامیل)کرد، بەنۆرە وتەی شاهیدەکان وەرگێڕن و لە کاتی پێویستیش هەڵەی یەکتری ڕاست بکەنەوە. ئەو پرسیارانەشی کەدەکران ئەمانەبوون"ڕەگەز، دین، کار، ئامێری ڕاگواستنو بازاڕی سەوداو مامەڵەی بەرهەمەکانوشتی دیکە لەم بابەتە".سەرئەنجام کاتێك هەموو کەس لەوانە دەبوونەوە، لێیان دەپرسین"دەتانەوێت لەگەڵ دەوڵەتی تورکیابن یاعێراق"ئەوانیش هەر ئەوەندەش پێویست بوو بڵێن تورکیا یا عێراق".[193] بەلاّم لێرەدا پرسیار نەدەکرا(چیتان دەوێت)یا(دەتانەوێ دەوڵەتی کوردی دامەزرێ)!!.پاش ئەمانە ئەندامانی شاندەکە چوونە کەرکوكو هەمان پرسیاریان لە خەڵکی کردو تەواویان کردو کۆبوونەوەیەکیان سازدا.دواتر بەرەو (سلێمانی)

---

[192] - عصبة الامم: مسألة الحدود بين تركية والعراق ..، ل٩- ١٠.

[193] - سيسل جۆن ئيدمۆندس: کورد تورك عەەب، و.حاميد گەوهەری، ل٤٩١. بەعەرەبی"کرد وترك وعرب، ت.جرجيس فتح الله، ل٣٦٧-٣٦٨".





چوون بۆ تەواوکردنی بەدوادا چوونەکانیانو پاش گەرانەوەشیان لەسلێمانیەوە بۆ موسڵ، دووبارە لە(کەرکوك و ئاڵتون کۆپری) وەستان، بەمەبەستی تەواوکردنی بەدواداچوونەکانی پێشوویان، کە لەونێوچانەدا ئەنجامیاندابوو، بەهۆی بەشێك لە ئەندامەکانیانەوە، ئەوکات چاویان بەچەند شایەتێکی دیکە کەوت کە ئەندامانی لیژنەکە، لە جاری پێشوودا نەیان توانیبوو بیانبینێتو پرسیاریان لێ بکەن، تا لە(٨ی ئازاری ١٩٢٥)دا بەچاودێر(پۆلس) گەڕانەوە بۆ "موسڵ".[194] لیژنەکە سەرژمێرو خەملێندراوی پێکهاتەی دانیشتوانی "کەرکوك" یان بەم شێوەیە خستەڕوو:-

+عەرەب= ٣٥٫٦٥٠ دەکاتە ٢٨٪ لیواکە

+کورد =٤٧٫٥٠٠ دەکاتە ٤٢٫٥٪ لیواکە

+تورکمان= ٢٦٫١٠٠ دەکاتە ٢٣٪لیواکە

+مەسیحی =٢٫٤٠٠ دەکاتە ٢٪ لیواکە.

+سەرجەمیان =١١١٫٦٥٠دەکاتە ٩٨,٥٪لیواکە.[195]

ئەنجامی ڕاپرسی گشتی لەشاری"کەرکوك" سەبارەت بەکێشەی"ویلایەتی موسڵ" بەم شێوەیەبوو:

١. هەموو مەسحیەکانی کەرکوك بەهەندێك مەرج، پشتگیریان لە عێراق کرد.[196]

---

[194] - عصبة الامم : مسألَة الحدود بين تركية والعراق ..، ل٩ -١٠.

[195] - بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە (٣) ی لاپەڕە (٣٧١).

[196] - عصبة الامم: مسألة الحدود بين تركية و العراق، ل.٩٤؛ د.فاضل حسين: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و. محمد شاکەلی، ل١٦١.

**٢ـ زۆربەی تورکمانەکانی کەرکوک لەگەڵ تورکیادا بوون، جگە لە کەمایەتیەکی کەمیان نەبێت کە بەهۆی ئابووریەوە لایەنگیری عێراق بوون.[١٩٧] تورکمانەکان لە(کەرکوک) کۆمەڵەیەکیان پێکهێنابوو، بۆ مەبەستی هاندانی دانیشتوانی کەرکوک بۆ پشتگیری تورکیا، بنەماڵەی (نەفتچییەکان) رۆڵێکی سەرەکیان لەو کۆمەڵەیدا هەبوو(لونگریگ) لەوبارەیەوە دەڵێت:"بنەماڵەی نەفتچییەکان سەرکردەی ئەوانە بوون، کە داوایان دەکرد ویلایەتی موسڵ لە عێراق جیابکرێتەوە و بخرێتە سەر تورکیا".[١٩٨]**

**٣ـ ئەندامانی لیژنەکە چاوەڕوانی ئەوەبوون کە عەرەبی کەرکوک بەگشتی لەگەڵ عێراقدابن، بەڵام سەیر ئەوەبوو کە زۆربەی عەرەبەکان لایەنگیری تورکیان کرد.[١٩٩] (د.کەمال مەزهەر)لەوبارەیەوە نووسیویێتی:"سەرۆکەکانی هۆزی (عوبیدو جبور)و گەلێك بنەمالەی ناسراوی دیکەی ویلایەتی موسڵی وەك (جەماعەتی ئاغایان، باب البیض، ئەرستۆکراتەکانی ویلایەتەکە)هەموویان دەنگیان داوە، کە(ویلایەتی موسڵ)بکرێتە سەر تورکیا".[٢٠٠]**

---

[١٩٧]- هەمان سەرچاوەکان، ل٩٤؛ ل١٦١.

[١٩٨]- ئیبراهیم عەلاوی: جولانەوەی تۆرانیەت، و.موحەمەد مەلا کەریم، گۆڤاری هیوا، ژمارە(١)، ساڵی سێیەم، تشرینی دووەم، ساڵی ١٩٥٩ل٣٢.

[١٩٩]- عصبة الامم : مسألة الحدود بين تركية والعراق...، ل٩٤ . ؛ د.فاضل حسین: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و.موحەمەد شاکەلی، ل١٦١.

[٢٠٠]- دەربارەی هەڵوێستی نەتەوە پەرستانی عەرەب بەرامبەر بەمەسەلەی کورد، بەشی دووەم، کوردستانی نوێ، ژ(٣٢٣٩)، ٢٠٠٣/١٢/٨، ل٨.





**٤ـ سەبارەت بەدەنگدانی کورد ئاڵۆزو نادیاربوو، چونکە ئەگەر بەبێ روونکردنەوە وەربگیرایە لایەنگیری تورکیان دەکرد، بەڵام بەشێکی زۆریان لایەنگیری عێراقیان دەکرد، بەهۆی پاراستنی رێگەوبانی ئابووری،[٢٠١] لایەنگیری شێخەکانی کوردی کەرکوک بۆ عێراق.[٢٠٢] ئەو جیاوازیەی لە نێوان بۆچوونەکانی کوردا هەبوو رۆڵی سەرەکی لە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعێراقەوە بینی دروستنەبوونی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ،[٢٠٣] (ڕەفیق حیلمی) لەوبارەیەوە دەڵێت:"بەشێك لەکوردەکانی لیوای موسڵو هەولێر داوای یەکبوونیان کرد لەگەڵ عێراق، بەڵام لەهەمانکاتدا داوای (ئیدارەیەکی خود موختاری گەورەیان)دەکرد. کوردەکان لە(سلێمانی و کەرکوک) بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی(٦٢ ،٦٣، ٦٤)ی پەیماننامەی سیڤر نزیك یەك نەکەوتنەوە.[٢٠٤] سەبارەت بەو سەرژمێریەی کەلیژنەی(کۆمەڵەی گەلان) خستیە روو، لەگەڵ ئەنجامی زۆرینەی دەنگدەرانی کەرکوک بۆ لکانی"ویلایەتی موسڵ"بەعێراقی عەرەبیەوە، بێ فێڵو هەڵەو کەموکورتی نەبوو، وەك لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەردەکەوێت: –**

---

[٢٠١]- عصبة الامم: مسألة الحدود بين تركية والعراق، ل٩٤. ؛ د.فاضل حسين: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و.موحەمەد شاکەلی، ل١٦١.

[٢٠٢]- سیسل جۆن ئیدمۆندس: کورد وترك وعەرەب، و.حامید گەوهەری، ل .بەعەرەبی "کردو وترك وعرب و.جرجيس فتح الله، ل٣٧٩"

[٢٠٣]- د.کمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التايخ والضمير، ج ١، ل١٢٩.

[٢٠٤]- خلاصة مسئله ی کورد، موصل، ١٩٣٤، ل١٩.

یەکەم//بەریتانیا هەوڵیدەدا، کە لیژنە کە بگەیەنێتە زۆرینەی دانیشتوانی ساویلکەو نەخوێندەواری "ویلایەتی موسڵ" بەگشتیو کەرکوک بەتایبەتی، تا نەتوانن گوزارشت لەبیروبۆچوونەکانی خۆیان بکەن.[٢٠٥]

دووەم//پرۆسەی راپرسیەکە تەنها پیاو ماقولاڵنی شارو شارۆچکەو سەرۆك عەشیرەتەکانو موختارەکانی دەگرتەوە، نەك بەگشتی خەڵکی نێوچەکان، لەهەماکاتدا لیژنەکە لەکاتی ریفراندۆمەکەدا فێڵیان لەکورد دەکردو دەیان پرسی"دەتەویٚ لەگەڵ تورك بژی یان عەرەب؟ یاخود دەیانووت"دەتەوێت ببیت بەبەشێك لە عێراق یان تورکیا؟!نەیاندەوت(سەربەخۆیت دەوێت یاخودنا)".[٢٠٦] هەر ئەمەش بوو وایکرد، کە کورد بەگشتی بەشداری لەراپرسیەکەدا نەکات، لەبەرئەوەی نەیاندەتوانی بەئازادانە بیروبۆچوونەکانی خۆیان دەربڕین.[٢٠٧] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لیژنەکە ئەوەی دووپات کردەوە، کە خەڵکێکی زۆریان بینیووە، کە ئارەزووی جیابوونەوەی تەواویان کردووە لەهەردوو حکومەتی(عێراقو تورکیا).[٢٠٨] لەلای لیژنەکە هیچ بەهەندیش وەرنەگیراوە.

---

[٢٠٥] د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر، ج ١، ل١٩٤.

[٢٠٦]- ئاکۆ عبدالکریم شوانی: شاری سلێمانی لەنێوان ساڵانی ١٩١٨– ١٩٣٢، ل٢٤١.

[٢٠٧]- د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر، ج ١، ل٢٠٦.

[٢٠٨]- د.فاضل حسین: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و.موحەمەد شاکەلی، ل١٦١.





سێیەم//لیژنەکە لەکاتی ڕاپرسیەکەدا نەیانتوانی بگاتە نێوچە دورو شاخاوییەکانی دەوروبەری کەرکوك، بەهۆی زستانی ساردو بەفرو بارانی نێوچەکەوە، کە ئەو ساڵە کوردستانی گرتبووەوە.[٢٠٩]

چوارەم//ئەندامانی هاریکاری لیژنەکە لەنێوچەی کەرکوكو دەوروبەری بەزمانی(تورکی)و (عەرەبی) پرسیارەکانیان دەکرد، کوردەکانیش بەهۆی ئەوەی زۆربەیان ئەو دووزمانەیان بەباشی دەزانی وەڵامیان دەدایە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، کە بەشێکی کوردی کەرکوك بەعەرەب یاخود بەتورك هەژمار بکرێت.لەگەڵ هەموو ئەوفێڵو هەڵەو کەموکورتیانەشدا بەهێزترین بەرگری لەشاری کەرکوکدا روویدا بۆ ئەوەی کەویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر عێراقی عەرەبی.[٢١٠]

لیژنەی کۆمەڵەی گەلان بۆ کێشەی`(ویلایەتی موسڵ) پاش تەواوبوونی ڕاپرسیو کارەکانیان لەویلایەتەکە، بۆگەیشتن بەئەنجامی ڕاست و دروست، گەڕانەوە سەرپەرتوکی مێژوونووسانو جوگرافیزانی کۆنی عەرەبو ژمارەیەك نەخشەی عەرەبی لەگەڵ سەدان نەخشەی سەدەی شازدە بۆ سەدەی بیست، کە لە ئەوروپا ئامادەکرابوون، هەروەها سودیان لەکتێبەکانی گەشتو سیاحتنامەی هەموو رۆژهەڵاتناسانو کتێبەکانی جوگرافیای دواناوەندی قوتابخانەکانی میسر وەرگرت.[٢١١] سەرئەنجام لەرۆژی (١٩٢٥/٧/١٦)دا راپۆرتی خۆیان بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرزکردەوە،

---

[٢٠٩]- پ. د.میم کەمال ئۆڤە: کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ ١٩١٨ – ١٩٢٦، و.سەلام ناوخۆش، ل٥١

[٢١٠]- د.کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر، ج ١، ل٧٨.

[٢١١]- د.فاضل حسین: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و.موحەمەد شاکەلی، ل١٠٨ـ١٠٩.

کە پێکهاتبوو لە(٦٣)لاپەڕەو و(١١)نەخشەی جیاجیای نێوچەکە.[٢١٢] ئەم پێشنیارانەی تێدابوو بۆ روونکردنەوەی بواری نەتەوەیی جوگرافی و ئابوری نێوچەکە:-

یەکەم//لە رووی نەتەوەییەوە: لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆی روون بوەوە کە(پێنج لەهەشتی٨/٥)ی دانیشتوانی(ویلایەتی موسڵ)[٢١٣] کوردن و ئەوان گرنگترین ڕەگەزن لەململانێ کەداو نەتورکن و نەعەرەب. چونکە ئەوان لەتورکەکان جیاوازن لەداب و نەریتداو بەتایبەت مەسەلەی شوێن و پایەی ئافرەت لای کورد بەرزە، تەنانەت لەپێکهاتە ودیمەنی لەشیان لەتورکەکان جیاوازن، کوردەکانی ویلایەتی موسڵ لەچۆنیەتی پێکهاتندا لەکوردەکانی ئێران نزیکترن وەك لەکوردەکانی تورکیا، ئێرانیش نین و بەزمانی ئاری قسە دەکەن.[٢١٤]

دووەم/ لە رووی جوگرافییەوە: لیژنەی لێکۆڵنەوە بۆی روون بوەوە، کە عێراقی عەرەبی لە(حەمرین) بترازێن دریژبوونەوەی نییە، لەسەرجەم سەرچاوە جوگرافیەکاندا هەر لەرۆژگاری هاتنی عەرەبی ئیسلام بۆ ئەم دەڤەرە تا ساڵی١٩٢٥، بەهیچ شێوەیەك ئەو زەویانەی ململانێیان لەسەرە وەك بەشێك لەخاکی عێراق تەماشایان نەکراوە تەنانەت لەرابردوودا

---

[٢١٢] - د.ابراهيم خليل أحمدو د.جعفر عباس حميد: تاريخ العراق المعاصر، ل٤٨.

[٢١٣] - سەبارەت بەپێکهاتەی نەتەوەیی شاری کەرکوک (پۆلس)، کە ئەرکی کۆکردنەوەی راستیەکانی ئەوشارەی لەسەرشان بوو دەڵێت: " بەوەڕازی بوون، کە ئەگەر بەشی زۆری دانیشتوانی شارەکە تورك بن، ئەوا زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتوانی لیواکە کوردن". (د.کمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير،ج ١،ل١٩٥)

[٢١٤] - عصبة الامم: مسألة الحدود بين تكرية والعراق ..، ل٦٦- ٦٧.





نێوی(عێراق)لای دانیشتوانی ویلایەتەکە نێویکی نەبیستراوبووە، هەروەها شاری(کەرکوک) بەدەستی کوردبنیادنراوە و ئەم نێوچەیەش نیشتمانی(گوتیەکان) بووە. سەبارەت بەبیانووی تورکیا کەگوایە "ویلایەتی موسڵ" بەشێکی دانەبڕاوە لەنێوچەی(ئەنادۆڵ)ئەوا لیژنەکە پێی وابوو کەئەم مەسەلەیە راست نییە، چونکە ئەو نێوچەیە کوردستانەو بەشەکەی (رۆژئاوای کوردستان - کوردستانی سوریا)لێکیان دادەبڕێت.[٢١٥]

دواپێشنیازی لیژنەی"کۆمەڵەی گەلان"بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی موسڵ، ئەوەبوو ئەگەر حاڵەتی لێکدانەوەی لایەنەکانی ڕەچەڵەك وەربگیرێت، ئەوا وا بەچاك دەزانێت کە"دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ" دروست بکرێت، بەڵام لەحاڵەتی لێکدانەوەی لایەنی ئابورییەکاندا لیژنەکە پێشنیاری ئەوەی کرد کەویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر عێراق بەلەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:-

١- عێراق بۆ ماوەی(٢٥)ساڵ لەژێرسایەی مانداتی بەریتانیادا بمێنێتەوە.

٢. مافی کەمەنەتەوایەتیەکان بەگشتی و کورد بەتایبەتی رەچاو بکرێت، لە رووی بەکارهێنانی زمان و خوێندن و نووسین و دامەزراندنی فەرمانبەرانی خۆیان لەنێوچەکەدا، لەگەڵ پێڕەوکردنی دابوونەرێتەکانیاندا.[٢١٦]

---

[٢١٥] - هەمان سەرچاوە، ل٦٧ -٦٨.

[٢١٦] - عصبة الامم: مسألة الحدود بين تركية والعراق، ل١١١.

(کۆمەڵەی گەلان)بۆ دەنگدان لەسەر ڕاپۆرتی (لیژنەی کۆمەڵەی گەلان بۆ کێشەی ویلایەتی موسڵ) بە ئامادەبوونی (٦٠)ئەندام لە(١٠٠) ئەندامی کۆمەڵەکە، لە ڕۆژی(١٦ی کانونی یەکەمی١٩٢٥)دا کۆبوونەوە و دەنگیان سەبارەت بەراپۆرتەکەدا کە(٣٧)بە بەڵێ و(٢٤) بە نەخێرو(٨) دەنگی سپی،[٢١٧] راپۆرتەکەیان پەسەندکرد، کە لەمانە پێکهاتبوون:

ا//هێڵی برۆکسل[٢١٨] باشترین هێڵە بۆ دەستنیشانکردنی سنووری نێوان(عێراق– تورکیا).

ب//پێویستە حکومەتی بەریتانیا ئاگادار بکرێتەوە بۆ پێشکەشکردنی پەیمانێکی نوێ لەگەڵ عێراق، کە بەردەوام بوونی سیستێمی ماندات بۆ ماوەی(٢٥)ساڵ دابین بکات، وەك لە ڕێکەوتننامەی هاوکاری نێوان بەریتانیای مەزن و عێراقدا دیاریکراوەو هەروەها ئەو بەڵێنەی حکومەتی بەریتانیا کەئەنجومەن لە(٢٧ ی ئەیلولی ١٩٢٤)دا پەسەندی کرد، بەومەرجەی بەپێی خاڵی یەکەمی پەیرەوی کۆمەڵە عێراق تاکۆتایی ئەوماوەیە لە کۆمەڵدا وەرنەگیرێت هەر کاتێکیش لە ماوەی شەش مانگدا لە(١٦ی کانونی یەکەمی١٩٢٥)وە ئەنجومەن ئاگادارکرایەوە لەجێبەجێکردنی ئەو مەرجە، پێویستە ئەنجومەن ڕایبگەیەنێ کە

---

[٢١٧] - سیسل جۆن ئیدمۆنس: کورد تورك عەرەب، و.حامید گەوهەری، ل٤٦٦ .، بەعەرەبی (کرد وترك وعرب)، و.جرجيس فتح الله، ل ٣٤٩ .

[٢١٨] - هێڵی برۆکسل : هێڵێکی وەهمی بوو، کە وەك سنورێك لەنێوان (تورکیاو ویلایەتی موسڵ) کێشرا، لەبەرئەمەش نێوبراوە بەهێڵی (برۆکسل)، چونکە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی (کۆمەڵەی گەلان) بۆ دیاریکردنی ئەم سنوورە لە(برۆکسل)ی پایتەختی (بەلجیکا) لە ڕۆژی (٢٠ی ئەیلولی ١٩٢٤)دا ئەنجام درا. (د.فاضل حسين:کێشەی ویلایەتی موسڵ، و.موحەمەد شاکەلی، ل٨٠).





بڕیارەکەی کۆتاییە و هەنگاوی پێویست بنێت بۆ مسۆگەرکردنی دارشتنی هێڵی سنوور بەسەرزەویدا.

ج/پێویستە حکومەتی بەریتانیا ئاگادار بکرێتەوە بۆئەوەی کەبەرنامەی پێویستی دابینکردنی مافە ئیدارییەکانی کورد پێشکەش بەئەنجومەن بکات.

د/پێویستە حکومەتی بەریتانیا ئاگادار بکرێتەوە، بۆ ئەوەی راسپاردە تایبەتییەکانی لیژنەکە جێبەجێ بکات.[٢١٩] سەرئەنجام دوای واژۆکردنی پەیماننامەی(بەریتانیا – عێراق) لە ڕۆژی (١٣ی کانونی دووەمی ١٩٢٦)داو واژۆکردنی پەیمانامەی(بەریتانیا – تورکیا – عێراق) لە ڕێکەوتی(٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦)د،[٢٢٠] ویلایەتی موسڵ بە(کەرکوك)یشەوە بە پادشانشینی عێراقەوە لکێنرا، ئەم پێوەلکاندنە بەعێراقەوە لەلایەن بەریتانیاوە بەشێوەیەکی زۆرە ملێ، هەڵێك بوو بۆ گەشەسەندنی سیاسەتی بەعەرەب کردنی(باشووری کوردستان)بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی.[٢٢١]

لێرەوە بەدەردەکەوێت بەریتانیا لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی لە ویلایەتی موسل و شاری کەرکوك بە هۆی بوونی نەوتێکی زۆری ژێر زەوی تیایدا، بە تایبەتی ویلایەتی موسلی لکاند بە عیراقی

---

[٢١٩] - بڕوانە/ د.فاضل حسين: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و.موحەمەد شاکەلی، ل٢٢٦ .؛ عبدالرحمن سليمان الزيبارى: الوضع القانوني لأقليم كوردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي العام، ل١٢٥ .؛ خاليد دلير : كيف الحقت كردستان الجنوبية بالدولة العراقية ؟، ط ٢ ، ل١٠.

[٢٢٠] - د.ابراهيم خليل أحمد ود.جعفر عباس حميدي: تاريخ العراق الحديث، ل٤٩.

[٢٢١] - د.فواد حمه خورشيد : كركوك قلب كردستان، ل٨٠ – ٨١.

عەرەبییـــەوە، هەرچـــەندە دژایـــەتی زۆر کـــرا لـــە نێوخـــۆ و دەرەوەش بـــۆ سەرنەکەوتنی ئەو پرۆژەیەی.

## تەوەرەی سێیەم:
## "هەڵوێستی دانیشتوانی کەرکوك بەرامبەر بەئاشوبی ٤ی ئایاری ١٩٢٤":-

**ڕووداو یاخود ئاشوب(فیتنەی)ی مانگی(ئایاری ١٩٢٤)ی شاری کەرکوك لەنێوان هێزی (لیڤی)[٢٢٢] ئاشوری و دانیشتوانی شارەکەدا، لەدەرئەنجامی کۆمەڵێك فاکتەری ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ هەڵایسا، کە لێرەدا هەوڵدەدرێت هەریەکەیان بەجیا باس بکرێت:-**

**یەکەم//فاکتەرە ناڕاستەوخۆکان: لەگرنگترین ئەوهۆکارە ناڕاستەوخۆیانەی، کە بوونە بنچینە بۆ هەڵایسانی فیتنەی شاری کەرکوك، ئەمانەن:-**

[٢٢٢] کاتێك بەریتانیا عێراقی ئێستای داگیرکرد، هێزێکی نێوخۆیی تێدا دامەزراند، بەمەبەستی شوێن گرتنەوەی هێزەکاراکانی خۆیان و کەم کردنەوەی خەرجیە سەربازیەکانیان و لێدانی ڕاپەرینو بزوتنەوەکانی نێو عێراق، ئەم هێزە لەنەتەوەجیاکانی عێراقو تەیارییەکان، کە لە تورکیاوە هێندرابوو بە نێوی (شوبانە، لوبی، لیڤی) پێکهێنران، ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩٢٣دا هێزێکیان لە تەیارییەکان برد بۆ موسڵو نێویان لێنان (ئاشوری)یەکان بەئامانجی ئەوەی کەئەمانە پاشماوەی (دەوڵەتی ئاشورین)، ئەو دەوڵەتەی کەلەلایەن (دەوڵەتی میدی)ەوە پێش(٢٦)سەدە لەنێوچوونو نەمان، تائەمڕۆش شوێنەوارەکانیان لەقووڵایی زەویدایە. (بڕوانە//الملا جميل الروزبياني : كركوك في العهد الاستعمار البريطاني والعهود التالية، ت.أنور مندلاوي، انترنيت، ل٥.؛ د.كمال مظهر أحمد : كركوك وتوابعها حكم التاريخ الضمير، ج ١، ل١٢٥.؛ کریس کوچیرا : کورد لەسەردەمی نۆزەدەو بیستدا، و.محەمەد کریم عارف، ل ٧٤-٧٥)





**ا/فاکتەری ئاینی: هەندێك لە مێژوونووسان هۆکاری ئەم ئاشوبە دەبەنەوە بۆ"سۆزی ئایینی" (ئەلمار)لەم بارەیەوە نووسیویەتی"زۆر سانایەکە سۆزداری ئایینی لەگەڵ یاداشتەکانی جەنگو کەمو کورتیەکانی رابردوو تێکەڵ بێت، هەر ئەمەش ببێتە هۆی هەڵایسانی ئاگری دەروونی لە بارەی هەر ململانێیەکی بێماناو سنووردار، ئەمەش لە نێوانی ئاشوری و عێراقیەکان ڕێگەی بەرەو کوشتاری چەکداری گرت"،[٢٢٣] لە موسڵو کەرکوك.**

**ب/فاکتەری نەتەوەیی: هۆکارەکان هەرچیەك بێت لە پشتی ئەم ڕووداوە ئەوا توێژەر ناتوانێت فاکتەری نەتەوەیی فەرامۆش بکات، لەگەڵ ئەوبارودۆخەی کە لەو سەردەمەدا هەبووەو لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی یەوە کەوتبوونەوە، وەك ڕۆڵی ڕاگەیاندنو بانگەشەی لایەنە شەرکەرەکان کە کاریگەری لە دەروونی نەتەوە جیاوازەکانی شارەکەدا دروستکردبوو. بۆنموونە عوسمانیەکان لە پێش جەنگداو لە جەنگیشدا چاکەی تورکمانیان دەدا بەسەر نەتەوەکانی دیکەی شاری کەرکوکدا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی، کە زمانو ڕەگەزی هاوبەشیان هەیەو لەبەرئەوەش تورکمانیان بە حاکمی شارەزای نێوچەکە دەزانیو هیچ بەرامبەریان نییە، بەڵام بەشکاندنی عوسمانیەکان لە جەنگدا ئەم هاوسەنگییە دژی تورکەکان کەوتەوە، بەوپێیەی سوپای (لیڤی)ئاسوری ڕۆڵیان لەو جەنگەدا لە دژی عوسمانی وتورکەکان بینی بوو.[٢٢٤] بەریتانیەکان پشتگیری ئاسورییەکانیان کردو بۆ بەشێکی سوپای (لیڤی) لە کەرکوك،**

[٢٢٣] أپرم شبيرا: الاشوريون في الفكر العراقي المعاصر، دار الساقي، بيروت، لبنان، ٢٠٠١، ل٧٥.

[٢٢٤] مجموعة الباحثين: كركوك مدينة القوميات المتآخية، ل١١٠-١١١.

ئوردوگایەکیان دامەزراند، کە حەزیان لەتورکمانە هاوزمانو هاوڕەگەزەکانی تورکدا نەدەکرد کە ئارەزوویان بەگەڕانەوەی دەسەڵاتی تورك دەکرد.لەلایەکی دیکەوە تورکمانە کانیش لەئاسورییەکان بەگومان کەوتبوون، چونکە ئینگلیزەکان لەوتووێژی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی (ویلایەتی موسڵ)دا ئاسورییەکانیان وەك کارتی گوشار بۆسەر تورکیا بەکاردەهێنا، لەبەرئەوە کەرکوك بەهۆی ئەم نەتەوە ناکۆکانەوە شێواویەکی زۆری بەخۆوە بینی بوو و هەر رووداوێکی بچووك لێی رادەبسترا بقڵیشێتەوە.[225] (ئاسورییەکانی)کەرکوکیش بە حوکمی ئەوەی کاری خراپ و ترسناکیان لەگەڵ ڕۆشنبیرانو خوێندەواری تورکمانو شارەکەدا ئەنجامدەدا بەفیتی داگیرکەرانی کەرکوك، ئەمەش بووە هۆی ئاشوب لە شارەکەدا.[226] (ق.ب.ماتفییق- مارمتی)ئەو ئاشوبەی کەرکوك دەگێڕێتەوە بۆ تێکدانی پێوەندی نێوان نەتەوە جیاکانی شارەکە، لەم بارەیەوە دەڵێت:"سەرجەم دەسەڵاتدارانی عێراق بەجیاکردنەوەی(ریفعەت پاشا)ی موتەسەریفی ڕابردووی موسڵ، کە ئەوتێبینیەکی قورسی هەبوو لەسەر مەسەلەی ئاشورییەکان و لەپێناو یەکێتی نیشتمانی لەنێوان سەرجەم نەتەوەکانی عێراقدا تێدەکۆشا، بەلاّم دەسەڵاتدارانی دیکە

[225] یوسف گۆران: مێژووی سیاسی تورکمان لەعێراقدا ( ١٩١٨- ١٩٩١)، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵنەوەی ستراتیجی، ژ(٣)، ساڵی شەشەم، ١٩٩٨، ل٥٣ .؛ ریاض رشید ناجي الحیدري : الاشوریون في العراق (١٩١٨- ١٩٣٦)، مطبعة الجبوري، القاهرة، ١٩٧٧، ل١٩٤- ١٩٥.

[226] أرشد الهرمزی: الترکمان في العراق، طبع بمطابع دار الزمان، بغداد، ١٩٧١، ل٢٩.





بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بوون کەئاگری ئاشوب لەنێوان نەتەوەکاندا داگیرسێنن"،[227] ئەم سیاسەتە بۆ شاری کەرکوکیش هەروابووە.

ج//فاکتەری بیانی(دەرەکی): سەرباری ئەوەی کە لە کەرکوکدا کۆمەڵێکی زۆرکەمە نەتەوە بەدرێژایی مێژوو لە پاڵ نەتەوەی کورددا ژیاون، بەلاّم ناتوانرێت بەبەڵگە هیچ کارەکتەرێکی توندو تیژی لەنێوانیاندا دیاری بکرێت کەروویدابێت. بەپێچەوانەوە بەدرێژایی سەدەی بیستەمو پێشووتریش پێوەندیەکی زۆر بەهێز لەنێوان ئەم نەتەوانەدا هەبووە ، تەنها دوو پێکدادان روویداوە ،کە ئەویش بە دەستی بیانی پیلانی بۆ دارێژراوە.[228] رووداوی کەرکوك لە دایك بووی ئەوپێکهاتنەبوو کەلەنێوان ئینگلیزو ئاسورییەکاندا کەوتبووەوە، ئەوەی جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە ئەوبەیانەبوو کە(مەندوبی سامی) لە رۆژی(٣١ی ئایاری ١٩٢٤)دا دەریکرد، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:"***حکومەتی بەریتانی ماوەیەکە زۆر بە پەرۆشەوە گرنگی بابەتی کێشەی پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندیەکانی گەلی ئاشوری دەروانێتو خستویەتیە ژێر چاودێریەوە، سەرجەم ئەو خزمەتانەی، کە پێشکەشی هاوپەیمانانیان کردووە لەجەنگی گەورەداو پێوەندیان بەداهاتووی دەوڵەتی عێراقەوە هەیە، بۆیە بڕیارمانداوە، کە هەوڵبدەین سنوریان درێژبکەینەوە بۆ درێژترین سنوور، کە لە تواناادا بێت بۆ باکور، بۆئەوەی، کە زۆرترین نەتەوەی ئاشوری بگرێتەوە، کە بەشی زۆرینەی***

[227] الاشوریون والمسألة الاشوریة في العراق الحدیث، ترجمة. ج.د.أ، الأهالي للطباعة والنشر، دمشق ١٩٨٩، ل١٣٠.

[228] مجموعة الباحثین : کرکوك مدینة القومیات المتآخیة، ل٣٦٠.

*ئاشوری تێدایە، ئەمەش جگە لەوانەی کە لەو نێوچانەدا مردوون و سەر بەحکومەتی ئێرانن. هیواشمان وایە، کە ئەو چیایانەی کە تەیارییەکان وهۆزەکانی(توخوما، ئەلجیلۆ، باز)ی تێدا نیشتەجێن بچنە نێو ئەم سنورەوەو لە دەوڵەتی عێراقیدا رێکبخرێن، ئەمەش نەك بەهۆی ئەوانەی کە مردوون لەو نێوچانەدا بەتەنها بەڵکو جگە لەوانەش ئەو ئاشورییە ئێرانیانەی کەنیشتمانیان ئێران نییە..خاوەن شکۆ" مەندوبی سامی" جەختی لەسەر ئەوەش کردوە کەچەند نێوچەیەکی بۆش هەیە کەزۆر پێویستە پێیان و ودەشچێتە نێو زەوی زاری عێراقەوە، کە(دهۆك، ئامێدی، چیای باکورییەکان)دەگرێتەوە. دەکرێت ئەو ئاشورییانەی کەباسکران لەم کۆتایانەدا بۆهەتا هەتایە تێدا نیشتەجێ بن لە پاش ئەوەی کە حکومەتی ئینگلیز بڕیاریدا کەئەم سیاسەتە باشترین شتێکە کەخزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئاشورییەکان و دەوڵەتیش بکات لەگەڵ یەکدا، حکومەتی عێراقی بانگێشت کرد بۆئەوەی، کە چەند دڵنیاییەکی پێویست لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە دەرببڕێت وەك گەرەنتیەك بۆ سەرکەوتنی ئەو سیاسەتە:-*

*١ـ حکومەتی عێراقی بۆ هەریەکێ لەو ئاشورییانەی بەو شێوە نوێیە نیشتەجێدەبن و سەرجەم ئاشورییەکان، لە نێوچەی (تەیارییە، توخویە، باز، جیلۆ) مردوون، (ئەگەر ئەم وڵاتە لەحکومەتی تورکی بسێندرێتەوە و بدرێتەوە عێراق) بەشێکی زۆرئازادی لە بەڕێوەبردنی نێوچەکانی خۆیاندا پێیبەخشێ، وەك هەڵبژاردنی کوێخای گوندەکانیان و گرتنەبەری چەند ئاماژەیەکی پێویست لە هەریەکێك لە گوندەکان، بۆ کۆکردنەوەی باجانەی کە حکومەتی عێراقی دایناوە ببەخشێت.*





*٢. حکومەتی عێراقی ئەو زەویە بۆشەی، لە سەرەوە کە باسکراون بەبێ هیچ نرخ‌ومەرجێکی دیاری کرا بیداتە ئاشورییەکان.*

*حکومەتی عێراقیش ئەم دوو گەرەنتییەی داوەو ئێستاش لەسەر سنوور، دانوستان دەکات حکومەتی بەریتانیاش دڵنیایەکە بەزووترین کات ئەوسیاسەتەی کەپلانی بۆ کێشراوە جێبەجێدەکرێت بەشێوەیەکی کۆتایی، ئەوەش گەرەنتی ئەوە دەکات کەئاشوریەکان نێوچەیەکی گونجاو فراوانیان هەبێت بۆ نیشتەجێبوون و ئازادبن لەچارەسەرکردنی کاروبارە نێوخۆییەکانیاندا...*

**٣١ ئایاری ١٩٢٤ "[٢٢٩]**

ئەم بەیانەی(مەندوبی سامی)ئەوە بە دەردەخات کە ئەو رووداوەی کەرکوک بەشێك بووبێ لە پلانی ئینگلیزەکان، بە مەبەستی ئەوەی، کە بزانن توانای هێزی"لیڤی"ئاسوری و کاریگەری ئەوان لەسەر تیرۆری دانیشتوان چەندە، بۆشیان روون بێتەوە کە ئایا ئەوان دەتوانن هەستن بەبەکارهێنانی ئەم هێزە لەکاتی پێویستدا بۆ هەموو ئەو رێگر یانەی لە داهاتووی عێراقدا ، کە دێنە پێشیان.[٢٣٠]

د/ دامەزراندنی دەوڵەتی ئاشوری لە باشوری کوردستاندا:یەکێك لە هۆکارەکانی دیکە لەئاشوبی کەرکوك ئەو دەنگ‌و باسانەبوون، کە گوایە(ئینگلیزو فەرەنسا)نیازیان هەیە باکوری عێراق "باشووری کوردستان"بدەن بە ئاشورییەکان.[٢٣١] مەسیحیەکانی ئەم نێوچەیەش

---

[٢٢٩] عبدالرزاق الحسنی: تاریخ الوزارات العراقیه، ج ١، مجلد ١، ط٥، ل١٩٩- ٢٠١.

[٢٣٠] ریاض رشید ناجي الحیدري: الاشوریوین في العراق (١٩١٨ - ١٩٣٦)، ل١٩٧.

[٢٣١] ق.ب ماتفیق (مارمتی) : الاشوریون والمسألة الاشوریة في العراق الحدیث ت ج.د. أ، ل ١٢٩-

بەهاوکاری فەرەنسیەکان داوای دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان دەکرد، لەوسەردەمەدا پەرتوکێکیان وەك بەڵگەنامە بلاوکردەوە لەژێر نێوی (مەسەلەی ئاشوری – کلدانی لە ساڵی ١٩٢٠– ١٩٢١)دا.ئەم پەرتوکە نیوەی لاپەڕەکانی پیادا هەڵدانبوو بەفەرنساو مەنداتی فەرەنسیداو بەحوکمی دیموکراتی فەرەنساو پاڵپشتیکردنی بۆگەلانی نێوچەکە، ئەم کتێبە بەزمانی فەرەنسی لەلایەن(جۆرج دویرا) نێویکەوە نووسرابوو...هەر لەپێشەکیکەیدا ئەو پێشنیارەی(جەنەراڵ غۆروی)مەندوبی سامی فەرەنسا لەسوریا و لوبناندا بلاوکردۆوە، کە داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی(ئاشوری–کلدانی) کردبوو، کە دەروازەی ئەو دەوڵەتەش بەندەری ئەسکەندەروونە بێت و هەموو ویلایەتی موسڵیش بگرێتەوە.[٢٣٢]

هـ / فاکتەری سیاسی: سزانەدانی ئەو ئاسورییانەی کە هەستابوون بە ئەنجامدانی ڕووداو (فیتنە)ی موسڵ،[٢٣٣] هاندەرێك بوو بۆ دووبارە

---

١٣٠.

[٢٣٢] د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر: کوردستان لەسەردەمی ئاشتیدا، د.محەمەد نوری توفیق، ل٢٢.

[٢٣٣] لە(١٥ی ئابی ١٩٢٣)دا لەنێوان ئاسورییە تەیارییەکانی تورکیاو دانیشتوانی موسڵدا دەنگەدەنگو ڕووبەڕووبوونەوەیەك لەبازاڕی (دیرمریم عزا)ڕوویدا، لەدوایدا بۆ ئەم ڕووداوە عەرەبو کوردی چەکداریش بەشداریان تێداکرد، ئەم کێشە لەدادگادا لەلایەن سەرکردایەتی هێزی ئینگلیزەوە گەیشتە ئەوەی، کە بەرنامە بۆ دارێژراو نەبووە، لەبەرئەوە هیچ کەسێکیان سزا نەدا. بەلاَم هەستی دڵەراوکێ لەلایەن هەریەکە لە(ئاسوریەکان)و دانیشتوانی نێوشار دروست بوو، سەرئەنجام ئاسورییەکان گوێزرانەوە بۆ کەرکوك. (ق.ب.ماتفییف (مارمتی): الاشوريون والمسالە الاشوريە فى العصر الحديث، ترجمە م.د أ، ل١٢٩.؛ عبدالرزاق الحسنى: تاريخ الوزارات العراقية، ج١، مجلد ١، ط٥، ل١٩٨ .؛ أبرم شبيرا: الاشوريون في الفكر العراقي المعاصر، ل٧٥).





بوونەوەی ئاشوبێك لەکەرکوك لەلایەن(لیڤی)ە ئاسورییەکانەوە، کە ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوانی ئەوشارەیان کوشت.[٢٣٤] جگە لەمەش هەر لەشاری کەرکوکەوە هێزی (لیڤی)ئاسوری بۆ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا زۆر بەناجۆری دژی جولاَنەوەکانی(شێخ مەحمود) بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی شەڕیان دەکرد.[٢٣٥]

دووەم//فاکتەری ڕاستەوخۆ بۆ ڕووداوە (ئاشوب)ی(٤ی ئایاری ١٩٢٤)ی کەرکوك، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمەقاڵەیەی لە نێوان دووسەربازی (لیڤی) ئاسوری و دوکاندارێکی تورکمانی بازاری کەرکوك دا،[٢٣٦] لەسەر نرخی شمەك[٢٣٧] و کە دواتر ئەمە تەشەنەی سەندو بووە پێکدادانی خوێناوی.[٢٣٨] بەلاَم(م.بێستون عەلی کەریم عەزیز)لەم بارەیەوە دەڵێت :"سەرەتای ئاشووبی کەرکوك لەیەکێك لەچایخانەکانی شارەوە دەستی پێکرد، لەسەر یاری دۆمینە کە لە نێوان سەربازێکی لیڤی و کابرایەکی دووکانداری تورکمانی شارەکەدابوو".[٢٣٩] (جەرجیس فەتحوڵلاَ) نووسیویەتی: "لە بەرەبەیانی ٤ی ئایاری ١٩٢٤دا دوو سەربازی سوپای لیڤی دابەزینە نێو بازاڕ بۆ کڕینی پێداویستیەکانیانو سەرئەنجام دەنگە دەنگ لەنێوان ئەوانو فرۆشیارێکی تورکمانیدا دروست بوو، ئەمە گۆڕا

---

[٢٣٤] رياض رشيد ناجي الحيدري: الاشوريون في العراق ١٩١٨-١٩٣٦، ل١٩٤ .

[٢٣٥] مجموعة الباحثين : كركوك مدينة القوميات المتآخية، ل١١٠– ١١١.

[٢٣٦] رياض رشيد ناجي الحيدري: الاسوريون في العراق ١٩١٨– ١٩٣٦، ل١٩٥.

[٢٣٧] شاسوار.خ.هەرشەمی: مێژووی ئارامیەکان لەکوردستاندا (حەرانی، جو، ئاسوری، سریانی، کلدانی)، چاپی دووەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٢٨٥–٢٨٦.

[٢٣٨] كامل صالەيی: موجز في تاريخ كركوك بين وثائق الماضي ... وحقائق الحاضر، ل٣٤.

[٢٣٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ (م.بێستون علی کریم عەزیز)، ڕۆژی چوارشەممە، سێلمانی، ٢٠٠٦/٤/١٢.

**بۆ پەلاماردانی یەکتری و ژمارەیەکیش لەوکەسانەی لەوێبوون هاوکاری دووکاندارەکەیان کرد. ئەمەش لە دەرئەنجامی چەند زاراوەیەکی ناشیاودا روویدا، بەتایبەتی لەو زاراوانەی کە ئاگر دروستدەکات لە خوێنی رۆژهەلاٌتیەکاندا، لە کاتێکدا کە ئەم وشانە دەوترێت هیچ کەسێك ناتوانێت پەسەندی بکاتو خۆی بگرێت....لەوشایەدانەی کەگەواهیان دا لەبەردەم (کۆمەڵەی سەربازی)دا کەتاوانبارانی تێدا دادگای دەکران، سەربازبوون و تورکمانەکان گویٚ بیستی چەند زاراوەیەکی وەك(ئەچین بۆشەڕ....ئەوکاتە ئەوە ....بەژنەکانتان دەکەین)لەگەڵ چەند ئیشارەتێك بە دەستو چەند ئەندامێکی تردا کە ئاماژەیان بۆ دەکرد....ئەمەش لەڕاستیدا سەرەتایەك نەبوو بەڵکو کۆکەرەوەیەکی سەرجەم ئەو رقانەبوو کەهەر لەسەرەتای پێخستنە نێوەوەی ئەم کەسانەوە بۆ کەرکوك دروست ببوو کەبەئارەزووی خۆیان بەرێگەکانی شاردا دەرۆیشتنو نوێنەرایەتی دەسەلاٌتی پراکتیکی هێزی داگیرکەری ناخۆشەویستیان دەکرد".[٢٤٠]**

**چۆنیەتی راستی ڕۆژی رووداوەکەش بەشێوەیەکی جیاواز باسی لێوەکراوە، ئەم جیاوازیانەش لەنێو نووسەراندا دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نەتەوەییو ئاینی تاڕادەیەك مەزهەبەیش، بەلاٌم بەشێوەیەکی گشتی ئاشوب(فیتنە)کەی مانگی(٤ی ئایاری ١٩٢٤)لەکەرکوك، بەم شێوە بوو:-**

**لەکاتێکدا دووسەربازی هێزی (لیڤی)ئاسوری خەریکی کڕینی پێداویستیەکانیانە بوون لەبازاڕی(قۆریە)ی کەرکوکدا، لەگەڵ یەکێك لەدووکاندارە تورکمانەکانی بازاڕەکەدا دەمەقاڵەیان دەبێتو دواتر دەبێتە**

[٢٤٠] العراق في عهد القاسم، اراء وخواطر ١٩٥٨ ـ ١٩٨٨م، ج ٢، بدون سنة ومكان طبع، ل٧٣. ؛ مجموعة الباحثين : كركوك مدينة القوميات المتآخية، ل١٠٨- ١٠٩.





**شەڕیانو یەکێك لەسەربازە(لیڤی)یەکان بریندار دەبێت.[٢٤١] پاش ئەوەی کە بەبرینداری بۆ بارەگاکەیان دەگەڕێتەوە و کار دەکاتە سەرهەستی هاوڕێکانی و هانیاندەدا بۆتۆڵەکردنەوە لە دووکاندارەکان، بۆ ئەم مەبەستەش دوو تیپ لە هێزی(لیڤی)ئاسوری کەبارەگاکانیان لەنێو کەرکوکدابوو، سوربوون لەسەر تۆڵەسەندنەوەی هاوڕێکانیان[٢٤٢]، بۆیە هەرچی ئامێری کوشتارو جەنگیان هەبوو هەڵییان گرتو بەهێزێکی زۆرەوە چوونە دەرەوەو دابەشبوون بەسەر رێگەکانی شارداو هەرکەسێکیان ببینایە تەقەیان لیٚ دەکرد(ئەو رۆژەش شارقەرەباڵغ بوو بەهۆی نزیك بوونەوەی جەژنی رەمەزانەوە)،[٢٤٣] لەگەڵ ئەوەشدا دزیو تالاٌنیان لە هەندێك لە دووکانوماڵەکان کرد.[٢٤٤] لەوکاتەدا دووپۆلیس[٢٤٥] رووبەروویان بوونەوە تاکو بیانگێرنەوەو وازیان پێبهێنن لەتەقەکردن، بەلاٌم هێزی لیڤییەکان ئەو دوو پۆلیسەیان کوشت.(موراد بەگی**

[٢٤١] بڕوانە "عبدالرزاق الحسنی: تاريخ الوزارات العراقية، ج ١، مجلد١، ط٥، ل١٩٨-٢٠١ .؛ مجموعة الباحثين : كركوك مدينة القوميات المتآخية، ل١٠٧. ؛ لەتيف فاتح فرج، کوردوکەرکوك، ب١، ل٣٣- ٣٤.

[٢٤٢] بڕوانە/رياض رشيد ناجي الحيدري: الاشوريون في العراق ١٩١٨ـ ١٩٣٦، ل١٩٥ . ؛ الملا جميل الوزبياني : كركوك في عهد الاستعمار البريطاني وعهود التالية، ت.انور مندلاوي، انترنيت، ل٥ -٦.

[٢٤٣] بڕوانە/عزيز قادر الصانچی : تاريخ السياسي التركمان العراق، دار الساقي، بيروت، ١٩٩٩، ل١١٩ . ؛ لەتيف فاتيح فرج . کورد وکەرکوك، ل٣٣.؛ مجموعة الباحثين: كركوك مدينة القوميات المتاآخية، ل١٠٧.

[٢٤٤] عصبة الامم: مسألة الحدود بين تركية والعراق...، ل١٠١.

[٢٤٥] (عەبدوڕەزاق حەسەنی) دەڵێت: "ئەو دووپۆلیسە عێراقیە زۆر بەپەرۆشەوە هەوڵیاندا کەڕێگە بگرن لەهێزی (لیڤی)ئاسوری تاخەڵکی بێتاوان نەکوژن، کەچی هەردوو پۆلیسەکەیان کوشت".(تاريخ الوزارات العراقية، ج ١، مجلد١، ط٥، ل١٩٨).

ڕەحمەتوڵلا موبارەك)ی بەڕێوبەری پۆلیسی کەرکوك لەسەرداوای ئەفسەرێکی بەریتانی سەرجەم هێزی پۆلیسی لە بازاڕدا پاشەکشە پێکرد بۆ بنکەکانیان و نەشیهێت بچنەوە بازاڕ بۆ پارێزگاری کردن لە خەڵکی شارەکە.[٢٤٦] هێزەکانی(لیڤی)درێژەیان بەکارە توندو تیژیەکانی خۆیانداو هێرشیانکردە سەر مزگەوت و گەرماوی(ئەحمەد ئاغا)،[٢٤٧] کە لەو کاتەدا تایبەت بوو بە ئافرەتان، بەڵام (عەلی بەستنی مەنمی)پارێزگاری لە گەرماوەکە دەکات و ناهێڵێت لیڤیەکان بچنە گەرماوەکەوە.[٢٤٨] لێرەوە خەڵکی شار ناچاربوون کەخۆیان پارێزگاری لەخۆیان بکەن بەرەنگاری هێزی(لیڤی)ئاسورییەکان بوونەوە، شەڕوکوشتار تائێوارەی ئەو ڕۆژە درێژەی کێشاو سەر لەئێوارەش لیڤیەکان پەنایان بردە بەرماڵە (مەسیحی)یەکانی شارەکە لەبەرئەوە هاو ئاین بوون،[٢٤٩] لەلایەکی دیکەشەوە هەندێك لەپیاوانی هۆزی ڕۆژبەیانی لەلای بنەماڵەی(ساڵح گوڵخان) کەپاسەوان و شوان بوون توانیان(تەیارییەکان)ی نزیك (منارە نەخشینە)ناچاربکەن، کەشوێنەکانیان بەجێبهێڵن.[٢٥٠]

[٢٤٦] بڕوانە/ الملا جميل الروزبياني : كركوك في عهد البريطاني وعهود التالية، ت.أنور مندلاوي، انترنيت، ل٦.؛ رياض رشيد ناجي الحيدري، الاشوريون في العراق، ١٩١٨–١٩٣٦، ل١٩٦.

[٢٤٧] ئەم گەرماوەو زۆربەی گەرماوەکانی دیکەی تری کەرکوك بەیانیان زوو تاکو کاتژمێر (٨) بۆ پیاوانبوو، لەکاتژمێر (٨ –١٢)نیوەڕۆ بۆ ئافرەتان بوو، ئێوارانیش دووبارە بۆ پیاوان بووە.(چاوپێکەوتن لەگەڵ (م.بێستون عەلی کەریم عەزین)، ڕۆژی چوارشەممە، ٢٠٠٦/٤/١٢).

[٢٤٨] لەتیف فاتیح فرج: کوردو کەرکوك، ب١، ل٣٣– ٣٤.

[٢٤٩] مجموعة الباحثين : كركوك مدينة القوميات المتآخية، ل١٨٧ . ؛عبدالرزاق الحسني : تاريخ الوزارات العراقية مجلد ١، ج ١، ط٥، ، ل ١٩٨–٢٠١.

[٢٥٠] الملا جميل الروزبياني: كركوك في عهد الاستعمار البريطاني والعهود التالية، ت.أنور مندلاوي،





ڕۆژی دواتر تورکمان و بەشێك لە خەڵکی شارەکە هێرشیان کردەسەر ئەو ماڵە مەسحیانەی، کە داڵدەی زۆرێك لە سەربازەکانی(لیڤی)ئاسوریان دابوو، هەندێکیان لێکوشتن و ماڵەکانیان تاڵانکردن[٢٥١] (جەرجیس فەتحوڵلا) لەم بارەیەوە دەڵێت:"ئەوەی، کە سەرچاوە عێراقیەکان لێی بێدەنگبوون و بەیەك پیتیش باسیان لێوەنەکردوە ئەوەیە، کە چەند لایەنێك لە دانیشتوانی چەکداری بێسەر و بەرهەستان بە تۆڵە سەندنەوەی خۆیان لە ڕۆژی دواتردا هێرشیان کردە سەرگەڕەکی(مەسیحیە کلدانیە کۆنەکان)و ماڵەکانیان دزین و بە دەیەهاشیان لێکوشتن".[٢٥٢] چەند سەد مەسیحیەکیش بۆ پاراستنی گیانیان پەنایان بردە بەر قەڵای کەرکوك کە بارەگای پشکینەری بەڕێوەبەرایەتی کەرکوك) کە"ئا.تن.مللر" لێبوو.[٢٥٣] لە ئێوارەی (٥ی ئایاری ١٩٢٤) دا (هێزی چەکداری بەریتانی لە عێراق)بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکەو پارێزگاری ژیانی مەسیحیەکانی شارەکە، بەفرۆکە(مەندوبی سامی)و هێزێکی نوێ کەپێکهاتبوو لە لەشکری سوپای(ئینسکتینگ– Iniskilling)پادشایەتی گەیاندە شاری

انترنيت، ل٦.

[٢٥١] سیسل جۆن ئیدمۆندس: کورد تورك عەرەب، و.حامید گەوهەری، ل٤٦٦ـ ٤٦٧؛ بەعەرەبی كرد وترك وعرب، ت.جرجيس فتح الله، ل٣٤٩".؛ عبدالرزاق الحسنى: تاريخ الوزارات العراقية، ج ١، مجلد ١، ط٥، ل١٩٩.

[٢٥٢] العراق في عهد قاسم، اراء خواطر ١٩٥٨– ١٩٨٨، ج ١، ل ٧٣٦ .؛ مجموعة الباحثين : كركوك مدينة القوميان المتآخية، ل١٠٩.

[٢٥٣] يوسف مالك: الخيانة البريطانية للاثوريون، ترجمة وطبع الحركة الديمقراطية الاشورية، بدون مكان طبع، ١٩٨٥، ل٢٠٤

کەرکوك،[٢٥٤] بەگەیشتنی(مەندوبی سامی)بەریتانی بەیانێکی بەزمانی تورکی بۆ دانیشتوانی کەرکوك بڵاوکردەوەو تێیدا بەڵێنیدا کە سزای هەموو ئەوانە بدات کە ڕووداوەکەیان بەسەردا دەسەپێت لە سەربازانی(لیڤی)ئاسوری، قەرەبوو هەموو زیان لێکەوتوانیش دەکاتەوە، ئەمەش دەقی بەیانەکەیەتی: –

"بەوکارە ساتە زۆر زۆر کاریگەربووین کە نیوەڕۆی دوێنێ ڕوویدا، هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە بڕیاردراوە بە ڕۆیشتنی سوپای ئاشوریەکان لە کەرکوك بۆ جێگەیەکی دوور، هەروەك ئێستاش لەلایەن ئەفسەرە بەریتانیە هەڵبژێردراوەکانەوە بەشێوەیەکی تایبەتی لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە دەکرێت، بەڵێنیش دەدەین بە دانیشتوانی کەرکوك ئەگەربێتو تەنها یەك کەس لەوانە کێشەکەبشکێتەوە بەسەریدا کەم تەرخەم نابین لەوەی، کە سزایی یەکلاکەرەوە بدەین بەسەریدا هەروەها قەرەبوو ئەو زیانانەش دەکەینەوە، کە لێتان کەوتووە...

٥ ی مایسی ١٩٢٤

مەندوبی سامی هـ دوبس"[٢٥٥]

[٢٥٤] سیسل جون ئیدمۆنس: کورد ترك وعەرەب، و.حامید گەوهەری، ل٤٦٦ـ ٤٦٧. بەعەرەبی"کرد وترك وعرب، جرجیس فتح الله، ل٣٤٩–٣٥٠ ".؛ ریاض رشید ناجي الحیدي: الاشوریون في العراق ١٩١٨ – ١٩٣٦، ل١٩٨. ؛ عزیز قادر الصانجي: تاریخ السیاسي لترکمان العراق، ل١٢٢.؛ مجموعة الباحثین : کرکوك میدنة القومیات المتآخیة، ل١٠٨.

[٢٥٥] عبدالرزاق الحسنی: تاریخ الوزارات العراقیة، ج ١، مجلد ١، ط٥، ل١٩٨. ؛ ریاض رشید ناجي الحیدري: الاشوریون في العراق ١٩١٨– ١٩٣٦ ل١٦٩. ؛ مجموعة الباحثین: کرکوك مدینة القومیات المتآخیة، ل١٠٤.





بەدەرکردنی بەیانەکەی مەندوبی سامی(هنری دوبس)بارودۆخەکە ئاسایی نەبووەوە، لەبەرئەوەی هۆزو خێڵە کوردییەکانی دەوروبەری کەرکوك بەبیستنی هەواڵی شەڕوپێکدادانی نێوان هێزی(لیڤی)ئاسوری‌و تورکمانەکان‌و بەبیستنی ئەو هەواڵەی کەزیاتر لە(٥٦)ی تیا کوژراو (١١٠) برینداری[٢٥٦] لەدانیشتوانی کەرکوك هەیە،[٢٥٧] کۆبوونەوەو هەوڵیاندا بۆ هاریکاری تورکمانەکان‌و خەڵکی شارەکە بچینە نێو شارەکەوە،[٢٥٨] بۆ نموونە(شێخ مەحمود)زۆر بەپەرۆشەوە هەوڵیداوە دەیویست لەتۆڵەی ئەوکارەساتەدا(لیڤی)یەکان لەشارەکەدا دەربکات ونەیانهێڵێت.[٢٥٩] بەڵام هێزی بەریتانی ڕێی لە چوونە ژوورەوەی کوردەکان بۆ نێو شارەکە

[٢٥٦] سەبارەت بەژمارەی کوژاوەکانی ڕووداوی کەرکوك، نووسەران ژمارەی جیاوازیان نووسیوە، بۆنموونە (عەبدولرەزاق حەسەنی) پێیوایە (٥٦) کوژراو (٤٤) بریندار هەبووە (أ) د.جەرجیس فەتحوڵلاْ) لای وایە (٥٦) کوژراو (١١) بریندار هەبوون (ب)، (بێستون عەلی کەریم عەزیز) پێیوایە ژمارەی کوژراوەکانی مەسحیەکان (٥ بۆ ٢٠) کەس بووەو ژمارەی کوژراوانی شارەکەش (٣٠بۆ٤٠)کەسبووەن (ج)، (یونس مالك) پێوایە (٥) سەربازی ئاشوری ٣٠هاولاْتی کوژراون (د)، ( أ – تاریخ الوزارات العراقیة، ج١، مجلد ١، ط٥، ل١٩٨ـ ٢٠٠ . ب – العراق في العهد القاسم اراء وخواطر ١٩٥٨ ـ ١٩٨٨ ـ ل ٧٣٦.ج– چاوپێکەوتنی توێژەر، ڕۆژی چوارشەممە، ٢٠٠٦/٤/١٤ . د – الخیانة البریطانیة للاشوریین، ل٢٠٤).

[٢٥٧] لەتیف فاتح فرج : کورد و کەرکوك، ب١، ل٣٤. ٣٥.

[٢٥٨] عبدالرزاق الحسني: تاریخ الوزارات العراقیة، ج ١، مجلد١، ط٥، ل١٩٨. ؛ ریاض رشید ناجي الحیدري، الاشوریون في العراق ١٩١٨– ١٩٣٦ ل١٩٨. \

[٢٥٩] علاء الدین سوجادي : شۆڕشەکانی کوردوو کۆماری عێراق، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد ١٩٥٩، ل١٠٤.

گرت،[٢٦٠] لەبەرئەوەی هەوڵی هێمنکردنەوەی بارودۆخەکەو پەردەپۆشکردنی رووداوەکانی دەکرد.

کاتێکیش شەوداهات ئینگلیزەکان توانیان هێزی تەیاری(لیڤی)ەکان و دانیشتوانی مەسیحی و جوولەکەکانی نێوقەڵای کەرکوك بگوێزنەوە بۆ دەرەوەی قەڵاکە، وەك گواستنەوەی هێزی(لیڤی) ئاسوریەکان بۆ نێوچەی(بانی مەقان)ی سەر رێگەی نێوان (کەرکوك – سلێمانی).[٢٦١] لەلایەکی دیکەوە (مەندوبی سامی)بەریتانی هەستا بەلادانی(فەتاح بەگ)ی موتەسەڕیفی کەرکوك‌و دانانی (عەبدولمەجید یەعقوبی) لەجێگەی،[٢٦٢] لەبەرئەوەی ئەم کەسایەتیە کوردیە هەوڵی زۆری دابوو بۆ ئاسایی کردنەوە بارودۆخی شارەکە.[٢٦٣] لەگەڵ ئەوەشدا(٣٠)هەزار ڕوپێشی دایە(عەبدوڵلا سافی) برای یەعقوبی تا بەسەر زەرەمەنداندا دابەشی بکات، بەڵام ئەونیوەی دابەشکرد،[٢٦٤] ئەمەش ناڕەزاییەکی توندی لەنێو خەڵکی بازاڕو سادەی شاردا دروستکرد.[٢٦٥]

---

[٢٦٠] یوسف گۆران: کوردو تورکمان تێڕوانینێك بۆ میکانزمەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان،ل٨

[٢٦١] الملا جميل الوزبياني: كركوك في عهد الاستعمار البريطاني والعهود التالية، ت.أنور مندلاوي، انترنيت، ل٦ . ؛ لەتیف فاتح فرج : کوردو کەرکوك، ب١، ل٣٤ .؛ عزيز قادر الصانجى: تاريخ السياسى التركمان العراق، ل١٢٠.

[٢٦٢] علاءالدين سوجادی:شۆڕشەکانی کوردو کۆماری عێراق، ل١٠٤.

[٢٦٣] الملا جميل الوزبياني : كركوك في عهد الاستعمار البريطاني والعهود التالية، ت.انور مندلاوي، انترنيت، ل٦.

[٢٦٤] لەتیف فاتح فرج: کوردو کەرکوك، ب١، ل٣٤.

[٢٦٥] Kurds, Arabs, Britions: Editedand Intraduction , By : D.K.Fieldhouse, London and Newyork, P.١٥٤.





بۆ لێکۆڵینەوەش لەڕووداوەکە لیژنەیەك کەلە(مستەر دواریسن)ی ڕاوێژکاری قەزایی پشتپێبەستراوی مەندوبی سامی و ئەفسەرێکی هێزی فرۆکەوانی پێکهێنراو سەردانی شوێنی رووداوەکەیانکرد، بەڵام ئەم لیژنەیە نەیتوانی تاوانی کوشتن بخاتە سەر هیچ سەربازێکی لیڤی.[٢٦٦] ئەمەش وای لەحکومەتی عێراقی و دانیشتوانەکەی بەگشتی کرد، کە بەڵێنەکانی(مەندوبی سامی) بە ڕووکەش دابنێن.[٢٦٧] سەرۆك وەزیرانی عێراق(جەعفەر عەسکەری)بەیانێکی لەبارەی رووداوەکەوە بلاۆکردەوە و تێیدا دڵتەنگی خۆی دەربڕی‌و ئەوەشی راگەیاند کەلێکۆڵینەوە بەردەوامە، حکومەتی عێراقیش بریاریداوە، کە باشترین ڕێگە بگرێتەبەر بۆ سزادانی ئەنجامدەرانی‌و دادگایی کردنی تاوانباران بەپێی یاسای عێراقی.[٢٦٨] جەماوەری عێراق بەگشتی‌و کەرکوك بەتایبەتی، کەوتنە داواکردنی ئەوەی کە هێزەکانی(لیڤی)ئاسوری بۆ(هیند) بنێردرێنەوە لە جێگەیاندا و پشت ببەسترێ بە سوپای عێراقی.[٢٦٩] ئەمەش بووە هۆی گرنگی پێدانی لەلای حکومەتی عێراقی‌و لە رۆژی ٩ی ئایاری ١٩٢٤دا ئەنجومەنی وەزیران بەسەرۆکایەتی(مەلیك فەیسەڵ)کۆبووەوەو بڕیاریان لەسەر ئەمانەدا:–

---

[٢٦٦] رياض رشيد ناجي الحيدري: الاثوريون في العراق ١٩١٨– ١٩٣٦، ل٢٠٠.

[٢٦٧] مجموعة الباحثين: كركوك مدينة القوميات المتآخية، ل ١٠٤.

[٢٦٨] جريدة الموصل: عدد ٨٠٧، ١٤مايسى ١٩٢٤ ."بيان".

[٢٦٩] العالم العربي : عدد١٣٨، ٤ی ئەیلول ١٩٢٤.

١. دابینکردنی "٣٠,٠٠٠"[٢٧٠] روپیە بۆ قەرەبووکردنەوەی دانیشتوانی زەرەرمەندی ڕووداوەکەی کەرکوك.

٢. چاوخشانەوە بەپشتگیریو بەڵێنەکانی(مەندوبی سامی) لە پێناوی دروستکردنی هێزێکی نێوخۆیی، کە شوێنی هێزی(لیڤی)ئاسورییەکان لە عێراقدا گرتەوە، ئەم کارەش لە ماوەیساڵێکداو بەشێوەیەکی قۆناغبەندی بکریٚ، ئابوری ئامادەکراویش بۆ دابین بکرێت.

٣ . بەڕێوەبردنی لیوای کەرکوك وەك بەڕێوەبردنی لیواکانی دیکەی عێراقی لێبکرێت.[٢٧١]

ڕۆژنامەکانی عێراقیش خۆشحاڵیان بەو کۆبوونەوەیەی(ئەنجومەنی وەزیران)وبڕیارەکانی سەرۆك وەزیران(جەعفەر عەسکەری)دەربڕی، بەو گرنگیپێدانەی بە سەربازگرتنی کەداویەتی، بۆ نموونە ڕۆژنامەی(العراق)وتارێکی نووسیوەو تێیدا باس لەوە دەکات، کە عێراقییەکان پێویستە دەست بە هەستە نیشتمانیو نەتەوەییەکانیانەوە بگرن، ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە، کە عێراق خاوەنی سوپایەکی بەهێزی خۆی نەبێت ناتوانێت داوای مافە لەدەست چووەکانی بکاتەوە،[٢٧٢] ئەم جۆرە وتارانە لەچەندین ڕۆژنامەی دیکە ئەو سەردەمەدا بلاْوکراونەتەوە.

---

[٢٧٠] پێشتریش حکومەتی عێراقی بڕی (١٠)هەزار روپیەی بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکردبوو. (العالم العربى : عدد ١٥، ٣تشرين الثاني ١٩٢٤).

[٢٧١] رياض رشيد ناجي الحيدري: الاشوريون في العراق ١٩١٨-١٩٣٦، ل١٩٩- ٢٠٠، ؛ عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات العراقية، ج ١، مجلد ١، ل٢٠١- ٢٠٢.

[٢٧٢] بڕوانە/ العراق: عدد (١٢٢٤)، ١٩ی ئایاری ١٩٢٤.





دوای چەند ڕۆژێك لەکۆبوونەوەکانی(ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق)، (ئەنجومەنی دامەزرێنەری عێراق) کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لە ڕۆژی "١٥ی ئایاری ١٩٢٤"بۆ ڕووداوەکەی کەرکوك سازدا، تێیدا ئەندامانی ئەنجومەن داواکارییەکیان دایە سەرۆکی ئەنجومەن (عەبدولموحسن سەعدون) وتێیدا داوایانکردبوو کە(حکومەت پێویستە ڕاستی ڕووداوەکەیان بۆ ڕوون بکاتەوە، لەگەڵ هۆکاری ڕووداوەکەو ئەوکارانەشی، کە کراون بۆی).[٢٧٣] لەسەرداواکاری ئەندامانی ئەنجوومەن سەرۆك وەزیران(جەعفەر عەسکەری)ڕووداوەکەی کەرکوکی بەشێوەیەکی چڕ ڕوونکردەوەو جەختی لەسەر سزادانی تاوانبارانی ڕووداوەکە بەتوندترین سزاکردەوە.[٢٧٤] پاش ئەویش"ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزرێنەر"کەوتنە وتوێژکردن لەڕووداوەکەو نوێەرانی کەرکوك لە ئەنجومەنی دامەزرێنەر"ئەوەیان ڕوونکردەوە کەتوندڕەوی هێزی ئاسوری هیچ وێنایەکی نییە هەروەك چۆن هیچ وێنایەکیشی نەبووە لەعێراقدا، داوایان کرد، کە پێویستە یاسا جێبەجێبکرێتو ئاسایش دابین بکرێتەوە لە کەرکوکدا.[٢٧٥] نوێنەری بەغداد(شێخ ئەحمەد داود) وتی:"ئەو سەربازە لیڤیانەی کارەکانیان نامرۆڤانەو خوێنرێژانەیە، جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە لە عێراق دەرکرێن، وتیشی گەلی عێراق ناتوانێت پارێزگاری لەخۆی بکات ئەگەر بە کۆمەڵێکی پڕ چەك دەورە درابێت ...

---

[٢٧٣] بڕوانە / الحكومة العراقية:مجموعة مذكرات المجلس التأسيسي العراقي، ج ١، بغداد، ١٩٢٤م-١٣٤٣ه، ل١٧٩-١٩٠.

[٢٧٤] هەمان سەرچاوە، ل١٩١-١٩٤.

[٢٧٥] الحكومة العراقية: مجموعة مذكرات المجلس التأسيسي العراقي، ج١، ل١٨١- ١٨٢.

رەخنەشی لە حکومەت گرت کە رێگەیان بۆ ئاسان کردووەو کەم تەرخەمیش بوون لەبارەیانەوە".[٢٧٦] نوێنەری هەولێر(موحەمەد شەریف)لە بارەی رووداوەکەی کەرکوکەوە وتی: "دڵتەنگی و پێناخۆش بوون هیچ سوودناگەیەنێ لە پاش ڕووداوەکەی کەرکوکدا، داوای کرد کەگەلی عێراق ئەمە ببێت بەپەند بۆیان و روونی کردەوە کەگرنگی نەدان بەرووداوەکەی موسڵ، بووە هۆی ئەوەی کە لەکەرکوك دووبارە ببێتەوە، حکومەتیشی ئاگادارکردەوە کە پێویستە چەند رێگەو شوێنێکی پێویست بگرێتە بەر بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری، کە لە داهاتوودا لە هەر رووداوێکی هاوشێوەی کەرکوك رێگربن ".[٢٧٧] (فەتحوڵڵا سەرسام)ی نوێنەری"موسڵ"بەنێوی مەسیحیەکانی عێراقەوە پێناخۆشحاڵی خۆی دەربڕی و کاربەدەستانی"لیڤی"ئاسوری بەتاوانباری سەرەکی رووداوەکەی کەرکوك و کوشتنی چەند مەسیحیەکی نێو کەرکوك داناوە، بەنێوی مەسیحیەکانەوە لەعێراق سوپاسی دانیشتوانی موسڵمانی کرد، لەسەر ئەو سۆزە پیرۆزەی کەهەیانەو پێی جیادەکرێنەوە لە خەڵکانی دیکە، داواشی لە حکومەت کرد کە سزای ئەوانە بدات کە کردەوەکەیان بەبێ بەزەیی ئەنجامداوە و چەند رێگەو شوێنێکی کاریگەر بگرێتەبەر بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەم رووداوانە لەداهاتوودا.[٢٧٨] بەم شێوەیە (ئەنجومەنی دامەزرێنەر) کۆبوونەوەی دوازدەهەمی خۆی کۆتایی پێهێنا، کە زۆر بەتوندی دژی رووداوەکەی(٤ی ئایاری ١٩٢٤) وەستایەوەو داوای

---

[٢٧٦] هەمان سەرچاوە، ل١٨٢– ١٨٣

[٢٧٧] هەمان سەرچاوە، ل١٨١.

[٢٧٨] الحكومة العراقية: مجموعة المذكرات المجلسي التأسيس العراقي، ج١، ل١٩٦.





دامەزراندنی دادگای تایبەتی بۆ کرد. سەرئەنجامی ناڕەزایی وداواکارییەکانی (ئەنجومەنی وەزیران)و(ئەنجومەنی دامەزرێنەر)و ئەوفشارەزۆرەی، کە دانیشتوانی عێراق بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی دروستیانکردبوو، دادگایەکی تایبەتی بۆ دادگایی کردنی تاوانبارانی رووداوەکەی(کەرکوك)دروستکرا. کە پێکهاتبوو لە(مستەر بریتشارد) سەرۆکی دادگای سەرەتایی لەموسڵ، (عومەر نەزمی) حاکمی ئاشتی لە کەرکوك، (عەبدولکەریم کەرکوکی) یەکێك لەحاکمەکانی بەسرە، ئەفسەرێکی سەرکردایەتی فرۆکەوانی بەریتانی و (مارشەمعونی ئاشوری[٢٧٩]) ... [٢٨٠] دوای ئەوە (٧) حەوت سەربازی (لیڤی) ئاسووری و دوان لە مەسیحیەکانی کەرکوك دەستگیر کران،[٢٨١] لە(تشرینی یەکەمی ١٩٢٤)دا لەبەردەم دادگای تایبەتی سەربازیدا وەستێنران، دادگاش نەیتوانی بە بەڵگەوە تاوانەکە بدات بەسەرهیچ یەکێکیاندا، لەبەرئەوە ناچار بوو کە حوکمێکی سانایان بەسەردا بدا، بەوەی(هەشت) تاوانباریان حوکمی هەتاهەتاییان بەسەرداداو(نۆیەم) یشیان(پێنج)ساڵ زیندانی بەسەردا درا لەگەڵ کاری زۆر قورسدا.[٢٨٢] بەڵام عێراقیەکان ئەم

---

[٢٧٩] شێخ ئەحمەد داوەری ئەندامی ئەنجومەنی دامەزرێنەر، ڕەخنەی لە ئەندامێتی، (مارشەمعون) بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی رووداوەکەی کەرکوك گرت.( ریاض رشیدناجي الحمیدي:الاثوریون في العراق ١٩١٨ – ١٩٣٦، ل٢٠)

[٢٨٠] مجموعة الباحثين : كركوك مدينة القوميات المتآخية، ل١٠٩.

[٢٨١] رياض رشيد ناجي الحيدري: الاشوريون في العراق ١٩١٨. ١٩٣٨، ل١٩٩. ؛ عبدالرزاق الحسني : تاريخ الوزارات العراقية، ج ١، مجلد ١، ط٥، ل١٩٨– ١٩٩.

[٢٨٢] مجموعة الباحثين: كركوك مدينة القوميات المتأخية، ل ١٠٩

**حوکمەیان پەسەند نەبوو، لەبەر ئەوە چەند ڕێ و شوێنێکی ئاسایش گیرایە بەر هەتا ڕێگە نەدرێت بەکاری توندوتیژی کردنە سەر ئاسوریەکان لە ڕێگەی هاتووچۆکردنیاندا بۆ بارەگاکانیان.[٢٨٣] لەلایەکی دیکەشەوە ئاسوریەکان هیچ گرنگیەکیان نەدا بەو حوکمەی، کە درابوو بەسەر هاوڕێکانیاندا، ئەمەش لەبەرئەوەی ئینگلیزەکان دڵنیایان کردبوونەوە بەوەی، کە ئەم دادگاییە لەدواییدا دەگۆڕێت بۆ بەرژەوەندیان. (عەبدول ڕەزاق حەسەنی)باس لەوە دەکات، کەحکومەتی ئینگلیز زۆری لە حکومەتی عێراق دەکرد، کە لێبوردنێکی گشتی بۆ ئەم تاوانبارانە دەربکات و سەرجەم هەڵەکانی دەقۆستەوە بۆ بەدیهێنانی ئەم لێبوردنە.[٢٨٤] سەرئەنجام پاش دووساڵ لەڕوداووەکەو لەڕۆژی (٢٩ی حوزەیران ١٩٢٦)دا لەژێر فشاری حکومەتی بەریتانیادا حکومەتی عێراق بڕیاری لێخۆشبوونی دەرکرد، بەبیانووی ئەم هۆکارانەی خوارەوە:-**

**١- لەبەرئەوەی کارەکەیان شتێکی کاتی بووەو ڕاستەوخۆ چوونەتە نێووی و پێشتر بەرنامەڕێژی بۆ نەکراوە.**

**٢- لەبەرئەوەی ئەمانە غەریب(بیانیین)وکۆچیان پێکراوە بۆ کەرکوك، بەمەبەستی ڕزگاربوونیان لەو کارەساتانەی کەتووشیان بووەو بۆئەوەی لەژێر سایەی پارێزگاری حکومەتی عێراقدا بژین.**

**٣- خێزانەکانی ئەم تاوانبارانە لەحاڵەتێکی وادان، کە شایەنی بەزەیی پێداهاتنەوەن و پێویستیان بەبەدەستهێنانی بژێوی هەیە.**

[٢٨٣] رياض رشيد ناجي الحيدري: الاثوريون في العراق١٩١٨-١٩٣٦، ل ٢٠٩.

[٢٨٤] تاريخ الوزارات العراقية، ج ١، مجلد ١ ط ٥، ل ٢٠٢-٢٠٣.





**٤- تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەسەر ڕوداوەکە داوای کردووە لەبیر بچێتەوە، لەبەرئەوە ناگونجێت ئەمانە بۆماوەیەکی دوورو درێژ لەزیندانیدا بمێننەوە.**

**٥- کاتێك کە ئەم لێبوردنە داواکراوە،بەچەند مەرجێکەوە پابەندە و ئەوان ناتوانن کە ئازادی ڕەها بەدەستبهێنن، ئەوکات ئەوان هەروەك ئەوە وایە کە دەست بەسەربن لە شوێنێکی دیاریکراودا، کە ئەمەش بۆ لێبوردنیان ڕێگە ئاسان ناکات .**

**لێرەوە(ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق)ڕازی بوو لەسەر ئەوەی، کە ئەمانە ئازاد بکرێن و بنێرێنە گوندی(مای) لە باکووری رۆژئاوای(ئامێدی).[٢٨٥]**

**ڕووداوی(٤ی ئایاری ١٩٢٤)ی کەرکوك چەند شوێنەوارێکی لەسەر یەکەکانی(لیڤی)ئاسوری بەجێهێشت، لەو سیفەتە ئازایەتیەی کە پێی ناسرابوون جیاکردەوە بەمەترسی لەسەر خەڵکی و بەخۆشاردنەوە لەبەرامبەر یاساو دەسەڵاتدا بەدیارکەوتن، ئەمەش بووە نیشانەیەکی ناشیرین بەسەریانەوە.[٢٨٦] لەم ئاشوبەدا دانیشتوانی کەرکوك بە کورد و کەمە نەتەوایەتیەکانی ناویەوە توشی ئازار و گرفتێکی زۆر بوون و لەگەل ئەوەشدا هەڵوێستێکی یەکگرتوویان نیشاندا بەرامبەر بە هێزی (لیڤی)ەکان.**

[٢٨٥] مجموعة الباحثين، : كركوك مدينة القوميات المتأخية، ل ١٠٩-١١٠.

[٢٨٦] رياض رشيد ناجي الحيدري: الاثوريون في العراق ١٩١٨-١٩٣٦، ل ٢١٠.

# ئەنجام

یەکەم // مێژووی دروستکردنی شاری کەرکوك بۆ چەرخێکی ئالۆزونادیار دەگەڕێتەوە، بەلاّم زۆر بەی دۆکیۆمێنت و سەرچاوە مێژووییەکان لەگەڵ ئەوەدان، کە یەکەم بەردی بناغەی ئەم شارە بەدەستی گوتییەکان دانراوە .

دووەم// شاری کەرکوك بەدرێژایی مێژووییەکەی، زیاتر لە ( ٤٥ ) نێوی جیای لێنراوە، هۆکاری ئەم نێوانەش لەلایەن داگیر کارانی کەرکوکەوە، بۆ گرنگی ئەو شارە لەڕووی ( ئابووری ، سیاسی ، بازرگانی)وە دەگەڕێتەوە. داگیرکەران بەم پلانەیان ویستوویانە ناسنامەی کوردی ئەوشارە بسڕنەوە .... وشەی کەرکوك بۆ یەکەم جار لەسەدەی ( نۆیەمی کۆچی _ پانزەی زاینی ) لەلایەن (قەرەقۆینلو)ەوە بەکار هاتووە .

سێیەم // سنوری جوگرافیای شاری کەرکوك بەردەوام لەلایەن داگیرکارانی ئەم شارەوە هەوڵی بچوك کردنەوەی دراوە بۆ مەبەستی شێواندنی شارەکە، هەر ئەمەشە وای کردووە لەسەر سنوری جوگرافیای ئەو شارە لەنێو نووسەرانی نا کورد و تەنانەت کوردەکانیشدا بۆچوونێکی هاوبەش نەبێت .

چوارەم // تایبەت مەندی نێوچە کوردییەکان بەگشتی و شاری کەرکوك بەتایبەتی ڕۆڵی گرنگیان لەڕەنگ ڕێژکردنی سیما بنچینەییەکانی ئەو ڕێکخستنە کارگێڕیانەی، کە لە نێوچەکەدا پەیڕەکراون بەگشتی





هەبووە ، بە تایبەتیش دوای ئەوەی چوونە ژێر دەسەلاّتی عوسمانیەکانەوە.لەبەر ئەوەی سیستێمی کارگێڕی دەوڵەتی عوسمانی لەنێوچەکانی ژێردەسەلاّتیدا بەپێی تایبەتمەندییەکانی ئەو نێوچانەی ژێر دەسەلاّتی گونجێندراوە، لەلایەکی دیکەشەوە بارودۆخی کارگێڕی( إداری) کەرکوك زۆر بەی کات گەندەڵی زۆری تیادا بووە، بەهۆی دووری کەرکوك لەبنکەی دەسەلاّتی عوسمانی و خراپی ئەو فەرمانبەرە تورکانەی، کە لەلایەن دەسەلاّتدارانی عوسمانیەوە بۆی دەنێردران .

پێنجەم// بارودۆخی خوێندن و ڕۆشنبیریی شاری کەرکوك لەکۆتایی دەسەلاّتی عوسمانیدا لەو پەڕی دواکەوتوویی و خراپیدا بوو، ئەو هەولاّنەشی کەدراون بۆ باش کردنی ئەو ڕەوشە زیاتر هەوڵی تاکەکەسی و دانیشتوانی شارەکە بوونە نەك میری . لەگەڵ ئەوەشدا میری لەو کاتەدا هەوڵی داوەزمان و ڕۆشنبیری تورکی بەسەر ئەو شارەدا بسەپێنێت، ڕاستی ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کەخوێندن لەزۆربەی قوتابخانەو تەکیەکاندا بەزمانی تورکی بووە و تەنانەت ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەشی کە لەو شارەدا دەرچوون هەر بەزمانی تورکی بوونەو زمانی کوردی ڕاستەقینەی شارەکەش بەتەواوی پشتگوێ خرابوو .

شەشەم // زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان گەواهی ( شایەتی ) ئەوەدەدەن، کە شاری کەرکوك تا سالاّنی دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم زۆرینەی کورد بووە، لەگەڵ چەند کەمینەیەکی مەسیحی و جوولەکەدا، ئەوژمارە کەمە تورکمانەی کەلەشارەکەشدا هەبوونە تەنها سەرباز و خێزانەکانیان بوون . بەلاّم دوای دۆزینەوەی نەوت لە ساڵی ١٨٧٩ز دا

تیایدا دەوڵەتی عوسمانی کەوتە هەوڵی گۆڕانی دیمۆگرافیای ئەو شارەو ئیتحادو تەرەقییەکانیش زیاتر درێژەیان بەو سیاسەتەدا .

حەوتەم // ئینگلیزەکان دوای داگیرکردنی بەغداد لە ڕۆژی(١١ی ئازاری ١٩١٧)دا دەستی کرد بەجێبەجیٚ کردنی پلانەکانی بۆ داگیر کردنی باشوری کوردستان ( ولایەتی موسڵ ) بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی، ئەو پلانانەشی بریتی بوو لە ( بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی تێگەشتنی ڕاستی بەزمانی کوردی، کە تیایدا بانگەشەی بۆ لایەنەباشەکانی بەریتانیاو دەکرد خراپەکاریەکانی عوسمانی ، پەیوەندیکردن بەسەرۆك خێڵ و هۆزەکوردەکانەوە و بەمەستی هاندانیان بۆ دژایەتی کردنی تورك و ڕاکێشانی سۆزیان بەلای بەریتانیادا بەنێوی ئەوەی کەئەوان ڕزگار کەرن نەك داگیرکەر ، ناردنی سیخوڕەکانیان بەمەبەستی هاندانی دانیشتوانی نێوچەی کەرکوك دژ بە تورك و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر نێوچە کوردیەکان بۆ پلانە سەربازییەکانیان). بەم شێوەیە توانیان لەڕۆژی ٧ی مایسی ١٩١٨ شاری کەرکوك بۆ جاری یەکەم داگیر بکەن، بەڵام پاش(٢٠ )ڕۆژ کشانەوە لێی و دواتر لە ڕۆژی ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ بۆجاری دووەم توانیان کەرکوك داگیر بکەنەوە و سیاسەتی ڕاستەو خۆی خۆیانی تیادا پەیڕەو بکەن .

هەشتەم // سیاسەتی داگیرکەری بەریتانیا لە کەرکوکدا، سیاسەتێکی دووفاقیانەی بەرژەوەندیخوازانە بوو کە خۆی لەگەڵ گۆڕانکاریە نوێیەکاندا دەگونجان، چونکە لە سەرەتای هاتنیان بۆ باشووری کوردستان هەوڵیان دەدا بەنێوی دروستکردنی کیانێکی کوردییەوە، کە کەرکوکیشی





دەگرتەوە، دانیشتوانی ئەو شارە بەلای خۆیاندا کەمەنکێش بکەن، باشترین بەڵگەش پەیمانی ( سیڤر )ە. بەڵام پاشتر، کە بەرژەوەندی یەکانیان بەلای ئەوەدا بوو، کە باشووری کوردستان و لەنێویشیدا کەرکوك بەعێراقی عەرەبییەوە بلکێن، هەموو هەوڵ و تواناکانیان خستە گەڕ بۆ هێنانەدی ئەو مەبەستەیان و بەمەش وازیان لەپەیمانی ( سیڤر ) هێناو پەیمانی ( لۆزان )یان بەست و لەکۆتایشدا بەهەر هۆکارێك بێت ئەو نێوچانەیان بەعێراقەوە لکاند، جگە لەچەند مافێکی کلتوری کەم نەبێت هیچ مافێکی دیکەیان بەکورد نەدا .

نۆیەم// سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە کەرکوك لەنێوان ساڵانی ( ١٩٢٠ – ١٩٢٦ )دا گەورەترین زیانی لەشاری کەرکوك داو کردی بەئاڵۆزترین شاری باشووری کوردستان و عێراق، لەو مێژووە بەدواوە دانیشتوانی کوردی ئەوشارەشی ڕووە و خراپترین جۆرەکانی لەنێوبردن و ڕاگواستن کردەوە.

دەیەم // پەیوەندی دانیشتوانی کەرکوك بەشۆڕشەکانی شێخ محمودەوە، پەیوەندییەکە کۆن و ڕیشەدارەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (شێخ سعید )ی باوکی ، لەکاتی شۆڕشەکانیشیدا ئەو پەیوەندی یەهەرمایەوە و بەردەوام بووە . هۆکاری سەرەکی ئەو پەیوەندییانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە شێخ محمود بەردەوام هەوڵی ئەوەی ئەدا، کە کەرکوك بەنێوچە کوردییەکانەوە پەیوەست بێت، بەڵام بەریتانیەکان دژی ئەوە بوون و دانیشتوانی کەرکوکیش بەزۆر ی لەگەڵ ئەو هەڵوێستەی شێخ محمود دا بوون .

یازدەیەم // بەریتانیا بۆپاراستن و هێنانەدی بەرژەوەندییە باڵاکانی خۆی، هەوڵی ئەدا کەسایەتییەکی لایەنگری خۆی بکاتە شای عێراق، بۆ ئەم مەبەستەش ( فەیسەڵی کوڕی حوسێن ) باشترین کەس بوو بۆ وەرگرتنی ئەو تاجە . بەریتانیەکان دواتر بۆ ڕازی کردنی دانیشتوانی عێراق و شەرعیەت دان بەو کارەیان، لە ڕاپرسییەکی جەماوەریدا ئەو کارەی خۆیان چەسپاند، هەرچەندە لەو ڕاپرسی یەدا دانیشتوانی کەرکوك بەڕێژەیەکی یەکجار زۆر دژی دانانی فەیسەڵ بەشای عێراق دەنگیان دا، ئەمەش واتای ڕەتکردنەوەی سیاسەتی بەریتانیا دەگەیەنێت لەشاری کەرکوکدا .

دوازدەیەم // بە نا دەنگدانی دانیشتوانی کەرکوك بۆ لکاندنی باشوری کوردستان(ولایەتی موسڵ) بە عێراقی عەرەبییەوە، بەهێزترە لە دەنگ نەدانی شاری سلێمانی و بەمەرج دەنگ دان، بە بەڵێی هەولێر و دهۆك بۆ چارەسەری کێشەی ولایەتی موسڵ .

سیازدەیەم // ڕووداو یاخود ئاشوبی ٤ی ئایاری ١٩٢٤ی کەرکوك لەلایەن سوپای ( لیڤی) ئاسوورییەوە، بەشێك بوو لەسیاسەتی بەریتانیا بۆ تێکدانی پەیوەندی نێوان نەتەوە و کەمە نەتەوەکانی شاری کەرکوك و تاقیکردنەوەی تواناکانی سوپای (لیڤی) ئەوە لەو ڕووەوەیە ، کە بتوانێت بۆ کۆکردنەوەی زۆر ترین دەنگ لە بەرژەوەندی لکاندنی ولایەتی موسڵ بەعێراقی عەرەبییەوە سوودی لێوەربگرێت. سەرئەنجامی ئەم ڕووداوەش بە بەرژەوەندی ئاسووریەکان و بەریتانییەکان و زیانی دانیشتوانی کەرکوك کۆتایی هات .

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم:کتێب بە زمانی کوردی:

**ئاکۆ عبدالکریم شوانی:**

١. شاری سلێمانی، ١٩١٨-١٩٣٢،چاپخانەی زانست، سلیمانی،٢٠٠٢.

**ئەحمەد باوەڕ:**

٢. ئوزدەمیرو کورد، چاپخانەو ئۆفسیی بابان، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٣. چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی هاوچەرخی کورد، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی ، ٢٠٠٤.

**ئەحمەد خواجە:**

٤. چیم دی ، چاپخانەی شەفیق، ب١ ، ١٩٦٨ .

٥. چیم دی ، چاپخانەی کامەران ، ب٢، ١٩٦٩ .

٦. چیم دی ، چاپخانەی ڕاپەڕین ، ب٣، ١٩٧٠ .

**ئەحمەد سەید بەرزنجی :**

٧. سایکس پیکۆوترازاندنی جەمسەری کێشەی کورد ، چ٢، چاپەمەنی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٩٨.

**ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر( دکتۆر):**

٨. کوردستان لەسەردەمی ئاشتیدا ، و.محەمەد نوری توفیق ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ،٢٠٠٠.

٩. کوردستان لەسەردەمی ئاشتیدا، و. محمد نوری توفیق، چاپی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦





**ئەژی :**

١٠. چەند بابەتێك دەبارەی مێژووی کورد، چاپخانەی رووناکبیر ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ .

**ئەمین قادر مینە :**

١١. ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان (تەرحیل ، تەعریب ، تەبعیس) سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩.

**ئی.م.دیاکانۆف:**

١٢. میدیا، و.بورهان قانع، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بغداد ، ١٩٧٨.

**ا.م. منتشاشفیلی:**

١٣. کورد ، کورتە پێوەندیی کۆمەڵایەتی ، ئابوری – ڕۆشنبیری و گوزەران ، و.پ.د عزەدین مستەفا رەسول، چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، سلێمانی ، ١٩٩٩.

**پ.د.میم کەمال ئۆڤە :**

١٤. کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ ١٩١٨ – ١٩٢٦ ، و.سەلام ناوخۆش ، چاپخانەی خەبات ، دهۆك، ٢٠٠٠ .

**پارتی دیموکراتی کوردستان ( مەکتەبی سیاسی ) مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە:**

١٥. نەوتی کوردستانی عێراق، بەشی دووەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر، ١٩٩٨ .

**جەزا توفیق تالیب:**

١٦. بایەخی جێۆپۆلەتیکیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق ، سەنتەری لێکۆڵینەوە ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩.

**جەلال تەقی :**

١٧. خەباتی گەلی کورد لەیاداشتەکانی ئەحمەد تەقی دا، چاپخانەی سلیمان الاعظمي ، بەغداد ، ١٩٧٠.

**جليلی جليل:**

١٨. كوردەكانی ئيمراتۆريەتی عوسمانی، و.كاوس قەفتان ، بغداد، ١٩٨٧.

**جمال بابان وئاسۆ بابان وئوميد خاليد:**

١٩. سلێمانی شارە گەشاوەكەم ، بەرگی سێيەم ، چاپو ئۆفسێتی دەزگای سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٠.

**جمال رشيد( دكتۆر):**

٢٠. لێكۆلينەوەيەكی زمانەوانی دەربارەی مێژووی ولأتی كوردەواری،دارالحرية للطباعة ،بغداد،١٩٨٨

**حەسەن ئەرفەع:**

٢١. كوردەكان ، و.سەردار محەمەد، چاپو پەخشی سەردەم ، سلێمانی، ٢٠٠١.

**حەمە كەريم عارف :**

٢٢. كورد لەئينسكلۆپيدياى ئيسلامدا ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبيری ، هەولێر ، ١٩٩٨

**خەبات عەبدوڵلا :**

٢٣. بنەما تيۆرييەكانی جوگرافيای عەسكەری كوردستان باشوری ، چاپی يەكەم، چاپخانەو ئۆفيستی تيشك ، ٢٠٠١ .

**خەسرەو گۆران:**

٢٤. كورد لەپارێزگای موسڵ، دەزگای چاپو بلأوكردنەوەی ئاراس، هەولێر ، ٢٠٠٢.

**دارا ئەحمەد كەريم بەگ:**

٢٥. كەريم بەگی فتاح بەگی هەمەوەند(بەشێك لەمێژووی رزگاريخوازی گەلی كورد)، دەزگای چاپو بلأوكردنەوەی موكريان، هەولێر ، ٢٠٠١

**دەزگای راگەياندنی (ی.ن.ك):**

٢٦. كەركوك و سياسەتی تەعريب ، چاپخانەی ئيبراهيم عەزۆ ، ١٩٨٥.

**ديڤد ماكداول:**





٢٧. مێژووی هاوچەرخی كورد، و.ئەبوبەكر خۆشناو ، ب ١، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٢.

**ڕاديۆی گەلی كوردستان:**

٢٨. سێ وتاری گرنگی هەڤاڵ مام جەلال سكرتێری گشتی (ی.ن.ك)، ساڵی سلێمانی، ١٩٩١.

**راگەياندنی پارێزگای كەركوك:**

٢٩. چوارساڵ كارو خزمەتو بوژانەوەو ئاشكراكردنی سياسەتی راگواستن و تەعريب ١٩٩٦_ ١٩٩٩ ، چاپخانەی سانا، كوردستان ، سلێمانی ٢٠٠٠.

**رەفيق حيلمی :**

٣٠. يادداشت ، ب ١+٢ ، چاپخانەی رۆشنبيری لاوان، ١٩٨٨.

٣١. يادداشت، ب٣ ، دار الحرية للطباعة ، بغداد،١٩٩٢ .

**رەفيق صالح و كەمال فوئاد:**

٣٢. سێ رۆژنامەی رۆژگاری شێخی نەمر ١٩٢٢ _ ١٩٢٣ ، چاپخانەی بەدرخان ، سلێمانی ، ٢٠٠١.

**رەمزی قەزاز:**

٣٣. بزووتنەوەی ڕۆشنبيری و سياسی كورد لەكۆتايی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بيست، چاپخانەی ژين ، سلێمانی ، ١٩٧١ .

**سەربەست كەركوكی:**

٣٤. راپۆرتی كارگێڕی دەڤەری كەركوك (ماوەی ١ی كانونی دووەم تا ٣١ی كانونی يەكەمی ١٩١٩)، بنكەی ژين، سلێمانی،٢٠٠٦.

**سەروەر ئەحمەد كريم:**

٣٥. چەمچەماڵ بەر لەمەملەكەتی ئاشور تاحكومەتی هەرێم ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبيری ، سلێمانی، ٢٠٠٣.

**سەعید بەشیر ئەسکەندەر( دکتۆر ):**

٣٦. سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، و. جەوهەر کرمانج، چاپخانەی داناز ، سلێمانی، ٢٠٠٤.

**سەلام ناوخۆش:**

٣٧. هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعێراقی عەرەبی یەوە، چاپخانەی ژیان، هەولێر، ٢٠٠٠ .

**سمکۆ بەهرۆز محەمەد ( ئەژی ):**

٣٨. مێـژووی سـەردەمە کـارگێڕیی و بەڕێوەبەرییـەکانی پارێزگـای کـەرکوك، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك، ٢٠٠٥.

**سمکۆ جەباری :**

٣٩. کۆی بەرهەمە کوردیەکانی نووسەری شەهید جەبار جەباری ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی، ٢٠٠٤ .

**سیسل جۆن ئیدمۆندس:**

٤٠. کـورد تـورك عـەرەب، وحامیـد گەوهـەری، دەزگـای ئـاراس ، چ٢، هـەولێر، ٢٠٠٤ .

**شاسوار.خ.هەرشەمی:**

٤١. مێـژووی ئارامیـەکان لەکوردسـتاندا (حـەرانی، جـو ، ئاسـوری ، سـریانی، کلدانی)، چاپی دووەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

**شاکر خصباك:**

٤٢. کوردو مەسەلەی کورد، و.ئەمین موتابچی ، سلێمانی، ١٩٦١ .

**شەرەفخانی بەدلیسی:**

٤٣. شـەرەفنامە، و.هـەژارموکریانی، چـاپخانەی کـۆڕی زانیـاری کـوردی ، بغـداد، ١٩٧٣.





**صالح قەفتان:**

٤٤. مێژووی نەتەوەی کورد لە کۆنەوە تـا ئـەمڕۆ : چاپخانەی الاعظمـی ، بغـداد ، ١٩٦٩.

**صدیق صالح :**

٤٥. حکومەتی کوردستان لە سلێمانی ( ١٩١٨ – ١٩٢٤ ) ،سلێمانی ،٢٠٠٣.

٤٦. بەسـەرهاتی کاکەڕەشـید شـەوقی ، چـاپخانەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، سلێمانی،٢٠٠ .

**باروند ئیدوارد نۆڵد :**

٤٧. گەشـتێك بەعەرەبسـتان و کوردسـتان و ئەرمەنسـتاندا ، و/د.حەمیـد عـەزیز ، بەشی دووەم ، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری ، هەولێر، ٢٠٠٤.

**عبدالرحمن قاسملو :**

٤٨. کوردستان وکورد، و..عبدالله حسن زادە، بنکەی پێشەوا ، ١٩٧٣.

**عەبدولرەقیب یوسف:**

٤٩. مێجـەر نوئیـل سـەرنجێکی بـاوردۆخی کـورد، و.سـدیق صـاڵح ، چـاپ و ئۆفسێتی سەرکەوت، سلێمانی، ٢٠٠١.

**عەبدولکەریم مارف بەرزنجی:**

٥٠. کارکۆك لەمێژوودا ، چاپخانەی خۆیبوون ، دانیمارك، ئازاری ٢٠٠١.

٥١. نێوان حەمرین و سەرگرمە، چاپخانەی خۆیبوون، دانیمارك، ٢٠٠٤.

**عەبدوڵلا عەلیاوەیی( دکتۆر ):**

٥٢. کوردسـتان لەسـەردەمی دەوڵـەتی عوسمانیـدا ، سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی ستراتیژی کوردستان ، سلێمانی ،٢٠٠٤.

**عەبدوڵلا غەفور( دکتۆر ):**

٥٣. جوگرافیـای ئـابوری نـەفت لەکوردسـتاندا، چـاپی دووەم ، چـاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ، سلێمانی، ٢٠٠٢.

**عەزیز شەمزینی:**

٥٤. جوولانـەوەی رزگـاریخوازی نەتـەوەی کوردسـتان ، و.فەریـد ئەسەسـەرد، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان ، سلێمانی، ١٩٩٧.

**عەزیز شەریف :**

٥٥. مەسەلەی کورد لەعێراق ، و.حەمە کریم عارف ، بێشوێنی چاپو چاپخانە ،٢٠٠٥ .

**علاء الدين سوجادي :**

٥٦. شۆڕشـەکانی کـوردوو کۆمـاری عێـراق ، چـاپخانەی مـەعاریف ، بەغـداد، ١٩٥٩.

**عەلی جواد :**

٥٧. کوردستان لە چاپکراوەکانی عوسمانیدا ، و.فەیسەڵ دەباغ، هەولێر ،٢٠٠٢.

**عوسمان عەلی( دکتۆر):**

٥٨. چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، و کامـەران جـەمال بابان زادە، چاپخانەی دێکان ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ .

**فاضل حسين:**

٥٩. کێـشەی ولایـەتی موصـل، و.محمـد شـاکەلی ،چـاپخانەی خـاك، سـلێمانی ،١٩٩٩.

**فەرهاد پیرباڵ ( دکتۆر ):**

٦٠. ژەنـەراڵ شـەریف پاشـا (١٨٦٥– ١٩٥١) ، کۆمپیوتـەرو ئۆفـسێتی دەزگـای سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠١ .

**کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین ( کامەران مەنتیك ) :**

٦١. کوردسـتان لـەنێوان ململانێـی نێودەوڵـەتی و ناوچـەیدا ١٨٩٠ – ١٩٣٢، چاپو ئۆفسێتی دەزگای سەردەم ، سلێمانی ٢٠٠٠.





**کەریم زەند :**

٦٢. کورتەی جوگرافیای کوردستان ، چاپخانەی ئەزمەر ، ٢٠٠٠.

**کەریم شارەزاو جەبار جەباری:**

٦٣. ئەسیری شـاعیرێکی شۆڕشگێڕی قۆنـاغی دوای حـاجی قـادری کۆیی ، بێ شوێنی چاپ، ١٩٧٤.

**کەمال مەزهەهر ئەحمەد( دکتۆر ):**

٦٤. کوردسـتان لەسـاڵانی شـەڕی یەکـەمی جیهانیـدا، چـاپخانەی کـۆڕی زانیـاری کورد،بەغداد، ١٩٧٥،

٦٥. تێگەیـشتنی ڕاسـتی و شـوێنی لەرۆژنامەنوسـی کوردیـدا، چاپخانـەی کـۆڕی زانیاری، بەغداد، ١٩٧٨.

٦٦. چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، ب ١ ،چاپخانەی (الاديب البغدادية)، بەغداد ، ١٩٨٥.

٦٧. چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، ب ٢، چاپخانەی وەزارەتی پـەروەردە، هەولێر ، ٢٠٠١ .

**کریس کوچێرا :**

٦٨. کورد لەسەدەی نۆزەدەوبیستدا، و.حەمەکەریم عارف ، چاپخانەو ئۆفسێتی شڤان،سلێمانی، ٢٠٠٣.

**کۆمیسیۆنی ئامووزش :**

٦٩. مێژووی بزوتنەوەکانی گەلی کورد (قۆناغی دووهەم شەڕی یەکـەمی جیهـانو بزوتنەوەکانی گەلی کورد) ، بێشوێنی چاپ ، رەشەمەێی ١٣٧٠.

**کلۆدیۆس جیمس ریچ:**

٧٠. گەشتی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و.محەمەد حمـە بـاقی ، ئێـران ، تـەورێز ، ١٩٩٢.

**لەتیف فاتح فرج:**

٧١. کوردو کەرکوك،ب١ ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی،٢٠٠٢.

**م. ر. هاوار :**

٧٢. شـێخ محمـود قارەمـان و دەوڵەتەكـەى خـوارووى كوردسـتان ، ب ١ ، جـاف پيرس ، لەندەن ، ١٩٩٠ .

٧٣. شێخ محمود قارەمان و دەوڵەتەكەى خوارووى كوردستان،ب ٢، جاف پيرس، لەندەن ، ١٩٩٠ .

٧٤. كـوردو بـاكورى كوردسـتان لـەدواى شـەڕى يەكـەمى جيهانـەوە هـەتا دواى شۆڕشى شێخ سەعيدى پيران، بەرگى دووەم ، ناوەندى چاپەمەنى خاك، سلێمانى، ٢٠٠٢ .

**م.س. لازاريف:**

٧٥. كێشەى كورد (١٨٩٦ –١٩١٧)،و. كاوس قەفتان ، ب١+ ٢، مطبعة جـاحظ ، بغداد، ١٩٨٧.

**مەلا عەبدوڵلاى زێوەر:**

٧٦. گەنجينـەى مـەردان و ياداشـتى ڕۆژانـى دەربـەدەرى ، چـاپخانەى (شـركة مطبعة الاديب البغدادية) ، بغداد ،١٩٨٥

**مەهدى محەمەد قادر:**

٧٧. پێـشهاتە سياسـييەكانى كوردسـتانى عێـراق ١٩٤٥ــ ١٩٥٨، سـەنتەرى لێكۆڵينەوەى ستراتيجى كوردستان ، سلێمانى،٢٠٠٥ .

**محمد ئەمين زەكى :**

٧٨. خولاصـەيەكى تـاريخى كـوردو كوردسـتان ،بـەرگى يەكـەم و دووەم، چـاپ و ئۆفێستى دەزگاى سەردەم،سلێمانى،٢٠٠٠.

٧٩. تأريخى سليمانى وولاتى، چاپخانەى النجاح ، بغداد ، ١٩٣٩

**محمد سعيد سۆفى :**

٨٠. پارێزگـاى كـەركوك لـەناو پاكتـاوكردنى ڕەگەزيـدا، چـاپخانەى بەرهـەم، سلێمانى، ٢٠٠٣ .





**محمود مەلا عيزەت:**

٨١. ڕەگ و ريـشەى مێـژووى تەقـەلاى بـەعێراقى كردنـى كـوردو مەسـەلەى كوردستان، سويد، ١٩٨٧.

**مستەفا نەريمان:**

٨٢. شۆڕشى ئيبراهيم خانى دەلۆ ١٩٢٠، دارالحرية للطباعة،بغدد،١٩٨٦.

**مێجەر نوئێل:**

٨٣. يادداشـتەكانى مێجـەر نوئيـل لەكوردسـتاندا،و. حـسين ئەحمـەد و حـسين عوسمان نێرگسەجاڕى ، مطبعة حسام، بغداد ، ١٩٨٤،

**نادرئينتيسار:**

٨٤. ئيتنۆ نەتەوايەتى كوردى، و.عەتا قەرەداغى ، چاپخانەى تيشك ، سلێمانى، ٢٠٠٣.

**نەوزاد عەلى ئەحمەد:**

٨٥. كێـشەى ويلايـەتى موسـڵ لـەدوو ڕۆژنامـەى سـلێمانيدا، چـاپكراوەكانى شارەوانى سلێمانى، چاپخانەى ژير، ٢٠٠٤ .

**نەوشيروان مستەفا:**

٨٦. كــورد و عەجــەم،چــاپى دووەم ، ســەنتەرى لێكۆڵينــەوەى ستراتيــچى كوردستان، سلێمانى، ٢٠٠٥.

**نورى تاڵەبانى( دكتۆر) :**

٨٧. سياسەتى بەعەرەب كردنى ناوچەى كەركوك، و.مەريوان حسين چيمەنى، بلاوكراوەكانى مەكتەبى بيرى هۆشيارى (ى.ن.ك) ، سلێمانى، ٢٠٠٣.

٨٨. ناوچەى كەركوك و هـەوڵى گـۆڕينى بارى نەتـەوەيى ئـەم ناوچەيە،و.محمدى مەلاكەريم،چ٢ ،دەزگاى ئاراس،هەولێر،٢٠٠٤.

**هاشم حيجازى :**

٨٩. شائيسماعيلى يەكەم و چالدێران ، و. كەمال رشيد شەريف، چاپخانەى تيشك، سلێمانى، ٢٠٠٢.

**هاشم ياسين حمه أمين سەردار محمدعبدالرحمن:**

٩٠. ئەتڵەسى كەركوك ((مێژووى، كارگێرى، سروشتى ، مرۆيى ، راميارى ، ئابوورى ))، چاپى يەكەم، دار المغرب للطباعة والنشر ، هەولێر ، ٢٠٠٥ .

**وەليد حەمدى ( دكتۆر ) :**

٩١. كوردستان لەبەڵگەنامەكانى بەريتانيادا، و.محمد نورى توفيق ، دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم، سلێمانى ،١٩٩٩ .

**يوسف گۆران:**

٩٢. كوردو توركمان تێروانينێك بۆ ميكانزيمى پێكەوە ژيان ئاشتى يانەى نێوانيان ، بلاْوكراوەو مەكتەبى بيرى هۆشيارى (ى.ن.ك) ، سلێمانى ،٢٠٠٢.

## دووەم:ديوانى شاعيرەكان بە زمانى كوردى:

٩٣. ديوانى شێخ رەزاى تاڵەبان، چاپخانەى كۆرى زانيارى كوردى، بەغداد ، بىٚسالى چاپ.

٩٤. ديوانى طاهرفؤاد( كوردى، فارسي، توركي)،چاپخانەى كوردستان ، چاپى يەكەم ، هەولێر ، ١٩٦٩.

٩٥. ديوانى رەنجوى ، و.محمد عەلى قەرەداغى، آفاق عربية،بغداد، ١٩٨٣.

## سێيەم:كتێب بە زمانى عەرەبى:

**أ .ح.أمين الغمراوي:**

٩٦. قضية الأكراد في شمال العراق ، دار النهضة العربية ، قاهيرة ، ١٩٦٧.

**ا ب بولص بيمان:**

٩٧. اخبار الشهداء القدسيين، طبعة كلدانية من اعمال المانية، ١٨٩١ .





**أ.خالفين:**

٩٨. الصراع على كردستان ، ت احمد عثمان ابوبكر، بغداد،١٩٦٩.

**أ.م . هاملتون :**

٩٩. طريق في كردستان، و.جبرجيس فتح الله ، ط٢ ، مطبعة وزارة التربية ، أربيل ، ١٩٩٩ .

**أ.م.منشاشفيلي:**

١٠٠. العراق في سنوات الانتداب البريطاني، ت.هاشم صالح التكريتي ، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ١٩٧٨.

**ابراهيم خليل أحمد ( دكتۆر)و د.جعفر عباس حميدي:**

١٠١. تاريخ العراق المعاصر، مطبعة التعليم العالي في الموصل ،موصل، ١٩٨٩.

**ابراهيم خليل أحمد(دكتۆر):**

١٠٢. تطور التعليم الوطني في العراق ١٨٦٩ – ١٩٣٢ ، ط ١ ، منشورات مركز دراسات الخليج العربي للجامعة البصرة،بصرة ، ١٩٨٢ .

**أثرم شبيرا:**

١٠٣. الاشوريون في الفكر العراقي المعاصر ، دار الساقي ، بيروت ، لبنان ، ٢٠٠١.

**أحمد رفيق البرقاوي :**

١٠٤. العلاقات السياسية بين العراق والبريطانيا ( ١٩٢٢– ١٩٣٢)، دار الرشيد ، بغداد ، ١٩٨٠.

**أحمد سوسة ( دكتۆر):**

١٠٥. مفصل العرب و اليهودفي التاريخ،ط٥، دار الحرية للطباعة، ١٩٨١.

١٠٦. الدليل الجغرافي في العراق ، مطبعة تمدن ، بغداد ، ١٩٦٠.

**احمد قوشيمو ئوغلو بەهجەت مەردان غەمگين، ئەحمەد صارى كەهيە :**

١٠٧. دليل الصحافه فى كركوك عبر قرن (١٩٠٠ – ٢٠٠٠م) ،٢٠٠١، بدون مطبعة ومكان طبع .

**ارثركريستينس:**

١٠٨. ايران فى عهد الساسانى ،ت.يحي الخشاب، القاهرة، ١٩٥٧ .

**أرشد الهرمزي:**

١٠٩. التركمان في العراق ، طبع بمطابع دار الزمان، بغداد، ١٩٧١.

**ارنولَد .تى.ولَسن:**

١١٠. الثورة العراقية ، ت.جعفر الخياط ، مطبعة دار الكتب ، بيروت ، ١٩٧١ .

**اندرنؤسشي:**

١١١. الصراعات البترولية في الشرق الاوسط ، ت/د.أسعد محفل ، دار الحقيقة للطباعة ، بيروت ، ١٩٧١ .

**أيوب بارزاني:**

١١٢. المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤– ١٩٥٨ ، دار نشر حقائق المشرق ، فرنسا ، ٢٠٠٢ .

**بيار مصطفى سيف الدين:**

١١٣. السياسة البريطانية تجاه تركيا وأثرها في كوردستان ١٩٢٣ – ١٩٢٦،سپیریز ، اربيل ، ٢٠٠٤.

**تومابوا:**

١١٤. مع الاكراد ، ت.اواز زەنگنه ، بغداد، دار الجاحظ ، بغداد، ١٩٧٥ .

**پیْ رەش:**

١١٥. العراق دولة العنف (المقاومة الكردية ضد الحاق كردستان الجنوبي بالعراق على ضوء أرشيفات الحكومة البريطانية فيما بين أعوام ١٩١٨ – ١٩٣٧) ، مطبوعات كردولوجيا ، لندن ، ١٩٨٦ .

**جبار محمد جبارى :**

١١٦. تاريخ الصحافة الكردية في العراق ، مطبعة الامة ، بغداد، ١٩٧٥ .

**جمال بابان:**

١١٧. اصول أسماء المدن والمواقع العراقية ، ج١، مطبعة الاجيال، بغداد، ١٩٧٦.





**جرجيس فتح اللة:**

١١٨. العراق في عهد القاسم، اراء وخواطر ١٩٥٨ _ ١٩٨٨م ، ج ٢، بدون سنة ومكان طبع.

١١٩. يقظة الكرد تاريخ السياسي ١٩٠٠ –١٩٢٥، ئاراس ، اربيل ، ٢٠٠٢.

**جلال الطالبانى:**

١٢٠. كردستان والحركة القومية الكردية، ط٢، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧١.

**جليلى جليل وأخرون:**

١٢١. الحركة الكردية في العصر الحديث ، ت.عبدي حاجى ، دار الرازي ، بيروت ، ١٩٩٢.

**جمال رشيد (دكتۆر):**

١٢٢. دراسات كردية في بلاد سوبارتوو، دار افاق عربية للطباعة و النشر ، بغداد ،١٩٨٤.

١٢٣. كركوك فى العصور القديمة، منشورات ئاراس ، اربيل ، ٢٠٠٢.

١٢٤. ظهور الكورد في التأريخ ، الجزء الاول ، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل ، ٢٠٠٣ .

**جمال رشيد و د. فوزى رشيد(دكتۆر) :**

١٢٥. تاريخ الكرد القديم، مطبعة جامعة صلاح الدين ، اربيل ، ١٩٩٠ .

**جمال مصطفى مروان:**

١٢٦. ملوك العراق (فيصل الاول – غازي – فيصل الثاني ) أسرار وخفايا ، مكتبة الشرقية للنشر ، بدون مكان وسنة الطبع

**جميل الروزبيانى :**

١٢٧. داقوق ( دقوقاء ) في التاريخ ، مطبعة العلمي العراقي ،بغداد،١٩٨٣.

**جميل موسى النجار (دكتۆر):**

١٢٨. تعليم العراق في العهد العثماني الاخير (١٨٦٩ ـ ١٩١٨) ، دار الشؤون الثقافة العامة بغداد، بغداد ٢٠٠١.

**جيمس بنگهام:**

١٢٩. رحلتي الى العراق سنة ١٨١٦ ، ت.سليم طه التكريتي ، ج ١ ، مطبعة أسعد ، بغداد، ١٩٦٨.

**حامد محمود عيسى( دكتۆر) :**

١٣٠. المشكلة الكردية في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١ ، قاهيرة، ١٩٩٢.

١٣١. القضية الكردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الامريكي ١٩١٤ –٢٠٠٤ ، مطبعة العربية للطباعة والنشر ، قاهيرة ، ٢٠٠٥.

**حسين لبيب:**

١٣٢. تأريخ المسألة الشرقية ، مطبعة الهلال ، مصر ، ١٩٢١.

**حكمت سامي سليمان :**

١٣٣. نفط العراق دراسة اقتصادية سياسية ، دار الحرية للنشر ، بغداد ١٩٧٩ .

**الحكومة العراقية :**

١٣٤. مجموعة مذكرات المجلس التأسيسي العراقي، ج ١ ، بغداد، ١٩٢٤م – ١٣٤٣هـ.

**حنابطاطو :**

١٣٥. العراق الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية من العهد العثماني حتى قيام الجمهورية ، طبعة الثانية ، لبنان ، ١٩٩٥.

**خاليد دلێر :**

١٣٦. كيف الحقت كردستان الجنوبية بالدولة العراقية ، ط ٢ ، من منشوران دار ديموكراسى للنشر ، كردستان العراق ، ١٩٩٣

**خليل اسماعيل محمد( دكتۆر):**

١٣٧. البعد القومي للتغيرات في الحدود الادراية لمحافظة كركوك (التاميم) ، مطبعة وزارة الثقافة ، ١٩٩٧ .





**خيرالدين الزركلي :**

١٣٨. الاعلام (قاموس التراجم)، جلد الخامس ، دار العلم للملايين ، بيروت ، بدون سنة طبع .

**خيرى أمين العمري:**

١٣٩. حكايات السياسة من تأريخ العراق الحديث ، بغداد ، بدون مطبعة وسنة طبع .

**دريه عوني:**

١٤٠. عرب والاكراد فصام أم وئام ، دار الهلال ، ١٩٩٣ .

**رجاء حسني الخطاب:**

١٤١. عبدالرحمن النقيب (حياته الخاصة واداؤه السياسية وعلاقته لمعاصريه) ، دار العربية للطباعة ، ط١، بغداد ، ١٩٨٤.

**رياض رشيد ناجي الحيدري :**

١٤٢. الاشوريون في العراق (١٩١٨– ١٩٣٦)، مطبعة الجبوري ، القاهرة ،١٩٧٧ .

**زناسلوپى:**

١٤٣. في سبيل كردستان ، ت.ر. على ، رابطة كاوا للثقافة الكردية ، بيروت ، ١٩٨٧ .

**س.ج.ادموندز:**

١٤٤. كرد و ترك و عرب،ت.جرجيس فتح اللة،اربيل، ١٩٩٩.

**ستيڤن همسلى لونگريك:**

١٤٥. تاريخ العراق المعاصر من سنه ١٩٠٠الى سنه ١٩٥٠ ، ت. سليم طه التكريتي ، ج ١ ،مطبعة الحسام، بغداد، ١٩٨٨.

١٤٦. أربعة قرون من تاريخ العراق، ت.جعفر خياط ، مطبعة معاريف، بغداد،١٩٦٨.

**ستيوان لويز:**

١٤٧. اثار بلاد الرافدين ، ت.سامى سعيد احمد، بغداد،١٩٨٠.

**سرار نللد تي. ويلسن:**

١٤٨. بلاد مابين النهرين بين ولأين ، ت.فؤاد جميل ، ج ٢، دارالشؤن الثقافةالعامة، بغداد، ١٩٩٢ .

**سروة اسعد صابر :**

١٤٩. كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤_ ١٩٢٦ ، مطبعة وزارة التربية ، أربيل، ٢٠٠١ .

**سعدي عثمان حسين( دكتۆر):**

١٥٠. كردستان الجنوبية في قرنين السابع عشر والثامن عشر، مطبعة سيما،كردستان ،اربيل، ٢٠٠٠.

**سيار الجميل:**

١٥١. العثمانيون و تكوين العرب، بدون مكان الطبع و سنة الطبع.

**شاكر خصباك( دكتۆر):**

١٥٢. العراق الشمالى،ج١، مطبعة شفيق ، بغداد، ١٩٥٥.

١٥٣. الاكراد والمسألة الكردية، بغداد،١٩٥٩.

**شاكر صابر الضابط:**

١٥٤. موجز تأريخ الصحافة كركوك، بغداد، حزيران ١٩٦٩.

**شكرى محمود نديم:**

١٥٥. حرب العراق ١٩١٤ –١٩١٨ ، ط٤ ، مطبعة بيبيلوس الحديث، بغداد ، ١٩٧٤.

**صباح ذهب( دكتۆر):**

١٥٦. البترول العربي الخام في السوق العالمية ، القاهرة، ١٩٦٩.

**صدرالدين علي بن ناصر الحسيني :**

١٥٧. زبدة التواريخ أخبار الامراء والملوك السلجوقية ، تحقيق : د.محمد نورالدين ،دار إقرء،بيروت .ط٢ ،١٩٨٦.





**صديق الدملوجي:**

١٥٨. أمارة بهدينان الكردية طبعة الثاني، مطبعة وزارة التربية ،أربيل ، ١٩٩٩.

**صلاح سعدالله:**

١٥٩. المسألة الكردية في العراق ، ط٢ ، دار المثنى للطباعة والنشر، بدون مكان نشر ،٢٠٠٣.

**الطبري:**

١٦٠. تأريخ الامم والملوك ، تحقيق "محمد أبو الفضل ابراهيم"،لبنان،بيروت ، (ج٢و ج٩) .

**طه باقر و عامر سليَمان و فاضل عبدالواحد:**

١٦١. تاريخ العراق قديم، ج٢ ،بغداد،١٩٨٠.

**طه باقر وفؤاد سفر:**

١٦٢. المرشد الى موطن الاثار والحضارة ، الرحلة الرابعة، دار الجمهورية للطباعة، بغداد، ١٩٦٥.

**طه باقر:**

١٦٣. مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة ، ج ١ ، مطبعة الحوادث ، بغداد، ١٩٧٣.

**عبدالحميد العلوجي وخضر عباس اللامي:**

١٦٤. الاصول التاريخيةللنفط العراقي ، ج١ ، بغداد، ١٩٧٣ .

**عبدالرحمن سليمان الزيباري :**

١٦٥. الوضع القانوني لإقليم كوردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي العام ، مطبعة وزارة التربية ، هەولێر ،٢٠٠٢.

**عبدالرزاق الحسني :**

١٦٦. موجز البلدان العراقية، طبعة الثاني، المطبعة العرفان ، سوريا ، ١٩٣٣.

١٦٧. العراق قديما و حديثا، مطبعة عدنان، سوريا، صيدا، ١٩٥٦.

١٦٨. تاريخ الوزارات العراقية ، ج٣، مج٢، مطبعة ودار الكتب، بيروت، ١٩٧٨.

١٦٩. تاريخ الوزارات العراقية ، ج ١ ، مجلد ١، ط٥، منشورات مكتبة دار الكتب، بيروت، ١٩٧٨.

١٧٠. الثورة العراقية الكبرى، مطبعة دار الكتب، لبنان ، بيروت ، ١٩٧٨ .

١٧١. تأريخ العراق السياسي الحديث، ج ١ ،ط٧، مطبعة دار الكتب ، بيروت ، لبنان ، ١٩٨٣.

١٧٢. تاريخ الاحزاب السياسية العراقية ، مركز الابجدية ، بيروت ، ١٩٨٥.

**عبدالرزاق الحصان :**

١٧٣. نظرة عابرة في الشمالي العراق ،بغداد ، ١٩٤٠ .

**عبدالرقيب يوسف:**

١٧٤. حدود كردستان الجنوبية تأريخيا وجغرافيا خلال خمسة الاف عام ، الطبعة الثانية ، مطبعة شفان ، السليمانية، ٢٠٠٥.

**عبدالعزيز سليمان نوار:**

١٧٥. تاريخ العراق الحديث ، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر، قاهرة ، ١٩٦٨

**عبدالمجيد فهمی:**

١٧٦. دليل تاريخ ومشاهير الالوية العراقية، ج ٢، بغداد، ١٩٤٦ .

**عبدالمنعم الغلامي:**

١٧٧. ثورتنا في شيمال العراق ١٩١٩ –١٩٢٠ ج ١، بغداد ، ١٩٦٦ .

**عبدالوهاب الكيالي واخرون:**

١٧٨. موسوعة السياسة ، جزء الخامس ، مطبعة سباط ، بيروت ، ١٩٨٧.

**عثمان علي( دكتۆر):**

١٧٩. دراسات في الحكومة الكوردية المعاصرة ١٨٣٣–١٩٤٦ ، مطبعة الثقافة ، اربيل ، ٢٠٠٣.

**عزيز الحاج( دكتۆر):**

١٨٠. القضية الكردية في العشرينيات،ط٢، مطبعة الانتصار، بغداد، ١٩٨٥.

**عزيز قادر الصمانجي :**

١٨١. تاريخ السياسي لتركمان العراق، دار الساقي ، بيروت ، ١٩٩٩.







**عصبة الامم :**

١٨٢. مسألة الحدود بين تركية والعراق وهو التقرير الذي رفعته البعثة المؤلفة وفقا لقرار المجلس في ٣٠أيلول (١٩٢٤)، طبع في مطبعة الحكومة بغداد، بغداد، بدون سنة طبع.

**علاء النورس:**

١٨٣. العراق فى العهد العيمانى، دراسه فى العلاقات السياسيه، بغداد، ١٩٧٩.

**علاء جاسم محمد:**

١٨٤. جعفر العسكري ودوره السياسي والعسكري في تأريخ العراق حتى عام ١٩٣٦ ، مطبعة الخلود، بغداد، ١٩٨٧.

**على شاكر على ( دكتۆر):**

١٨٥. تاريخ العراق فى عهد العثمانى، طبعةالاولى ، بغداد، ١٩٨٤.

**عماد عبدالسلام رووف( دكتۆر):**

١٨٦. الاسرة الحاكمة ورجال الادارةفى العراق القرون المتاخرة( ١٢٥٨–١٩١٨) ، دار الحكمة للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٥.

**عوني الداودي:**

١٨٧. كركوك رحلة في الذاكرة التاريخ ، ط٢، منشورات الفكر والتوعية، السليمانية، ٢٠٠٢ .

١٨٨. كركوك مدينة الضاحكة بالنار و النور، منشورات مكتب الفكر والتوعية ، سليمانية، ٢٠٠٢.

**فؤاد القزانجی:**

١٨٩. العراق فى الوثائق البريطانية ١٩٠٥ – ١٩٣٠ ، دار المأمون ، بغداد ، ١٩٨٩.

**فؤاد حمة خورشيد مصطفى( دكتۆر):**

١٩٠. القضية الكردية في المؤتمرات الدولية، مطبعة وزارة الثقافة ، اربيل ، ٢٠٠١.

١٩١. كركوك قلب كوردستان، مطبوعات المديرية العامة للطباعة والنشر فى وزارة الثقافة، سليمانية، ٢٠٠٥.

**فائق بطي:**

١٩٢. الموسوعة الصحفية العراقية ، بغداد ، ١٩٧٦ .

**فاروق صالح العمري (دكتۆر):**

١٩٣. حول السياسية البريطانية في العراق ١٩١٤– ١٩٢١ ، بغداد ، ١٩٧٨.

**فرج بصمەچی(دكتۆر):**

١٩٤. كنوز المتحف العراقي، مديرية الاثار العامة بغداد ، بغداد، بدون سنة طبع .

**فهمى عرب ئاغا و فاضل محمدمصطفى:**

١٩٥. ماذا في كركوك، مطبعة تيوپج، كركوك، بدون سنة الطبع.

**ق.ب.ماتفييف(مارمتي):**

١٩٦. الاشوريون والمسألة الاشوري في العراق الحديث ، ترجمة. ج.د.أ، الأهالي للطباعة والنشر، دمشق ١٩٨٩.

**كاظم هاشم نعمة:**

١٩٧. الملك فيصل الاول الانكليز والاستقلال ، طبعة الثاني ، دار العربية ، بيروت، ١٩٨٨.

**كامل صالةيى:**

١٩٨. موجز في تاريخ كركوك بين وثائق الماضي...وحقائق الحاضر، منشورات قسم الثقافة والاعلام في المركز الثاني لتنظيمات الاتحاد الوطني الكردستاني/ كركوك، كركوك ، ٢٠٠٥ .

**كاوس قفتان(دكتۆر):**

١٩٩. الانتفاضات البارزانية ، مطبعة سركوت، سليمانية، ٢٠٠٢.

٢٠٠. **كمال مجيد:**

٢٠١. النفط والاكراد ، ط٢، دار الحكمة ، ، لندن ، ١٩٩٧.

**كمال مظهر أحمد(دكتۆر):**

٢٠٢. اضواء على قضايا دولية في الشرق الأوسط ، دار الحرية للطباعة والنشر ، بغداد، ١٩٧٨.





٢٠٣. دورالشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية ، مطبعة الحوادث ، بغداد، ١٩٧٨ .

٢٠٤. كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ت.محمد الملاعبدالكريم ، دار أفاق عربية للطباعة والنشر، الطبعة الثانية ، بغداد ، ١٩٨٤.

٢٠٥. دراسات في تاريخ ايران الحديث و المعاصر، مطبعة اركان، بعداد ،١٩٨٥ .

٢٠٦. الطبقة العاملة العراقية التكوين وبدايات التحرك ، دار الخلود للطباعة والشنر ، بغداد، ١٩٨٨.

٢٠٧. كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير،ج١، مطبعة رينوين.

**كي لسترنج:**

٢٠٨. بلدان الخلافة الشرقية ،ت."بشير فرنيس وكوركيس عبدالرزاق ، ط٤، مطبعة الرابطة، بغداد ، ١٩٥٤.

**ل.ن .كوتلوف:**

٢٠٩. ثورة العشرين الوطنية التحررية في العراق،ت. عبدالواحد كرم، مطبعة الجمهورية،بغداد،١٩٧١ .

**ليلى نامق جاف:**

٢١٠. كركوك لمحات تاريخية، منشورات خبات، اربيل، ١٩٩٢.

**م.أ.حسرتيان:**

٢١١. كردستان تركيا بين الحربين ، ت.د.سعد الدين ملا باقي نازى، دار الكتب ، بيروت ، ١٩٨٧ .

**م.س.لازاريف:**

٢١٢. المسألة الكردية ١٨٩١ – ١٩١٧، ت. اكبر احمد، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، سليمانية، ٢٠٠١.

**متصرفية لواء كركوك:**

٢١٣. المشاريع والأعمال المنجزة في لواء كركوك خلال العام الثالث من ثورة (١٤)تموز المجيدة ، مطبعة بلدية كركوك، ١٩٥٧.

**مجموعة الباحثين:**

٢١٤. المفصل في تاريخ العراق المعاصر ، بيت الحكمة ، عراق ، بغداد، ٢٠٠٢،

**مجموعة الباحثين:**

٢١٥. كركوك مدينة القوميات المتخية، ط ١، محفوظة لمركز كربلاء للبحوث والدراسات ، لندن ، المملكة المتحدة .

**مجموعة من الباحثين:**

٢١٦. كركوك– بحوث المؤتمر العلمي حول كركوك، ط٢، اربيل،٢٠٠١.

**محمد أزهر سعيد السماك( دكتۆر) ود.زكريا عبدالحميد باشا :**

٢١٧. اقتصاديان النفط والسياسة النفطية ، مطبعة جامعة الموصل ،موصل ١٩٨٠ .

**محمد أمين العمري:**

٢١٨. تاريخ اعرب العراق خلال الحرب العضمى سنة ١٩١٤– ١٩١٨ ، مجلد٣، مطبعة النجاح ، بغداد، ١٩٣٥.

**محمد امين زكى:**

٢١٩. تاريخ السليمانية و انحائها، ت.ملاجميل الروزبيانى، بغداد، ١٩٥١.

**محمد شاكر:**

٢٢٠. التاريخ الاسلامي – تأريخ المعاصر– بلاد العراق( ١٩٢٤ – ١٩٩١ )، بيروت، ١٩٩٢.

**محمد على قەرەداغى:**

٢٢١. هوية كركوك الثقافية والادارية ، ئاراس ، أربيل، ٢٠٠٤ .

**محمد مظفر الادهمي :**

٢٢٢. المجلس التأسيسي العراقي، دار الحرية للطباعة، بغداد ، ١٩٧٤.

٢٢٣. المجلس التأسيسي العراق ، مجلد٢، بغداد ، ١٩٨٩.

٢٢٤. الملك فيصل الاول ، دراسات وثائقية في حياته والسياسة ومماته ، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٩١ .







**محمود درويش و مصطفى جواد أحمد سوسه :**

٢٢٥. دليل الجمهورية العراقية سنة ١٩٦٠، دار المطبعة التمدن ، بغداد، ١٩٦١.

**محمود شبيب:**

٢٢٦. اسرار عراقية في وثائق انجليزية وعربية والمانية ١٩١٨– ١٩٤١ ، مطبعة سلمى ، بغداد ، ١٣٩٧هـ.

**محمود على الداود( دكتۆر) وشوكت العبوس:**

٢٢٧. تاريخ العراق والعالم العربى الحديث ، دار مطبعة الثورة ، بغداد ، ١٩٦٠.

**مامون بگ بن بيگە بگ:**

٢٢٨. مذكرات مامون بگ بن بيگە بگ: ت. محمد جميل رۆژبەيانىو شكور مستەفا، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد،١٩٨٠.

**مس بيل :**

٢٢٩. فصول من تاريخ العراق الحديث ، ت.جعفر الخياط ، ط٢، مطبعة دار الكتب، بيروت ، ١٩٧١.

**مصطفى عبدالقادر النجار:**

٢٣٠. العراق في التأريخ ، بغداد ، ١٩٨٣.

**مكرم الطالباني( دكتۆر):**

٢٣١. كردستان اتحاد اختياري لا الحاق قسري ، مطبعة خاك ، سليمانى ، ٢٠٠٣.

٢٣٢. كردستان والتركمان ، مطبعة خاك ، سليمانية ، ٢٠٠٥.

**منذر الموصلي:**

٢٣٣. الحياة السياسية والحزبية في كردستان ، رؤية عربية للقضية الكردية ، لندن ، ١٩٩٧.

**نجم عمر السورچى:**

٢٣٤. مصير ولاية الموصل (كردستان الجنوبية مابعد عام ٢٠٠٠،ط٢ ،سليمانية ١٩٩٩.

**نخبة الباحثين العراقيين:**

٢٣٥. حضارة العراق، ج١٠ ،دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٥.

**نصير سعيد الكاظمي :**

٢٣٦. مساهمة في كتابة تاريخ الحركة العمالية في العراق حتى عام ١٩٥٨، دمشق ، ١٩٩١.

**نوري عبدالحميد خليل( دكتور):**

٢٣٧. التاريخ السياسي لامتيازات النفط في العراق ١٩٢٥– ١٩٥٢، بيروت ، ١٩٨٠.

**هنري فوستر :**

٢٣٨. نشأة العراق الحديث ، ت.سليم طه التكريتي ، ج ١ ، بغداد، ١٩٨٩.

**وحيدالدين بهادين:**

٢٣٩. من أدب التركمان ، بغداد ، ١٩٦٠.

**وريا نامق الجاف:**

٢٤٠. كركوك دراسة سياسية واجتماعية،مطبعة وزارة الثقافة، أربيل ١٩٩٨.

**يوسف مالك:**

٢٤١. الخيانة البريطانية للاثوريون ، ترجمة وطبع الحركة الديمقراطية الاشورية ، بدون مكان طبع، ١٩٨٥ .

**يوسف ملك:**

٢٤٢. كردستان او بلاد الأكراد ، مطبعة صادر ريحاني، بيروت ، ١٩٤٥.





## چوارەم:سەرچاوەكان بە زمانى ئینگلیزى:

٢٤٣. A history of Turkey (form Empire to Republic), By: M.Philips price, London, ١٩٥٥.

٢٤٤. As tour, M.C., Toponymicparallels between Nuzaiand Northern Syria, iniccc NH, Vol.٢, ١٩٨٧.

٢٤٥. As tour, Michael: "Semites and Hurriansin northern Transition's" in: SCCNH, VOL, ٢, (Eisenbranus: ١٩٨٧).

٢٤٦. Conseruation of an Historic Tawn Qalaa of Kirkuk, By: D.H, Bagdad unevirsty, ١٩٧٥.

٢٤٧. Great powers, Oil and the Kurds in mousul, By: Habibollah Atarodi, University press of America, ٢٠٠٣.

٢٤٨. Kurds, Arabs, Briton: Edited and Introduction, By: D.K.Fieldhouse, London and Newyork, ٢٠٠٢.

٢٤٩. Maidman, P.maynard: "nuzi: portrait of an ancient Mesopotamia provincial town", in CANE, VOL١-III. (Ed. by. j. M. Sassoon), ( newyork; ٢٠٠١.

٢٥٠. Trapped between the map and Reality,by: Martia.T.O'shea: (Geography and perceptions of kurdistan), Routledge/Newyourk and London.

٢٥١. OILin the Middle East, By: S.H.Longrigg, London, ١٩٥٤.

٢٥٢. Starr. R.nuzi, VOL١–١ (texts), (Chicago, ١٩٣٩).

## پێنجەم: کتیب بە زمانی تورکی:

**عطا تزری باشا :**

٢٥٣. کرکوك مطبوعات تاریخي، قسم ١ ، کرکوك، ٢٠٠١ .

**فاخرلیات، فاضل مهدي بیات:**

٢٥٤. تورکمن تاریخنیدن یاپراقلر، لزمان باصم ئەوینده باصبلمتسدر ، بغداد ١٩٧٥ .

## شەشەم: گۆڤارەکان بە زمانی کوردی:

**ئارام سەعید :**

٢٥٥. باکوری عێراق لەسەردەمی عوسمانیدا (١٨٣١ -١٩١٤) ، گۆڤاری دۆسێی تورکیا ، ژمارە (٢)، سلێمانی ، ئەیلولی ٢٠٠٥،

**ئاران:**

٢٥٦. ئاراپخاوڵاتی کوردەواریی لەمێژوودا، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە(١٦)، حوزەیرانی ٢٠٠١.

**ئازاد شێخانی(دکتۆر) :**

٢٥٧. قەڵای کەرکوك لە روانگەی پلانسازی و میعماریەوە، کۆڤاری کەرکوك، ژ ( ١٢) ، بەهاری ٢٠٠٢

**ئازاد نەقشبەندی(دکتۆر):**

٢٥٨. کێشەی موسڵ یان کێشەی نەوت ؟ ، گۆڤاری مەتین ، ژمارە (٥٧)، تشرینی یەکەمی ١٩٩٦،

**ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر( دکتۆر)و سەعید عوسمان حوسێن:**





٢٥٩. کوردستانی باشور لەسەدەکانی (١٧و ١٨)دا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ، ژ(٢٣)، بەهاری ٢٠٠٢.

**ئەحمەد عەزیز:**

٢٦٠. کوردستانیەتی کەرکوك لە ئینسکلۆپیدیای ئەوروپا و ئەمریکادا، گۆڤاری کەرکوك،ژمارە (٤)، بەهاری ٢٠٠٣.

**ئەسعەد جەعفەروەلدان( دکتۆر):**

٢٦١. تورکیاو باکوری کوردستان ، و.موسلح عەبدولقەهار ئیدوانی ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ، ژ(٩)، ساڵی دووەم ، ١٩٩٨.

**ئیبراهیم عەلاوی:**

٢٦٢. جوڵانەوەی تۆرانیەت، و.موحەمەد مەلا کەریم، گۆڤاری هیوا ، ژمارە(١)، ساڵی سێیەم ، تشرینی دووەم، ساڵی ١٩٥٩.

**ئیحسان سیامەنسوری:**

٢٦٣. چەمکێکی مێژووی رۆژنامەنووسی کوردی کەرکوك، گۆڤاری ئاران، ژمارە(٦)، مایسی ١٩٩٨.

**ئیسماعیل عەلی:**

٢٦٤. مێژووی رۆژنامە نووسی و چاپەمەنی لەکەرکوك ، گۆڤاری رۆژنامە نووس ، ژمارە(١)، ساڵی ٢٠٠٤.

**أسماعیل شکر رسول:**

٢٦٥. کەرکوك لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی لەرووی فکریو سیاسی(١٩٣٩_ ١٩٤٥) ، گۆڤاری پەیامی ئازاد، ژمارە (١) ، ساڵی ٢٠٠١ .

**بورهان ئیبراهیم رزگاری:**

٢٦٦. شاری کەرکوك و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ١٩٥٨-١٩٦٨، گۆڤاری کەرکوك،ژمارە(٤)، بەهاری ٢٠٠٣.

**بورهان عبدالرحمن جاف:**

٢٦٧. چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی شاری کەرکوك ، گۆڤاری بانەرۆژ ز(١٦)، ئازاری ٢٠٠٥.

**تۆفیق وەهبی :**

٢٦٨. بنچینەی ناوی کەرکوك،محمد حسن رۆژبەیانی،کەرکوك،ژ(٣)، ساڵی ١٩٩٧.

**ج. گەرمیانی( دکتۆر ):**

٢٦٩. کەرکوك شارەکەی مێژوو و سەربەزری کوردان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ(١٦) ، هەولێر ، هاوینی ٢٠٠١.

**جەبار جەباری :**

٢٧٠. کورتە باسێکی مێژوویی چاپخانەی کەرکوك ، گۆڤاری بەیان ، ژمارە (١٦)، ساڵی ١٩٧٤.

**جەبار قادر( دکتۆر ):**

٢٧١. پێکهاتەی نەژادی دانیشتوانی کەرکوك لە نێوان ساڵانی ١٨٥٠–١٩٥٨،و.پێرس زەنگەنە، گۆڤاری نەوشەفەق، ژ( ١٠ )،کانونی دووەم، ٢٠٠٤.

٢٧٢. لەبەر رۆشنایی یاداشتەکانی بڕیاری کۆمیتەی کێشەی موسڵ (کەیەکەم جارە ژمارەکان و ڕاستیە مێژووییەکان بڵاو دەکاتەوەو ئیدعاکان پوچەڵ دەکاتەوە)، گۆڤاری خاك ، ژمارە (٨٠) ، ساڵی حەوتەم ، ٢٠٠٤.

**جرجیس فتح الله :**

٢٧٣. شاری کەرکوك ، سەنتەری برایەتی، ژ(٢) ، هاوینی ٢٠٠١ .

**جمال رشید( دکتۆر ):**

٢٧٤. کەرکوك لە چەرخی هەوڵدانی مەوجە میللیەکانی کورددا، گۆڤاری نەوشەفەق، ژ(٥)، هەولێر ، ئابی ٢٠٠٣.

**جمال مجید :**

٢٧٥. کوردستان و هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی ، گۆڤاری هەزارمێرد ، ژ(١٧) ، ساڵی پێنجەم ، ٢٠٠١،





**حەسەن حەمە کەریم:**

٢٧٦. ئارابخا مەزنترین پێتەختی ئیمپراتۆریەتی کورد، گۆڤاری باباگورگور، ژ(٥)، ساڵی ٢٠٠٤.

**حسان سیامەنسوری :**

٢٧٧. چەمکێکی مێژووی رۆژنامەنووسی کوردی کەرکوك ، گۆڤاری ئاران ، ژمارە (٦)، مایسی ١٩٩٨.

٢٧٨. **دانیال بەرگین:**

٢٧٩. نەوت و سیاسەتی نێودەوڵەتان لەرۆژهەلاٚتی ناوەڕاستدا ، و.کەمال شەریف، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ، ژمارە (٤٠)، ساڵی سیازدەهەم ، شوباتی ٢٠٠٣ .

**دیڤدکۆرن:**

٢٨٠. ئەو دووکەسەی کوردیان خزاندە ناو عێراقەوە (سێرپیرس کۆکس و ئارنۆڵدوڵسن)، گۆڤاری ڕوانگەی جیهان ، ژمارە (٤)، ساڵی دووەم، ١٩٩٥.

**رەئوف توفیق هەمەوەندی :**

٢٨١. چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی شارەکانی کەرکوك و نووزی ، گۆڤاری کەرکوك ، ژ(٤)،کانونی یەکەمی ١٩٩٨.

**رەفیق شوانی( دکتۆر ):**

٢٨٢. کێشەی بەعەرەب کردنی کەرکوك لەکۆنەوە تائەمڕۆ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ(٢٠) ، هەینی ٢٠٠١.

**روفائیل میناس :**

٢٨٣. کەرکوك لەمێژوودا ، و.هیواصالح ،گۆڤاری ئاران،ژمارە (١٣ )،٢٠٠٠.

**سەردار جەباری:**

٢٨٤. ئاوڕێك لە ڕابردوو، تێروانینێك لە ئەمرۆو بیرێك لە ئایندە، گۆڤاری کەرکوك، ژ(١٢)، ساڵی سێیەم، بەهاری ٢٠٠٢.

**سمکۆ بەهرۆز محمد( ئەژی ):**

٢٨٥. مێژووی ئابووری ناوچەی کەرکوك لە روانگەی سەرچاوە مێژووییەکانەوە ، بەشی سێیەم، نەوشەفەق، ژ (٧)، تشرینی یەکەم، ٢٠٠٣

٢٨٦. مێـژووی زمانـەوانی و گۆڕانـە رۆشـنبیریەکانی نێوچـەی کـەرکوك هـەر لەسـەردەمەکانی پـێش مێـژووەوە تـا ئـەم سـەردەمەی ئێـستامان ، بەشـی دووەم ، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە(١٩)، ساڵی پێنجەم ، زستانی ٢٠٠٤ .

٢٨٧. مێـژووی زمانـەوانی و گۆڕانـە رۆشـنبیرییەکانی ناوچـەی کـەرکوك هـەر لەسـەردەمەکانی پـێش مێـژووەوە تـا ئـەم سـەردەمەی ئێـستامان، بەشـی یەکـەم ، گۆڤاری کەرکوك ، ژ(١٧) ، ساڵی پێنجەم ، هاوینی ٢٠٠٣.

٢٨٨. مێـژووی هونـەری بیناکـاریو نـەخشو نیگـاری ناوچـەی کـەرکوك لـەنێوان سـاڵانی ١٩١٧ –١٩٧٥ ، گۆڤـاری کـەرکوك ، ژ(٢٢و ٢٣)، سـاڵی شەشـەم ، پـایزو زستانی (٢٠٠٤)و (٢٠٠٥) .

٢٨٩. مێژووی سەردەمە کارگێڕیو بەڕێوەبەرایەتیەکانی ناوچەی کەرکوك، بەشی یەکەم ، گۆڤاری کەرکوك، ژ(٤) ،ساڵی دووەم، بەهاری ٢٠٠١ .

٢٩٠. ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوو حیزبانەی ناوچەی کەرکودا سەریان هەڵداوە، بەشی دووەم ، گۆڤاری کەرکوك ،ژ (٧)، ساڵی دووەم ، زستانی ٢٠٠١.

**عبدالجبار محمود سامرائی :**

٢٩١. کـەرکوك شـاری ئـاڵتونی ڕەش ، و.سـەلام عبـدالکریم ، گۆڤـاری کـەرکوك ، ژمارە (١٦)،. ساڵی چوارەم ، بەهاری ٢٠٠٣ .

**عبدالخالید سابیر:**

٢٩٢. ویلایەتی موسڵ لەساڵنامەی عوسمانیدا ، گۆڤاری هـەزارمێرد، ژمارە(٢٦)، ساڵی هەشتەم، حوزەیرانی ٢٠٠٥.

**عبدالرەقیب یوسف:**

٢٩٣. بەرگریکردن لە قەلآی کەرکوك و هێندێك زانیاری شوێنەواری نوێ لە بارەی قەلآوە، گۆڤاری کەرکوك ، ژ(١)، هاوینی ١٩٩٩.





٢٩٤. سـلێمانی لەسـەر شـارێکی کـۆن ئـاواکرا، گۆڤـاری هـەزارمێرد، ژ(١٤)، سـاڵی چوارەم، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠ .

**عەبدول عەزیز یامولکی :**

٢٩٥. بنەماڵەی خەندان ، گۆڤاری پەیڤین ، ژ(٢)، ساڵی ١٩٩٧.

**عەبدولستار جەباری:**

٢٩٦. سـەید محمـد جـەباری کەسـایەتی نیـشتمان پـەروەرو نـاوداری کـەرکوكو گەرمیان ، گۆڤاری کەرکوك ، ژمارە (٢٥) ، ساڵی حەوتەم ، هاوینی ٢٠٠٥ .

**عەرەبی فهمی:**

٢٩٧. مێژووی شاری کەرکوك ، گۆڤاری هیوا ، ژمارە(٤)، تشرینی یەکەمی١٩٥٧.

**عوسمان سەید قادر:**

٢٩٨. کەرکوك شاری دێرینی کوردەواری، گۆڤاری مرۆڤایەتی، ژ (٧)، ئۆکتۆبـەری ١٩٩٨.

**عومەر عەلی شریف:**

٢٩٩. کوردو جـەنگی شـوعێبە (١٢بۆ١٤/٤/١٩١٥ز) ، گۆڤاری نەوشـەفەق ، ژمـارە (٢٥) ، نیسانی ٢٠٠٥ .

**غازی حەسەن:**

٣٠٠. یەکـەم چاپخانەی کوردسـتان لەکـەرکوك ، گۆڤـاری نەوشـەفەق ، ژمـارە(١١) ساڵی ٢٠٠٤ .

**غفور میرزا کریم:**

٣٠١. برشتی هونەرمەند شێخ سەعیدی شەهید لـەناو لوتکەی هۆنراوەی کوردیـدا بڵند ودیارە،گۆڤاری بەیان، ژمارە (١٣١)، مایسی ١٩٨٧.

**فازڵ قەرەداغی:**

٣٠٢. کـەرکوكو پادشـایەکی کـۆنی ، گۆڤـاری رامـان ، ژ(١٩)، کـانونی دووەمـی ١٩٩٨.

**فەرهاد هەمزە محەمەد:**

٣٠٣. مێژووی نەوتی کەرکوك ، گۆڤاری بانەرۆژ ، ژمارە (١٤)، کانونی دووەمی ٢٠٠٥.

**فوزی رشید( دكتۆر):**

٣٠٤. مملكه خمبازی،گۆڤاری کاروان،ژ (٢١)،سالیدووەم،حوزەیرانی ١٩٨٤.

**کەمال مەزهەر ئەحمەد( دكتۆر):**

٣٠٥. هەڵوێستی مەلیك فەیسەڵی یەکەم لەمەسەلەی کورد لەعێراقدا ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیچی ، ژ(١٣)، ساڵی هەشتەم، ئابی ٢٠٠٠.

٣٠٦. ویژدان و مێژوو ..یادادگەری موشیری حەمەی سلێمان، گۆڤاری رەنگین ، ژمارە (١٠٢)، ١٩٩٧ .

٣٠٧. سەرنجێکی نویٚ بەرامبەر پەیمانی سیڤەرو مەسەلەی کورد، گۆڤاری برایەتی، ژمارە(٧)، ساڵی یەکەم، ١٩٧٠ .

**کەیوان ئازاد ئەنوەر:**

٣٠٨. کەرکوك لە پەراوێزی ڕووداوەکانی مێژووی کۆندا، گۆڤاری کەرکوك ، ژ( ٦)، پاییزی ٢٠٠٠.

٣٠٩. کەرکوك لە مێژووی کۆندا ، گۆڤاری کەرکوك ، ژمارە(٢ ،٣)، پایزی ١٩٩٩ و زستانی ٢٠٠٠.

**کوردێکی مێژوونووس :**

٣١٠. کەرکوك ناوی – مێژووی کۆنی – دانیشتوانی – دەسەڵاتەکانی، گۆڤاری هاواری کەرکوك ، ژمارە (٢) ، کانونی یەکەمی ١٩٩٨ .

**گولە سیامەنسوری :**

٣١١. کەرکوك شاری ئاگری هەمیشەیی ، هاواری کەرکوك، ژ(٢)، کانونی یەکەمی ١٩٨٨ .

**لەتیف فاتح فرج:**





٣١٢. رۆژنامەگەری کوردی لەکەرکوك ، گۆڤاری شەفەق ، ژمارە (٢٧) ، حوزەیرانی٢٠٠٥.

٣١٣. کوردو کەرکوك، گۆڤاری پەیڤین ، ژمارە (٢) ، ١٩٩٧.

**مەلا جەمیل رۆژبەیانی :**

٣١٤. کەرکوك لەسەردەمی داگیرکاری بەریتانی و سەردەمەکانی دواتردا ، و.ئیبراهیم ساڵەیی، گۆڤاری بانەرۆژ ، ژمارە (٢٠)، تەموزی ٢٠٠٥.

٣١٥. مێژووی تورکمان و تورك لەکوردستانی خوارووداو سەرژمێریان ، گۆڤاری کەرکوك ، ژ(٢٥) ، ساڵی حەوتەم ، هاوینی ، ٢٠٠٥.

**محمد عەبدوڵلاّ عومەر:**

٣١٦. رۆڵی ئاوی کورد لەبەعەرەبکردنی کەرکوك، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(٢٠)، ساڵی ٢٠٠١.

**مێژوووینووسێکی کورد:**

٣١٧. کەرکوك لەسەردەمی پەیدابوونی عوسمانیدا ، گۆڤاری گەلاوێژی نویٚ، ژمارە(٤) ،ساڵی یەکەم، تشرینی دووەمی ١٩٩٧.

**ناهیدە رەفیق حیلمی :**

٣١٨. یادی بیست و پێنجەم ساڵەی کۆچی دوایی ڕەفیق حیلمی باوکمان، گۆڤاری رۆشنبیری نویٚ، ژمارە(١٠٨) ، ١٩٨٥ .

**نوری تاڵەبانی( دكتۆر) :**

٣١٩. کەرکوك لەمەوسوعیەکی عێراقی ساڵی ١٩٤٧دا ، گۆڤاری کەرکوك، ژ (١٠)، ساڵی ٢٠٠١ .

٣٢٠. سیاسەتی گۆڕینی واقعی نەتەوەی کەرکوك لەکۆنەوە تائەمڕۆ، گۆڤاری کەرکوك ، ژ(٩)، ساڵی سێیەم ، هاوینی ٢٠٠١.

٣٢١. کێشەی کوردستانی باشور لەچوارچێوە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (٦)ساڵی دووەم، پایزی ٢٠٠٠.

٣٢٢. ویلایەتی موسڵ لەلایەن ئینگلیزەوە لکێنرا بەعێراقەوە ، گۆڤاری کەرکوک ، ژمارە (١٨)، ساڵی٢٠٠٣ .

٣٢٣. ویلایەتی موسڵ لەلایەن ئینگلیزەوە لکێنرا بەعێراقەوە لە بەرژەوەندی خۆی و لەبەر نەوتی کەرکوک نەك هەلوێستی کورد ، گۆڤاری هاواری کەرکوک ، ژمارە (٢)، کانونی یەکەمی ١٩٩٨.

**هاشم کاکەیی :**

٣٢٤. لەیادی دوو ناوداری کاکەیی دا، گۆڤاری بەیان ، ژ(١٧٨) ، ساڵی ١٩٩٦ .

**هیوا (گۆڤار):**

٣٢٥. مێژووی شاری کەرکوك، گۆڤاری هیوا، ژمارە (٤)، تشرینی یەکەمی ١٩٥٧.

**وەلید حمدی(دکتۆر):**

٣٢٦. کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، د.موحەمەد نوری توفیق ، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە (٢)، ئوکتوبەری ١٩٩٧.

**وەلید شەریکە :**

٣٢٧. کەرکوك(توێژینەوەیەکی جیۆمێژووی) ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ، ژمارە (٢٠) ، هاوینی ٢٠٠١.

**یادگار فهمی عرب و مامۆستا فازڵ محمد مەلا مستەفا :**

٣٢٨. شاری کەرکوك ، بەشی دووەم ، گۆڤاری هەتاو ، ژمارە (١٢٦ ) ،ساڵی چوارەم، ٣٠ ڕەشەمێ ( ٢٠ مارت ١٩٥٨ ) .

٣٢٩. شاری کەرکوك، بەشی سێیەم،گۆڤاری هەتاو، ژ (١٢٨)، ساڵی چوارەم ، ٢٠ ی نەورۆز ١٠ ی نیسانی ١٩٥٨.

٣٣٠. شاری کەرکوك ، بەشی پێنجەم ، گۆڤاری هەتاو، ژ(١٢٥) ی ساڵی -٤- دووشەممە ٢٠ڕەشەمێ (١٠مارتی ١٩٥٨) .

**یوسف گۆران:**

٣٣١. مێژووی سیاسی تورکمان لەعێراقدا ( ١٩١٨- ١٩٩١)، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵنەوەی ستراتیجی ، ژ(٣) ، ساڵی شەشەم ، ١٩٩٨.






## حەوتەم: گۆڤار بە زمانی عەرەبی:


**احمد عثمان (دکتۆر):**

٣٣٢. کردستان بعد الحرب العالمیة الاولی ، مجلة الثقافة ، العدد (٦)،١٩٨٣.

**د.احمد سوم:**

٣٣٣. لواء كركوك: گۆڤاری هاواری کەرکوك ، ژمارە(٣)، ئاداری ١٩٩٩ .

**توفیق وقهبی:**

٣٣٤. اصل الاسم كركوك ، مجلة كاتب ، عدد (١) سنة الاولی،حوزیران ١٩٥٨.

**روفائیل میناس:**

٣٣٥. اربخاونوزیفیالتاریخ،مجلة(بین النهرین)،عدد(٣٦)،سنةالتاسع، ١٩٨١ .

**ستار مصطفی :**

٣٣٦. کوردستانیة كركوك حسب أرقام واحصائیات الغیر، گۆڤاری کەرکوك ، ژ(٢٤)،ساڵی شەشەم ، بەهاری ٢٠٠٥.

**صباح البارزکان:**

٣٣٧. صحافه كركوك ، گۆڤاری کەرکوك ، ژمارە (٢٤) ، ساڵی شەشەم، بەهاری ٢٠٠٥.

٣٣٨. مطبوعات كركوك ١٩٠٠ - ١٩٩٩ ، گۆڤاری کەرکوك ، ژمارە(١٩)، ساڵی پێنجەم ، زستانی ٢٠٠٤.

**طه باقر:**

٣٣٩. عصور ماقبل التأریخ واد الرافدین علی ضوء تنقیبات الاثریة في كردستان العراق، مجلة مجمع العلمي الكردي، عدد (١)، ١٩٧٣.

**عباس عزاوی:**

٣٤٠. دراسات تأریخیة حول كركوك ، (مجلة اخاء) ، ژمارە (١- ٢) ، سنه(٢٦)، مایس و حوزەیرانی ١٩٨٦.

**عبدالرقيب يوسف :**

٣٤١. المعالم الاثرية والتراثية في مدينة كركوك ، گۆڤارى كەركوك، ژ(١)، ساڵى سێيەم ، هاوينى ٢٠٠١،

٣٤٢. ولاية شهرزور ومركزها كركوك ، گۆڤارى كەركوك، ژمارە (١٦)، بەهارى ٢٠٠٣.

**عطا ترزى باشا :**

٣٤٣. تاريخ الصحافة في كركوك ،مجلة الثقافة الحديثة ، العدد (١)، السنة ١٩٤٥.

**فهمى عرب ئاغا و فاضل محمدمصطفى:**

٣٤٤. مدينة كركوك فى العصور المظلمة،گۆڤارى هاوارى كەركوك، ژ (٣)، ئازارى ١٩٩٩.

**فوزى رشيد( دكتۆر):**

٣٤٥. مملكه خمبازى،گۆڤارى كاروان،ژ (٢١)،ساڵىدووەم، حوزەيرانى ١٩٨٤ .

**ل.ن.كاتلوف:**

٣٤٦. حركة التحرر الوطني في العراق قبل ثورة العشرين ، ت.طه نوري السامرائي ، مجلة كلية الاداب البصرة ، عدد(٧)، سنة ١٩٧١.

**محمد كلدان :**

٣٤٧. تأسيس المدارس النظامية في كركوك، مجلة الثقافة الجديدة، العدد (١)، سنة ١٩٥٤ .

**مصطفى صالح كريم:**

٣٤٨. الدور الادبي و الثقافي لمدينة كركوك، گۆڤارى كەركوك ، ژمارە(١٠)، ساڵى سێيەم ، پايزى ٢٠٠١.

**ملا جميل الروزبياني :**

٣٤٩. كركوك في عهد الاستعمار البريطاني ، مجلة سردم ، عدد(٢). سنة٢٠٠٠ .





**هەشتەم: رۆژنامەكان بە زمانى كوردى:**

٣٥٠. رۆژنامەى ئومێدى ئيستقلال ، ژ (٣)،٤ىتشرينى يەكەمى ١٩٢٢.

٣٥١. رۆژنامەى ئومێدى ئيستقلال ، ژمارە (١٠) ،٢٢ىتشرينىيەكەم١٩٢٢

٣٥٢. رۆژنامەى پێشكەوتن، ژمارە(٢٩) ، ١٩٢٠/١١/١١.

٣٥٣. ئاكۆ شوانى: مەليك فەيسەڵو تەختى عێراق، كوردستانى نوێ، ژمارە (١٩٤٠)، ١٩٩٩/٩/٥.

٣٥٤. بانگ كردستان: ويلايەتى موسڵ لەلۆزانىدا ، ژمارە (٦) ، ٩جمادى الاول ١٣٤١/٢٧ى كانونى يەكەمى ١٩٢٢.

٣٥٥. بانگ كردستان ، ژمارە (١١) ، ٢٠ ى تشرينى يەكەمى ١٩٢٢.

٣٥٦. بانگ كردستان: ژمارە(١٠)، ١٩٢٢/١٠/١٥.

٣٥٧. بانگ كردستان : ژمارە (١٣)، ١٩٢٢/١١/٣.

٣٥٨. كەمال مەزهەر ئەحمەد (دكتۆر):دەربارەى هەڵوێستى نەتەوە پەرستانى عەرەب بەرامبەر بەمەسەلەى كورد، بەشى دووەم، كوردستانى نوێ ، ژ(٣٢٣٩) ، ٢٠٠٣/١٢/٨ . .

٣٥٩. كوردستانى نوێ، ژمارەيەك ، ساڵى ١٩٩٢.

٣٦٠. صديق صالح: يەكەمين حكومەتى كوردستانى جنوبى، كوردستانى نوێ ، ژ(٢٣٥٦) ، ٢٠٠١/١/٨.

**نۆيەم: رۆژنامە بە زمانى عەرەبى:**

٣٦١. جريدة الموصل: عدد ٨٠٧ ، ١٤مايسى ١٩٢٤ ."بيان".

٣٦٢. العالم العربى : عدد ١٥ ، ٣تشرين الثاني ١٩٢٤.

٣٦٣. العالم العربي : عدد١٣٨، ٤ى ئەيلول ١٩٢٤.

٣٦٤. العراق: عدد (١٢٢٤) ، ١٩ى ئايارى ١٩٢٤.

٣٦٥. هلكوت محمد كريم : كركوك واصاله كرديتها ، اتحاد ، عدد (٢٣) ، نيسانى ١٩٩٣ .

### دەيەم: نامە زانكۆييەكان بە زمانى كوردى:

**محمد احمد سعيد:**

٣٦٦. كەركوك و بزاڤى شيعرى كوردى، ليكۆلينەوە و هەلسەنگاندن، نامەى دكتۆرا، بەشى كوردى ، كۆليجى زمان، زانكۆى سليمانى، ٢٠٠١. (بلاونەكراوە) .

### يانزەهەم: نامە زانكۆييەكان بە زمانى عەرەبى:

**جنا عزو بهنان:**

٣٦٧. التطورات السياسية في تركيا ١٩١٩– ١٩٢٣، رسالة ماجستير، مقدمة الى كلية الآداب، جامعة البغداد، ١٩٨٩.

**سعدى عثمان حسين:**

٣٦٨. كوردستان والأمبراطورية العثمانية (١٥١٤ – ١٨٥١) دراسة تطور السياسي ، رسالة ماجستير ، قسم التاريخ،كلية الآداب، جامعة صلاح الدين ، أربيل ، ١٩٩٥. ((غير منشور)).

**عبدالرحمن ادريس صالح البياتي:**

٣٦٩. الشيخ محمود الحفيد (البرزنجي) والنفوذ البريطاني في كردستان العراق حتى عام ١٩٢٥، كلية التربية، جامعة المستنصرية، ٢٠٠٤.

**منتهى عذاب ذوين :**

٣٧٠. برسى كوكسو دوره فى السياسه العراقيه ، رساله ماجستير ، مقدمه الى كليه الاداب ، جامعه بغداد،١٩٩٥.

٣٧١.

### دوانزەهەم: ئينسكلۆپيدياكان:

### ا-بە زمانى كوردى:

**ياسين صابر صالح:**

٣٧٢. ئينسايكلۆپيدياى گشتى، دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم، كوردستان، سليمانى، ٢٠٠٥.





### ب-بە زمانى عەرەبى

٣٧٣. : دائرة المعارف الاسلامية ، ت.أحمد الشنتاوى وآخرون ،دار الفكر ،ج ١٧ ، بدون مكان وسنة طبع.

### ج-بە زمانى توركى:

٣٧٤. شمس الدين سامى: قاموس الاعلام، چاپخانەى مهران، استانبول ، بەرگى پێنجەم ،١٨٩٨.

٣٧٥. تورك انسكلوبيدياسى : انقره ،ج٣ ، ١٩٧٢.

### د-بە زمانى ئينگليزى:

٣٧٦. The New Encyclopedia Britannica, By; William Benton and Helen H.Benton, publisher, London, ١٩٧٩.

### سيانزدەهەم: سەرچاوە ئەلكترۆنيەكان:

٣٧٧. جبار قادر(دكتۆر): سالنامات العثمانية وحكاية الوثائق النادرة عن كركوك، انترنيت ((www.kurdatannet.org).

٣٧٨. جبار قادر(دكتۆر): كركوك قرن ونصف من التتريك والتعريب ، سايتى انترنيتى (www.kurdistan.net).

٣٧٩. عوسمان علي(دكتۆر): فترة الحكم المباشر ١٩١٩ – ١٩٢٠ ادارة ميجرسون في جنوب كردستان ، مجلة (ئالاى ئيسلام) ، عدد (٢ ،٣)، سنة ١٩٩٩، انترنيت،www.alayislam.com.

٣٨٠. ملا جميل الروزبياني : كركوك في عهد الاستعمار البريطاني والعهود التالية ، ت.انور مندلاوى ، ئينترنيت ، www.kirkuk.org.

## چواردەهەم: چاوپێکەوتن:

٣٨١. چاوپێکەوتن لەگەڵ م.بیستون علی کریم ( سەرۆکی بەشی خوێندی ئیسلامی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی)، سلێمانی، چوارشەممە،٢٠٠٦/٤/١٢.

## ملخص

دراسة الاوضاع والاحداث التاريخية السياسية لمدينة كركوك بين سنوات( ١٩١٧ – ١٩٢٦م ) لها أهميتها كونها تمثل بداية الاحتلال البريطاني للمدينة و تنتهي بالالحاق القسري لجنوب كردستان بالدولة العراقية العربية . ومن جانب آخر تحول كركوك في تلك الحقبة الى مركز للاحتلال البريطاني في جنوب كردستان، من الجوانب السياسية والاقتصادية والادارية وبرز فيها الحسم المباشر للسياسة البريطانية فيها والتي تمثل في الحاقها بالعراق وكانت بمثابة الرأس لجسد تلك الدولة العربية الفتية . وكانت أيظاً تمثل بداية عملية تعريب تلك المدينة ومحاولات تصغير جغرافيها .

ولكن بالرغم من تلك الاهمية، ودور مدينة التاريخي والسياسي بالنسبة للشعب الكردي إلا انها لم تنل حقها من البحث والدراسة الاكاديمية والمنهجية لحد الان وجل ما كتب عنها لاتتعدى مجموعة من البحوث والكتيبات باللغتين العربية و الكردية وهي لاتستطيع ان تفي بالغرض وهذا مادفعني في المقام الاول كي أختار هذا الموضوع للبحث والدراسة علاوة عن اهميتها التاريخية والسياسية و الاقتصادية بالنسبة للشعب الكردي بصورة عامة .و الكردي في جنوب الكردستان بشكل خاص والهدف من أجراء البحث . يتمثل أجراء دراسة أكاديمية قائمة على التحليل





العلمي ومبنية على الاسس التاريخية والسياسية والاجتماعية والثقافية والصحية في المدينة كبداية لدراسات أعنت وأشمل لاحقا.

وقد إعتمدنا في كتابة هذا البحث على عديد من المصادر والكتب والوثائق باللغات العربية والكردية والانكليزية و التركية. وقد رجعنا أيظاً الى كتب السير والتراجم والمذكرات الشخصية لعديد من الاعلام والشخصيات السياسية والعسكرية من الكرد والانكليز والعرب . ومثالا لاحصراً، إعتمدنا على مذكرات رفيق حلمي وكتاب ( كرد ، ترك ، عرب ) لكاتبه أدمونز الشخصية البريطانية البارزة والقريبة من الاحداث والتحولات السياسية وعدد كبير من الكتب والمصادر الاخرى ،وبالرغم من هذا قد برزت المشاكل بين حين وآخر وأصبحت حجر عثرة أمام البحث وخاصة مايتمثل في شحة المصادر الخاصة بنطاق دراستنا وأحتكار بعض منها لدى قلة من الاشخاص، وغلق الابواب أمامنا حين أردنا مقابلة بعض الشخصيات كي يحدثوننا أو لكي نحاول سبر أغوار ذكرياتهم في تلك الحقبة ولكن بالرغم من تاثيرها الوقتي ألا انها لم تثنينا عن هدفنا ألا وهي إتمام هذا البحث التي تتكون من مدخل وثلاثة فصول ....كالاتي :

تناولنا في المدخل فزلكة تاريخية عن تاريخ كركوك في العهود المختلفة وتحدثنا فيها عن الاراء المتباينة بصددبناء المدينة و مراحلها التاريخية المختلفة كما أسلفنا .


الفصل الاول : حصصنا هذا الفصل لموقع كركوك الجغرافي وأصل تسميتها وأحوالها الادارية والسياسية والاقتصادية والصحية والاجتماعية والثقافية وأوضاع التربية والتعليم فيها .في أواخر عهد العثماني .

**الفصل الثاني : عنونا هذا الفصل ب(كركوك في أيام الادارة البريطانية) وقد تناولنا فيها حالة كركوك السياسية في فترة حكم البريطاني المباشر، وتطرقنا فيها الى بداية مجئ الاحتلال البريطاني وسياستها في المدينة مع ذكر دور سكان مدينة كركوك في إنتفاضات شيخ محمود البرزنجي .**

**أما الفصل الثالث والاخير ، فقد خصصناه لدراسة مواقف سكان تلك المدينة أزاء التغيرات السياسية في العراق، مثل تنصيب فيصل ملكا على عرش العراق، ومشكلة ولاية موصل، وفتنة كركوك في ٤/آيار / ١٩٢٤ ....**

**وفي نهاية جهدنا المتواضع توصلنا الى عدة حقائق ونتائج علمية أهمها أن مدينة كركوك في مسيرتها التاريخية على مر العصور قد أطلق عليها أكثر من ( ٤٥ ) إسما وكان أكثريتها محاولات يائسة من قبل محتليها لتشويه معالمها وهويتها الكردية، وقد توصلنا أيظاً الى حقيقة تاريخية هامة ألا وهي سوء السياسة و الادارة البريطانية في كركوك والتي أدت الى تعقيد وضع كركوك وجعلها من أعقد المدن في العراق وجنوب كردستان، و بالتالي أدت الى الحاق كركوك بالدولة العراقية ضمن مدن ولاية الموصل وجعلت المدينة تواجه أشرس الحملات التعريب والتهجيرالقسري في العقود اللاحقة في ظل الحكومات العراقية المتعاقبة .**

# بەڵگەنامەکان




## بەڵگەنامەی ژمارە ﴿ ١ ﴾

گۆڕینی نێوی سەنجەقی شارەزوور بە سەنجەقی کەرکوک   ساڵی ﴿ ١٨٩٣﴾







«لقد عيّنت حاكماً سياسياً في منطقة كركوك اعتباراً من اول تشرين الثاني ، وتمتد منطقة كركوك من الزاب الصغير الى ديالى والى الحدود التركية الايرانية من الجهة الشمالية الشرقية ، وهي تكوّن جزءاً من ولاية الموصل التي يجري النظر في [illegible] مشكلتها النهائي الآن من قبل حكومة صاحب الجلالة على انها يمكن ان [illegible] في الحال الحاضر واقعة في نطاق الاحتلال العسكري وادارته . وعليك [illegible] تشرع بتعاملك مع الرؤساء المحليين على هذا الاساس واضعاً في فكرك ان السلطات العسكرية ستكون حرة في ارسال قسم من الجيش الى السليمانية موقتاً او الى الجهات الاخرى الواقعة شرقي خطنا الحالي ، ويجب

١٨٧

## بەڵگەنامەی ژمارە ﴿٢ ﴾

دانانی میجەر (نوئیل) وەك حاكمی سیاسی لەناوچەكانی باشوری كوردستان

Let us now consider the results of the enquiries in the different liwas. We will then endeavour to suggest what general conclusions should be drawn from the declarations.

It was in the Liwa of *Sulaimaniya* that the most definite views were expressed. The racial composition of the liwa, according to the last census, is as follows, in round figures :

| | |
|---|---|
| Arabs | 75 |
| Kurds | 189,000 |
| Jews | 1,550 |
| | 191,625 |

In the Liwa of *Kirkuk* opinions were less unanimous and also much more difficult to analyse. The racial composition of the liwa is as follows :

| | |
|---|---|
| Arabs | 35,050 |
| Kurds | 47,500 |
| Turks | 26,100 |
| Christians | 2,400 |
| | 111,050 |

The Liwa of *Arbil* contains in round figures :

| | |
|---|---|
| Arabs | 11,700 |
| Kurds | 170,650 |
| Turks | 3,780 |
| Christians | 3,000 |
| Jews | 2,700 |
| | 191,780 |

The racial composition of the Liwa of *Mosul* is more mixed. It is as follows :

| | | |
|---|---|---|
| Arabs | 110,500 | (74,000 in the city) |
| Kurds | 88,000 | |
| Turks | 9,750 | |
| Christians | 55,000 | (19,250 in the city) |
| Yezidi | 26,200 | |
| Jews | 7,550 | (4,000 in the city) |
| Total | 300,000 | (96,250 in the city) |

-League of Nations,Question of the frontier Between Turkey and Iraq,Report submitted to the Council by the Commission instituted by the Resolution of September 30th, 1924,, PP.76-77.

## بەڵگەنامەی ژمارە ﴿٣﴾

**پێکهاتەی ڕەگەزی لیواکانی ﴿ سلێمانی ، کەرکوک ، هەولێر ، موسڵ ﴾ بەپێی دوا پێشنیاری کۆمسیۆنی کۆمەڵەی گەلان بۆ کێشەی ویلایەتی موسڵ .**

# پاشکۆکان

# پاشكۆی ژماره ( ١ )

**نامەی شێخ مەحموود لە**

**٣٠/ ٣ / ١٩١٩**

**بۆ سەرۆكایەتی كۆنگرەی ئاشتی جیهان – پاریس**

نامەم پێشكەش بەئێوەی بەڕێز ئەكەم، كەسەرۆكایەتی كۆنگرەی ئاشتی جیهانتان پێسپێردراوە، هیوای زۆرمان پێتانە كە گوێ لەدەنگی هەقی ڕەوامان بگرن. ئەو بەیانانەی كەلەلایەن دەوڵەتە هاوپەیمانەكانەوە، لەكاتی یەكەمین جەنگی جیهانیدا دەركرا و ئەو هەموو كوشتارو ماڵ وێرانییەی كە داتان بەهیوای ڕزگار كردنی گەلانی لاوازی ژێردەستەی تورك و سوڵتانە سەر كوتكەرەكەی بوو . ئامانجتان لەم شەڕەدا سەربەخۆیی بوو بۆ ئەو گەلانە، كە لە نێوانیاندا گەلی كوردیش دێت . گەلی كوردمان یەكێكە لەو گەلەكۆنە ژێردەستانەی حكومەتی تورك، كەدەمێكە بەدەستیانەوە دەناڵێنێ و بلاو بوونەوەی ئەم بەیانانەش لەلایەن دەوڵەتە هاوپەیمانەكانەوە موژدەیەكی دڵخۆشكەر بوو بۆمان . لە هەموو شوێنێكی كوردستانەوە، گەلیكورد، دەنگی خۆی و داخوازیەكانی بەرزدەكاتەوە بۆتان . هەڵگری ئەم مەزبەتانەش ( سید أحمد ) و ( سید رشید زكی بگ )ە كە بەڕێوەبەری قوتابخانەی كوردستانن بەناوی نوماینەدەی ئێمەو گەلی كورد لەكوردستانەوە هاتنەلاتان داواتان لێدەكەین بەداخوازی نوماینەدەكانمان ڕازی بن و گوێی حەقیان بۆ شل بكەن و ، مەزبەتەكانیان پێشكەش بەكۆنگرەی ئاشی جیهان بكەن، بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن ئەم ستمە كاریەی توركمان لەسەر هەڵگرن، بەیارمەتیتان خۆمان





دروست بكەین و نوماییندەكانیشمان بەموژدەی سەربەستی یەوە بگەڕێنەوە[(١)].

نێوی ئەوانەی كە واژوویان كرد لەسەر ئەو یاداشتەی كەشێخ محمودی حەفید ناردی بۆ ئەوەی بگاتە دەست شەریف پاشا نوێنەری كورد لە كۆنگرەی ئاشتی جیهانی، كەلەم یاداشتەدا داواكاریەكانی كوردی تیادا بوو یاداشتەكەش چەند كەسایەتی یەك لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی كوردستان واژوویان لەسەر كرد كە بریتی بوون لە :

١- شێخ محمودی حەفید .

| | |
|---|---|
| ٢-سەید محمد | قازی سلێمانی . |
| ٣-محمود ئەفەندی | یەكێك لەڕیشسپیان . |
| ٤-عبدالعزیز | مفتی سلێمانی . |
| ٥-حاجی سەید عومەر | یەكێك لەسەیدانی حەفید . |
| ٦-سعید محمد | لەسەركردەكانی حەفید زادە . |
| ٧-حاخام میرا | یەكێك لەبازرگانانی جوولەكە . |
| ٨-محمود پاشازادە . | |
| ٩-سەید عەبدول ڕەحمان | لەسەركردەی سەیدانی قەرەاغ |
| ١٠-سەید عەبدولقادر | لەسەركردەكانی سەنگاو . |
| ١١- محمد صالح | سەرۆك هۆزەكانی پشدەر . |
| ١٢-شێخ عبدالصمد زادە عبدالله | لەجیاتی خەڵكی ڕەواندوز . |
| ١٣-عەبدول عەزیز | لەجیاتی هۆزی داودە |

---

(١) ئامادەكردنی بیری نوێ : بەڵگەنامەی مێژوویی و تیشكێك بۆ سەر هەڵوێستەكانی شێخ محمودی گەورە، گۆڤاری بیری نوێ ،ژ.(٢٨) ، كانونی دووەمی ٢٠٠٢ ،ل٢١٦ .

١٤-ميرزا عەبدولاّ سەرۆك هۆزەكانی جاف ميكايلی .

١٥-خضر سەرۆك هۆزەكانی گورك لە كوردستانی ئێران .

١٦-حاجی شێخ عارف زاد لەجياتی خەڵكی ليوای سەقز لەئێران سەرجەم ڕيش سپيانی لەو ناوچەيەدا .

١٧- مەلا حسينی مدرس .

١٨- بابا عەلی . يەكێك لەزانايانی دين .

١٩- سەرۆكی شارەوانی .

٢٠- عبدالرحمن ئاغا زادە محمد .

٢١- ئەحمەد پاشازادە عبدالرحمن .

٢٢- ئاغا تەها محی الدين . لەخانەدانان .

٢٣- كەركوكلی زادە ئەحمەد لەخانەدانەكان .

٢٤- عبدالكريمی عەلەكەزادە لەنێودارانی مەسيحی .

٢٥- حاجی شەريف زادە فەرەج بازرگان .

٢٦- محمد سعيد صاڵيی زادە .

٢٧- قادر بەگ زادە محمد .

٢٨- محمد . سەرۆك هۆزی هەمەوەند .

٢٩- حەسەن سوڵتان زادە نصرالله سەرۆك هۆزی هەورامان .

٣٠- عەباس . يەكێك لەسەرۆك هۆزەكانی پشدەر .

٣١- حەسەن . سەرۆك هۆزانی جاف هارونی .

٣٢- عبدالله . يەكێك لەسەرۆك هۆزەكانی جاف .

٣٣- عبدالكريم . بەنوێنەرايەتی ساداتی ئەبا عبويديە .





٣٤- رەسول محمد بەنوێنەرايەتی هۆزانی پيران و كۆی سنجق .

٣٥- صائب زادە عارف حيكمەت . بەنوێنەرايەتی خانەدانانی سلێمانی .

٣٦- صالح عبدالقادر لەهۆزانی شێخ إسماعيل .

٣٧- حويزی عبدالله لە خانەدانانی كۆی سنجق .

٣٨- حسام الدين لەشێخانی سولداش .

٣٩- حاجی محمد سعيد زادە عبدالله لەخانەدانان .

## پاشكۆی ژمارە (٢)

ناوی ئەو ڕێبەر و ڕیش سپیانەی باشووری كوردستان كە واژوویان لەسەر ئەو یاداشتەكرد كە لە تەموزی ١٩٢٠ دا پێشكەشی دەسەلأتدارانی بەریتانی كرا لە بەغداد و كە لەلایەن (٦٢) ڕێبەری كوردی یەوە واژوو كراوە ، ئەمەش نێوی هەندێكیانە : -

١- سەید أحمد بشت ماشینە داركای كاك أحمدی شێخ .
٢- سەید محمود نەقیب خانەدان .
٣- حفید سەید عومەر .
٤- حفید سید حسن .
٥- سەرۆكی پشدەر قائم قام بابەكر ئاغا .
٦- سەرۆكی پشدەر محمود ئاغا ڕەسول .
٧- قاسم پاشا محمد فؤاد بەگ .
٨- صالح بەگ زادە .
٩- محمد پاشا محمد صالح .
١٠- سەرۆكی سەر گەلو شێخ عوسمان .
١١- سەرۆكی جاف محمد پاشا زادە عەلی .
١٢- سەرۆك هۆزی داودە إسماعیل بەگ محمد رفعت .
١٣- شێخ عەلی زادە محمد عارف .
١٤- سەرۆكی هۆزی زان دەروێش ئاغا زەدە عەلی .
١٥- سەرۆكی كۆی سنجق حاكم محمد ئاغا .
١٦- سەرۆكی سەیدانی جەباری سید محمد .






١٧- عبدالرحمن ئاغا روستم خان .
١٨- سەرۆكی هۆزی بلْباس و پیران و سوزانی .
١٩- سەرۆك هۆزی ئاكۆ مامەند ئاغا .
٢٠- سەرۆك هۆزی كۆڤەر مەنگور ئاغا بایز ئاغا .
٢١- شێخ قادر سندولان .
٢٢- حاكمی رانیە سید محمد أمین .
٢٣- سەرۆك هۆزی باڵەك شێخ محمد ئاغا .
٢٤- سەرۆك هۆزی برادۆست محمد سعید بەگ .
٢٥- بایز پاشا زادە سەرۆكی مەنگوڕ حوسێن ئاغا .
٢٦- سەرۆكی پشدەر عوسمان ئاغا ڕەشید.
٢٧- سەرۆكی هۆی هەركی عوسمان أحمد خان ئاغا .
٢٨- میران محمد أمین بەگ .
٢٩- نوێنەری پێشووی سلێمانی حاجی مەلا سعید .
٣٠- سەرۆك هۆزی دەلۆ إبراهیم بەگ .
٣١-سەرۆكی جاف أحمد بك .
٣٢- سەرۆكی جاف عوسان پاشا محمد عیزەت .
٣٣- محمد أمین .
٣٤- كاكا عبداللە ئاغا عزیز ئاغا .
٣٥- محمد أمین .
٣٦- كاكا عبدالكریم بەگ .
٣٧- سەید إسماعیل محمد بەرزنجی .
٣٨- سەید محمد ڕەزای بەرزنجی .
٣٩- سەید أحمد زادە سەید أحمد بەرزنجی .

٤٠- سەرۆكی سانكا صەفوەت ئاغا زادە عبدالغفور .
٤١- سەرۆكی سانكانا جاسم ئاغا زادە عبدالعزیز .
٤٢- سەرۆك هۆزی دەلۆ كاكا صاڵح .
٤٣- سەرۆك هۆزی دەلۆ سەلیم بەگ وازی .
٤٤- سەرۆكی سانكانا جاسم ئاغا محمد ڕەشید .
٤٥- سەرۆك هۆزی ئاكۆی نێودەشت غەفورخان .
٤٦- سەرۆكی گشتی كەیوانیان خورشید بەگ .
٤٧- سەرۆك هۆزی ساڵەیی إحسان بەگ .
٤٨- سەرۆك هۆزی میلمهاڵی محمد رشید .
٤٩- سەرۆك هۆزی ماریوب محمد رشید .
٥٠- سەرۆك هۆزی میر وەیس میران حاتەم بەگ .
٥١- سەرۆك هۆزی بارزان شێخ أحمد .
٥٢- سەرۆك هۆزی شێروان أحمد بەگ .
٥٣- قادر ئاغا عبدالرحمن ئاغا .
٥٤- سەرۆك هۆزی كوردی بارۆز أحمد .
٥٥- سەرۆك هۆزی كوردی اوكانزاب .
٥٦- سەرۆك هۆزی شەمێرانی .
٥٧-شێخ محمد صادق سەید مصلح .
٥٨- صالح بەگی دەلۆ .

# نەخشەکان





**نەخشەی (١)**

**کارگێڕی کەرکوك لەسەردەمی عوسمانیدا**









**نەخشەی (٢)**

**پێکهاتەی ڕەگەزی ولایەتی موسل بەپێی پێشنیاری حکومەتی بەریتانیا بۆ کۆمەڵەی گەلان لە سێپتەمبەری ١٩٢٤**





**نەخشەی(٣)**

**پێکهاتەی ڕەگەزی ولایەتی موسڵ بەپێی دواپێشنیاری کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی گەلان بە کێشەی ولایەتی موسڵ**








**نەخشەی (٤)**

**پێکهاتەی ڕەگەزی ولایەتی موسڵ کە لەلایەن شاندی جوگرافی ناسانی روسیاوە دەرچوە لەساڵی ١٩١٠**

# Kirkuk City

## Between years ( ١٩١٧ – ١٩٢٦ )

Historical and political Research

Pishko Hama Taheer Abed – Al-Rahman Agjalari

Kurd : ٢٧٠٧        ٢٠٠٧ A.D

## Summary:

This Research is about the history and political status of Kirkuk province between the years ( ١٩١٧ - ١٩٢٦ ) . This is limited historical period begins with occupying Kirkuk by the Britains and ends with joining kirkuk and South of Kurdistan to the Iraqi Arabic. At that period Kirkuk became the central point of the Britain occupier in the south of Kurdistan in the political, commercial , administration and decisive British played a direct rolein it , which found itself in joining this city of Iraq. This was the beginning of Arabization of this city decreasing this city geographically as still its influence is preserved . The aims of writing this research are that, there are no scientific researches written about this material except for a limited numbers of booklets and articles .In fact it is an important period in the Kurdish history in general and south of Kurdistan mainly .Another aim of this research is to present a scientific and academic research about Kirkuk city depending on the







historical. Political , social , cultural and health status of this city as an entrance for writing more specific and wide research about it, especially revealing the historical incidents were happened in the mentioned city during that (٩) years .

This research is depended on a number of the Kurdish , Arabic , English , and Turkish documents , as language of Nations Commission for the ( Wilayat Mosul Problem ), with a numerous diary of the Kurdish , English and Arab personalities , ( as the diary of rafiq hilmi ) and that of Edmond as well as a numbers of the productive articles written about Kirkuk . In the course of my work I faced many problems as I couldn't obtain a number of important sources because some people didn't want to provide me with information and some people refused to make interview with me as well a number of writers as well .

In spite of the above mentioned obstacles which had influence for a limited period of time, but it has to grate influence on my research. This research is consisted of three parts and a conclusion do the following:-

**Preface** ( A brief history of the deferent stages of Kirkuk province ):- in the introduction to the

different intentions about Kirkuk establishment, were mention with different stage of the Kirkuk provinces history and the people who governed in the city .

**The first page :** ( Term and geographical location of Kirkuk ) : is dedication for the term , geographical location and status of Kirkuk city as ( Administration , political , economic , health , social , culture and literacy ….etc) in Kirkuk city in the end of the Osman empire .

**Second part :** ( Kirkuk in the dates of English power ): this part is dedicated to the Kirkuk situation in the fields of policy, during direct power of English in Kirkuk ; it talks about the beginning of the English coming into Kirkuk and its policy inside this city and the role of Kirkuk people towards Shekh Mahmoud Revolution .

**Third part :** ( The position of Kirkuk people towards Policy changes in Iraq ) : this part is dedicated to the position of Kirkuk people towards ( nomination Faisal to be king of Iraq and problem of wilayat of Mosul , and disturbance of ٤th May ١٩٢٤ in Kirkuk ).





In the end of this research we deduce a number of important conclusions among them ( In the history Kirkuk was called with (٤٥) names by the occupiers of this city, to change the Demography of this city, the English policy in the city was unfair p[illegible] C , which led the complication of the city in Iraq and south of Kurdistan, the Kurdish people face genocide and displacement because of joining it to Iraqi Arab ....etc ) .



D